
گەڕان بە دوای بووندا
یۆتۆپیای ئازادی
لێکۆڵینەوەی ئەدەبی
عەتا قەرەداغی

# گەڕان بە دوای بووندا

## یۆتۆپیای ئازادی

لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

عەتا قەرەداخی

سلێمانی \ ٢٠٠٢

**ناوی کتێب**: گەڕان بە دوای بووندا

**ناوی نووسەر**: عەتا قەرەداخی

**بابەت**: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

**مۆنتاژ**: جەمال حسەین

**هەڵەچن**: مهاباد ڕەحیم فەرەج

**تیراژ**: ٤٠٠ دانە

**ژمارەی سپاردن** :٣٨٢ی ٢٠٠٢

**زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ( )**

**www.sardam.org**

## پێشەکی:

خوێنەری خۆشەویست "گەڕان بە دوای بوون دا، یۆتۆپیای ئازادی" بەشێکە لەو کارانەی ناوبەناو لە ماوەی ڕابردوودا لەسەر بەشێك لە شیعری نوێی کوردی ئەنجامم داون، کە دەشێ بڵێم وەکو بەشی سێیەم وایە لە دوای کتێبی "گەڕان بە دوای یەقین" و "گەڕان بە دوای ناسنامەدا". کە لە ڕووی میتۆدی کارکردنەوە زیاتر میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاریم لەبەرگرتووە، ئەویش لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینەی کە پێم وایە کارکردن بە میتۆدێکی سنوور فراوانی وەکو میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری ئەو بوارە فەراهەم دەکات کە لە ڕووبەرێکی فراوانتردا کار لەسەر دەقەکان بکرێت. دیارە لەم کارەشدا بە پلەی یەکەم کار لەسەر دەقەکان کراوە، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە سوود لە ڕەگەزەکانی تری دەرەوەی دەق وەرنەگیراوە، نەخێر، بەڵام بە گشتی لەم کارانەدا هەوڵمداوە لەناو دەقەکانەوە بەرەو دەرەوەی دەقەکان بجوڵێم، نەك واقیعی دەرەوەی دەقەکان بگوازمەوە بۆ ناو دەقەکان، چونکە پێم وایە دەقی زیندوو بارگەکراوە بە ماناو دەلالەتی جۆراوجۆرو هەڵگری پرسیاری نەگوتراو، کاری شیکردنەوەی ڕەخنەیی دۆزینەوەی ئەو پرسیارانەو شێوازی ئاڕاستە کردنیانە.

ئەم کتێبە خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەکە لە شیعری زیاتر لە نیو سەدەی ئەدەبی کوردی زاری سۆرانی، کە لەو بوارەشدا خۆی بە بەرهەمی ئەو شاعیرانەوە خەریك کردووە کە وەکو دەنگی دیار دەرکەوتوون یان هەندێکیان چاوەڕوانی ئەوەیان لێکراوە کە ببنە دەنگی تایبەتی لە شیعری کوردیدا، ئەگەرچی هەندێکیان لە ئاستێکدا وەستاون و توانای بەرەو پێشەوەچوونی زیاتریان نەبووە، دیارە هۆی ئەوەش ئاشکرایەو پەیوەندی بە دوو هۆی سەرەکییەوە هەیە. کە یەکەمیان نەبوونی یان کەمی سامانی فیکری و مەعریفییە بە ئەندازەیەك کە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد نازانن چەمکی شیعر چییەو شیعریەت چییە، بەڵکو لە ڕێگای تەنیا خوێندنەوەی ئەزموونی شیعری شاعیرانی نەتەوەکانی ترەوە دەستیان داوەتە شیعرنووسین.

هۆكــاری دووەم لاوازیــی توانــای سەركێشــی و موجازەفەیــە لای شــاعیرانی كــورد. شـاعیرانی كـورد مەگـەر بـە دەگمـەن ئـەگینا ئـەو توانـای سەركێشـیەیان نـیـە كـە بـە سەركێشی و موجازەفەی شێواز و جیهانبینی ناودەبرێت، واتە ناتوانن لە دوای شـێواز و جیهانبینی جیاواز بگەڕێن، مەگەر بـە دەگمـەن ئـەگینا نـازانن شـوێنی زمـان و مامەڵـە كـردن لەگـەڵ زمـاندا چ ڕۆڵێكی هەیـە لـە كـاری بەرهـەم هێنـانی شـیعر و شـیعریەتدا. ئەگەر سەرنجی ئەزموونی (گۆران) بۆ دواوە بدەین دەبینین لە ڕووی شێوازی شیعری و زمانی شیعری و پرسیاری شیعرییەوە تاكو سـەرەتای حـەفتاكان و شـاعیرانی حـەفتاكان هێڵی جیاكەرەوە لە نێوان شاعیراندا نییە، هێڵێك كە ببێتە بنەما بـۆ بڕیـاردان لەسـەر جیاكردنەوەی هەوڵەكان لە یەكتری.

ئەگەر لە سەرەتای حەفتاكانیشەوە بۆ دواوە سەیر بكەین دەبینین لە ڕووی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعرییەوە هەمان شێوازی شـیعری و هـەمان جیـهانبینی شیعری باڵادەستە كە لە نێوان شاعیرەكاندا خاسێتی جیاوازی لەو ئاستەدا نییە كە هـەر دەنگـە وەكو ئـەزموونێكی تایبـەت سـەیر بكرێت، بـۆ نموونــە شــاعیرە دیارەكـانی حـەفتاكان بەوانـەی ڕوانگـەو بەوانـەی دەرەوەی ڕوانگەشــەوە لــە ڕووی شــێواز و جیهانبینیـیــەوە جیـاوازی ئـەوتۆ تیـایدا نادۆزرێتـەوە كـە هەریەكـە بـە دەنگێكـی جیـاواز و سـەربەخۆ دابنـرێت، بـەڵكو تاكـە خـاڵێك كـە یـەكێكیان دەخاتـە پێــش ئـەوانی تریانــەوە ئاسـتی بەشداری و باڵادەستییەتی لە بەرهەم هێنانی ئەو شێواز و جیهانبینییەدا، بـۆ نموونـە ئـەو گوتـارە شـیعرییەی كــە بەشــی هــەرە زۆری بەرهــەمی شــاعیرێكی وەكـو شـێركۆ كۆدەكاتـەوە هـەر هـەمان گوتـارە كـە شـیعری ڕەفیـق سـابیر و ئـەنوەر قـادر و عــەبدوڵا پەشێو و تەنانەت بەشێكی زۆری بەرهەمی حەسیب قەرەداخی و تا ئەندازەیەك لەتیف هەڵمەتیش بەرهەمیان هێناوە، بەڵام زیاتر دەركەوتنی شێركۆ پەیوەندی بە كاركردنی فراوانـتر و مـەودا قوڵتریـیـەوە هەیـە لـەو بـوارەدا، ئـەگینا لـە ڕووی شـێوازی شـیعری و جیـهانبینی شـیعریەوە هــەموویان لــە ڕووبــەرێكدا كاریــان كــردووە و لــە ئــەزموونی هەریەكەشـیاندا سـیمای سەركێشی و موجازەفـە نـە لـە شـێواز و نــە لــە جیــهانبینیدا نابینرێت. هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی ئەزموونی هەریەكە لەم شاعیرانە بدەیت، هەست

دەگەیت زیاتر هەمان ڕوانین و هەر جارەی بە جۆرێك دەخرێتە سنووری دەقێکەوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە قەیرانی ڕوانینی جیاواز هۆکاری مانەوەی شیعری کوردییە لە سنوورێکی داخراودا، سنوورێك کە لەگەڵ چەمکی شیعر و شیعریەتدا ناکۆکە، چونکە شیعر ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە بەرهەمی خەیاڵ و نەستەو جۆرێکە لە دروستکردنی یۆتۆپیا، ئەمەش مانای ڕوخاندنی هەموو سنوورێك دەگەیەنێت.

ئەم لێکۆڵینەوەو شیکردنەوانەی لەم کتێبەدان ئەو هاوشێوەیی و هاو بۆچوونیە لە ئاستی نەبینراوی دەقەکاندا دەردەخەن کە دەیسەلمێنن جۆرێك لە یەك ئاڕاستەیی و تاك ڕوانین لە ئەزموونی شیعری ئێمەدا باڵادەستە و بە گشتیش شیعری ئێمە بە تایبەتی دەنگە دیارەکانمان شیعریان کردۆتە هەڵگری پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی کە بێگومان باری مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردی لەو ڕوانگەیەوە دەوری کاریگەری بینیوە. داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان و مانەوەی کورد بە ژێردەستەیی هەر لە قۆناغی سەرهەڵدانی هەستی نەتەوەییەوە وایکردووە کە شیعر بە تایبەتی و ئەدەب بە گشتی دەوری چەکی بەرگری ببینێت بە تایبەتی لە کاتێکدا کە ئێمە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی لاواز بووین و جگە لە شیعر شتێکی تری ئەوتۆمان نەبووە لە بواری ڕۆشنبیریدا ئەو دەورە ببینێت، بۆیە هەر لە قۆناغێکی زووەوە شیعری کوردی ئەرکێکی سیاسی مێژوویی کەوتۆتە ئەستۆ، ئەمەش قۆناغ بە قۆناغ هاتووەو تاکو ئێستاش بەردەوامە، بەڵام دیارە شێوازی دەربڕینەکەی جیاوازە، ئەو شێوازەی حاجی قادر بۆ گوزارشت کردن لە مەسەلەی نەتەوایەتی بەکاری هێناوە جیاواز بووە لە شاعیرانی قۆناغی گۆران و ئەوانەی قۆناغی گۆرانیش جیاواز بوون لە قۆناغی حەفتاکان، بێگومان ئەو شێوازەی دەربڕینیش کە کەریم دەشتی و هەندێ دەنگی تریش کە ئێستا بۆ بەرهەم هێنانی هەمان گوتار کاری پێدەکەن جیاوازە لە شێوازی حەفتاکان، بەڵام ئەو جیاوازییە نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە وەکو دوو ئەزموونی خاوەن سیماو خاسێتی دیار سنوور لە نێوانیاندا دابنرێت، هەر لەسەر بنەمای هەمان تێڕوانینە کە ئێمەش شێوەی لێکۆڵینەوەکانمان نەك هەر لەم کتێبەدا بەڵکو لە کتێبی "گەڕان بە

دوای ناسنامە"شدا پێکەوە کۆکردۆتەوە و دەنگە دیارەکانی چەند نەوەیەکمان خستۆتە بەردەم لێدوان بە مەبەستی دیاری کردنی گوتاری شیعرییان.

بێگومان هیچ کارێك تەواو و بێ کەموکورتی نابێت، ئەم کتێبەش بە هەمان پێودانگ بێ کەموکورتی نییە، بەڵام ئەوەی بۆ من وەکو هاندەرێکە ئەوەیە کە لە ماوەی شەش حەوت ساڵی ڕابردوودا لەو گفتوگۆیانەی کە لەملاو ئەولا گۆڤار و ڕۆژنامەکان کردویانە لەگەڵ نووسەران کۆدەنگی‌یەك لەسەر ئەوە هەیە کە کارەکانی من وەکو ڕەخنەی جدی ناودەبەن.. دیارە ئەوەش مایەی خۆشیە بۆ من و هەم هاندەریشمە بۆ ئەوەی زیاتر خەریك بم.

**نووسەر ٢٠٠٢/٣/٢١**

## بە ئایین کردنی سروشت لە شیعری "دیمەنێکی بەهار"ی گۆران دا

گۆران ئەو شاعیرەیە کە قسەی زۆری لە بارەوە کراوە، بەڵام کاری جدی و پەیوەست بە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەوە لەچاو ئەو هەموو قسەیەی کە کراوە کەمە، هەروەك پێشتریش لەو کتێبەماندا کە لەسەر شیعری گۆران بە چاپمان گەیاندووە لەوە دواوین هەر قسەکردنێك لە دەرەوەی بەرهەمەکانی گۆران و دوور لە شیکردنەوەی بنیادی دەقەکانی نەك هەر خزمەتی ئەم شاعیرە ناکات بەڵکو دەبێتە ناهەقی لێکردنیشی، کە بە داخەوە زۆربەی ئەو قسانەی لە بارەی ئەم شاعیرەوە دەکرێن بە ناوی دڵسۆزی بۆی و نزیکی لێیەوە دەچنە سنووری ناهەقی ئەدەبییەوە، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەو نووسینانەی دەربارەی گۆران بڵاوکراونەتەوە بە تایبەتی نووسینەکانی نەوەکانی پێشوو جگە لە نووسینی ئینشا هیچی تر نین، دووەمیان زۆرێك لەوانەی قسە لەسەر گۆران دەکەن خۆیان بە میراتگری گۆران دەزانن، گوایە لەبەرئەوەی خۆیان بە هەڵگری هەمان ئایدیۆلۆژیای سیاسی گۆران دادەنێن و پێیان وایە گەورەیی گۆران لەبەرئەوەیە کە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای حیزبی شیوعی بووە. بەهەرحاڵ لێرەدا مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی نییە بەو ئایدیۆلۆیایەوە، بەڵام ئەوەی ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە گۆران شاعیری سروشت و ئافرەت و جوانییەو هەموو ئەو شیعرانەی گۆران کە لە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژی حیزبی شیوعیدا نووسراون، یان باسی کورد و کوردایەتی دەکەن لە ڕووی هونەری و شیعریەت و چەمکی شیعرەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە و لە بەرهەمە هەرە لاوازەکانی گۆرانن.

توێژەرو ڕەخنەگری خاوەن ڕۆشنبیری و خاوەن جیهانبینی لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەوانەن کە بەرهەمە داهێنراوەکانی ئەم شاعیرە لە دەقە مردووە سیاسیەکانی جیادەکەنەوە، کاتێ گۆران شیعری سیاسی و کوردایەتی و شیعر لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆژیادا دەنووسێت دادەبەزێت بۆ ڕیزی ئەو چەندەها نووسەرەی کە بە سادەیی لەو بوارەدا دەنووسن، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە بۆ دواندنی سروشت و ئافرەت و جوانی

و نهێنییەكانی ناخی مرۆڤ و گەردوون ئەوا دەبێتە ئەو شاعیرەی كە پێی دەڵێن خاوەنی ئەزموون كە ئەویش بە ئەزموونی گۆران بەناوبانگە. هەر لێرەوە هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەكی یەكێك لەو شیعرانەی گۆران بكەین كە پەیوەندی ئەم شاعیرە بە سروشتەوە بەرجەستە دەكات، پەیوەندییەك كە لە سنووری چەمكی ئەنتۆلۆژیای نێوان سروشت و مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە بەو مەبەستەی كە مرۆڤ دەبێتەوە بە بەشێك لەو پێكهاتەیەی كە تیایدا دەشێت پێناسەی ڕووت بوونەوەو داماڵین لە هەموو ئاسەوارەكانی ژیانی بكات و لەوێدا وەكو ئەسڵ ئەم بوونەوەرە دەربكەوێت كە سەروەری گەردوونە و لە هەوڵی كۆنترۆڵكردنی هەموو یاساو نهێنییەكانی جوڵەی ئەم گەردوونەدایە. ئەو شیعرەش "دیمەنێكی بەهار"ە.

**دەقی شیعرەكە :**

ئەم لا یەك پەڵە، ئەولا یەك پەڵە: هەوری ڕەنگاو ڕەنگ،
لە ناوەڕاستا: بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ!
سەوزە گیا پاراو، گوڵ و گوڵاڵە مەستی ڕەنگ و بۆ،
درەخت تازە شین، سەر لق ڕازاوەی گوڵ، گەڵا، چرۆ..
سەرتاپای چیمەن دەرئەدا چین چین مرواریی ئاونگ،
چەشنی تارای سەوز ئەدرەوشێتەوە، لێی ئەتكێ پرشنگ
نەسیمی بۆن خۆش، كزەبای فێنك، وەك نەوای ئیلهام
سەمای میوانیی پەریی طەبیعەت دێنێتە ئەنجام!
قاسپە قاسپی كەو، نەغمەی چۆلەكەو بلبلی دەنگ خۆش
پیاڵەی نەشئە حەتتا بە ڕۆحی بەردیش ئەكا نۆش!
وەك بگری بەكوڵ دنیای سەرمەستی قاقای پێكەنین
لە هەموو عاستێ فرمێسكی كانیی گەرمی هەڵقوڵین!

★ ★ ★

مەلی سەربنچك، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆ من هەڵۆ نیم،

لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:
منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووك!
بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی،
ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی!..

گۆران وێنەیەکی گشتی سروشت و توخمە پێکهێنەرەکانیمان بۆ بەرجەستە دەکات، ئەو توخمانەی کە دەشێ بە تەنیا هەریەکە جوانیەك ببەخشن و هەموویشیان پێکەوە هارمۆنیای سروشت پێکبهێنن. سەرەتا لە بەشە بچووکەکانەوە دەست دەکات بە وێنەگرتن و بۆ ئەو مەبەستەش شوێن دیاری دەکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بنەمای سەرەکی بەلای ئەوەوە شوێنە و هیچ شتێك لە دەرەوەی شوێن شوناسی نییە کە بێگومان مانا بەرهەم هێنانیش تەنیا لە سنوری بە دەست هێنانی شوناسدا دەگاتە ئەنجام، بەم پێیە گۆران دەیەوێت سەرجەم ڕەگەزەکانی سروشت بە جۆرێك لە مانا بارگاوی بکات هەتا هەموو پێکەوە لە بەرهەم هێنانی هارمۆنیای سروشتدا بەشداری بکەن کە ئەو مانایەی لە پشتی ئەو هارمۆنیاوە ڕاوەستاوە بریتییە لە زەمینەی ئامادەکراو بۆ پێکەوە ژیان و پێکەوە کارکردن و پێکەوە گونجاندنی سەرجەم ڕەگەزەکانی گەردوون تەنانەت ڕەگەزە دژو ناکۆکەکانیش. ئەمەش ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە گەردوون خۆی زەمینەی پێکەوە گونجاندنە بەڵام ئەوەی ئەو زەمینەی شێواندووە ئێمەی مرۆڤین، واتە مرۆڤ لە ئەنجامی ژیان و جوڵەو کارکردنیدا لەنێو سروشتدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەوڵی شێواندنی هارمۆنیای سروشتی داوە، خۆ ئەگەر نەیشی توانیبێت شێواندن لە گەوهەری هارمۆنیای سروشتدا دروست بکات ئەوا توانیوویەتی خۆی وەکو هێزێکی تێکدەرو خۆکوژ بە وێرانکردنی خۆی بەشێك لە خاسێتی ئەو هارمۆنیایەی سروشت تەڵخ بکات، یان جوانیەکەی دەشێوێنێت.

گۆران لە بەرجەستەکردنی وێنەی سروشتدا لە دوورترین وێنە لە خۆیەوە دەست پێدەکات، کە ئەویش ڕەگەزە نازیندووەکانن، لەوێوە دێتە خوارەوە بۆ وێنە نزیکەکان و

نیمچە زیندووەکان کە ڕووەکن، پاشان زیاتر وێنەکان نزیک دەکاتەوەو دەگات بە زیندەوەران، کە لێرەدا مەل و باڵندەکان دەدوێنێت و ئەنجامیش دەیەوێت پەیوەندی نزیکی خۆی لێیانەوە ئاشکرا بکات. مەودای ڕوانینی گۆران سەرەتا لە دوورترین خاڵەوە دەست پێدەکات کە لە سنووری وەسفکردندا دەکەوێتە دواندن، بەڵام لەگەڵ نزیک بوونەوەدا وەسفکردن دەگۆڕێت بۆ ئاخاوتن بۆ کەسی دووەم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندی گۆران لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەی کە لە سەرەتای شیعرەکەوە وەسفیان دەکات پەیوەندی ئەمی مرۆڤ و ئەو سروشتە کە تاکو ئەو چرکەساتە پەیڤین لە نێوانیاندا نەگەیشتۆتە ئاستی ڕاستەوخۆ ئەمەش ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە لەو ئاستەدا مرۆڤ لە بەرامبەر سروشتدا هێشتا بچوکە با خۆزگەی دەسەڵاتکردنیشی بەسەر ئەو سروشتەدا هەبێت، بە واتا گۆران وەکو نوێنەری ئێمەی مرۆڤ بە جۆرێك لە دەرەوەڕا وەسفی سروشت و ڕەگەزەکانی دەکات لە بەشی یەکەمی شیعرەکەدا وەکو ئەوەی کە سروشت ئامادەی گوێگرتن نەبێت لەم، ئەمەش نایەکسانی نێوان ئێمەی مرۆڤ و سروشتی خاوێن و پڕ لە نهێنی ئاشکرا نەکراو دەردەخات.

لە دوو دێڕی یەکەمدا گۆران وەسفی ئاسمان و هەورو ڕۆژ دەکات، وێنەیەکی بەرجەستەکراوی وەهامان پێشکەش دەکات کە دەشێ ئەو وێنەیەی ئەو کێشاویەتی لە خودی ئەو ڕەگەزانەی سروشت جوانتر بن، دیمەنی پەڵە هەورەکانمان بە ڕەنگاو ڕەنگی نیشان دەدات و خاسێتی ئافرەتیش دەبەخشێتە ڕۆژ کاتێ دەڵێت "بە دەم ئاسۆوە ڕۆژی شۆخ و شەنگ". لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا سروشت و توخمەکانی لە جوانیدا دەبنە وێنەی باڵا هەتا شتەکانی تر لە جوانیدا بەو بەراورد یان لێکچواندن بکرێن، یان بە پێچەوانەوە ئافرەت دەبێتە نموونەی باڵا لە جوانیدا و ڕەگەزەکانی سروشت بەو بەراورد یان لێکچواندن دەکات؟

یەکەم دوو دێڕی ئەم شیعرە بەرجەستەی وێنەیەك دەکات کە ئەمی شاعیر دەستی پێی ناگات و تەنیا لەسەر بنەمای هەستی بینین ئەو وێنەیە دەکێشێت، بەڵام ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر وێنەیەکی جوانادا ڕامان دەوەستێنێت تابلۆیەك لە سروشت، لێرەوە گۆران جۆرێك لە بوونی پەیوەندی لە نێوان ئێمەو سروشتدا دروست دەکات

ئـەویش لـە ڕێگـای بەرهـەم هێنـانی جوانیـیــەوە، واتــە جوانــی دەکاتــە هۆکـارێك بــۆ پەیوەستبوون و پەیگری ئێمە بۆ سروشت، لە هەمان کاتدا ئــەو ڕووە شاراوەی ئێمـەش وەکو مرۆڤ دەردەخات کە بە خۆڕسکی جوانی پەرستین، لە وەسفکردنی سروشتدا بەو شێوە سەرنج ڕاکێشە گۆران دەیەوێت بەهای ڕاستەقینەی سروشت دەربخـات یـان لـەژێر ئـەو پـەردە تەڵخـە دەربیـهێنێت کـە ژیـانی هاوچـەرخ داویـەتی بەسـەر سروشــتدا. بـە واتایەکی تر گۆران لە وەسفکردنی سروشتدا دەیەوێت بەهای ڕاستەقینەی سروشت بـۆ خودی سروشت بگێڕێتەوە.

لە دوو دێڕی دووەمـدا، گـۆران لـە ئاسمانـەوە دەگوازێتـەوە بـۆ سـەر زەوی و وێنـەی ڕەگەزەکانی سروشت لەسەر زەوی دەکێشێت. کە ئەم وێنـەیان تـەنیا وێنەیـەکی بینـراو نییە لە سنووری خەیاڵ یان بینینی ئاسایدا بـەڵکو وێنەیـەکی مـادی بەرجەسـتەکراوە. لـە بەرجەسـتەکردنی ئـەم وێنــەیاندا شـاعیر تــەنیا شـوێنمان پــێ ناناسـێنێت بـەڵکو کاتیشمان پێ دەناسێنێت کە لە وەسفی سەوزە گیاو گوڵ و گوڵاڵـەو درەختـی تـازە شـین بوو، چرۆدا دەردەکەوێت کە کات سەرەتای بەهارە. ئەمەش دەری دەخـات کـە هـەرچۆن شوێن لای گۆران گرنگـی تایبـەتی خۆیـی هـەبوە بـۆ بەدەسـتهێنانی شـوناس و مانـا، بـە هـەمان شـێوە کـاتیش گرنگـی خۆیـی هەیـە و لەهـەر کـاتێك یـان وەرزێکـدا سروشــت و ڕەگەزەکانی لە هارمۆنیای خۆیاندا جۆرە جوانییەك بەرهـەم دێنـن و ئـەو جوانییـەش پاڵنەری سەرەکییە بۆ جوڵاندنی مرۆڤ بە ئاڕاستەی گەڕانەوە بۆ ناو سروشت.

گۆران لە دوو دێڕی سێیەم و چوارەمدا زیاتر وەسفی ڕەگەزەکانی سروشت دەکات و کۆمــەڵێ خاسـێتی وەهـا بــەهاداریان پــێ دەبەخشـێت کــە ســەرباری جوانییەکــەیان بەهایەکی ڕۆحیشیان پێ دەبەخشێت و لـەو وەسـفکردنەی ڕەگـەزەکانی سروشـتدا ئـەو ڕەگەزانـە سـەرجەم وەکو زینـدوو دەخاتـە ڕوو کـە هەریەکـەیان جـۆرە چالاکیــەکیان هەیە و دەشێ بڵێین کـارێك دەکـەن کـە ئـەوەش بەخشـینی خاسـێتی زیندوویـیـە بـەو ڕەگەزانە کاتێ دەڵێت: (چیمەن دەرئەدا چین چین مرواری ئاونگ، لێی ئەتکێ پرشنگ) یان کە دەڵێت (نەسیم سەمای جوانی پەریی تەبیعەت دێنێتە ئـەنجام). هـەروەك چۆن ئـەم ڕەگەزانـەی سروشـت لـە جوڵـەی بـەردەوامدان و بەرهـەم دەهێنــن بــە مەبەسـتی

جوانكردنی خودی سروشــت بــه هــه‌مان شـێوه به‌رهه‌مه‌كانیشـیان لـه به‌رجه‌سـته‌كردنی ئێسـتاتیكای سروشـتدا به‌شـداری ده‌كـه‌ن، لـێره‌وه ئـه‌وه ئاشـكرا ده‌بێـت هه‌ریه‌كـه لـه‌م ره‌گه‌زانه‌ی سروشت خاسـێته گشـتی‌یه‌كانی سروشـتیان هه‌یـه هـه‌م بـۆ به‌رهـه‌م هێنـانی جوانی، هه‌م بۆ دروستكردنی هارمۆنیای سروشت. لای گۆران هه‌ریه‌كـه لـه ره‌گـه‌زه‌كانی سروشت رۆڵی خۆی ده‌بینێت له رێكخستنی هارمۆنیای سروشتداو، هه‌م ئیقاعی جوڵـه‌و گـۆڕان و بزوانـدن لـه سروشـتدا رێـك ده‌خـه‌ن ئــه‌ویش بــه جۆرێكـی ئــه‌وتۆ خاسـێتی یه‌كـه‌مین وێنـه‌ی بــاڵای هارمۆنیــای هه‌یــه‌و هــه‌موو ئــه‌و وێنانــه‌ی كـه لـه مێــژووی مرۆڤایه‌تیدا مرۆڤ دروستی كردون و به‌رهــه‌می هێنـاون سـه‌رجه‌م جۆرێك لـه لاسایی كردنه‌وه‌ی وێنه‌ی یه‌كه‌من واته سروشت به گونجاندنی ره‌نگـه جیاوازه‌كانیـه‌وه له‌گـه‌ڵ یــه‌كتره‌او له‌وێشـه‌وه به‌رهـه‌م هێنـــانی هارمۆنیــای نێــوان ره‌گــه‌زه جیــاواز و ته‌نانــه‌ت دژه‌كانیش، كه‌واته لێره‌وه له ئاستی قوڵی ئه‌م ده‌قه‌دا ئه‌وه ده‌رده‌كه‌وێت كه‌له سروشتدا هــه‌موو ره‌نگـه جیـاواز و ته‌نانـه‌ت دژه‌كـانیش پێكـه‌وه ده‌گونجێـن و جوانـی سروشــت و هارمۆنیای سروشت له ئه‌نجامی ئـه‌و كۆبوونـه‌وه‌ی ره‌نـگ و توخمـه جیـاواز و دژه‌كـاندا پێكهاتووه، كه بێگومان جوانـی ژیـان و جوانـی په‌یوه‌ندی‌یـه كۆمه‌ڵایه‌تیـه‌كان و جوانـی مـرۆڤیش ئه‌وكاته به‌رهه‌م دێت كه ره‌نگ و ده‌نگ و روانین و بینـین و فیكـر و ره‌گـه‌زه جیاوازه‌كان هه‌موو پێكه‌وه بتوانن بژین و یه‌كتری قبوڵ بكه‌ن و له‌سه‌ر بنـه‌مای دانـان به‌و جیاوازییانه‌دا پێكه‌وه كاربكه‌ن و هاریكاری بكه‌ن ئه‌وكاته گونجاندنی كۆمه‌ڵایـه‌تی‌و هارمۆنیـایی په‌یوه‌ندییــه كۆمه‌ڵایه‌تیــه‌كان و یــه‌كتر قبوڵكردنــی جیاوازه‌كــان ده‌بێتــه خاسێتی دیاری ژیانی مرۆڤ، به واتا له پشتی ئه‌م ده‌قـه‌وه ئـه‌و روانینـه راوه‌سـتاوه كـه گونجاندنی ره‌گــه‌زه‌كانی سروشــت و پێكــه‌وه كاركردنیــان و دروســتبوونی هارمۆنیــای سروشــت ده‌شــێ ببێتــه نموونــه بــۆ پێكــه‌وه گونجــاندنی مــرۆڤ پێكــه‌وه ســه‌رباری جیاوازییه‌كان له‌و گونجاندن و پێكه‌وه ژیانه‌دا مرۆڤ و ژیان بـه‌های قوڵتریـان ده‌بێـت و بگره كارێكی له‌م جۆره به‌خشینه‌وه‌ی به‌هایه به خودی مرۆڤ و بـه ژیـان. گـۆران هـه‌ر ئه‌وه نی‌یه وه‌كو شاعیرێكی رۆمانسی رۆژئـاوایی لـه ئـه‌نجامی بـێزار بوونیـدا لـه ژیـانی ئاڵۆزی شارو فشاری سه‌ختی ئه‌و ژیانه‌وه بگه‌رێته‌وه بۆ نێو ئامێزی سروشت و له‌وێشدا

هەم هەست بە ئازادی خۆی بکات، هەم سروشت بکات بە جێگای حەوانەوەو ئاسودە بوونی، بەڵکو لە گەڕانەوەی بۆ سروشتدا دەیەوێت وێنەیەکی دیاری ئاسایی دوور لە دەسەڵاتی مرۆڤ بۆ سروشت بگرێت و پێشکەشی بکات و بڵێت ئەمە سروشتە بەم جوانیو گونجاندن و هارمۆنیایەوە. ئایا ناشێت خودی مرۆڤیش هاوشێوەی گونجاندن و یەکتر قبولکردنی ڕەنگەکانی سروشت ئەوانیش پێکەوە بگونجێن و یەکتر قبوڵ بکەن؟

لە دەستپێکی ئەم شیعرەدا گۆران وێنەی بەرجەستەکراوی ئاسمان و هەورو ڕۆژ پێشکەش دەکات، واتە وێنەی مەودایەك لە دەرەوەی دەست پێگەیشتنی خۆی، واتە وێنەیەك پێشکەش دەکات کە تەنیا لە سنووری بینراودایە. لە دوای دوو نیوە دێڕی یەکەم وێنەی بەرجەستەکراو لەو ڕەگەزانە پێشکەش دەکات کە دەشێ خۆی دەستیی پێیان بگات یا ن لە نزیکەوە هەستیان پێ بکات، لە دوای هەشت نیوە دێڕی یەکەمەوە وێنەی بەرجەستەکراو لە ڕەگەزە زیندووەکانی سروشت پێشکەش دەکات وەکو (کەو، چۆلەکە، بولبول..) کە هەریەکەش سەرباری جوانی خۆیان، بە بەرهەمەکانیانەوە بەشداری دەکەن لە بەرهەم هێنانی جوانییەکی بیستراودا کە ئەویش دەنگ و ئاوازی ئەم باڵندانەیە، کە ئەو دەنگ و ئاوازەش هەم دەبنە بەشێك لە ئیقاعی قەشەنگ و سەرنج ڕاکێشی سروشت، هەم دەور دەبینن لە ڕاهێنانی ڕەگەزەکانی تری سروشتدا بۆ پەسەندکردنی دەنگ و ڕەنگ و ئیقاعەکانی تر، بە جۆرێك ئەم ئاوازو ئیقاعە دلگیرانە هەموو عەقڵە بەستەڵەکییەکان و هەموو ڕوانینە تەنگە نەفەسەکان بۆ قبولکردنی ئەوانی تر ڕادەهێنن. ئەو ئاوازەی کە ئەم باڵندانە دروستی دەکەن تێکەڵ بە ئیقاعی سروشت دەبێت و ڕۆحی بەردیش بۆ نۆشکردنی پیاڵەی نەشئە ئامادە دەکات، یان بە شێوەیەکی تر ئەو ئاواز و ئیقاعانە تەنانەت ڕۆحی بەردیش دەجوڵێنن و ڕادەهێنن، بە مانایەکی تر زمانی ئەم توخمە زیندوانەی ناو سروشت بە جۆرێك کاریگەرن کە هەموو ئەو توخم و ڕەگەزانەشی کە هێندە ڕەقن لە بەردەم هیچ هێزێکدا ناچەمێنەوە ئاوازی جۆراوجۆری توخمە زیندووەکانی نێو سروشت دەیان جوڵێنێ و..

گۆران خاسێتی زیندو یان مرۆیی دەبەخشێتە توخمەکانی سروشت "ڕۆحی بەرد ئەکا نۆش، دنیا بە کوڵ بگری، دنیای سەرمەستی قاقای پێکەنین، فرمێسکی کانی،.."

ئەمەش ئەو لێکدانەوەیە هەڵدەگرێت کە گـۆران توخمـەکانی سروشـت بـە گرنـگ و پـڕ بەها سەیر دەکات، بە هەمان شێوەی مرۆڤ، لە کاتێکدا لە چەند سـەدەی ڕابـردوودا لـە عـەقڵی ڕۆژئـاوادا مـرۆڤ بووەتـە سـەنتەری بـەها پێـدان و لێکدانــەوەو لـە ئــەزموونی شـیعری ڕۆمانسـی ئەوروپاشـدا خـودی تاکەکـەس کـە خـودی شـاعیرە بووەتــە نـاوەندی گرنگی پێدان، لە ئــەزموونی ڕۆمانسـیەتی گۆرانـدا سروشـت یەکـەمین نـاوەندی گرنگـی پێدانــە، ڕاسـتە یــەکێك لـە خاســێتە دیارەکـانی قۆنــاغی ڕۆمانســیەت گرنگیدانــە بــە سروشت و گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی سروشـتی خـاوێن و هێـواری دوور لـە ئـاژاوەو فشـاری پەیوەندییەکانی شار، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆمانسیەتی گـۆران، ڕۆمانسـیەتی گواسـتراوەیە لـە کـەلتوری دەرەوەی نێـو پانتـایی کـەلتورو ژیـان و مێــژووی کـوردەوەو دەرئــەنجامی پەرەســەندنی کۆمەڵایــەتی و دروسـتبوونی شــارو پەیوەندییــەکانی شــار نییــە.. بۆیــە ناشـێت دەقــاو دەق وای لێکبدەینــەوە کــە ڕۆمانســیەتی گــۆران هــەمان ڕۆمانســـیەتی ئینگلیزی و فەرەنسـیە، یـان ڕۆمانسـێتێکە تایبـەت بـە گـۆران بـە خـێر ڕۆمانســیەتی گۆران لە بەشداری کردنـی خاسـێتە گشـتیەکانی ڕۆمانسـیەتی ڕۆژئـاواو تایبەتمـەندی ئێمە پێکهاتووە.

گۆران لە گەڕانەوەیدا بۆ نێو سروشـت، نایـەوێت بـە تـەواوی لـە ئـامێزی سروشـتدا خۆی حەشار بدات، واتە سروشت بە تەنیا زەمینەیەك نییە بۆ خۆ حەشـاردان و دفـن بـوون، بـە مەبەسـتی گەیشـتن بـە حەوانـەوەو هێـوری. بـەڵکو سروشـت و گەڕانـەوە بـۆ سروشت لە ئاستی یەکەمدا بە مەبەسـتی گەڕانەوەیـە بـۆ بەدەسـتهێنانەوەی ئـەو بـەها ئێسـتاتیکیانەی کـە لـە دەسـتی چـووە، گەڕانەوەیــە بـۆ نێـو سروشـت بــە مەبەسـتی گەیشـتنەوە بـە زەمینەیـەك کـە خـاوەنی هارمۆنیـای چەســپاوی خۆیــەتی، ئــەو بــەها جوانانەی کە ئەو هارمۆنیایە بەرهەمی دێنێت تیایدا لە دەست نەچووە. ئەو پێی وایە لــە دنیــای سەرمەســتی قاقــای پێکــەنیندا لــە هــەموو ئاســتێکیدا بــە شــێوەیەکی سیسـتاماتیکانە فرمێسـك (کـانی) هــەڵدەقوڵێ، گـۆران لـە گەڕانــەوەیدا بـۆ سروشـت دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی ئەو زەمینەی کە بەو جـۆرە سیسـتاماتیکانە ڕێکخـراوە، چونکـە پێی وایە کە جوانــی تـەنیا لـەو ڕێکخسـتنەوە بەرهـەم دێت و حەوانـەوەش لـە بوونـی

هارمۆنیای ئەو ڕێکخستنەدا دەستەبەر دەبێت و چێژی ئێستاتیکیش دیسان لە بارێکی وەها ڕێکخراوو هێورو هێمندا بەهای خۆی دەبێت، بە واتا گەڕانەوەی گۆران بۆ سروشت ڕاکردنی تاکە کەسی هەستیار نىیە لە دەست فشار و زەبرو ئالۆزییەکانی شارو لە دەست تێکچوونی هارمۆنیای ژیان و هێمنی لەنێو شارداو لە سایەی پەیوەندییە ئالۆزەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیدا کە زەمینەیەك بۆ هێوری و جوانی و چێژی جوانی نامێنێتەوە، بەڵکو گەڕانەوەی کەسێکی هەستیارە بۆ نێو سروشت بە مەبەستی گەیشتنەوە بە چرکە ساتێك کە تیایدا هەست بە چێژ و بەها ئێستاتیکیەکانی بوون و ژیان بکات.

گۆران لەو گەڕانەوەیدا بەشێك لە توخمەکانی سروشت وەسف دەکات و لەو وەسفکردنەشدا لە لایەك جوانی ئەو توخمانەو هەموو سروشت بەوانیشەوە دەردەخات، لە لایەکی تر خاسێتەکانی مرۆڤ بەو توخمانە دەبەخشێت بە مەبەستی زەمینە خۆش کردن بۆ لێدواندنیان بەو هیوایەی لە ئاستێکی وەها قەشەنگ و پڕ بەهادا پێشکەشیان بکات کە بیانکاتە هاوشانی مرۆڤ ئەو بوونەوەرەی کە سەرجەم پەیامە ئاینی و زەمینییەکان و سەرجەم بیرو بڕوا دیارەکان پێیان وایە مرۆڤ دەبێ سەروەری ئەم گەردونەو جێگری خودا بێت لەسەر ئەم زەوییە، ئەوەش بۆ ئەوە دەکات کە سروشت بە شایەنی ئەوە بزانێت کە نەك هەر خۆی بۆی بگەڕێتەوە بەڵکو بانگەشەی گەڕانەوەی گشتی بکات بۆ ئامێزی سروشت.

گۆران لە قۆناغی یەکەمدا هەرچۆن وەسفی ڕەگەزەکانی سروشت دەکات بە هەور و ڕۆژ و سەوزەگیاو گوڵ و درەختەوە.. بە هەمان شێوەش وەسفی ڕەگەزە زیندووەکانی دەکات بە تایبەتی باڵندەکان، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا لەگەڵ باڵندەکان دەکەوێتە گفتوگۆ و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دەدوێت، لەو گفتوگۆیەشدا بە مەبەستی دروستکردنی جۆرێك لە پەیوەندی لەگەڵ ئەو باڵندانەدا پاکانە بۆ ناسنامەی خۆی دەکات، دەیەوێت پەردە لە ڕووی خۆی لادات و ئەو سیما دزێوەش بڕەوێنێتەوە کە ئەمی وەکو دڕندە ناساندووە یان پێشکەش کردووە.

مەلی سەر بنچك، پەل و پۆ ڕەنگین! خۆمن هەڵۆنیم

لێم مەفڕن جووت جووت، مەترسن ئاخر پێتان بڵێم چیم:

ڕاستەوخۆ شاعیر پێمان دەڵێت ناسنامەی مرۆڤ لە ڕوانگەی تێڕوانینی زیندەوەرانی ترەوە ناسنامەیەکی دزێوەو سەرجەم وەکو جۆرێك لە دڕندە سەیری مرۆڤ دەکەن، گۆران دەیەوێت ئەوە ئاشکرا بکات کە زیندەوەران بە چ چاوێك سەیری مرۆڤ دەکەن. لە ئەنجامی تێگەیشتن لەو ڕوانینەی زیندەوەران بۆ مرۆڤ، گۆران پاکانە بۆ خۆی دەکات بەوەی کە ئەم دڕندە نییە، ئەم پاکانە کردنەش پاکانەیە بۆ هەموو مرۆڤ بەوەی کە شایانی ئەوە نییە وەکو دڕندە سەیری بکرێت. لە پشتی ئەم پاکانە کردنەوە گۆران دەیەوێت پێمان بڵێت لەم گەردونەدا دەبێ دۆستایەتی و لەگەڵ یەکتر گونجاندن هەبێت، ناشێت توخمێك باڵادەست بێت و ئەوانی تر لەناوببات، چونکە هارمۆنیای سروشت لەو لەگەڵ یەکترگونجاندنەی توخمە جۆراوجۆرەکانی سروشت خۆیەوە بەرهەم دێت. کە لەوێڕا تەنیا غەریزەی دەسەڵاتکردن بوونی هەیە.. هەرچەندە ئەو غەریزەیە یەکەم هۆکارە بۆ هەوڵدانی دەسەڵاتکردن بەسەر ئەوانی تردا، کە لەو هەوڵەشدا دوو لایەن، دوو جەمسەر دەردەکەون، دەسەڵاتکەر و دەسەڵات بەسەردا کراو، جەلاد و قوربانی، دڕندە و نێچیر. مرۆڤ لە ئەنجامی باڵادەست بوونیدا لە ڕوانگەی زیندەوەرانی ترەوە بۆتە دڕندە، هەر بەو پێیەش ئەوەی کە دەوری بینیووە لە شێواندنی هارمۆنیای سروشتدا مرۆڤە. گۆران دەیەوێت بە باڵندەکان بڵێت منی مرۆڤ هەڵۆ نیم، دڕندە نیم، من دەگەڕێمەوە بۆ لای ئێوە، بۆ ئامێزی سروشت، بەو هیوایەی بگەڕێمەوە بۆ ئەسڵی خۆم و خۆم لە غەریزەی دەسەڵات و غەریزەی ئاژەڵی وێرانکردن ڕووت بکەمەوە. دەمەوێت ببمەوە بە یەکێك لە ڕەگەزە بەرهەم هێنەرەکانی جوانی و ئێستاتیکای سروشت و هارمۆنیای سروشت نەك بکوژی جوانی و شێوێنەری هارمۆنیای سروشت.

گۆران باڵندەکان دەدوێنێت و داوایان لێدەکات کە گوێی لێ بگرن هەتا شوناسی خۆییان بۆ ئاشکرا بکات. لە پشتی ئەم داواکردنەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ڕەگەزە زیندووەکانی سروشت بە چاوی دۆست سەیری مرۆڤ ناکەن چونکە وەکو هێزێکی سامناك دەڕواننە مرۆڤ، هێزێك کە لە هەوڵی تێکشکاندن و لەنێوبردنی هەموو ئەواندایە لە پێناوی بوونی خۆیدا، ئەم هەڵوێستەی مرۆڤ، مرۆڤ لە دیدی ڕەگەزە

زیندووەکانی تری سروشتەوە، بە تایبەتی ئەو ڕەگەزانەی کە زیندون و مرۆڤ ماڵی نەکردون، وەکو دوژمن دەخاتەڕوو. گۆران کاتێ دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا دەیەوێت ئەو بۆچوونە هەڵبووەشێنێتەوە، بەڵام بە ئاشکرا دەردەکەوێت ئەوەی دەدوێت گۆرانە، ئەوانی زیندەوەر (مەلەکان) نەك لەگەڵ ئەم نادوێن، بەڵکو لێیشی دووردەکەونەوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە مەلەکان ئامادەیی گفتوگۆیان لەگەڵ ئەمی مرۆڤدا نییە، ئەویش لەبەر ناسینی گەوهەرو ناسنامەی ئەم زیندەوەرەی کە ناوی مرۆڤە، هەمیشە یاسای دارستان بەرامبەر بە ئەوانی باڵندە و هەموو ڕەگەزە زیندووەکانی تری ئەم گەردوونە پیادە دەکات، بێ سڵەمینەوە لەوەی کە هەر کارێکی کوشتن و گرتن و دیل کردن و سەربڕین و تەنانەت شێواندن و تێکدانی ڕەگەزە نازیندووەکانی سروشتیش بەشێکە لە تێکدانی هارمۆنیای سروشت و ناشیرین کردنی سروشت و تەڵخ کردنی ئێستاتیکای سروشت، کە هەموو جوانییەکانی تر لە ڕوانینی ئەفلاتونەوە فۆتۆکۆپی جوانی سروشتن و تەنیا ئەو ئەسڵە چونکە ئەوانی تر هەموویان لەوەوە وەرگیراون، کەچی مرۆڤ لە پێناوی دەسەڵاتکردندا ئەو جوانییە دەشێوێنێت.

سەرباری ئەوەی کە باڵندەکان بە چاوی ترسەوە دەڕواننە ئەمی مرۆڤ و پشتی تێدەکەن و بەجێی دەهێڵن، ئەم دەیەوێت زەمینەیەك بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیاندا ئامادە بکات بەو هیوایەی لەو ڕێگایەوە شوناسی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات، ئەویش لەو ڕێگایەوە کە خۆی دەیەوێت نەك لەو ڕێگایەوە کە ئەوان تێی گەیشتوون و دەیبینن. ئەم دەزانێت ئەوان لێی دەترسن، بۆیە بە مەبەستی ڕەواندنەوەی ئەو ترسە داوایان لێدەکات کە ئەوەندە گوێی لێ بگرن هەتا ناسنامە و گەوهەر و ماهیەتی خۆییان بۆ باس بکات.

منیش وەك ئێوە لە دنیای گەورە گەردێکم بچووك
حەتتا ناشتوانم بفڕم، بخوێنم، بە باڵ بە دەنووك
بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی
ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی!

گۆران بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ باڵندەکان و هەموو ڕەگەزە زیندووەکانی تری سروشتدا ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات کە ئەمیش گەردێکی بچووکە لەم گەردوونەدا. هەروەك لە ڕێگای لێکچوواندنەوە بە باڵندەکان دەڵێت "منیش وەك ئێوە.. گەردێکم بچووك" بە واتا دەیەوێت جۆرێك لە هاوشێوەیی لە نێوان خۆیی و ئەواندا نیشان بدات ئەویش بە مەبەستی گۆڕینی دیدو ڕوانینی ئەوانی باڵندە کە نوێنەری هەموو ڕەگەزە زیندووەکانی سروشتن بەرامبەر بەمی مرۆڤ کە وەک و دڕندە و تێکدەر و ڕوخێنەری ڕەگەزە زیندووەکانی تری سروشت سەیری دەکەن. گۆران دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو سنووری ئەو سیستەمە ڕێکخراوەی پێشتری سروشت کە ئەم تیایدا ناسنامەی دڕندەیی نەبوو، لێرەشەوە ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ ئەو مانایەی لە پشتی ئەم ڕوانینەو ڕاوەستاوە ئەوا دەگەین بەو خاڵەی کە گۆران دەیەوێت بڵێت مرۆڤ کە هێشتا لەنێو سروشتدا بووە، ئەمیش هەمان شێوەی ڕەگەزە زیندووەکانی تری سروشت، ڕەگەزێکی ئاسایی بووە، بەڵام جێگیر بوون و پەرەسەندنی لەژێر کاریگەری فاکتەری غەریزە و دەسەڵات خوازیدا لە زیندەوەرانی تری جیاکردۆتەوە و لە ئەنجامی پەرەسەندنی بەردەوامیشیدا، لە ئەنجامی بوونی عەقڵ و هۆشەوە تا بەرەو پێشەوە چووە زیاتر سیمای دڕندەیی لە ئاستی سروشتدا پێوە دەرکەوتووە، چونکە ئومێدی ئەم ئاشکراکردن و دەسەڵات کردنە بەسەر سروشتدا، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێت دەست نەپارێزێت لە داگیرکردنی ئازادی ڕەگەزەکانی تری سروشت، ئەویش لە ڕێگای ڕامکردن و دەستەمۆکردنیانەوە یان لە ڕێگای دەسەڵات بەسەرداکردنیانەوە ئەویش بە تێکشکاندن و شێواندنی باری سروشتیان کە لەوەشدا هەم ئێستاتیکای سروشتی ناشیرین کردووە، هەم هارمۆنیای سروشتی شێواندووە.

لە ئەنجامی پەرەسەندنی ژیانی مرۆڤ خۆیدا و لە ئەنجامی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان و ناتەبایی و نایەکسانی و نەبوونی ئازادیدا لە ژیانی کۆمەڵدا و دیسان بە کۆیلەبوونی خودی مرۆڤ بۆ ئەو تەکنۆلۆژیایەی کە بەرهەمی هێناوە و.. لە بەردەم فشاری توونـدی ژیانی شاردا مرۆڤی هەستیار بۆ گەڕان لە دوای بە دەست هێنانەوەی ئازادی و دەربازبوون لە فشارو پەستانی شار ڕێگای گەڕانەوەی بەرەو

سروشت لەبەرگرتووە.. گۆران لە لایەك بۆ گەیشتنەوە بەو ئازادی و هێمنی و هێورییەی ئامێزی سروشت و لە لایەکی تریشەوە بۆ گەیشتنەوە بە جوانیەکانی سروشت کە جوانی یەکەمن و چێژ وەرگرتن لەو جوانیانە ڕێگای بەرەو سروشت لەبەردەگرێتەوە. واتە هەروەك پێشتریش گوتومانە گۆران بە مەبەستی گەیشتنەوە بە یەقین دەگەڕێتەوە بۆ سروشت، یەقینی ئازادی و یەقینی هێمنی و هێوری و یەقینی جوانی و چێژی جوانی.

گۆران لەم گەڕانەوەیەدا بۆ ئامێزی سروشت، نایەوێت خۆی دفن بکات و سروشت وەکو گۆڕستان سەیرناکات کە جێگای خۆشاردنەوە و دیارنەمان و گۆشەگیریی بێت بە مەبەستی حەوانەوە و دوورکەوتنەوە لە ئاژاوە و پشێوی ژیانی کۆمەڵ، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەیەوێت لە ئامێزی سروشتدا پەیوەندی کراوەی هەبێت لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری سروشتدا چونکە پێی وایە ئازادی نێو ئامێزی سروشتیش بە بوونی پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تری نێو سروشتدا مانا دەبەخشێت. هەر ئەم ڕوانینەیە وا لە گۆران دەکات بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری نێو سروشتدا و پاشان ناسنامەی خۆی بۆ ئەوان ئاشکرا بکات. تەنانەت لە ئاستی باڵندەکاندا خۆی بە بێ تواناتر و ناکردەتر نیشان دەدات چونکە ئەوەی کە سروشت بە باڵندەکانی بەخشیوون کە توانای فڕینە، بەمی مرۆڤی نەبەخشیووە. هەر بۆیە لە ئاستی ئەواندا ئەم خاسێتەی کە سروشت بەوانی بەخشیووە و بەمی مرۆڤی نەبەخشیووە دەکاتە بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەمیش زیندەوەرێکی ئاسایییەو دڕندە نییە و تەنانەت توانای ئەوانیشی نییە. ئەگەر بە ئاڕاستەی قوڵایی دەقەکە شۆڕببینەوە ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە گۆران پێی وایە کاتێ ئێمەی مرۆڤ بگەڕێینەوە بۆ ئامێزی سروشت پێویستمان بەو خاسێتانە هەیە کە لە سایەی سروشتدا هەم ئاسودەیی و هەم ڕێگای پاراستنمان بۆ دەستەبەر دەکەن، بەڵام ئێمە ئەو چەکەمان نییە کە بۆ نموونە باڵندەکان هەیانەو جۆرێك لە باڵایی ئەوان دەسەلمێنێت، گۆران لە بەرامبەر ئەو کەموکورتییەی ئێمەی مرۆڤدا لە بەرامبەر باڵندەکاندا جۆرێك لە هەست بە کەمی کردن نیشان دەدات، کە دەشێ ئەم پێی وا بێت مادەم گەردوون وەکو یەك خاسێتەکانی نەبەخشیووە بە

سەرجەم زیندەوەران کەواتە ناشێت یەکسانی لە نێوانیاندا دروست ببێت، بۆ پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکانیش هەریەکە لە بوارێکی تردا توانای خۆیی پەرەپێداوە، مرۆڤ لە ئەنجامی لاوازیی توانا جەستەییەکاندا بۆ لە ڕوودا وەستانی توونددوتیژی و پەستان و فشاری هێزەکانی سروشت، لە ڕووی عەقڵ و هۆشەوە پەرەی سەندووە بە جۆرێك کە بەو جەستە لاوازەیەوە بە عەقڵ دەسەڵاتی بەسەر توانای لە بن نەهاتووی تەنانەت دڕندەترین زیندەوەریشدا کردووە.. بەڵام گۆران بەو دەسەڵاتەی کە عەقڵ بەرهەمی هێناوە ئاسودە نی‌یە و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ نێو ئامێزی سروشت بەو هیوایەی کە بگاتەوە بەو چرکەساتەی کە لە ئامێزی سادەی سروشتدا هەستی بە ئازا دی کردووە و بە هێمنی و هێوری ژیانی بەسەر بردووە.

گۆران پێی وایە سەربەستی خاسێتی نێو سروشتەو باڵندەکانیش وەکو هێمای سەربەستی خوازی نیشان دەدات و دەشێ ئەمەش وەها لێکبدەینەوە کاتێ باڵندە و زیندەوەران ئامێزی سروشتیان بەجێنەهێشتووە لەبەر ئەوە بووە کە عیشقی سەربەستی و ئازادی بوون، بەڵام ئەمی مرۆڤ لە بەجێهێشتنی سروشتدا ئەو سەربەستی و ئازادییەی خۆیی لە دەست داوە، تاکە ڕێگاش بۆ گەیشتنەوە بە ئازادی و بەدەستهێنانەوەی گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی سروشت. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە مرۆڤ چەندێ پەرەی سەندبێت لە چاو ڕەگەزەکانی تری سروشتدا، ئەوا بەو ئەندازەیە سەربەستی خۆیی دۆڕاندووە، مەبەست لەو سەربەستیەش سەربەستیە بە مانا ڕەهاکەی واتە سەربەستی لەودیوی هەر سنوور و سانسۆرێکەوە. گۆران بە مەبەستی گەیشتنەوە بە سەربەستی ڕەها دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشت، بەڵام ئەم گەڕانەوەیەی گۆران گەڕانەوەیەکی تاکە کەسی‌یە، هەرچۆن گۆران لە ئەزموونی خۆیدا مومارەسەی تاکڕەوێتی خۆیی کردووە و هەتا ئەو کاتەیشی کە پەیڕەوی تاکڕەوێتی خۆیی کردووە شاعیرێکی داهێنەر و خاوەن جیهانبینی بووە، بەڵام کاتێ دەکەوێتە سنووری عەقڵی باو و دەچێتە ژێر سایەی عەقڵی دەستەجەمی بوونی حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیاوە باری تاکێتی و تاکڕەوییەکەی هەرەس دەهێنێت و بەو پێیەش ڕوانینی بۆ ئازادی تاکە کەس دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی تر کە لە ڕوانگەی

ئایدیۆلۆژیاوە بۆی دەڕوانێت، لەویشدا گۆران توانای داهێنانی پێوە دیار نامێنێت، بۆیە قۆناغی شاعیرێتی و داهێنانی گۆران لەگەڵ پەیوەندیکردنی بە مەسەلەی حیزبایەتی و ئایدیۆلۆژیاوە دوایی دێت، بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ئیفلیجەوە کە گەورەیی گۆران لەوەدا دەبینێت کە پەیوەستبووە بە ئایدیۆلۆژیای چەپەوە، بێگومان ئەم ڕوانینە نادروستەش بەرهەمی ئەو عەقڵانەیە کە لە بنەڕەتدا نازانن شیعر و چەمکی شیعر چییە و هیچ ڕوانینێکیان بۆ شیعریەت نییە.

گۆران کۆیلەی تەنیا دەستی ناعەدالەتی و نایەکسانی نییە، بەڵکو کۆیلەی دەستی نەبوونی ئازادی ڕەهایە، ئەو ئازادییەی کە بە ڕوانینی ئەو تەنیا لە ئامێزی سروشتدا دەستەبەر دەبێت نەك لە سایەی ئایدیۆلۆژیاو حیزبایەتی تەسك و بکوژی هەموو ئازادییەکانی تاکە کەس دا. هەر لە ئەنجامی ئەو هەستکردنەدایە گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشت و پێی وایە باڵندەکان بەرزترین مەیلی سەربەستیان هەیە بۆیە بە ئاسانی ڕام ناکرێن و سەربەستیان لێ زەوت ناکرێت مەگەر مرۆڤ، ئەو مرۆڤەی کە دوای ئەوەی سروشتی بەجێهێشت و ئازادییەکانی خۆیی دۆڕاند، هەوڵبدات ئەوانیش بخاتە نێو قەفەزەوە. گۆران خۆی دەشوبهێنێت بە باڵندەکان لەوەدا کە هەمان مەیلی ئازادی ئەوانی هەیە.

بەڵام وەك ئێوە لە دڵما ئەگرێت مەیلی سەربەستی

ئەمەش ئایینم وەك ئایینتانە: هەردە پەرستی!

ڕاستە ئەم ئێستا سەربەستی خۆیی لە دەستداوە، بەڵام لە ناخەوە هەمیشە پەرۆشی سەربەستییە و دەیەوێت بگاتەوە ئاستی بەدەستهێنانی ئەوەی لە دەستیداوە، بەڵام ئایا ئەوە چۆن دەگاتە ئەنجام؟

گۆران گەڕانەوە بۆ سروشت هەر لە سنووری گواستنەوەیەکی سادەی شوێندا نابینێت، بەڵکو ئەو گەڕانەوەیە مەودایەکی قوڵتری هەیە و ئەم وای دەبینێت کاتێ باڵندەکان لە سروشتدا ماونەتەوە، لەبەرئەوەیە ئەمان پەیڕەوی ئاینێك دەکەن کە ئایینی سروشت پەرستییە. واتە سروشت بەلای ئەوانەوە لە جێگای ئایین و خواوەندە، لەم ڕوانگەیەشەوە پەیوەستبوونی باڵندەکان و ڕەگەزەکانی تری سروشت بە خودی

سروشتەوە وەکو جێبەجێکردنی ئەرکی ئایینی سـەیر دەکات. ئـەمیش خـۆی لـە ڕیـزی ئـەواندا دادەنێـت و ئـایینی ئـەمیش هـەمان ئـایینی ئەوانـە کـە ئـەویش سروشـت پەرستی‌یە. کە لە پشتی ئەم ڕوانینـەوە سەربەسـتی ڕەهـا ڕاوەسـتاوە، بـە مانایـەکی تـر گـۆران دەیـەوێت بڵێـت هـەرچۆن ئـایینی ئێـوە سەربەسـتی پەرسـتی‌یە، منیـش هــەمان ئایینم هەیە. ئەمەش بۆ ئەوە دەدرکێنێت کە هاوشێوەیی خۆی لەگەڵ باڵندە و هەموو ڕەگەزەکانی تری سروشتدا نیشان بدات. هەم بۆ پەرۆشبوونی سەربەستی ڕەها، هەم بە مەبەستی دوورخستنەوەی سیمای دڕندەیـی لـە خـۆی بـەو هیوایـەی هـەم ڕەگـەزەکانی تری سروشت قبوڵی بکەنەوە و هەم سروشت خۆیشی ئامێزی بۆ بکاتەوە.

هەڵوێستی گۆران لە گەڕانەوەیدا بۆ سروشت بۆ لێکدانـەوە و دەسـەڵاتکردن بەسـەر سروشـتدا نی‌یـە، بـەڵکو بـە مەبەسـتی گەیشـتنەوەیە بـە سەربەسـتی و ئــازادی ڕەهـای ئامێزی سروشـت و هـەم گەیشتنەوەیە بـەو ئاسـتەی کـە تیـایدا هەسـت بـە هارمۆنیـای سروشت و ئێستاتیکای سروشت دەکات.. چونکە پی‌ی وایە ژیانی نێـو کۆمـەڵ و فشـار و پەستانەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگا نە ڕێگـای دەسـتەبەر کردنـی ئـەو ئازادی‌یـە دەدات، نـە لەنێو شار و لە کۆمەڵدا هەست بە چێژی ئێستاتیکای سروشت و هارمۆنیـای سروشـت دەکرێت.

گۆران لە کۆتایی شیعرەکەیدا ناسنامەی خۆی لە هەموو گومانێك ڕووت دەکاتەوە و تاکە سیمایەکی دیاری خۆی ئاشکرا دەکات کە ئەویش پەیوەستبوونیەتی بە سروشتەوە بە جۆرێك کـە هـەموو بوونێـك لـە ئـامێزی سروشـتدا دەبینێـت، بـە جۆرێـك سروشـت دەکات بە ئـایین و بـە خواوەنـد و ئـەمیش پەرسـتیاری ئـەو ئایینـەو ئـەو خواوەندەیـە چونکە ئازادی و جوانی گەوهەری بوون و ماهیەتی ئەو خواوەندەیەو تـەنیا لـە سایەی ئەودا ئازادی هەیە.

## ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنانی شیعر
## یۆتۆپیای ڕزگاربوون لە شیعری ( ئەودیو شووشە )ی حەسیب قەرەداخیدا

-١-

قسەکردن لەسەر ئەزموونی شیعری شاعیرێکی وەکو حەسیب قەرەداخی لە لێکۆڵینەوەیەکدا کارێکی ئاسان نی یە ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان دەوڵەمەندی ئەزموونی ئەم شاعیرە لە ڕووی ژمارەی ئەو دەقانەوە کە لە ماوەی نزیکەی چل ساڵدا بەرهەمی هێناون، دووەمیان لەبەر فراوانی ئەو ڕووبەرەی کە شیعری ئەم دەیگرێتەوە کە مەبەستمان لەم قسەیەش بەرهەم هێنانی شیعرە لەسەر بنەمای پایە و ڕەگەزی شیعری جۆراوجۆر بە مەبەستی بەرهەم هێنانی زیاتر لە گوتارێکی شیعری. ڕەنگە هەر ئەم دوو هۆیە کە لە بنەڕەتدا لە خاسێتە زیندووەکانی ئەزموونی شیعرین، لە بارێکی تردا وایان کردبێت کە خودی ئەم شاعیرە لە ڕووی دیاری کردنی شوێنەوە لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا زەرەرمەند بووبێت. چونکە لەبەر لاوازی باری توێژینەوەو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی زیاتر ئەو شاعیرانە بوونەتە جێگای قسە لەسەرکردن کە لە سەر یەك شێواز و بەهەمان ڕەگەز و توخمی بنیادنانی شیعرەوە هەر هەمان گوتاریان لە ئەزموونی شیعری خۆیاندا جویوەتەوە و دووبارە کردۆتەوە.

حەسیب قەرەداخی لەو ڕووەوە کە ئاڕاستەی جیاجیا لە شێواز و لە جیهانبینی شیعری ئەودا دەبینرێت، پانتاییەکی فراوانتری لە چاو بەشی زۆری نەوەکەی خۆیدا داگیرکردووە.

ئێمە لەم سەرەتایەدا هەوڵدەدەین لە لایەك پایە و ڕەگەزەکانی شیعری ئەم شاعیرە دەست نیشان بکەین لە لایەکی ترەوە ئاڕاستەی گوتاری شیعری ئەو دیاری بکەین و پاشانیش لە جێگا و پایەی ئەو لە شیعری نیوەی دووەمی سەدەی بیستی ئێمەدا قسە بکەین، هەروەها هەوڵدەدەین لە ڕووی شیکردنەوەی بنیادی پێکهێنەرانەوە ڕاڤەی دەقە شیعری "ئەودیوی شووشە" بکەین و هەر لەوێشدا بە شێوەیەکی پراکتیکانە بەشێك لە پرسیارەکانی ئەم شاعیرە و گوتارەکانی دەست نیشان بکەین.

مەبەستی ئێمە لە پایەکانی شیعری حەسیب قەرەداخی ئەو ڕەگەز و توخمانەیە کە ئەم شاعیرە کردونی بە بنە بۆ بنیادنانی دەقەکانی کە ئەوانیش دەشێ هەندێکیان لەسەر ئاستی دیار و بینراو بن و هەندێکیشیان لەسەر ئاستی نادیار و نەبینراو. ئەو ڕەگەز و توخمە سەرەکیانەی کە حەسیب قەرەداخی بەکاری هێناون لە بنیادنانی دەقەکانیدا بریتین لە ڕەگەزی مێژوو کە لە ئاستی یەکەمدا مێژووی کورد دەگرێتەوە، هەروەها بە شێوەیەکی بەرفراوان ڕەگەزەکانی کەلتور و کەلەپور و ئەفسانە و فانتازیای کوردی و فۆلکلۆر و سروشت و مرۆڤی کورد لە ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی بەرهەم هێنانی شیعری و شیعریەتن لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا.

ئەو ڕەگەزە مێژووییانەی کە زۆر بە ئاشکرا بەکاری هێناون زیاتر لە چوارچێوەی مێژووی نزیکدان مێژووی بابان، ئەردەلان و بزوتنەوەکانی کورد کە لەم بوارەشدا پاڵەوانی کوردی لە میر و سەرکردە و شاعیران و پیاوانی ناوداری کورد بوونەتە هێمای زیندوێتی و نەمری و خۆڕاگری لە بەردەم هەڕەشەکانی لەناوچووندا. ناوی میرەکانی بابان و شێخ مەحمود و قازی و بەرزانی چەندین شەهیدی نەتەوە هەوڵدانن بۆ دروستکردنی تاکە پاڵەوانێکی نموونەیی کە ڕۆحی کوردایەتی لە خۆیدا هەڵبگرێت و نەتەوە بەرەو ئاسۆی ڕزگاری ڕابەرایەتی بکات.

ئەفسانەی قەڵای دمدم و دوانزە سوارەی مەریوان و.. تاد لەو نموونە زیندووانەن کە حەسیب لە پێناوی بەرهەم هێنانی گوتاری شیعری خۆیدا بەکاری بردوون. بەکارهێنانی فانتازیا و ئەفسانەکانی خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد و شەم و وەلی.. بە مەبەستی بەرجەستەکردنی نموونەیەکی باڵا و خاوێن لە عیشق و قوربانیدان لە پێناوی خۆشەویستیدا دیسان لەو توخمانەن کە چەندین جار لای حەسیب لە شێوەی جیاوازدا بەکارهێنراون کە جارێك قوربانیدان بەرجەستە دەکەن جارێکی تریش ڕەسەنایەتی دەچەسپێنن. بەکارهێنانی جێگا و شوێنە مێژوویی و ناسراوەکانی کوردستان و سروشتی کوردستان دەبنە بنەما بۆ بەخشینی فەزایەکی دیار بۆ بەرهەم هێنانی گوتارێك کە ناسنامەی نەتەوەیی بوونی هەبێت، کاتێ قەسیدەیەکی درێژ بۆ یادی دامەزراندنی دوو سەد ساڵەی سلێمانی بەرهەم دێنێت، لەگەڵ بەرهەم هێنانی

شیعریەتدا سیناریۆی مێژووی میرنشینی بابان و ململانێی نێوان عوسمانی و فارسەکان لەسەر کوردستان و وێنەی بەرجەستەکراوی کەسێتی کوردی لە ڕووی عەقڵی و ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیەوە پێشکەش دەکات و بەردەوامیش لە بەردەم ترسێکدایە کە ئەویش ترسە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی کە هەمیشە لە مێژووی ئێمەدا بووەتە هۆی شکست و لە دەستچوونی دەستکەوتەکان.

کاتێ شیعرێ بۆ نالی دەنووسێت، پێی وایە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی وەکو ئێمەدا، داهێنەر چارەنووسی ئاوارە بوونە، ئاوارەبوونیشی وەکو دەرئەنجامی گەیشتن بە ئاستی نامۆبوون سەیر دەکات و شکستی کەسێتی کوردی لە مێژوودا دەگێڕێتەوە بۆ ئەو نامۆبوونە هەمیشەییەی کە جەستەی مرۆڤی کوردی داگیرکردووە.

کاتێ قەسیدەیەك بۆ هەڵەپشیما دەنووسێت، لە یەك کاتدا پێداچوونەوەیەکی مێژووی شکستی ئێمە دەکات و هەم ڕەگەزەکانی شوێن چ وەکو جوگرافیا و چ وەکو دیمەنی سروشتی و چ وەکو پاشماوەی مێژوو دەکاتە ڕەگەزی بەرهەم هێنانی قەسیدەکەی و لە لایەکی تریشەوە چ لە ڕووی ئەو پاڵەوانانەی کە بەرجەستەیان دەکاتەوە وەکو بەشی هەرە زۆریان لە مێژووەوە دەهێنێتەوە چ لە ڕووی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان جوگرافیا جیاوازەکانی کوردستاندا و چ لە ڕووی دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان هێما و پاڵەوانە جیاوازەکاندا دەیەوێت گوتارێکی گشتگیر بەرهەم بهێنێت کە گوتاری مانەوەیە کە وەکو زووتر گوتومانە ئەم گوتارەش (هێشتنەوەی کورد) لە بەردەم هەڕەشەی لەنێوبردندا پێناسەی دەکات.

بەکارهێنانی ئەفسانە و فانتازیا و فۆلکلۆر و هێماکانی ڕابردوو سەرجەم هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی مەودا قوڵ بۆ کەسێتی کوردی کە ئەوەش دیسان دەبێتە پایەیەکی بەهێز بۆ بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کە دیارە ئەو گوتارەی حەسیب بەرهەمی هێناوە گوتارێکی کراوەیە لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ بەهاکانی مرۆڤەوە و لە هەموو ئاستێکدا مرۆڤ دەکەوێتە بەرزترین ئاستەوە، ئەوەش بەندە بە تێڕوانینی پڕ شکەوتنخوازانەی ئەوەوە کە بە هۆی کارکردنی بۆ ماوەی دوور و درێژ لەنێو حیزبی شیوعیدا و هەڵگرتنی ئایدیۆلۆژیای چەپ مەودایەکی فراوانتری بۆ بینینی ئەو

خولْقاندووە و سەرباری کارکردنی فیعلی ئەو لە دەرەوەی بزوتنەوەی نەتەوەیدا گوتارێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخوازانە بەرهەم دێنێت، هەروەك لە ئاڕاستەیەکی تری ڕوانینەوە کە گوتارێکی گشتگری مرۆیی بەرهەم دێنێت، شوێنی کوردیش لەو گوتارەدا دیار و ئاشکرایە وەکو نەتەوەیەك کە خەبات لە پێناوی بوون و ئازادیدا دەکات.

ڕەگەزەکانی سروشت لە ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخیدا بەرهەم هێنانی ئاستێکی بەرزن لە جوانی، کە ئەوەش دەبێتە سەرچاوەی بەخشینی چێژی ئێستاتیکی، بە تایبەتی هارمۆنیای سروشت لای ئەو بە جوانی ڕێکخراوە، هەر وێرانکارییەکیش کە ڕوودەدات، لە ئەزموونی ئەودا لە ئاستی یەکەمدا هارمۆنیای سروشت دەشێوێنێ، لە ئاستی دووەمدا سەرچاوەکانی جوانی بۆ بەرهەم هێنانی چێژی ئێستاتیکی دەکوژێت.

پایەیەکی تری شیعری حەسیب قەرەداخی پایەی تەسەوفە لەگەڵ وەرگرتنی هەندێ توخم لە مێژووی ئیسلام، کە بنەمای تەسەوف لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا زیاتر بەرجەستەی پاکژبوونەوەی ڕۆحی دەکات لەگەڵ توانەوە لە ئیشراقی ڕۆحی خواوەندا، ئەوەش بە مەبەستی ونبوون نییە بەڵکو بە مەبەستی گەیشتنە بە پلەی (کەماڵ) چەند بارەبوونەوەی (أنا الحق) بە چەمکی (حەلاجی)یانە بانگەشەیە بۆ گەیشتن بەو ئاستەی (کەماڵ) هەم ڕەتکردنەوەیەو هەم خاوێن بوونەوەیە. کاتێ لە شیعری (لەودیو شووشەی)دا دەچێتە ئەشکەوتی خەمەوە و پەیامی بۆ دێت کە ئەوەش لە شێوەی یۆتۆپیایەکدا بەرجەستە دەکات، بانگەشە بۆ پێغەمبەر بوونی خۆی دەکات، پێغەمبەرێك کە داوای هەستانە سەرپێ لە ئومەتەکەی دەکات، لەوێڕا خۆی وەکو ڕابەر و ئێمەش وەکو نەتەوە دەبینێ و داوای خۆ سەلماندن و خۆ نمایش کردنمان لێدەکات، واتە لای حەسیب قەرەداخی تەسەوف نە گۆشەگیرییە و نە تواندنەوەیە بە مەبەستی فەنا بوون لە ڕۆحی خواوەنددا بەڵکو بە مەبەستی خاوێن بوونەوە و گەیشتنە بە یەقین، بەڵام یەقینی خواوەند نا، بەڵکو یەقینی بوونی مرۆڤ بە هەموو بەهاکانی بوونەوە، یەقینی گەیشتن بە بوونێکی ڕاستەقینە و بەهادار لەم ژیانەدا.

پایەیەکی تری شیعری حەسیب قەرەداخی لەو ڕەگەزانەوە وەردەگیرێت کە پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە کە ئەویش پەیوەستبوونە بە

مرۆڤەوە کـە زیـاتر لـێرەدا مرۆڤی کـورد دەگرێتـەوە کـە چۆن، ئـەم بوونـەوەرە باڵایـە لەچاو بوونەوەرانی تردا، لە بەهاکانی ڕووت دەکرێتـەوە و بـێ هیـچ پێوەرێکـی مرۆیـی قەلاچۆ دەکرێت، برسی دەکرێت، سزا دەدرێت، لە بەها مرۆییـەکان ڕووت دەکرێتـەوە و دەکوژرێت یان دەکرێتە ئامێرێکی بێ بەها، لەم بوارەشدا بەکارهێنانی ئـەم ڕەگـەزە بـە مەبەسـتی گێڕانـەوەی بـەها ڕاسـتەقینەکانی مرۆڤـە بـۆ خـودی مـرۆڤ خـۆی کــە ئــەم ڕەگەزەش بە مەبەستی بەرهەم هێنانی گوتاری هیومانیزم بەکاردەهێنرێن.

پایـەکی تـری بەرهـەم هێنـانی شـیعر لـە ئـەزموونی شـیعری حەسـیب قـەرەداخیدا مەسەلەی مردن و ترسـە لـە مـردن، ئـەم پایەیـە لـە پێش مـەرگی کـەژاڵدا پانتاییـەکی ئـەوتۆی لـە شـیعری ئـەم شـاعیرەدا داگـیر نـەکردبوو، بـەڵام بـە دوای ئـەو ڕووداوەدا مەسەلەی مردن و جۆرێك لە قەدەریەت پانتاییـەکی دیـاری بەرهەمـەکانی پـانزە سـاڵی دوایی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەگرێتەوە، هەندێ جار مـردن وەکـو گەیشـتن بـە دوا یەقین سەیر دەکات، هەندێ جاریش وەکو ترسێك لە بەرامبەریدا ڕادەوەستێت کـە ڕزگـاربوون لێی مەحاڵـە، بەهـەرحاڵ ئـەو مـردن تـەنیا بـۆ ئـەوانی تـر دەبینـێ یـان لـە بوونی ئەوانی تردا دەبینێ بۆیە وەکو دەستی قەدەر بۆ ئەوانی تر سەیری دەکات، بەڵام هەتا دوا شیعری کە بە چەند ڕۆژێکی کـەم پێش کۆچکردنـی لـە نەخۆشـخانە دەیڵێـت هەست بەوە ناکرێت کە ئەم خۆی لە بـەردەم مەترسـی مردنـدا ترسـی هـەبووبێت یـان تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی بووبێت.

بەکارهێنانی ڕەگەزی مردن لەلای ئەو وەکو دیاردەیەك لە بەرامبەر ژیاندا سـەیر دەکرێت و وەکـو ململانـێی بـەردەوامی (ئـیرۆس/ تانـاتۆس) سـەیری دەکـات و پـێی وایـە هەرچـەند لـە ڕووی جەسەدییەوە مردن ئەو قەدەرەیـە کـە هیـچ زینـدەوەرێ لێی ڕزگـار نـابێت، بـەڵام بـەلای ئـەوەوە بـە دەسـت هێنـانی نـەمری مـردن دەبـەزێنێ، دەشـێ ئـەم لـە نـاخی خۆیـدا هەسـت بـە جۆرێك لە نەمری بکات بۆیە ترس لە مردنی جەستە ئەوەندە نیگەرانی ناکات.

گوتـاری شـیعری حەسـیب قـەرەداخی بـەپێی ڕەگـەزو تۆخمـەکانی بەرهـەم هێنـانی شیعرەکانی جۆراوجۆرن، کە دەشێ وەك ناوهێنان گوتاری نەتەوایەتی، گوتـاری مانـەوە، گوتـاری چێژ، گوتاری پاکژبوونەوە، گوتاری یەکسانی، گوتا ری هیومانیزم، گوتاری نەمری ناوبهێنرێت.

ئەگەر لە ڕووی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعریەوە سەرنجی شاعیرانی نەوەی دوای گۆران بدەین کە حەسیب قەرەداخی وەکو دوا شاعیری ئەو نەوەیە دادەنرێت لە ڕووی مێژوویی و لە ڕووی ئەزموونی شیعریشەوە، ئەوە هاوشێوە بوونێکی ئاشکرا لە نێوان زۆربەیاندا هەیە لە هەردوو بواری شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعرییەوە. ڕەنگە هەر ئەو هاوشێوە بوونە بووبێتە پێوانە بۆ ئەوەی (ناو) بۆ هەندێ لە شاعیرانی ئەو نەوەیە دروست بکات کە دیارە ئەم تێڕوانینەش لە دەرەوەی مەسەلەی شیعر و شیعریەت بەرهەم هێنراندا بووە، لەبەرئەوەی لە ئەزموونی نەوەی دوای گۆراندا یەك ڕوانینی گشتی بۆ مەسەلەی شیعر و شیعریەت هەبووە و ئەویش بە پێی ئەو هێڵ و ئاڕاستە باوە بووە کە ئەو نەوەیە شیعریان پێنووسیووە ئەویش لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە یەك شێوازی جێگیری هەبووە کە درێژکراوەی ئەو شێوازە شیعرییە بووە کە گۆران پێی نووسیووە.

لە ڕووی جیهانبینی شیعریشەوە دوو ئاڕاستەی دیار لەو قۆناغەدا بالادەست بووە کە ئاڕاستەی چەپ و ئاڕاستەی نەتەوەیی بووە. دەشێ لە ئاستێکی لاوازدا جیهانبینی جیاواز لەو دوو بووە کە دەشێ وەکو دوو گوتاری جیاواز لە ڕووکەشداو هاوشێوە لە ماهیەتدا سەیر بکرێن، مەبەستمان لە هاوشێوە بوونی ئەو دوو گوتارەش لە گەوهەر و ماهیەتدا ئەوەیە کە بەو ئەندازەی ئەو دوو گوتارە، گوتاری سیاسی بوون ئەوەندە گوتاری شیعری نەبوون و بگرە زۆر جاریش ئاستی شیعریەت لەسەر بالابوونی دروشم و شێوازی ڕاستەوخۆی دواندنی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا هاتۆتە خوارەوە.

حەسیب قەرەداخی سەرەتای دەست پێکردنی دەکەوێتە ئەو قۆناغەوە، بەلام وەك گوتمان دوا کەسی ئەو نەوەیە بۆیە دەشێ هەم هەموو خاسێتەکانی شیعری ئەو نەوەیە وەکو لای شاعیرانی تر دیارن لای حەسیب قەرەداخی بەو جۆرە نەمابن و بەرجەستە نەکرابن. هەروەك لە لایەکی تریشەوە خاسێتی جیاواز و بنەمای جیاواز لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا دەرکەوتبن، بە مانایەکی تر دەشێ ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخی وەکو ئەزموونێکی شلۆق و ناجێگیر لە ڕوانگەی ئەوانی پێش خۆیەوە سەیر کرابێت و ئەوەش وایکردبێت لە ڕیزی ئەزموونی خۆیاندا حسابی نەکەن، من پێم وایە

لەبەر ئەم هۆیەیە کە کاتێ کاکەی فەلاح باسی کاروانی نوێی شیعری کوردی دەکات خۆیی و چەند ناوێکی تریش دەخاتە ڕیزی ئەو کاروانەوە کە لە ڕووی بەرهەم هێنانی شیعریەت و تێگەیشتن لە چەمکی شیعرەوە زۆر لە دوای حەسیب قەرەداخی‌یەوە دێن. بە ئاشکراش جگە لە کامەران و دیلان و هەردیش بە بەرهەمێکی کەمەوە هیچ کام لەو شاعیرانەی نەوەی دوای گۆران تاکو نەوەی حەفتاکان ئەوەندەی حەسیب قەرەداخی شوێنیان دیار نی‌یە چ لە ڕووی شێوازی شیعرییەوە چ لە ڕووی جیهانبینی شیعرییەوە.

حەسیب قەرەداخی سەرباری ئامادەبوونی دیاری لە بەرهەم هێنانی شیعردا لە سی ساڵی ڕابردوودا، دیسان نەوەی حەفتاکان و دواتریش لەبەر بوونی هەندێ لە خاسێتەکانی ئەزموونی دوای گۆران لە شیعرەکانیدا بە شاعیری نەوەی پێش خۆیان داناوە. بەڵام لە ڕاستیدا شوێنی حەسیب یان ئەزموونی حەسیب ئەو خاڵە شلۆقەیە کە خاڵی وەرگەڕانە لە نەوەی دوای گۆرانەوە بۆ نەوەی حەفتاکان واتە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە لە نەوەی دوای گۆرانەوە دەست پێدەکات و دەپەڕێتەوە بۆ قۆناغی دوای ئەو نەوەیە.

واتە ئەزموونی شیعری حەسیب قەرەداخی لە نێوان دوو ئەزموونی شیعری کوردیدا دابەش دەبێت، ئەزموونی دوای گۆران، ئەزموونی نەوەی حەفتاکان، لە هەردوو قۆناغەکەشدا لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شیعریەت جێگای دیاری خۆی هەیە و دەتوانم بڵێم ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تاکو ئێستا نەیتوانیووە شوێنی ئەم شاعیرە و چەندین شاعیری تریش دیاری بکات.

حەسیب قەرەداخی هەرچۆن لە ڕووی ئەزموونی شیعریەوە کەوتۆتە نێوان دوو ئەزموون، هەروەها لە ڕووی هەڵوێستی فیکری و سیاسیشەوە لە نێوان چەپ و نەتەوایەتیدا دابەش بووە، بە بۆچوونی من لە کاتێکدا ئەم دوو دابەش بوونە ئەزموونی شیعری ئەوی دەوڵەمەند کردووە، لە هەمان کاتیشدا وایکردووە کە ڕەخنەی لاوازی ئەدەبی کوردی لە ڕابردوودا نەتوانێت شوێنی ئەم شاعیرە دیاری بکات و ئاخاوتنی جدی لەسەر بەرهەمەکانی بکات ئەویش لە لایەك بە هۆی لاوازی ئاستی ڕەخنەوە، لە لایەکی تریش بە هۆی ئەو دابەشبوونەیەوە لە نێوان دوو ئاستی تێڕوانیندا، لە بری ئەوەی هەر ئاستە وەکو بەشێك لە خۆی سەیری بکات، بە

پێچەوانـەوە هـەر یەکـەیان خستبێتە پـاڵ ئاراستـەکەی تـر.. بـە هـەرحاڵ ئەگـەر تـاکو ئێستاش بەرهـەمی شـیعری ئـەم شـاعیرە لـە جێگـای شـیاوی خـۆی دانـەنرابێت، ئـەوا بێگومان حەسیب قەرەداخی لە مێـژووی شـیعری کوردیـدا جێگایـەکی دیـاری بـۆ خـۆی گرتووە و لە ڕیزی ناوە هەرە دیارەکانیدا جێگای خۆی کردۆتەوە.

**یۆتۆپیای ڕزگاربوون لە شیعری (ئەودیوی شووشە)ی حەسیب قەرەداخیدا**

(ئەو دیوی شووشە) ناونیشانی شیعرێکی حەسیب قەرەداخیـیە کـە لـە ساڵی ١٩٨٥دا نووسیوویەتی، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین لە ڕێگای شـیکردنەوەی بنیـادی پێکهێنەرانـەی دەقەکەوە، هەم ئاراستەی ئەو پرسیارانە دیاری بکەین کە ئـەم دەقـە بـەرزی دەکاتـەوە، هـەم بـە دوای دەست نیشـانکردنی جیـهانبینی دەقەکـەدا بڕۆیـن. بـەڵام پێـم باشـە لـە سەرەتاوە دەقی شیعرەکە لێرەدا بنووسمەوە هەتا خوێنەر لە نزیکەوە بتوانێت لەگەڵ لێکۆڵینەوەکەدا دەقەکەش بخوێنێتەوە. دەقی شیعرەکە ئەمەی خوارەوەیە:

من مەلێکی لانەوازم وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەو دیو شووشەکەی وێرانەمم
من غەریبم خۆم ئەزانم ئەم ژیانە لایە لێم
تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم
بیرو مادە.. کێ هەوەڵ بێ، گەوهەری تاکی منی
دەنگ و هاواری منی تۆ خوردو خۆراکی منی
ئەی فەریزەی ئاینی دڵ هەر ئەدای تۆ ساتمە
ڕاو و ڕەسمی مەیکە دەی نوێ باوەڕی دوو پاتمە
قایلم بەم داخ و دەردەی بۆ ئەوین پێشوازییە
با گرفتاری خەمم بم، پێم مەڵێن نارازییە،
ئەی نیگاری پڕ لە کێشەم ڕەنگی ئازار دەرمەخە
ڕەنگی ئازار توخمی عیشقە، بۆ نەزانی سەرمەخە
خۆم لە خۆما ڕەنگی عیشقم تێکەڵاوی خوێنمە

ئەو لە گەردوونی نیهادما ناونیشانی شوێنمە
من لە ئەشکەوتی خەما بووم وا پەیامێ هاتە خوار
کوێرە دێش بێ هەستە جاڕدە: خەڵکە وا من بووم بە شار
من مەلێکم لانەوازم، وێڵی دوای هێلانەمم
من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمم

١٩٨٥/٨/٧

(ئەو دیوی شووشە) یەکێکە لە شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی کە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسیوویەتی. لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم شیعرە بکەین لە ڕووی بنیادی زمانی شیعرەکە و ئەو ڕەگەزانەی کە بەشدارییان کردووە لە بنیادنانی ئەم دەقەدا.

سەرەتا لە ناونیشانی دەقەکەوە دەست پێدەکەین "ئەو دیوی شووشە". "شووشە" یەکێکە لەو پێکهاتانەی کە مێژووی دۆزینەوەی تا ئەندازەیەك دێرینە، بەڵام خاوەنی خاسیەتێکی تایبەتە ئەویش ئەوەیە کە توانای شاردنەوەی هیچی نییە، یان دەتوانین بڵێین هیچ نهێنییەك ناپارێزێت، واتە خاسیەتی ئاشکراکردنی هەیە. هەر لێرەوە ئەو مەدلولە ئاشکرا دەبێت کە شووشە وەکو بەشێك لە ناونیشانی ئەم شیعرە هەڵیدەگرێت، ناونیشانی شیعرەکە تەنیا (شووشە) نییە بە تەنیا، بەڵکو وشەی (ئەو دیو)یشی لەگەڵدایە کە وشەی (ئەودیو) سەرنجمان بۆ ئەو لێکدانەوەیە ڕادەکێشێت کە شووشە سەرباری نەتوانینی شاردنەوەی شتەکانی ئەو دیوییەوە بەڵام دەبێتە بەربەست لە بەردەم هەستی بەریەککەوتندا، واتە ئەگەر شووشە نەتوانێت ڕێگا لە چێژی بینین بگرێت، ئەوا وەك هەر بەربەستێکی تر چێژی بەریەککەوتنی پێدا ناگوێزرێتەوە، واتە لە بەردەم بەریەککەوتندا شووشە مادەیەکی بەربەستکەر و پەرتکەر، ئاسایی بۆ هەر شتێك بێ چێژ بێت دەگوترێت دەڵێی ماچی ئەودیوی شووشەیە.

ناونیشانی ئەم شیعرەیە ڕۆڵی (سروشتی) ناونیشان دەبینێ و کلیلی کردنەوەی دەقەکەمان پێشکەش دەکات، واتە لەو ئاماژە بەخشینەوە کە ناونیشانەکە پێشکەشی

دەكات ڕێگای كردنەوەی دەقەكـە و شـۆڕبوونەوە بـۆ ئاسـتە نادیارەكـانی ئاسانكاریی بـۆ دەكرێت. پێش ئەوەی بگەینە شیكردنەوەی دەقەكە ئامـاژە بـۆ دەسـتەواژەیەك دەكـەین كـە ئـەویش "ئـەودیو شووشـەكەی وێرانـەمم". هـەر لـێرەوە خـەیاڵمان بـەلای ئـەو لێكدانەوەیـەدا دەچێت كـە (وێرانـە) مەبەسـت لـە (ژوورە) و شووشـەیش شووشـەی پەنجەرەكەیەتی، یان وێرانە نیشتمانە و شووشەش مێژووی وێنەگیراوی ئەو وێرانەیـە. كەواتە لێرەوە زەمینەیەك بۆ ئاخاوتن لەسەركردن دەردەكەوێت ئـەویش (شـوێن)ە كـە (شوێن)یش لێرەدا جێگای نیشتەجێ بوونە، كە دەشێ بە (نیشتمان)ی دابنێین.

-٢-

شاعیر هەر لە دەستپێكی دەقەكەوە خۆی دەدوێت بـە ڕانـاوی كەسـی یەكـەمی تـاك لـەو دواندنەشـدا تیشكێ دەخاتـە سـەر ناسـنامەی خـۆی و لـە لێكچوواندنێكـدا خـۆی دەناسێنێت كاتێ خۆی بە مەلێكی لانەوازە پێشكەش دەكـات كـە وێـڵ و سەوداسـەرە بـە دوای هێلانەدا. بۆیە لێرەوە ئەو پرسیارە سـەرهەڵدەدات ئایـا (مـن) كێیـە لـە سـنووری دەقەكەدا؟ ئەی لە واقیعـی دەرەوەی دەقەكـەدا مـن كێیـە؟ لـێرەدا لـە دوای دۆزینـەوەی وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە ناگـەڕێین بـەڵكو ئاڕاسـتەكردنی پرسـیارەكان زیـاتر ڕێگـای كردنەوەی دەقەكەمان بۆ ئاسان دەكات.

(من) كە قسەكەری دەقەكەیە و لە ئاستی یەكەمدا وەكو شاعیر خۆی نیشـان دەدات كە كەسێكە لە هەوڵی دۆزینەوە و بە دەسـت هێنـانی ئامانجێكدایـە كـە ئـەو ئامانجـەش هێلانەیە، هێلانـە بریتـیـە لە شوێنی حەوانەوە و ئـارامگرتن و پاراسـتن، بـە مانایـەكی تر هێلانە بۆ ئەوی مرۆڤ بریتییە لە ماڵ یان لە نیشـتمان. كەواتـە لـێرەدا پـەیوەندی ئەمی قسەكەری شیعرەكە و شوێن كە ماڵ یاخود نیشـتمانە ئاشـكرا دەبێـت. بـەڵام ئـەم قسـەكەرە لـە ساتەوەختی قسـەكردنیدا لـە دەرەوەی هێلانـەی (نیشـتمان)ی خۆیـەتی ئەویش لە قسەكانی خۆیدا ئاشكرا دەبێت كـە وێڵـە، شـوێنی لێ ونبـووە یـان لـە دەسـتی چووە یان لێی داگیركراوە، هەروەك (وێڵ بوون) بە ئاڕاستەی كەسێتی (من) گەیشتن بە حاڵەتی ونبوون و جیاكردنەوەو پەرتبوون نیشان دەدات كە لـە دوای ئـەم حاڵەتەشـەوە گەیشتن بە ئاستی نامۆبوون ئامادەبوونی هەیە، چونكە لە ئاستێكی ئاشكرای دەقەكـەدا

کەسێتێکی پەرتکراو لە شوێن دەبینرێت کە ئەوەش گواستراوەتەوە بۆ ئاستی هەستکردن بە ونبوون چ ونبوونی مەعنەوی بێت لەو ڕوانگەیەوە کە (من) هەست دەکات کە تەنیا لە پەیوەستبوونیدا بە شوێنەوە ئامادەبوونی هەیە، چ ونبوونی سایکۆلۆژی بێت کە (من) هەست بە پەرتبوون لە شوێن دەکات کە مەبەست لە شوێنیش زەمینەی بوون و خۆسەلماندنە، ئەم لەم حاڵەتی پەرتبوونەدا هەست بە ئاوارە بوون دەکات کە ئەوەش دەیگەیەنێت بە باری نۆستالجیا واتە پەرۆش بوون بۆ شوێنی لە دەست چوو بەردەوام هەستی نامۆیی بەهێز دەکات و گەڕان بە دوای (هێلانە)دا هەوڵدانی (من) لە سنووری دەقەکەدا بۆ کۆتایی هێنان بەو حاڵەتی نامۆییە نیشان دەدات

من مە لێکی لانەوازم وێڵی دوای هێلانەمم

من نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی وێرانەمم

(من)ی شاعیر خۆی وەکو نمەی باران نیشان دەدات و دەناسێنێت، ڕاستەوخۆ کە ئەو ناساندنە دەبینین (باران) خەیاڵمان بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەبات کە پرۆسەیەك بۆ خاوێن کردنەوە، بۆ پا کژبوونەوە یان بۆ ژیانەوە لە ئارادا بێت چونکە باران ئەو مانایانە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت، بەڵام لێرەدا باران لە شێوەیەکی جیاوازدا وەسف دەکرێت بە جۆرێك کە بیر لە لێکدانەوەی جیاواز بکرێتەوە بۆی. کاتێ ئەو وێنەیە دەبینین، ئەو ساتانەمان دێتە پێش چاو کە لە دەرەوە نم نم باران ببارێت و ئێمەش لەم دیووەوە سەرنجی لێ بدەین، بێگومان ئەم وێنەیە جوانیەکی مەودا قوڵی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە، کە دەمانگێڕێتەوە بۆ ساتەوەختی چێژ وەرگرتن لە توخمە جوانەکانی سروشت، ئەو سروشتەی کە شێوازی پێکەوە گونجاو و هارمۆنیای باڵای دەبنە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ئێستاتیکای سروشت و بینینیش ئەو کردەیە کە چێژ دەستەبەر دەکات لەو جوانیە، شاعیر وێنەیەکی ئەو دیمەنەمان بۆ دەکێشێت کە بەبێ ئاشکرابوونی مەبەستی ئەو بۆ بەرجەستەکردنی حاڵەتێکی جوان بۆ چێژبەخشینی ئێمە لە دەرەوەی کردەی بینین بەڵکو لە کردەی تەسەورکردندا دەگەینە ئاستی چێژ وەرگرتن لەو جوانیە کە ئەوەش یەکێکە لە وەزیفەکانی هونەر واتە وەزیفەی چێژ وەرگرتن.

ئەم نمەی بارانی ئاسایی نییە، بەڵکو نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی ویرانەیەتی، پێشتر بە جۆرێك ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە دەشێ (ویرانە) ماڵ، یا نیشتمان بگرێتەوە، واتە دەربڕینێکی ترە بۆ وشەی (هێلانە) لە دێڕی یەکەمدا. ئەم وێڵی دوای دۆزینەوەی یان گەیشتنەوەیە بە هێلانەکەی خۆی، بەڵام ئێستا لە کردەی گەڕان و پشکنین دا هەست دەکات نیشتمان واتە (ویرانەکەی) بە بەربەستێك لەو پەرت کراوە و بە ئاسانی دەستی پێی ناگاتەوە، ئەو بەربەستەش شووشەیە، دیارە ئەم لەناو ویرانەکەیدا نەماوە بەڵکو بۆتە نمەی بارانی ئەودیو شووشەکەی، واتە لێرەوە گەڕان بە دوای هێلانەدا و بوون بە نمەی بارانی ئەودیو پەنجەرە هەمان حاڵەت نیشان دەدەن کە لە هەروو کیاندا (من)ی شاعیر لە نیشتمان لە زێدو جێگای خۆی پەرت کراوە، دەشێ ئەو پەرتکردنە، پەرتکردنێکی مەعنەوی یان سایکۆلۆژی بێت و جۆرێك لە نامۆبوونی بەرهەم هێنابێت، ئەوەش وای لێکردبێت سەرباری ئەوەی کە لەسەر زێد و نیشتمانی خۆیەتی هەست بە پەرتبوون و جیابوونەوەی خۆی لە نیشتمان بکات و خۆیی وەکو کەینونەیەکی دوورخراوە و جیاکراوە لە نیشتمانەکەی ببینێت.

هەروەك دەشێت پەرتبوون و هەستکردن بە ئاوارەبوون لە هێلانەی خۆی لێکدانەوەیەکی مێژوویی سیاسیشی بۆ بکرێت و (من)ی شاعیر سەرباری ئەوەی لەسەر زێدو نیشتمانی خۆیەتی بەڵام لەسەر ئەو زێدو نیشتمانە هەست بە بوونی خۆی نەکات، ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە کاتێ نیشتمان دەبێتە (شوێن)ی حەوانەوەو ئۆقرە گرتن و ئارامی کە خاوەنی ناسنامە بێت، مەبەستیشمان لە ناسنامە ئازادی و سەربەخۆیی و کەسێتی دیارە بە جۆرێك کە تیایدا ئەمی هاونیشتمانی خاوەنی بوونی خۆی بێت و خاوەنی بڕیار بێت، بە مانایەکی تر (هێلانە) کاتێ ناسنامەی هەیە کە (ئەم)ی خاوەنی خۆی تیایدا لە ڕووی ڕۆحی ئازادییەوە گەیشتبێتە حاڵەتی بڵندبوون و گەیشتبێتە پلەی ڕەها لە هەست کردن بە بوونی خۆی.

بێگومان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە مێژووییەی کە ئەم شیعرەی تێدا نووسراوە کە ساڵی (١٩٨٥)ە دەبینین نیشتمان لە بارودۆخێکی ناهەمواردایە و نەك بە گوێرەی (من)ی شاعیر کە دیارە (من) لێرەدا لە شێوەیەکی تردا هەموو ئێمە

دەگرێتەوە وەکو نەتەوە بەڵکو بە گوێرەی نەتـەوە، نیشتمان لـەو ڕووەوە کـە زەمینـەی بوون و ژیانی ئێمەیە، ئێمە نەك هیچ مافێکمـان نـەبووە تیـایدا بـەڵکو نیشتمان تـەنیا ئەو شوێنە بووە کە وەکو بەندیخانەیەکی گەورە هەمووومانی تێدا بەندکراوین، ئـەویش لـەو ڕووەوە کـە نیشـتمان لـە مێـژووی ئێمـەدا نـەیتوانیووە ببێتـە زەمینەیـەك بـۆ دەستەبەرکردنی (بوون)مـان کـە بێگومـان (بـوون) تـەنیا لـە ئـازادیدا فەراهـەم دەبێت، کاتی کە ئێمە لەسەر نیشتمانەکەی خۆمان هیچ ئازادیەکمان نـەبووبێت واتـە زەمینـە بۆ خۆسەلماندنمان ئامادەبوونی نەبووە، لە حاڵەتێکی وەهاشدا کە ئێمـە نـەمانتوانیبێت بوونی خۆمان بسەلمێنین، کەواتە با لەسەر خاکی نیشتمانیش بووبـین، ئـەو بوونـە لـە ڕووی گەوهـەر و ماهیـەتی بوونـەوە بەهایـەکی ئـەوتۆی نـەبووە، هەربۆیـە لـە حاڵـەتی هەستکردن بە غەریبدا بووین و وەك مەلێك کە لە هێلانـەی خـۆی پـەرت کرابێـت بـە دوای نیشتمانی خۆماندا گەڕاوین، گەڕانیشمان زۆربەی کات ئەنجامێکی ئەوتۆی نـەبووە چونکـە لـە گـەڕانماندا بووینەتـە نمـەی بـارانی ئـەو دیـو شووشـەی پەنجـەرەی نیشـتمانەکەمان واتـە نـەمانتوانیووە وەکـو بکـەرێکی ڕووداو دروسـتکەر شووشـەی پەنجەرەی پەرتکردنمان لە نیشتمان بشکێنین و بێینەوە ناو نیشتمان، دیـارە مەبەسـت لەو شووشەیەش زیاتر ئـەو بەربەسـتە مەعنەوییەیـە کـە ئـەوانی تـر لـە ڕێگـای هێـزو دەسەڵاتەوە ئێمەیان پێ لە نیشتمان دوورخستۆتەوە، بە جۆرێك کە وەکو بوونەوەرێکی ناپەیوەست و بێ ڕەگ و ڕیشە لەسەر ئـەم خاکـە ماوینەتـەوە بـەبێ ئـەوەی مانـەوەمان ماناکانی بوونی تیا بەدەست هـاتبێت، ئەمـەش لـە ئاسـتێکی قوڵـتردا ئـەو لێکدانەوەیـە هەڵدەگرێت کە ئێمە لە مێـژووی ڕابردوومـاندا مـادەم خۆمـان خـاوەنی بوونـی خۆمـان نەبووین لەسەر خاکی خۆمـان واتـە ئـەو بوونـەمان مانایـەکی ئـەوتۆی نـەبووە و وەکـو جۆرێك لە زیندانی وا بووین لەسەر ئەو خاکەی کە نیشتمانی ئێمەیە، لـەو حاڵەتەشـدا لە لایەك ئێمە بوونی خۆمان لە ڕوانگەی چەمکی هاونیشتمانی بوونەوە لـە دەسـتداوە، لە لایەکی ترەوە نیشـتمان لـە ڕوانگـەی چـەمکی نیشـتمانەوە بـۆ دروسـتکردنی مێـژوو، شارسـتانی، بـۆ دابـین کـردن و ڕەخسـاندنی زەمینـەی بـە دەسـت هێنـانی ناسـنامەی نەتەوەیی بە مانا گشتییەکەی ئەویش بوونـی خـۆی ونکـردووە، کـە دیـارە بـە گوێـرەی

ئێمە وەکو نەتـەوە دەشـی هـەم مـەحکوم بکرێـن بـەوەی کـە بۆچـی نـەماتوانیووە پارێزگاری لە هاونیشتمانی بوونی خۆمان بکەین، هـەم بۆچـی نـەمانتوانیووە مانـای لـە دەسـت چـووی نیشـتمان بـۆ نیشـتمانەکەمان بگێڕینـەوە، بـەڵام دیـارە نیشـتمان لـەم ڕوانگەیەوە وەکو ئێمە ناکەوێتە بەردەم لێپرسینەوەوە.

-٣-

(من)ی شاعیر لە ساتێکدا بە دوای دۆزینەوە و گەیشتنەوە بە نیشـتماندا دەگـەڕێت، دەشێ ئەو گەڕانە گەڕانێکی مەعنەوی بێت بۆ دۆزینەوەی ماناکانی هاونیشتمانی بـوون یـان نیشـتمانپەروەری. دەشـێ وەهایشـی لێـك بدەینــەوە کـە ئــەو وێــڵ بــوون و سەوداسەرییەی ئەو بۆ گەیشتنەوە بە مانای نیشتمان، بە نیشتمانێك کە (بوون) تیـایدا مانـای ڕاستەقینەی خۆیـی هـەبێت، گـەڕانێکی شۆڕشـگێڕانە بێـت و (مـن) ڕووبـەرێکی فراوانتر بگرێتەوە و ببێتە خەباتی نەتەوەیی ئێمە بۆ ڕوخاندنی ئەو بەربەستانەی کە لە نێوان (ئەم)ی وێڵی دوای هێلانە و هێلانەدا دروستکراون.

ئەوەی لێرەدا و هەر لە دەسـتپێکی شـیعرەکەوە ئاشـکرا دەبێـت ئەوەیـە کـە (مـن)ی شاعیر لە حاڵەتی هەسـتکردن بـەو بـاری شکسـتەدایە و گـەڕانیش بـە دوای دۆزینـەوەی مانای نیشتماندا لەوێوە لەو سەرەتایەوە دەست پێدەکات.

(من)ی شاعیر لەودیوی پەنجەرەی نیشتمانەوە ڕاوەستاوە و دەشزانێت کـە نیشـتمان (وێرانـە)یـە. بـە واتـا (مـن) لـە قۆنـاغێکدا کـە هەسـت دەکـات ئـەو لـە چ بارێکدایـەو چ کـاتێکیش دەتوانێـت لـەو حاڵەتـە ڕزگـاری ببێـت کـە حاڵـەتی شکسـت و نائامادەبوونــە، حاڵەتێکە تیایدا پایـەکانی بـوون بـەرەو هـەرەس پێـهێنان و ڕوخـاندن دەبرێـن. ئەگـەر سەرنـج بدەین ئەوەی لە نێوان ئەم و نیشتماندا بۆتە بەربەست (شووشــە)یـە واتـە ئـەو لەودیووەوە بە چاکی دەبینێت نیشتمان چیـە و لە چ حاڵەتێکدایە. واتـە شووشـە ئـەو بەربەستەیە کە وەکو لە سەرەتاوە گوتمان هیچ نهێنییەك ناشارێتەوە، لێرەشدا شووشە ناتوانێت هەم باری ناهــەمواری ئێسـتای نیشـتمان حەشـاربدات هـەم مێـژووی شکسـت و وێرانەی ڕابردوو بشارێتەوە.

دەشێ (من)ی شاعیر کاتێ باسی مێژووی شکست و وێرانەی ئێمە دەکات پێمان بڵێت کاتێ لێرەوە و لە ساتەوەختی ئێستادا دەڕوانێت بە مێژووی ئێمەدا هەست بەوە ناکات هیچ بەربەستێك هەبێت ئەو مێژووەی لێ ون بکات، بەڵکو ئەمە بە ئاشکرا هەموو شتەکان دەبینێت، تەنانەت سەرباری دوورودرێژی ئەو مێژووە بەلای ئەوەوە وەکو ئەوە وایە سەرجەم ئەو مێژووە لە ساتەوەختی ئێستادا لەودیوی شووشەی پەنجەرەیەکەوە کۆکرابێتەوە و ئەم بە ئاشکرا هەمووی ببینێت، مەبەست لەوەش ئەوەیە ئەو بە جۆرێك دەڕوانێت کە بە چاکی ڕووداوەکانی ئێستا و ڕابردوو دەبینێت و هەر ئەو بینینەشە کە وای لێکردووە هەست بە ئاوارەیی و پەرتبوونی خۆی لەو مێژووە لە نیشتمان بکات. کەواتە لێرەوە دەگەین بەو خاڵەی کە هەست بە ئاوارەکردنی شاعیر لەژێر فاکتەری مێژوویی –سیاسی- کۆمەڵایەتیدایە و کۆتایی هێنانیش بە حاڵەتی لانەوازەیی و ئاوارەیی و غەریبی کۆتایی نایەت هەتا ئەم هێلانەی خۆی نەدۆزێتەوە، هەتا لەناو هێلانەی خۆیدا ئازادی ڕەهای خۆی بەدەست نەهێنێت، تا نەبێتە خاوەنی ناسنامەی خۆی، تا ئەو هێلانەی کە ئێستا وەکو وێرانە دەیبینێت نەکاتەوە بە ئاوەدانی.

بە مانایەکی تر ئاوارەیی بەردەوام دەبێت هەتا لە ڕوانینی ئەمەوە نیشتمان کە لە (هێلانە)دا بەرجەستەکراوە سەرجەم ماناکانی نیشتمانی نەبێت و تاکو ئەمیش لەسەر ئەو نیشتمانە نەبێتە بکەری خاوەن بڕیار ئەوا ئەم هەر بە لانەوازەیی دەمێنێتەوە ئەگەرچی لەناو خودی هێلانەکەشدا بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت (بوون) بەبێ ئازادی، بەبێ سەربەخۆیی هیچ مانایەکی نییە.

-٤-

من غەریبم خۆم ئەزانم ئەم ژیانە لایە لێم

تۆ نەبی ئەی خەونی مەستم کێ دەزانێ ڕوو لە کوێم

جارێکی تر شاعیر خۆی دەناسێنێتەوە بەوەی کە غەریبە و دەشزانێت کە ژیان لەگەڵ ئەودا ناجۆرە. ئەگەر وای لێکبدەینەوە کە شاعیر وەکو خودی خۆی بە تەنیا لە خۆی دەدوێت و ئێش و ژانەکانی خۆی نمایش دەکات و بە جۆرێکیش ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە گەردون نیشان دەدات کە بەو جۆرە ناکۆك و ناجۆرە لەگەڵ ئەم، لەم

حاڵەتەشدا تاکە ڕزگارکەری ئەم، (خەونی مەستە). دەشێ ئەمە ئـەو لێکدانەوەیـە بێت کە لە ئاستی یەکەمدا بۆ حاڵەتی غەریبی‌یەکەی ئەو بکرێت، بـەڵام کاتێ لـەناو سیاقی دەقەکـەدا سـەرجەم ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی دەقەکـە پێکـەوە کۆدەکەینـەوە ئـەوا لـە ئاستێکی قوڵتردا لێکدانەوەی دەقەکە دەکرێـت، کـە دەقەکـە وەکـو پێکهاتەیـەکی ئۆرگانی کـە سەرجەم ڕەگەزەکانی پێکەوە بەستراون بەرهـەم هێنـانی جیهانبینی‌یەکە کـە سـەرجەم ئـەو ڕەگەزانـە بـەو ئاڕاسـتەیە کاردەکەن. بۆیـە لـێرەوە دیسان جارێکی تـر (مـن) سـنووری تاکـە کەسـی شـاعیر بـە جـێ دەهێڵێـت و دەبێتـە (مـن)ی نەتـەوە. غـەریبیش حاڵەتی نـامۆبوونی نەتەوەیە بەرامبەر بە بوون و ماهیەتی خۆی، بەرامبەر بە زێدو نیشتمانی خۆی.

ئەو کاتـێ هەسـت بـە غـەریبی خـۆی دەکـات ڕاسـتەوخۆ لـەوەش تێدەگـات کـە تـاکو ئێستا زنجیرەی ڕووداوەکـان وەها نەڕۆیشـتوون کـە بـە قـازانجی ئـەم بجوڵێـن، ئەمـەش بـەرەو ئـەو لێکدانـەوەمان دەبـات کـە شـاعیر سـەرباری ڕوانینـی بـۆ مەسـەلەکان لـە ڕوانگەیەکی مێژووییانەوە کە زیـاتر لێکدانەوەیـەکی مادیانـە بـە خـۆی دەگرێـت بـەڵام لێرەدا جۆرێك (قەدەریەت) نیشان دەدات و بڕوای بەوەیە کە جۆرێك لە بڕیـاردان لـە دەرەوەی خـودی ئێمـەدا هەیـە و کاتـێ ئێمـە گەیشـتووین بـەم حاڵـەتی شکسـت و وێرانەییـە، چارەنووس بەشـدارە لـە دروسـتبوونی ئـەو حاڵەتـەدا. لێرەشـەوە ئەگـەر بیرکردنەوە بەو ئاقارە بێت ئـەوا گرنگی‌یـەکی ئـەوتۆ بـۆ جوڵانـدن و هەوڵـەکانی ئێمـە نامێنێتەوە، کاتێ چارەنووس لە شوێنێکەوە بڕیـار بدرێت کـە لـە دەرەوەی دەسـەڵات و مەودای دەست پێگەیشتنی مرۆڤ بێت. بەڵام دیسان حاڵەتی هەست بـە غـەریبی کـردن و نـامۆیی لەگـەڵ بڕوابـوون بـە قـەدەر جۆرە ناکۆکیـەك هەیـە لـە نێوانیـاندا، چونکـە ئەگەر مرۆڤ بڕوای بەوە بوو کە ئەوەی ڕوودەدات قەدەرە و چارەنووس بڕیاری دەدات، ئەوا دەبێ لە بەرامبەریدا جۆرێك لە دڵنیایی، لە یەقین ئامادە بێت، دڵنیایی و یەقینی ئـەوەی کـە سـپاردنی هـەموو شـتێکە بـە قـەدەر و چارەنووس کـە ئـەویش ڕازی بـوون بەوەی کە ڕوودەدات لە پشتی‌یەوە وەستاوە.

ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێت کە قەدەری ئێمە ئەوە بووە کە بەو جۆرە بە وێرانـەیی و بێ هێلانەیی بمێنینەوە، ئەوا دەبێ لەگەڵیدا جۆرێك لـە ڕازیبوونیـش بەرامبـەر بـەو

حاڵەتە هەبوایە، کـە لـە ڕاسـتیدا نـەك خـودی ئێمـە لـە دەرەوەی شـاعیر، بـەڵکو شـاعیر خۆی تەنانەت لە سنووری دەقەکەیدا بەو حاڵەتی شکست و وێرانەیی‌یە و تەنانەت بەو قەدەرەشی کە وای بۆ بڕیار داوین ناڕازییە.

بێگومـان ئـەم حاڵەتـە هـەر تایبــەت نـیـە بـە خـودی حەسـیب قـەرەداخی کـە کاتــێ دەڕوانێتە ڕووداوەکـان ئەگـەرچی لـە ڕوانگەیەکـەوە لێی بڕوانێت کـە پەیوەسـتی بنـەماکانی هۆو ئـەنجام بێت و بـۆ هـەر ئـەنجامێکی خـراپ کـە ئێسـتا دەیبینــین دەبـێ هـۆی تایبــەتی هەبووبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار هەموو ئەم بنەمایانە بەلاوە دەنرێن و قـەدەر و چارەنووس دەکرێنە بەرپرس لە دەرئەنجامەکان، کە پێم وایـە لـە ڕووی ڕاسـتی‌یەوە ئـەوە مەسەلەیەکە ناکرێت بە هێند بگیرێت، دیارە ئـەوەی ئێمـە دەیلێین قسـەکردنە لـە سـنووری مێـژوو، کۆمەڵناسـی و فیکـردا، بـەڵام دەبـی بزانـین ئــەوەی حەسـیب لـێرەدا نووسـیوویەتی شیعرە، ئاشکرایە کە شیعر مل کەچی ئەو پێوانانـە نـابێت کـە بوارەکـانی فیکـر و مەعریفـە مل کەچی دەبن، چونکە وەك دەزانـین شـیعر بەرهـەمی نەسـت و خەیاڵـە و لـە بنەڕەتیشـدا دروسـتکردنی یۆتۆپیایـە نـەك جیـهانێکی واقیعـی بۆیـە دەشـێ ئـەوەی حەسـیب قـەرەداخی لێرەدا بەرجەستەی دەکات تەنیا لە سنووری قسەکردن لە (یۆتۆپیایەك)دا ئاخاوتن بکرێن.

کاتـێ شـاعیر دەزانێـت ژیـان لەگـەڵی نـاکۆك و نـاجۆرە، ڕاسـتەوخۆ پـەنا دەبـات بــۆ هێزێك، بۆ ڕزگارکەرێك کە لەو بارە ناهەموارەدا هاوسەنگی‌یەکی بۆ دروست بکات، هەر هیـچ نـەبێت بـە مەبەسـتی مانـەوە. ئـەو هـێزو پاڵپشـتەش (خـەونی مەسـتە). دەشــێ شوناسی خەونی مـەست ئاشکرا نەبێت، لەوانەشە ڕۆحی عیشق بوون بێت، عیشقی زێـد و هێلانە کە ببنە ئەو پاڵنەرەی لەو بارە ناهەموارەدا مانەوەی بپارێزن. دەشێ (خەونی مەست) ئەو هێزە خەیاڵیە بێت کە لەو بارەدا یۆتۆپیای مانەوەی بۆ بنیـاد بنێت. هـەر ئەو خەیاڵەشە کە دەشێ لە هـەر چرکـە ساتێکدا بیگێڕێتـەوە بـۆ پێداچوونـەوەی ئـەو بـاری شکسـت و بـێ هێلانەییــەو، لەوێشــەوە هــێزی بزوێنــەری گــەڕان و دۆزینــەوە و گەیشتنەوە بە شوێنی ئارامگرتن سەرهەڵبدات. واتــە لـە سـنووری ئـەو یۆتۆپیایـەدا کـە دروستی دەکات دەشێ نیشتمانێکی ئەوتۆ بەرهەم بهێنێت و سنوور بکێشێت کـە بوونـی تێدا فەراهەم ببێت و هاونیشتمانی بوون تیایدا مانای ڕاستەقینەی خۆیی هەبێت.

-5-

بیرو مادە.. کێ هەوەڵ بێ، گەوهەری تاکی منی
دەنگ و هاواری منی تۆ خورد و خۆراکی منی
ئەی فەریزەی ئاینی دڵ هەر ئەدای تۆ ساتمە
ڕاو و ڕەسمی (مەیکەدەی) نوێ باوەڕی دوو پاتمە.

شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ بەیادهێنانەوەی ئەو گفتوگۆ بە ئەنجام نەگەیشتووەی نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم کە ئایا (بیر) لە سەرەتاوە دروستبووە و (مادە) دەکەوێتە دوای ئەوەوە. یان بە پێچەوانەوە (بیر) بەرهەمی (مادە)یە، دیارە ئەمە گفتوگۆیەکە کۆتایی نایەت و هیچ کام لەو دوو ئاڕاستەیەش ناتوانێت ئەوی تریان پوچ بکاتەوە، بەڵام هەڵوێست گرتنی ئێمە لەگەڵ هەر ئاڕاستەیەکیان ئەوا ڕاستی ئەو ئاڕاستەیان بەلای پەسەندکەرانیەوە نیشان دەدات. ئەمی شاعیریش بەلایەوە گرنگ نییە کام لەم دووانە ڕاستە یان یەکەمە، هەرکام لەو دووانە یەکەم بێت ئەم دەزانێت گەوهەر و دەنگ و هاوار و خورد و خۆراکی خۆی یەك شتە کە بریتییە لە (ئەو). بەڵام ئەو کێیە؟ گریمان ئەوی شاعیر عاشقە ئەوا (ئەو) مەعشوقەکەیەتی، ئەگەر ئەوی شاعیر سۆفی بێت ئەوا (ئەو) دەبێتە شێخەکەی، بەڵام ئەوی شاعیر مەلێکی لانەوازە، کەواتە (ئەو) دەبێتە هێلانەی، کە بە گوێرەی ئەم وەکو کەسێك هێلانە دەبێتە شوێنی نیشتەجێ بوون و حەوانەوەو ئارامگرتنی، کاتێکیش (من)ی شاعیر لە دواندندا سنووری تاکە کەسی خۆی بەجێ دەهێڵێت و دەبێتە نەتەوە، هێلانە دەبێتە نیشتمان، نیشتمان گەوهەری بوونی نەتەوەیە، واتە بەبێ بوونی نیشتمان وەکو پێکهاتەیەکی خاوەن ناسنامە کە ماناکانی نیشتمانی هەلگرتبێت ئەمی نەتەوە بوویەکی بێگەوهەرە، نە دەنگ و نە هاواری هیچ مانایەکیان نییە و بگرە ناشگەنە ئاستی بیستن.

ئەم ئەگەر عەشق بێت ئەوا عیشق بوون و سروتەکانی عیشقداری وەکو فەریزەکانی ئایین جێبەجێ دەکات، بەڵام ئەم عیشقی نیشتمانە بۆیە ئەنجامدانی ئەرکە نیشتمانییەکانی وەکو فەریزەی ئایین سەیر دەکات. لێرەوە ئەمی شاعیر خۆی دەخاتە سنووری ئیلتیزام و پەیڕەوکردنی کۆمەڵێ بنەماوە کە دەشێ وای لێکبدەینەوە

ئەو ئیلتیزا م کردنە بە بەشێك لە خاسێتەکانی بوون دادەنێت، بەڵام ئەم بانگەشە بۆ پەیڕەوێکی نوێ دەکات، ئەویش بە پەیڕەوی (مەیکەدەی) ناودەبات. ڕاستە ئەم زاراوەیە مانای یانەو جێگای خواردنەوەیە بەڵام شاعیر بەم مەبەستە بەکاری نەهێناوە. گەوهەری ئەم پەیڕەوەیش ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوەیە، بەڵام ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوەی چی؟ لە سنووری دەقەکەدا بە تەنیا دەلەلاتێك نادۆزینەوە کە ئەو حاڵەتی ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوەیە تایبەتمەند بکات، بەڵام کاتێ لە سیاقی لێکدانەوەی گشتی دەقەکە و ڕاڤەکردنیدا بۆ مەدلولی " مەیکەدەی" بگەڕێین ئەوا دەشێ بە ئاراستەی واقیعی دەرەوەی دەقەکە بچین و بە پشت بەستن بەو مێژووەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە مەدلولی (مەیکەدەی) ئاشکرا بکەین، دەقەکە لە ساڵی ١٩٨٥دا نووسراوە کە لەو قۆناغەدا فشاری ئەوی داگیرکەر بۆ سەر ئەمی نەتەوە لە ئاستێکی ئەوەندە بەهێزدا بوو کە سەرباری سەندنەوەی هەموو مانایەك لە چەمکی هاونیشتمانی بوون و ڕووتکردنەوەی نیشتمان لە هەموو ماناکانی و کردنی ئێمە بە مەلی لانەوازی وێڵی دوای هێلانە، دەیوویست بۆ هەموو فەرمانەکانی ئەو بڵێین (بەڵێ)، (بەڵێ) وەکو پەیڕەوێك لێی دەڕوانرا کە ئەوی داگیرکەر دەیویست بیکاتە جۆرێك لە پەیڕەو لە ئاستێکی ئەوتۆدا کە بەڵێ هەموو پانتایی عەقڵی و فیکری ئێمە بگرێتەوە بەوەش مافی هەڵبژاردن لە نێوان دووانەی (بەڵێ/ نەخێر)دا بسڕێتەوە و جەمسەری نەخێر کە مەبەست ڕەتکردنەوەیە بوونی نەمێنێت، ئا لەو ساتەوەختە مێژووییەدا حەسیب قەرەداخی لە بەرامبەر ئەو پرۆژە ترسناکەی ئەوی داگیرکەردا بانگەشەی دژە پرۆژەیەك دەکات کە ئەویش پرۆژەی ڕەتکردنەوەی ڕەهای هەموو داوا و فەرمانەکانی ئەوی داگیرکەرە، ئەو پرۆژەی خۆی وەکو پەیڕەوێکی نوێ دەناسێنێ کە وەکو پەیامێکی ئایینی سەیری دەکات ئەویش ناودەنێت پەیڕەوی (مەیکەدەی) کە جۆرێك لە فەرمانکردنیشی تێدایە. لێرەشەوە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە شاعیر بێلانە بوون و لە دەست چوونی ماناکانی نیشتمان و هاونیشتمانی بوون بگێڕێتەوە بۆ لاوازبوونی هەڵوێستی ڕەفزکردن و ڕەتکردنەوە لە مێژووی دوور و درێژی ئێمەدا و وێرانەیی و شکستی ئەو مێژووەش تا ئەندازەیەك پەیوەندی هەبێت بە نەبوونی توانای ڕەتکردنەوەوە. بانگەشە کردن بۆ پەیڕەوی نوێی (مەیکەدەی) وەکو سەرەتای پرۆژەیەك

بۆ خۆسەلماندن سەیردەکات. ئەمە سەرباری ئەوەش بە دژە پرۆژەیەکی دادەنێت لە بەرامبەر پرۆژەی (بەڵێ) بۆ هەموو شتێکدا، کە ئەو پرۆژەیە خاڵێکی ستراتیژی کارکردنی ئەوی داگیرکەر بووە لە مێژووی داگیرکردن و وێرانکردنی جەستەی ئەمدا.

ئەمی شاعیر تەئکید لەو باوەڕە نوێیەی خۆی دەکاتەوە و دەشێ لە پشتی ئەو بانگەشەکردنەشەوە جۆرە ڕوانینێکی حەلاجیانە ئامادەبوونی هەبێت لە چەمکی (من حەقم)دا، کە ئەوەش لە لایەك بڕوابوونی پتەوی ئەمی شاعیر بە خۆیی و بیروهەڵوێستی نیشان دەدات، لە لایەکی ترەوە جۆرە بانگەشەیەکی خوایانە دەکات کە پەیڕەوی نوێ لە شێوەی ئاییندا دێنێتە کایەوە، بنەماو پرنسیپی ئایینەکەشی دەستنیشان دەکات ئەویش کاتێ جێبەجێ دەکرێن کە (بوون) لە ئاستێکدا بێت خاوەنی گەوهەر و ماهیەتی ڕاستەقینەی خۆی بێت، واتە جۆرێك لە ناسنامە ئامادەبوونی هەبێت، ئامادەبوونێك کە زەمینە بۆ بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن بڕەخسێنێت، ئەوەش بێگومان تەنیا لە ئازادیدا دەستەبەر دەبێت کە (من) پەیڕەوی بنەماکانی پرۆژەی (مەیکەدەی) بکات، کە ئەو هەڵوێستەش ئەگەرچی لە مێژووی ئێمەدا کۆششی زۆری بۆ کراوە بەڵام نەبۆتە حاڵەتێکی بە تەواوەتی پەیڕەو کراو.

-٦-

قایلم بەم داخ و دەردەی بۆ ئەوین پێشوازییە
با گرفتاری خەمم بم، پێم مەڵێن ناڕازییە
ئەی نیگاری پڕ لە کێشەم ڕەنگی ئازار دەرمەخە
ڕەنگی ئازار توخمی عیشقە، بۆ نەزانی سەرمەخە

شاعیر لە لایەك نمایشی باری سەخت و ئاڵۆزی خۆی دەکات و ئەو بارە سەخت و ئاڵۆزەش، ئەو دەرد و ئازارەی کە جەستەی داگیرکردووە ڕەت ناکاتەوە بەڵکو پێیشی ڕازییە، ئەم ڕازی بوونە لەبەرئەوە نییە کە ئەم چێژ لە ئازار چەشتن وەردەگرێت بەڵکو لەبەرئەوەیە ئەم ئازار و دەردە وا سەیر دەکات کە بۆ پێشوازی ئەوینە، واتە پێی وایە ئەگەر ئازاری ئەوین هەموو جەستەیشی داگیربکات هێشتا هەر شایانی ئەوە نییە ڕەتی بکاتەوە چونکە ئەم بڕوای وایە کە ئەوین بەبێ ئازار شتێکی چاوەڕوان نەکراوە. لێرەوە لە

پشتی ئەم ڕوانینەوە مەسەلەی قوربانی دان لە پێناوی ئامانجدا ڕاوەستاوە. بە واتایەکی تر ناشێت هیچ ئامانجێکی گرنگ و پڕ بایەخ دوور لە قوربانیدان بە دەست بهێنرێت ئەم حاڵەتەش شتێکی گشتییە و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە.

ئەگەر شاعیر وەکو عاشقێك دابنێین ئەوا دەبێ لە پێناوی خۆشەویستیدا ئازارەکانی خۆشەویستی قبوڵ بکات. ئەگەر وەکو سۆفییەکیش لێی بڕوانین دەبێ هەموو ئازارەکانی کوشتنی حەز و ئارەزووە دنیاییەکانی قبوڵ بکات لە پێناوی بڵندبوون و گەیشتن بە حاڵەتی زاهیدانەدا، هەتا لەوێشەوە زەمینەی گەیشتن بە یەقین و تواندنەوە لە ئیشراقی ڕۆحی خواوەنددا بێتە ئاراوە. دەشێ هەریەکە لەم لێکدانەوانە بۆ ئەم شیعرەی حەسیب قەرەداخی بکرێت، بەڵام لەپاڵ ئەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنانەداو لە سیاقی گشتی دەقەکەدا (ئەوین) داری ئەو ئاشکراتر دەبێت کە ئەوینی نیشتمانە، ئەو ئەوینەی کە ئەم وەکو مەلێکی لانەواز دەجوڵێنێ کە ئەویش ئەوینی زێدو جێگای ئارامگرتنە واتە نیشتمان.

کاتێ ئەم بوونی خۆی لە بوونی نیشتماندا دەبینێت و وا هەست دەکات ئەگەر نیشتمان بەو شێوە لە مانا گەوهەرییەکانی خۆی ڕووت بکرێتەوە ئەوا ماهیەتی خۆی لە دەست دەدات و بوونیش تیایدا دەبێتە بوونێکی بێ گەوهەر، بۆیە لە پێناوی بەخشینەوەی (مانا)کان بە نیشتمان ئەم هەموو ئازار و دەردەسەرییەکان قبوڵ دەکات و وایشی نیشان دەدات پەیوەستبوونی ئەو بە خەمی نیشتمانەوە پەیوەستبوونێکی ڕۆحیە و جیابوونەوەی نییە. تەنانەت دەیەوێت وا خۆی نمایش بکات کە ئەو ئازار و دەردەسەرییانە هیچ کاریگەرییەکیان لەسەری نییە، بەڵکو وەکو ئازاری پیرۆزیش سەیریان دەکات چونکە پێی وایە یەکێك لە پایەکانی عیشق، هەر جۆرە عیشقێك بێت ئازارە.

دەشی لە ئاستێکی تردا ئازار ئەو دالە بێت کە مەدلولێکی گشتی هەبێت ئەویش عیشق بوون بێت، لە پشتی عیشق بوونیشەوە پەیامێك ڕاوەستاوە، پەیامی گەیشتن بە ئامانج، کە دیسان ئازار دەرئەنجامی یان هەستکردنە بە نەبوونی ئەو ئامانجە یان دەرئەنجامی کۆشش کردنە لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجەدا. ئەمی شاعیر لە هەردوو بارەکەدا وەها سەیری

ئازار دەكات كـە دەبـێ مـادەم لـە پێنـاوی ئامـانجێكدا دەجولێت ئـەو ئـازارە قبـوڵ بكات، ئـەو قبـوڵ كردنــەش لــە خۆیــدا دەلالــەتی قوربــانی دان هــەڵدەگرێت، قوربــانیدان لــە پێنــاوی ئامـانجێكی بالآدا كە ئەویش عیشقە، ئیتر گرنگ نـیـە ناسنامەی ئەو عیشقە چیـیە.

ئەم پـێی وایە مادەم ئازار بەڵگەیە بۆ عیشق بوون كەواتە پێویست نـیـە ئـەو ئـازارە نمـایش بكرێـت، وەك ئاشـكرایە لـە ڕووی سـایكۆلۆژییەوە هـەر جـۆرە نمـایش كردنێـك بـە مەبەسـتی پـەیداكردنی هاوبەشـە بـۆ ئـەو حاڵەتـەی كـە نمـایش دەكرێـت كـە ئـەویش بـە مەبەســتی ســووككردن و كەمكردنــەوەی ئاســتی ئــەو حاڵەتــە نائاســاییەو ئــازار و فشارەكانیەتی. ئەمی شـاعیر پـێی وایـە مـادەم ئـەو ئـازارە، ئـازاری عیشـق پێویسـتی بـەوە نـیـە نمایش بكرێت چونكە هەر جۆرە نمایش كردنێك دەشێ ببێتە هۆی بچوككردنــەوەی قەوارەی ئازارەكەو لەو حاڵەتەشدا لەوانەیە جولاندن بەرەو ئامانج خاوببێتـەوە، واتـە لـە تێڕوانینی شاعیرەوە ئازار وەكو هـێزی جوڵێنـەر سـەیردەكرێت كـە گـوڕ دەدات بـە جوڵـە بەرەو گەیشتن بە ئامانج، ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو وتە باوەی كە دەڵێت هەتا ئـازار و چەوساندنەوە و زەبر و زەنگ زیاد بێت، لە ئازادی نزیك دەبینەوە. ئەگەر ئەم ڕوانینـە لە سنووری دەقەكەوە بە ئاڕاستەی واقیعی دەرەوەی دەقەكە لێكبدەینەوە، ئەوا دەشێ وای بۆ بچین شاعیر مەبەستی ئەوەیـە كـە نیگـەران نـیـە بـە بـاری ناهـەموارو پـڕ لـە ئـازار و دەردەسەر ی ژێرسایەی دەسەڵاتی ئەوی داگیركەر، چونكە تا ئازارەكان پەرە بسەنن، هـێزی داواكاری پەیڕەوی نوێی (مەیكەدەی) بەهێزتر دەبن، واتە هـێزی ڕەتكردنـەوەی داواكـانی ئەوی داگیركەر پەرە دەسەنن.

ئەم پـێی وایە مادەم ئەم ئـازارە توخمـی عیشـق و عیشـقیش ناسـنامەیەكی پـیرۆزی هەیە كەواتە نابێت ئازارەكانی نمایش بكرێت بە تایبەتی بۆ كەسـانێك كـە لـە چـەمكی عیشق تێناگەن، ئەگەر عیشق پەیوەستبوون بێت بـە نیشـتمانەوە، ئـەوا دیسـان نمـایش كردنی ئازارەكانی نیشتمان، نمایش كردنی وێرانەیی نیشتمان، نمایش كردنی بێ لانەیی خۆیی و بوون بـە نمـەی بـارانی ئـەودیوی شووشـەی پەنجـەرە بـۆ كەسـانێك كـە نـازانن نیشتمان مانای چیـیە و چی دەگەیەنێت.. كارێكی نادروستە. چونكە ئەو كەسـانە هیـچ لە مانای ئەو ئازارانە تێناگەن.

-٧-

خۆم له خۆما ڕەنگی عیشقم تێکەڵاوی خوێنمە
ئەو له گەردوونی نیهادما ناونیشانی شوێنمە
من له ئەشکەوتی خەما بووم وا پەیامێ هاتەخوار
کوێرە دێش بی هەستە جاڕدە: خەڵکە وا من بووم بەشار.

دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ڕەنگی عیشق چۆنە؟ ئایا عیشق ڕەنگی هەیە؟ دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە پەیوەست بە ڕاڤەکردنی دەقەکە، بەڵام ئەوی شاعیر ڕەنگی عیشقی تێکەڵاوی خوێنەکەی دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە عیشقەکەی ئەم پەیوەستە بە بوونیەوە، نەك بوونی کۆمەڵایەتی بەڵکو بوونی فیسیۆلۆژی، هەر لێرەشەوە عیشق خاسیەتەکانی خوێن وەردەگرێت بە تایبەتی ڕەنگی خوێن، ئەگەر عیشق پەیوەستبوون بێت بە نیشتمانە وە وەکو لە سیاقی ڕاڤەکردنی دەقەکەدا دەردەکەوێت ئەوا ڕەگ و ڕیشەی ئەو پەیوەستبوونە لەناو خوێنیدایە کە ئەمەش پەیوەندی ئەم بە نیشتمانەوە نیشان دەدات، هەر ئەو عیشقەش ناونیشانی ئەوە واتە ئەگەر ئەم جۆرێك لە عیشقی نەبێت بە واتا بوویەکی بێناونیشانە و شوێنی نییە. ئەمەش جارێکی تر دەمانباتەوە بۆ لای ئەو بۆچوونەی کە (بوون) تەنیا لەسەر شوێن پێناسەی هەیە، کاتێ کە ئەم پێناسەی شوێنی نەبێت بە واتا بوونی هیچ مانایەکی نییە، ئەم حاڵەتەش لەگەڵ لانەوازەیی و بێ هێلانەیدا یەکدەگرێتەوە کەواتە ئەم خاوەنی جۆرێك لە عیشقە کە ئەو عیشقەش لە پێناوی گەشتنەوە بە شوێن یان هێلانەدا ئەم دەجوڵێنێت.

لێرەوە دەلالەتی عیشق زیاتر ئاشکرا دەبێت کە مەبەست لە عیشق (پەیام)ە، بێگومان ئەوەی ئەم دەجوڵێنێت ئەو پەیامەیە کە پێناسەی بوونی ئەم دەکات، ئەویش پەیامی دۆزینەوەی هێلانەیە، کە پەیوەست بەمی شاعیر گەیشتنەوەیە بە نیشتمان، نیشتمانێك کە ماناکانی نیشتمانی تێدا فەراهەم بێت و ئەم تیایدا بوونی هاونیشتمانی خۆیی هەبێت، بوونێك کە خاوەنی ناسنامە بێت.

ئـەمی شـاعیر شـوێنی پێشـتری خـۆی دیاریدەكـات كـە لـە ئەشـكەوتی خـەمدا بـووە، مەبەست لە ئەشكەوتی خەم چییە و كوێیە؟ پێشتر (خەم)مان وا باسكرد كە بریتییە لە هیوا و ئاواتی گەیشتنی ئەم بە ئامانج. بەڵام لـێرەدا ئەشـكەوتی خـەم وەكـو شـوێنی جۆرێك لە خەڵوەت كێشان یان چوونـە خـەڵوەت نیشـان دەدات، لـێرەوە دەمانگێڕێتـەوە بۆ ئـەو سـەرچاوە مێژووییـەی ئایینـەكان كـە چـۆن زۆربـەی پێغەمبـەران چوونەتـە گۆشـەگیری و حاڵـەتی ڕامانـەوە چ لـە ئەشـكەوتدا بووبێـت یـان لـە شـوێنە پەنـهان و نهێنییەكانی قەد چیاكان و نێو سروشتدا. ئەمیش بە هەمان شێوە دەچێتە ئەشكەوتی خەمـەوە، لـەوێش پـەیامێكی بـۆ دێتـە خـوارەوە. پێشـتر ئـەم خـۆی ڕایگـەیاند كـە (مەیكەدەی) پەیامی تایبەتی ئەمە، كەواتە دەشێ هـەر بـۆ پێشوازی كـردن لـە هـەمان پەیام چووبێتە خەڵوەتـەوە یـان ئەشـكەوتی خـەمی هـەڵبژاردبێت. لـەم حاڵەتـەدا ئـەم بانگەواز بۆ گەورەیی خۆی دەكات كە گەیشتۆتە پلەی پێغەمبەران و پەیمانی بۆ هاتۆتە خـوارەوە. پەیامەكـەش ڕاسـتەوخۆ پـەیوەندی بـە بـوون و ماهیـەتی خۆیـەوە هەیـە، سەرجەم پەیامە ئایینییەكان كە هاتوونەتـە خـوارەوە ڕاسـتە بـۆ پێغەمبـەرێك ڕەوانـە كـراون، بـەڵام لـە ئاسـتی یەكـەمدا گـەورەیی و دەسـەڵاتی خواوەنـدیان نیشـان داوە، لـە ئاسـتی دووەمـدا پێغەمبەرەكـە كراوەتـە هۆكـارێك بـۆ گـەیاندنی گەوهـەری پەیامەكـەو فەرمانـەكانی خواوەنـد بـە كۆمـەڵ، بـەڵام گەوهـەری پەیامەكـەی كـە بـۆ ئـەم هاتۆتـە خوارەوە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەوهەر و ماهیـەتی خۆیـەوە هەیـە. داوا لـەم دەكـات كـە بانگـەواز بـۆ گـەورەیی خـۆی بكـات، بـە مانایـەكی تـر گەوهــەری ئـەو پەیامــە بــە مەبەستی جۆرێك لە خۆنمایش كردنە، شان بە شانی جۆرێـك لـە ئامۆژگـاری كـردن بـۆ ئەوەی بە گەورە خۆی نیشان بدات. كاتێ پەیامەكە فەرمانی پێدەكات تەنانـەت ئەگـەر كوێرە دێش بێت بە خەڵكی ڕابگەیەنێت كە بووە بە شار.

ئەگەر پەیوەست بە منـی شـاعیر كـە وەكـو گوتمـان لـە ئاسـتێكی تـردا دەبێتـە منـی نەتەوە سەیری ئەم فەرمانە بكەین، ئـەوا دەشـێ ئـەو پەیامـە وەكـو پـەیامی بڕیـاردانی ئازادی و سەربەخۆیی لە لایەن خودی نەتەوەوە سەیر بكرێت. كاتێ منـی شـاعیر خـۆی لە شێوەی مەلێكی وێڵی دوای هێلانەدا نیشـان دەدات و لـەوێوە دەگاتـە نێـو ئەشـكەوتی

خەم و دەچێتە حاڵەتی ڕامانەوە، تا ئـەنجام پـەیامی بـۆ دێتـە خـوارەوە و پەیامەکـەش داوای لێدەکات خۆی لەهەر ئاستێکدا بێت گرنگ نییـە بـەڵکو ئـەوەی گرنگـە کـە خـۆی وەکو قەوارەیەکی گەورە یان پێگەیشـتوو نیشـان بـدات. ئەگـەر منـی وێڵـی سەوداسـەری شوێن یان نیشتمان نەتەوە بێت کە مەبەستمان لە نەتـەوەش لـە سـنووری ئـەم دەقـەدا کوردە ئەوا گەیشتن بە ئەشکەوتی خەم مانای گەیشتنە بە قۆناغی ڕامان و بیرکردنەوە کە لەم حاڵەتەشدا دەشێ بەرنامـە و ئاڕاسـتەی کـارکردن و سـتراتیژی کـارکردن دەسـت نیشـان بکرێـت، کـاتێکیش بکـەرێك بگاتـە ئاسـتی ڕامـان و بیرکردنـەوە بـە واتـا بـەرەو قۆناغی پراکتیك کردن دەچێت کە قۆناغی دروستکردنی ڕووداوە، ئەو پەیامەی کـە لـە کـاتی ڕامـان و بیرکردنـەوەدا پـێ‌ی دەگـات بەرنامـەی کـارکردنی بـۆ دیـاری دەکـات کـە ئـەویش ڕاگـەیاندنی بوونـی خۆیـەتی، چونکـە (بـوون بـە شـار) دەلالـەتی گەیشـتن بـە قۆنـاغێکی پەرەسـەندو هـەڵدەگرێت کـە ئاسـتێکە تیـایدا بـوون و خۆسـەلماندن ئامادەبوونیان هەیە.

بێگومان لە ساتەوەختی نووسینی ئەم دەقەدا کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە لە ئەنجامی تێڕامان و بیرکردنەوەدا بڕیاری بوونی خۆی و گەیشـتنی خـۆی بـە ئاسـتی بـە دەست هێنانی ناسنامە نیشان بدات، بۆیە دەشێ وای لێکبدەیتـەوە کـە ئـەوەی حەسـیب قەرەداخی سەبارەت بە بانگەشەکردنی ئێمە بۆ پەرەسەندن و گەیشتن بە ئاستی بـوون لـە دەقەکـە بەرجەسـتەی دەکات جۆرێکـە لـە یۆتۆپیـا و لـە سـنووری خـەیاڵی شـیعردا بەرهـەم هـاتووەو لـە واقیعـی دەرەوەی دەقەکـەدا واتـە لەسـەر زەمینـەی واقیـع بوونـی نیـیـە. دروسـتکردنی یۆتۆپیـای ڕزگـاربوون و سـەربەخۆیی و خۆسـەلماندن خـەونی شاعیرێکە کە دوور لە ئازادی و سـەربەخۆیی نیشـتمان خـۆی وەکو مـەلێکی وێڵـی دوای هێلانە دێتە پێش چاو، لە دروستکردنی ئـەو یۆتۆپیایـەدا چیـتر بـێ هێلانـە نـابێت و وێڵی دوای دۆزینەوە و بەدەست هێنانەوەی نابێت.

واتە لەم دەقە شیعریەدا حەسیب قەرەداخی وێنەی ئێمە وەکو نەتـەوە بەرجەسـتە دەکات، لـە سـاتەوەختی تێکشکاندنەوە کـە ئەمـەیان ڕووداوێکی واقیعیـیە لـە بوونـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مێژوویـی ئێمـەدا بـۆ سـاتەوەختی خـۆ دروسـتکردنەوە و خـۆ

بنیادنانەوە و سەربەخۆ بوون کە ئەمەیان خەونێکە شاعیر لە سنووری یۆتۆپیایەکدا وێنەی دەکێشێت و دەشێ هەر لە ڕێگای خەیاڵی مەودا فراوانیەوە لە سنووری ئەو یۆتۆپیایەدا هەست بە بوون و سەربەخۆیی و ئازادی بکات. کەواتە ئەو جیهانبینییەی لە پشتی ئەم دەقەوەیە دارشتنی دووانەیە کە لە نێوان ڕوانینی ڕیالیستانە و یۆتۆپیای شیعریدا، لە یەکەمیاندا منی بکەری شیعرەکە لانەواز و وێڵی دوای جێگای ئارامگرتن و حەوانەوەیە یان وێڵی دوای گەیشتنە بە ماناکانی نیشتمان بە مەبەستی خۆسەلماندن، لە دووەمیشیاندا بانگەشەی ئەو بوون و خۆ سەلماندنەی دەکات واتە لە دووەمیاندا دەگاتەوە بە شوێنی حەوانەوە و ئارامگرتنی کاتێ بانگەشە بۆ گەورەبوونی خۆی دەکات.

بەڵام لە کۆتایی شیعرەکەدا دیسان جارێکی تر هەمان دوو دێڕی یەکەم دووبارە دەبێتەوە، واتە جارێکی تر ئەو یۆتۆپیایەی دروستی کرد هەرەس دێنێت و ئەو گەورەبوونەی کە بانگەوازی بۆ دەکرد بچوك دەبێتەوە، خۆسەلماندن و گەیشتن بە بوونی سنووری خەیاڵ و نەست و یۆتۆپیا پوچ دەبێتەوە و ڕاستەوخۆ منی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی شکست و لانەوازی و بێهێلانەیی. لە سنووری ئەم دەقەدا شاعیر لە ساتەوەختی شکستدا یان هەستکردن بە وێرانبووندا لە ڕێگای خەون بینینەوە دەگات بە ئاستی بوون، بەڵام ئەو خەونە درێژە ناکێشێت و لەگەڵ کۆتایی خەونەکەدا جارێکی دی دێتەوە سەر هەمان حاڵەتی لانەوازی و وێڵ و سەوداسەری دوای هێلانە. ئەگەر ئەم حاڵەتە یەك بە دوای یەکە کە لە واقیعی شکستەوە دەست پێدەکات و بە خۆ دروستکردنەوە لە سنووری خەیاڵدا و لەنێو قوڵایی ئەو خەیاڵەشەوە دێتەوە بۆ هەمان سەرەتای شکست، ئەوا وێنەیەکی بەرجەستەکراوی خەیاڵی کوردی دەبینین، ئەو خەیاڵەی کە سەرجەم پانتایی کۆنەستی کۆمەڵایەتی ئێمەی داگیرکردووە و لە حاڵەتی شکستماندا هەمیشە لە سنووری ئەو ئازادییەدا ژیاوین کە بە خەیاڵ دروستمان کردووە، ئەو خەیاڵەش یەکێکە لەو بنەمایانەی کە پارێزگاری لە بوونمان کردووە سەرباری فشارە بەهێزەکانی تێکشکاندن و سڕینەوە. هەر لێرەوە دەتوانین ئەم شیعرە وەکو یۆتۆپیای ڕزگاربوون ناوببەین کە شاعیر لە ترسناکترین چرکەساتی شکستی ئێمەدا بەرهەمی هێناوە.

## له ئەزموونی مانەووە بۆ ئەزموونی شکست
## له قەسیدەی
## ( پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی ) شێرکۆ بێکەسدا

-١-

(پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی) یەکێکە لە قەسیدە دیارەکانی شاعیری ناسراوی کورد شێرکۆ بێکەس کە لە ژمارە دووی گۆڤاری کاروانی خولی ڕاپەڕیندا بلاوکراوەتەوە، ئەم شیعرە سەرەتای ئەزموونێکی نوێ لە ژیانی شیعری شێرکۆدا نیشان دەدات کە دەکرێت بڵێین هەردوو لایەنی شێوازی شیعری و جیهانبینی شیعریش دەگرێتەوە.

ئەزموونی شیعری شێرکۆ هەر لە سەرەتاوە هەتا ساتەوەختی نووسینی ئەم شیعرە جگە لە چەند ئاماژەیەك تێکڕا بەرهەمەکانی بریتی بوون لە بنیادنان و زیاتر دەوڵەمەندکردنی گوتاری مانەوە، گوتاری مانەوەش بریتییە لە هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی کەسێتی نەتەوەیی و کورد و هەر هیچ نەبێت ڕێگاگرتن لەوەی کە کورد لەو بارە ناهەموارەی کە تیایدایە بەرەو خراپتر نەڕوات و دووچاری شکستی یەکجاری نەبێت و ماك و بنەما نەتەوەییەکانی لەدەست نەچێت. ئەزموونی نووسینی (ئەدەب) بۆ نەتەوەیەك کە مەترسی لەنێوچوونی لەسەر بێت بێگومان بەرگری کردن دەبێت، دیارە مەبەست لە بەرگریکردن ئەو دروشمانە نییە کە بەشێك لە ئەدەبی کورد تێی گەیشتوون بە ئەدەبی بەرگری ناوی دەبەن بەڵکو بەرگری پرۆژەیەکە بۆ ڕێگاگرتن لە لەناوچوون. بەوپێیەش کردەی نووسین بە زمانی نەتەوایەتی بەشێك لەو ئەرکە جێبەجێ دەکات، هەروەك جۆری جیهانبینی بەرهەمی نووسراویش زیاتر سیما و خەسڵەتەکانی گوتاری ئەدەبی بەرجەستە دەکات. هەر ئەم حاڵەتەش لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی نەتەوەیەکدا کە مەترسی لەنێوچوونی لەسەرە وا لە ئەدەبەکەی دەکات کە ببێتە ئەدەبێکی مێژوویی- سیاسی- کۆمەڵایەتی کە ئەمەش خەسڵەتی دیاری ئەزموونی بەشی هەرە زۆری شیعری کوردییە هەر لە سەرەتای دروست بوونی هەستی نەتەوەیی کوردییەوە تاکو ساتەوەختی ئێستەشی لەگەڵدا بێت.

بـه واتایـەکی تـر دەتوانـین بڵێـین لـەژێر کاریگـەری فاکتــەری سیاســی و کۆمەڵایــەتیدا ئەدەب لە بواری مێژوودا کاری کردووە. ئەم حاڵەتەش لای شێرکۆ لە بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کورد زیاتر بەرچاو دەکەوێ کە هـەوڵی داوە لـە مێـژوو شـیعرییەت بەرهـەم بهێنێ.

قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی) دەکرێـت وەکـو سـەرەتای قۆنـاغێکی نـوێ لە شیعری شێرکۆدا دابـنرێت، گـەرچی پێشـتر ئامـاژەی هـەمان دیـاردە لـە شـیعرەکانیدا بەرچاو دەکەون بە تایبەتی لە قەسـیدەی (کۆچ)دا. شـێرکۆ لـە قەسـیدەی (پـەریزادە و گوڵەکـەی دوژمنـی)دا پەنجـە دەخاتــە سـەر شکسـتەکانی ئێمــە لــە مێــژوودا و چیــتر پاڵـەوانمان بـۆ دروسـت ناکـات و لـە دوای دروسـت کردنـی بـاوکێکی وەهمیـش ناگـەڕێت بۆمـان بـەڵکو بـە شـێوەیەکی ڕیالیسـتیانە پاڵـەوانی ئیفلیجی کـوردی دەباتــە مــەیدانی جەنگەوە کە ئەویش جەنگی خۆسەلماندنە. جەنگی ڕووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ نەتـەوە جیاوازەکان، لەگەڵ شارستانی و کەلتوورە جیاوازەکان، بەڵام لەو مەیدانەدا کورد دەستە و سان و بێ توانا تەنـها هـەر گوێگـر دەبێـت و بـەس. شـێرکۆ لـەم قەسـیدەیەدا وێنـەی تراژیدیای هەرەسهێنانی پاڵەوانی کوردیمان لە جەنگی خۆسەلماندندا نیشـان دەدات بـەو هیوایـەی لـە ئـەنجامی خوێندنەوەیـەکی دروسـتی خۆمـاندا دەستنیشـانی شکســتەکان و هۆیەکانی بکەین، بە واتە برینەکانمان دەکولێنێتەوە بەو مەبەستەی چیـتر بـە وەهمـی ڕۆژهەڵاتیانە و خێڵەکیانەی خۆمان وەکو پاڵەوان خۆمان دەرنەخەین. بەڵکو دەیـەوێت پێمان بڵێت ئێمە ئەو پاڵەوانە دۆڕاوەیـن کـە مێـژوو لـە پەراوێزەکانیشـیدا بـە ئاسـتەم ناومان تۆمار ناکات. چیبکەین بۆ خۆ دروستکردنەوە؟

ئـەم تێڕوانینـە لـە جیـهانبینی شـیعری شـێرکۆدا نوێیـە و پێشـتر ئێمـە بـە گوتـاری شکست دەستنیشانمان کرد. هەر ئەم گۆڕانکارییەی کە لە جیـهانبینی شـیعری شـێرکۆدا دەرکـەوتووە کاریگــەری لەســەر شـێوازی شـیعری شـێرکۆ هەیـە و دەبینــین شـێوازی نووسـینی ئـەم قەسـیدەیە و ئەوانـەی دواتریشـی تـا سـنووری جیـاوازن لـە شـێوازی نووسینی پێشتری. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە سـەرباری ئیشـکردن لـە بـواری مێژوودا، شێرکۆ ئەو شاعیرە ئەزموونگەرەیە کە هەوڵدەدات لـە ئـەزموونی بـەردەوامدا

بێـت. پێشــتر هــەوڵی دەدا ڕۆحــی شکســت لـــە ڕێگـــای دروســـتکردنی پاڵەوانـــە نموونەییەکانیەوە زیندوو بکاتەوە و گیانی ڕابوون و بەرخودان دروست بکات و وێنـەی باڵای پێشمەرگە و ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی دەکردە مۆتیڤی خۆڕاگرتن و وەسـتان و ڕووبەڕووبوونەوەی هەرەس. بەڵام ئێستا شکستەکانمان پێشکەش دەکات و پێمان دەڵێت ئەمە ئێمەین، جەستەمان هەزاران برینـی تێدایـە و هەرەسـیش هەڕەشـەمان لێدەکات. تـازە ڕۆحـی نەبـەزیوی ئەوسای پێشـمەرگە و ڕۆحـی بـەرزەفڕی شـەهیدانیش نـاتوانن بمانپـارێزن چونکـە ئێسـتە ململانـێ، ململانـێی ئامادەبوونـە لـە بـواری بەرهەمــهێنانی شارستانیدا، ئامادەبوون پەیوەندی بە عەقڵ و فیکر و داهێنان و مێژووەوە هەیە.

-٢-

سەرەتا قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی) بـە تراژیدیایـەك دەسـت پێدەکات کـە ناسـنامەی مێژوویـەکی پـڕ کارەسات نیشـان دەدات. مێژوویـەك کـە هـەموو شـتێك تیایدا دزێو و ناشیرینە، جوانیەکان تیایدا لـە دەسـت چـوون، ژیـان و زیندەگـانی تیـایدا هیچ بەهایەکیان نییە. ئەو مێژووەش بریتیە لە ساتەوەختی ئێستا و ئەو قۆناغەی کە ئێمەی تیا دەژین. ئەوەتا دەڵێت:

ئەمە بۆرە تارێکی شوومە و سەرەتای شەوێکی ئاوس بە قات و قڕی.

بۆرەتارێکی ژان گرتوو بە: بەچکە شەیتان و بەچکە سیاسی و بەچکە بازرگانەوە.

ئەمە شەوێکی چالاکی ڕەقەڵەی بەدبینە و بێ بەزەیی.

چاوەکانی گۆڕیچەی ئەستێرانن و پەناگەی جادووگەران.

ئەم شەوە قەڵای مێردان نییە، قەڵای دزانە،

قەڵای کاسە سەرم و قەڵای جەستەی ڕووخاوم و قەڵای خۆڵەمێشی ئارەزووەکانمـە و هەوێزی تاوان).

شـاعیر هـەر لـە سـەرەتای قەسـیدەکەدا (کـات) دەناسـێنێت و پێمـان دەڵێـت، ڕووناکی ڕوو لە شاردنەوەیە و تاریکی خەریکە هەموو شوێنێ دەپۆشێت. لـێرەدا ئێمـە لـە بەرامبـەر پرسـیارێکدا ڕادەمێـنین. داخـۆ شـاعیر لـە چ سـاتەوەختێکی مێژووییدا ئەم بانگەوازە دەکات؟ داخۆ پێش ئەم (بۆرەتار)ە ڕووناکی بووە؟ ئایا

لە ڕووی مێژووییەوە تا چەندێ ئەوە دەسەلمێنرێت کە ڕابردوو بارێکی پەسەند تر بووە و شاعیر لە ساتەوەختی ئێستادا هەست بە تاریکی دەکات؟ داخۆ ئەم تێڕوانینە حاڵەتێکی نوێ نییە لای شێرکۆ و بۆیە (ئێستە) بە تاریك دەیبینێت چونکە لە ساتەوەختی ئێستەدا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی درك کردن و پەی بردن بە ڕاستی مێژووی ئێمە و ئاستی ئامادەبوونمان؟ پێشتر مێژووی ئێمەی پێ پیرۆز و مەزن بوو، ئەو حاڵەتە ئێستەش لە نەستیدا دەژی و وای بۆ دەچێت شکست و نائامادەبوونی ئێمە لەم ئێوارەیەوە دەست پێ دەکات، ئەمەش خاڵێکە دەشێ لێرەدا بە لاوازی توانای ناسینی ڕابردووی ئێمە ناوبىرێت. چونکە لە ڕاستیدا (بۆرەتار) لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکەوە دەست پێ ناکات بەڵکو هەموو مێژووی ئێمە لە پێش نووسینی ئەم قەسیدەیەدا نەك بۆرەتار بەڵکو بەشی هەرە زۆری تاریکستانە.

زەمەن لە قەسیدەکەدا زوو خۆی پێشکەش دەکات و دەبێت بە سێ ئاست یان سێ مێژوو. مێژووی پێش ئەو ئێوارەیەی کە قەسیدەکە لێیەوە دەست پێدەکات کە ئەویش لە تێڕوانینی شاعیرەوە وا دەردەکەوێت کە مێژوویەکی گەشە، ئەم هەڵوێستەش بەرامبەر بە ڕابردوو ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە شاعیر لە ڕابردوودا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی پەی پێبردن کە بە تەواوی مێژووی خۆی وەکو ئەوەی هەبووە بناسێت.

ساتەوەختی ئێستە شاعیر دەست دەکات بە نووسینی قەسیدەکەی کە ساتەوەختی ناسینی مێژووی ئێمەیە، یان شاعیر لەو کاتەوە دەگاتە قۆناغی ناسینی مێژووی ئێمە، بەڵام هێشتا ناتوانێت ئێستە ببەستێتەوە بە ڕابردووەوە، بەڵکو پێی وایە ڕابردوو گەش و ڕووناك بووە و (بۆرەتار) لە ئێستەوە دەست پێدەکات. قۆناغی سێیەمی کات لەم قەسیدەیەدا، لە ساتەوەختی نووسینی شیعرەکە لە ڕێگای دەربڕینی زمانەوە نیشان دەدرێت و شیعرەکە لە ڕێگای دەربڕینی زمانەوە نیشان دەدرێت و "ئێستا" دەکاتە سەرەتا بۆ ئەو شەوە قات و قڕییە. واتە شاعیر داهاتوو وەکو شەوێکی تاریك و بێ بەرهەم دەبینێ کە ناشێت هیچ پراکتیکێکی خودی ئێمەی

تیا به ئەنجام بگات. به واتایەکی تر شاعیر به جۆرێـك داهاتوومـان نیشان دەدات کـە ئومێـدی زیندووبوونـەوە و ڕابوونـەوەمان نـەبێت تیـایدا. ئێسـتە ئەگـەر سـەرنجی هەرسێ تافەکەی کات بدەیـن بـەو پێیـەی شـاعیر وەسـفیان دەکـات ئـەوە بۆمـان دەردەکەوێت. ڕابردوو زەمەنی بوون و پراکتیك کردن بووە، ئێستە زەمـەنی قەلەقـە و شـاعیر لـە پراکتیکـی نووسـیندا نائامـادەبوونی خـۆی کـە نوێنـەری ئێمەیـە دەنووسێتەوە، زەمەنی داهاتووش وەکو زەمـەنی هەرەسی بێ ئومێـدی و تاریکسـتان پێشکەش دەکات.

| ڕابردوو | ئێستا | داهاتوو |
| --- | --- | --- |
| ئامادەبوون | ساتەوەختی قەلەق و پەی پێبردن | نائامادەبوون |
| پراکتیك کردن | پراکتیکی نووسین | ونبوون |

داهاتوو له دیدو بۆچوونی شاعیرەوە قات و قڕی لـه هـەناویدا هـەلگرتووە. ئـەوەش ساتەوەختی ناسینی دا هاتووە که ئومێدی ئەوەمان پێی نەبێت هیچ شتێکی ئەوتۆی تیا فەراهەم ببێـت، واتـە داهـاتوو ئـەو زەمەنـە نییـە کـە پراکتیکـی تێـدا بکرێـت و ڕووداو دروست بکرێت، ئەگەر ڕووداویش دروست نەکرێت ئەوا مانای وایە هیچ جوولەیەك بۆ خـود سـەلماندن لـە ئـارادا نـابێت. ئـەوەش بـەرزترین ئاسـتی بێ ئومێدیـیە کـە مـرۆڤ هەموو داهاتووی لەبەرچاو وێرانە بێت، هەر ئەم هۆکارەشە پاڵ به پاڵـەوانی شـیعرەکە یان دەتوانین بڵێین بکەری شیعرەکەوە دەنێت کـە لـە دوای تروسکەیەك بگـەڕێت هـەتا لەو تاریکستانەی داهاتوودا ببێتە ڕێ نیشاندەری و ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە.

شاعیر له کاتێکدا هەست به شکستی تەواوەتی و نائامادەبوون دەکات، ناتوانـێ تەنـها له حاڵەتی تێڕاماندا بمێنێتەوە له ناخی خۆیدا خـودی نائامـادەی خـۆی و شکسـتەکانی خۆی له مێژوودا هەڵسەنگێنێ، هەربۆیە له دوای دۆزینەوەی حاڵـەتێك دەگـەڕێت هـەتا بتوانێت بیکاتە ناوەندێك بـۆ جێگاکردنـەوەی خەمـەکانی. لـەم ئاقارەشـدا پـەنا دەباتـە بـەر (پـەریزادە) هـەتا وەکـو کەسـی دووەم لـە شـیعرەکەدا ئامـادەبوونی هـەبێت و

دەیهێنێتە نێو پرۆسەی ڕووداوەکان. پەریزادە لە حاڵەتی یەکەمدا کەسێکی ئاساییە و شاعیر بەو مەبەستە هاوردویەتی هەتا دەربارەی ئێستە و داهاتوو بگرە ڕابردووشی بۆی بدوێ. شاعیر دوای ناساندنێکی (کات) و ماهیەتی (کات) کە تەنها جێگای هاتنی بەچکە شەیتان و بەچکە سیاسی و بەچکە بازرگانە دەیەوێ درێژەی بەسەرهاتی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە.

مەبەستیشی لەم کارە ئەوەیە کە جۆرێك لە پرۆسەی پاکژبوونەوە بە ئاکام بگەیەنێت، کە ئەویش لەو ڕوانگەیەوە شاعیر دەیەوێت کەسێکی دی ئاگاداری گرفتەکانی بێت، ئەوەش لە ڕووی مەعنەوییەوە دەبێتە هۆی سووك کردنی باری شانی. ئەوەتا دەڵێ:

(لەم شەوەدا، پەریزادەکەم! کاتی ئەوە هاتووە، نۆرمە
منیش چیرۆکی بە نەعلەت کراوی خۆمت بۆ بگێڕمەوە
حیکایەتی مردنم و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەم)

ئێستە کات بۆتە شەو، واتە بۆرەتار بۆتە تاریکی. پاڵەوانی (بکەر) شیعرەکە ئێستە لە ساتەوەختی شەودا دەیەوێت چیرۆکی خۆی بۆ پەریزادە بگێڕێتەوە. دیارە ئاشکرایە کە شەو ساتەوەختی شاردنەوەی هەموو نهێنیەکانە، یان کاتی ئەنجامدانی هەموو کارێکی نهێنییە. داخۆ دەشێ چیرۆکی بکەری شیعرەکە نهێنی بێت و نەیەوێت لە ڕۆژدا لە بارەیەوە بدوێت. چیرۆکەکەش چیرۆکێکی ئاسایی نییە بەڵکو چیرۆکێکی بە نەفرەت کراوە، یان بەسەرهاتی مردنی بکەر خۆی و گۆڕەوشاردانی هەزار جارەیەتی بکەری شیعرەکە پێشتر مردووە و گۆڕەوشاریش دراوە. کەواتە لێرەدا مێژوویەکی ڕاستەقینە یان یۆتۆپیایەکمان پێشکەش دەکات. لە باری یەکەمدا ئەگەر ئەوەی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ڕوانگەی مێژووی بکەری شیعرەکەوە بۆی بڕوانین و ئەو بکەرەش بریتی بێ لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا چیتر پێویست ناکات بە دوای نهێنیدا بگەڕێین چونکە بکەری شیعرەکە کەسێتی کوردییە کە چۆن مێژوویەکی ڕەش و پڕ لە شکستی هەیە و هەر ڕۆژێکی چوون مردنێکە، حاڵەتی نائامادەبوونیش وەهای لێکردووە کە بە حەسرەتەوە لە مردنی خۆی و ئازارەکانی پاش مردنیشی بدوێ. ئەم

پێشتر ئامادەبوونی نەبووە بەو پێیەش بوونی نەبووە، بەڵام وەکو ئەفرێندراوێکی ناکردە بە دوای ژیاندا کێش بووە، تا ساتەوەختی نووسینی ئەم قەسیدەیە ئیتر مەرگی خۆی ئاشکرا دەکات، دەشێ سەختترین مەرگ ئەو مەرگە بێت کە پێش هاتنی هەستی پێ بکرێت بکەری شیعرەکە کە بە ناوی ئێمەوە قسە دەکات و بریتییە لە کەسیەتی نەتەوەیی ئێمە هەست بە مردن و گۆڕەوشاردانی چەندین جارەشی دەکات، بە واتا بکەر دەگاتە ئاستی ناسینی خۆی و ڕووداوەکانیش، ئەوەش بە گوێرەی کەسێتی ئێمە قۆناغێکی گرنگە چونکە پێشتر ئێمە بەردەوام لە ترسناکترین چرکەکانی هەرەسیشدا لە سیمای پاڵەوانێکی نەبەزیوودا خۆمان نیشان داوە، ئەو هەڵوێستەش وەهای لێکردووین هەمیشە بە وەهم بژین و برینە جگەربڕەکان پشت گوێ بخەین چونکە لە چرکەی دان پیانان ترساوین، ئەوەش بارێکی ئاساییە کەسێتی لاواز نایەوێت لە کەموکوڕیەکانی خۆی بدوێت چونکە برینەکانی دەکولێتەوە. ئەم خۆ دوورخستنەوەیەش لە درکاندنی ڕاستیەکان لە ئەزموونی شیعری کوردیدا هەر پەیوەستی هەست کردن بووە بە نائامادەبوون. بەڵام بکەری قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی) ئەو یاسا باوە دەشکێنێ و لە هەڵوێستی وەسفکردنی خۆی و گێڕانەوەی چیرۆکی خۆیدا پرۆسەی ئاشکراکردن ئەنجام دەدات و پەردە لەسەر ڕاستیە شاراوەکانی خۆی لادەبات. بە دەرەوەی خۆی دەڵێت من چیتر خۆم بە پاڵەوان نیشان نادەم. ئەمە منم کە بەسەرهاتی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. بە واتایەکی دی لەم قەسیدەیەدا بکەر بێ پەیڕەوکردنی هیچ سانسۆرێك خۆی نمایش دەکات.

-٣-

هەر لە سەرەتاوە قسەکەر کە خودی شاعیرە لە قەسیدەکەدا، سەرەتای ساتێکی مێژوویی پێشکەش دەکات کە ئەویش (ئێستایە) بەڵام (ئێستا) سەرەتای قۆناغێکی مێژوویی پڕ لە کارەسات و بەدبەختییە. مێژوویەك کە هەموو شتێك تیایدا دزێو و ناشیرینە و مێژوویەك کە ئاوسە بە نەهاتی و قات و قڕی. واتە لێرەوە ناسنامەی ئایندە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ئاشکرا دەبێت، کە مێژوویەکە بۆ کارکردنی جادووگەران و بەچکە شەیتان و بەچکە بازرگان. ئەوانەی بێ باکانە

مامەڵە و پراکتیکی تایبەتی خۆیان دەکەن. پراکتیکێك کە زۆربەی کات دژی ئاراستەی هەر جووڵەیەکی پۆزەتیفە پەیوەست بە ئاراستە جووڵەی ئەو پرۆژەی کە خودی بکەری قەسیدەکە لە کۆتاییدا داوا لە (پەریزادە) دەکات هەوڵی بە ئەنجام گەیاندنی بدات کە ئەویش پرۆژەی زیندووکردنەوە و خوڵقاندنی مێژوویەکی نوێیە.

ڕاستەوخۆ دوای پێشکەش کردنی ڕووی دزێوی ئەو مێژووە بکەری شیعرەکە دێتە ناوەوە و خۆی دەبێتە ئەو پنتە کە ڕووداوەکان لە دەوری کۆدەبنەوە، ئەگەرچی ئەم خۆی بکەرێکی ڕووداو دروستکەر نییە بەڵکو تەنها ئەرکی گێڕانەوەو وەسفکردنی حاڵەتەکان لە ئەستۆ دەگرێ بەڵام هێشتا ئامادەبوونی لەنێو پانتایی دەقەکەدا پێویستە بۆ دروست کردنی جووڵەی بەردەوام (با جووڵەیەکی لاوازیش بێت) بۆ هەڵڕشتنی ڕاستیەکانی مێژووی ئێمە. ناکردەیی بکەر و نەگەیشتنی بە ئاستی بکەرێك کە توانای د روست کردنی ڕووداوی هەبێت، بەرجەستەکردنی ڕیالیستیانەی کەسێتی ئێمەیە کە چۆن بە درێژایی مێژوو نەمانتوانیوە ببینە بکەری سەر جوگرافیای خۆمان.

ئەگەرچی بکەر لە پانتایی جوگرافیای دەقەکەدا تاکە و لە شێوەی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاکدا دەردەکەوێت بەڵام ماهییەتێکی کۆمەڵایەتی هەیە و پەیوەست بە پانتایی سیۆسیۆلۆژی و مێژوویی ئێمە دەبێتە کەسێتی نەتەوە. بە واتا هەر کارێکی سادە کە بکەری شیعرەکە ئەنجامی دەدات یان ئەو وەسفانەی کە دەیکات یان هەر کارێك کە بێ توانایی خۆیی لە بەرامبەردا نیشان دەدات دەگەڕێتەوە بۆ نائامادەیی و ناکردەیی (ئێمە) وەکو نەتەوە. لێرەوە زەمەنی درك پێکردن و زەمەنی دان پیانان لای بکەری شیعرەکە ئاشکرا دەبێ. زەمەن (شەوە) شەویش دەلالەتی مێژوویەکی تاریك هەڵدەگرێت. مێژوویەك کە یان نەنووسراوەتەوە یان هەر لە بنەڕەتەوە مێژوویەکی وێرانە و هیچ ئامادەبوونێکی نەبووە. (شەو) ئەوە نیشان دەدات کە زەمەن زەمەنێکی تاریکە، زەمەنێك لە لایەك تروسکەی تیادا نییە بۆ ناسینەوەی شتەکان، لە لایەکی ترەوە نەبوونی ئەو تروسکەیە دەلالەتی بێ ئومێدبوون بەرهەم دێنێت. لە لایەکی ترەوە بکەری شیعرەکە ئەو مانا مەئلوفەی (شەو) ڕەت دەکاتەوە کە لە کەلتووری

کوردی‌یـه‌وه وه‌رگـیراوه و گوایـه (شـه‌و قـه‌ڵای مێردانـه)، واتـه شـه‌و زه‌مــه‌نی پراکتیـك کردنه. به‌ڵكو پێی وایه (شه‌و) زه‌مه‌نێكه ده‌لاله‌تی شاردنه‌وه‌ی كه‌سێتی ئێمه‌ی تێدا به ئاكام گه‌یشـتووه. بـه ئه‌ندازه‌یـه‌ك كـه وای لێكـردووه كـه نـه‌توانێت بـه چاكی پـه‌ی بـه گه‌وهه‌ری مه‌سه‌له‌كان ببات و نه‌یانناسێته‌وه، به واتا (شه‌و) ئه‌و زه‌مه‌نه‌یـه كـه هـه‌موو شتێك تیایدا ده‌مامك ده‌پۆشێت و ناسینه‌وه تیایدا كارێكی ئاسان نی‌یه. (شه‌و) زه‌مـه‌نی هه‌ره‌سی خودی بكه‌ری شیعره‌كه‌یه به هـه‌موو پێكهاتـه فـیزیكی و مه‌عنه‌وییه‌كانیـه‌وه. بگره (شـه‌و) ئـه‌و تاریكستانه‌یه كـه لـه دوای كوژاندنـه‌وه‌ی ئومێده‌كانی بكـه‌ر دروست بووه، ئه‌مه‌ش ئــه‌وه ده‌گه‌یـه‌نێت (شـه‌و) بریتی‌یـه لـه‌و زه‌مه‌نـه‌ی كـه بكـه‌ری شیعره‌كه تێیدا له هه‌موو هیوایه‌كی ڕابوونه‌وه و به‌رخودان بێ ئومێـد بـووه و چـاوه‌ڕوانی هیـچ هه‌نگاوێكی پۆزه‌تیفی به‌ره‌و ئاینده ناكات، چونكه له تاریكی شه‌ودا نـاتوانرێت مـه‌ودای ئاینده ببینرێت.

پێشتر ئاماژه‌مان بـۆ ئـه‌وه كـرد كـه بكـه‌ری شـیعره‌كه كـاتێ هه‌سـت بـه تێكشكاندن ده‌كات و به گومانه‌وه له مانه‌وه‌ی خودی خۆی ده‌ڕوانێت، چیتر توانای ئه‌وه‌ی نـامێنێت ڕاســته‌وخۆ خـۆی مێــژوو بدوێنــێ. كه‌ســی دووه‌م واتــه (پــه‌ریزاده) ده‌هێنێتــه نێــو جوگرافیـای ده‌قه‌كـه‌وه و كاره‌سـاته‌كان بـۆ ئـه‌و ده‌گێڕێتــه‌وه. (پــه‌ریزاده) گــه‌رچی لــه ڕووكه‌شدا ناوێكی ئاسایی‌یه به‌ڵام دوو ده‌لالـه‌ت هه‌ڵده‌گرێت، یه‌كه‌میان ده‌شێت سـیفاتی ڕه‌گه‌زی به‌رامبه‌ر بكه‌ری هه‌بێت، واتــه ئـافره‌تێك بێـت و بكـه‌ر بـۆ سـوك كردنـی بـاری شـانی خـۆی و خـاڵی كردنــه‌وه‌ی ئازاره‌كـانی نـاخی ڕووداوه‌كـانی بــۆ بگێڕێتــه‌وه و لــه‌م حاڵه‌ته‌شدا بكه‌ر ڕاستگۆیانه و بێ ترس حه‌قیقه‌تی بوونی خۆی ئاشكرا ده‌كـات. لێره‌دا بكـه‌ر ده‌یـه‌وێت كه‌سـێك پـه‌یدا بكـات كـه ببێتــه هاوكـاری لــه شـاندانه‌به‌ر كاریگــه‌ری خه‌مه‌كانی (تێكشكاندن). بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش ڕووداوه‌كان بۆ په‌ریزاده ده‌گێڕێته‌وه واته لێره‌دا په‌ریزاده ده‌وری ڕزگار كـه‌ر ده‌بینێت، لـه بـاری دووه‌مـدا ده‌شـێ پـه‌ریزاده وه‌كـو هێما بۆ ڕۆحی ڕابوونه‌وه‌ی ئێمه به‌كار هاتبێت، واته بكه‌ری شیعره‌كه به هوشـیارییه‌وه كاره‌سـاته‌كان بـۆ ڕۆحـی ئێمـه ده‌گێڕێتـه‌وه‌و پـێی ده‌ڵێـت ئه‌مـه مێـژووی ئێمه‌یـه، بـه‌و مه‌به‌سته‌ی ڕۆحی سه‌ركوتكراومان جوڵه‌ی به‌ره‌و زیندووبوونه‌وه و ڕابوونه‌وه به خـۆی

بدات و کولاندنەوەی برینەکانی ببێتە مۆتیفی تێرامان و بەخۆداچوونەوە بە مەبەستی ڕابوونەوە و خۆ دروست کردن.

بکەری شیعرەکە بێ گوێدان بە هیچ سانسۆرێك دەربارەی کەسیەتی خۆی و نائامادە بوونی دەدوێت کە ئەوەش لە ڕاستیدا گوزارشت کردنە لە کەسیەتی نەتەوە و ئەو بارە شکستەی کە نەتەوە تیایدا دەژی، لەم حاڵەتەشدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بکەری شیعرەکە هەر لە سەرەتاوە ناپیرۆزێتی و کەم نموودی خۆی ئاشکرا دەکات، تا دەگاتە ئەو ئاستەی کە دەگاتە پەردەلادان لەسەر مێژووی خۆی کە پێی وایە مێژوویەکی گەوجە، بەلام هێشتا لە تێڕوانینی خۆیەوە مێژوویەکی خۆشەویستە ئەمەش ئەوە نیشان دەدات گەرچی بکەری شیعرەکە بە توندی ڕەخنە لە ئێستا و ڕابردووی خۆی دەگرێت بەلام هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی کە چ ئێستا و چ ڕابردوو بەشێکن لە بوونی ئەم و ناتوانێت ڕەفزیان بکات، هەڵوێستی ڕەخنەگرتن لە لایەن بکەری شیعرەکەوە بە مەبەستی کولاندنەوەی برینەکان و بە خۆداچوونەوە و دروستکردنی ڕۆحی ڕابوونەوەدا. ئەوەتا بی دەربەستانە دەربارەی خۆی و مێژووی خۆی دەدوێت و دەڵێت:

(تۆ بڕوانە هەڵمی ڕۆحم
تۆ بڕوانە حیکایەتی ژیانە کەڕو کوێرەکەم
تۆ بڕوانە پرشنگی زیندە بە چاڵ کراوم
حیکایەتی مێژووە گەوجە خۆشەویستەکەم)

بکەر ماهییەتی مێژووی خۆی ئاشکرا دەکات کە مێژوویەکی گەوجە، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ئەم لە ڕابردوودا هیچ پراکتیکێکی ئەوتۆی نەکردووە کە مێژوو دروست بکات، بەڵکو مێژووەکەی پانتاییەکی زەمەنی بۆشە وەکو مێشکی گەوجەیەك چۆن هیچی ئەوتۆی تیادا نییە کە شایانی باس بێت. ئەمی خاوەنی ئەو ڕابردووە هێشتا وەکو زەمەنێك کە بەسەری بردووە و کاریگەریشی لەسەر ئێستای دیار و ئاشکرایە ناتوانێت نکوڵی ئەو ڕابردووە بکات با هیچ کارێکی پۆزەتیفیشی تێدا ئەنجام نەدابێت. هەرچۆن باوکێك منداڵەکەی خۆیی خۆش دەوێت با گەوجەو گەمژەش بێت.

-٤-

بکەری شیعرەکە لە قسەکانیدا بەرامبەر بە (پەریزاد) تا سنووری ناسنامەی ئاشکرا دەکات کاتێ پێی دەڵێت:

(پەریزادەکەم ئەی پەریزادەی بێ دایك و باوك

پەریزادەی لە کونە دیوار بووی بێ کۆشك و بێ کەنیزەك!

ئەی پەریزادی لە خێڵی پەرییان یاخی و بە خێڵی ڕافزی ئاشنا)

لێرەوە دەردەکەوێت کە پەریزاد نە سەرچاوەیەك نە ئەسڵێکی هەیە هەتا بۆی بگەڕێتەوە، ئەمەش دەلالەتی بێ بنەمایی و بێ ڕەگ و ڕیشەیی ئەو بەرهەم دەهێنێت، ئەگەر پەریزاد وەکو هەر هێمایەکیش بەکارهاتبێت ئەوا ڕاستەوخۆ هاوشێوەی کەسیەتی نەتەوەی کوردە، سەرباری ئەوەی کە لە ڕووی مێژووییەوە دەزانین کورد لە کوێوە هاتووە و سەر بە چ ڕەگەز و نەژادێکە بەڵام هێشتا هەروەکو ئەوە وەهایە لە کونی دیوارەوە هاتبێ چونکە هەر هاونەژادەکانی خۆی بەشێکی زۆری مێژووەکەی ئەمیان وێران کردووە.

لە لایەکی ترەوە پەریزاد لە ڕەمز و بەها پیرۆزەکانی بێزارە و نایەوێت خۆییان لێ نزیك بکاتەوە. (خێڵی پەرییان) هێمایە بۆ سەرجەم بەها پیرۆزەکان، بەڵام ئەم لێیان یاخی بووە و پشتی تێکردوون، بە پێچەوانەوە ئەم ئێستا بە خێڵی ڕافزی ئاشنایە. کەواتە لێرەدا دووانەیەك دروست دەبێت کە بریتی‌یە لە دووانەی (فریشتە/ شەیتان) یان (خێر/ شە ڕ) پەریزاد لەنێو ئەم دووانەیەدا جەمسەری خراپ هەڵدەبژێرێت. بەڵام خراپ لە ڕوانگەی عەقڵ و کەلتووری باوەوە، واتە بە پێی تێڕوانینی ئێمە ئەوەی پەسەندە ئەو ڕەفزی دەکات و ئەوەی ناپەسەندە ئەو دەیکاتە نموونەی باڵای خۆی و دەچێتە ژێر سایەی عەساکەیەوە.

لێرەدا ئەو دەلالەتە لە ئاستێکی قوڵتردا دەردەکەوێت کە لە ڕوانگەی تێڕوانینی پەریزادەوە (کە دەتوانین بڵێین ڕۆحی ڕابوونەوە یان تەنانەت خودی شاعیریشە) بکوژی ڕۆحی ئێمەیە لە ڕابردوودا، ئەو هێزە بووە کە کەلتووری پەرییان بەرهەمی هێناوە، ئێستەش بکەری شیعرەکە لە ئەنجامی کاریگەری ترسناکی تێکشکاندنیدا گەیشتۆتە ئاستێك لە بیرکردنەوە و هۆکاری تێکشکاندنی خۆیی ناسیووە، (پەریزاد)

لێرەدا ڕۆحی ڕابوونەوەی بکەری شیعرەکە و ئێمەیە بۆیە ئێستە پشت لە خێڵی پەرییان دەکات و دەبێتە دۆست و موریدی خێڵی ڕافزییان. دیسان کەلتووری پەرییان دەشێ ئەو کەلتوورە بێت کە لە ڕابردوودا کەلتووری ڕەسەنی بکەری شیعرەکەی تێکشکاندبێت و بەو پێیەش ڕۆحی بکەر خۆیشی هەرەس پێ هێنابێت. هەروەها کەلتووری پەرییان کە هاتووە بۆ ئەوەی زەمینە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی خۆی خۆش بکات کەلتو وری پێشتری بکەری شیعرەکەی بە کەلتووری ڕافزی یان بێ بڕوایان ناودێر کردووە.

گەڕانەوەی پەریزاد بۆ ئاشنابوونەوە بە کەلتووری ڕافزی مانای سەرەتای هەست کردنی بکەری شیعرەکەیە بە پێویست بوون بە گەڕانەوە بۆ یادەوەری یەکەمین کە بە گوێرەی ئەوی بکەر کە نوێنەری نەتەوەیە گەڕانەوەیە بۆ ژێر سایەی کەلتووری زەردەشتی کە لێرەدا بە (ڕافزی) ناودەبرێت. ڕافزی بوون لە ڕوانگەی بەراوردکردن بە کەلتووری هاتوو کە نوێترە و ئەوی یەکەمی ڕەفز کردووە دروست بووە، ئەگینا لە ساتەوەختی پێش هاتنی کەلتووری پەرییاندا کەلتووری یەکەم کە ئێستا پەریزاد پێی ئاشنا دەبێتەوە ڕافزی نەبووە.

پەریزاد لە شتە پیرۆزەکان (خێڵی پەرییان) یاخی بووە و لەگەڵ شتە دزێوەکان تەماهی دەکاتەوە واتە (خێڵی ڕافزی)، ئەمەش سەرەتای یاخی بوونە، یاخی بوونێك کە دەشیا دەلالەتی هاوشانی لە پانتایی مێژووی ئێمەدا هەبوایە، ڕافزی بوون و ئاشنابوونەوە پێی دەلالەتێکی کەلتووری و مێژوویی قوڵتری هەیە و گەڕانەوەیە بۆ یادەوەری خۆمان، یادەوەری کوردانە کە لە گەوهەری ئاینی دێرینەی کورد تەقالیدی کۆنی نەتەوایەتی ئێمەدا ئامادەبوونی هەیە.

لێرەوە دوودڵی و گومان لای بکەری شیعرەکە دەردەکەوێت، کە ئەویش دوودڵی و گومانە بەرامبەر بە (ڕابردوو، ئێستا، بەرامبەر بە خێڵی پەرییان و خێڵی ڕافزی). ئەمەش قۆناغێکی نوێیە لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا چونکە لە ئەزموونی پێشتریدا گومان جێگای نەدەبۆوە بەڵکو بەردەوام یەقینی ئامادە خۆی پێشکەش دەکرد کە ئەویش لە شێوەی پێشمەرگە یان حزب یان سەرکردەدا بووە. بەڵام لێرەدا بە جۆرێکی

تـر دەڕوانێـت و لـە بەرامبـەر ڕوانینـە ڕابـردوو، ئێسـتا و داهـاتوودا بیردەکاتـەوە و ڕادەمێنـێ. هـۆی گەیشـتنیش بـە حاڵـەتی تێڕامـانی بیرکردنـەوە پـەی بردنـە بـە نائامادەبوونی (خود) کە لێرەدا بکەری شیعرەکە نوێنـەرێتی و گوزارشت لـە حاڵـەتی نائامادەبوون و ناکردەیی ئێمە دەکات. دەرکەوتنی گومان و دوودڵی و بە دوای ئەوەشـدا دروستبوونی حاڵەتی تێڕامان لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا سـەرەتای ئـەم ئەزموونـە نوێیە خاڵڕێژ دەکات لە ژیانی شیعری شێرکۆدا.

بکەری شیعرەکە دەیەوێت ڕۆحی زیندووبوونەوە (پەریزاد) بە هـەموو لایـەن و بـە هـەموو گۆشـەیەکی پانتـایی مێـژووی نەتـەوە ئاشـنا بکـات بـەو مەبەسـتەی پـەریزاد ناسنامەی تێکشکاوی ئەو مێژووە بناسێت و لەسەر ئەو بنەمایە بۆ بـە ئاکام گـەیاندنی پرۆسـەی بنیادنانـەوە ئاراسـتەی بکات، یـان لـە بـارێکی تـردا بکـەری شیعرەکە داوا لـە پەریزاد بکات ببێتە بکەری ڕووداو دروستکەری نێو مێـژووی تێکشـکاوی ئێمـە. بکـەری شیعرەکە (پەریزاد) بەنێو مێژوودا دەگێڕێت و سەرجەم شکست و هەرەسەکانی نیشان دەدات. پانتـایی ئـەو جوگرافیایـەی نیشـان دەدات کـە تراژیدیاکـانی هەرەسـی ئـەوی بکەریان تیا قەوماوە، تا دەیگەیەنێتە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆی:

(ئەی پەریزادی لە خێڵی پەرییان یاخی و بە خێڵی ڕافزی ئاشنا
نۆرەمە منیش بتخەمە ناو کەشتی گومان و دوودڵی خۆمەوە
کەشتی ڕاڕایی و بەدمەستی و گوناهی خۆمەوە بە جۆگەی شەراب و
ڕووباری ژەهر و بە کاوی تاواندا بتسوڕێنمەوە
بە شاری چوارمێخە کێشراوەی ویژدانی خۆمدا بتگەڕێنم).

بکەری شیعرەکە باری دەروونی خۆی ئاشکرا دەکات کە لە گومان و دوودڵیـدا دەژی، بەڵام گومان و دوودڵی بۆچی و لـەژێر چ کاریگەرییـەکدا؟ هـەر بـە دوای ئـەوەدا بکـەر باس لە گونـاهی خـۆی دەکات، بۆیە لێرەدا ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات بۆچی بکـەر گوناهبارە؟ ئەوەشی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە خۆی باس لە گوناهباری خـۆی دەکات. بۆیە لێرەوە دەلالەتێکی قوڵ لـە پشتی ئـەم دەربڕینـەوە دەردەکـەوێت کـە دان پیانـانی خـودی بکـەر ئاشـکرای دەکات. بکـەر دان بـەوەدا دەنێـت کـە خـۆی گوناهبـارە. تاکـە

لێكدانەوەیەكیش كە بۆ ئەم قسەیە بدۆزرێتەوە ئەوەیە كە بكەر بە ناوی نەتەوەوە دەدوێت و گوناهەكەشی ئەوەیە كە لە ڕاپەڕدوودا نەیتوانیوە خۆی بسەلمێنێت و ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات، واتە گوناهی بكەر گوناهێكی ئەنتۆلۆژییە و ئێستا كاریگەرییەكی مێژوویی و كۆمەڵایەتیشی هەیە كە ئەو كاریگەرییەش لە ڕوانگەی ڕوانینە ئامادەبوونی خودی بكەرەوە لە ئێستادا حاڵەتێكی سلبییە و جێكەوتێكی خراپی هەیە.

بكەر داوا لە پەریزاد دەكات بە شاری چوارمێخە كێشراوی ویژدانی خۆیدا بگێڕێت. لێرەدا مۆتیڤێك لە ئەفسانەی چوارمێخە كێشانەوەی مەسیح وەرگیراوە، بەڵام لە بری چوارمێخە كێشانەوەی خودی بكەر شاری ویژدانی چوارمێخە دەكێشرێتەوە. لێرەدا ویژدان دەلالەتی ماهییەتی ڕۆحی نەتەوایەتی ئێمە هەڵدەگرێت، شاریش ناوەندێتی یان پنتی فۆرمەلە بوونی ئەو ڕۆحەیە بە مەبەستی بڵندبوونی و كۆنترۆڵ كردنی بوونی ئێمە. شاری چوارمێخە كێشراوە جوگرافیای دابەشكراوی ئێمەیە. بكەر بە مەبەستی ڕێگا نیشاندان و شارەزاكردنی پەریزاد (كە وەك گوتمان هێمایە بۆ ڕۆحی زیندووبوونەوە) دەیە وێت نەخشەی ڕاپەڕدوو و ئێستای ئێمەی بخاتە بەردەم و سەرجەم درێژەی ڕووداوەكانی بۆ باس بكات هەتا ئاگاداریان بێت و لێیان تێبگات و لەسەر بنەمای ئەو تێگەیشتنە كاربكات. بكەر ڕاستەوخۆ دوای پێشكەشكردنی زنجیرەیەك لە ئەنجامەكانی شكستی خۆی لە مێژوودا، ئەو شكستانەی كە كردوویەتیە خودێكی نائامادە، خودێك كە لەنێو مۆزەخانەكاندا مۆمیا كراوە و هیچ ئامادەبوونێكی نیە لە ڕووی پراكتیكەوە دەیەوێت بە پەریزادە بڵێت ئەمە ئێمەین. ئێمەی فڕێدراو بۆ پەراوێزی مێژوو. بكەری شیعرەكە وای دەبینێ هەموو مێژووی ئەم زەمەنێكە پراكتیكی خۆسەلماندن و شارستانی بنیادنانی تێدا ئەنجام نەدراوە، جەستەی خەڵتانی خوێنە و خەونەكانی تەنها شوێنەواریان ماوەتەوە. هەر لێرەوە بە تەواوی هاوشانی بكەری شیعرەكە و كەسێتی نەتەوەیی ئێمە دەردەكەوێت. خەون و هیواكانی بكەر بە ئەنجام نەگەیشتوون و تەنها شوێنەواریان لە لاوەعیدا ماوەتەوە. بە هەمان شێوە پرۆسەی تێكشكاندنیش خەون و هیواكانی نەتەوەیان هەرەس پێ هێناوە و تەنها

شوێنەواریان لە لاوەعی کۆمەڵایەتیدا ماوەتەوە. دەشێ ئێستە بکەری شیعرەکە لە ساتەوەختی تێڕامانیدا بگەڕێتەوە بۆ پانتایی یادەوەری خۆی و لەوێدا خەون و هیواکانی کە خەون و هیوای ئەنتۆلۆژیانەن زیندوو ببنەوە، بە هەمان شێوە نەتەوەش لە ساتەوەختی ڕامانیدا لە بەرامبەر واقعیەتی نائامادەبوونیدا دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی، بۆ ئەو سەردەمانەی کە کورد تیایدا ئامادەبوونی هەبووە و خاوەنی کەسێتی مەعنەوی خۆی بووە، دەخوازێ ئەو کەسیەتییە دروست بکاتەوە، هەر ئەم ئارەزووی گەڕانەوەیە (پەریزادە) کە هێمای ڕابوونەوەیە بە خێڵی ڕافزی ئاشنا دەکاتەوە. ئەو خێڵەی کە یادەوەری ڕابردوو و هەوڵدان بۆ زیندووکردنەوەی ئەو یادەوەریانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ڕافزی ناودێر بکرێ. دیسان بکەر دەیەوێت بیبلۆگرافیای خۆی پێشکەشی پەریزادە بکات و نهێنییەك نەهێڵێتەوە لە بەردەمیدا چونکە وا تێدەگات ئێمە تاکو ئێستا لە ئەنجامی شاردنەوەی ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆماندا لە بارێکی وەهادا ماوینەتەوە کە نەتوانین دەستنیشانی شکستەکانمان بکەین. ئەوەتا دەڵێت:

(پەریزادەکەم ئەی پەریزادەی بێ دایك و باوك

نۆرەمە بە شاری چۆڵ و هۆڵی زراو تۆقیوی هاوارەکانی کۆن و نوێمدا

بتبەم و سەرە بڕڕاوەکانی خۆمت نیشان بدەم)

بکەر دەیەوێت پەریزادە بە هەموو نهێنییەکانی خۆی ئاشنا بکات، دەیەوێت پەریزادە بزانێت کە ئەم چ لە کۆن و چ لە ئێستاشدا هاوارەکانی نابن بە دەنگ، توانای خۆ دەربڕینیان نییە. بەڵکو ترساون، ترساندنێکی خنکێنەر، کە تاکو ئێستەش پڕکێشی خۆدروست کردنەوە ناکات.

بکەری شیعرەکە دەگاتە ئاستی خۆناسین و تێ دەگات کە ئەم هیچ ئامادەبوونێکی نیە نە لە ڕووی بنیادنانی شارستانی و نە لە ڕووی مێژووییەوە، بە واتایەکی دی تێدەگات کە ئەم لە ئاستی ئەوانی تردا لە پەراوێزدایە، هەموو کەوتنە پەراوێزێکیش لە ئەنجامی ناکردەییەوە دروست دەبێت. بکەری شیعرەکەش پەی بەو ڕاستییە دەبات و کە خۆی لە کوێدایە، دەشیەوێت ماهییەت و ئامادەبوونی خۆی بە تەواوی بۆ پەریزادە ئاشکرا بکات ئەوەتا دەڵێ:

(نۆرەمە، پەریزادەکەم! نۆرەمە، منیش پێت بڵێم
هێندە لە تەنکاودا ژیاوم، بووم بە ماسییەکی گەمژەی ئاوی دنیا
ئەوەتا نە زەریاکان پێناسەم ئەدەنێ و نە ئۆقیانووسەکان بڕوام پێ ئەکەن
هێندە لە گوێ ئاگردانی ورێنەکردنی باپیراندا دانیشتم و
ئەژنۆم دایە بەر چەناگەم و گوێم لە شڵپ و هۆڕی درۆیان گرت
ئێستا وەك سێبەرێکی کرێ خەواڵووی مێش لێنیشتووم لێ هاتووە).

بکەری شیعرەکە ئێستا سنوورەکانی درك نەکردنی بەجێ هێشتووە و بە پیرۆز و مەزن لە خۆی ناڕوانێت، مێژووی خۆی و کارکردنی لەو مێژووەدا بە ساکاری دەبینێ و ژیانی بێ پراکتیکیش لەو مێژووەدا ناسنامەی گەمژەێتی بەم بەخشیووە، ئەو گەمژەێتییەی کە فرێی داوەتە پەراوێزەوە ڕەنگە هەر ئەوەش ڕێگای تێکشکاندنی خۆش کردبێ. ئێستا گەر بکەری شیعرەکە ماسییەك بێت ئەوا زەریاکان ناسنامەی چوونە ناوەوەی نادەنێ و بڕوای پێ ناکەن کە ماسییەکە شایەنی مەلەکردنی نێو قوڵایی دەریایە. لێرەدا ئەگەر بکەری شیعرەکە بریتی بێت لە کەسیەتی نەتەوەیی کورد ئەوا (زەریاکان) بریتین لە شارستانی مرۆڤایەتی، لە ململانێی نێوان شارستانیەتەکاندا تەنها ئەوانە دەتوانن بوونی خۆیان بنوێنن کە لە بەرهەم هێنانی خودی ئەو شارستانیەتیانەدا جێگای دیاریان هەبووە. ئەوانەشی کە نەیانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنن ناتوانن لە ململانێی نێوان شارستانیەتیەکاندا هیچ جێگایەك بە دەست بگرن. دەلالەتی ئاشکرای ئەم وێنەیە پەیوەست بە خودی نەتەوەیی ئێمە سەد دەرسەدە، ژیانی پەراوێزی و پەرت و بڵاوی خێڵایەتی ئێمەی لە مێژوو فرێدایە دەرەوە و هیچ بوارێکی ئامادەبوون و خود سەلماندنی بۆ نەهێشتینەوە. ئێستاش بەو ماهییەتەوە مێژوو دەروازەکانی خۆیمان بۆ کۆناکاتەوە هەتا بێینە ناوەوە و ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین. بکەری شیعرەکە هۆی بە پەراوێزبوونی خۆی نیشان دەدات و ئەوەش ئەگەڕێنێتەوە بۆ پەیوەست بوونی بە سەرجەم بەهاو تەقالیدەکانی ڕابردووەوە بە جۆرێکی ئەوتۆ کە ئەم بە خامۆشی لە سێبەری باپیراندا شانی داداوە و هەموو کار و کردەوەکانی بەلاوە پەسەند بووە. بەڵام ئەوەش ئاشکرا دەکات کە باپیران

تەنها ورێنەیان کردووە نەیانتوانیوە پراکتیك بکەن، ئەمیش بەردەوام گوێڕایەڵی ئەو ورێنانە بووەو لە کاتی گوێ گرتنیشدا نەیتوانیوە هیچ پراکتیکێك بکات. بەڵام هەر خودی بکەر ئەوەش ئاشکرا دەکات کە ورێنەکانی باپیران درۆ بوون، ئەمەش لە لایەك درك کردنی بکەر ئاشکرا دەکات، لە لایەکی ترەوە پوچی و بێگەوهەری ئەو کەلتوورە نیشان دەکات کە ئێمە لە باپیرانەوە بۆمان جێماوە. کەواتە لێرەدا ئەو دەلالەتەی ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە لە تێڕوانینی بکەری شیعرەکەوە ڕابردوو پانتایەکی بۆش و دزێوە و جگە لە کاریگەری سلبی هیچ شتێکی تری لەسەر بوونی ئێمە لە ئێستادا نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو ڕابردووە لە کۆنەستی ئێمەدا بارێکی خراپی دروست کردووە کە ئەویش بەردەوام بوونی مانەوەی ئێمەیە لە حاڵەتی هەست کردن بە نائامادەبوون و هەست کردن بە گرێی هەست بە کەموکورتی کردن. بکەری شیعرەکە کە ئەو کەلتوورە قەیراناوییە لە دوایەوەیە بۆیە ناتوانێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر. ئەمەش دیسان هاوشێوەی کەسێتی نەتەوەی کوردە لە پانتایی مێژوودا، کە چۆن نائامادەبوونی ڕابردوو ڕێگای لە بەردەم ئامادەبوونی ئێستاشیدا داخستووە.

بکەری شیعرەکە بە تەواوی بیروڕای خۆی لەسەر کەسێتی خۆی بۆ پەریزادە بەیان دەکات کە دان پێدانانێکی بێ پەردەیە و مەگەر تەنها لە ساتەوەختی بە موگناتیس نواندندا مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی دان پێدانان و دەرهاویشتنی ئەوەی لە نەستیدا کەڵەکە بووە، ئەوەتا دەڵێت:

(ئۆها! من چ عیبرەتێکم بۆ مەرگی هەرزان

ئۆها! من چ عیبرەتێکم بۆ ئاخر زەمان!)

لێرەدا بە تەواوی دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە خۆی وەکو خاڵێکی دزێو و ناشیرین دەبینێ و وای بۆ دەچێت شایانی ژیان نیە چونکە ئامادەبوونی نیە. بە هەمان شێوە بکەری شیعرەکە وای بۆ دەچێت کە ئەم شایانی ئەوەش نیە ئامادەبوونی خۆیشی بسەلمێنێت چونکە زۆر بە گومانەوە سەیری ئایندەی خۆی دەکات، وای دەبینێ ئەم لە داهاتووشدا ناتوانێت ببێتە بکەرێکی خاوەن پراکتیك و ڕووداو دروست بکات. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت مادەم

بکەری شیعرەکە لە ڕابردوودا ئامادەبوونی نەبووە و نەیتوانیووە بەشداریی پرۆسەی بنیادنانی شارستانی بکات و ئێستاش پەیوەستە بەو ڕابردووە ئەوە مانای وایە ناتوانێت لە ئێستە و داهاتووشدا هیچ شتێکی ئەوتۆ بنیاد بنێ. بگرە وایشی بۆ دەچێت کە ئەم خۆی بە ڕوخسار و سیمای ئایندەی مرۆڤایەتی‌یەوە خاڵێکی ڕەش و بێ گەوهەرە.

جارێکی دی بکەری شیعرەکە (پەریزادە) دەدوێنێ و داوای گوێگرتنی لێ دەکات و ئاگاداریشی دەکات کە ئەم دەگەڕێتەوە نێو دەنگی (ئاناباز) و بە سواری ئەسپەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێو پانتایی مێژووی تەمومژاوی، بۆ نێو مێژوویەك کە دوو ڕووی هەیە، یەکەمیان هاتنی (زەینەفون) کە ساتەوەختی هەرەس و تێکشکاندنە بۆ بکەری شیعرەکە چونکە بکەرێکی دەرەکی لەسەر جوگرافیای ئەم، ڕووداو دروست دەکات. زەینەفون بە خۆی و لەشکرەکەیەوە کە بە دە هەزار کەس دانراوە و بریتین لەو جەنگاوەرانەی کە هاتوونەتە یارمەتی (کۆرش) لە ساڵی (٤٠١)ی پێش زایندا و بەو مەبەستەی یارمەتی (کۆرش بدەن تا کورسی فەرمانڕەوایی لە (ئەردەشیر)ی برای داگیر بکا. ئەم سوپایە کە (کریسۆفۆس و زەینەفون) سەرکردایەتییان کردووە لە گەڕانەوەدا بە کوردستاندا تێپەڕیووە و لەگەڵ کوردەکاندا داویانە بەیەکدا.

لایەنی دووەمی لێکدانەوەی گەڕانەوەی بکەری شیعرەکە بۆ نێو دەنگی (ئاناباز) واتە بۆ نێو ئەو کتێبەی کە زەینەفون لە بارەی ئەو ڕێکردنەوە بە کوردستاندا دایناوە ئەوەیە کە کورد لەو مێژووەدا ڕۆحی بەرەنگاری بەهێز بووە و ڕێگای نەداوە هەرکەسێ هات و بە ئارەزووی خۆی بە وڵاتەکەیدا بێت و بچێت. بکەری شیعرەکە لەم ڕوانگەیەوە وەکو مێژوویەکی پیرۆز لەو ڕابردووە دەڕوانێت و ئاواتەخوازی ئەوەیە کە ئێستا بیتوانیایە هەمان شێوە لە ڕووی داگیرکەرانی کوردستاندا بوەستایە.

هاتنی زەینەفون و سوپاکەی بێترس دەلالەتی نائامادەیی ئێمە لەو مێژووەدا هەڵدەگرێت بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێگە پێگرتنی کوردەکان دەلالەتی حسی خودپاراستن هەڵدەگرێت. دیارە حسی خودپاراستن جیاوازە لە هەستی نەتەوایەتی و پارێزگاری

کردن له جوگرافیای نەتــەوە و ناسـنامەی نەتـەوەیی کـە بـۆ ئـەو قۆناغـە مێژووییـەش ناشێت باسی هەست و هوشیاری نەتەوەیی بکەین.

کاتێ زەینەفون بێ هیچ دوودڵی و گومـانێك، بـێ ئـەوەی گوێ بـەوە بـدات کـە ئـەو پانتاییـە جوگرافییـە خـاوەنی خـۆی هەیـە دێتـە نـاوی و پێیـدا تێپـەڕ دەبـێ، بــە واتـا زەینەفون و لەشکرەکەی هیچ نرخێك بۆ کورد و دوای ئەویش بۆ ئەرمەن دانـانێت کـە بـێ گـوێ پێـدان بـە وڵاتـەکانیاندا تێدەپـەڕن. ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت کـە لـە ڕووی تێڕوانینی زەینەفونەوە ئێمە هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە.

زەینــەفون هــەڵگری خوێـــن و هــەرەس و تراژیدیایــە، تراژیدیایــەك کــە مــەیدانی پیـادەکردنی پانتـایی جوگرافیـای بکــەری شـیعرەکەیە. لـە لایـەکی تــرەوە زەینــەفون شارستانێتییەك لە پشتیەوەیە کە لە بەرهەمهێنانی (هزر و بازو و خوێن و دووکـەڵدا) داهێنەر بووە.

لـێرەدا حاڵـەتێکی جـووت جەمسـەری بـۆ خـودی زەینـەفون بەرجەسـتە دەبێـت کـە جەمسەری یەکەم (هزر= فیکر) پێناسەی دەکات و جەمسەری دووەمیش (بازو و خوێـن و دووکـەڵ) واتـە وێرانکاری و شـەڕ و ڕووخـاندن و لـەنێوبردن بەرامبـەر بــە فیکـر و عەقڵ لە کەسێتی زەینەفون دا ئامادەبوونیان هەیە. کەسێتی زەینەفون بەرهەمی فیکر و شارسـتانی گریکـە. کـە فیکـری هەیـە بـۆ لێکدانـەوەی شـتەکان و بازووشـی هەیـە بـۆ پاراستنیان. ئەوەتا دەڵێت:

(جارێکی دی ئەچمەوە ناو دەنگی –ئاناباز- و ئەسپەکەی
جڵەو ئەکەمەوە سەر ئەکەمەوە بە مێژووە خۆڵاوییەکەی داو توێژ
بە توێژی زەمان هەڵ ئەدەمەوە، دیسانەوە ئەبمەوە بە کالانی ئەوسا.
لە دەمادەمێکی ژەنگاویدا لە کازیوەیەکی حەپەساودا
-گەزنەفون-ی خاوەندی زرێ پۆشانی گریك
سەرکردەی هزر و بازووی جیهانی خوێن و دووکەڵ،
کوڕی پەرستگا ڕووناکەکانی –ئەثیناو-
ئەسپی ئاوی و شێری جەنگ بە مەشخەڵانی باکۆدانی زەمین

له دوای زەمین گەزنەفونی وەچەی –ئافیل- بە خۆی و دە هەزار سواری
تۆز لیٚ نیشتووی بیابانێکی دوورەوە، ڕەو، ڕەو، دەستە، دەستە
له دوای شەڕێکی دیکەی سوور هەڵگەڕاو
ڕوویان کردە ئەم وڵاتی دێو و درنجە..)

له پانتایی جوگرافیای شیعرەکەدا هەر لە سەرەتاوە تاکو گەیشتن و تێپەڕبوونی سوپاکەی زەینەفون بە کوردستان بکەری شیعرەکە بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە دەدوێت کەچی لەگەڵ گەیشتنی سوپاکەی زەینەفوندا بکەر چیتر بە ناوی کەسی یەکەمی تاکەوە نادوێت بەڵکو بە ناوی کەسی یەکەمی کۆوە دەدوێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەر ناتوانێت لە حاڵەتی تاکێتی خۆیدا بمێنێتەوە هەر بۆیە لەگەڵ کۆدا تەماهی دەکات و یەك دەگرێتەوە و بە پێی یاسا و سیستەمی عەقڵی دەستەجەمی دەجوڵێت. بکەری شیعرەکە دەزانێت بە تەنها ناتوانێت نە لە ڕووی سوپاکەی زەینەفون دا بووەستێت نە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات بۆیە خۆی لە بۆتەیەکی گەورەتردا نیشان دەدات بەو هیوایەی کە لە لایەك پارێزراو بێت و لە لایەکی تریشەوە بەرگری بکات.

بکەری شیعرەکە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی نێوان ئێمە و لەشکری زەینەفون دا گەلێك بەڵگەی شکست و بێ توانایی ئێمە نیشان دەدات، پەنا دەباتە بەر توخمە غەیبانیەکانی نێو پانتایی سیۆسیۆلۆژی ئێمە و بە هیوایە لەوێڕا تروسکەی سەرکەوتن بدۆزێتەوە، ئەمەش لە بنەڕەتەوە نائامادەیی عەقڵ و مەعریفەت دەردەخات. تا ئەو ئاستەی کە بکەر بەراوردی ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە ڕووی عەقڵەوە دەکات و ئەنجام ئێمەی مرۆڤ کە لێرەدا مەبەست ئێمەی کوردە لەگەڵ ئەوانی ئاژەڵدا هیچ جیاوازییەکمان نابێت، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە نییە کە بەرانە کێوییەکان گەشەیان کردبێت بۆ ئاستی ئێمەی مرۆڤ بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە کە عەقڵی ئێمە ئەوەندە گەشەی نەکردووە لەو مێژووەدا ببێتە هۆی جیاکردنەوەمان لە بەرانە کێوییەکان. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئێمە لە ڕابردوودا هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆمان نەبووە بۆیە نەمانتوانیوە شارستانی بەرهەم بهێنین و سەرباری ئەوەش بە ئاسانی

تێکشکێنراوین چونکە نەگەیشتووینەتە قۆناغێکی گەشەکردنی ئەوتۆ کە ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە، بە واتە لە ڕووی عەقڵی و فیکرییەوە هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە، ئەوەتا دەڵێت:

ئێمەش لەبەر باهۆزێکی ڕەشدا بەرەو ژوور هەڵئەهاتین
بانگی خواوەندە بەردینەکانمان ئەکرد.
پەنامان ئەبردە بەر مانگەشەوی تۆقیو،
پەنامان ئەبردە بەر بروسکە و چەخماخەی نیشتمانی هەورە کۆیلەکان،
داوێنی جادووگەرە ترساوە ڕیش درێژەکانی خۆمانمان ئەگرت.
عەقڵی ئێمە و بەرانە کێوییەکان لە یەکتر جودا نەدەکرانەوە،
چاوی ئێمە و چاوی گاشە بەردەکان هەریەك چاو بوون،
دەروونی ئێمە و دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان هەریەك شت بوون)

بکەری شیعرەکە پرۆسەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ئاژەڵ کە پرۆسە جوڵەیەکی پێچەوانەی گۆڕانی دایەلێکتیکی مێژووە بەرجەستە دەکات. کە مرۆڤ جیاوازی نەبێت لە بەرانی کێوی، چاوی مرۆڤ و چاوی گاشە بەردەکان و دەروونی مرۆڤ و دەروونی ئەشکەوتە نسرمەکان یەك شت بن واتە پرۆسەی (بەشتکردنی- التشیء) مرۆڤ ئەنجام دەدات. ئەمەش ڕۆحی ئەو گوتارە نوێیەیە کە شێرکۆ دوای گوتاری مانەوە بونیادی دەنێت.

لە کاتێکدا بکەری شیعرەکە ئێمە دەخاتە ئاستی بەرانە کێوییەکان، واتە وەستانی ئێمە لە ڕو وی سوپاکەی زەینەفون دا تەنها بە غەریزەی خودپاراستن بووە هەر چۆن هەموو زیندەوەرێك ئەو غەریزەیەی هەیە. هەرچۆن بەرانە کێوییەکان بە کۆمەڵ دەژین هەتا پارێزگاری لە خۆیان بکەن، هەر هەمان شێوەش غەریزەی کۆمەڵایەتی بوون و غەریزەی پاراستن لەو قۆناغەدا دژی سوپاکەی زەینەفون خێڵە کوردەکانی کۆکردۆتەوە.

بکەری شیعرەکە ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە ئێمە چۆن لە بەردەم شەپۆلی هۆردووی زەینەفون دا ترس دایگرتووین و پەنامان بۆ خواوەندە بەردینەکانمان

بـردووه و داوێنـی جادووگـەرانمان گرتـووه هـەتا ڕێگـای پاراسـتن و قوتاربوونمـان بـۆ بدۆزێتەوه. بەڵام ئەنجام ترسی لەناوچوون لە ڕووی سوپاکەی زەینەفون دا وەستانینی. گـەرچی ئێمـه ناخمـان لـه ترسـاندا سـەهۆڵبەندان و عەقڵیشـمان لـه ئاسـتی بەرانـه کێوییەکاندا بوو. هەموو ئەمانەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کە ئێمە لە ڕابردوودا هیـچ ئامادەبوونێکمان نەبو وه. لە هەمان کاتدا شاعیر لە پێناوی خستنەڕووی بـاری نالـەباری ئێسـتاماندا دەگەڕێتـەوه بـۆ ئـەو مێـژووه دێرینـه و لـه ڕووی یادەوەرییـەوه زەنگێکـی ترسێنەرمان بۆ لێدەدات و دەڵێت ئێمە هەر لە جێگـەی خۆمـانداین. بکـەری شـیعرەکە حاڵەتە یەك لە دوای یەکەکانی شکستی ئێمـه دەگێڕێتـەوه و پێمـان دەڵێـت زەینـەفون دوو برای گرتووه:

(لە بۆسەی باپێچێکدا دوو برایان دەستگیرکردم
گەزنەفۆن برا بچکۆلەکەمانی لە بەردەم ناوەنجیەکەدا
لە هەڵەموتێکەوه هەڵداشته خوارێ.
ئیتر ناوەنجیەکەمان کەوتە پێش ڕمەکان
کەوتە پێش مەرگی زرێ پۆش، کەوتە پێش تۆفان و بوومەلەرزە
ئیتر لەو ڕۆژەوه ئەو برایەم، برای نەوجەوانی نەعلەتیم
بوو بە دیرۆکی چارەنووسی بەردەوامی تا ئەمرۆم)

ئێستە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات بۆچی زەینەفون برا بچکۆلەکە بە بەرچاوی بـرا ناوەنجیەکەوه فڕی دەداتە خوارەوه؟ ئاشکرایە بـه مەبەسـتی ترسـاندنی بـرای نـاوەنجی ئەو کارە دەکات. دەشێ لێرەدا (برا) مەبەست لەو نەتەوانە بێت کـه لـه نـەژاددا نزیکـن لە کورد. زەینەفون برا بچکۆلەکەیان لە بەرزاییەوە فڕێ دەداتە خوارەوە هەتا هەرەسی مەعنـەوی بـه بـرای نـاوەنجی بـهێنێت و خـۆی بداتـه دەسـتی ڕمـەکان. دەلالـەتی ئـەو دەستگیرکردنە لـەنێو پانتـایی مێـژووی ئێمـەدا بەرهـەم دێـت و ئـەوی بـیرکراو دەبێتـە ڕۆحی زیندووبوونەوە. کە تاکو ساتەوەختی ئێستا پراکتیکی تەواوی نەکراوه. بەڵکو لە بۆتەیەکی داخراودا ماوەتەوە (دۆڵێك با نایگرێتەوە) ئەمەش لە ئەنجامی ناکاریگەری و نەتوانینی کا رکردنی بکەر واتا نەتەوەدا بووه بە درێژایی ئەو مێژووە کە لێرەدا بکەری

شیعرەکە لە کەسێتی برا ناوەنجیەکەماندا کە هەر لەو ساتەوە لـە ڕووی مەعنەویـەوە هەرەسی هێناوە ڕاستییەکی تاڵی مێژوویی- کۆمەڵایـەتی بـە گوێـرەی ئێمـە دەخاتـەڕوو ئەویش ئەوەیە کە حاڵەتی بەزین و هەست بـە کـەمی کردنـی ئێمـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئەو ڕەگ و ڕیشە مێژوویـیە بـە واتـە بکـەری شـیعرەکە پێمـان دەڵێ حاڵـەتی بـەزین و (دونیەت) لە کۆنەستی ئێمەدا مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە.

بکەری شیعرەکە لـە خۆبەدەسـتەوەدان و ملکـەچ کردنـی بـرای نـاوەنجی لـە بـەردەم ڕمەکانی دوژمندا بە هۆی سەرەکی هەموو هەرەسی ئێمە لە مێـژوودا دادەنێـت چونکـە بـۆ یەکـەمجار ڕۆحـی هـەرەس و خۆبەدەسـتەوەدان لـەوەوە دەسـتی پێکـرد، ئـەو ڕۆحـە نەفرەتیەی بەزینیش تاکو ئەم ساتەوەختە لـە نـاخی ئێمـەدا زینـدووە و چارەنووسمـان لەژێر کاریگەری ئەودا بەردەوام هەتك دەکرێت.

ئەگەر سەرنجی زەمەن بدەین لەو ساتەوەختەوە کە برای ناوەنجیمان کەوتـە پێشی ڕمـەکانی دوژمـن و بـوو بــە هێمـای هــەرەس و خۆبەدەســتەوەدانی هەمیشــەیی تــاکو ساتەوەختی ئێستا ئـەوا بۆمـان دەردەکـەوێت کـە لـە ڕووی پراکتیکـەوە هیـچ گۆڕانێکـی ئەوتۆ ڕووی نەداوە، تـاکو ئێسـتەش ئـەو ڕۆحـی خۆبەدەسـتەوەدانە زینـدووە و ئێمـەی کورد بێ جیاوازی ئامادەبوونی کەوتنە پێش ڕمی ئەو زەینەفونانەمان تێدایە کـە وڵات دەخەنـە ژێـر پـێی خۆیـان و داگیری دەکـەن. کەواتـە ئەگـەر لــە ڕووی کرۆنۆلۆژیــەوە سەیری بکەری شیعرەکە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە لە حاڵەتێکی جێگیردایەو ناتوانێ ڕووداو دروسـت بکـات کـە لـێرەدا مەبەسـتمان ڕووداوی پۆزەتیفـە چونکـە لــە دروسـت کردنی ڕووداوی پۆزەتیفدا بە گوێرەی ئێمە بکەرێتی دروست دەبێـت، پێچەوانـەی ئـەم هەڵوێستەش ئەوەیە کە بەردەوام ئێمە لە حاڵـەتی بـەرکارێتیدا بوویـن واتـە لـە پێشی ڕمەکانەوەین هەتا ڕۆحی خۆمان وێران بکەین.

بکەری شیعرەکە دوای گێڕانەوەی چەندین حاڵـەت کـە سـەرجەم دەلالـەتی شکسـتی خۆی بەرهەم دەهێنن، سێگۆشەیەکی پەیوەندی فۆرمەلە دەکات لە نێوان خـودی بکـەر (مـن) و پـەریزادە واتـە (تـۆ) کـە کەسـێتی نەتـەوە و ڕۆحــی زیندوبوونەوەیـە لەگـەڵ (مەرگ)دا، کە سێ جەمسەری لێك نەپچڕاون، ئەگەر (من) کەسـێتی نەتـەوە بێـت و لـە

حاڵەتی تێکشکاندنی ئێستادا (مەرگ) ئەنجامی پرۆسەی بەردەوامی ئەو تێکشکاندنەیە هەتا هۆکارەکانی دروست کردنی ئەو پرۆسەیە پوچ نەکرێتەوە، مەرگ حاڵەتێکی ئامادە دەبێت، کاتێ (تۆ) ڕۆح و هێمای زیندووبوونەوەیە ئەوا پووچکردنەوەی هۆکارەکانی تێکشکاندن بواری پیادەکردنی زیندوبوونەوە دەکاتەوە و ڕێگای بۆ خۆش دەکات. بە واتا لە ڕووی ڕاستییەوە زیندووبوونەوە و شکست دوو حاڵەتی دژ بە یەکن، ئامادەبوونی یەکێکیان مانای نائامادەبوونی ئەوی تریان، بەڵام کاتێ خودی بکەر فۆرمەلەی سێ گۆشە پەیوەندی لە نێوان دوو دژی (تێکشکاندن و زیندووبوونەوە)دا دەکات، حاڵەتەکە لەسەر ئەو زەمینەیە جێگا دەگرێت کە (من) وەکو کەسێتی نەتەوە لە ساتەوەختی یەکەم تێکشکاندنەوە تاکو ساتەوەختی لە دایك بوونی دەقەکە چەندین حاڵەتی بەرەو زیندووبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە بەڵام هیچ کام لەو حاڵەتانە نەبۆتە پرۆژەیەکی تەواوی زیندووبوونەوە. لەم بارەشدا لە دوای هەریەکە لەو حاڵەتانەی بەرەو زیندووبوونەوە کە ئاکامی تەواویان نەبووە خودێکی لاواز بەجێماوە، خودێك کە تا سنوورێ لەچاو حاڵەتی تەواوی تێکشکاندندا ئەم زیندووە، بەڵام زیندوویەکی، پراکتیك لاواز وەکو ئێستا بە ئاشکرا لە پانتایی جوگرافیای کوردستاندا دەبینرێت، کەواتە ئێستا پەیوەست بە خودی بکەری شیعرەکە کە نوێنەری نەتەوەیە، نە ئەوەتا پرۆژەیەکی زیندووبوونەوەی ئەوتۆ لە ئارادا بووبێت بە تەواوی خۆی دروست کردبێتەوە و توانای پراکتیکی تەواوی پێ دابێت، نە ئەوەتا بە تەواوی هەرەسی هێنابێت و (مەرگ) بە ئەنجام گەیشتبێت و ئەو خودە لاوازە لەناوچووبێت، بەم پێیە ئێستا خودی (من) خودێکی نیمچە مردوو یان نیمچە زیندووە بۆیە هەردوو حاڵەتی (مەرگ و زیندووبوونەوە)ی لە یەك کاتدا تیا ئامادەیە. ئەمەش لەگەڵ باری نەتەوەیی کورددا هاوشێوەیە. نە ئەوەتا تێکشکاندن بە تەواوی لە ناوی بردبێت نە ئەوەتا ڕۆحی نەتەوەیی بە شێوەیەك زیندووبووبێتەوە کە پاشماوەو جێکەوتی پرۆسەی تێکشکاندنی سڕیبێتەوە. هەر بۆیە مەرگ و زیندووبوونەوە لە یەك کاتدا لە کەسیەتی بکەری شیعرەکەدا پێکەوە دەژین و ئەو باری پێکهاتنی سێگۆشە پەیوەندییەیان فۆرمەلە کردووە.

-٤-

ئاواتی زیندووبوونەوە لەم شیعرەدا تەنها وەکو خواستن و ئارەزوو یان وەکو هێمایەکی بێ پراکتیك دەمێنێتەوە و بگرە ئاسۆ و ئایندەی بکەر لە بەرامبەریدا مەرگ ڕاوەستاوە. فرمانی دەقەکەش بۆ بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتە دەورێکی دیاری هەیە چونکە لە ڕووی تافەوە بەشی زۆری فرمان لە (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی)دا ڕابردوون یان ڕابردووی بەردەوامن بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە ئاماژەی بەرەو ئایندەش هەڵدەگرن ئەمە سەرباری بوونی ڕێژەیەك لە فرمانی ڕانەبردوو شان بە شانی ئاوەڵفرمانی کاتیش کە بەشێکیان درێژ دەبنەوە بۆ داهاتوو، ئەمەش دەلالەتی درێژبوونەوە و بەردەوامی کاریگەری تێکشکاندن بۆ داهاتووی بکەری شیعرەکە بەرهەم دەهێنێت. پێشتر شێرکۆ وێنەی (باوك، حیزب، سەرکردە، ڕابەر)ی دەکردە ئەڵتەرناتیف و وێنەی شکست و واقیعی شکستی پێ دەشاردەوە. بەڵام لەم شیعرەدا وێنەی شکست زیاتر زەق دەکاتەوە و سەرباری ئاماژەیەك بۆ ڕۆحی زیندووبوونەوە بەڵام لە بەرامبەریان لە جیاتی وێنەی حیزب و سەرکردە و ڕابەر لەم شیعرەدا (مەرگ) دادەنێت و دەیەوێت پێمان بڵێت مادام عەقڵی ئێمە و بەرانە کێوییەکانی جیاوازییان نەبووە ناشێ ئێمە زیندوو ببینەوە و ئامادەبوونمان بسەلمێنین. دیارە ئامادەبوونیش لەسەر بنەمای بەرهەم هێنانی شارستانی دەبێت.

لێرەوە بە ئاشکرا خەسڵەتەکانی ئەزموون و گوتاری شکست لای شێرکۆ دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. بنیادی ڕستەی تێکشکاوو دێڕی ناهاوسەنگ و نایەکسان لە ڕووی بڕگە و ئیقاعی ناوەوە و وێنە بە دوای وێنەدا و دەلالەت بە دوای دەلالەت دا بۆ بەرجەستەکردنی هەمان مەبەست و فرێدانی ژمارەیەکی نائاسایی لە ئاوەڵناوی کاریگەر نێگەتیف سەرجەم ناسەقامگیری باری دەرونی و فیکری بکەری شیعرەکە و بەوپێیەش شاعیر نیشان دەدەن و زیاتر خوڵقێنەری دەقەکە وەکو خالقێك نیشان دەدەن کە لە حاڵەتی شیزۆفرینیدا بێت بەرامبەر بە (ڕابردوو/ ئێستا)، (مەرگ/ زیند ووبوونەوە) و (ئەزموونی کۆن/ ئەزموونی نوێ) و (پاڵەوانی ئامادە/ تێکشکاندن) ئەمەش بنەماکانی ئەزموونی شکست کە ئەزموونی دان پیانانە لای شێرکۆ دەردەخەن.

شاعیر له ڕیزکردنی وێنەی بەدوایەکدا هاتوو کە سەرجەم حاڵەتێك لـە ئـەزموونی تێکشکاندن بەرجەستە دەکەن، یـان دەلالـەتی ئـەو شکسـتە بەرهـەم دەهێنـن دەکەوێتـە وێنـەی فڕێدانـی عەفەوییانـە، ئەمـەش ڕاسـتەوخۆ بـە کاریگـەری مۆتیڤـێ کـە پـەنگ خواردنەوەی کاریگەری پرۆسەی تێکشکاندنە لە دنیـای نـاوەوەی (نەسـت) بکـەردا. لـەم بارەشدا کۆمەڵێك ئاوەڵناوی نێگەتیف دەخاتە پاڵ توخمە کراوەکان:

(هەمیشەو هەمیشە و هەمیشە تەڕو پاراوە مەراقم
هەمیشە و هەمیشە هەمیشە وشك و برنگە ئارامم و
هەمیشە و هەمیشە و هەمیشە تینووە ئاوم
ئاگرم ساردو، سەرمایەتی و هەڵ ئەلەرزێ هەتاوم!)

بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوانە لەگەڵ ئەم ناوە وەسف کراوانـەدا یـان ڕاسـتەوخۆ مانایـەکی نێگەتیف دەدەن یان لە بارێکی قوڵـتردا ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرن کـە تێکـڕا ڕووی نێگـەتیفی توخمە وەسف کراوەکان نیشان دەدەن بـە مەبەسـتی زیـاتر چڕکردنـەوەی بـاری نـاکردەیی و نائامادەبوونی من واتە بکەری شیعرەکە (کە ئەویش نوێنەری نەتەوەیە) بەکارهێنراون.

بکەری شیعرەکە وا خۆی پێشکەش دەکات کە لە بنەڕەتەوە (ئـەم) وا دروسـت بـووە کە گاڵتە بە مردن واتــە (پرۆسـەی تێکشـکاندن) بکـات بـەڵام داخـۆ لـەژێر کاریگـەری چ مۆتیڤێکدا ئەم حاڵەتە دروست دەبێت؟

ئەوەتا دەڵێت:

(پەریزادەکەم! ئەز بۆ ئەوە زاوم قەبرم لە گوێ سەر بلەرزێ!
چ سەرێکی نەفرەتییە سەری من
ئەز بۆ ئەوە زاوم هەر ڕاکەم و هەر ڕاکەم و نەیشگەمێ
تراویلکەی کام قاقڕ و خۆڵستانە ئاواتم؟)

شاعیر ئەو گوتـە مەئلووفـەی لـە کـەلتووری کوردیـدا بـاوەو بـۆ کەسـێك دەگوترێـت لەسەر لێواری مردن بێت پێچەوانــە دەکاتـەوە و پێـی وایـە قـەبر لـە گوێـی سـەری ئـەم دەلەرزێ بە واتا بکەری شیعرەکە سیفەتی موتڵەقبوون دەدات بە خۆی کە لـە پشـتیەوە دەلالەتی هیوا و ئارەزووی نەمری وەستاوە و قەبر نــەفی ئـەکات. بـەڵام کاتـێ پرۆسـەی

تێكشكاندن هەموو قەوارەی خودی بکەری شیعرەکە دەگرێتەوە، ئەوا پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی بکەر بەرجەستە دەبێ. دواجار بە دوای سەری خۆیدا ڕادەکات. (سەر) دەلالەتی ناسنامە هەڵدەگرێت. بکەر بەردەوام لە دوای گەیشتن بە سەری خۆیدا دەگەڕێت بەڵام نایگاتێ. لێرەدا سەر دەبێتە ناسنامەی نەتەوە بە پشت بەستن بە جیهانبینی گشتی شیعرەکە بەڵام تاکو ساتەوەختی ئێستای لە دایك بوونی دەقەکە بە دەست هێنانی ئەو ناسنامەیە بە دەست نەهاتووە، دەلالەتی دووەمی گەڕان بە دوای سەردا بریتییە لە گەڕان بە دوای (فیکر و عەقڵ و مەعریفەت)دا کە ڕاستەوخۆ ئەمانەش یەکەمین هۆکاری سەلماندنی (بوون) و پێ بەخشینی ناسنامەن پێی چونکە ئەگەر فیکر و عەقڵ و مەعریفەت هەبوون ئەوا بکەری شیعرەکە ئامادەبوونی دەبێت و دەشێ ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر.

بکەری شیعرەکە ئەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو کارەساتی لەناوچوونی ئەسپەکەی لە ئێستادا نیشان دەداتەوە. واتە ڕابردوو لە ئێستادا ئامادە دەکاتەوە بەو هیوایەی بوونی خۆی بسەلمێنێت یان ئامادەبوونی لاوازی ڕابردوو بۆ شاردنەوەی شکستی دەقی ئێستا دەردەخاتەوە.

دوای تێکشکاندنی ئەسپەکەی (ئاناباز) بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەڵتەرناتیفی تر بدۆزێتەوە، جڵەوی چەندین ئەسپی تر دەگرێت، بەڵام هیچ ئەسپێك نایگەیەنێتە مەنزڵ. ئەوەتا دەڵێت:

(لە دوای کۆچی ئەسپەکەی ئانابازیشەوە
هەر جڵەوی ترە ئەیگرم و هەر سوارم و هەر غارێکی وەستاوم!
چەندین سەدە لە دوای گەزنەفۆنیشەوە
ئەو گاشە بەردەم بێوچان لە تل بوونەوەدام)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەری شیعرەکە واتە (ئێمە) هیچ جووڵەیەکی بەرەو پێشەوەی نەبوو کە بیگەیەنێتە سنووری پراکتیك و بیکاتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر. ئەمە لە ساتەوەختی پێکدادانیدا لەگەڵ سوپاکەی زەینەفون دا. دوای زەینەفونیش تاکو ساتەوەختی پێکدادانیدا لەگەڵ سوپاکەی زەینەفون دا. دوای زەینەفونیش تاکو ساتەوەختی ئێستا گاشە بەردێکە بەردەوام لە تل بوونەوەدایە.

(گاشەبەرد) یەکێك لەو چەکانە بوو کە کوردەکـان لـە بەرزاییەکانـەوە تلیـان دەکـردەوە بـۆ لـەنێوبردنی سـوپاکەی زەینـەفون. کەواتـە لـێرەوە گاشـەبەرد چـەند دەلالـەتێك هەڵدەگرێت. یەکەمیان بکەری شیعرەکە خۆی بۆتە گاشەبەرد و تل دەکرێتەوە، بە واتـا بکەرێك لە پشتیەوە ڕاوەستاوە و ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئـەمی (بکـەر)، هـەمان شـێوەی گاشـەبەردەکانی بـەکاردەهێنێت بـۆ دژایـەتی کردنـی کەسـانی تـر، ئەمـەش تـا سنووری دەلالـەتێکی مێژوویـی هـەڵدەگرێت لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا و مەبەسـتێتی بڵێـت ئێمـەی کـورد وەك ئـەو گاشـەبەردەین کـە کـاتی خـۆی خێڵـە کوردەکـان بـۆ لـەنێوبردنی زەینـەفون و سـوپاکەی بـەکاریان هێنـا. لـە لایـەکی تـرەوە (گاشـەبەرد) دەلالەتی مردوویی و بێگیانی و بێ جوڵەیی بەرهەم دەهێنێت، کاتێ بکـەری شـیعرەکە دەبێتە گاشەبەرد بە واتا لە حاڵەتی مرۆڤیەوە دەگۆڕێت بۆ حاڵەتی نامرۆڤی (شـتێتی) کە ئەمەش گەوهەری تێکشکاندنەو پرۆسەی بە نامرۆڤیکردنی مرۆڤە.

(تل بوونەوە) پرۆسە جوڵەیەکە دەبێ هێزێکی دەرەکی (بکـەری دەرەکـی) ئـەنجامی بدات، ئەمەش بـە پـێی کەسـێتی نەتـەوەیی ئێمـە دەلالـەتێکی ئاشـکرای هەیـە و ڕۆڵـی فاکتەرە دەرەکیەکان لە بەکارهێنانی ئێمـەدا بەرجەسـتە دەکـات. لێرەدا ئاماژەکردنێك بۆ داهاتووش هەیە کە ئەو حاڵەتی وەستاندن و تل بوونەوەیە بەردەوام دەبێت ئەویش فرمـانی ڕانـەبردووی بـەردەوام نیشـانی دەدات لـە (غـارێکی وەسـتاوم، بـێ وچـان تـل دەبێتەوە)، هەر لێرەوە بکەر هەست بە شکستی خـۆی دەکـات. دیسـان فرێدانـی هـەندێ ئاوەڵناو کە وەسفی بکەر یان کردار و ئامادەبوونی دەکەن، سەرجەم لاوازی و نـاکردەیی بکەر نیشان دەدەن و هەمان شێوەی کە لە سـەرەوە باسمـان لێـوە کـرد ئامـاژەی ئـەوەش دەکەن کە حاڵەتی لاوازی و ناکردەیی بکەر بۆ داهاتووش بەردەوام دەبێت واتە حاڵـەتی ناکردەیی بۆتە بەشێك لە مێژووی بکەر لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و بۆ داهـاتووش درێـژ دەبێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

(جوانترین مێژووی وەرینم
خێراترین تیشکی تەمەڵیم
قۆزترین سواری چەقینم)

هەرسێ ئاوەڵناوی (جوانترین، خێراترین، قۆزترین) کە ئاوەڵناوی پلەی باڵان لەگەڵ کۆمەڵە ناوێك دانراون کە لە ڕوانینە پێکهاتەی لۆژیکانەی زمانەوە نابێ ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ئەو ناوە نێگەتیفانە بەکاربهێنرێن. بەڵام دیارە زمانی شیعر پەیڕەوی پرنسیپی لۆژیکانەی بەکارهێنانی توخمەکانی زمان بە پێی سیستەمی ڕێکخستنی سینتاکسی ناکات، لێرەدا بەکارهێنانی ئەو ئاوەڵناوە پۆزەتیفانە لەگەڵ ناوی نێگەتیفدا حاڵەتی (دژە شوێنی) پێك دەهێنن. ئەوەش یان بە مەبەستی ڕەخنەگرتن لە هەڵوێستێکە یان نیشاندانی حاڵەتی شکستە کە چۆن پێکهاتەی زمانیش تێك دەشکێنێ، حاڵەتی تێکشکاندنی زمانیش زیاتر لەم شێوانەدا و لەژێر کاریگەری ئەم حاڵەتانەدا ڕوودەدات نەك ئەو شێوازەی ونبوونی زمان کە ئێستا هەندێ کەس پێوەی خەریکن لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا.

-٥-

بکەری شیعرەکە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ) یان (ڕۆژهەڵات/ ڕۆژئاوا) دروست دەکات و لەوێشەوە بەراوردی نێوانیان دەکات، ڕۆژئاوای ئامادە و خاوەن ناسنامە و پراکتیك و ئێرەی نائامادە و ون و بێ ناسنامە. بە هۆی بەکارهێنانی کۆمەڵێ سیفەتی گەشەوە ئامادەبوونی شارستانی ڕۆژئاوا لە بەرامبەر نائامادەبوونی ئێمەدا نیشان دەدات، بکەری شیعرەکە لە شاری (ڤینسیا) خۆی پێشکەش دەکات، زەمەن بریتییە لە ڕابردوو، بکەر لەنێو جوگرافیای ئەو شارەدا کە عیشقی (مانگە شەوو ئاوە) بە پێدانی کۆمەڵێ سیفاتی پۆزەتیف بۆ (ڤینسیا) واتە شارستانی ڕۆژئاوا مەزنی و زیندوویی و ئامادەبوونی (ئەوێ) دەسەلمێنێت، (مانگە شەو، ئاو) دەلالەتی زەمەنێکی ناسراو و ئاشکرا و زیندووبوونەوە و خاوێن بوونەوە هەڵدەگرن. لێرەشەوە (ڤینسیا) لە دوو ڕووەوە گرنگێتی خۆی دەسەلمێنێت یەکەمیان (ڤینسیا) دەبێتە زەمینەی ئامادەکردنی شارستانێتییەکی زیندوو، دووەم (زەمینەفون) لە چەقی ئەو جوگرافیاوە هاتووە کە ئەو شارستانێتی‌یەی تیا لە دایك بووە لە ێرە کەسێتی (بکەر- نەتەوەیی ئێمە)ی تێکشکاندووە، لە هەردوو بارەکەدا دەلالەتی ئامادەبوون و پراکتیکی (ئەوێ) لەگەڵ نائامادەبوون و ناکردەیی (ئێرە) دەردەکەوێت. ئەوەتا دەڵێ:

(لەویّ، لە "ڤینسیا" لە ڤینسیای عاشقی مانگەشەو و ئاودا
لە شاری سیحردا، لە شەویّکی زیویندا،
لەنێو -بارِ-ی بەلەمێکی پەمەییدا،
چرو چاوی خۆم نا، شیعرەکانم کچێکیان کردە هاورِێم
ئەم کچە فریشتەی ئاویی بوو، لە دوورگەی خەون و خەیاڵەوە هاتبوو،
نیوەی لەشی ماسی و نیوەکەی تری ئادەمی بوو، ئەبریسکایەوە
ئاوازێکی ئارووشەی داگیرساو بوو،
نەورەسێکی مێینە بوو، ناوی ئەلیزابێس بوو
کە لێم پرسی تۆ خەڵکی کوێی؟
پرشنگی دایەوە و وتی- من خەڵکی نیشتمانی هونەرم
باوکم ناوی شیعرە و دایکم ناوی مۆسیقایە و
هەر ئەوەندە لە رەچەڵەکی خۆم ئەزانم!)

شاعیر لەویّ لە رۆژئاوا بە کاریگەری شیعرەکانی کچێك دەبێتە هاورِێی. لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین شێرکۆ توانیویەتی ئامادەبوونی خۆی لەویّ بسەلمێنێت ئەویش بە هۆی شیعرەکانیەوە، واتە شێرکۆ بە هۆی داهێنانەکەیەوە دەتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا پەیوەندی بکات و لە ئاستی ئەواندا ئامادەبوونی خۆی نیشان بدات.

هەر ئەو ئامادەبوونەش کە ئەنجامی پراکتیك کردنەکەیە دەیگەیەنێتە ئاستی دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ (ئەو واتە کچەی ڤینیسی) لە پانتایی مێژوو و شارستانی رۆژاوادا کە مێژوو و شارستانێتیەکی خاوەن ناسنامەیە فەردی رۆژهەڵاتی بە ئاسانی ناتوانێت جێگای خۆیی تێدا بکاتەوە. ئەمەش ئەوە بەرجەستە دەکات کە خودی شێرکۆ وەك فەرد (تاکی خاوەن پراکتیك) کە فەردێکی داهێنەرە توانیویەتی لە پانتایی ئەو مێژوو و شارستانێتی‌یەدا هاورِیّ و هاوشان بدۆزێتەوە. بە واتا شێرکۆ وەکو فەردێکی داهێنەر بە ناسنامەی داهێنانەوە دەتوانیّ لە پانتایی ئەو شارستانێتی‌یەدا ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت.

بکەری شیعرەکە کە لەم حاڵەتەدا نوێنەری شاعیرە پرسیارێکی نەتەوەیی یان نەژادی لە کچەی ڤینیسی دەکات (تۆ خەڵکی کوێی؟) کچە وەکو فەردێك وەڵامی ناداتەوە، بەڵکو قەوارەیەکی گەورەتر لە خودی خۆی لە بەرامبەر بکەردا ئامادە دەکات کە ئەویش قەوارەی ناسنامە و شارستانیەتەکەیەتی. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کاتێ کچە خاوەنی ئامادەبوونی نەتەوەیی و مێژوویی و شارستانی و عەقڵ و فیکری بەرهەم هێناوە پێویستی بە ناسنامەی تایبەتی خۆی نییە چونکە ئامادەبوونی ئەم لە ئامادەبوونی ئەو قەوارە و ناسنامەیەدایە ئەوەتا هونەر دەکاتە ناسنامە بۆ نیشتمانەکەی و باوکی بە شیعر و دایکی بە مۆسیقا ناودەبات. ئەمەش جۆرێك لە شانازی کردن و هەست بە ئامادەبوون نیشان دەدات کە ئەوەش سیفەتی ئینسانی ڕۆژئاواییە.

دوای ئەوە بکەری شیعرەکە و کچەی ڤینسی پێکەوە سەفەری ئاسودەیی دەکەن و عاشقنامە دەخوێننەوە تا ئەنجام پێکەوە فاڵ دەگرنەوە و سەرنجی جۆراوجۆر دەدەن، لە یەك ساتەوەختدا سێ مێژوو، سێ زەمینە لە ڕووی بەرهەمی عەقڵی و فیکری ئەو سێ پانتاییەوە دەهێننە پێشێ کە ئەمەش دەلالەتی بەراوردکردنی لە ڕووی ئامادەبوون و ئامادەنەبوونەوە هەڵدەگرێ.

(لای فالگرەوەیەکی قەموری دەموچاو کوتراو
دوو فاڵمان گرتەوەو لە دواییدا قاقا پێکەنین
لەبەر جامخانەی کتێبخانەیەکی خەواڵوودا وەستاین و
لە یەك کاتدا تەماشای کتێبەکانی ماوو قەزافی و جان جاك
ڕ ۆسۆمان ئەکرد ئۆ پەریزادەکەم ئەو ساتانەیش بەختیاریم هەر شپرزە بوو
ئەوساتانەیش هەر گوێم لە ترپەی پێی مەرگ بوو)

لە یەك ساتەوەختدا تەماشاکردنی کتێبەکانی ماو و قەزافی و ڕۆسۆ مانای پێکەوە گرێدانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، وڵاتانی پێشکەوتو و دواکەوتو و یان بە دابەشکردنێکی تر (ناوەند و کەنار)، ئەوروپای (ناوەند) شارستانی و کەناری پەراوێز و دواکەوتو و نائامادە. لەوێ لە ناوەند عەقڵ و فیکر و شارستانی لە دایك دەبێت کە ڕۆسۆی

ڕیفۆرمیستی کۆمەڵایەتی نوێنەرێتی، بەڵام لێرەی (کەنار) کۆیلایەتی لە دایك دەبێ و لە بری ڕۆسۆکانی ئەوێ لێرە دیکتاتۆر دروست دەبێت کە قەزافی و ماو نموونەیانن، بکەری شیعرەکە تەنانەت لەو ساتەوەختەشدا کە توانیوویەتی ببێتە هاوڕێی کچە ڤینسییەکە واتا دوای سەلماندنی خود و خۆهاوشانکردنی بکەر لەگەڵ کچەدا کەچی هێشتا هەر ئاسودە نەبووە. بەڵکو مەرگ وەکو مۆتەکە خۆیداوەتە سەریدا، ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە بکەر لە نەستیدا پرۆسەی تێکشکاندن و کاریگەرییەکانی جێگیر بووە و هەموو ساتێ بە ئاگای دێنێتەوە و پێی دەڵێت:

(تۆ قەوارەیەکی تێکشکاوی، مێژووت لە پشتەوە نییە، خاوەنی شارستانی نیت، فیکرت بەرهەم نەهێناوە، ئیتر چۆن ئامادەبوونت دەبێت؟) بۆیە لەو ساتانەشدا دەگەڕێتەوە سەر ئاستی سروشتی خۆیی و هێڵی تەماهی کردنی لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا دەبڕێت و پێی وایە مادەم ئەم لە بنەڕەتەوە خاوەنی مەرجەکانی خودسەلماندن نییە و ناتوانێت خۆی نمایش بکات بۆ دەرەوەی خۆی، ئەگەر لە دەروازەیەکی ترەوە (بە هۆی داهێنانەوە) توانی خودی خۆی بسەلمێنێت ناشێ ئەو خود سەلماندنە لە پانتایی ئەوێدا بۆ هەتا هەتایە بمێنێتەوە.

ئەوەتا دەڵێت: (ئەو کاتانەش لە بەلەمێکی سەرنخوون ئەچووم).

بەڵام ئەلیزابیث واتە (ئەوێ) دەستبەرداری نابێت و لە پرۆسە جوڵەیەکدا شوێنێکی بۆ ئامادە دەکات و هەر لەوێشدا بکەری شیعرەکە کە لە کۆڕی داهێنەرانی دنیادا ئامادە دەکات. ئەوەتا دەڵێت:

(لەسەر مێزێکی ئەبەنووسی خڕ گوڵدانێکی پڕ لە گەڵا زەیتوون دانرابوو
چەند کەسێکیش دەوریان دابوو،
کە بەرچاوم ڕۆشن بووەوە ناسیمنەوە،
دانتی و کەپووە کەوانیەکەی، بتهۆڤن و قژە بژەکەی،
ڤان کوخ و گوێچکە بڕاوەکەی،
دستۆڤسکی و ڕوومەتە تێك قوپاوەکانی،
لۆرکا و پەڵە خوێنەکەی سەرسنگی

وەك مەلێکی ترساو لەسەر کورسی‌یەك هەڵکورمام
پەریزادەکەم: من هەر گوێگر بووم گوێگر
گوڵد انەکە چەند دووا منیش هەر ئەوەندە
لەو شەوەوە زانیم من هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم
شیعرم ئازارداوە، تەنکاوم خوێندۆتەوە،
ڕوانینم هەر ئەوەندەی چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیووە،
ئۆ! پەریزادەکەم!
ئەم کارەساتی عەقڵەیە چەند گەورەیە!)

بکەری شیعرەکە واتە شێرکۆ بە  هۆی داهێنانەکەیەوە ناسنامەی ئامادەبوونی کە کۆڕی داهێنەرانی وەکو دانتی و بتهۆڤن و ڤان کوخ و دستۆفسکی و لۆرکا وەردەگرێ بەڵام هێشتا لە بەردەمی ئەواندا بێدەنگ دەبێ، ئەوەش دوو دەلالەتی هەیە یان ئەوەتا شاعیرەکەی ئێمە لە ئاستی ئەو داهێنەرانەدا خۆی بە کەم دەزانێ، یان هەمان شێوەی ئەوان داهێنەرە (کە لە ڕاستیشدا هەر وایە) بەڵام کاریگەری شکست و جێگیربوونی جێکەوتی شکست لە نەستی بکەری شیعرەکەدا واتە شاعیر کە ئەویش بە هۆی نەبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوو و شارستانێتی‌یەکی دیارەوەیە لای ئێمە وا دەکات کە شێرکۆ لە ئا ستی ئەواندا خۆیی پێ بچووك بێت، بەڵام دەشی لە ڕاستیدا وای بۆ بچین کە بە گشتی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی لە مێژووی نوێدا ناتوانێت لە ڕووی کەلتوری ڕۆژئاوادا بوونی خۆی بسەلمێنێت.

ئەم کۆبوونەوەیە داهێنەرانی چەند مێژوویەکی جیاواز پێکەوە دەلالەتێکی  گرنگی هەیە ئەویش ئەوەیە کە داهێنان پەیوەندی بە کاتەوە نیە و پەیوەستی ڕەوتی کرۆنۆلۆژیکانەی مێژوو نییە، بەڵکو پرۆسەی داهێنان لە هەموو ساتەوەختێکداو لەگەڵ هەر نەتەوەیەکدا بەراورد بکرێت ئەو ئامادەبوونی خۆی دەسەلمێنێت و دەشێ لە یەك کاتدا پێکەوە مامەڵە لەگەڵ داهێنەرانی مێژووە جیاوازەکاندا بکرێت.

لە لایەکی ترەوە بکەری شیعرەکە خاسیەتی بە شتبوون (التشیء) دەداتە خۆیی و خۆی لەتەك (گوڵدانێکدا) هاوشان دەکات و سیفەتەکانی گوڵدانەکە کە لە باری

یەکەمدا جێگیری و نەدواندنە دەداتە خۆی. لێرەدا بکەری شیعرەکە هەست بە نائامادەبوونی خۆی دەکات و تێدەگات لە ڕووی ئەواندا هەر دەبێ گوێگر بێت چونکە شکاندنی سنوورەکانی بێدەنگی لە ئەنجامی ئامادەبوونی عەقڵ و فیکر و مەعریفەوە بەرجەستە دەبێت. بە واتایەکی دی (بکەر) کاتێ دەتوانێ بدوێ کە توانای دروستکردنی پرسیاری لە سنووری ئەو بازنەیەدا هەبێت کە بازنەی داهێنانە و عەقڵ و فیکر و مەعریفە فاکتەری خوڵقاندنین. بکەری شیعرەکە سەرباری توانای داهێنانی ئەو بنەمایانە لە پشتیەوە ڕانەوەستاون کەواتە ئەو چەکەی کە پێویستە بۆ ئەو جەنگەی داهێنەران لەو کۆبوونەوەیەدا بەکاری دەهێنن ئەمی بکەر (شاعیر) پێی نییە، واتە لەو کۆڕەدا توانای ئاخاوتنی نییە بۆیە دەڵێت:

(زانیم هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم

شیعرم ئازارداوە، تەنکاوم خوێندۆتەوە

ڕوانینم هەر ئەوەندەی چۆلەکەیەکی تەڕ فریووە)

ئێستا بکەری شیعرەکە دەرك بەوە دەکات کە شیعر یەك ڕوانین، یەك ئاراستە، یەك دیدو بۆچوون، یەك گوتار نییە، ئەو پانتاییەی شیعری ئەم کاری تێدا کردووە پانتاییەکی تەسك و ڕووکەشە واتە (تەنکاوە). کە لە ئەزموونی شێرکۆدا بریتییە لە ئیشکردن لە پانتایی مێژوودا و بە گوێرەی جیهانبینی شیعری ئەم بوارە تەسکە و تاك ڕەهەندی و تاك بینینی تێدا بەرجەستە دەبێت و بەرهەم هێنانی شیعریەتیش تیایدا ئاسان نییە چونکە زیاتر وەڵامی ئامادە لە پانتایی مێژوودا هەیە. بەڵام شێرکۆ خۆی هەست بە مەترسی ئیشکردن لەو پانتاییەدا دەکات، هەر ئەو ترساندنەش وای لە شێرکۆ کردووە بە وریاییەوە کاربکات و بە سەرکەوتووییش شیعریەت بەرهەم بهێنێت گەرچی مەودای ئیشکردن لەو بوارەدا تەسکە و لە مێژووش هیچ فێر نابین بەڵام شێرکۆ ئەو شاعیرەیە کە لە مێژوو داهێنانی مەزن دروست دەکات. گەرچی خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ڕوانینی بە قەدەر چۆلەکەیەکی تەڕ فریووە بەڵام لە ڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانەی شاعیر جۆرێك لە بچووك کردنەوەی ئاستی داهێنانی خۆیی تێدایە ئەمەش دیسان دەلالەتی هەست بە کەمی کردن لە ڕووی داهێنەرانی ڕۆژئاوادا

بەرجەستە دەكات. ئەمەش دەروازەی كردنەوەیە بە ڕووی ئەزموونی شكستدا، ئەزموونێ كە تیایدا هەست بە ئامادەیی و ناكردەیی و خود دەكرێت. لێرەوە شێركۆ سنوورەكانی ئەزموون و گوتاری مانەوە بەجێ دەهێڵێ و لە سنووری یەقینی ئامادە (كە پانتایی سیاسەت بێ دروستبوونی پرسیار تیایدا پێشكەشی دەكات) دەچێتە دەرەوە. ئێستا دەرك بە شكستی نەتەوە دەكات و لە ڕوانین و ڕامان لەو شكستەی تراژیدیای درێژخایەنی تێكشكاندنی كەسێتی ئێمەیە هێڵ و ئاڕاستەیەكی نوێ بۆ خوڵقاندنی ئەزمونێكی نوێ دەدۆزێتەوە.

هەستكردن بە نائامادە بوون و ناكردەیی بكەر دەگەڕێنێتەوە بۆ تێڕامان لە ماهیەت كەینوونەی عەقڵ و پێی وایە كارەساتی عەقڵ گەلێك گەورەیە و ئەوەی ڕێگای نادات بسرەوێت عەقڵە، لێرەشەوە ئەوە ئاشكرا دەبێت كە شاعیر گەیشتۆتە ئاستی پەیبردن بە ماهیەتی شتەكان. دیسان ئەم بۆچوونەی شێركۆ نزیك دەبێتەوە لە دێڕە شیعرێكی گۆران لە هەڵبەستی (تاوێ نەگەڕا)دا كە دەڵێت: (زیاتر سەبەبی عەقڵ و شعورە خەفەتی من) هەروەك نزیكیش دەبێتەوە لە دێڕە بەناوبانگەكەی ت. س ئێلیەت كە دەڵێت: (چی بكەم لەگەڵ ئەم هەموو مەعریفەیە). لێرەوە دەردەكەوێت كە بكەری شیعرەكە وای بۆ دەچێت كە (بوون/ نەبوون، ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون، كردار دروستكردن/ ناكردەیی..) پەیوەستی عەقڵ و ئیشكردنی عەقڵ و فیكرن. بەڵام (یەك ڕوانگەیی و تاك ڕەهەندی و مەلەكردن لە تەنكاوداو بوون بە گوێگر) دەلالەتی نائامادەبوونی بكەری شیعرەكەن لە ڕووی عەقڵیەتەوە، لێرەدا مەبەست لە عەقڵ بە مانا بایۆلۆجیەكەی نییە بەڵكو عەقڵ بە مانای عەقلانیەت و بەرهەم هێنەری فیكر و مەعریفە و تیرۆزەكردنی ئەو عەقلانیەتە و پەڕینەوەیە لە سنووری غەیبانیەت.

كاتێ بكەری شیعرەكە دووچاری كارەساتی عەقڵ دەبێت، بەرەو خوردبوونەوەو تێڕامان دەچێت و لە ئەنجامدا هەست بە كەم نموودی و نائامادەبوون و شكست دەكات و لەسەر ئەو بنەمایەش وای بۆ دەچێت كە بەرهەمی كاركردنی ئەو كە داهێنانی شیعرە دەمرێت. ئەم كارەساتەش وەهای لێ دەكات نەك هەر شكست و نائامادەبوونی خۆی بە ئاسەواری كارەساتی نەبوونی عەقڵ بزانێت، بەڵكو وا خۆی پێشكەش دەكات كە (ئەم) لە ئەنجامی پرۆسەی

کارەسات دروستکەرەوە خولّقاوە واتە خولّقێنەر لـێرەدا خـودی (کارەسـاتە)کانـە. کارەسـاتیش لە ئەنجامی (بیری زڕو نەزۆك)ی بکەردا دروست بووە، کەواتـە ئێستا دەتوانـین بلّێین کاتێ خودی بکەر لە ئەنجامی کارەساتدا تێکشـکاوە چیـتر نـەیتوانیووە ببێتـە خـاوەنی (هزرێـك)ی زینـدوو بەرهـەم هێـن، یـان بـە شـێوەیەکی دی کاتێ بکـەر خـاوەنی هزرێکی نــەزۆك بـووە، نەیتوانیووە بەرەنگاری خاوەنی هزرێکـی نـەزۆك بـووە، نـەیتوانیووە بـەرەنگاری ڕووداوەکـان بکات و ڕێگا لە تێکشکاندنی خۆی بگرێت. ئەوەتا دەلّێ:

(چیرۆك لە دوای چیرۆکم ئەمرن و شیعر لە دوای شیعرم ڕەق ئەبنەوە

من کوڕی کار ەساتم و کارەساتیش کوڕی ئەم هزرە زڕو نەزۆکەم)

ئەم حالّەتە جووت جەمسەرییەش لە سـنووری جوگرافیـای مێـژووی ئێمـەدا بۆتـە حالّـەتێکی هەمیشـە ئامـادە و خـودی بکـەر کـە بریتـی‌یـە لـە نەتـەوە تـاکو سـاتەوەختی ئێستا توانای لێ دەربازبوونی نەبووە.

-٦-

بکـەری شـیعرەکە ئـەلیزابیث دەخاتـە حالّـەتی نادیـارەوەو، جـارێکی دی (پـەریزاد) دەهێنێتـەوە نێـو پرۆسـەی گفتوگۆکـردن، هـەمان شـێوەی پێشـتر وێنـەکانی (شکسـت) بەرجەستە دەکاتەوە کە سـەرجەم نـاکردەیی و نـەتوانینی خودسـەلماندنە لـە بەرامبـەر (دەرەوەدا- ئەوانی تر)دا دەنوێنێ. تا ئەو ساتەی کە دەلّێ:

(من پەیامبەری ئازادی ژێر کەوتووی تۆم و

قەلّغانی مێژووی لە دەست پەڕیو و شمشێری نوشتاوەت

من بکوژی هەموو ئەو ڕووبارانەم

کە لە سەرچاوەی خوێنی تۆوە هەلّقولّین

بکوژی هەتاوی ڕوخسارت..)

لـێرەدا بکـەری شـیعرەکە دەبێتـە بکـەرێکی ڕووداو دروسـتکەر، بـەلاّم ڕووداوی نێگـەتیف دروسـت دەکـات دەرهـەق بـە ماهیـەتی پـەریزادە کـە پێشـتر وەکـو هێمـای زیندووبوونـەوە لێ‌ی دوایـن و بـە درێــژی شـیعرەکە وەکـو (بـۆ گـێڕەوە یـان گوێگـر) دەردەکەوێت. لێرەشدا ماهیەتی پەریزادە ئاشکراتر دەبێت کە ڕۆحی زیندووبوونەوەیە

بەڵام بکەری شیعرەکە دەیەوێت ئەو ڕۆحە بکوژێت یان بکوژی ئەو ڕۆحە بووە هەر لە دێر زەمانەوە.. ئەمەش ئەو دەلالەتە بەرجەستە دەکات کە ئێمە وەکو خودی خۆمان نەك هەر نەمانتوانیووە (ڕابوونەوە) بکەینە پراکتیك بەڵکو لە بارێکی تردا ئەگەر بە (ئاگاوە) بووبێت یان (نائاگایی) ئەوا بە ئاڕاستە جووڵەی ئەو پراکتیك کردنە هەنگاومان نەناوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە بکەری شیعرەکە واتە نەتەوە لە پرۆسە خۆکوشتنێکی بەردەوامدا بووە.

دوای ئەوەی کە بکەری شیعرەکە تاوانی کوشتنی ڕۆحی زیندووبوونەوەو هەرەس پێهێنانی دەخاتە ئەستۆی خۆی، بە ڕەهایی ئەو مافە دەدات بە پەریزادە کە سزای شایەن بەو تاوانەی بدات و بە سزای خۆیی بگەیەنێت. دیارە پەریزادە بە گومان و دوودڵییەوە لە ئەنجامدانی کارێکی لەوجۆرە دەڕوانێت بۆیە بکەری شیعرەکە داوای لێدەکات بڕیاری خۆی بدات و ئەمی عاشقی گوڵەگەنمی پەنجەکانی و بارانی سەوز و سوری و بەخت و لەشێتی پێویستە بێ دوودڵی بڕیاری لەنێوبردنی ئەم عاشقەی بدات، لێرەوە دەلالەتێك لە پشتی ئەم هەڵوێستەی بکەری شیعرەکەوە دەردەکەوێت کە ئەم هەڵوێستە نوێیەش دیدی خودی شاعیرە لەوەیدا کە پێمان دەڵێت تاکو ئێستە بزووتنەوەی کورد گەرچی خۆی بە عاشقی ئازادی و زیندووبوونەوە زانیووە کە پەریزادە هێمای ئەو زیندووبوونەوەیە، ئێستا بکەر گەیشتۆتە ئەو بۆچوونەی کە ئەم ڕۆحی زیندووبوونەوەی فریوداوەو ناشێت هیچ بە دەست بهێنێت بۆیە داوای لێدەکات کە ئەمی فریودەر بە سزای خۆی بگەیەنێت و چیتر ئومێدی ئەوەی پێ‌ی نەبێت کە ئەو ڕۆحە بەرزدەکاتەوە بۆ لوتکەی سەروەرێتی و خودسەلماندن و بوون.

بکەری شیعرەکە کە دوای پەیبردن بە ماهیەتی خۆیی و هەڵوێستی بەرامبەر بە ڕۆحی ڕابوونەوە، داوا لە پەریزادە دەکات کە ئەم بە سزای خۆی بگەیەنێ و لەبری ئەم ئەڵتەرناتیفی نوێ بدۆزێتەوە. ئەوەتا دەڵێ:

(پەریزادەکەم دە ئیتر بۆ دوودڵی و بۆ داماوی؟

لەم شەوە شوومەدا، لەم شەوە بەدبینەدا وەختێتی ڕابە و

عاشقە بکوژەکەت، دڵدارە چەقۆکەت، بارانە ژەهراویەکەت

گوڵە دوژمنەکەت کە منم من..

بە سزای ئەبەدی خۆشەویستی بگەیەنە و

عاشقی نوێ و مێژووی نوێ و گوڵی نوێ بخوڵقێنە!)

لێرەوە دەردەکەوێت کـە بکـەری شـیعرەکە ڕابـردووی خـۆی ڕەت دەکاتـەوە ئەمـەش دوو لێکدانـەوەی هەیـە. یەکـەمیان ئەوەیـە خـودی (بکـەر) کـە دەبێتـە نەتـەوە و تـاکو ساتەوەختی ئێستاش ئـەنجامی کردەکـانی هـەرەس و شکسـت بـووە، بۆیـە بـەو ئەنجامـە ڕازی نیە و داوای سەرزەنشتی خۆیشی دەکات و بگرە سزاش بـۆ خـۆی پێشـنیار دەکـات، لە باری دووەمیشدا پەیوەست بە خودی شاعیر ساتێ لەنێو کۆڕی داهێنـەرانی زەمینـەی شارسـتانی ڕۆژئـاوادا دادەنیشـێت هەسـت بـە لاوازی و نائامـادەبوونی مەعنـەوی خـۆی دەکات ئەزموونی خۆیی پێ کەم بەهایە و دەخوازێ مادەم ئەم تەنها (شیعری ئازار داوە و لـە تـەنکاودا مەلـەی کـردووە) کەواتـە شـایانی ئەوەیـە بـە سـزای (عیشـقی) ئەبـەدی بگەیـەندرێت کـە عیشـق بـوون دەلالـەتی سـپاردن بـە یـەقینی موتڵـەق هـەڵدەگرێت لـە حاڵەتێکی وەهاشدا گیانی ئەزموونگەری دەمرێت، ئەمەش لە ڕوانین بۆ خودی شـێرکۆ وەکو شـاعیرێکی داهێنـەر و تـا ڕادەیـەکی باشـیش ئەزموونگـەر حاڵـەتێکی ڕەتکراوەیـە، بۆیە دەخوازێ ڕۆحی ڕابوونەوە بکەوێتە بزاوت و ئەزموونی نوێ، مێژووی نـوێ، گوڵـی نوێ بخوڵقێنێت و سنووری ئەزموونی ئێستای بەجێ بهێڵێت.

-٧-

لە قەسیدەی (پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی)دا شێرکۆ لە دەرگای ئەزموونی شکسـت دەدات، ئـەزموونێك کـە یـەقینی ئامـادە کـە پێشـتر خەسـڵەتی جیـهانبینی شـیعر (ئـەو) بووە تا ڕادەیەك بەجێ‌ی دەهێڵێت، یـەقین و دڵنیـابوون بەرامبـەر بـە خـودی خۆیـی و ئاستی داهێنان و مێژوو و ناسنامەی خۆیی و نەتەوایەتی هەرەس دەهێنێت و دوودڵـی و گومان و پاشان تێڕامان بەرامبـەر مێـژوو و کەسـێتی نەتـەوە و کەسـێتی خـۆی وەکـو شاعیرێکی داهێنەر جێگای دەگرێتەوە، تێڕامانیش مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاسـتی نرخـاندن و هەڵسەنگاندن. هەر لەم ڕوانگەیەوە بکەری شـیعرەکە تـا ئەندازەیـەك لـە حەقیقـەتی ئـەو مەسـەلانە تێ‌دەگـات کـە پێشـتر بـە لایـەوە پـیرۆز بـوون و شـایانی ڕەخنـە لێگرتـن

نەبوون. ئێستا بە چاوێکی تر لێیان دەڕوانێت و لە ئەنجامیشدا سەرجەم بە کەم بەهاو نـزم و نائامـادە دەیــانبینێت و چیــتر ئــەو ڕاســتیەش ناشــارێتەوە، بــەڵکو بانگــەوازی ئاشـکرای خـۆی بەرامبـەر بـە بچووکی و ناپـیرۆزی ئـەو بابەتانـە دەکات کـە پێشـتر بـە لایەوە پڕ بەهاو پیرۆز بوون، لەم حاڵەتەشدا شاعیر شکستەکانی خۆمانمان نیشان دەدات و دەیەوێت برینەکانمان بکولێنێتــەوە بــەو مەبەســتەی ئــەوەی بــاوە نــەفی بکــەین و لــە دوای عەشقی نوێ و مێژووی نوێ و گوڵی نـوێ بگـەڕێین، هـەموو ئەمانـەش دەلالـەتی جۆرێـك لـە ئـایندەخوازی هـەڵدەگرن کـە ئـەوەش گەوهـەری جیــهانبینی (پــەریزادە و گوڵەکــەی دوژمنــی). واتــە ڕەتکردنــەوەی ئێســتا و واقیعــی بــاو و گــەڕان بــە دوای ئایندەیـەکی نـوێدا کـە بکـەری شـیعرەکە تیـایدا بگاتـە ئاسـتی داهێنــەرانی دنیـا و لــە حاڵـەتی (گوێگرێتـی) دەربچێت و بگاتـە ئاسـتی قسـەکەر واتـە ببێتـە بکـەرێکی ڕووداو دروستکەر.

سلێمانی

# ڕەهەندی گۆڕان
# لە شیعری ( ماك )ی شێركۆ بێكەس دا

ئەگەر لە قۆناغی ڕۆمانسیەتدا بنەمای سەرەكی شیعر خەیاڵ و سۆز بووبێت، ئەوا لە قۆناغی شیعری نوێدا ئەو پێودانگە هەڵوەشاوەتەوەو شیعریش سەرباری بنیادنانی دنیایەكی جیاواز لەوەی ئێمە لە واقیعدا دەیبینین، سەرباری جیاوازبوونی لەوەی بە لۆجیكی عەقڵ تێیدەگەین و لێی وردەبینەوە، واتە جیاواز لە هەموو ئەو كایانەی كە مل كەچی ئیشكردنی عەقڵن.. بەڵام هێشتا سەرچاوەكانی شیعری نوێ بە جۆرێك لە جۆرەكان وابەستەی ژیان و بوونن، مەودای خەیاڵ و یادەوەری چەندێ فراوان بن لە دروستكردنی دنیایەكی ئەفسانەیی و فانتازیدا، هێشتا دەروازەیەك دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعر و نهێنی شیعر و بەرهەمهێنانی شیعریەت بدوێین، لە دوای ئەو جیهانبینی‌یە بگەڕێین كە هەر دەقێكی زیندووی شیعری لە ڕێگای بەكارهێنانی زمانەوە بەرهەمی دەهێنێت، ئەگەرچی دەشێ هەرگیز ئاست و مەودای جیهانبینی و پرسیارەكانی هەر دەقێك نە جیهانبینی واقیعی شاعیر و نە پرسیارەكانی شاعیر بن لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا.

یەكێك لەو دەقە شیعریانەی دەمانەوێت لێرەدا لێی بدوێین، شیعری (ماك)ی شێركۆ بێكەسە. كە دەتوانین بڵێین ئەم شیعرە لە ئاستی بینراوی زماندا، سیناریۆی ژیانی پاڵەوانێك دەگێڕێتەوە، كە سەرجەم دەرەوەی خۆیی پێ دزێو و ناشیرین و نائامادەیە لە ڕووی پەرەسەندنەوە، تەنیا خۆی وەكو تیشك و ماكی هەر زیندەگانی و پەرەسەندن و دروست بوونێك دەبینێ دەشێ لە گەوهەردا ناونیشانی شیعرەكەش كە وشەی (ماك) مانای جۆرێك لە خاسێت یان هەوێنی جووڵە یان بوون و پەیامێكی جیاواز لە حاڵەتی باوی نێو پانتایی ژیانی كۆمەڵایەتی دەرەوەی دەقەكە بە گوێرەی ئەو كەسێتیە هەڵبگرێت، كە لە شیعرەكەدا بە ڕاناوی (من) وێنەكراوە. هەر ئەو خۆجیاكردنەوەیە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بانگەشەی جۆرێك لە نەرجسیەت دەكات، بەڵام لە هەمان كاتدا دانانی سنوورێكە لە نێوان حاڵەتە جیاوازەكاندا، لە نێوان كەسێك

که هەست بە بوون و ماهیەتی خۆی یان گرنگی و دەوری خۆی دەکات، لەگەڵ کەسێك یان هەموو ئەوانی تردا کە نە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن نە لە ڕاستیدا بوونیان هەیە، بوونێك کە خاسێتەکانی بوونی تێدا بدۆزرێتەوە. ڕاستە لێرەدا بانگەشە کردنی تاکڕەوانەی شاعیر هەیە بۆ بە گوتارکردنی تێڕوانینی خۆی لەسەر زەمینەی زمانی دەقەکەوە، کە ئەم حاڵەتەش دەگوازرێتەوە بۆ واقیعی دەرەوەی دەقەکە، هەر لێرەشەوە کاری خەیاڵ و ئەندێشە لاواز دەبێت و پرسیاری دەقەکە کە بریتین لە پرسیاری سیۆسیۆلۆژیانە، باڵادەست دەبێت. هەڵبەت مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نیە کە مادەم ئەم دەقە لە ئاستێکدا پەیوەستە بە واقیعێکی لەبەرچاوەوە، کە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەیە، ئیتر دەقێکی لاوازە، نەخێر بەڵکو لە بنەڕەتدا ئێمە دەمانەوێت لە پشتی زمانی دەقەکەوە، لە ئاستە نەوتراوەکاندا پەیوەندیی نێوان ناوەوە و دەرەوەی دەقەکە دەستنیشان بکەین، کە ئەمەیان کارێکی دروستە لە ڕوانین بۆ بەرهەمهێنانی شیعریەتدا. دیارە خاڵی لاواز و دیاریش لە زۆر بەرهەمی شیعری کوردیدا، گواستنەوەی واقیعی دەرەوەی دەقەکانە بۆ ناو دەقەکان، بەبێ ئەوەی خەیاڵ و ئەندێشە و پانتاییەکانی نەست هیچ دەورێکی بینیبێ لەو گواستنەوەیەدا لەم حاڵەتەشدا شیعریەت بەرهەم نایەت، واتە ئەوەی دەنووسرێت نابێت بە شیعر، بەڵام لەم دەقەدا ئاڕاستەی ئیشکردن زیاتر بە پێچەوانەوەیە و جووڵە لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە ئەویش لەگەڵ بەرهەم هێنانی شیعریەتدا.

لەناو ئەم بێشە چڕەدا

من وتم: تەنها درەختێ هەبێ و جوان بێ و

ئەستێرە بۆ دواڕۆژ بگرێ.. ئەوە منم

شاعیر بۆ ئێمە دەدوێت، بەڵام دیسان جگە لە خۆی هەموو ئێمە و ئەوانی تر پێکەوە کۆدەکاتەوە کە هەموومان جیاوازین لە ئەو، ئەو لە ئاستێکی باڵاتردایە لەو ئاستەی هەموو ئەوانی تری غەیری خۆیی تێدان. هەموو واقیعی دەرەوەی خۆی بە بێشە ناودەبات- دیارە بێشە وەکو دالێك ڕاستەوخۆ لە ئاستی یەکەمدا مەدلولی ئەو دارستانە چڕە یان سروشتی سەرەتایی دەبەخشێت کە تیایدا بەهێز بێهێز دەخوات.

بێشە لە مرۆڤـەکان پێکهاتووە، چونکـە مرۆڤـەکان شـوبهێنراون بـە درەختـەکان، بـەڵام هەموو درەختەکان ناشـیرینن و هیچیـان بـەرێك نـاگرن کـەڵکێکی سـبەینێی تێـدا بێـت جگـە لـە تاکـە درەختـێ کـە ئـەویش منـی قسـەکەرە، ئـەو قسـەکەرەی لــە ڕێگـای ئــەم شوبهاندنەوە خۆی لە هەموو ئەوانی تر جیاکردۆتەوە. کارێکی ئاساییە کە وای ببینـین (من)ی شاعیر لێرەدا بانگەشە بە زیندوێتی خۆی و نازیندوێتی ئەوانی تر بکات، دیسان ئەوەش بە ئاشکرا دەبینین منی شاعیر لێرەدا جیـاوازە لـە (مـن)ی شـێرکۆ لـە زۆربـەی بەرهەمـەکانیدا کـە بریتـیـە لـە (مـن)ی کـورد، بـەڵام لـێرەدا ئـەوەی خـۆی لـە هـەموو ئەوانی تـر جیادەکاتـەوە (مـن)ی شـێرکۆیە. بێگومـان ئـەوەش کـارێکی ئـاساییە چونکـە شـاعیر هـەرچۆن بیربکاتـەوە و هـەر جـۆرە ڕوانینێکـی هـەبێت، مـەرج نیـە شـیعرەکانی دەربڕینێکی ڕاستەوخۆی ئەو بیرکردنەوە و ڕوانینە بـن، ئەمـە جگـە لـەوەی کـە شـیعر پەیوەستی خەیاڵ و نەستە و دەشێ لە لایەك خەیاڵ یۆتۆپیـای بـە ڕەمزکردنـی (خـود) دروستبکات، لە لایەکی تریشەوە دەشێ نەست لە کاتی پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعردا بەشێك لە خواست و ئارەزو و لایەنە چەپێندراو و سـەرکوتکراوەکانی کەسـێتی شـاعیر فرێبداتە ناو پانتایی دەقە شیعرییەکانەوە. هەر لەسەر ئـەم بنەمایـەش جیاکردنـەوەی (مـن)ی قسـەکەر لـە سـنووری زمـانی دەقەکـەدا لـە لایـەن خۆیـەوە، پەیوەندییـەکی ڕاسـتەوخۆی بـە ڕابـردووی شـاعیرەوە هــەبێت و ئــەو دەربڕینــەش ئاشـکراکردنی نهێنییەکانی سەرپانتایی نەست بێت.

لەو ڕۆژەوە

شەڕی دارستان هەڵگیرسا

لەناو ئەم شاخ و داخەدا

من وتم: تاقە چیایەك هەبێ و سەرکەش

تاقە کەڵێ خۆری هەقی لێوە هەڵبێ،

ئەوە منم!

مێـژووی هەڵگیرسـانی شـەڕی دارسـتان دیـار نیـە، ڕەنگـە بکەوێتــە پێـش مێـژووی زانراوەوە، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە هەڵگیرسـانی ئـەو شـەڕە نیـە، بـەڵکو دیـاریکردنی

ناسنامەی (من)ی شاعیرە لەمیانەی بەستنەوەی خۆی بەو مێژووەوە، (من) هەموو واقیع دەشوبهێنێ بە دارستان، ڕەگەزەکانی نێو ئەو واقیعەش لێرەدا شاخ و داخە. من خۆی دەبێتە یەکێك لە چیاکان، بەڵام چیایەکی ئاسایی نا، بەڵکو چیایەك کە جیاوازە لە سەرجەم چیاکانی تر، ئەم چیایەکی سەرکەشە و خۆری هەقی لێوە هەڵدێت. واتە شاعیر بنیادی شیعرەکەی لەسەر بنەمای پەیوەندیی دووانەیەك دادەنێت کە لە نێوان خۆی و دەرەوەی خۆیدا دروستیدەکات، لەم کردەیەشدا هەموو ئەوانی تر لە جەمسەرێکدا دادەنێ و خۆیشی لە جەمسەرەکەی بەرامبەردا، ئەوانی جەمسەری دژی ئەم نەگەیشتوونەتە ئاستی بە دەست هێنانی ناسنامە، چونکە ئەوان ئەو درەختە زۆرانەی ناو بێشەن کە هیچ خاسێتێکی تایبەتییان نیە، ئەو چیا زۆرانەن کە هیچیان سەرکەش نین و خۆریشیان لێوە هەڵنایەت.

ئەم ئەو چیایەیە کە لە کەلێکیەوە خۆری هەق هەڵدێت. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات کە وشەی (هەق) دەخاتە بەردەم پرسیارەوە. کام هەق؟ ئایا هەق یەك چەمك و سروشتی هەیە؟ ئایا هەق لە یەك ڕوانگەوە دەبینرێت؟ هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ڕوانین بۆ چەمکی هەق و بۆ ئەو حاڵەتی نەرجسیەتەدا هەیە کە لە پشتی دەقەکەوە بە ئاشکراو لە سنووری زمانی دەقەکەشدا بێ خوردبوونەوە و شۆڕبوونەوە دەبینرێت، ئەگەرچی ئێمە نامانەوێت تەنیا لەسەر بنەمای زمانی دەقەکەوە، کە مەبەست زمانی یەکەمە، ئەو بڕیارە بدەین. بەهەرحاڵ ئامادەبوونی حاڵەتی نەرجسیەت لە کەسێتی (من)ی قسەکەری شیعرەکەدا دەشێ لەسەر بنەمای جۆرێك لە ڕوانین بۆ (هەق) دروست بووبێت، ئەویش (هەق)ە لە ڕوانینی خۆیەوە کە بێگومان ناشێت نە هیچ هەقێکی جێگیر و یەك لایەنە و یەك مەودا هەبێت، نە دەشێت هەق بە هەموو مەوداو ڕەهەندەکانیەوە لای تاکە کەسێك بێت. دەشێ هەمان ئەو گومانانەی بەرامبەر بە چەمکی حەقیقەت لە ئارادان، هەمان گومانیش دەوری چەمکی هەق بدات و لە بنەڕەتەوە گومان لەوە بکرێت کە تاکە هەقێك یان هەقێکی موتڵەق هەبێت.

ئـەم تێڕوانینـە سـەرەتاییە سـەبارەت بـە چـەمکی هـەق، کـە دواتـر لـە کۆتـایی شیعرەکەدا دەگۆڕێت، لەم سەرەتایەدا بەرجەسـتەی تـێڕوانینی گشـتی و بـاوی نێـو کۆمەڵگەیەك دەکات کە بڕوای بە یەك جۆر بیرکردنەوە و یەك جۆر لێکدانـەوە و یـەك جۆر ڕوانین هەیە وە هەموو هـەق و حەقیقـەتێکیش بـە تـاك ڕەهـەندی و بـە پێـوەری ئەو یەك جۆر ڕوانینە دەبینێ، کە بێگومان ئەم حاڵەتە وێنـەی واقیعی لەنێو پانتـایی ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـیی ئێمـەدا باڵادەسـتە. هەڵبـەت ئـەوە ئاشـکرایە کـە لـە ڕوانینێکی ئـاوا تـاك ڕەهەندانـەدا، نـەك هـەق و حەقیقـەتی ڕەها بـە دەست نایـەت و نـابینرێت، بـەڵکو ڕێژەیی بوونـی هـەق و حەقیقــەتیش دەکەوێتــە بــەردەم مەترسـی هەرەسەوە، چونکە کاتێ لە نیگایەکەوە دەڕوانرێتە دنیا، تەنیا گۆشەیەکی دەبینـرێت و ناشێت خاسێتی ئـەو گۆشـەی بەسـەر هـەموو بەشـەکانی تـردا بسـەپێنرێت یـان لـە بنەڕەتەوە هەموو ئەو گۆشەنیگایانەی تر ڕەت بکرێنەوە کە دەشێ لێیانەوە بڕوانرێت.

لەو کاتەوە

شەڕی شاخەکان هەڵگیرسا!

لەناو ئەم ڕەوە ئەسپەدا

من وتم: تاقە ئەسپێکیش هەبێ و ڕەسەن

حیلەیەکیش هەرگیز نەمرێ.. ئەوە منم!

شاعیر مێژوویەك بۆ ڕەسەنی خۆی دیاریدەکات، بەڵام ئەو مێژووە بـە نـەزانراوێکی تر ئاشکرا دەکات، ئـەویش مێـژووی دەسـتپێکردنی شـەڕی شـاخەکانە. شـاخەکان وەکـو ڕەگـەزێکی بـێ لایـەن لـە سروشـتدا دەبـێ شـەڕی ئـەوان چـی بگەیـەنێت، ئەگـەر وەکـو وێنەیەکی زمانی هەڵگری مانای تر نەبن؟ بەهەر حاڵ بـا لـێرەدا واز لـە شـاخەکان یـان ئەو مانایەی هەڵیدەگرن بهێنین و بگەڕێینـەوە بـۆ وردبوونـەوە لـە زاراوەی شـەڕ وەکـو ڕەگەزێکی زمان و بە پێی سیاقی دەقەکە لە دوای چەمك و ڕەهەندەکانی بگەڕێین.

زاراوەی شەڕ ئەوەمان تێدەگەیەنێت کە ناجۆرێتی و ئاڵۆزیی لە پـەیوەندیدا هەیـە، بـەڵام ئــەو شــەڕەی لـێرەدا بـاس دەکرێـت کـام شـەڕە؟ داخـۆ یەکـەم شـەڕی نێـوان زیندەوەرانە لە سروشتدا لە پێناوی بەدەستهێنانی خۆراکدا؟ یـاخود ئـەو شـەڕەیە کـە

زیندەوەران لە دارستانەکاندا وەکو غەریزە وەکو چەکێك بۆ خۆپاراستن و خۆسەپاندن بەکاریان هێناوە؟ یان شەڕی نێو دارستانەکانە کە تیایدا بەهێز بێهێزی تێکشکاندووە، بەو پێیەی ئەو یاسایە زیندەوەرانی ئێستا بە مرۆڤیشەوە نەوەی زیندەوەرە بەهێزەکانن. ڕەنگە ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە ڕاست بێت، ئەوا شەڕەنگێزی و خواستی لە ڕادەبەدەری مرۆڤ بۆ تێربوون و بۆ بەدەستگرتنی دەسەڵات لە ئێستادا، هەڵقوڵاوی یەکەم نەفرەتی شەڕ و یەکەم سەرکەوتنییەتی، کە بنەمای ئەو نەفرەت و سەرکەوتنەش هێزە.

بەهەرحاڵ، هەردوو بەرەی چیاکان دەستیان داوەتە شەڕ، ئیتر چیاکان هەر کام لەو لایەنانە بگرنەوە کە باسیان لێوە کرا، ئەوا دیاردەیەك بە جێگیری دەمێنێتەوە کە دیاردەی شەڕکردنە، لە بری یەکێتی و یەکبوون و دۆستایەتی. هەر لێرەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت کە لە سنووری ئەم دەقەیەدا مێژووی تۆمارکراو لە جەنگەوە دەستپێدەکات، یان بە مانایەکی تر سەرجەم ڕابردوو بریتی بووە لە جەنگ و پێکدادان، هەر بۆیە دیارترین خاڵی ناسینەوە لە پانتایی ڕابردوودا بۆ دەستنیشانکردنی (کات) دەستپێکردنی جەنگە. لێرەشەوە، لە ئاستێکی نەوتراودا، ئەو دەلالەتە بەرهەمدێت کە مێژوو بە جەنگ دەستیپێکردووە، ئیتر بۆچی یان چۆن چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئاشتی و یەکبوون و لێکتر نزیکبوونەوە ببێتە چارەنووس و کۆنترۆڵی ئاییندە بکات. هەر ئەم دیاردەیەش کە بۆتە خاڵی دەستنیشانکدنی سەرەتای (کات)ی زانراو پەیوەستە بە یەکەم (شوێن)ەوە، کە لە ناو دەقەکەدا بە بێشە نیشاندراوە یان ناوبراوە. واتە یەکەم مێژووی زانراوی نێو بێشەکە مەبەست دارستانە و سروشتی سەرەتایی و ژیانی قۆناغی سەرەتایی دەگرێتەوە، ئەو زەمینەیە کە مێژووەکەی لە ڕێگای شەڕەکانی ئەو قۆناغە خۆیەوە دەزانرێت.

لەسەر وەختی هەڵگیرسانی شەڕی نێوان چیاکانەوە ڕەوێ ئەسپ هەن کە دەشێ لێرەدا لە بوونی جۆرێك لە جیاوازیی نێوان چیاکان و ئەسپ دا بگەڕێین، ئەگەر چیاکان سروشت وەك خودی چیا نیشانبدەن، ئەوا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان ئەوان و ئەسپەکاندا هەیە، یەکەمیان واتە چیاکان بێ گیانن، بەڵام لە بەرامبەریان دا

ئەسپەكان زیندەوەرن، لەو زیندەوەرە ناعاقڵانەشن كە بەهایەكی بەرزیان لای مـرۆڤ و ئەم، واتە مرۆڤ، لەسـەر بنـەمای ئاسـتی كـەڵك وەرگرتـن و بـەكارهێنان ئـەو بەهایانـە دادەنێت. ئەمە جگە لەوەی كە ئەسپ لـە فەرهـەنگی بـەها جێگیرەكاندا هێمـای هـێز و توانایە. كەواتە دیسان لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو بۆچوونە دەبینەوە كە كاتێ مـرۆڤ بـەها دەبەخشێتە شتەكانی دەرەوەی خۆی، ئـەوا لـە ڕوانگـەی بـەرژەوەندی و ئاسـتی گرنگـی ئەو شتانەوە ئەو بەهایە دادەنێت، نەك لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ گەوهەر و ماهیەتی ئـەو شـتەوە. ئەمـەش دەمانگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو بۆچوونـەی ئـەمی مـرۆڤ تـەنیا ئـەوە بـە هـەق دەزانێـت كـە خـۆی بـە لایـەوە پەسـەندە یـان خـۆی كـەڵكی لێ وەردەگرێـت. یـان بـە بۆچوونێكی تر سەرچاوەی بەهادان بە شتەكان لای مرۆڤە، مرۆڤیـش وەكو زیندەوەرێكی عاقڵ. بە هۆی عەقڵیەوە هەم ناسنامە دەبەخشێتە شتەكان، هەم لە ڕێگای جیاكردنـەوەی ناسـنامەكانەوە جۆرێـك لـە جیـاوازی لـە نێـوان شـتەكاندا دروسـتدەكات. هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایەش (من)ی شاعیر خۆی لە چیاكان جیادەكاتـەوە و خـۆی لـە سـنووری ئەسـپەكاندا ناودەبات، لە قۆناغێكی تریشدا جیاوازی لە نێوان خۆی و ئەسپەكاندا ناودەبات، بـەڵام لـە قۆناغێكی تردا جیاوازی تر و تایبەتمەندتر بە خۆی دەبەخشێت، كە ئـەوەش جۆرێـك لـە نەرجسیەت لـە پشـتییەوە وەسـتاوە، دەشـێ بـە گوێـرەی كەسـێتی شـێركۆ خۆیشـی، ئـەم ڕوانینە لە نەسـتەوە گواسـترابێتەوە بـۆ نێـو پانتـایی دەقەكە، چونكە ئـەوە ئاشـكرایە لـە كردەی شیعریدا نەست ڕۆڵێكی كاریگـەر دەبینـێ بـۆ بارگـاویكردنی زمـان. شـوێنی شـێركۆ لەنێو شاعیرانی نەوەكەی خۆیدا، نەك لە ڕوانینی خۆیەوە، بەڵكو لە ڕوانینی بۆ ئەو كـارە ڕەخنەییانەشی كە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا لەسەری كـراوە، هـەروا لێـی دەڕوانرێـت و ئەگەر شاعیرانی نەوەكەی ئـەو ڕەوە ئەسـپێ بـن، ئـەوا ئـەم هـەم لـە ڕووی بەرهەمـهێنانی شیعریەتەوە، هەم لە ڕووی كاركردنی لەو پانتاییەدا كە پەیوەستە بە ژیانی ئێمەوە وەكو میللـەتێك، دەشـێ پـەی بـەوە ببـەین كە ئـەم لـە هـەمووان لـە پێشـتر و دیـارترە، واتـە ناسنامەی ڕەسەنیبوون لە ئاسـتی ناسـنامەی ئەمدایـە وەكو شـاعیرێك كـە جێگـای دیـاری خۆیی هەیە لە مێژووی شیعری سی ساڵی ڕابردووی ئێمەدا، ڕاستییەكەشی ئەوەیە ئەگـەر شاعیران بە ئەسپ شوبهێنرابن، ئەوا ئەم ئەسپی كەحێڵەیە.

ئەم دەنگی خۆی وەکو دەنگێکی جیاواز لە دەنگەکانی تر سەیردەکات و پێی وایە ئەوانی دی هەموو شێوەی ڕەوە ئەسپێکن کە جیاوازی نیە لە نێوانیاندا. نەبوونی ئەو جیاوازییەش بۆ خۆی، لە قۆناغی شیعری ئەم شاعیرەدا لە نێوان زۆربەی زۆری نەوەکەی ئەمدا، یەکێکە لە خاڵە هەرە لاوازەکانی ئەزموونی شیعریی ئەو قۆناغەی ئەم لە زۆر ڕووەوە توانیوویەتی تایبەتمەندی خۆی هەبێت، ئەو تایبەتمەندیبوونەش خاسێتی دیاری شیعرە. هەر دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینەشە کە شێرکۆ خۆی لە شاعیرانی تری نەوەکەی خۆی جیادەکاتەوە و پێی وایە تاکە دەنگێ کە توانای بەدەستهێنانی نەمری هەبێت دەنگی ئەمە، هەڵبەت ئەوەش جۆرێك لە پەی پێبردن نیشاندەدات کە مرۆڤ لە ژیانی ئاسایی خۆیدا بزانێت نەمری بەدەستهێناوە.

هەر لێرەوە دەتوانین وەها سەیری ئەم شیعرە بکەین کە جۆرێکە لە ئۆتۆبایۆگرافیای شاعیر و پەیبردن بە بوونی خۆی وەکو دەنگێکی جیاواز و تایبەتمەندە.

لەو دەمەدا
شەڕی ئەسپەکان هەڵگیرسا!
ئەم خوێنانە پێناچێ بکوژێنەوە
تا ئەو ڕۆژەی لەناو سەرما
ڕاستییەك دانەگیرسێنم:

مێژووی شەڕەکان کۆنن، چ شەڕی دارستان و چ شەڕی شاخەکان و چ شەڕی ئەسپەکان، کە زنجیرەیەکی زەمەنی یەك بە دوای یەکدان و بە پێی ڕێکخستنیان لە بنیادی شیعرەکەدا دوا شەڕیان شەڕی ئەسپەکانە. دیاریکردنی مێژوویەك کە لێیەوە شەڕی ئەسپەکان هەڵگیرساوە، تاکو ئێستا هێڵێکی درێژکراوەیەو تیایدا ڕژانی خوێن بەردەوامە. ڕاستەوخۆ لەوەش تێدەگەین هۆی بەردەوامی ڕژانی ئەو خوێنە چیە، کە شاعیر پێمان دەڵێت هەتا ڕاستییەك لە عەقڵیدا لە دایك نەبێت ئەو شەڕە ناکوژێتەوە. کەواتە تێدەگەین هۆکاری شەڕ بەندە بە عەقڵەوە، ئەگەر عەقڵ بگاتە ئەو ئاستەی ڕوانینی هەمەلایەنە و خوێندنەوەی هەمەلایەنە و بیرکردنەوەی فرە ئاراستە بەرهەمبهێنێت، ئەوا زەمینەیەکی تر بۆ پەیوەندیی نێوان بێشەکان و پەیوەندیی

نێوان چیاکان و پەیوەندیی نێوان ئەسپەکان دەدۆزێتەوە، ئەویش دەبێ لە ئاستی یەکەمدا کوژاندنەوەی ئەو خوێنە بێت کە لە مێژە دەڕژێت.

تاکو ئێستا مێژووی ناکۆکی و پێکدادان ڕووبەری شیعرەکەی داگیرکردووە، ئەمەش لە ئاستێکی قوڵتردا پێمان دەڵێت مێژووی ڕابردوو مێژووی شەڕ و پێکدادان بووە. مێژووی خوێن بووە، لێرەشەوە سەرنجمان بۆ ئەوە دەچێت ئایا مرۆڤ بە سروشتی و بە خۆڕسکی تینووی ڕشتنی خوێنە یان ململانێ لەسەر دەسەڵات وای لێ دەکات ببێتە مەخلوقێکی شەڕەنگێز و خوێنڕێژ، یان لە لایەکی ترەوە مێژووی شەڕ و خوێنڕشتن بە درێژایی ڕابردوو تاکو ئێستاش پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە لە مێشکی مرۆڤایەتیدا ئەو ڕاستییە لە دایک نەبووە کە تێبگات لە هەقێك و لە حەقیقەتێك زیاتر هەیە، لە ڕوانینێك و لە بینینێك زیاتر هەیە؟ گرنگیی ئەو جیهانبینییەی لە پشتی ئەم شیعرەی شێرکۆوە ڕاوەستاوە ئەوەیە، لە کاتێکدا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و عەقڵی کورددا تاکە ڕوانین و بۆچوون و بیرکردنەوەیەك گوتاری باڵادەستە و زەمینەی دان نان بە ڕوانین و بۆچوون و بیرکردنەوەکانی تردا نەڕەخساوە، ئەو بانگەشەی ئەوە دەکات هەموو ناکۆکی و شەڕ و خوێنڕشتنەکان دەرئەنجامی ئەو تێڕوانینە یەك ڕەهەند و تاك مەودایەن لە عەقڵی ئێمەدا، کە جگە لە خۆیان هیچی تر نابینن و ناتوانن دان بە بوونی هیچ جیاوازییەکدا بنێن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەرچۆن یەکەم پایەی ڕۆشنبیریی کوردی پایەی شیعری بووە، بە هەمان شێوە شیعر دەبێتە پانتاییەك بۆ بەرجەستەکردنی گوتارە جۆراوجۆرەکان لە مێژووی ئێمەدا، گوتاری شیعری بارگاوی دەبێت بە توخم و ڕەگەزەکانی گوتاری کۆمەڵایەتی. هەر لێرەوەیە شیعر لە پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیدا، شان بە شانی گوتاری شیعری، بۆتە بەرهەمهێنی گوتاری کۆمەڵایەتیش، ئەگەرچی ئەو گوتارە کۆمەڵایەتیە زۆرجار تەنیا لە سنووری گوتراوێکی نائەکتیڤدا ماوەتەوە و ئەنجام وەکو حاڵەتێکی بێگیان ماوەتەوە و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئاسەوارێك لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فیکری و ڕۆشنبیریی ئێمەدا بەجێبهێڵێت یان کاریگەریی دیاری هەبێت.

شاعیر پێی وایە هەتا ئەو ڕۆژە لەناو سەریا ڕاستیەك دانەگیرسێنێ جەنگەکانی خوێنڕشتن کۆتاییان نایەت. هەر لێرەوە پرسیار دەربارەی سروشت و گەوهەری ئەو ڕاستیە سەرهەڵدەدات کە ئەو کردویەتی بە مەرج بۆ کۆتاییهاتنی خوێنڕشتن، ئەویش داگیرساندنی ڕاستیەکە. لێرەدا پرسیار بەرامبەر بەو ڕاستییە سەرهەڵدەدات. کام ڕاستی؟ ئایا ئەوەی پێشتر بە هەقی دەزانی کاتێ دەیگوت تاکە کەلێ هەبێ خۆری هەقی لێوە هەڵبێت ئەوە منم، دەشێ ئێستاش هەر لەو هەقە بدوێ؟ ئایا دەبێ هێشتا وا بڕوانێت کە هەق لای ئەمە و داگیرساندنی ڕاستیەکەش لە سەری ئەمدا پەیوەندیی بەو ڕوانینەی یەکەم جارییەوە هەیە؟ ئینجا ئایا ئەوەی ئەو پێی وایە ڕاستیە، دەشێ ڕاستیەکی ڕەها بێت و لەهەر مەوداو ڕەهەندێکەوە بە تیشکەنیگای جیاوازیش لێی بڕوانرێت، هەر وەکو ڕاستی بمێنێتەوە؟ بێگومان وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لە کۆتایی شیعرەکەدا دەدرێتەوە و بە شێوەیەکی ئاشکرا گەوهەر و ماهیەتی ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات و هەر ئەو ئاشکراکردنەش جۆرێکە لە کرداری پەردەلادان لەسەر مێژوویەك کە تاکو ئێستا شاردنەوەو پەردە لەسەرنانی ڕاستیەکان بووەتە هۆکاری ئاژاوە و ناکۆکی و شەڕ و خوێنڕشتن تیایدا، دەشی لە ئاشکراکردنی هەموو پەردە لەسەرنراوەکان هەموو فاکتەرەکانی بارگاویکردنی جەستەی مرۆڤایەتی بە بارگەی شەڕ و خوێن لەکاربکەون یان سست بکرێن. هەر لێرەشەوە داگیرسانی ئەو ڕاستییەی شاعیر بانگەوازی بۆ دەکات، دەشێ سنوورێك لە نێوان ڕابردوو داهاتوودا دابنێت، ڕابردووی خوێنڕشتن و پێکدادان، ڕابردووی هەوڵدان بۆ سڕینەوە و پاسڤکردنی هەموو ئەوانی تر بگۆڕێت بۆ دانان بەوەی زەمەنی تاکە حەقیقەت و تاکە ڕاستی و تاکە بیرکردنەوە و تاکە ڕوانین و ڕەهابوونی شتەکان بەسەربچێت و سەردەمی دانان بە بوونی زیاتر لە ڕاستیەك و زیاتر لە تاکە بیرکردنەوەیەك و زیاتر لە تاکە ڕوانینێك و زیاتر لە تاکە ڕەهەندێك هاتبێت، ئەم دەقە لە گەوهەردا بانگەشە بۆ ئەو داهاتووە دەکات.

تا ئەو ڕۆژەی لەناو سەرما
ڕاستیەك دانەگیرسێنم!

که من هەرگیز هەموو جوانی و ڕەنگەکان نیم!

که من هەرگیز هەموو خۆر و شەوقەکان نیم!

که من هەرگیز هەموو ئەسپ و حیلەکان نیم!

له چرکەساتێکدا منی قسەکەری شیعرەکە دابڕانێك لەگەڵ ئێستا و ڕابردووی خۆیدا دەکات و تێدەگات کە ئەو نە تاکە درەختی جوان و نە تاکە چیای سەرکەش و نە تاکە ئەسپی ڕەسەنە. واتە دەگاتە ئەو بۆچوونەی شەڕی نێو دارستانەکان و شەڕی شاخەکان و شەڕی ئەسپەکان هەر بەو چاوە سەیری دنیای کردووە کە هەموو ڕاستیەکان لای ئەمەو ئەم خاوەنی بەرزترین توانا و بەرزترین لێهاتووییە لە هەموو بوارەکاندا. ئەگەر ئەم لێکدانەوەیە بگوازێتەوە بۆ ڕوانینی تایبەتی شاعیر لە دەرەوەی دەقەکەدا، ئەوا دەشێ وەهای لێك بدەینەوە کە ئەم شیعرە هەر چۆن بریتییە لە ئۆتۆبایۆگرافی ژیانی شیعری شێرکۆ، لە هەمان کاتدا دانانی ئەوە بەوەدا کە جۆرێك لە نەرجسیەت لە ژیانی ئەودا ئامادەبوونی هەبووە و جگە لە خۆی نەیتوانیووە ئەوانی تر ببینێت، ئەگەرچی من وەکو پێشتریش نووسیوومە (من) لە ئەزموونی شیعری شێرکۆدا بریتی نیە لە (من)ی شێرکۆ وەکو تاکە کەس، بەڵکو بریتییە لە (من)ی کورد، بۆیە دەشێ هەر لەسەر بنەمای ئەم تێڕوانینە وای بۆ بچین شێرکۆ بە ناوی کوردەوە قسەبکات و ئەوەی خۆی بە هەموو جوانی و ڕەنگەکان و هەموو خۆر و شەوقەکان و هەموو ئەسپ و حیلەکان دەزانێت ئەوە کوردە، بەڵام ئێستا (من)ی کورد لەوە تێگەیشتبێت کە ئەو بۆچوونە ڕاست نیە. کەواتە شێرکۆ لەم شیعرەدا گوتارێکی نوێ بەرهەمدێنێت، ئەویش ئەوەیە ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ بە پشت بەستن بە بنەماکانی فیکر و مەعریفەی نوێ ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکات کاتێ مرۆڤ وەکو تاك و وەکو کۆمەڵێ دەتوانێ وەکو بوونێکی خاوەن ئیرادە و تەواو خۆی دەربخات و خۆی بنوێنێ و بە کردەوە دان بەو ڕاستیەدا بنێت و کاریشی پێبکات کە ئەم نە خاوەنی هەموو ڕاستیەکان و نە خاوەنی هەموو جوانیەکان و نە خاوەنی هەموو بەها پڕ بایەخەکانە، بەڵکو ئەم چەمك و بەهایانە خۆیان ڕێژەیین و دەشێ هەر کەسە بە جۆرێك و لە ڕوانگەیەکەوە خاوەنیان بێت یان بیانبینێ، یان بەشداری لە بەرهەمهێنان و کارپێکردنیاندا بکات.

ئەم جیهانبینی‌یەی لە پشتی ئـەم دەقـەوە ڕاوەسـتاوە و زیـاتر لـە ئاسـتی نادیـاری دەقەکـەدا دەبیــنرێت ئەوەیــە، بــە درێژایــی مێــژووی دروســتبوونی زینــدەوەران بــە مــرۆڤ و ئــەوانی تریشەوە ناکۆکی و شەڕ و ئاژاوە و خوێنڕشتنی بـەردەوام دەرئـەنجامی تـێڕوانینی یـەك لایەنـە و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی ڕەها بووە. واتە پەیوەندییەك لە نێوان بـە دەسـتگرتنی دەسـەڵات و نـاکۆکی و شـەڕ و خوێنڕشـتندا هەیـە. بێگومـان خواسـتی بەدەسـتهێنانی دەسـەڵات کـارێکی ئاسـایی و ڕەوایـە، بـەڵام کاتـێ تاکـە بیرکردنەوەیـەك و تاکـە ڕوانینێـك لـە پشـتی دەسەڵاتەوە هەبێت، مانای وایە خاوەنی ئەو تاکـە بیرکردنـەوە و تاکـە ڕوانینـە، کـە نـاتوانن دان بـە بوونــی هیــچ ڕوانــین و بیرکردنەوەیــەکی تــردا بنێــن، بــۆ ســەپاندنی خۆیــان جەنگــەکان بەرپادەکەن و خوێن دەڕێژن. بێگومان ئەو خوێنڕشتنەش کۆتایی نایـەت هـەتا ئـەو تێڕوانینـە باڵادەست نـەبێت کـە پێی وایـە لـە دنیـادا زیـاتر لـە دەنگێـك و زیـاتر لـە ڕەنگێـك و زیـاتر لـە عەقڵێك و زیاتر لە بیرکردنەوەیەك و زیاتر لە حەقیقەتێك هەیە.

شـیعری (مـاك) سـیناریۆی ژیـانی پاڵــەوانێکمان بــۆ دەگێڕێتــەوە کــە بــە جێگــیری نامێنێتەوە، بەڵکو پاڵەوانێکە لە گرنگی گۆڕان تێدەگات و ئەو تێگەیشـتنەش بـەرەو جۆرێـك لە پەیبردنی دەبات. پەیبردن بە فرەڕەهەندی و فرەمـەودایی هـەموو بـیرو ڕوانـین و هـەق و ڕاستیەك و پەیبردن بەوەی نە هـەق و نـە ڕاسـتی و نـە جوانـی و نـە عەدالـەت و.. لای تاکـە کەسێکەو نە پێودانگ و نرخاندنی یەك ڕوانین و فیکر و عەقڵ ڕاست دەردەچێت.

(ماك)، وەکو ناونیشانی شیعرەکە، ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە هـەوێنی بۆچوونـی نوێـیە، بۆچوونێك کە ئومێدی ئەوەمان پێی هەیە ببێتـە حاڵـەتێکی هەمەلایەنـە و سـەرتاپای پانتـایی عـەقڵی و فیکری و کۆمەڵایـەتی ئێمـە بگرێتـەوە، ئـەویش هـەوێنی هەڵوەشـاندنەوەی بنـەما جێگیرەکانی هەر جۆرە بۆچوون و ڕوانـین و تێفکرینێکی بـاوە لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا. شێرکۆ لەم شیعرەدا بانگەشەی دانان بـە بوونـی ئـەوانی تـردا دەکات و دەگات بـەوەی کـە تـەنیا کاتـێ جەنگە خوێناوییـەکان و نـاکۆکی و پێکدانـەکان لـە مێـژووی مرۆڤـدا کۆتـایی دێـت، کـە ئـەو عەقڵیەتە لە دایك ببێت کە دان بـە هـەموو جیاوازییـەکاندا بنێت و هـەرچۆن شـەرعیەت بـە بوونی خۆی دەدات شەرعیەت بە بوون و ڕەوابوونی بەرامبەر بە دژ و نەیارەکانیشی بدات.

سەرەتای کانونی دووەم -٢٠٠١ سلێمانی

# پرۆژەی خوێندنەوەی ئەوانی تر
# لە نێوان بنیادنان و شکستدا
# لە قەسیدەی "ڕەنگدان"ی شێرکۆ بێکەس دا

قسەکردن لەسەر قەسیدەیەکی وەکو "ڕەنگدان" ناشێت لە تەنیا لێکۆڵینەوەیەکدا جێگای ببێتەوە بە لایەنی کەمەوە لەبەر دوو هۆ؛ یەکەمیان لەبەر درێژی قەسیدەکە. دووەم لەبەر ئەو ڕووبەرە فراوانەی کە ئەم قەسیدەیە لە زمان و هێما و مێژوو، سروشت و یادەوەریدا داگیری دەکات و لە پاڵ ئەوەشدا چۆنێتی کارکردنی ئەم ڕەگەزانە پێکەوە بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت و بۆ بەرجەستەکردنی جیهانبینییەك کە لە ئەزموونی شێرکۆدا ئەو جیهانبینییە مێژوویەکی کۆنی نییە و ئەوەندەی من ئاگادارېم لە ئەزموونی ئەم شاعیرە، سەرەتای ئەم جیهانبینییە لە شیعری "ماك"ەوە دەست پێدەکات. ئەو جیهانبینییەش بینینی فرەدەنگی و فرە ڕەنگی و بەرجەستەکردنیەتی.

با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین: ڕەنگ چییە؟ چ مانایەك هەڵدەگرێت؟ بۆچی شاعیر "ڕەنگ" لەگەڵ پاشگری "دان" دەکاتە ناونیشانی ئەم قەسیدەیە؟

ڕەنگە لێرەدا پێویستمان بە پێناسەی فیزیاوی ڕەنگ نەبێت بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە ڕەنگ و پێناسەی ڕەنگ بپرسین، لەم ڕوانگەیەشەوە ڕەنگ دەبێتە پێناسە بۆ جیاکردنەوە، بۆ جیاوازی بۆ لێك نەچوون. کەواتە ئەو مانایەی ڕەنگ هەڵیدەگرێت لە گەوهەردا جیاکردنەوەی شوناسە. هەر ڕەنگە و دەلالەتە بۆ شوناسێك، بۆ ئاڕاستەیەك بۆ جۆرێك لە بیرکردنەوە، بۆ جۆرێك لە ڕوانین. ئەو ناونیشانەی کە شاعیر بۆ ئەم قەسیدەیەی هەڵبژاردووە و لە ڕووی زمانەوە مانای شوێنی ڕەنگ دەگەیەنێت، سەرنجمان بۆ سەرچاوەی چەندین ڕەنگی جیاواز ڕادەکێشێت، کەواتە ئەو سەرچاوەیە چییە یان لە کوێیە یان کێیە؟ هەر لەگەڵ چوونە ناو سنووری دەقەکەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەو سەرچاوەیە خودی شاعیر خۆیەتی کە ڕەنگەکانی لێوە بەرهەم دێت کەواتە شوێنی دروست بوون و بەرهەم هاتنی دەنگەکان لە دەرەوەی

کەسێتی شاعیردا نین، هەر بۆیە لێرەوە شاعیر لە نێوان خۆی و دەرەوەی خۆیدا پەیوەندییەك دروست دەکات، پەیوەندی ئەمی بەرهەمهێنی ڕەنگەکان لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا واتە لەگەڵ بینەر و وەرگر و مامەڵەکەری ئەو ڕەنگانەدا. کەواتە لێرەوە جارێکی تر ئەو پرسیارەی کە پەیوەستە بە گەوهەر و ناسنامەی ڕەنگەوە هەم لە ڕوانگەی خودی بەرهەمهێنی ڕەنگەکان خۆیانەوە، هەم لە ڕوانگەی تێڕوانینی ئێمەوە سەرهەڵدەدات. ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئاشکراکردن و پەردەلادان نیە لەسەر گەوهەر و ناسنامەی ڕەنگەکان، بەو ئەندازەی کە مەبەستمانە چۆنێتی کارکردنی شاعیر بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت و بەرجەستەکردنی جۆرێك لە جیهانبینی کە لەو دیوی تاك ڕەنگی و تاك دەنگی‌یەوەیە بخەینە بەردەم پرسیارەوە. هەر لە سەرەتاشەوە ناونیشانی دەقەکە جۆرێك لە ئاماژەمان بۆ لایەنگیری زیاد لە ڕەنگێك پێشکەش دەکات، ئەوەش لە ئاستێکی تردا دەبێتە سەرەتا بۆ گرانەوە بە دەرەوەی خۆدا، بۆ بینین لەو دیوی تەنیا بینینێکەوە، بۆ سەرنجدان لە زیاتر لە پنتێکەوە، بۆ ئاڕاستەکردنی ڕوانین لە زیاتر لە تاکە ئاڕاستەیەکەوە. کە بێگومان سەردەمی ئێستا لەگەڵ ئەوەدا کە سەردەمی تایبەتمەندییە لە کار و چالاکیدا. بەڵام سەردەمی فرەیی و هەمە دەنگی‌یە لە بیرکردنەوەو پەسەندکردندا.

من بە یەك ڕەنگ، یەك درەختم کرد بە دۆستم
ڕەهەندێکیش بوو بە مەودا بۆ ڕوانینم
من بە دوو ڕەنگ، دوو باڵندەم هێنایە ناو هەڵبەستمەوە
دوو ئاسۆگەیش بوون بە مەراق بۆ فڕینم
من بە سێ ڕەنگ سێ پەنجەرەم لەسەر خەیاڵیم کردەوە.

کاتێ شاعیر یەك ڕەنگی پێ پەسەند دەکرێ و یەك ڕەنگ دەپەرستێ و یەك ڕەنگ دەبێتە ئامانج و بەرنامەی ژیانی واتە هەموو ڕەنگەکانی تر ڕەت دەکاتەوە، لەم حاڵەتەشدا هەموو بنەماکانی فرەدەنگی دەکوژێت، بوارێك نامێنێتەوە بۆ جیاوازی، بوارێك نامێنێتەوە بۆ قبولکردنی ئەوانی تر، بێگومان لە هیچ کات و شوێنێکدا تاکە دەنگ و تاکە ڕەنگ نابنە بەڵگەی بوونێکی تەواو و خاوەن ناسنامە تەنیا لە ڕوانینە

ئاینییەکانەوە نەبێت کە بوونی تەنیا خوایەك و تەنیا پەیامێك و تەنیا ڕاستییەکی موتڵەق پێی لەسەر دادەگیرێت و فیکری دینیش لەسەر بنەمای ئەو تاك پەرستی و تاك بینین و تاك ئاڕاستە کردنە بیناکراوە. هەڵبەت لە دەرەوەی فیکری دینیش هیچ فیکری و ڕوانینێکی تر نیە کە بتوانێت ببێتە فیکر و ڕوانینی موتڵەق و تەنیا ڕاستی و تەنیا حەقیقەت بێت.

کاتێ یەك ڕەنگ دەپەرستی و یەك ڕەنگ قبوڵ دەکەیت مانای وایە هەموو ڕەنگەکانی تر ڕەت دەکەیتەوە، هەر ڕەتکردنەوەیەکیش بریتییە لە جۆرێك لە کوشتن کەواتە لە ڕەتکردنەوەی ئەوانی تردا تۆ پرۆسەی کوشتنی ئەوانی تر ئەنجام دەدەیت، لە بارێکی وەهاشدا سیماکانی جوانی دەکوژرێن، دەنگە جیاوازەکان دەخنکێنرێن، زەمینە بۆ ئەوە ئامادە دەکرێت کە هەمووان لە کەسێتی یەك کەسدا کۆببینەوە و یەکێك بۆ هەموومان بیربکاتەوە.. دیارە ئەوەش نەك هەرباری سروشتی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتی و مێژوویی کەلتوورییەیە کە ئەم دەقەی تێدا بەرهەم هاتووە بەڵکو باری سروشتی هەموو ڕۆژهەڵاتە کە زەمینەی بەرهەم هاتنی ئەم دەقەیەش دەکەوێتە ئەوێوە. هەڵبەت هەر ئەم تاك ڕوانین و پەسەندکردنی تاك ڕەنگییەیە کە ڕۆژهەڵاتی کردۆتە زەمینەی بەرهەمهێنانی تاکە فەرمانڕەوا و تاکە عەقڵ و تاکە سەرکردە و تاکە حیزب و هەموو ئەمانەش بەبێ جیاوازی یان دیکتاتۆرێکی موتڵەقن یان کۆرپەلەی ئەو دیکتاتۆرە لە ڕۆحیاندا یان لە هەناویاندا دەژی و لە چاوەڕوانی هەلی لە دایك بووندایە.

شاعیر هەر لە دەستپێکی دەقەکەوە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە یەك ڕەنگ، یەك دۆست پەیدا دەکات، یەك بینین بەرەو یەك ئامانج دەڕوات، هەموو ئەم حاڵەتانەی کە "تاك یان یەك" دەکەوێتە پێشیانەوە لە گەوهەردا پرۆژەی کوشتنی ئەوانی تر و کوشتنی جیاوازییەکانیان هەڵگرتووە.

شاعیر ئەمجارە و لەم دەقەدا زیاتر لە خۆیەوە دەست پێدەکات و خۆی وەکو بکەری ڕووداو دروستکەر پێشکەش دەکات و ئەوەی دەبێتە سەرچاوەی ڕەنگەکان خۆیەتی، ئەوەی دەیەوێت زیاتر لە ڕەنگێك بەرهەم بهێنێ و زیاتر لە ڕەنگێ ببینێت خۆیەتی، ئەوەی مێژووی ڕەنگ لە سەر پانتایی بوونی ئێمە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا دەگێڕێتەوە

خۆیەتی بە واتا شاعیر لە بری ئـەوەی وەکو ئـەزموونی دوورو درێـژی پێشـتری هـەموو ڕەگەزەکانی سروشت و مێژووی ئینسانی کورد بکاتە توخمەکانی بەرهەم هێنانی شـیعر و بوونی خۆی وەکو خـودی شـاعیر لـە ئامادەکردنـەوەی ئـەو ڕەگەزانـەدا ببینێـت، لـەم قەسیدەیەدا خود کراوە بە سەنتەر و لەوێوە هەموو شتەکان سەرچاوە دەگرن، ئـەوەش ئەو هەنگاوەیە لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دیارەماندا مرۆڤ کە لێرەدا مەبەسـت خودی شاعیرە دەکرێتە سەنتەر، کە ئەم حاڵەتە لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتیدا بـە گشـتی و لە کەلتووری کوردیدا پێشتر جێگایەکی ئەوتۆ دیاری نەگرتووە لە ئەزموونە دیارەکانی ئەدەبی ئێمەدا.

شاعیر لە ئەزموونی پێشتریدا هەموو سروشـت و مێـژو و مرۆڤـی کـورد وەکـو یـەك ڕەنگ سەیردەکات و هەموویشـیان بـە هـەمان پێوانـە دەکاتـە ڕەگـەزی بەرهـەم هێنـانی شیعریەت و بەرهەم هێنانی جیهانبینی‌یەك کە پەیوەستە بە بوون و مێژووی کوردەوە کـە ئـەویش مێژوویيـەکی کوژراوە. بـەڵام لـە قەسـیدەی ڕەنگدانـدا نـەك هـەموو ئـەو ڕەگەزانەی پێشتر کۆناکاتەوە بۆ بەرجەستەکردنی یـەك ڕوانـین، بـەڵکو دەیـەوێت هـەر ڕەگەزە بەسەربەخۆ ببینێت و بۆ هەر ڕەگەزەش ڕەنگێك بەرهەم بهێنێت کـە ئـەویش بـە مەبەسـتی بەرهـەم هێنـانی زیـاتر لـە عـەقڵێك و زیـاتر لـە ڕوانینێـك و زیـاتر لـە خوێندنەوەیەك و زیاتر لە بیرکردنەوەیەك و زیاتر لە هەڵوێستێکە.

بەڵام من بە گشت ڕەنگەکان
باخچەیەکم کرد بە دۆست و بە هاودەم و
هەزار باڵندەم هێنایە هەڵبەستمەوە و
هەزار ئاوازم پژانە ناو گوێمەوە
ئیتر ئەوسا.. هەموو زەمین.. بوو بە کەژاوەی تەماشا و
بوو بە ڕەنگدانی بەردەستم و خەیاڵیشم بوو بە فەزا و..
ئیتر ئەوسا.. من لێرەوە.. قاڕەی پێست ڕەش و
پێست زەردوو.. قاڕەی سپی و سەوز و سوورم
یەك یەك دووان.

کاتێ کە شاعیر هەموو ڕەنگەکان دەکاتە مەبەستی بینین، ئەوسا وەکو دادوەرێك هەموویان دەبینێ، خۆ ئەگەر بابەتیانە سەیریان بکات ئەوا باخچەیەك دەبینێ کە بە هەموویان ڕازاوەتەوە. لە بینینی هەموو ڕەنگەکاندا جۆراوجۆرێتی لە هەڵبەستەکانیدا فەراهەم دەبێت و ئاوازی جۆراوجۆریش دەپژێتە گوێچکەیەوە. بە مانایەکی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت ئێستا لە ڕوانگەیەکی کراوەترەوە سەیری دنیا دەکەم و پێم وایە کرانەوەش بە ڕووی دەرەوەی خۆداو بینینی جۆراوجۆرێتی و جیاوازی دەبێتە بنەمای بەرهەم هێنانی فرەدەنگی و فرە بۆچوونی. لەو ئاقارەشدا شاعیر زیاتر لە پرسیارێك و زیاتر لە جیهانبینییەك و.. بەرهەم دێنێ.

ڕەنگە لە پشتی ئەم تێڕوانینەی شاعیرەوە سەرباری جۆرێك لە شۆڕبوونەوە بەناو خۆداو لە خۆپرسینەوەی شاعیر لە خۆی، هۆکارێکی دەرەکیش لەم هەڵوێستەدا دەوری تایبەتی خۆیی هەبێت کە ئەویش بەردەوام لە دەرەوەی دەقەکانی شێرکۆوە ئاڕاستە دەکرێت و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت سەرباری کارکردنی شێرکۆ لە پانتایی مێژووی کورددا، سەرباری وەستانی شێرکۆ بە درێژایی مێژوویی خۆی لە بەرەی گەلدا و لە ڕیزی شۆڕشگێڕترین بەرەی هەر قۆناغێکدا، بەڵام هێشتا زۆربەی کات وەکو شاعیری دەستەیەك یان لایەنێك حساب دەکرێت.. دەست کردن بەم حوکمدانە بەسەریدا دەشێ هۆکارێك بێت کە شێرکۆ وا لێ بکات بانگەشەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی خۆی بکات، یان لە ئاستێکی تردا بڵێت نەخێر من شاعیرێکی داخراوی بەشێك نیم بەڵکو من شاعیری زیاتر لە دەنگێك و زیاتر لە ڕەنگێك و زیاتر لە بینینێك و زیاتر لە عەقڵێکم، بەڵکو شاعیری نەتەوەیەکم بە هەموو ڕەنگ و دەنگەکانیەوە. لە ڕاستیشدا هەروایە شێرکۆ ئەو شاعیرەیە لە ئەزموونی شیعری خۆیدا ڕاستە لە بواری بەرهەم هێنانی گوتاری مانەوەی کوردیدا کاری کردووە بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە بۆ ئەو مەبەستە سەرجەم توخمەکانی سروشت و مێژوو مرۆڤی کوردی کردۆتە ڕەگەزی بنیادنانی ئەو گوتارە و لەو پرۆسەیەشدا هەموو پێکهاتەی سروشت و مێژوو و یادوەری ئێمە و بە خودی خۆیشمانەوە وەکو مرۆڤ بەبێ جیاوازی بووینەتە بنەمای شیعری شێرکۆ، هەربۆیە ئەگەر بە ئاڕاستەی هەڵوەشاندنەوە کار لەسەر دەقەکانی ئەم شاعیرە

بكرێت ئەوا بە ئاشكرا ئەو فرە ڕەگەزی و فرە ڕەهەندییە لە بنیادی دەقەكانیدا دەبینرێت. ئەگەرچی هەڵوێستگرتنی لەگەڵ بەشێك لە بزوتنەوەی كوردایەتیداو بە هێما كردنی شەهیدو سەروەرییەكانی ئەو بەشە زیاتر سیمای حیزبایەتیان لەسەر حسابی شاعیرێتی بە شێركۆ بەخشیووە.

چیرۆكی ڕەنگ بووە چیرۆكی دیدەم
یەك یەكتری ئەخوێننەوە
منداڵی ڕەنگ.. بووە بە منداڵی وشەم
یەك لەناویەكدا ئەبارن و
یەك یەكتری ئەنووسنەوە.

ڕەنگ بە جۆرێك لە ڕوانینی شاعیردا جێگای گرتووە كە مەودای بینینی ئەویان داگیركردووە، ئەویش تاكە ڕەنگێك نییە بەڵكو ڕەنگەكانن هەر لەوێوە بە ئاشكرا ناسنامەی ڕەنگەكان دەردەكەوێت كە بریتین لە ناسنامە و فیكر و عەقڵ و ڕوانینە جۆراوجۆر و جیاوازەكان. كەواتە لە ئاستی یەكەمدا شاعیر لەم دەقەدا زەمینە بۆ ئاخاوتن لە فرە دەنگی و فرە ڕەنگی ئامادە دەكات، لە ئاستی دووەمدا لەسەر ئامادەبوونی زەمینەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی فەزا بۆ دانانی ڕەنگ و دەنگە جیاوازەكان بە یەكتریدا ئامادە دەكات. لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا ئەم وێنایەی كە شاعیر بۆ فرە دەنگی و فرە ڕەنگی و خوێندنەوەی یەكتری دەنگ و ڕەنگە جیاوازەكان دەیكێشێت لە واقیعی كۆمەڵایەتی ئێمەدا بوونی هەیە یان بنەمای دەركەوتنی لە ئارادایە؟ یان بە شێوەیەكی تر ئەو حاڵەتە تەنیا لە ڕوانینی خودی شاعیردا سەرهەڵدەدات و بەرەو فۆرمەلە بوون دەچێت؟ یان هەوڵێكە بۆ بەلاوەنانی ئەو حوكمانەی وەكو شاعیری تاكە حیزبێك بە سەریدا دەدرێت.

بێگومان ئەگەر وردبینانە و دوور لە وەهم و خۆ فریودان سەیری واقیعی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردی و تەنانەت هەموو ڕۆژهەڵات بكەین هەموو ئەو قسەو باسانەی لەسەر فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەكرێن جگە لە كۆمەڵێ قسەی بێگەوهەر و بێ ناوەڕۆك كە وەكو دروشم لە لایەن دەسەڵات و سیستەمە سیاسییەكانەوە

بەرزکراونەتەوە بۆ ڕازاندنەوەی ڕووکەشی کۆمەڵگا هیچی تر نین، ئەمەش بەو مانایە نییە کە تاوانی تاکە کەسێك یان گروپێك یان بیرکردنەوە و عەقڵێکە، نەخێر ئەو حاڵەتە باری سروشتی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکانە بە ئێمەشەوە. زۆرجار بە ئاشکرا دەسەڵاتی ڕۆژهەڵاتی و لەناویدا دەسەڵاتی سیاسی کوردی باسی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی دەکات و لە نموونە و شێوازی خەباتی نموونەیی دەدوێت بەڵام هەموو ئەو دروشم و قسانەش تەنیا بە مەبەستی بانگەشەکردنە بۆ خۆی وەکو نموونەی یەکەمی ئەو فرە دەنگی و فرە ڕەنگیەی کە بانگەشەی بۆ دەکات. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە ڕاستیدا لە واقیعی سیاسی و کەلتووریی ئێمەدا و لە سروشتی دەسەڵاتی ئێمەدا باری فرە دەنگی و فرە ڕەنگی بوونی نییە. ڕەنگە لە ئێستادا لەسەر ئاستی کوردستان چەندین ڕێکخراو و پارتی بەناو جۆراوجۆر هەبێت بەڵام لە ڕاستیدا لە گەوهەردا یەکن و لە شێوازی ڕوانین و پیادەکردنی ڕۆژانەی سیاسیاندا بە هەمان شێواز کاردەکەن ئیتر هەر ناوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبێت، ئەو توندوتیژییەی کە ڕێکخراوێکی ئیسلامی توندڕەو مومارەسەی دەکات و لەبەرئەوەی جگە لە خۆی مافی بوون بە کەسی تر نادات، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە بەناو عیلمانیەی کە بچوکترین ڕەخنە بەسە بۆ ئەوەی کە کەسی ڕەخنەگر بخاتە سەنگەری دوژمنانی خۆیەوە.

ئەمەی سەرەوەمان بۆ ئەوە هێنایەوە کە پێ لەسەر ئەوە دابگرین ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمە تاکو ئێستا ئەو ژینگەیەیە کە جێگای فرە دەنگی و فرە ڕەنگی نییە بەڵکو ژینگەی تاکە دەنگ و تاکە عەقڵ و تاکە ڕوانین و تاکە لێکدانەوەیە. کەواتە ئەوەی شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا بانگەشەی بۆ دەکات لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بوونی نییە، بۆیە لەم حاڵەتەدا بەرەو دوو لێکدانەوەی تر دەچین یان شاعیر یۆتۆپیایەکی دروستکردووە و لەو یۆتۆپیایەشدا بە خەیاڵی شیعری فرە دەنگی و فرە ڕەنگی کە لە خاسێتە زیندووەکانی ئەو یۆتۆپیایەن دەخولقێنێ. بێگومان ئەمەیان لێکدانەوەیەکی گونجاوە لە ڕوانگەی شیعریەتەوە چونکە ئەوەی ئێستا دەشی وەکو جۆرە پێناسەیەك بۆ شیعر باسی لێوە بکرێت بریتییە لە دروستکردنی یۆتۆپیا بە

پشت بەستن بە کاری خەیاڵ و نەست. بۆیە دەشێ ئەوەی کە لێرەدا شاعیر باسی لێوە دەکات و وەکو زەمینەیەك بەرجەستەی دەکات کە تیایدا فرەدەنگی سیمای ئاشکرایە لەو واقیعەدا، تەنیا ئەو یۆتۆپیایە کە شاعیر بە خەیاڵ دروستی دەکات و دەشێ وەهایشی لێك بدەینەوە کە ئەوی شاعیر وەکو کەسێکی هەستیار گەیشتن بەو ئاستەی بیرکردنەوە کە فرە دەنگی و فرە ڕوانین و فرە لێکدانەوەیی پەسەند دەکات و مەبەستیەتی ببێتە باری ئاسایی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و لە ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا.. ئەو حاڵەتە لە باری نەستی ئەودا جێگای گرتبێت و ئێستا لە ڕێگای کارکردنی نەست و خەیاڵەوە ئەو ڕوانینە گواسترابێتەوە بۆ نێو دەقەکە و دروستکردنی ئەو یۆتۆپیایە لە سنووری دەقەکەدا لەژێر کاریگەری کارکردنی نەست و خەیاڵی داگیرکراوی شاعیردا بێت بەو ڕوانینە نوێ و هاوچەرخە.

دەشێ ڕاستەوخۆش وەهای لێك بدەینەوە کە ئەوەی شاعیر بانگەشەی بۆ دەکات لە بارەی فرە دەنگی و فرە ڕەنگییەوە، تەنیا وەکو حاڵەتێك لێك بدرێتەوە کە بارێکی تایبەتە بە خودی شاعیر و ئاستی بیرکردنەوەی لە ئێستادا و لە هەمان کاتیشدا وەکو ڕەتکردنەوەیەکی ئەو بۆچوونەی کە هەندێ جار لە دەرەوەڕا ئاڕاستەی شاعیر دەکرێت بەوەی کە گوایە شاعیر لە ئەزموونی دوورودرێژ و دەوڵەمەندی شیعری خۆیدا لە سنووری بەرهەم هێنانی تاکە گوتارێك دەرنەچووە کە ئەویش گوتاری مانەوەیە کە مەبەست لەوەش مانەوەی کوردە وەکو نەتەوەیەك.

بەهەرحاڵ گرنگی ئەم دەقە لە ڕوویەکەوە ئەوەیە کە زیاتر لە تاکە لێکدانەوەیەك هەڵدەگرێت کە ئەوەش هەم خاسێتی دەقی زیندووە هەم هاوشێوەیە لەگەڵ ناونیشانی قەسیدەکە کە "ڕەنگدانە" و شوێنی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان یان شوێنی دانانی ڕەنگەکانە کە ئەویش جۆرێك لە فرەیی نیشان دەدات، دیسان زیاد لە لێکدانەوەیەکی دەقەکە لەگەڵ ئەو فرە ڕەنگی و فرە دەنگییەدا یەك دەگرێتەوە کە شاعیر بانگەشەی بۆ دەکات، بە مانایەکی تر چ لە ناونیشان و چ ئاستەکانی تری دەقەکەش کاردەکەن بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی جیهانبینی پشتی دەقەکە.. کە بریتییە لە زەمینە ڕەخساندن بۆ بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی.

منداڵی ڕەنگ.. بووە بە منداڵی وشەم
یەك لە ناو یەكدا ئەبارن و
یەك یەكتری ئەنووسنەوە

شاعیر پێی وایە كە ڕەنگەكان لەناو یەكدا ئەبارن، مەبەست لەم قسەیەش ئەوەیە كە ڕوانینە جیاوازەكان، لەناو یەكتریدا دروست دەبن و سەرهەڵدەدەن بێگومان تا ئێستا ئەمە كارێكی ئاساییە، بەڵام لە دوای بوونی ڕوانینە جیاوازەكان پێكەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات، ئایا ئەو ڕوانینە جیاوازانە توانای پێكەوە ژیانیان هەیە؟ بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرسیارە لە ئاستی گوتراودا بەرز بكرێتەوە، دەقەكە ئەوەمان پێشكەش دەكات كە بە سروشتی ئەم ڕوانینە جیاوازانە نەك تەنیا دەتوانن پێكەوە بژین بەڵكو یەكتریش تەواو دەكەن و دەشێ بڵێین یەكتریش بەرهەم دێنن. بەڵام لێرە ئەگەر بمانەوێت بۆ هاوشێوەی ئەم بۆچوونە لە دەرەوەی دەقەكەدا بگەڕێین بێگومان نزمترین ئاستی ئەو تەبایی و قبوڵكردنەی یەكتری ڕوانینە جیاوازەكانمان بەرچاو ناكەوێت و دەتوانین بڵێین دیسان ئەوەی شاعیر دروستی كردووە و تیایدا چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز بوونیان هەیە و یەكتریش قبوڵ دەكەن و بگرە لەسەر بنەمای ئەو تێزە فیكرییەی كە پێی وایە تەنانەت دژەكانیش یەكتری تەواو دەكەن.. ڕوانینە جیاوازەكانمان پێشكەش دەكات.. ئەوە جگە لە یۆتۆپیایەك نەبێت كە لە شیعردا بەرهەم دێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك لە واقیعدا بوونی نییە. لە پشتی ئەم ڕوانینەی شاعیرەوە ئاڕاستە جوڵەیەك ڕاوەستاوە بۆ گێڕانەوەی بەها ئەخلاقیەكان بە مەسەلەكانی جیاوازی یان بەخشینی بەهای ئەخلاقی بە مەسەلەكانی جیاوازی كە لەسەر واقیعی كۆمەڵایەتی و كەلتووری و سیاسی ئێمە و هەموو ڕۆژهەڵاتیش چەمكی جیاوازی وەكو چەمكێكی بێگیان و تەنیا لە سنووری قسەدا بوونی هەیە و ئەمەش سەندنەوەی گەوهەر و بەها ئەخلاقیەكانە لەو چەمكە، بە واتا جیاوازی لە ڕوانینی ڕۆژهەڵاتیانەوە بە پێی فەرهەنگ و كەلتووره ڕۆژهەڵاتیەكان چەمكێكە لە دەرەوەی بەها و ئەخلاقە مرۆییەكان و هەر لە ئەنجامی ڕووتكردنەوەی ئەو زاراوەیەدا لە هەموو بەها گەوهەرییەكانی لەم ڕۆژهەڵاتەدا هەموو بنەماكانی دیموكراتی و

قبولَكردنى ئەويتر بەر لە سەرهەلَدان و دەركەوتنيان كوژراون. شاعير لەسەر زەمينەى ئەم واقيعە ناجۆرە بۆ قبولَكردنى هەر جياوازييەك يۆتۆپيايەك دروست دەكات كە تيايدا ڕاو ڕوانين و بۆچوونە جياوازەكان نەك هەر يەكتر قبولْ دەكەن بەلَكو يەكتريش تەواو دەكەن كە ئەمەش لە واقيعى ميَژوويى و كۆمەلاَيەتى ئيَمەدا پيَچەوانەكەى ڕاستە و دەركەوتنى هەر جياوازييەك بۆتە هۆى ئاژاوە و پيَكدادان و كوشتنى بەشيَك لە هەمان ئەو جەستەيەى كە ئەو جياوازييەى بەرهەم هيَناوە، ڕاستە لە دەستپيَكى دەقەكەدا زەمينە بۆ ئەو فرە دەنگى و فرە ڕەنگىيە ئامادە دەكريَت، بەلاَم دواتر ئەو زەمينەيە لە سنوورى دەقەكەشدا هەرەس ديَنىَ.

پيَشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە كرد كە بنيادى پيَكهيَنەرى دەقى ڕەنگدان لەگەلْ ئاڕاستەى ئەو تيمە سەرەكيەى كە دەقەكە لە ڕيَگاى بەرهەمهيَنانى شيعريەتەوە دەيكاتە جيهانبينى خۆى يەك دەگرنەوە. واتە فرە ئاڕاستەيى و فرە ليَكدانەوە و فرە ويَنەيى و تابلۆى ڕەنگاوڕەنگ هەريەكە بە جۆريَك بەشدارى دەكات لە بەرهەم هيَنانى ئەو جيهانبينىيەدا.

شاعير پيَشەنگايەكمان لە تابلۆى جۆراوجۆر بۆ دەكاتەوە كە هەر تابلۆيەك ناسنامەيە بۆ ڕەنگيَك يان بە مانايەكى تر بۆ بۆچوونيَكى جياواز لەوانى تر، ژمارەى تابلۆكان دوانزە تابلۆيە، ڕاستەوخۆ خەيالَى ليَكدانەوە بۆ ئەوە دەچيَت ئايا ئەو دوانزە تابلۆيە دەشىَ پەيوەنديان بە دوانزە مانگەكەى سالَەوە هەبيَت؟ ئايا ئەو دوانزە تابلۆيە لە پشتەوە ماناى بوونى دوانزە ڕوانينى جياواز هەلَدەگرن؟ بيَگومان وەلاَمى ئەم پرسيارانە هەرچى بيَت ئەوا سەرجەم ئەو دوانزە تابلۆيە وەكو دوانزە ڕەنگ يان ڕوانين يان ليَكدانەوەى جياواز سەرچاوەكەيان خودى شاعيرە، واتە جياوازييەكان لاى ئەوەوە دەست پيَدەكەن، ئەمەش ئەو گەڕانەوەيە بۆ نيَو خودى شاعير خۆى دەسەلميَنيَت كە پيَشتر ئاماژەمان بۆ كرد كە ئەمەش حالَەتيَكى تايبەتيە و لەنيَو واقيعى ئيَمەدا زەمينە بۆ بەرهەم هيَنانى تاكو ئيَستا فەراهەم نەبووە.

ئەو وەختانەى تەنياييم و

جەستەى خەيالْ لەگەلْ يەكتردا جووت ئەبن

هێندە نابا لەناو ژووری حەپەساوما
ڕەنگێك ئەزێ
نە ئەوەتا بڵێی ڕەنگی تەمتوومانە
لە بوولێڵی غەریبیدا و
نە ئەوەتا بڵێی شێوەی لە سەرابە و
یان کت و مت لە دووکەڵ و سوتماك ئەچێ
من نازانم ڕەنگێکە نزیك لەو ڕەنگەی
وەختێ کە ئاوی کانیەکەی عاشقان و
قریشکەکانی ژنان و
خۆڵی ئەنفال
تێکەڵ ئەکرێ!

شاعیر لە باری ئاسایدا کەمتر دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگە جیاوازەکان، بەڵام کاتێ تەنیا دەبێت زەمینە بۆ ئەو بەرهەم هێنانە دەرەخسێت چونکە لە تەنیاییدا باری هەستکردن بە تەنیایی و خەیاڵ پێکەوە یەکدەگرنەوە، دەشێ لەو حاڵەتەدا جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ ناو جەستەی خود ڕووبدات و ئاکام جۆرێك لە تێڕامان یان لێکدانەوە دروست ببێت لەو ساتەدایە کە لەنێو مێشکی شاعیردا، لەناو خودی شاعیردا ڕەنگێك لە دایك دەبێت بەڵام ناسنامەی تەواوەتی ئەو ڕەنگە ئاشکرا نییە بەڵکو تێکەڵاوێکە و چەند شێوازێکی شیاو بۆ لێکدانەوەی هەیە.. هەتا لە ئاکامدا شاعیر ناسنامەیەکی پێ دەبڕێت ئەویش لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی چەند ڕەنگێك کە ئەوانیش لە جۆرە وەسفکردنێکدا خاسێتەکانیان دەردەکەوێت و پێکەوەش ڕەنگی کارەسات و تراژیدیا پێکدەهێنن، ڕەنگی تراژیدیایەکی تایبەت کە ئەویش بەشێکە لە مێژووە وێرانکراوو هەرەس پێهێنراوەکەی شاعیر.

من نازانم ڕەنگێکە نزیك لەو ڕەنگەی
وەختێ کە ئاوی کانیەکەی عاشقان و
قریشکەکانی ژنان و

خۆڵی ئەنفال.. تێکەڵ ئەکری!

تێکەڵاوکردنی ڕەنگی وێرانکردنی سێ ڕەگەزی زینـدووی مێـژووی ئێمـە، لـە ژووری حەپەساوی شاعیردا واتە لە چرکەساتەکانی تێڕامانیدا ڕەنگێکی تر لەلای ئەو بەرهەم دەهێنن، ڕەنگێك کە لـە سنووری وەسفکردندا دەمێنێتـەوە و نـازانین جگـە لـە ڕەنگـی کوشتنی مێژوو چ ناوێکی تری لێ بنێین. کەواتـە لێرەوە دیسان ئـەوەمان لـە لا ئاشکرا دەبێت کە سەرباری ئەوەی شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆی بـەڵام دیسان لـەوێوە بۆ بەرهەم هێنانی هەر پرسیارێك یان بۆ بەرهـەم هێنـانی شـیعریەت دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پانتاییـەی کـە لـە ئـەزموونی شـیعری پێشـتریدا کـاری تێـدا کـردووە و لـەوێدا ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنـانی شـیعر وەردەگرێـت، کـە ئـەو پانتاییـەش مێـژووی وێرانـی ئێمـە و.. سروشـتی کوردسـتان و مرۆڤـی کوردە، شـاعیر بـۆ بەرجەسـتەکردنی ڕەنگـی تـابلۆی یەکـەم، ڕەنگـی وێرانبوونـی کـانی عاشـقان لـە کیمیـاوی بـاران کردنـدا و ڕەنگـی فریشتەکانی ژنـان و ڕەنگـی خۆڵـی ئـەنفال کـراو تێکـەڵاو دەکـات.. واتـە دیسـان چـەند وێنەیـەك لـە ڕابـردووی وێرانکـراوی ئێمـە پێکـەوە کـۆلاژ دەکـات بـۆ بەرهــەم هێنــانی ڕەنگێکـی نـوێ، ڕەنگێـك کـە پـێی وایـە لـەناو ژووری سـەریدا دەزێ.. ئەمــەش ئــەوە دەگەیـەنێت کـە ئـەم وەکـو شـاعیرێك چـەندێ بگەڕێنــەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی هێشـتا (دەرەوە) واتە مێژوو، سروشت و مرۆڤی کورد ئامادەبوونی خۆیـان هەیـە لـەلای و ئـەم وەکو کەسێتیش دەرەوەی خـودی خـۆی بووەتـە بەشـێك لـە بوونـی و تەنانـەت ئەگــەر بیشیەوێت بگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خۆیـی و دەرەوە پشـتگوێ بخـات، ئـەوە بـە ئاشــکرا دەردەکەوێت کە دەرەوە لە نەستی ئەودا ئامادەبوونی هەیـە.. ئـەوەتا ئـەو ئامادەبوونـە لە کاتی بەرهەم هێنانی شیعردا بە ئاشکرا دەردەکەوێتەوە و خۆی دەردەبڕێت، بـە واتـا نـاتوانرێت، ئـەم وەکـو شـاعیر لـە مێـژووی ئێمـە پـەرت بکرێـت کــە ئــەویش مێــژووی کوژراوی نەتەوەیە.

ئەو ڕەنگەی کە ئەم لە کۆکردنـەوەی ڕەنگـی تراژیدیاکانی مێـژووی ئێمـە دروسـتی دەکات، ڕەنگێـك نـیـە جیـاواز لـەو ڕەنگـە باڵادەسـتەی کـە کۆنـترۆڵی ئاسـتی هەسـت و نەستی ئێمەی کردووە. ئەگەر شوناسیشمان بە ڕەنگ داو وەکو ڕوانینێك سەیرمان کرد

ئەوە بە ئاشكرا دەتوانین بڵێین پەیوەست بە بوون و مێژووی ئێمە ڕوانینێكی نوێ لە دایك نەبووە و بگرە شێوازی بیركردنەوەشمان ئەگەر سەرنجی مێژووی نیو سەدەی ڕابردوو بدەین لەسەر یەك هێڵ وەستاوە و جیاوازی تێدا دروست نەبووە.

بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا كاتێ شاعیر باسی ڕەتكردنەوەی یەك ڕەنگی و یەك دەنگیمان بۆ دەكات.. زەمینەی كۆمەڵایەتی و كەلتووریی ئێمە ئامادەیی هەیە بۆ قبوڵكردنی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی؟ یان لە ئاستێكی تردا هەر قسەكردن و لێدوانێكی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لە ئاكامدا بەرەو تاك دەنگی و تاك ڕەنگی دەچێتەوە و زەمینەی كۆمەڵایەتی ئێمە زەمینەی تاكە دەنگ و تاكە ڕوانین و تاكە عەقڵ و تاكە بیركردنەوەیە یان جێگای جیاوازی و فرەیی تێدا دەبێتەوە؟

شاعیر لە گەڕانەوەیدا بۆ ناو خودی خۆی هەندێ لە نهێنییەكانی ئاشكرا دەكات، ئەگەرچی جۆرێك لە دژایەتیش لە نێوان ئەو حاڵەتانەدا دەبینرێت بەڵام ئەوەش لە ئاستێكی تردا مانای گەڕان لە دوای جیاوازی هەڵدەگرێت، لە تابلۆیەكدا وێنەی نەمری خۆی بەرجەستە دەكات و لە تابلۆیەكی بەرامبەریدا وێنەی ترس لە مردن دەكێشێت، واتە دووانەیەك لە نێوان ژیان دۆستی و ناچارێتی مردندا دەكێشێت، كە لە پشتی ئەو دووانەیەوە هێزی ئیرۆس و تاناتۆس ڕاوەستاون، ئەم وەكو هەر مرۆڤێ یان تەنانەت هەر زیندەوەرێ هەموو وێنەكان بۆ جوانتركردنی ژیان و لەژێر هێزی كاریگەری ژیان دۆستیدا دەكێشێت، بەڵام دوور لە توانا و دەسەڵاتی خۆی لە لایەكی ترەوە مەرگ هەڕەشەی لێدەكات و بە واقیعیش هەست بەو هەڕەشەیە دەكات كاتێ هەستكردن بە پیری بەرەو مەترسی كۆتایی دەبات.

لەوساتەوە عەشق لە من ئەخواتەوە

نە ئەو دەمم لێ هەڵئەگرێ و

نە من كۆتاییم بۆ هەیە!

ئەم و عەشق جووتەیەكن لێكتر جیا نابنەوە، بەڵام دەشێ ماناكانی عەشق لە فەرهەنگی شیعری شێركۆدا جیاوازبن لە عەشقێكی سادە، یان باشتر بڵێین تەنیا عەشقی ڕەگەزی بەرامبەر نەبێ، بەڵكو عەشقبوون لای ئەم ڕەهەندێكی فراوانتری

هەیە و پێش هەموو شتێ عەشقی ژیان و مرۆڤ و هەموو بەهاکانی جوانییە، عەشق دروستکەر و بەرهەمهێنی ئەو هێزە نهێنییەیە کە لەو ساتانەشدا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو خودی خۆی کەچی پەیوەستی دەکاتەوە بە مێژوو، سروشت و مرۆڤی کوردەوە، واتە عەشق لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەی ئێمەدا ئەو پەیوەندییە بەهێزەیە کە خودی شاعیر دەبەستێت بە پێکهاتەیەکەوە کە هەموو ئێمە وەکو مرۆڤ و هەموو ڕابردوومان و سەرتاپای ئەو سروشتەی کە نیشتمانی ئێمەیە بە هەموو ڕەگەزەکانییەوە بەشێکین لەو پێکهاتەیە. ئەم لەبەر ئەوەی هەم خۆی عەشقە، هەم عەشق لەم دەخواتەوە، کەواتە لەگەڵ عەشقدا هاوشوناسیەك لە نێوانیاندا دروست دەبێت و لە هەمان کاتیشدا پێمان دەڵێت لەبەرئەوەی کە ئەم عاشقە کەواتە نەمری بە دەست دەهێنێت، ئەوەتا بە هیچ شتێك کۆتایی نایەت و ئەمەش جۆرێکە لە ئامادەکردن بۆ بەدەستهێنانی نەمری.. هەڵبەت شاعیر لە ڕووی نەستەوە دەشێ هەست بە گەیشتن بەو حاڵەتە بکات واتە گەیشتن بە حاڵەتی نەمری، یان ئاواتی بۆ بخوازێت.

بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەیەکی ترس لە مردن و لەناوچوون دەکێشێت و پێمان دەڵێت سەرباری بەدەست هێنانی نەمری هەر هیچ نەبێت لە ڕووی مەعنەوییەوە بەڵام هێشتا مەترسیەکی گەورە هەڕەشە لەمی شاعیر دەکات، ئەویش مەترسی مردنە کە بێگومان بۆ شاعیرێکی وەکو شێرکۆ دەشێ مردن تەنیا مردنی جەستە بگرێتەوە ئەگینا لە ئەزموونی خۆیدا ئەوەندەی کارکردووە کە هاوشێوەی شاعیرانی وەکو نالی و گۆران.. لە ڕووی مەعنەوییەوە بە زیندوویی بمێنێتەوە.

من ڕەنگێکی پایزەیی ژەنگارم و

وا خەریکە باڕێزەکەی عومر ئەمبا!

لای شاعیر مەترسی مردن بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە خۆی دەشووبهێنێت بە ڕەنگی پایزەیی، چونکە ئاشکرایە ڕەنگی پایز یان وەرزی پایز هێمایە بۆ غەمگینی و کارەسات، لێرەوە پێشینەی کارەساتێك لەلای شاعیر هەست پێدەکرێت، کە ئەویش با بردنی عومرە، کەواتە لێرەوە هەستکردن بە کۆتایی و مردن ئاشکرا دەبێت، دەشێ هەر ئەو هەستکردنەش بێت کە لە لایەك وا لە شاعیر دەکات بگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی

له لایەکی تریشەوە بەرەو هەستکردنێکی قوڵـتری هەست بـە نـامۆیی کردنـی ببـات کـە دەشـێ لـە نـامۆبوونی پێشتری جیـاواز بێـت، نـامۆبوونی پێشـتر لـە بەرامبـەر مێــژووی وێرانـەی ئێمـەدا بـووە بـەڵام نـامۆبوونی ئـەمجارەیان لـە بەرامبــەر هەسـتکردنی بـە وێرانبوونـی خـودی شـاعیر خۆیدایـە. لـە بـاری یەکـەمدا و بـۆ نـامۆبوونی شـاعیر لـە بەرامبەر مێژووی وێرانی ئێمەدا ئەو هەموو ڕەگەزەکانی سروشت و مـرۆڤ و مێـژووی ئێمە دەکاتە بنەما بۆ دروستکردنەوەی جۆرە کەسـێتێك بـۆ ئـەو مێـژووە وێرانـە هـەتا ئەم هەست بە جۆرێـك لـە بوونـی ڕابـردوو، کەسـێتی ئێمـە بکـات و حاڵـەتی نـامۆبوون بەرەو کۆتایی ببات، بەڵام لە باری دووەمدا کە نامۆبوونی شاعیرە بەرامبــەر بـە کۆتـایی هاتنی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ نـاو خـودی خۆیـی و لـەوێڕا دەیـەوێت فرەیێتـی و جیـاوازی نیشان بدات بەو هیوایەی زەمینەیەك بۆ قبوڵکردنی ئـەوانی تـر فەراهـەم بکـات و لـەو ئاقارەشدا بارێك بڕەخسێ بۆ قبوڵکردنی ئەم وەکو شاعیر لە لایەن ئەوانی تریشەوە کـە لەوێشەوە پێی وایە زەمینە بۆ نەمری ئەم دەستەبەر دەبێت.

هەتا ئێستایش

مەگەر ئاوێنە ڕەنگی عومری خۆم بیرخاتەوە

ئەگینا من لەو ڕەنگانەم وەکوو سەروو

بە تەنها هەر ئاوی سەوزی یەکەم عەشق و

یەکەم ماچم لەناو ڕۆحدا ماوەتەوە

من تەمەنم

پلوسکێکە.. لە گشت بەدەر

لە خوارەوە چەندە ساڵی لەبەر برژێ و لەبەر بڕوا

لە سەرەوە، لە ڕنوەکانی عەشقەوە، دوو ئەوەندە

ساڵی سەوز و ئاوی عومری

وەنەوشەیی ئەچێتە سەر

سـەرباری هەسـتکردن بـە مەترسـی پـیرێتی بـەڵام هێشـتا شـاعیر بـە جۆرێـك خـۆی نیشان دەدات کە ئەو جۆرێك لە نەمری پـێ بـڕاوە و پـێی وایـە ئـەوەی تەمـەنی خـۆی

بیردەخاتەوە (ئاوێنەیە) ئەگینا ئەو هەست بە پیرێتی و هەڵچوونی تەمەن ناکات چونکە لە ناوەوە ڕۆحێکی زیندووی هەیەو ئەگەرچی لە ڕووکەشدا ڕوخسار و دیمەنی بە پیرێتی دەربکەون بەڵام لە ناوەوەڕا هێشتا هێزەکانی ژیان دۆستی زیندوون و ئەوەش وایکردووە چەندێ تەمەنی هەڵبچێت ئەو هێزی ژیان دۆستیەی ناوەوەی ئەمی داگیرکردووە هەر بە زیندوویی دەیهێڵێنەوەو تەنانەت ئاوی عومر دەچێتە سەر تەمەنی. ڕاستە شاعیر ئەم وێنەیەمان بەمجۆرە بۆ دەکێشێت بەڵام ئەو دووانەیەی کە دروستی کردووە لە نێوان هەستکردن بە پیرێتی و داکۆکی کردن لە گەنجێتی خۆی لە پشتەوە مانای هەستکردنێکی ڕاستەقینە بە پیرێتی و بە مەترسی مردن هەڵدەگرێت چونکە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ کاتێ باسی مردن دەکات کە هەست بە مەترسی مردن بکات. لێرەوە لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا ڕادەوەستین، ئایا شاعیر هێزی داهێنان و ئەو سامانە مەعنەوییەی کە داهێنانی شیعری دەوڵەمەندی و ئیلتیزامکردنی ئەخلاقی دوورودرێژی بە مەسەلەی نەتەوەکەیەوە بۆی دەستەبەر کردووە و کردویەتیە ناوێکی، ئەوتۆ کە لە مێژووی شیعری کوردیدا هەمیشە بە گەشاوەیی بمێنێتەوە نابێتە هۆی ئەوەی هەست بە نەمری هەتا هەتایی بکات و ئەوەش وای لێبکات لە مردنی جەستە نەترسێت، مادەم ئەو نەمری مەعنەوی بەدەست هێناوە؟

بەهەرحاڵ ئێمە وەڵامی ئەو پرسیارە بە کراوەیی بەجێ دێڵین بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە کاتێ شاعیر مەترسی هەڵچوونی تەمەن باس دەکات بەو ئاڕاستەیە هەڵوێست وەرناگرێت ئەگەرچی تەمەنیش بڕوات ئەم نەمری بە دەست هێناوە، بەڵکو دەڵێ با ساڵەکانی تەمەنیشم زیادبن لە لایەکی ترەوە تەمەنم درێژ دەبێت و مردن دوورە.

کە شەو داهات
لەناو دۆڵێکی وڵاتدا
لەهەر کوێیەك خۆت بتەوێ
ئەتوانی سێ ڕەنگ تێکەڵکەی
بە یەکەوەو لەناو یەکداو لەناو دۆڵدا
تێکیان هەڵدەی

شەوی مەرگ و
لی سەحراو
زریکەی کۆچ
بە یەکەوە تا بەیانی بیانشێلی
ئەنجام ڕەنگێك دروست ئەبێ، ڕەنگێکی نوێ
پێی ئەڵێن: ڕەنگی ئەنفالی

شاعیر لە قەسیدەی ڕەنگداندا سەرباری ئەوەی کە دەیەوێت زەمینەیەك بۆ فرەێتــی و جیاوازی بڕەخسێنێت، لەو ئاستەشدا چەندین تابلۆ دەکێشێت کە هەریەکەیان وێنەی ڕەنگێ، یان دەنگێ، یان ڕوانینێ یان بۆچوونــێ یـان تراژیدیایـەکی نێـو مێژوویـی ئێمـە، یان تابلۆی ترسێك لە بەرامبەر مـردن دا بەرجەسـتە دەکـات، ڕاسـتە ئـەم لـە سـەرەتاوە بانگەشە بۆ فرەێتی و جیاوازی دەکات بەڵام ئەگەر ئاستی یەکەمی دەقەکە بەجێبهێڵین و شۆڕببینەوە بۆ ئاستی شاراوەی دەقەکە ئەوا پەردە لە ڕووی ئەو ڕاستیـیە لادەبەین کە دیسان ڕۆح و گەوهـەری هـەموو تابلۆکـان یـەك سـەرچاوەیان هەیـە و ئـەویش لـەنێو مێژووی ئێمەوە سەرچاوە دەگرن، ئەو مێژووەی کە تەنیا یـەك دەنـگ و یـەك ڕەنـگ و یـەك عـەقڵ و یـەك ڕوانـین تیـایدا دیـاربووە و توانیوویـەتی خـۆی بسـەلمێنێت ئـەویش دەنگ و ڕەنگ و عەقڵ و ڕوانینی بکەری بارگەکراو لـە شکستی کوردیـیە. هـەر لـەژێر کاریگەری ئەو فاکتەرەشدایە کە کاتێ شاعیر بە نیازە پێشەنگایەك لـە چـەندین تـابلۆی هەمـەڕەنگ بکاتـەوە و لـە ڕاستیشـدا پێشـەنگاکەی لـە دوانـزە تـابلۆ پێکدێـت، دەبینــین تابلۆی یەکەم ڕەنگـی کیمیا بـاران و ڕەنگـی ئـەنفالی هەیـە، واتـە ڕەنگـی تـابلۆی یەکـەم ڕەنگی مێژووی کوژراو و هەرەس پێهێنراوی ئێمەیە. ڕەنگی تـابلۆی دوانزەهـەم کـە دوا تابلۆیـە ڕەنگی ئـەنفالی هەیـە، دیسان ڕەنگی مێـژووی کـوژراو و هــەرەس پێـهێنراوی ئێمـەی هەیـە. واتـە پێشـەنگای ڕەنگـەکانی شـاعیر لـە هـەردوو جەمسـەرەوە بـە ڕەنگـی ئەنفالی دەورە دراون کە ئەویش ڕەنگی مردن و لەناوچوون یان لەناوبردنە، ڕەنگی ئـەو مێژووە و مرۆڤەکانی و سروشتەکەیەتی کە هەرسێکیان ڕەگەزە سـەرەکیەکانی بەرهـەم هێنانی شیعر بوون لای شێرکۆ. ئەمـەش بـۆ ئـەو بۆچوونـەمان دەبـات کـە شـێرکۆ ئـەو

شاعیرەیە لەهەر کوێیەك و لەهەر خاڵێکەوە دەست پێ بکات و بیەوێت بەهەر ئاڕاستەیەك بڕوات ئەوا بەرەو ئامانجێك کە وەکو قیبلەی ئەوی لێهاتووە دەجوڵێت ئەویش مێژووی ئێمە بە مێژوویەك کە لە ڕەنگی ئەنفالیەوە دەست پێدەکات و تاکو ئێستاش نوقمی نێو ئەو ڕەنگەیە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە دەربازبوون لەو واقیعە تفتە کارێکی هەروا سانا نییە و وا پێدەچێت ئێمە مەحکومی ئەو وێرانبوونە بین کە دوانزە تابلۆی ڕەنگەکان بەرجەستەی دەکات و لە دەست پێکردنەوە بۆ کۆتایی ڕەنگی ئەنفالیە، ئەمەش بە جۆرێکی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە گەوهەردا ئەوەی لە پانتایی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتووری ئێمەدا دیارو باڵادەستە تاکە ڕەنگ و تاکە دەنگ و تاکە ڕوانین و تاکە عەقڵە و ئێمە چەندێ بە دروشم باس لە فرەیی بکەین یان لە ڕوانینی تایبەتی خۆمانەوە هەوڵی بنیادنانی بدەین وەکو ئەوەی ڕەنگدان لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوە ناتوانین بەسەر واقیعی باوی کۆمەڵگای خۆماندا زاڵ ببین و ڕوانینی خۆمانی بەسەردا بسەپێنین، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانکاری لە سروشت و ئاڕاستەی ڕوانینی ئێمەدا دروست بکەن، ئەمەش دیسان ئەمانباتەوە بۆ لای ئەو بۆچوونەی کە ئەوەی شاعیر لە بارەی فرە ڕەنگی و فرە دەنگییەوە دەیەوێت دروستی بکات بریتییە لەو یۆتۆپیایەی کە ئەرکی شیعرە بەرهەمی بهێنێت و هەر لەوێشەوە دەقی ڕەنگدان وەکو دەقێکی زیندوو خۆی پێشکەش دەکات بەوەی کە دەقێك نییە وێنەی ڕاستەقینەی واقیعمان وەکو خۆی بۆ بەرجەستە بکات.

لە لایەکی ترەوە سنووردانی ئەو پێشەنگایەی کە شاعیر پێشکەشمان دەکات بە ڕەنگی ئەنفال، هەم گێڕانەوەی ئێمەیە بۆ ناو یادەوەری پڕ لە تێکشکاندنی خۆمان کە لە نێوان دوو تابلۆی ڕەنگ ئەنفالیدا هەموو تابلۆکانی ترمان سنوور دراون، کە دەشێ ئەوەش مەدلولێکی مێژوویی سیاسی کەلتووری هەبێت و تابلۆی یەکەمی ڕەنگ ئەنفالی یەکەم ئەنفالی مێژووی ئێمە بێت لە سەردەمی پرۆسەی فەتحدا، دوا تابلۆی ڕەنگ ئەنفالیش ئەو ئەنفالە بێت کە ناسیۆنالیزمی عەرەب لە عێراقدا لە پێناوی سڕینەوەی ناسنامەی کوردیدا دژ بە مرۆڤ و سروشت و مێژووی کورد ئەنجامی دا، بەهەرحاڵ

لێرەوە جارێکی تر یەك ڕەنگی دەسەڵات تەئکید دەکاتـەوە و بـواری فـرە ڕەنگـی تەسـك دەکاتەوە.

لە دوای تابلۆی دوانزەهەمەوە کە ئەو تابلۆیە بەرجەسـتەی ڕەنگـی ئـەنفالی دەکات، ئیتر لەوێوە شاعیر پانتاییەکی فراوانی قەسیدەکەی بـە ڕەنگـی ئـەنفالی ڕەنـگ دەکات و لەو ئاقارەشدا دەیـەوێت وێنـەی جۆراوجۆر لـە مێـژووی نـوێی بـەر ئـەنفال کـەوتووی ئێمە بەرجەستە بکات، هەموو ئەو وێنانەش بە مەبەستی زیـاتر زەقکردنـەوەی ڕەنگـی ئەنفالە کە دەشـێ لـە پشتی ئـەو زەقکردنـەوەی ڕەنگی ئەنفالیشـەوە چـەند ئامـانجێك ڕاوەستابن، کە ئەوانیش بریتین لە گێڕانەوەی ئێمـە بـۆ نێـو یادەوەری پـڕ لـە شکسـتی خۆمان بە مەبەستی وەرگرتنی پەندێك لەو مێژووە وێرانـە، یـان دەشـێ زەقکردنـەوەی وێنەکانی ئەنفال بە مەبەستی زیـاتر دەرخسـتنی ڕووی دزێـوی ناسـیونالیزمی عـەرەبی بێـت کـە لـە ئـەنجامی پارێزگـاریکردن لـە یـەك ڕەنگـی و یـەك دەنگـی و لـە تاکـە ناسنامەیەك کە ناسنامەی عەرەبی‌یە لە مێژووی سەرهەڵدانیەوە هەوڵیداوە ئەوانی تـر بسڕێتەوە و لە ناویان ببات کە پرۆسـەی ئـەنفال بەرهـەمی ئـەو عەقڵەیـە کـە هـەموو جیاوازییەکان ڕەت دەکاتەوە. واتە شاعیر پێمان دەڵێت ئێمە لە ئەنجامی بـڕوا نـەبوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌یەوە بە فرە ڕەنگی و بە بوونـی جیـاوازی دووچـاری ئـەنفالکردن بووین، بە جۆرێـك کـە لـە بەرامبـەر تاکە ڕەنگی خۆبینینـی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبیدا ئێمەش ڕەنگێکمان بەبەر بڕاوە کە ڕەنگی ئەنفالی‌یە واتـە تـاکڕەنگی و تـاکدەنگی ئێمـە لـە لایـەن ئـەویترەوە بەسـەرماندا سـەپێندراوە. کـە ئەمـــەش بۆچوونێکـە لـە بـەردەم پرسیاردا..

دەشێ لە ڕوویەکی تریشەوە وەهای لێکبدەینەوە کە گەڕانـەوەی شـاعیر بـۆ نـاوەوەی خۆیی و دەرکەوتنی هەست بە پیریتی کردن و سەرهەڵدانی هەستی ترس لە مـردن لـە نـاوەوەی کەسـێتی ئـەمدا یـان باشـتر بڵێـین لـە نـاخیدا بووبێتـە هۆکـاری دروسـتکردنی فەزایەکی مەرگ ئامێز کە ئەم هاوشێوەییەك لە نێوان ناخی خۆیـی و مێـژووی ئێمـەی دوای ئەنفال دروست بکات، هەرچۆن ئەنفال هەموو جەستەی نەتەوەیی ئێمـەی بـەرەو جۆرێـك لـە وێرانـەیی بـرد، ئـەمیش هەسـتکردن بـە پـیریتی و گەڕانـەوە بـۆ ڕامـان لـە

بەردەم ئەو هەستکردنەدا لە ناخیدا وێرانەیەك بخوڵقێنێت کە هاوشێوەی وێرانەی ئەنفال بێت.

تابلۆیەکی تر کە شاعیر لە ڕەنگداندا دەیکێشێت تابلۆی ئازاد هەورامی شەهید و گیتارە شەهیدەکەیەتی.

لەو دۆڵەدا
کە ڕەنگمان تیا ئەکرد بە دەنگ
دەنگیش بە قوڵپە قوڵپی ئاو
ڕەشمان تیا ئەکرد بە سەوز و
سووریش بە ڕێگاکانی چاو
لەو دۆڵەدا
گیتارەکەت دەم و لێوی ڕووبارێکی دیکەی ڕەنگ بوو
هەموو جارێ لەناو دەربەندی ڕۆحماندا پلە پلە و ملە ملە هەڵیئەکرد

گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕۆژانی شاخ و ژیانی نێو پێشمەرگایەتی جارێکی تر دەبێتە بنەمایەك بۆ ئەوەی وێنەیەکی ترمان بۆ بەرجەستە بکات، ئەو وێنەیەش وێنەی ئازاد هەورامی شەهید و گیتارەکەی و ئاوازەکانی و ژنە بەجێماوەکەیەتی. ئەم وێنەیە لە لایەك وەکو تابلۆیەك بۆ ڕەنگدانەکە بەرجەستە دەکرێت و لە لایەکی تریشەوە ئەو مانایە هەڵدەگرێت کە فرە دەنگی و فرە ڕەنگی لە پشتییەوە وەستاوە، فەرماندەیەکی سیاسی لە ژیانی پێشمەرگەییدا لە یەك کاتدا سیاسەت دەکات و مۆسیقا لێدەدات و سرودی بەرخوردانیش دەڵێتەوە. ئەمە سەربارى ئەوەی کە مۆسیقا بۆ خۆی دەبێتە بنەمایەك بۆ فرە دەنگی و فرە ئاوازی چونکە ناشێت ئەم پیاوە بە گیتارەکەی تەنیا و بەس تەنیا یەك ئاواز بژەنێت.

ئەم گیتارەش هەر ئەوە نەبووە کە خۆی ئاوازی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنێت بەڵکو لە ناخی ئەمانیشدا جۆرێك لە ڕاهاتن بۆ ئەو فرەیتی و فرە دەنگییە دەڕەخسێنێ. ئەمەش دەمانباتەوە بۆ لای ئەو ڕاستییە کە مۆسیقا گیانی مرۆڤ بە بەها جوانەکان

ئاشت دەكاتەوە و حاڵـەتی تێڕامـان دروسـت دەكـات و لـە تێڕامانیشدا زەمینـەی قبـوڵ كردنی ئەوانی تر دەڕەخسێت.

شاعیر وێنەی تراژیدیای ئەو كارەساتەشمان پێشكەش دەكات كە كۆتـایی بـەو ئـاوازە جۆراوجۆرانە دەهێنێت كە لە گیتارەكـەی شـەهید ئـازادەوە دەدران بـە گـوێی ئـەماندا، خنكاندنی دەنگی گیتارەكەی شەهید ئازاد، تراژیدیـای خنكـاندنی دەنگـە جیاوازەكانـە، ئەو هێزەی ئەم دەنگەی كوشت، هەمان ئەو هێزەیە كـە ڕەنگـی ئـەنفالی بـە پانتاییـەكی فراوانی مێژووی ئێمـە بەخشی. واتـە لـێرەوە دەردەكـەوێت ئـەو هـێزەی كـە دەیـەوێت مێژووی ئێمە سەرتاپا بە یەك ڕەنگ ڕەنگ بكات كە ڕەنگی ئەنفالییە، ئەو هێزەیـە كـە خۆی یەك ڕەنگی هەیە كە ئەویش هێزی ئەنفال هێنەرە كە ئەویش عـەقڵ و ڕوانینـی تـاك ڕەهەندانـەی ناسیۆنالیزمی عەرەبە. هـەرچۆن خـۆی تاكـە ڕەنگێكـی هەیـە كـە ئـەویش ڕەنگـی ڕەشـی مـەرگ بەخشـە، دەیـەوێت تاكە ڕەنگێكیـش بـە هـەموو بـوون و سروشت و مرۆڤ و مێژووی كورد ببەخشێت كە ڕەنگی فەتح و ڕەنگی ئەنفالییە.

شـاعیر تابلۆیـەكی تـر بەرجەسـتە دەكـات كـە تـابلۆی خۆیـەتی لـە چركەسـاتی ئـاوارەییدا، لـەوێوە دەیـەوێت تـابلۆی فـرە ڕەنگمـان بـۆ بكێشـێت، بـەڵام هـەر زوو ئـەو خەونە بەتاڵ دەبێتەوە و جارێكی تر حاڵەتی هەست بـە ئـاوارەیی كـردن دەیگێڕێتـەوە بۆ ڕابردووی خۆی، لە ڕووی یادەوەرییـەوە ئەگاتـەوە بـە مێـژووی وێـران و كوژراوی و ئەوسا دەگەڕێتەوە بۆ لای تاكـە ڕەنگەكـەی ئـەو مێـژووە كـە ئـەویش ڕەنگـی ئەنفالییـە واتە ڕەنگی كوژراوی مێژووی ئێمە.

من ئێستا لە گەشتی ناو دەنگدا

میوانی ناو بەفری نەرویجم

لە ڕێی كام ڕەنگەوە هاتم؟!

كۆچی ڕەنگێكی سەرابی پێشم كەوت و

منی گەیاندە نزیكی بارەگای خواو

لای بەتریقی قوتبی ژوورو

ڕەنگەكانی ناو نیشتمان بە دەستی یەكتر ئەكوژران

به شوێن سپیدا ئەگەڕام

..

بەیانیەکی تەماوی لە بۆشایی یەکەم باوێشکی زەریادا

گیرسامەوە.. هەڵبەستێکی کەڕولاڵ بووم

من نەعلەتی سەرهەڵگرتووی شاخ و داخ بووم

ئەموویست سەری لە نیشتماندا لێکەوتووم لە هەندەران بدۆزمەوە.

کەچی نە ئەوم دۆزیەوەو نە ئەو نەعلەتەم لێ بۆوە.

لە کاتێکدا کە ئەمی شاعیر لە ڕێی ڕەنگێکەوە بەرزدەبێتەوە بۆ نزیکی بارەگای خوا، دەیەوێت تابلۆی فرە ڕەنگمان بۆ بکێشێت، ڕەنگی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنێت ئا لەو ساتەدا ڕەنگەکانی نیشتمان کە لە ڕاستیشدا هەریەك ڕەنگن سەرگەرمی خۆکوشتن بوون. ئەمەش سەرنجمان بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا ڕادەکێشێت کە ئەمی شاعیر چەندێ دوور بکەوێتەوە، ئەوە هێشتا لە ڕووی یادەوەرییەوە لێرە پەرت ناکرێت، بە مانایەکی تر تەنیا لە ڕووی جەستەیەوە لێرە دوور دەبێت ئەگینا لە ڕووی یادەوەرییەوە لێرە دەژی، یان بە مانایەکی تر هەموو مێژووی وێرانکراوی ئێمە لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت یان لە ڕووی یادوەرییەوە دەگاتەوە بەو مێژووە تراژیدییە، کە ئەمەش دیسان مەحکوم بوون بە مانەوە بە تاکە ڕەنگێکەوە نیشان دەدات.

لەو چرکەساتەدا ئەم بە یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان بەڵام لەو ساتەدا ڕەنگەکانی نیشتمان یەکتر دەکوژن، هەڵبەت گەڕان لە دوای ساتێکی دیاریکراوی مێژوویی بۆ ئەو یەکتر کوشتنەی ڕەنگەکان کە لەڕاستیدا خۆکوشتنی تاکە ڕەنگێکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. چونکە مێژووی دوورو درێژی وێرانکراوی ئێمە بەردەوام بارگەکراوە بە ڕووداوی خۆکوشتن و جەستەی نەتەوەیی ئێمە تەنانەت لە پێش شێوە گرتنی باری نەتەوەییشەوە هەمیشە لە حاڵەتی خۆکوژی بەردەوامدا بووە، ئەویش لە شەڕ و ناکۆکی نێوان خێڵ و عەشیرەتەکانەوە بۆ شەڕی نێوان میرنشینەکان و لەوێشەوە بۆ شەڕی نێوان حیزب و دەسەڵاتە ناوچەییەکان، کە هیچ کام لەمانەش نەبوون بە ڕەنگێك کە خاوەنی پێناسەی دیاریکراو و جیاواز لەوانی تر بووبن. ئەو

ململانێیانە لەبەرئەوە نەبووە کە هەریەکە ڕوانین و لێکدانەوەی جیاوازی هەبووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە گەوهەردا یەك ڕوانین و یەك لێکدانەوەیان هەبووە و ئەوەش وای لێکردوون لەبەرئەوەی هەریەکە خۆی بە تاکە ڕوانین و تاکە عەقڵی ڕەها زانیووە، نەتوانێت دان بەوانی تردا بنێت -کە خاسیێتی ئەویتریشی نەبووە- بەڵکو هەوڵی سڕینەوەی داوە.

ئەمی شاعیر لەو زەمینەوە کە زێدی خۆیەتی و ڕەنگەکان یەکتریان تیا دەسڕییەوە بەرەو ئەوێ دەڕوات، ئەوێی ڕۆژئاوا کە تیایدا فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لە مێژە بووەتە بەشێك لە کەلتووری ئەوێ.. ئەم لەو زەمینەیەدا بە ئاسانی جێگای نابێتەوەو ئەو ئامادەییەی نییە کە لە ڕووی ئەو کەلتوورەدا بوونی خۆی بسەلمێنێت چونکە ئەم کوڕی زەمینەیەکە تاکو ئێستا جگە لە پاڵەوانی یەك چاو و مێشکی بە یەك ئاراستە بیرکەرەوە و عەقڵی تەسك مەوداو یەك ئاراستە بین و چاوی یەك ڕەنگ بین نەیتوانیووە کەسێتی جیاواز بخولقێنێت، هەر بۆیە ئەم لەوێ کە بەم فەرهەنگەی ئێمەوە گەیشتۆتە ئەو زەمینەیە دەبێتە بنیادەمێکی کەڕو لاڵ ئەوەتا خۆی دەڵێت:

هەڵبەستێکی کەڕولاڵ بووم

من نەعلەتی سەرهەڵگرتووی شاخ و داخ بووم.

ئەم ڕوانینە لای شاعیر لە سەرەتای چوونە دەرەوەیەوە بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت کە ئەویش هەست کردنە بە نائامادەبوون لە بەرامبەر ئەوی ڕۆژئاوایدا. لە هەڵبەستی (لەنێو قەفەزێکەوە و لە پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنیو) دواتریش لە (دەربەندی پەپولە و مارو خاچ و ڕۆژمێری شاعیرێکدا) هەمان ڕوانین دەبینرێت. کە ئەم ڕوانینەش دەرئەنجامی هەستکردنێکی مەودا قوڵە بە حاڵەتی نائامادەبوون لە بەرامبەر ئەوی تردا، دیارە لەم ڕوانینە مەودا فراوانەشدا کە لە چەندین بەرهەمی شاعیردا ڕەنگی داوەتەوە جیاوازی نێوان دوو کۆمەڵگا و، دوو مێژوو، دوو جۆرە لە مرۆڤ دەردەکەوێت کە دەتوانین بڵێین ئەویش جیاوازی نێوان ئەوی خاوەن ناسنامە و شارستانی و مێژووی ئامادەبوونە لەگەڵ منی بێناسنامە و شارستانی داگیرکراو و دابەشکراو و مێژووی وێرانکراو کوژراودا. شاعیر کوڕی ئەم زەمینە وێرانە و دابەشکراو

و بێناسنامەیە، بۆیە لەویَ دەبێتە هەڵبەستێکی کەڕو لاڵ و لەوێشدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم وەکو ئەندامێکی سەر بە مێژوویەکی وێران بە گومانەوە لە بوونی خۆی دەڕوانێت لەبەردەم ئەوی خاوەن مێژوودا. کاتێ مێژووی ئەم لە ئاستی ئەواندا هیچ ئامادەبوونێکی نییە، ئەمیش بەوپێیە ناتوانێت ئامادەبوونی هەبێت لە بەرامبەر ئەواندا و بگرە لەسەر زەمینەی شارستانی ئەوان ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، ڕەنگە هەر ئەو حاڵەتی هەست کردن بە نەتوانینی خۆ سەلماندنە بێت لە لایەك شاعیر وا لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ئێرەی زێدو نیشتمانی خۆی کە ئەو گەڕانەوەیەش لە ڕووی یادەوەری و مەعنەوییەوە دەبێت و کاتێ بە جەستە لە ڕووی جوگرافیەوە لێرە دوورە بەڵام لە ڕووی مەعنەوی و سایکۆلۆژییەوە لەسەر جوگرافیای نیشتمان دەژی، ئەو نیشتمانەی کە ئەو سەری خۆی لەوێدا لێکەوتووە کە مەبەست لە کەوتنی سەریش ونبوونی ناسنامەیە. ئەمێك کە لێرە ناسنامەی خۆیی وەکو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگایە لە دەستداوە کە مەبەست لەو ناسنامەیەش ناسنامەی نەتەوەییمانە، لەویَ ڕۆژئاوا دەیەوێت ئەو ناسنامەیە بدۆزێتەوە، یان بە لایەنی کەمەوە ڕەنگە وەکو شاعیرێك هەست بکات ئەوەی لە نیشتمان لە ڕووی ناسنامەوە ئەم بە دەستی نەهێناوە و تەنیا وەکو شاعیری سنوورێکی داخراو کە سنووری کۆمەڵگای کوردییە خۆی ناساندووە، ئێستا لەویَ ناسنامەکەی بگوازێتەوە بۆ ئاستێك کە لە ڕووی ئەوانی تردا ئامادەبوونی هەبێت و خۆی بسەلمێنێت بەڵام تێدەگات ئەم مەحکومی دەستی کەلتوورێکە کە ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نییە هەتا ئەم بە پشتی ئەو بگاتە ئاستی خۆسەلماندن. ئەم هەڵگری عەقڵ و کەلتووری شاخە، ئەو عەقڵ و کەلتوورەش لە ڕووی ئەوی شارستانیدا ڕەت دەکرێتەوە و نەفرەتی لێدەکرێت و بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانە بەرەو دواوە، بەرەو کەناری ڕۆژهەڵات فڕێ دەدرێتەوە.

ئەم لەسەر زەمینەی ئەویَ نە ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە نە عەقڵ و کەلتووری ئێرە ڕووت دەکرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت مێژوو، ڕابردوو، کەلتوور ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە مێژووی تاکەکەسداو تاك بیەوێت یان نەیەوێت مەحکومە بە ملکەچ بوون بۆ یاساکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابونەریت و ناتوانێت بەبێ ڕەگ و ڕیشەیەکی

چەسپاو و مەودا قوڵ و بەبێ ئامـادەبوونێکی شارسـتانی خـاوەن ناسـنامە بوونـی خـۆی بسەلمێنێت. ئەمی شاعیر لەوێڕا نە دەتوانێت ببێتە خاوەنی شوناسی خۆی، شوناسێ کـە بەڵگەی خۆسەلماندن و ئامـادەبوون بێت، نـە دەتوانـێ لـە مێـژوو، ڕابـردو و فەرهـەنگی ئێرەی دەرباز بێت. ئەو فەرهەنگەی کە یەك دەنگ و یەك ڕەنگ و یەك عـەقڵ و یـەك ڕوانین داگیری کردووە. هەر ئەم هەستکردنەش دەشێ وا لە شاعیر بکات کە لە ئاستێکی تـردا بـەرەو نـاوەوەی خـۆی بگەڕێتـەوە و لـەوێڕا لـە دۆزینـەوەی ناسـنامە و لـە دوای ئامـادەبوون و لـە دوای خۆسـەلماندن بگـەڕێت، کـە دەشگەڕێتەوە بـۆ نـاوەوەی خـۆی وا دەبینێ کە ناوەوەی ئەویش هەمان شێوەی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە تاکە دەنگێ و تاکە ڕەنگێ و تاکە عەقڵێ و تاکە ڕوانینێ کۆنترۆڵی کردووە، دەشێ لـەوێڕا هەست بکات کە هۆکارێکی سـەرەکی لاوازی بنیـادی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری ئێمـە بـۆ خۆسـەلماندن و خۆگوزارشت کردن ئەو تاك ڕەهەندی بوونەیـە کـە ئێمـەی داگیرکردووە. بۆیـە لـەوێوە بانگەشە بۆ فرەیێتی دەکات و ئەویش لـە بەرهـەم هێنـانی چـەندین تـابلۆدا بەرجەسـتە دەکات بەڵام گەوهەری تابلۆکانیش هەمان گەوهـەرە، بـە واتایـەکی تـر هـەمان ڕەنگیـان هەیە کە لەم قەسیدەیەدا لە ڕەنگی ئەنفالیەوە دەست پێدەکات و بە ڕەنگی ئەنفالیش کۆتایی دێت، ئەو ڕەنگە ئەنفالیە ئەگەر ڕەنگی ئـەنفالی واقیعـی مێژوویی ئێمـە بێـت یان ڕەنگی ئاوارەیی شاعیر و هەسـت بـە ونبوونکردنـی بێـت لەسـەر زەمینـەی واقیعـی ڕۆژئـاوادا، یـان ڕەنگـی شـەهیدکردنی گیتارەکـەی شـەهید ئـازاد هـەورامی یـان ڕەنگـی وێرانکردنی ئازادییەکانی ژن بێت لە واقیعی ئێمەدا یان ڕەنگـی سـوتاندن و وێرانکـردن و کوشتن بێت.. سەرجەم لە گەوهەردا تاکە ڕەنگێکن کـە ئـەویش ڕەنگـی وێرانکردنـی مێژوویی ئێمەیـە، ئـەو مێـژووەی کـە تاکـە عـەقڵێك و تاکـە بیرکردنەوەیـەك و تاکـە لێکدانەوەیـەك تیـایدا باڵادەسـتەو کـار دەکـات، ئێمـەش وەکـو مرۆڤـی کۆمەڵگایـەك کـە کۆمەڵگای کوردیە بە گشتی مەحکومی دەستی ئەو تاك ڕەنگییەین و لە هەمان کاتدا خۆمان بەرهەم هێنـەری ئـەو تـاك ڕەنگیـە و قوربـانی دەسـتی ئـەو تـاك ڕەنگیـەین. شاعیر لە چرکەساتی هەستکردن بـە مەترسـی ئـەو حاڵەتـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوەوەی خۆیـی و لـەوێڕا هـەوڵی بەرهـەم هێنـانی فـرە دەنگـی و فـرە ڕەنگـی دەدات و دەیـەوێت

زەمینـە بـۆ بوونـی جیـاوازی و قبوڵکردنـی یـەکتری بڕەخسـێنێت چونکـە پـێی وایـە کۆبوونەوەی هەموو دەنگ و ڕەنگەکان و کۆبوونەوەی هەموو ئاڕاستە جـۆراو جۆرەکـان بـە جیـاوازی و تەنانـەت ناکۆکیەکانیشـیانەوە دەبێتـە بنـەما بـۆ خۆسـەلماندن و بـۆ سڕینەوەی ئەو ڕەنگە تەنیایەی کە ڕەنگی مێژوویی دوور و درێژی ئێمەیە کـە ئـەویش ڕەنگی ئەنفالیـە واتە ڕەنگی کوشتنی بەردەوامی مێژووی ئێمە.

وەرنە ناو ڕەنگەکانم

دەنگ فێری یەك جۆری بیستن و ئاخاوتن و

بۆن فێری یەك بۆنکردن و

هەست فێری یەك هەستکردن و

ڕەنگ فێری یەك جۆر ڕوانین و یەك تەماشای

دنیای کردم

بەڵام ئاخر من تا ئێستا

ئاوەزێکم نیـە فێری هەڵکۆڵین و جیاکردنەوە و

لێك نەچوون و فرە هزر و

فرە فڕین و خوێندن و

ناو جودایی فرە ڕەنگەکانم بکات!

من یەك ڕەنگ و من یەك چاوم، من دەنگدانەوەی دەنگی دیم.

من سواری مێژووی گلان و سواربوونەوە و دیسانەوە هەر گلانم

نە ئەزموونم ڕەنگێ لە دوای خۆی جێدێڵێ و

نە هەواری ڕەنگەکانی سبەینێشم پێ ئەزانم!

من بۆ خۆم خاڵی شپرزەی نێوانێکم ناوی نیـە و

ڕەنگی نیـە و نەمردنم و نە ژیانم!

شـاعیر دەمانگێڕێتـەوە بـۆ نێـو واقیعـی کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری کوردی و پـەردە لەسەر ڕووی ئـەو کـەلتوورە لادەبـات و لەوێشـەوە ناڕاسـتەوخۆ پێمـان دەڵێت ئێمـە لـە سایەی ئەو کەلتوورەدا پەروەردە بووین کە ئەویش کەلتوورێکە تەنیا یەك جۆر دەنـگ

و بۆن و هەست و ڕەنگی تێدایە، نەك تەنیا ئاستی عەقڵی و مەعریفی ئێمە بۆ تاك ڕەهەندی پەروەردە كراوە، بەڵكو هەستەكانیشمان بۆ یەك جۆر هەستكردن ئامادەكراون، ئەوەش بچوك كردنەوەی مرۆڤە بۆ ئاستی مەخلوقێك كە مەوداكانی هەستكردنی سنووردار دەكرێت.

لێرەوە كاریگەری واقیعی كۆمەڵایەتی و كەلتووری و مێژوویی لەسەر فۆرمەلەكردنی كەسێتی ئێمە دەردەكەوێت، كە كەسێتێكی داخراوی دیسپلین كراوە لە ڕووی هەستكردنەوە بۆ تاكە هەستێك، بە مانایەكی تر شاعیر دەیەوێت بڵێت ئێمە لە ڕووی پەروەردە و فەرهەنگییەوە ئامادە نەكراوین بۆ فرە هەستی چ هەستی بینین یان بیستن، یان بۆن كردن.. بەواتا ئەو بنەمایانەی كە پێویستن بۆ قبوڵكردنی فرەیتی و جیاوازی لە كەلتووری ئێمەدا بوونیان نەبووە تا ئێستا، هەر ئەوەش ڕێگر بووە لەبەردەم دروستبوونی زیاتر لە عەقڵێك و زیاتر لە ڕوانینێك و زیاتر لە بیركردنەوە و بینینێك. ئەمی شاعیر پەردە لەسەر هۆكاری دروستبوونی ئەم جۆرە ڕوانینە لادەبات و پێی وایە هۆی سەرەكی نەبوونی عەقڵێكە كە توانای هەڵكۆڵین و جیاكردنەوە و بینینی جیاوازی و لێك نەچوونەكانی بكات.

لێرەوە جۆرێك لە ڕەخنەگرتن لەخۆ سەرهەڵدەدات كە ئەویش مەبەست ڕەخنەگرتن لە خودی شاعیر خۆی نییە، بەڵكو مەبەست ئەو واقیعە كۆمەڵایەتی و كەلتوورییە كە كەسێتی شاعیر و هەموو ئێمەی تیا بیناكراوە، كە واقیعێكە بە درێژایی مێژوو یەك عەقڵ كاری تێدا كردووە و بێگومان لە حاڵەتێكی وەهاشدا زەمینەی بینینی جیاوازی و تەنانەت هەستكردن بە بوونی جیاوازیش پێكنایەت. عەقڵیەتی تاك ڕەهەندی واقیعی ئێمە بە جۆرێك ڕایهێناوین كە تەنیا یەك حەقیقەت و یەك ڕەنگ و یەك دەنگ و یەك بیركردنەوە و یەك ئاڕاستەی ڕاست بۆ ژیان ببینین، كە بێگومان ئەمەش خاسێتی كۆمەڵگا داخراوەكانی وەكو ئێمەیە كە بە پێچەوانەی كۆمەڵگای كراوەوە كە بە ئەندازەی ئینسانەكان عەقڵ پێكدێت كە ئەو فرەیتییەش لە پێكهاتنی عەقڵدا بەرهەمی ڕەهابوونی عەقڵە بۆ كاركردن، كە بێگومان لە كۆمەڵگای ئێمەدا مادەم ئازادی عەقڵ فەراهەم نەبووە، مانای وایە بواری بەرهەم هێنانی زیاتر لە

عــەقڵێکیش نەڕەخسـاوە. کـە دیـارە لـە حاڵـەتێکی وەهاشـــدا تاکــە عــەقڵ توانـــای قوڵبوونـەوەو شـۆڕبوونەوەی نیـیە بـۆ لێکدانـەوەی سروشـت و گەوهـەری دیاردەکـان و بەوپێیەش هیچ زەمینەیەك بۆ زیاتر لە تاکە لێکدانەوەیەك و زیاتر لە تاکە ڕوانینێـك پێکنایەت.

لە ئەنجامی گەیشتن بەو ئاستەی هەستکردندا، شاعیر سـەرباری ئـەوەی کـە پێشـتر باسی فـرە ڕەنگـی دەکـات و تـابلۆی هەمــەجۆر بەرجەسـتە دەکـات و خـۆی دەبێتـە سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان بەڵام دەگاتە ئەو ئاستەی کە دان بەوەدا بنێت کە ئـەم تـەنیا یـەك ڕەنگی هەیـە و یـەك بینینـی هەیـە و خــاوەنی دەنگـی ڕاسـتەقینەی خۆیشی نییە بەڵکو دەنگدانەوەی دەنگی ترە، لێرەوە گومانێك لـە بەرامبـەر ناسنامەی خۆدا بەرزدەکاتـەوە، ئەگــەر ئــەم ڕوانینــە تەسـك بکەینــەوە بــۆ ســنووری شــاعیر و ئەزموونی شیعری ئەو ئایا دەشێ وەهای لێك بدەینـەوە کە ئـەزموونی دوور و درێـژ و دەوڵەمەندی شیعری خۆی وەکو دەنگدانەوەی ئەزموونی ئەوانی تـر ببینێـت؟ بێگومـان دەشێ لە بەرامبەر ئەم پرسیارەدا وەڵامی ئەرێمان دەست نەکـەوێت، ئەگـەر ڕاستەوخۆ ئـەو پرسـیارە چـارەنووس سـازە سـەبارەت بـە ئـەزموونی شـیعری ئـەم شـاعیرەمان ڕووبەڕووی خۆی بکەینەوە.

بۆیـە دەشێ لـە ئاستێکی فراوانـتردا لێکدانـەوەی ئـەو بۆچوونـە بکـەین و لـە سـنووری خودی شاعیرەوە بیگوازینـەوە بـۆ سنووری نەتـەوە و لـەوێدا لێکدانـەوەی ئـەوە بکـەین کـە ئێمـە خۆمـان خـاوەنی هیـچ دەنگێـك نـین بـەڵکو پاشـکەوتوی دەنگـی تریـن، ئیـتر ئـەو پاشکەوتنە بـە ویستی خۆمـان بێت یـاخود زۆرەملێ بێت، کە بێگومـان لە پشتی شێوازی گوتنەکـەی شـاعیرەوە "مـن دەنگدانـەوەی دەنگـی تـرم" ئـەوە ئاشـکرا دەبێـت کـە ئێمـە لەبەرئەوەی خاوەنی ناسنامە و گەوهەر و ماهیەتی خۆسـەلماندن نـین، لەبەرئـەوە بووینەتـە دەنگدانەوەی ئەوانی تر و بەبێ ئەوەی خۆمان هیـچ بەرهـەم بـهێنین بـە دوای ئـەوانی تـردا دەڕۆین کە بێگومان لە حاڵەتێکی وەهاشدا لەبەر بێ ناسنامەیی خۆمان، خۆمـان ون دەکـەین و دەبینە سێبەری ئەویتر، کە دەشێ تەنانەت بۆ مێژووی ڕابردووی خۆمان لـەژێر دەسـەڵاتی داگیرکەراندا وەکو سێبەری ئەوانمان لێهاتبێت چ لە بیرکردنەوەو چ لە ڕەفتارکردندا.

ئـەمی شـاعیر لـەو چرکەسـاتەدا کـە باسـی فـرە ڕەنگیمـان بـۆ دەکـات و هـەروەك پێشـتریش گوتمـان ئـەوە دەشـێ ئـاواتێکی سـەرکوتکراوی شـاعیر بێـت و لـە نەسـتیدا دووچـاری چـەپاندن هـاتبێت و لـە خـەیاڵدا و لـە دروسـتکردنی یۆتۆپیـادا ئـەو فـرە ڕەنگیـیە بەرجەستە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا نەست ئەو ڕاستیـیە حەشار نـادات کـە ئەم لە گەوهەردا نە بەرهەمهێنی فرە ڕەنگی و فـرە دەنگیـیە و نـە بـەو ئاڕاسـتەیەش کاردەکات کە ئەو فرەیێتیـیە بەرهەم بێت، چونکە لەناو هەموو ڕەنگەکاندا دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرجەسـتەکردنی تاکـە ڕەنگێـك کـە ڕەنگـی ئەنفالیـیـە ئـەویش ڕەنگـی وێرانـەیی مێـژووی ئێمەیـە، هـەروەها لـەنێو هـەموو دەنگـەکاندا ئـەو دواجـار بانگەشـە بـۆ تاکـە ڕەنگێـك دەکـات کـە دوای هەرەسـی هـەموو ڕەنگـەکان بـە تـەنیا ماوەتـەوە.. بەهـەرحاڵ ئەمە لێرەدا بەجێ دەهێڵم دواتر دەگەڕێمەوە سەری.

ئەم پێی وایە بە درێژایی مێژوو ئـەم لـە نێـوان بـەرەو سـەرکەوتن و شکسـتدا بووە یان بە وتەیەکی تر لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە بازنەی ڕابوونـەوە و هەرەس، ئەمەش وای لێکردووە کە لە بارێکدا جێگیر نەبێت و فۆرمێکی پەیوەسـت بە خۆی وەرنەگرێت، هەر ئەوەش بۆتە هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە لە مێـژووی خۆیدا هیچ شتێکی ئەوتۆ بـەجێ نـەهێڵێت کـە ببێتـە بنـەما بـۆ دەسـتەبەرکردنی پێناسەیەکی دیار، تەنانەت ئەم حاڵەتە هەر کاری لە ڕابردووی و ئێستای نەکردووە بەڵکو ئایندەشی خستۆتە بەردەم گومانەوە و نازانێت سبەینێی بە چ جۆر و بە چ شێوەیەك دەبێت.

ئەمی شاعیر پێناسەیەکی واقیعیانەی ئێمە دەکات لە حاڵەتی شلۆقی ئێستاماندا و پێی وایـە بوونمـان لـە ئێسـتادا (کـە پێـم وایـە زیـاتر مەبەسـت دەسـەڵاتی ئێسـتای کوردیـیە) بوونێکی بێناسنامەیە چونکە هیـچ نـاوێکی لێنـانرێت بارێکـە ناخرێتـە سنووری هیچ پۆلێن کردنێکەوەو لە نێوان بوون و نەبووندایە کە دەشێ لـە پشتی ئـەم بۆچوونەشەوە ترس لە شکست و هەرەس ڕاوەستابێت.

من بۆ خۆم خاڵی شپرزەی نێوانێکم ناوی نیـیە و
ڕەنگی نیـیە و نە مردنم و نە ژیانم!

ئەگەر لێکدانەوەی باری مێژوویی دوور و درێژی ئێمە بکرێت ئەوە نە ئەوەتا بە تەواوی بوونمان سڕابێتەوە و هیچ ئامادەبوونێکمان نەمابێت، نە ئەوەتا گەیشتبینە ئاستی خۆسەلماندن و ئامادەبوونێکی ئەوتۆمان هەبێت کە تیایدا توانیبێتمان ناسنامەی خۆمان بە دەست بهێنین، بەواتا نە ئەوەیە مردوو بین نە زیندوو بین. بەڵکو لە نێوان مەرگ و ژیاندا ڕاوەستاوین ئەمەش سیمای بوونی کوردە لە مێژووی وێرانکراوی دوور و درێژیدا.

لێرەوە شێرکۆ تراژیدیای مێژوویەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بارکراوە لە شکست و کاتێ ئەم پەردە لە ڕووی باری نائامادەو ناکردەیی خۆی لادەبات، لە خودی خۆی وەکو تاکە کەس نادوێت بەڵکو هەموو مێژووی ئێمە لە خۆیدا کۆدەکاتەوە کە ئەویش مێژوویەکی شکست و وێرانکراوە، پەیبردن بە وێرانەی دەرەوە شاعیر وا لێدەکات بگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی بەڵام لە ئەزموونی شیعری ئەمدا دیوارێك لە نێوان ناوەوە و دەرەوەیدا نادۆزرێتەوە بۆیە هەموو (من)ێك لای شێرکۆ بریتییە لە (من)ی نەتەوە، هەموو پەردەلادانێك و ئاشکراکردنێکی شکستەکانی (من) لە ئاستێکی تردا پەردە لادان و ئاشکراکردنی شکستەکانی نەتەوەیە کە ئەویش شکستی مێژووی دوور و درێژی ئێمەیە. لە پرۆژەی شیعری شێرکۆدا بەردەوام ئاڕاستەی کەرنەڤاڵی یەکگرتنەوە لە نێوان خوداو نەتەوەدا ئامادەبوونی هەیە و هەر گریان و لاواندنەوەیەکی خود بەسەر مێژووی شکستی خۆیدا دەبێتە لاواندنەوە و گریانی نەتەوە بۆ مێژووی وێرانکراوی دوور و درێژی. لێرەوە پرۆسەی گەڕانەوەی شاعیر بۆ ناوەوەی خۆی دەبێتە پرۆژەیەکی شکست خوارد و هەر لەوێشەوە بنەمای هەرەسهێنانی بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی بەرجەستە دەبێت و کارکردنی ئەم لە سنووری ئەو ڕەهەندەدا دەمێنێتەوە کە سنوورەکانی هاوتەریبە لەگەڵ بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی ئێمەدا کە ئەویش گوتاری مانەوەیە.

لە ڕەنگدان دا شاعیر دەگاتە ئەوێی دەرەوەی کوردستان، بەڵام سەرزەمینێك نادۆزێتەوە بۆ ئاسودەیی چونکە لای ئەو چەقی گەردوون زێدو نیشتمانی خۆیەتی، لای ئەو یەك سروشت ئیلهام بەخشە کە سروشتی کوردستانە، یەك زمان تونای هەلگرتنی

خەم و ئازار و بینینەکانی ئەوی هەیە کە زمانی کوردی‌یە، لە یەك شوێندا هەست بە بوونی خۆی دەکات ئەویش سەرزەمینی ئێرەیە.. ئەو پابەندی مێژوویەکی شکستە کە لێ‌ی نابێتەوە ئەویش مێژووی ئێمەیە، گەردوون لای ئەو و بۆ ئامادەبوونی ئەو لە یەك شوێندا زەمینە بۆ فەراهەم بوونی مانای بوون دەرەخسێنێت کە ئەویش نیشتمانەکەیەتی بە مانایەکی تر هەموو ئاراستە جوڵەیەك بە گوێرەی ئەم بەرەو ناوەندێکە ئەویش ئەو ناوەندەیە کە تیایدا سەرباری شکستی مێژووەکەی هەست بە بوونی خۆی دەکات تێیدا، ئەو ناوەندەش کوردستانە، سەرجەم ئەو جوڵەو ئاراستەیەی کە بەرەو چەقی گەردوونی لە ڕوانگەی خۆیەوە کێشی دەکەن یەك ئاراستە جوڵەیە کە ئەویش یەك ڕەنگ بە خۆی دەگرێت، ئاراستەی بەرەو تایبەتمەندبوونی خودو ڕەگ داکوتانی لەسەر ئەو زەمینەی کە تیایدا هەست بە جۆرێك لە بوون دەکات کە بوونە لەسەر مێژوویەکی وێران کە تاکە ڕەنگی ئەو مێژووەش ڕەنگی ئەنفالی‌یە. ئەمی شاعیر چ لەسەر زێدو لە چەقی گەردوونی خۆیدا بێت چ لە دەرەوەی زێدو چەقی گەردوونی خۆی یەك ڕەنگ داگیری دەکات کە ئەویش نامۆییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەستی نامۆیی لای ئەم هەستکردنە بە شکستی مێژوو، هەستکردنە بە نائامادەبوون.

لەم سەفەرە درێژەدا، ئای کە تەنیایە ڕەنگی من
لە وێستگەکانی دنیادا هەر خۆی پێشوازی لە خۆی و
هەر دەستی خۆی ماڵئاوایی لە دەستەکانی خۆی ئەکات!

ئایا باس لە کام سەفەر دەکات؟ دەشێ دوو لێکدانەوە بۆ ئەو سەفەرە بکەین کە ئەو مەبەستیەتی، یەکێکیان سەفەری خودی شاعیر بە دەرەوەی زێدو نیشتمانی خۆی کە ئەویش ڕاستەوخۆ مانای ئاوارەیی و هەست بە نامۆیی کردن هەڵدەگرێت، لە ساتەوەختی ئەو جۆرە هەستکردنەدا سەفەر کۆتایی نایەت، دووەم لێکدانەوەش کە زیاتر گونجاوە سەفەری دوورو درێژی ئێمەیە لە مێژوودا کە لەو سەفەرەدا ئێمە یەك ڕەنگمان هەبووە ئەویش ڕەنگی شکست و وێرانەییە و لەسەر ئاستی مێژو و شارستانێتی دنیا ئەوەندەی ئامادەبوون نەبووە هەتا ئەوانی تر بیناسن و نەك دان بە بوونیدا بنێن بەڵکو هەست بە بوونی بکەن، ئەم حاڵەتی نائامادەبوونەش وای

لێکردووە کە تەنیا هەر خۆی خۆی بناسێت و هەر خۆی خۆی بدوێنێت، بە مانایەکی تر ئەم لە سەفەری مێژوودا لە جیاتی بوون بە بکەر و بوون بە خاوەنی گوتراوی ئاشکرا بەردەوام ناکردە بووە و لە حاڵەتی مۆنۆلۆگی بەردەوامدا بووە، ئەم حاڵەتی مۆنۆلۆگە بەردەوامە دەشێ لەگەڵ گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خوددا هاوشێوە بێت، بەڵام ئەگەر لە ڕوویەکی ترەوە سەیر بکەین بە گشتی (من) یان (ئێمە) لە ئەزموونی دوورو درێژی ئێمەدا بوویەکی خەون بین بووە، بوویەك کە هەمیشە لە مۆنۆلۆگدایە، واتە بوویەك کە هەمیشە خۆی دەدوێنێ، لەو خۆدواندنەشدا دەشێ بگەڕێتەوە بۆ سەر شکستی یادەوەری کۆن و باری ئامادەی شکستی ئێستای و ئەو وێرانە مێژووییە بدوێنێت، هەر لەوێشەوە پێشنیاری جیاوازی و فرە دەنگی و فرە ڕەنگی بکات بەڵام بەبێ ئەوەی بۆ خۆی ئامادەبوونی بەرهەم هێنانی ئەو جیاوازی و فرە دەنگی و فرە ڕەنگییەی هەبێت، ئەم پێکهاتەیە کە ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت ئیتر چۆن دەتوانێت بەبێ خۆسەلماندن جیاوازی دروست بکات و ئاراستەی ناچوون یەك و فرە ڕەنگی بەرهەم بهێنێت.. گەیشتن بە حاڵەتی پەیبردن بە نەتوانینی گۆڕینی واقیعی شکست بۆ واقیعی خۆ دروست کردنەوە ڕاستەوخۆ شاعیر دەگێڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستەی کە هەموو ئاخاوتنەکانی لەسەر بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی و جیاوازی یان بوون بە ڕەنگدان بەلاوە بنێت و هەموو ئاراستە و ڕوانین و بینین و لێکدانەوەکان لای ئەو هیچ بەهایەکیان نەمێنێت ئەگەرچی پێشتر لەوە دەدوێت گەورەیی بۆ ڕەنگێکی گەورە ئەوەیە کە دان بە ڕەنگێکی بچوکدا بنێت، بەڵام ئەمجارە بانگەشە بۆ تاکە ڕەنگ و تاکە دەنگ و تاکە بوون دەکات و ئەویش ڕەنگی خۆی و دەنگی خۆیی و مێژووی خۆیەتی. ئەم ڕوانینەش زیاتر لە کاتێکدا بانگەشەی بۆ دەکرێت کە دەیەوێت ڕەنگەکان بناسێنێت و لەو ئاقارەشدا تاکە ڕەنگێ کە لای ئەو پێناسەی هەبێت هەر ڕەنگی خۆیەتی چونکە کاتێ شکستی ڕەنگەکان بووە بە ڕەنگی، ئەو تاکە ڕەنگ بووە کە درێژەی بە مێژووی ڕەنگداوە.

کە من هاتم ڕەنگ نەمابوو..

دەنگ نەمابوو.. من لە ڕووشدا و لە رمژوەی کارەساتدا و

له هێلکەی خڕکە بەردەوە سەرم جووقاو
هاتمە دەرێ و و بووم بە ڕەنگێکی شیرین و
بووم بە پەیژەکانی هەتاو
لە سەردەمی ڕەنگی نوێداو
لە چاخی ڕەنگی یاخیدا
من یەکەم ڕەنگ بووم کە لە دوای هەرەسی هەموو ڕەنگەکان
لە دوای گلانی ئەستێرە و لە دوای هەڵاتنی دار و
دوای ڕاکردنی دارستان
هەستامەوە و سەرکەوتمە سەر ملەی ڕەدەو
سەری خۆمکرد بە مانگەشەو
بۆ هەمووتان
ئاخر من بە ڕەنگی مەرگم
مۆمی سەرو ملی چیای کوژاوەم داگیرساندەوە و
دیسانەوە ڕەنگی خەوتووم لە شەقام و گۆڕەپاندا
هەستانەوە!

ئەمە دەنگی ڕەنگێکە مێژووی خـۆی دەگێڕێتـەوە و خۆیـی و گەوهـەر و ماهیـەت و ڕوانینی نمایش دەکات و باس لە بکەری خـۆی دەکـات و لـەو سەروبەندەشـدا نـەك هـەر دان نانێت بە ڕەنگەکانی تردا بەڵکو دەیەوێت بیسەلمێنێت کە کاتـێ ئـەم دەرکـەوتووە و لـەم وێرانەیــەی مێــژووی ئێمــەدا یەکــەم تروسـکەی هــەڵکردووە و یەکــەم ڕەنگــی داگیرساندووە هیچ ڕەنگ و دەنگ و مێژوویەکی تر بوونی نەبووە.

ئەمەش بۆ خۆی جـۆرە ڕوانینێکە کـە سـڕینەوەی ئـەوانی تـر و نـەتوانینی دانـان بـەوانی تـر لـە دوایـەوە ڕاوەسـتاوە. ئەمـەش ئـەو دەنگەیـە کــە لـە واقیعـی سیاسـی و مێژوویی پڕ لە شکستی ئێمەدا حیزبی کوردی بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات و لە هەر چرکــە ساتێکیشــدا دەگەڕێتــەوە بــۆ باســی ســەروەرییەکانی و بــۆ بــەردەوام دووبارەکردنـەوەی ژمـارەی شـەهیدەکانی و باسـکردنی بـەها پیرۆزەکانی، بێگومـان ئـەو

عەقڵیەتەی لە دوای ئەم جۆرە ئیشکردنەوەیە عەقڵێتێکە کە زەمینەی قبوڵکردنی ئەویتری نییە، واتە یەك ڕەنگ لای ئەو مافی بوونی هەیە کە ئەویش ڕەنگی خۆیەتی، کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا ئەو زەمینە سیاسی و مێژوویی و کەلتوورییە دەردەکەوێت کە شاعیر دەیەوێت بیکاتە ڕەنگدان یان سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان، کە دیارە ئەو زەمینەیە تاکو ئێستا ئەو عەقڵیەتەی تیا باڵادەست نەبووە کە زیاتر لە ڕەنگێ قبوڵ بکات. هەر لێرەوەیە کە شاعیر لە دەرەوەڕا هەست بە نەبوونی زەمینەی ئەو فرە ڕەنگییە دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ناوەوەی خۆی و دەیەوێت ناوەوەی خۆی بکاتە زەمینەی فرە ڕەنگی و سەرچاوەی بەرهەم هێنانی ڕەنگەکان، بەڵام لەوێش ڕا نەست و خەیاڵ بەشداری دەکەن لە بەرهەم هێنانی قەسیدەکەدا و وێنەی ڕاستەقینەی سەر ئاستی نەستی شاعیر دەگوازنەوە بۆ نێو دەقەکە، ئەو وێنەیەی کە واقیعی سیاسی و مێژوویی لە نەستی نەك شاعیردا بە تەنها بەڵکو لەسەر نەستی بەشی هەرە زۆری مرۆڤی کورددا جێگیری کردووە ئەویش وێنەی تەنیا ڕەنگ و دەنگی خۆم بوونی هەیە و لە دەرەوەی ئەو هیچی تر نابینم.

کاتێ شێرکۆ لە گەڕانەوەیدا بۆ گێڕانەوەی مێژووی خۆی کە وەك گوتمان لای ئەو هەمیشە (من) دەنگی دەستەجەمی بوونە لە کۆمەڵگای کوردیدا، مێژووی بەشێك لە کورد یان ڕەنگێك دەگێڕێتەوە، بەڵام لەو گێڕانەوەیەدا سەرباری پەردە لادانی تەواوەتی لە ڕووی چرکەساتەکانی شکست و ئائامادەبوونی هەمیشەیی کەچی هێشتا لەسەر ئەو زەمینە وێرانەیە بانگەشە بۆ جۆرێك لە بوون دەکات لە سنووری مێژووی خۆماندا و لەو ئاقارەشدا ئەو بوونەی کە ئەم بانگەشەی بۆ دەکات و خۆی نوێنەرێتی وای دەخاتە ڕوو کە تاکە بوون و تاکە هێزی جوڵە دروستکەر بووە.. ئەمەش وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد یان بەرهەمی نەستە کە بەو جۆرە وێنەکانی سەر ڕووی خۆی فڕێ دەداتە نێو پێکهاتەی دەقەکەوە.

یان شێرکۆ لە بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتەدا جۆرێك لە ڕەخنەگرتن لەو عەقڵیەتە دەکاتە ئامانج و پێمان دەڵێت تاکو ئێستا ئەمە سروشتی ڕوانین و بیرکردنەوەی ئێمەیە و بەمجۆرە دەڕوانینە ئەوی دەرەوەی خۆمان و تەنیا یەك

ئاڕاسته بۆ بیرکردنـەوە و بـۆ ژیـان و بـۆ لێکدانـەوە پەسـەند دەکـەین کـە ئـەویش ئـەو ئاڕاسـتەیە کـە خۆمـان بڕوامـان پێیــەتی و بەڕاسـتی دەزانــین و پێمـان وایــە هـەموو حەقیقەتێك لای ئەو ئاڕاسته بیرکردنەوەو ئەو جۆرە ڕوانینەیە، بـە مانایـەکی تـر لـە پشتی ئەم دەربڕینــەی شیعرەکەوە نـەگوتراوێك هەیـە کـە ئـەویش ئەوەیـە کـە دەڵێـت ئێمـە تـاکو ئێستا بـەو جۆرە لـە جیاوازی و فرەیێتـی دەڕوانـین و هـەرچی لـە دەرەوەی خۆمان بێت بە هەڵە و ناتەواو و ناڕەواو دژی حەقیقەتی دەزانین، واته ئەم ڕوانینه لە ئاسـتی نــەگوتراودا لایــەنگری تاکـە حەقیقـەت و تاکـە ڕاسـتی دەکـات و ئــەویش حەقیقـەتی (مـن) و ڕاستی ڕوانـین و لێکدانـەوە و بیرکردنـەوەی منـە، کـە ئـەوەش بـە تەواوەتی یەك ڕەنگی و یەك دەنگی بەرجەسته دەکات و زەمینەیەك بۆ فـرە ڕەنگـی و بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی و بوون بە ڕەنگدان ناهێڵێتـەوە. ئەمـەش دیسان زەمینـەی ئەو پرۆژەیەی کە شاعیر بۆ بەرهەم هێنانی جیاوازیـیـەکان و پەسـەندکردنی زیـاتر لـە ڕەنگێك زیاتر لـە تاکە عـەقڵ و تاکە ڕوانـین و تاکە لێکدانەوەیـەك پێشنیاری دەکات هەرەس دەهێنێت، لێرەشەوە پەردە لەسەر ڕووی شاراوەی مێژووی شکستی ئێمە ئاشکرا دەبێت کە مێژوویەك بووە هـەرگیز زیـاتر لـە تاکـە عـەقڵێك و تاکـە ڕوانینێـك و تاکـە لێکدانەوەیـەك تیـایدا ئامـادەبوونی نـەبووە و هـەرگیز لـە تاکـە بکـەرێك زیـاتر تیـایدا ئامادەبوونی نەبووە سەرباری سنووردارێکی توانای ئەو بکەرەش، بۆیە هەرکە هەرەسـی هێناوە یان دووچاری شکست بووە چیتر هـێزێك نـەماوە جێگای بگرێتـەوە و، هەرەسـی یەك بە دوای یەکی مێژووی دوورو درێژی ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەنگی جیاواز و بوونی زیاتر لە بکەرێك و بوونی زیاتر لە عەقڵێك.

سـەرجەم ئـەو تابلۆیانـەی کـە شـاعیر بـە مەبەسـتی بەرهـەم هێنـانی فـرە ڕەنگـی دەیانکێشێت لە گەوهەردا یەك ڕەنگن و یـەك ماهیـەتیان هەیـە. لێرەوە دەشێ شاعیر وەکو سەرچاوەی بەرهەمهێنی فرە ڕەنگی بەراورد بکەین بـە مێـژووی کورد، هـەرچۆن مێـژووی سیاسی و کۆمەڵایـەتی و کـەلتووری ئێمــە لــە درێــژەی خۆیــدا نــەیتوانیووە ڕوانینـی جیـاواز، لێکدانـەوەی جیاواز، عـەقڵی جیـاواز بەرهـەم بــهێنێت و ئەگـەر بـە ڕووکەشیش ئەو جیاوازانە ببینرابێت ئەوە لە گەوهەر و ماهیەتدا هـەمان شت بـوون و

جیاواز نەبوون لە یەکتری، شاعیریش سەرجەم ئەو ڕەنگانەی بەرهەمی دێنێت، ئەو ڕەنگدانەی دروستی دەکات، ئەو تابلۆیانەی بەرهەمیان دێنێت، ئەو پێشەنگایانەی دەیانکاتەوە.. هەموویان یەك ڕەنگ و یەك گەوهەر و یەك ئاڕاستەیان هەیە، کە ڕەنگی ئەنفالی و گەوهەری شکست و ئاڕاستەی لێکدانەوەی تەنیا هەر خۆم هەم کۆنترۆڵی هەموو ئاست و ئاڕاستەیەکی جوڵەیان دەکات و لە نێوان دوو جەمسەری مێژوویەکدا کۆدەبنەوە، مێژووی شکستی دوورو درێژو، مێژووی سەرهەڵدانەوە و ڕابوونەوە و شۆڕش، کە ئەویش مێژووی تاکە حیزبێکە لە کوردستاندا کە کاتێ ئەو دێت کەسی تر لەسەر گۆڕەپانی کوردستان بوونی نییە و هەرەس بە هەرەس دەهێنێت. واتە شاعیر چەندێ بانگەشە بۆ فرە ڕەنگی و فرە ڕەهەندی لێکدانەوە دەکات بەڵام ئاکام لەژێر سایەی تاکە ڕەنگێك و لە سنووری ڕوانینی تا سەر ئێسقان تاك ڕەهەندانەدا دەردەکەوێتەوە کە ناتوانێت لەو دیووی تاکە مێژوویەکەوە کە مێژووی تاکە ڕەنگێکە لە واقیعی فراوانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هیچ مێژوویەکی تر و هیچ ڕەنگێکی تر ببینێت، کە بێگومان ئێمە هەرچەندە خۆمان دەورمان هەیە لە خولْقاندنی ئەو واقیعە داخراوەدا بەڵام لە هەمان کاتدا قوربانی دەستی ئەو واقیعەیشین.

کاتێ شاعیر هەست بە شکستی پرۆژەکەی دەکات بۆ بەرهەم هێنانی زیاتر لە ڕەنگێ و بوونی بە ڕەنگدان، هەست بە ناکردەیی خۆی دەکات و لەوێڕا جۆرێك لە ترس دەبێتە تاکە وێنەی دیار لە لای و ئەویش وێنەی مردنە، وێنەیەك کە پێشتر سەرباری هەست بە شکستی بەردەوام و هەستکردن بە وێرانەیی مێژوو لای شێرکۆ هەستی مردن نەبۆتە خاسێتێکی هەستپێکراو. بەڵام لە قەسیدەی ڕەنگداندا کارکردنی بەردەوامی شێرکۆ بەسەر مێژووی وێران و کوژراوی ئێمە وەکو نەتەوە لە ڕووی ئاشکرای دەقەکەدا حاڵەتی دەستەجەمی بوون بە جێ دەهێڵێ و بەرەو تایبەتمەند بوون دەچێت و لەبری ئەوەی مێژووی کورد ببێتە سەنتەری ئاخاوتن مێژووی خودی بایۆلۆژی شاعیر دەبێتە سەنتەری ئاخاوتن کاتێ هەست دەکات لەسەر مێژووی وێرانەی ئێمە هیچی بۆ ناگۆڕێت، دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی تایبەتی خۆی و لەو ئاقارەشدا کاتێ مێژووی نەتەوە لە بەردەم مەترسی وێرانبووندا بێت، ئەوا مێژووی تاکە کەسیش لەو

مەترسیە دەرباز نابێت، ئەمە سەرباری گەڕانەوەی بۆ نێو سنووری مێژووی تایبەتی خۆی کە لەوێشدا جۆرێك لە وێرانەیی هەست پێدەکات کە ئەویش هەستکردنیەتی بە هەڵچوونی تەمەن، لەم حاڵەتەشدا مەترسی مردن دەبێتە فەزایەکی دیار و دەسەڵات بەسەر بەشی کۆتایی قەسیدەکەدا دەکات لێرەشەوە دیسان یەك ڕەنگ کۆنترۆڵی هەموو گەردوون دەکات لە ڕوانینی شاعیرەوە کە ئەویش ڕەنگی مردنە، کە ئەو ڕەنگەش هێمایە بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ڕەنگەکانی تر و سەپاندنی یەك ڕەنگی. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە جۆرێك لە مەیلی مەرگ دۆستی ئاشکرا دەبێت. کە ئەو مەیلەش لەگەڵ بەرەو کۆتایی هاتنی قەسیدەکەدا یەك دەگرێتەوە، چونکە لە قەسیدەکاندا لە سەرەتاوە زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی ئامادە دەکرێت، لە سنووری دەقەکەدا فرە ڕەنگی مانای واتا بە ژیان بەخشین هەڵدەگرێت، چەندین تابلۆ بەرهەم دەهێنرێت بە مەبەستی نیشاندانی فرە ڕەنگی، بەڵام ئەنجام یەك ڕەنگ دەبێتە فەزای باڵادەست و هەموو تابلۆکان داگیردەکات کە ئەویش ڕەنگی ئەنفالیە، ڕەنگی ئەنفالیش ڕەنگی مێژووی وێران و کوژراوی ئێمەیە، ئەو ڕەنگەی کە بۆتە سیمای هەموومان، سیمای بوون و ژیان و کەلتوورمان، پاشان شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری ڕابردووی خۆی و مێژووی قۆناغە دیارەکانی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە، کە لەوێشدا مێژووی ئەم لە نێوان مێژووی تایبەتی خۆی و مێژووی ئەو بەشەی بزوتنەوەی کورد کە ئەم بەرهەم هێنی ئەدەبی یەکەمیەتی.. یەکدەگرێتەوە و لەم حاڵەتەشدا ئەگەرچی شاعیر بانگەشە بۆ فرەیێتی دەکات بەڵام نەستی ناتوانێت ڕاستیەکان حەشار بدات و ڕاستەوخۆ لە سنووری دەقەکەدا یان لەسەر ئاستی زمانی دەقەکە مێژووی ڕابردووی خۆی وەکو تاکە ڕەنگ و تاکە دەنگ و تاکە عەقڵ بەرجەستە دەکات و ئەمەش بە ئاشکرا شکستی ئەو پرۆژەیە بەرجەستە دەکات کە شاعیر لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ دەکات. بە مانایەکی تر سەرجەم ئەو ڕێگایانەی کە شاعیر لە ڕەنگدان دا بە مەبەستی نیشاندانی دروستبوونی ئەو عەقڵە دەیانگرێتەبەر کە بانگەشە بۆ فرە ڕەنگی بکات، هەموویان بەرەو یەك ئامانج ئاڕاستە دەبەستن کە ئەویش بانگەشە کردنە بۆ تاك ڕەنگی، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە ئەو واقیعە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوورییەی کە شاعیر ئەو

بانگەشەیەی تێدا دەکات هیچ ئامادەبوونێکی نیە بۆ دروستبوونی فرە ڕەنگی و فرە دەنگی.

لە لایەکی ترەوە قەسیدەی ڕەنگدان بەرجەستەی عەقڵی باو و باڵادەستی کوردی دەکات، ئەو عەقڵەی کە حیزب و دەسەڵاتی کوردی بەرهەم هێناوە، ئەویش عەقڵێکە لە دەرەوەی خۆی نە هیچ عەقڵێکی تر دەبینێت نە دان بە هیچ بوونێك لە دەرەوەی خۆیدا دەنێت، هەر ئەو عەقڵەشە کە مایەی نەتوانینی گوێگرتن لە یەکتری و بوار ناکاتەوە بۆ ڕەخساندنی زەمینەی دایەلۆك یەکتر قبوڵکردن، قەیرانی یەکتر قبوڵ نەکردنیش یەکەم هۆکاری سەرەکی کوشتنی زەمینەی دروستبوونی یەکێتی و یەکبوونە لە مێژووی کورددا، کە وێرانەیی، ئەو مێژووە لە ئەنجامی نەتوانینی بەرهەم هێنانی هێزێکدا بووە کە پارێزگاری لە مانەوەی خودی کورد بکات، دروستنەبوونی ئەو هێزەش لە ئەنجامی نەتوانینی پەسەندکردنی یەکتری ئێمەدا بووە، کە ئەویش دەرئەنجامی تاك عەقڵی و تاك ڕوانینی و تاك لێکدانەوەدایە کە ئەو عەقڵەش یەك بکەر دەبینێ کە خۆیەتی.

لە کاتێکدا مێژووی کوژراو و وێرانکراوی کورد ناشێت بە تاکە هێزێك و تاکە عەقڵێك و.. زیندوو بکرێتەوە، بەڵکو پرۆژەیەکی هەمەلایەنە دەتوانێت ئەوە بگەیەنێتە ئەنجام کە ئەویش پرۆژەی پێشنیارکراوی سەرەتای قەسیدەی ڕەنگدانە، واتە پرۆژەی دانان بە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و فرە ئاراستەیی عەقڵ و ڕوانین و لێکدانەوەدا و کارکردنی هەموو ئەو جیاوازانە هەریەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی هەمەلایەنەی گۆڕینی تاکە ڕەنگی مێژووی ئێمە کە ڕەنگی ئەنفال و ڕەنگی وێرانبوونە، بۆ ڕەنگە جۆراوجۆرەکان، بۆ ڕەنگە جیاوازەکان کە هەموویان پێکەوە دەتوانن مانا بە بوون و بە زیندەگانی و بە ژیان ببەخشن و بەبێ ئەو فرەیێتییە و زەمینە بۆ ڕەخساندنی نە عەقڵ ئازاد دەبێت بۆ کارکردن، نە بیرکردنەوەی ئازاد دروست دەبێت، نە لێکدانەوە مانایەك دەبەخشێت.. نە بوونیش مانایەکی ئەوتۆی دەبێت، شێرکۆ لەم قەسیدەیەدا داوای بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی و فرە عەقڵی و فرە لێکدانەوەیی دەکات لەو ڕوانگەیەوە کە تەنیا فرەیی

بـوون دەتوانێـت زەمینـە بـۆ گۆڕینـی مێـژووی وێرانـی ئێمـە بڕەخسـێنێت و بـەرەو ڕابوونـەوە و ڕێنسانس ئاڕاسـتەی بکات، بـەڵام کاتـێ لـە بنیادنـانی پرۆژەیـەکی لـەم جۆرەش بێئومێد دەبێت، لە بەردەم مەترسییەکی تردا ڕادەوەستێت، مەترسی مـردن، واتە وێرانبوونی تەواوەتی.

ئەی ڕەنگی مەرگ!

تۆ لەوێ بەو خۆم دێم بۆ لات

تۆ دوا ڕەنگی و لە هەموو ڕەنگێ تۆختری و

لە هەموو ڕەنگێ ڕاستتری و تەنها ڕەنگی شلوێ نابی و

چەند کۆنیش بیت هەر تازەیت و تەنها ڕەنگی

گومانێ گەرات تیا نەخات

تاقە ڕەنگێ کە هەمووومان بە یەکسانی دائەپۆشێ و

تاقە ڕەنگی کە چوون یەك و بێ جیاوازی

تۆ لە خۆتمان هەڵئەکێشی..

شاعیر دوای هەوڵدان بۆ بەرهەم هێنانی ڕەنگە جیاوازەکان و دوای بەرهـەم هێنـانی چەندین تابلۆ و بەرجەستەکردنی چەندین وێنە و گێڕانـەوەی چـەندین یادەوەری کـە هەموویان هێڵێکی نادیار پێکیانەوە دەبەستێت کە ئەویش هاوشێوە بوونـی هەموویانـە لە گەڕانەوە بۆ یـەك ڕەنگیـاندا، کـە ئـەویش ڕەنگـی ئەنفالیـە، واتـە ڕەنگـی وێرانـەیی مێژووی ئێمە. کاتێ شاعیر لەو حەقیقەتە تێدەگات کە ئـەو لـە هـەر کوێـوە دەسـت پـێ بکات و هەر پرۆژەیەك بۆ خوێندنەوەی ئەویتر بنیاد بنێت، ئەو کارەی ئەو لە سنووری خۆی دەرناچێت چونکە واقیعی کۆمەڵایـەتی و سیاسی و کـەلتووری ئێمـە تـاکو ئێسـتا لەبەر کەموکورتی لە گەوهەر و ماهیەتی خۆیدا، لەبـەر گومـانکردنی لـە بوونـی خـۆی، لەبـەر بوونـی ترسـێکی خنکێنـەر لـە بەرامبـەر هـەر ڕاو بیرکردنەوەیـەکی جیـاوازدا.. نـاتوانێت یـان ڕێگـا نـادات زەمینـەی خوێندنـەوەی ئـەویتر بڕەخسـێ کـە ئـەوەش دەرئـەنجامی ئاشکرای کـەموکورتی گەوهەرییـە لـە ماهیـەتی عـەقڵی کوردیـدا.. لـە ئەنجامی تێگەیشتن لەم بارە ناتەواوەی عەقڵی کوردیـدا شـاعیر ئومێـدی بـەوە نـامێنێت

لەو واقیعەدا هیــچ گۆڕانکارییــەکی بــۆ دروســت بکرێــت، بۆیــە دەگەڕێتــەوە بــۆ نــاوەوەی خۆی، لەوێشدا واتە لە سنووری بوونی تایبەتی جیهانی ناوەوەیدا، هەستی نـاکردەیی و هەستی مانەوە لەو بارە نادروستەدا لە بەردەم مەترسی مردندا ئامـادەی دەکات و ئـەم خـۆی کاتـێ دەزانێــت نــاتوانێت لــە ڕەنگــێ زیــاتر بەرهــەم بــهێنێت و پــرۆژەی فــرە ڕەنگی‌یەکەی کە بانگەشەی بۆ دەکات هـەرەس دێنێـت.. دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـامێزی تاکـە ڕەنگێك کە وەکو ڕەنگێکی موتڵەق و وەك حەقیقەت لێی دەڕوانێت کـە ئـەویش ڕەنگـی مردنە. یان دەشێ ئەم کاتێ دەگاتە ئـەوەی کـە ناشـێت ڕەنگـی جیـاواز بەرهـەم بێنێـت، ڕاستەوخۆ هـەموو ڕەنگـەکان ڕەت بکاتـەوە و وای بـۆ بچێـت یـەك ڕەنگـی مانـای مـردن هەڵدەگرێت و لە ئەنجامی نەتوانینی بەرهەم هێنـانی زیـاتر لـە ڕەنگێکدا پـێی وابێـت بـوون هیـچ مانایـەکی نـیـە ئەگـەر تاکـە ڕەنگـی و تاکـە دەنگـی و تاکــە عــەقڵێ تیــایدا کۆنترۆڵ و دیسپلینی هەموو جوڵەیەك بکات و لە ئەنجامی ئـەو هەستکردنەشـدا بگاتـە ئـەوەی یــەك ڕەنگــی مانــای مردنــە، بــانگ کردنــی مــەرگ، لەســەر هــەمان ئیقــاعی بانگەشەکردنە بۆ فرە ڕەنگی. لێرەوە دەگەینە ئەو ئاستەی کـە وای لێکبدەینـەوە کاتـێ ئەم لە پرۆژەی بەرهەم هێنانی فرە ڕەنگی‌دا هەست بە شکست دەکات، پـێی وایە بوونی هیـچ مانایەك نابەخشێت لـەم واقیعـەدا و ئەوکاتـە جیـاوازی لـە نێـوان ژیـان و مردنـدا نامێنێت بۆیە داوا لە ڕەنگی مەرگ دەکات کە بواری بۆ بکاتــەوە هـەتا ئـەم خـۆی بـدات بە دەستەوە. تەنانەت پـێی وایە ڕەنگی مردن لە هەموو ڕەنگەکان ڕاستترە، ئەمەش بـە ئاشـکرا خۆدانـەوە دەسـتی تـاك ڕەنگی‌یـەکی موتڵەقـە ئـەو تـاك ڕەنگی‌یـەی کـە ئـەم لـە سەرەتای قەسیدەی ڕەنگدانەوە پرۆژەی هەرەس پێهێنانی دادەنا. ئەم پـێی وایـە تـەنیا لە سایەی ئەو ڕەنگەدا هەموومان یەکسان دەبین، ئەمــەش ئـەو مانایـە هـەڵدەگرێت کـە لەم ژیانەدا پرۆژەکانی یەکسانی هیچ ئومێدێکی بە ئاکام گەیشتنیان نـیـە، بۆیـە دەبـێ چاوەڕوانی ئەو ڕەنگەی یەکسانی بین کە مردن وەکو یەك بە هـەمووومانی دەبەخشێت. لێرەوە لە پشتی ئەم ڕوانینەوە شکستی ژیان دۆستی لە بەردەم مەرگ دۆسـتیدا ئاشـکرا دەبێت کە ئەویش دەرئــەنجامی هەسـت بـە شکسـت کردنـە لـە بـەردەم جێبـەجێ‌کردنی پرۆژەی گۆڕانکاری و بەرهەم هێنانی فرە دەنگی و فرە ڕەنگیدا. واتە کاتێ بوار نـەبێت

بۆ ئەوەی لە دەنگێ زیاتر و لە ڕەنگێ زیاتر ئامادەبوونیان هەبێت، کاتێ زەمینەی خوێندنەوەی ئەویتر و دانانان بەویتردا بوونی نەبێت و هەر پرۆژەیەکیش کە بۆ گەیشتن بەو مەبەستە پێشنیار بکرێت هەرەس بهێنێت بەواتا خنکاندنی هەموو دەنگەکانی تر و کوشتنی هەموو ڕەنگەکانی تر.. لە زەمینەیەکی وەهادا نەك خودی پرۆژەی گۆڕانکاری هەرەس دەهێنێت بەڵکو داواکارەکانیشی مادەم ئەوەی دەیانەوێت نابێت بە دەنگ و لە سنووری نەگوتراودا دەمێنێتەوە، واتا بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکوژرێن چونکە بێدەنگ کردن بۆ خۆی جۆرێکە لە مردن ئەو مردنەی شێرکۆ لە کۆتایی قەسیدەکەدا بانگەشەی بۆ دەکات.

مردنێکی ناچاریە، مردنێك کە هەستکردن بە شکست و ناکردەیی بەرهەم هێنیەتی. دەشێ ئەو مردنەش لە لایەك مردنی تاکەکەسی خۆی بێت و لێکدانەوەیەکی ئایدیالیانەی بۆ بکەین بەوەی کە هەڵچوونی تەمەن دەوری ئەوەی هەبێت لەسەر خودی شاعیر کە ئێستا مەترسی مردن بەرەو ئەو جۆرە هەستکردنەی بردبێت و چیتر وەها لە ژیانی خۆی بڕوانێت کە ئەو بوونەیە فەراهەمی دەکات کە لە ڕۆحی داهێنانەکانیدایە.

ئەی ڕەنگی مەرگ
منیش ئێستا بەر لەوەی بێیت، هەر هەمان خەو
لە کەژاوەی پایزێکی پڕ پەپوولەی ڕەنگی خۆم و هەر هەمان خەو
لەناو هەورێکی سەر سپی کوردستاندا ئەبینمەوە
هەتا زەمانێکی درێژ لەسەر شەقامی داهاتووی زمانەکەم
ئەبمە هەیکەلی ڕاوەستاو، زەردەخەنەم ڕوو لە شاخ و
جانتاکەم هەر لە بن باڵدا..

دەشێ ئەم مەرگ جەستەی ببات بەڵام هەتا زمانی کوردی زیندوو بێ ئەم شاسوارێکی فەرهەنگی ئەم زمانەیە و لەوێڕا بە نەمری دەمێنێتەوە و وەکو هەیکەلێك هەمیشە ئامادەبوونی لە فەرهەنگی ئێمەدا دەپارێزێت.

دەشێ ئەو مردنەی کە ئەم بانگەشەی بـۆ دەکات، مردنـی ئێمـە بێت مـادەم توانـای ئەوەمان نـیـیە فرە ڕەنگی و فرە دەنگی لەسەر زەمینەی واقیعـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و کـەلتووریمان جێگا بکەینـەوە، مـادەم نـاتوانین زیـاتر لـە عـەقڵێك و زیـاتر لــە تاکـە ڕوانینێـك و تاکـە لێکدانەوەیـەك بەرهـەم بهێنین کەواتـە تاکـە ڕەنگێ دەبێتـە فــەزای بەردەوامی بوونمان و تاکە ڕەنگێ لای ئێمە ئامادەبوونی دەبێت ئـەویش ڕەنگی شکست و وێرانەیی مێژووی دوور و درێژمانە کـە هـەمان ڕەنگی ئـەو مەرگەیـە کـە شاعیر لـە کۆتایی ڕەنگداندا داوای دەکات.

## ونبوونی پرۆژەی گۆڕانکاری لە شیعری ( چیمان گۆڕی ) لەتیف هەڵمەت دا

زۆری دەقی ئەدەبی ئێمە لەبەر لاوازی باری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی کوردی کە بڵاودەبێتەوە بێ‌ئەوەی ببێتە جێگەی سەرنج دەڕوات و لەبیردەچێتەوە، کە هەندێ جار زۆر دەقی زیندووش بەم جۆرە ون دەبن بە تایبەتی لە باری بڵاوکردنەوەی ئێستادا. یەکێك لەو شاعیرانەی کە خاوەنی بەرهەمێکی زۆرە و لەبەر هەر هۆیەك بێت وەکو پێویست ئەزموونی ئەم شاعیرە قسەی لەسەر نەکراوە، دەقەکانی لەتیف تێکەڵاون لە دەقی زیندوو داهێنەرانە لەگەڵ دەقی لاواز و مردو کە هەندێکیان ئاستی شیعریەت تیایاندا زۆر لاوازە، هەروەك لە بەرامبەر ئەمانەدا هەندێ دەقی شیعری جوان و خاوەن پرسیاری گرنگی هەیە. بەهەرحاڵ تاکو ئێستا دەقەکانی ئەم شاعیرە بە یەك چاو سەیر دەکرێن و جیاوازی لە نێوان ئەو دوو ئاستەی بەرهەمەکانیدا نەکراوە. هەندێ لە بەرهەمەکانی بە ناوی ڕەخنەوە بەڵام لە دەرەوەی توێژینەوە و شیکردنەوەی دەقەکانی یان وەسفکراون یان هێرش کراوەتە سەریان کە ئەوەش نە خزمەتی شیعری ئەم شاعیرەیان کردووە، نە توانیویشیانە لە دوای جیهانبینی شیعری ئەو بگەڕێن.

یەکێك لەو شیعرانەی لەتیف هەڵمەت کە لە کۆمەڵە شیعری (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانە)دا بڵاوبۆتەوە، شیعری (چیمان گۆڕی)یە، کە بەرجەستەی حاڵەتێکی جێگیر دەکات لە بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی ئێمەدا لەو ڕوانگەیەوە کە ئاخاوتنی بابەتێك دەکات سیاسەتی باوی کوردی و دەسەڵاتی کوردی بە هەموو جۆرێك هەوڵدەدات بەو ڕووکەشەی ئەو بۆ شاردنەوەی حەقیقەتی شتەکان باسی دەکات، ڕێگا لە ئاشکرا بوونی ماهیەت و گەوهەری شتەکان بگرێت، بە واتایەکی دی لەتیف هەڵمەت لەم شیعرەدا لەوە دەدوێت داخۆ ئێمە توانیومانە هیچ گۆڕانکارییەك لە گەوهەری شتەکاندا بکەین یاخود تەنیا ڕووکەشی شتەکانمان گۆڕیووە کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا سەرنجمان بۆ جۆرێك لە ڕەخنەگرتن لە واقیعی باو ڕادەکێشێت.

ئەمە سەرباری ئەوەی گومانمان بەرامبەر بەو بەهایانە لادروست دەکات کە ئێمە وەکو جۆرێك لە حەقیقەت لێیان دەڕوانین و هەروەها کارەکانی ئێمە ڕووبەڕووی پرسیارێکی گەوهەری دەکاتەوە. پرسیار لەوەی ئایا چی دەگەیەنێت کە کارەکانی ئێمە تەنیا ڕووکەشیان گۆڕی بێت و نەگەیشتبێتە ئەو ئاستەی کە هیچ گۆڕانکارییەك لە گەوهەری شتەکاندا دروست بکەن؟ بە مانایەکی تر بوونی ئێمە وەکو بکەر دەخاتە بەردەم گومانەوە، گومان لە ماهیەتی بکەرێك کە نەیتوانیووە ڕووداو دروست بکات، چونکە گۆڕانکاری لە گەوهەری شتەکاندا بریتی‌یە لە ڕووداوێك کە دەبێت بکەرێك لە پشتی‌یەوە بێت:

هەر چیمان وت.. هەرچی دەڵێین درۆیە
ژەنگ و درزی پردەکانی
نێوانمانی
پێ سواغ دەدەین وەکو بۆیە..
گۆڕانی چی.. چیمان گۆڕی

شاعیر هەر ئەوە نی‌یە کە گومان لە چالاکی‌یەکانی ڕابردوومان بکات بەڵکو بەرامبەر بەوەی کە بۆ ئایندەش چاوەڕوان دەکرێت، گومانمان لا دروست دەکات، گومانی ئەوەی کە نەك هەر لە ئایندەشدا گۆڕانمان بۆ دروست ناکرێت بەڵکو ئەوەی دەیشیلێین جێگای گومانە چونکە لە بنەڕەتدا ئێمە پرۆژەی گۆڕانکاریمان نی‌یە هەتا بە پێی ئەو پرۆژەیە لە پێناوی گۆڕانکاریدا کاربکەین، بەڵکو هەوڵدەدەین گەوهەری شتەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە و تەنیا ڕووکەشیان جوان و ڕەونەقدار بکەین. ئەم بۆچوونەش نەك بۆ ساتەوەختی لە دایکبوونی دەقەکە بەڵکو بۆ ئێستاش ڕاستە لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا، بۆ نموونە لە کاتێکدا کۆمەڵی ئێمە لە گەوهەردا لە بارێکی دواکەوتوویی و خێڵایەتی دوور لە هەموو بنەماکانی شارستانی و ژیانی هاوچەرخ دەژی لە ڕووی عەقڵ و گەشەکردنەوە کەچی بە ڕووکەش باسی دیموکراسی و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەین لە کاتێکدا ئەوەی خۆی بە هەڵگری پەیامی دیموکراسی و چەمکی کۆمەڵگای مەدەنی دەزانێت تەنیا بۆ ڕەونەقدار کردنی ڕووە دزێوەکانی

دەسەڵاتەکەی ئـەو چەمکە بـەکاردێنێ و لـە بنەڕەتـەوە نـە خـۆی لێی تێگەیشتووە نـە دەشیەوێت کۆمەڵگای ئێمە ببێتە کۆمەڵگای مەدەنی چونکـە لـەو گۆڕانکارییـەدا خـودی ئـەو دەدۆڕێـت ئەگـەرچی بـە پێـی پرنسـیپەکانی کۆمــەڵگای مــەدەنی کـاربکرێت و هەرکەس بە پێی توانا و لێهاتوویی پایـەو جێگای پێ بدرێت، بـە واتـا ئـەو دروشـم و قسە و بەڵێنانەی کـە دەسـەڵات لـە بـارەی مەدەنیـەت و دیموکراتـی و باشـکردنی ژیـانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی خەڵکەوە بانگەشەی بـۆ دەکات هـەمان شـێوەی ئـەو بۆیەیە کە کانزا و ڕووە ژەنگاوی و درز بردووەکانی پێ دەڕازێنینەوە. هەرچۆن ئـەو کـانزا و ڕووانـە گەوهەرەکـەیان هیـچ گۆڕانێکیـان بەسـەردا نایـەت تـەنیا دیمـەنی دەرەوەیـان جـوان دەکرێت. ئەوەش لە ڕوانگەی تێڕوانینی شاعیرەوە هیچ بەهایەکی نییە. ئـەوەی ئێمـەش بـە گۆڕانی دەزانین تەنیا ڕووکەشەو گەوهەر و ماهیەت هەروەکو خۆی دەمێنێتەوە.

لێرەدا شاعیر خۆی بە جیاواز لە دەسەڵات سەیر ناکات بەڵکو خۆیشی دەخاتە ڕیزی ئەوەوە کاتێ بە ڕاناوی کەسی یەکەمی کۆ واتە بە (ئێمە) دەدوێت. ئەمەش لە ئاستێکی تـردا پێمـان دەڵێت ئێمـە وەکو کۆمەڵگایـەك هـەموومان بەرپرسـیارین لـە نـاکردەیی خۆمـان بـە دەسـەڵات و کۆمەڵەوە، یـان دەرئـەنجامی ئــەو تێڕوانینەیـە لای ئێمــە کــە لەبەرئەوەی هەموو شتەکان بە دەسەڵات و کۆمەڵەوە، بە حیزب و خەڵکەوە، بە توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکانیشەوە تێکەڵ و پێکـەڵن و هیـچ کـام لـەو پێکهاتانـە بەشـێوەیەکی ئەوتۆ پێکنەهاتوون کە سیمای دامـەزراوی سـەربەخۆیان هـەبێت، بۆیـە بـەردەوام ئـەو تێکەڵاو کردنە لە دەربڕین و هەڵوێست نواندنیشدا لای ئێمە حاڵەتێکی ئامادەیە و هەر لەو تێڕوانینەشەوەیە کە شاعیر خۆیشی دەکات بە بەشداری ئەو ئیدیعاکردنەی کە بـۆ گۆڕانکـاری لـە کۆمـەڵگای ئێمـەدا هەیـە و لـە گەوهەریشـدا گۆڕانکـاری نـاکرێت و تـەنیا جوانکردنی ڕووکەشی دەرەوەیە.

مەڵێن وشەو ڕەنگمان گۆڕی
کێش و سەرواو دەنگمان گۆڕی
چیمان گۆڕی؟
ڕواڵەتی ژیانمان گۆڕی.

ئەم بە لایەوە گرنگ نىیە کە وشە و ڕەنگ بگۆڕین یاخود کێش و سەرواو دەنگ بگۆڕین. شاعیر لێرەدا ژیان دەشوبهێنێ بە شیعر، ئەگەر شیعری کۆن بە جۆرە وشە و ڕەنگ و کێش و سەروایەك نووسرابێت، ئێستا ئێمە لە نووسینی شیعردا ئەو خاسێتانەمان گۆڕی بێت، بەڵام نەمانتوانیبێت جیهانبینییەکی نوێ، پرسیاری نوێ، تێڕوانینی نوێ لە پشتی گۆڕینی زمان و کێش و سەرواوە پێشکەش بکەین، مانای وایە جگە لە ڕووکەش هیچمان نەگۆڕیووە، هەڵبەت گۆڕینی ڕووکەش بە تەنیا هیچ مانایەکی نىیە ئەگەر بێت و لەگەڵ ڕووکەشدا گەوهەر و ناوەڕۆکیش نەگۆڕێت، هەرچەند دەشێ گۆڕانکارییەکانی ناوەوە لەگەڵ خۆیاندا ڕووکەشیش بگۆڕن، چونکە بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگا لە ناوەوەڕا گەشە بکات و پەرە بسەنێت، ئەوا لەگەڵ ئەوەدا سیمای دەرەوەشی گۆڕانی بەسەردا دێت.

دیارە ئەم لێکچواندنە لە نێوان شیعر و واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا دیسان دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی هەرچۆن تەنیا گۆڕینی زمان و کێش و سەروای شیعر بەس نىیە بۆ ئەوەی ئێمە بڵێین گۆڕانکاری و نوێ بوونەوەمان ئەنجامداوە، بە هەمان شێوە ڕەونەقدارکردنی ڕووکەشی کۆمەڵگای ئێمە بە بێ گۆڕانکاری لە گەوهەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکاندا هیچ ناگەیەنێت، هەروەك خۆی لە سنووری دەقەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، واتە پرسیار "چیمان گۆڕی؟". وەڵامەکەش تەنیا ئەوەیە ڕواڵەت واتە ڕووکەشی ژیانمان گۆڕیووە. کە بێگومان گۆڕینی ڕووکەش بە تەنیا و بەبێ گۆڕانکاری لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا شتێکی ئەوتۆ دروست ناکات، ئێمە ئەو حەقیقەتە دیالکتیکیەمان لە لا ئاشکرایە کە گۆڕانی دیووی دەرەوە ناتوانێت کاریگەری لەسەر ناوەوە هەبێت، بەڵام هەر گۆڕانکارییەك لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا ڕوودەدات لەگەڵ خۆیدا ڕووکەشیش دەگۆڕێت، لێرەشەوە دەشێ هەموو ئەو تێڕوانینانە ڕووبەڕووی گومان ببنەوە کە پێیان وایە دەکرێت بەبێ گەشە و پەرەسەندنی ناوخۆیی لە خودی کۆمەڵگای کوردیدا، ئەم کۆمەڵگایە هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێت و خاسێتی کۆمەڵگایەکی پەرەسەندو وەربگرێت و لەوێوە هەنگاوی بەرەو بە مەدەنی بوون و قبوڵکردنی دیموکراسی بچێت.

چیمان شۆری..؟

شۆرینی چی چیمان شۆری؟

گۆڕینی چی چیمان گۆڕی..

چ بیرێکی کۆنمان پسان

قەڵای کام زۆردارمان ڕمان..؟

لە کاتێکدا کە ئێمە نەمانتوانیبێت هیچ گۆڕانکارییەکی گەوهەری ئەنجام بدەین بە واتا نەمانتوانیووە هەوڵی گۆڕانکاری لـە بـیروبۆچوون و چـەمك و بـەها کـۆن و تەقلیدیەکانیشدا بدەین، لە کاتێکدا کە شاعیر پرسـیار لـە دوای پرسـیار لـە بـارەی ئەو شتانەوە دەکات کە ئێمە گۆڕیومانن بەڵام هـەر خۆیشی وەڵامـی پرسـیارەکانی دەداتـەوەو پێمـان دەڵێـت جگـە لــە ڕووکــەش نــەمانتوانیووە هیــچ بگۆڕیــن، نــە توانیومانە بیرێکی کۆن بڕوخێنین، نە قەڵایـەکی زۆرداری، لـە کـاتێکدا کـە هـەموو دەزگا کۆمەڵایەتیەکانی ڕابردوو وەکو خۆیان مابنەوە، لـە کـاتێکدا نـەمانتوانیبێت ئەو کارە بکەین بە واتا ئێمە هەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری نین، بەڵکو لە ڕووکەشـدا کاردەکـەین و لـە جیـاتی پـرۆژەی هەمەلایەنـە بـۆ ڕووخـاندنی بـەهاو چەمکـە جێگیرەکـان و بنیادنـانی بـەهاو چـەمکی نـوێ لە شـوێنیاندا خۆمــان بــە هــەندێ ڕیفۆرمـی زۆر کـەم بـەهاوە خـەریك کـردووە و وایشی دەردەخــەین کـە هـەڵگری پرۆژەی گۆڕانکاری هەمەلایەنەین.

شـاعیر لـەوەش بەئاگایـە کـە ئێمـە لـە جیـاتی ئـەوەی لـە ڕێگـای کـارو پراکتیکـەوە ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین و ڕووداو دروست بکەین، تەنیا قسە دەکەین، لە کـاتێکدا هیچ گۆڕانکارییەك تەنیا بە قسە دروست نـابێت، بـەڵکو گۆڕانکـاری بـەکار ئـەنجامدان دەبێـت و وەك دەشـزانین بکـەری کـوردی تـاکو ئێسـتا بکـەرێکی لاوازە لـە ڕووی کـار ئەنجامدانەوە، خۆ ئەگەر کارێکیش ئەنجام بدات ئەوا بـە ئاسـانی نـاتوانێت ئـەو کـارەی بگوازێتەوە بۆ ئاستی ڕووداو، بۆیە زۆربەی کات وەکو بکەرێکی نـاکردە یـان وەرگـر یـان وەسفکراو دەردەکەوێت ئەمەش خاسێتی پاڵەوانی کوردیـە یـان بـە شـێوەیەکی گشـتی خاسێتی کەسێتی کوردیە.

شاعیر پێی وایە بکەرێك دەبێتە هەڵگری پەیامی گۆڕانکاری کە هەڵگری پەیامێکی زیندوو بێت، هێزی بزوێنەری ئەو بکەرەش دەبێ خۆشەویستی بێت، خۆشەویستی لێرەدا وەکو چەمکێکی گشتی باسکراوە کە دەشێ مەبەست لە خۆشەویستی بڕوابوون بێت بەهەر پەیام و بیرو چەمکە بۆچوونێك کە بتوانێت لەوە تێبگات ژیان لە هەر چرکە ساتێکدا سەیری بکەیت پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە لە باری ئێستایەوە بۆ بارێکی باشتر.

من زوو وتم: خۆشەویستی لە خوێنماندا نەماوە

من زوو وتم: کاتژمێری دەستی گشتمان وەستاوە.

ئەم پێمان دەڵێت لە مێژە هەستی کردووە کە پاڵنەری گۆڕانکاری لە بوونی ئێمەدا مردووە، بۆیە چیتر کات هیچ بەهایەکی نەماوە، کات ئەو دەمە دەلالەتی خۆیی هەیە کە لەسەر زەمینەیەکی دیاریکراودا یان باشتر بڵێین لەسەر (شوێن) بکەرێك هەبێت لە ڕووی جوڵاندنییەوە پەی بە ڕۆیشتنی کات ببرێت، یان ڕووداو دروست بکات، لە کاتێکدا کە (ئێمە)ی بکەری دەقەکە نەتوانین جگە لە ڕووکەش هیچی تر بگۆڕین کەواتە کات لە ڕوانگەی ئیشکردنی ئێمەوە وەستاوە. دەلالەتی کات لێرەدا مێژوویەکی بەرفراوانترە کە بریتییە لە مێژووی ئێمە وەکو نەتەوەیەك کە توانای دروستکردنی هیچ ڕووداوێکی ئەوتۆمان نییە کە بیسەلمێنێت کات بۆ ئێمە کاتێکە لە جوڵەی خۆیدایە و نەوەستاوە. یان لە ڕووی جوڵەوە دەربکەوێت کە پاڵنەری جوڵە دروستکەر لە بوونی ئێمەدا زیندووە، شاعیر لێرەدا خۆی جیادەکاتەوە لە ئێمە لەو ڕوانگەیەوە کە ئەو لە زووەوە ئاگاداربووە لەوەی کە پاڵنەری جوڵەو گۆڕان لە بوونی ئێمەدا مردووە یان دەشێ لە بنەڕەتدا بوونی نەبووبێت.

کاتێ کۆمەڵگایەك خۆشەویستی لە بوونیدا سڕابێتەوە، مانای وایە لە بنەماکانی زیندەگانی و ژیان ڕووتکراوەتەوە، واتە مەرگخوازی بۆتە ئاراستەی دیار بۆ هەر جوڵەیەکی چاوەڕوانکراوی. بە مانایەکی تر تاناتۆس دەسەڵاتی بەسەردا کردووە و پانتاییەك بۆ جوڵەی ئیرۆس یان بۆ ژیانخوازی نەماوەتەوە. هەروەك لە لایەکی ترەوە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە خۆشەویستی مێژوو دروست دەکات لە کاتێکدا ئێمە

خۆشەویستی لە خوێنماندا سڕابێتەوە، واتە هێزی دروستکردنی مێژوومان هەرەسی هێناوە.. مێژوو لە گۆڕانکاریدا دروست دەبێت، هەر لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ پێکەوە گرێدانی ئەو بنەمایانەی کە پەیوەستن بە گەوهەری گۆڕانکارییەوەو بەبێ بوونی گۆڕانکاری لە ئاستە قوڵەکاندا یان باشتر بڵێین لە گەوهەردا ناتوانرێت هیچ شتێکی نوێ بەرهەم بهێنرێت. ئەگەر خۆشەویستی مردبێت لە بوونی ئێمەدا بڕوامان بەو تێڕوانینەش بێت کە خۆشەویستی پاڵنەری دروستکردنی جوڵەو گۆڕانکارییە بەوپێیە ئێمە توانای گۆڕانکاریمان نییە. مێژووی خاوەن ناسنامەش بریتییە لە تۆمارکردنی ساتەکانی گۆڕانکاری و ڕووداو دروستکردن کە لە سیاقی ئەم دەقەدا و لە ئاستی نەگوتراودا مەبەست لە دروستکردنی شارستانێت و گەیشتنە بە ئاستی بوون.

چونکە ئێمە تامەزرۆی بۆنی بەهارنین

چونکە ئێمە دڵسۆزنین

دڵداری خۆر و نەورۆز نین

نەمانتوانی تاکو ئێستاش ناتوانین

تاقە هەڵبەستێك بنووسین

ئەو هەڵبەستەی بوومەلەرزە دەخاتە ژێر دەکی زەمین

دنیایە تازە دێنێتە کایە

گەلێ گەورەترە لەم دنیایە..

شاعیر هۆکاری ئەوەش دیاری دەکات کە بۆچی ئێمە نەمانتوانیووە گۆڕانکاری دروست بکەین، ئەو پێی وایە عیشقی بەهار و دڵسۆزی و پەرۆشی خۆر و نەورۆزو.. تاد. پاڵنەرن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری، لەبەرئەوەی ئێمە ئەو خاسێتانەمان نییە بۆیە نە لە ڕابردوودا توانیوومانە گۆڕانکاری دروست بکەین، نە لە ئێستاشدا دەتوانین ڕووداوێکی ئەوتۆ دروست بکەین کە واقیعی تاڵ و ناپەسەندی ئێستا بگۆڕین بۆ واقیعێکی پەسەند، یان وەکو بکەرێك ببینە هەڵگری پرۆژەی کردارێکی ئەوتۆ کە ئەم دنیایەی ئێستا بگۆڕین بە دنیایەکی جوانتر و پڕ ماناتر و پەرەسەندوتر و گەورەتر لەم دنیایەی ئێستا تیایداین.

لێرەوە دەردەکەوێت کە شاعیر ئەم دنیایەی ئێستای ئێمە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە دنیایەکی بچووك و کەم بەهایە و لە ئاستی ژیانێکی شەرەفمەندانەیدا نابینێت، بۆیە لە پشتی ئەم دەقەوە ئەو جیهانبینیـیە ئامادەیە کە داوای گۆڕینی ئەم دنیایە دەکات بە دنیایەکی تر، چونکە پێی وایە ئەم دنیایە ڕووی ڕاستەقینەی شاراوەیە و گەوهەرەکەی نمایش نەکراوە، هەمان شێوەی ئەو ڕووە ڕەنگاوییەیە کە بۆیاخ بکرێت بۆ شاردنەوەی ڕەنگ و ناشیرینی و تەنانەت درزەکانی ئەو ڕووە.. بە هەمان جۆر ئێمەش تاکو ئێستا لەبەر لاوازیمان لە ئاستی دروستکردنی ڕووداودا کە لێرەدا مەبەستمان ڕووداوە بە مەبەستی گۆڕانکاری نەمانتوانیووە ببینە خاوەنی پرۆژەی گۆڕانکاری، بە واتایەکی تر ئێمە تاکو ئێستا نەمانتوانیووە گۆڕانکاری لەسەر ئاستی ژیان بکەین کە لێرەدا مەبەستمان کۆمەڵگای خۆمان و گۆڕانکارییە لە ژیانی ئەم کۆمەڵگایەدا.

شاعیر لە پشتی ئەم دەقەوە داوای ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە دەبێتە هۆی بنیادنانی دنیایەك کە لەم دنیایەی ئێستا جیاوازبێت بۆ ئێمە. هەڵبەت دەبێ ئەو جیاواز بوونەش بە ئاڕاستەی بەرەو چاکتر لەوەی ئێستا بێت واتە گۆڕان لە ئێستاوە بەرەو ئایندەیەکی گەشتر.

ئەگەر سەرنجی بنیادی هونەری ئەم دەقە بدەین یان لە ڕوانگەی شیعریەتەوە لێی بڕوانین دەتوانین بڵێین لە هەندێ شوێندا زمانی ڕاستەوخۆ باڵادەستە کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا بۆتە هۆی لاوازی بەرهەم هێنانی شیعریەت، تەنانەت پەیڕەوکردنی سەروا بە ئاشکرا لە دەقەکەدا دەبینرێت، دیارە ئەوەش لەسەر حسابی بنیادی هونەری یان شیعریەتی دەقەکەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دەقە لە ڕووی ئەو پرسیارانەی هەڵیگرتووە تاکو ئێستا پارێزگاری لە بوونی خۆی دەکات و ئەگەرچی مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکان بەڵام بەرجەستەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئێمە دەکات لەوساوە بۆ ئێستا، ئەم دەقە نەك هەر شاهیدە بەسەر واقیعی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێمەوە لە ساڵانی حەفتاکاندا بەڵکو شاهیدێکی زیندووی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستاشمانە، ئەمەش لە لایەك چەق بەستنی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ئێمە دەردەخات، لە لایەکی ترەوە زیندوێتی ئەو

پرسیارانە دەردەخـات کـە وەکـو پرسـیاری زینـدووی درێژخایـەن لـە ڕووی کاتـەوە ئـەم دەقـە هــەڵیگرتوون. هــەروەکو ئــەوەش ئاشــکرا دەکــات کــە ئێمــە لەبــەر نــەتوانینی دروستکردنی گۆڕانکاری ئاشکرا لە مێژووی خۆماندا ئەو پرسـیارانەی کـە پـەیوەندییان بە گۆڕانکارییەوە هەیە  وەکو پرسـیاری هەمیشـەیی و ئـەزەلی لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مـەعریفی ئێمـەدا دەردەکـەون. بەهـەرحاڵ پرسـیارەکانی ئێمـە لـە مێـژووی خۆماندا تاکو ئێستا بە ئاشکرا ئەو پرسیارانەن کە پەیوەستن بە دروستکردنی مێژوو و شارستانێت و ئەویش لە گۆڕانکارییەوە بەرهەم دێت.

بـە مانایـەکی تـر زیندوێتـی پرسیارەکانی ئـەم دەقـە لـە زیندوێتـی پرسـیارەکانیدا دەردەکەوێت. ئەم دەقە گوزارشتێکی بەردەوام و جدی لە  ژیـانی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مێژوویی ماوەیەکی دوور و درێژی کۆمەڵگای ئێمە دەکات کە کۆمەڵگایەکی  داخـراو و چـەق بەسـتووە لـەو ڕوانگەیـەوە کـە توانـای ئـەوتۆی بـۆ گۆڕانکـاری گـەورە نـی یـە، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ کە مێژوو دروست بکات و شارستانێت لە ئەنجامی گواسـتنەوە لـە ئێستاوە بـۆ قۆنـاغێکی تـر بەرهـەم بێـت،. لـەتیف لـە هەڵوێستی ڕەخنەگرتنـدایـە لـە بنیـادی کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگای کـوردی کـە ئامـادەبوونی گۆڕانکـاری لـە گەوهـەر و ماهیەتدا نی یە، هەروەها ڕەخنە لە خودی ئێمە دەگرێت کە تـاکو ساتەوەختی بەرهـەم هێنـانی دەقەکە نـەمانتووانیووە ببینــە بکـەری ڕووداو دروسـتکەر لەسـەر زەمینــەی کۆمەڵایـەتی خۆمـان واتـە ئـەم دەقـە بەرجەسـتەی زەمینەیـەك دەکـات کـە پـرۆژەی/ کانونی یەکەمی/ ٢٠٠٠ گۆڕانکاری تیایدا نادیارە.

# گەڕانەوە بۆ نێو خەیاڵەکانی بوون
# ( لەوێ لە خۆرگێرانی کۆڵانەکە )ی
# ڕەفیق سابیردا

-١-

(لەوێ لە خۆرگێرانی کۆڵانەکەی)دا یەکێکە لە شیعرەکانی ڕەفیق سابیر کە لە سالّی ١٩٩٢دا نووسیوویەتی، واتە بەرهەمی دوای وەرزە بەردینە و بەشێکی تر لەو شیعرانەی شاعیرە کە تیایاندا ڕەفیق وەکو یەکێك لە بەرهەم هێنەرەکانی گوتاری نەتەوەیی کورد کە پێشتر بە گوتاری مانەوە ناومان بردووە بە تەواوەتی جێگای خۆیی گرتووە و بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ڕەگەز و پایەکانی کورد شیعر بەرهەم دێنێ، بە واتایەکی تر مرۆڤی کورد مێژووی شکستی ئەم مرۆڤە وەکو کۆمەڵگا و سروشتی زێدی ئەم مرۆڤە کە سروشتی کوردستانە بە هەموو جوانی و دزێوییەکانیەوە، بە هەموو شکست و هەستانەوەکانیەوە.. بوونەتە ڕەگەزی بەرهەم هێنانی شیعر و شیعریەت لای ڕەفیق سابیر. هەر لێرەوە دەشێ بلێین ڕەفیق لەنێو ڕووبەرێکی دیاریکراودا کاردەکات بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی ڕەگەزەکانی نێو ئەو ڕووبەرە بە مەبەستی بەخشینی ناسنامە پێیان کە لە ئاکامی ئەوەشدا ئەو دەیەوێت ناسنامە بە خودی ئەو مرۆڤە ببەخشێت کە کوردە، ناسنامە بە مێژووەکەی ببەخشێت ئەویش لە ئەنجامی بوون بە بکەری خودی مرۆڤەکەدا، بکەرێك کە ڕووداوی خاوەن ناسنامە دروست بکات، ڕووداوێك کە ئامادەبوونی بۆ دەستەبەر بکات و مێژووی شکست یان مێژووی کوژراو بگۆڕێت بۆ مێژووی دروستکردن و بنیادنان بۆ مێژووی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوە کە ئەویش ئامادەبوون لەسەر ئاستی ناوخۆ و لە سنووری خۆیدا و ئامادەبوونی لەسەر ئاستی دەرەوەی خۆیشی بێنێتە ئاراوە.

شیعری ڕەفیق دەشێ لەسەر ئاستی یەکەمی زمان وەکو شیعری سیاسی یان ئاشکرا دەربکەوێت بەلاّم کاتێ شۆڕدەبێتەوە بۆ ئاستی قولّی دەقەکانی جیهانێکی مەودا فراوانتر و تێڕوانینی قولّتر دەدۆزێتەوە، دەشێ هەست بەوە بکرێت کە بەرهەمهێنانی

شیعر لای ڕەفیق سابیر لە ئەزموونی دوایی ئەودا بە تایبەتی دوای وازهێنانی لە حیزبی شیوعی جۆرێك لە دروشم و پێداگرتن لەسەر مەسەلە نەتەوەییەكانی كورد باڵادەست بێت كە ئەوەش بە جۆرێكی وەها لێك بدرێتەوە لەسەر حسابی بەرهەم هێنانی شیعریەتە بەڵام لە ڕاستیدا ڕەفیق لەو بوارەدا بە باشی دەتوانێت شیعریەت بەرهەم بهێنێت بە جۆرێك كە لە پێشەنگی ئەو شاعیرانەی ئێمە كە دەتوانن لە سیاسەت، لە مێژوو شیعریەت بەرهەم بهێنن. بۆیە ئەزموونی شیعری ڕەفیق لەگەڵ ئەزموونی هەندێ لە شاعیرانی تردا كە لەو بوارەدا تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەشێ بڵێین ئەزموونی ئەم شاعیرەش تاكو ئێستا لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا ئەگەرچی جێگای دیاری گرتووە بەڵام وەكو پێویست ئاخاوتن لەسەر ئەزموونی شیعری و جیهانبینی شیعری ئەو نەكراوە.. ڕەنگە زیادەڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم جگە لەو ئاخاوتنانەی ئێمە لەسەر گوتاری شیعری ڕەفیق لە چەند وتارێكدا و جگە لەو لێكۆڵینەوەی كە لە كتێبی "گەڕان بەدوای ناسنامەدا" كردوومانە هەوڵێكی ئەوتۆی دیار نەدراوە بۆ دیاریكردنی شوێنی ئەم شاعیرە لەسەر جوگرافیایی شیعری كوردی لە سی ساڵی ڕابردوودا.

-٢-

بنیادی پێكهێنەری ئەم شیعرە بە شێوەیەكی گشتی لەسەر بنەمای چەند دووانەیەك بنیادنراوە كە بریتین لە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ، سروشت/ شارستانێت، ئامادەبوون/ ونبوون، ڕابوونەوە/ مردن، مێژووی ئامادە/ مێژووی كوژراو، نیشتمان/ مەنفا، بوون/ نەبوون، ئێستا/ ڕابردوو) كە تێكڕا توخمەكانی پێكهێنەری دەقەكە بۆ بنیادنانی ئەم دووانانە كاردەكەن و ئەنجامیش جیهانبینی شیعرەكە بە سڕینەوەی یەكێك لە جەمسەرەكانی ئەو دووانانە كۆتایی دێت و سەرجەم تاكە حاڵەتێك باڵادەست دەبێت كە ئەویش حاڵەتی (بوون)ە لە ساتەوەختی ئێستادا و لەسەر خاكی نیشتمان، واتە ساتەوەختی بەدەستهێنانی ناسنامە دێتە ئاراوە.

لە نێوان دوو بۆشاییدا تاوێرێك لە كەناری ڕۆحدا دەچێنێت
بە دوای –با-دا بەسەر ڕووباردا ڕادەكەیت

تۆ ئەستێرەیەکی خزیوویت

مەدارەکەت ڕاوت دەنێت، ڕاوت دەنێت

بەنێو ئێوارەدا شۆڕ دەبیتەوە

لە هەرێمی بەستەڵەکدا، بە تاڵە تیشک

تابلۆی مانگێکی قوپاو، مانگێکی شکاو

لەسەر ئاو دەکێشیت

بە ڕووی شەپۆلێکی شلوێدا دەقیڕێنیت

-منم پشکۆ!

لە دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)دا لە ئاستی بینراوی دەقەکەدا تەنیا جیاوازی نێوان دوو پانتایی جوگرافیا دەبینرێت، بەلام لە پشتی ئەم لێکدانەوە سادەیەوە دەلالەتی (ئێرە/ ئەوێ) قوڵتر دەبێتەوە و سنووری ئاسایی شوێن بەجێ دەهێڵێ و دەبێتە شوێن بە دەلالەتێکی پڕ ماناترەوە کە تا چەندێ تیایدا (بوون) فەراهەم دەبێت، بە واتا شوێن دەبێتە ئەو زەمینەیە کە بوونی تێدا دەستەبەر دەبێت و هەوڵی ڕووداو دروستکردن بە مەبەستی بەدەست هێنانی ناسنامە دەگاتە ئەنجام. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ئێرە/ ئەوێ) لە دەقەکەدا وەکو زەمینەیەکی پەیوەست بە ئامادەبوونی (من) وەکو خودی بکەری شیعرەکە کە دواتر دەبێت بە (نەتەوە) قسەیان لەسەر دەکرێت. بکەر کە لە شیعرەکەدا لە سنووری فەزای دەقەکەدا وەستاوە و بە ڕاناوی کەسی دووەم خۆی نیشان دەدات و خۆی پێشکەش دەکات، کە وێنەی خۆی لە بارێکی سایکۆلۆژی ناجێگیردا پێشکەش دەکات و بە ئاشکرا لە بەردەم گومانێکدا ڕاوەستاوە گومانی بەردەم شکستی هەمیشەیی و گومانی ڕامان لە مێژوویەکی بێناسنامە. بەواتە ئەم کەسێتێکی ناجێگیرە لەو وێنەیەی کە خۆی بۆ خۆیی دەکێشێت و وای نیشان دەدات لە نێوان دوو بۆشایدا پێکهاتەیەکی بێگیان دەچێنێت، واتە لە نێوان ئێرەو ئەوێدا هەردوو لایش هەر بە بۆشایی دەبینێت چونکە ئەم بکەرێکە نە لێرە توانیوویەتی ڕووداو دروست بکات نە لەوێش دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێت. بە واتا ئەم لە حاڵەتی ونبووندایە بە جۆرێك کە وەکو کەسێتێکی بێ بەرنامە بە دوای مەسەلەیەکدا دەڕوات کە بەدەست هێنانی لە سنووری وەهمدایە. کاتێ دەڵێ بە دوای (با)دا بەسەر ڕووباردا ڕادەکەیت.

لێرەوە ناسنامەی ئەو کەسێتە ئاشکرا دەبێت کە کەسێتێکی ونبووە، کەسێتێکی بێبەرنامەیە، کەسێتێکە نازانێت لە کوێوە دەست پێ بکات و بۆ کوێ بچێت، ئەو کەسێتەش ئەگەر لە ئاستی یەکەمدا خودی شاعیر بێت و ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی بنووسێتەوە کە چۆن لە نێوان ئێرەو ئەوێدا دابەش بووە و نە لەوێ دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێت نە لێرە دەتوانێ ئارام بگرێت، ئەوا لە ئاستێکی تردا سنووری ئەو کەسێتە فراوانتر دەبێت و دەبێتە نەتەوە کە لە نێوان (ڕابردوو ئێستادا) نەیتوانیووە مانا بە هیچ کام لەو دوو کاتە ببەخشێت چونکە کات کاتێ مانای هەیە کە ڕووداوی تێدا دروست بکرێت بەڵام بە گوێرەی ئەوی بکەری نەتەوە هەردوو کاتەکە چ لە ئاستی ئێرەدا، چ لە ڕوانینی ئەوێوە مانایەکی نیە بەڵکو چ کات و شوێن بە گوێرەی ئەوی بکەری شیعرەکە چ وەکو تاکە کەس و چ وەکو ئێمە کە مەبەست نەتەوەیە وەکو بۆشایی ماوەتەوە و هیچ ئامادەبوونێکی تێدا تۆمار نەکراوە.

ئەوی بکەری شیعرەکە خۆی دەدوێت بەڵام بە ناوی کەسی دووەمی تاکەوە خۆی پێشکەش دەکات یان بە جۆرێکی تر بڵێین خۆی دەدوێنێت، شێوازی دواندنەکەی ڕاستەوخۆ ناجێگیری باری دەروونی ئەو دەردەخات، دەشێ ئەوەش لە ئەنجامی هەستکردنیدا بێت بە جۆرێك لە ونبوون کە ئەویش دەرئەنجام و بەرهەمی بێناسنامەیی ئەو دەگەیەنێت. ئەم خۆی وەکو ئەستێرەیەکی خزیوو دەبینێت واتە بوویەکی پەرتکراو لە زێدو نیشتمانی خۆی، کە تەنانەت وا پێدەچێت هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەوتۆی نەبێت بۆ جێگیرکردن و بەستنەوەی بە شوێنێکەوە کە زێدی ئەوە. هەر لەوێشەوە هەست بەوە دەکات کە لە بەردەمی مەترسی ونبووندایە چونکە پێی وایە کە نەك ئەم هەر لە زەمینەی خۆی پەرتبووە بەڵکو وای بۆ دەچێت کە ئەو زەمینەیە ئەم نەگرێتە خۆی و بگرە فڕێی دەداتە دەرەوەی سنووری خۆیەوە کە ئەوەش دووچاری ونبوونێکی خنکێنەری دەکات. ئەگەر کاتێ ئەم فڕێ بدرێتە ئەو دیووی سنووری زێدو نیشتمانی خۆیەوە دەشێ بە ڕایەڵێکی بەهێزی ڕۆحی و سایکۆلۆژی بەو نیشتمانەوە ببەسترێت و ئەوەش بە جۆرێك هەستکردن بە بوونی لە لا فەراهەم بکات هەر هیچ نەبێت لەژێر کاریگەری یادەوەری ڕابردوویدا کە پەیوەستبووە

بـە زێـدی خۆیـەوە، بـەڵام کاتـێ ئـەو هەسـت بکـات کـە زێـدو نیشـتمان بـەرەو دەرەوەی خۆیان پاڵی بنێن ئەوا مانای وایە ئەو ڕایەڵە ڕۆحی و سایکۆلۆژییەش بوونی نامێنێت.. لێرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا بۆچی بکەری ئـەم شیعرە دەگاتـە ئـەو ئاسـتەی هەستکردن کە پێی وابێت نیشتمان جارێکی تر ئەو ناگرێتـە خـۆی؟ ئایـا ئـەم ڕوانینـە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا بوونی هەیە یان لـە واقیعـدا دەسـەلمێنرێت؟ ئایـا ئەگـەر ئـەم بۆچوونە لە سـەر زەمینـەی واقیـع سـەلمێنرا یـان جێبـەجێ کـرا، ناسـنامەی یـەکێك لـە ئەوی بکەر یان ئەمی نیشتمان ناکەوێتە بەردەم پرسیارەوە؟ پرسیار لەوەی ئایـا بۆچـی نیشتمان ئەو فڕێ دەداتە دەرەوە؟ ئایا نیشتمان ماهیەتی نیشتمانی ونکردووە یـان ئـەو خاسێتی نیشتمانپەروەری ونکردووە و نیشتمان بە نەوەی خۆیی نازانێت.؟

بەهەرحاڵ دەشێ زۆر هۆکار وەها لەو بکەن کە نەتوانێت بێتەوە سـەر زێـدی خـۆی بەڵام نیشتمان ناگاتە ئەو ئاستەی بەو بڵێت تۆ پەیوەندیت بە منەوە نییە، بە تایبەتی ئەگەر وەکو واقیع سەیری نیشتمانەکەی ئەو بکەین هێشـتا خاسـێتی سروشـتی هەیـە و نەك ئەو بەڵکو هەموو ئـەوانی تریش چۆن لـە ئـامێزی سروشـتدا بـوون، دەتوانـن بـە هـەمان شـێوە لـە ئـامێزی نیشـتمانەکەی ئـەمدا بـن چونکـە هێشـتا خاسـێتی نیشتمانپەروەریش لای هاونیشتمانیانی سـەر زێـدی ئـەو نەگەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی پەرەسەندن کە تەنانەت بەوانی تر بڵێن ئێرە جێگای ئێوەی تێدا نابێتـەوە، ئیـتر ئایـا چۆن نیشتمان ئەم فڕێ دەداتە دەرەوەی خۆی؟

بکەری شیعرەکە کە بە ئاشکرا وەکو گێڕەرەوە خۆی پێشکەش دەکات و لـەوی گوێگـر دەدوێت بەڵام لەڕاستیدا گێڕەرەوەو گوێگر هەر هەمان کەسێتن کـە بکـەری شـیعرەکەیە و لـە ئاسـتێکی تریشـدا خـودی شـاعیرە. هـەر لـە دەسـتپێکی شـیعرەکەدا وەکـو بوویـەکی بێناسـنامە خـۆی پێشکەش دەکات کـە لـە نێوانـی (ئـێرە/ ئـەوێ)دا ونبـووە. ئـەو شـاعیر لەوێوە واتـە لـە دەرەوەی جوگرافیـای خۆیـەتی و شـیعرەکە لـە دەرەوە بەرهـەم دێـت، لـە کات و شوێنێکدا کە ئەو تیایدا هەسـت بـە بـوون ناکـات، ئەگـەرچی بـە جۆرێکیـش خـۆی وەکو ئەسـتێرەیەکی لـە مـەدار دەرچـوو پێشکەش دەکـات بـەڵام لـە ڕێگـای خەیاڵـەوە کـە ئـەویش لـە بەرهـەم هێنـانی دەقەکـەدا بەرجەسـتە دەبێـت دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـێرە، لـە

یاریکردنی نێو توخمە پێکهێنەرەکانی دەقەکەوە واتە بە ڕایەڵی زماندا دەگەڕێتەوە بۆ (ئێرە) بۆ زێد و نیشتمانێك کە پێی وایە ئەم فڕی دراوەتە دەرەوەی مەداری ئەو، ئەگەرچی شێوەی ئەو فڕێدانە لە ئاستی زمانی دەقەکەدا ئەوە نیشان دەدات کە نیشتمان (ئەو)ی ناوێت.. دیارە ئەوەش جێگای پرسیارە وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد.

بکەری شیعرەکە کاتێ لەوێ هەست بەوە دەکات کە فڕێ دراوەتە دەرەوە و لەوێشدا هەست بە بوونی خۆی ناکات و بەڵکو لەوەش تێدەگات کە ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت، زیاتر بێزاری دایدەگرێت چونکە لێرە لەگەڵ (کۆ)دا پێکەوە وەکو نەتەوە هەستی بە ئامادەبوون دەکرد بەڵام لەوێ وەکو تاك هەست دەکات ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت چونکە ئەم وەکو کەسێکی ڕۆژهەڵاتی ناتوانێت لە بەرامبەر شارستانێتی و کەلتووری ئامادەی ئەوێدا بوونی خۆی هەبێت چونکە ئەو پایانەی نییە کە ئەو ئامادەبوونەی بۆ دەستەبەر بکەن.

ئێستا ئەم لە بەردەمی کەلتوور و شارستانێتییەکدا ڕاوەستاوە زۆر جیاوازن لە کەلتوور و شارستانێتی ئەم و ناتوانێت بە ئامادەبوونی ئێستای خۆی و بە پشتی کەلتوور و شارستانێتی تایبەتی خۆی لەوێ لەسەر ئەو زەمینەی ئەوێ ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و بگرە ناگاتە ئەو ئاستەش هەست بە بوونی خۆی بکات چونکە لەسەر زەمینەی ئەوێ ناتوانێت بە وەهم بانگەشە بۆ بوونی خۆی بکات بەڵکو لەوێڕا ئامادەبوونی پراکتیکی سەلمێنەری بوونە.

لەوێ ئەم هەست بە بوون ناکات هەر ئەوەش دەیگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە هەست بەوە بکات ئەم وەکو ئەستێرەیەك وایە لە مەداری خۆی دەرچووبێت، چونکە ئەم لە زەمینەیەکی نیمچە سروشتییەوە گواستراوەتەوە بۆ زەمینەیەك کە لە ڕووی پەرەسەندن و پێشکەوتن و بەرهەم هێنانی شارستانییەوە زۆر جیاوازە لە زێدو نیشتمانەکەی ئەو، بۆیە لێرەوە شوێنی ئەم لە نێوان ئێرەو ئەوێدا دەشێ لە شێوەی دووانەیەکی تردا ئاخاوتن بکرێت کە ئەویش دووانەی (سروشت/ شارستانی)یە. ئەم لە جوگرافیایەکی پەراوێزی ڕۆژهەڵاتەوە کە تاکو ئێستا ئەگەر وەکو کۆمەڵگاش سەیر بکرێت ئەوا زیاتر خاسێتی کۆمەڵگایەکی سەرەتایی هەیە کە کۆمەڵگای سەرەتاییش بە

کۆمەڵگای نێو سروشت دەناسرێت دەگوازرێتەوە بۆ (ئەویٚ) واتە بۆ نێو پانتایی شارستانێتی ڕۆژئاوا. ئەم ڕۆژهەڵاتی بێ ناسنامە لەسەر زەمینەی ئامادەی ئەویٚ توانای خۆ سەلماندن و تەنانەت خۆ نمایش کردنیشی نیيە چونکە ئەو بنەمایانەی نيیە کە ئەوەی بۆ دەستەبەر بکەن، بۆیە لەویۆە لەنێو زەمینەی ڕۆژئاواوە وەکو ڕۆحێکی ڕۆژهەڵاتی بێزار لە هەموو ڕەگەز و کەلتوور و دامەزراوێکی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بە خەیاڵ لە ڕووی یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو سروشتی ئێرە، بۆ نێو کۆمەڵگای سەرەتایی ئێرە، دەشیٚ لەویۆە بە جۆرێك لە پەشیمانیەوە یان ئاوات بۆ خواستنەوە سەیری ئێرە بکات و وا خۆی ببینێت کە ئەستێرەیەکی خزیووە و لەوێشەوە هەر پەیوەستە بە توخمەکانی سروشتەوە کە مەبەست سروشتی ئێرە و ناتوانێت ئاشنایەتی لەگەڵ توخمەکانی دنیای شارستانێتی و تەکنۆلۆژیای ڕۆژئاوادا دروست بکات.

ئەو لە ساتەوەختی ئێوارە و لە هەرێمی بەستەڵەکدا تابلۆی مانگی قوپاو لەسەر ئاو دەکێشێت هەتا دەگاتە ئەوەی بڵێت:

گەڵا زیزەکان پایز جیٚ دێڵن
جەستەی شەکەتیش دارستانی ڕۆح
هەمان ونبوونە

لێرەدا دەلالەتی هەڵوێستی بکەری شیعرەکە لە پانتایی جوگرافیا و شارستانێتی (ئەویٚ)دا ئاشکرا دەبێت کە توانای هیچ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی نیيە، بەڵکو لەنێو خودی ئەو شارستانێتیيەدا دەیەوێت وەکو ڕۆژهەڵاتیەکی ڕۆمانسی کە هێشتا پیٚ نەناوەتە نێو کۆمەڵگاوە و بگرە لە قۆناغی سەرەتایی و باری سادەی سروشتدا دەژی.. هەر دەیەوێت لەنێو ئەو سروشتەدا بمێنێتەوە بۆ ئەو مەبەستەش سەرجەم ئەو توخمانەی کە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات توخمەکانی سروشتن. سروشتیٚ کە لە بەرامبەر سەلماندنی (بوون)ی ئەودا بیٚ هەڵوێست و بیٚ پەیوەندین. بکەری شیعرەکە لە دووانەی (ئێرە/ ئەویٚ)دا دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ (ئێرە) کاتیٚ (ئەویٚ) پانتاییەکە تیایدا ناتوانێت پراکتیکی خودی خۆی بکات، بەڵام هەر لەویۆە کاتیٚ دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە و لە شێوەیەکی گشتی تردا سەرنج دەدات هەست بە جۆرێك لە ونبوون دەکات و

ونبوون دەبێتە حاڵەتێکی گشتی تر و تەنها ئەویٚ یان ئێرە ناگرێتەوە بەڵکو دەبێتە ونبوون لە هەردوولا ئەویش لەبەرئەوەی لە هیچ زەمینەیەکدا هەست بە بوونی خۆی ناکات و ناتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت بەواتە شوێن پەیوەست بە بوونی پانتاییەکە ونبوونی فەراهەم کردووە. ونبوون لەویٚ پەیوەستە بە خودی بکەرەوە کە ناتوانێت لە ڕووی شارستانێتی ئەویٚ خۆی بسەلمێنێت بۆیە هەست بە پرۆسەیەکی فڕێدان بۆ پەراوێز دەکات کە ئەویش پەراوێزی مێژووە، بێگومان ئەم لە بنەڕەتدا بەرهەمی پەراوێزە. چونکە ئەگەر مەدار بە جێگای سروشتی ئەو دابنرێت ئەوا خزان لەو مەدارە دەرچوونە لە جێگای سروشتی کە ئەویش هێندەی تر فڕێدانە بۆ دەرەوەی زەمینەی بوون، دەشیٚ لە لایەکی تریشەوە مەدار وەکو (ناوەند) واتە ڕۆژئاوای شارستانی دابنرێت و دەرچوون لە مەدار کەوتنە دەرەوەی ئەو شارستانێتە بێت.

کاتیٚ بکەری شیعرەکە لەوێوە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرە و ورد دەبێتەوە، گەڕانەوە لە مەداری خەیاڵدا دەبینیٚ، ئێرە بریتییە لە قەوارەیەکی وەهمی، مێژوویەکی وەهمی، جەستەیەکی بیٚ ناسنامە، پانتاییەك لەسەر مێژووی ناساندن نەیتوانیووە خۆی دەربخات. لێرەوە کاریگەری ونبوونی ئێرە کە ونبوونێکی گشتییە و بریتییە لە ونبوونی (نەتەوە)، بۆیە فاکتەرێکی ئامادە لە کەسێتی بکەری شیعرەکەدا و لە ڕووی نەستەوە حاڵەتی هەست بە نزمی کردنی لا دروست کردووە و ناتوانێت وەکو کەسێتێکی خاوەن ماهیەت خۆی بنوێنیٚ. لە لایەکی تریشەوە (بکەری شیعرەکە) واتە (من) نوێنەری نەتەوەیەکی ونبووی بیٚناسنامەی فڕێدراو بۆ دەرەوەی مێژوو ستەمە هەروا بە ئاسانی بتوانێت لە ڕووی شارستانی ئامادە و خاوەن ناسنامە و مێژووی (ئەویٚ)دا هیچ ئامادەبوونێکی هەبێت بۆیە لەویٚ هەردوو جەمسەری ونبوون یەك دەگرنەوە و ونبوون دەبێتە حاڵەتێك بە تەواوی پانتایی ڕۆحی و پراکتیکی فیزیکی بکەر دەگرێتەوە.

لە نێوانی دوو مەداردا ئاسۆیەکیت ڕوو
وەکو ساوای
یەکسانە ڕووت و چەسپاو!

گەروی شاران و تریفە شلۆییەکان تێت ئالاون
ڕوخسارت لە خۆر گیران- لە خۆڵباران
لە خاکێکی دێمەکار دەچیت
تۆ لە شەوە قەترانیەکاندا هەڵۆت فێرە باڵەفڕێ و
ڕووبارت فێرە خۆشڕۆیی دەکرد..

بکەری شیعرەکە (لەوێ)وە لە ساتەوەختی ئێستادا چەند جارێك دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، کاتێ لە سنووری خەیاڵدا دەگاتەوە بەو مێژووەی پێشتر ئەگەر بشێ لە ڕووی ئامادەبوونەوە ناوی مێژووی لێ بنرێت، ئەوا هەست بە جۆرە خۆشیەك دەکات چونکە پێی وایە ڕابردوو ساتەوەختی پراکتیك و هەوڵدانی سەلماندنی خودی خۆی بووە بە پێچەوانەی ئێستاوە کە هەست دەکات سەردەمی ونبوون و سڕینەوەی بوون و ناسنامەیەتی. ئەم لە نێوانی دوو مەداردا واتە لە نێوان ئێرە و ئەوێ یان ڕابردوو، ئێستادا یان لە نێوان شارستانێتی و سەرەتایی بووندا وەکو ئاسۆیەك سەیری خۆی دەکات بەڵام ئایا ئەو ئاسۆیە کامەیە و شوناسی چیە؟ هەر ڕاستەوخۆ بە دوای ئەم ناساندنەدا شوناسی تەواوەتی ئەو کە مەبەست خۆیەتی پێشکەش دەکات کە ڕوخساری لە خۆرگیران و خۆڵباران و لە خاکێکی دێمەکار دەچێت واتە ئومێدی زیندووبوونەوە و ڕابوونەوەی نییە. ئەگەرچی لە ڕابردوودا ئەم بکەرێکی ڕووداو دروستکەر بووە و هەڵۆی فێرە باڵەفڕێ و ڕووباری فێری خۆشڕۆیی کردووە. بەڵام ئایا ئەم لە ڕابردوودا ئەو بکەرە بووە بە تایبەتی ئەگەر لە سنووری تاکە کەسەوە بیگوازینەوە بۆ سنووری نەتەوە.. ئەوا دەشێ ئەوەی لێرەدا بەرجەستەکراوە جۆرێك لە یۆتۆپیا بێت.

بکەری شیعرەکە باسی ڕابردووی خۆی دەکات، کە وای نیشان دەدات کە لە ڕابردوودا ئەم خاوەنی ناسنامە بووە و لە ترسناکترین ساتەوەختدا توانیوویەتی بکەرێتی خۆی بسەلمێنێت کاتی هەڵۆ فێری فڕین دەکات بەڵام دیارە ئەم کردارەیە لە بەرامبەر گومانێکدا ڕامان دەگرێت گومانی ئەوەی ئایا (هەڵۆ) خۆی خاسێتی فڕینی لە دەستداوە یان هەر نەیبووە یان ئەوەتا هەڵۆ فڕینێکی ئەوتۆی نەزانیووە و ئەم فێری دەکات.. ئایا دەشێ دەلالەتێکی تر بۆ ئەم بۆچوونە و بۆچوونی دوای ئەوەش (ڕووبارت

فێری خۆش ڕۆیی دەکرد) بدۆزرێتەوە جگە لەوەی کە بەلگەهێنانەوەیـە بـۆ سـەلماندنی توانـای بکـەرێتی ئـەم لـە ڕابـردوودا. دیـارە ئـەو پرسـیارەش سـەرهەڵدەدات ئایـا لـە ڕابردوودا ئەم لەو ئاستەدا بووە کە وەکو بکەرێکی ڕووداو دروستکەری ئـەوتۆ بـاس بکرێت؟ ئەگەر بکەرێکی لەو جۆرە بوایە ئامادەبوونێکی ئـەوتۆی لـە ڕابـردوودا دەبـوو کە جۆرێك لە شارستانی بەرهەم بهێنێت بە جۆرێـك کـە بـە لایـەنی کەمـەوە لـە ڕووی مەعنەوییەوە بە گەڕانەوە بۆ ئەو یادەوەریە لە ئێستاشدا هەستی بە بوونی بکردایـە و بەو جۆرە فڕێ نەدرایەتە ئەو دیوی مەداری خۆیەوە.

لێرەوە ئەگەر بکەری شیعرەکە خودی شاعیر بێت، ئەوا بە تەواوەتی پەیوەستبوونی ئـەو بـە ڕابــردووەوە ئاشـکرا دەبێـت کـە لـە شـێوەی دووانــەی (ئێسـتا/ ڕابـردوو)دا دەردەکەوێت، لە ئێستای ونبوون و بێ پراکتیکیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوسای چالاکی و پراکتیـك کـردن، ئەوسایەك کـە تیـایدا لـێرە لەسـەر خـاکی نیشـتمان، نیشـتمانی لـە چوارلاوە ڕۆح داگیرکراو بوونی هەبووە یان هەستی بە بوون کردووە کە بێگومان دەشێ ئەو هەستکردنەش تـەنیا جۆرێك لـە قەناعـەت هێنـان بـوو بێت لـەو ڕوانگەیـەوە کـە نەیتوانیبێت پرسیار لە ماهیەتی بوون بکات بەڵام کاتێ دەکەوێتـە ئـەو دیـوو سـنووری نیشتمانەوە یان ئاشکراتر بڵێین لە ڕۆژئـاوا بـە جۆرێـك تێدەگـات کـە بـوون بـەو شـێوە سـادەیەی پێشـتر ئـەم هەسـتی پێکـردووە هیـچ مانایـەکی نیـیـە لـە کـاتێکدا نیشـتمان خـاوەنی تاکـە ناسـنامەیەك نـەبێت و لـە بـەهای ڕاسـتەقینەی نیشـتمان دامـاڵرابێت و کرابێتە پاشکۆی نیشتمانی ئەوانی تر.

بەڵام لەو ساتەدا کە بوون بە پـێی ئـەم تێڕوانینـەی سـەرەوە گەوهـەرێکی ئـەوتۆی نەبووە، ئەم نەوەیەکی نوێی بۆ ڕابوونەوەو شۆڕش هانداوە و فێری فڕین و خۆشڕۆیی کردون، ئەم لەو سـاتەدا عـەودالی شـۆڕش و بزاڤی نەتـەوە بـووە، بـەڵام ئێسـتا (لـەوێ) لەنێو گێژاوی ئاڵۆزی شارستانێتی ڕۆژئاوادا تەنانەت هەست بە بوونی خۆیشی ناکات و جەسـتەیەکی بێناسـنامەی فڕێـدراوە بـۆ دەرەوەی نـاوەندی ئـەو شارسـتانێتە و بگـرە توانای چوونە نێو سنوورەکانیشی نییـە، چونکـە ڕۆژهەڵاتییـەکی بـێ کەینوونەیـە و لەوەش زیاتر ئەندامی نەتەوەیەکی پەراوێزخراو و بێ ناسنامەی وەکو کوردە، کەواتـە

لە ئێستادا و لە گەیشتن بەو حاڵەتەی هەستکردندا دەگات بەو بۆچوونەی کە ڕابردوو ساتەوەختی خۆ سەلماندن و کارکردن و چالاکی و ئامادەبوون بووە بە گوێرەی ئەم، لێرەوە پەیوەست بە کەسێتی ئەم بکەرە (ونبوون/ وننەبوون)، (ئامادەبوون/ ئامادەنەبوون) هاوشانن لەگەڵ دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)دا بە گوێرەی کەسێتی ئەم بکەرە کە دەشێ لە سنوورێکی فراوانتردا بە کەسێتی نەتەوە یان کەسێتی ڕۆژهەڵاتی لێکبدرێتەوە.

(ئەوێ) زەمینەی ونبوون و ئامادە نەبوونە، (ئێرە)ش زەمینەی بوون و ئامادەبوونە گەرچی ئەو بوون و ئامادەبوونە ناسنامەیەکی ناوچەیی و سنوورداری هەبێت واتە تەنیا لە پانتایی جوگرافیای نیشتماندا توانای خۆسەلماندنی هەبێت، بەڵام لێرەشەوە لە ئاستی نەگوتراودا لێکدانەوەیەکی تر خۆی ئاشکرا دەکات ئایا ناسنامەی نیشتمان و نەتەوە لەسەر ئاستی خۆ و لە بەرامبەر ئەوانی تردا لە کوێدایە؟ ئایا لە ئاستی ئەوانی تردا (ئێرە) کە مەبەست نەتەوە و نیشتمانە ناسنامەی هەیە؟ ئایا خاوەنی بوونە؟

دیسان لە پەراوێزی دووانەی (ئێرە/ ئەوێ)، (ئێستا/ ڕابردوو)دا گەڕانەوەیەکی ڕۆحی یان مەعنەوی وەکو خەسڵەتی هەموو مێژووی ڕۆژهەڵات دروست دەبێت کە گەڕانەوەیە بۆ نێو سروشتی سەردەمی منداڵی، کە مەبەست منداڵیە لە دوو ڕووەوە. منداڵی وەکو ئەو ساتەوەختەی ژیان کە خودی بکەری شیعرەکە نەیتوانیوە وەکو تافی منداڵی منداڵێتی خۆیی تێدا پراکتیك بکات، زەمینەی ئەو تافەش وەکو شوێن لە واقیعدا یەکەم زێدی ئەمە واتە شوێنی لەدایکبوونی، ئەو پانتاییە جوگرافیەی کە یەکەمین بیرەوەرییەکانی ئەمی تێدا تۆمارکراوە، ئێستا لە کاتی نووسینی شیعرەکەدا ئەو ڕووبەرە کە زێدی ئەمە جوگرافیایەکی بێ ناسنامە و وێرانەیە، تەنانەت ئەمیش نایناسێتەوە، هەموو خاسێت و سیماکانی کە بنەمای ناساندنی بوون سڕاونەتەوە، ئەم جێگایە نە خۆی وەکو جوگرافیایەك دەناسرێتەوە نە ئەوی بەرهەمی خۆی کە بکەری شیعرەکەیە دەناسێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناسنامەی ئەمی بکەر و ئەو جوگرافیایەی کە ئەو بە (ئێرە) ناوی دەبات پێکەوە بەندن و هیچ کامیشیان ناشێت بەبێ ئەویتریان نە ببێتە خاوەنی ناسنامە نە توانای ناسینەوەی هەبێت.

بەڵام ئەگەر لەو ڕوانگەیەوە سەیر بکەین کە (ئەم) لەسەر جوگرافیای خۆی هەست بە جۆرێك لە بوون دەکات ئەوا ئەو بوونە سنووردارە و ئەگەر نەتوانرێت بەرەو حاڵەتی بڵندتر و گشتی تر ببرێت و (بوون) بگوازرێتەوە بۆ ئامادەبوون لە ئاستی ئەوانی تردا ئەوا مانایەکی ئەوتۆی نابێت.

بکەری شیعرەکە کە خودی شاعیرە لەوێ دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی بۆ قەڵادزێ و دەگاتەوە بە سەردەمی منداڵی خۆی

عەوداڵی چی بوویت؟
عەوداڵی چی نەبوویت؟!
کاتێ لە چوار لاوە گیانتیان بنکۆڵ دەکرد
تۆ بۆ ڕوخساری خۆت دەگەڕایت؟!
ئەو ڕوخسارە بێ نەوایەی هەر ڕواڵەتەی
لە وڵاتێکدا
لە ئێستگای شەمەندەفەر و بەندەر و
مەیخانەی شارێکدا پەڕەوازە بوون!
تۆ بە دوای منداڵیتدا وێڵ بوویت؟
کە لەوێ..
لەنێو خۆڵی کۆڵانە کوژراوەکانی
قەڵادزێدا
باوەشت بۆ گرتەوە و نەی ناسیتەوەو..

ئەم مێژووی خۆی دەبەستێت بە مێژووی نیشتمانەکەیەوە و لەو کاتەدا کە نیشتمان بەسەر وڵاتانی تردا دابەشکراوە و هەر لایەك بە جۆرێك ڕۆحی نیشتمان دەمژێت ئەم بە دوای ناسینەوەی خۆیدا دەگەڕێت، بە واتا دەیەوێت بەهەر شێوەیەك هەیە ببێتە خاوەنی ناسنامەی خۆی لە کاتێکدا وەکو (کەسێتی) کە دەشێ مەبەست کەسێتی شاعیر خۆی بێت پەرت بووە و لە هەمان کاتدا لە گەڕاندایە، گەڕان بە دوای ساتەوەختێکدا کە بە بۆچوونی خۆی بوونی تێدا بووبێت، بۆ ئەو مەبەستەش

دەگەڕێتــەوە بــۆ ســاتەوەختی مندالّــی، بــۆ ئــەو جوگرافیایــەی کــە مندالّێتــی تێــدا بەسەربردووە کە ئەویش کۆڵانەکانی قەڵادزێیە بەڵام کۆڵانەکان کوژراون. ئایا کوشتنی کۆڵانــەکان چ مانایــەك هــەڵدەگرن؟ دەشێ مەبەسـت نــەبوونی ناســنامە بێــت بــۆ ئــەو سەرزەمینەی کە نیشتمانی ئەوی شاعیرە، یان مەبەست وێرانکردنی ئەو نیشتمانە بێت بـە گشـتی یـان وێرانکردنـی خـودی قـەڵادزێ بێـت بـۆ چـەند جارێك لـە لایــەن ئــەوی داگیرکەرەوە کە هەموو ئەمانەش پێکەوە دەلالەتی کوشـتنی مێـژووی بکـەری شیعرەکە هەڵدەگرن کە مێژووی ئێمەیە.

کۆڵانەکان ئــەم نەناسـنەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێت لـە لایـەك کۆڵانـەکان توانـای ناسینەوەیان نـیـە، لە لایەکی ترەوە ئەم خاوەنی سیمایەکی دیـار و جێگیر نـیـە هـەتا بناسرێتەوە کە ئـەوەش دیسـان لاوازی پایـە و بنـەماکانی بـوون بـە خـاوەنی ناسـنامەی دیـاریکراو دەنووێنێـت، بـە تایبـەتی کەسـێتێك ئەگـەر لەسـەر زێـدو جوگرافیـای خــۆی نەناسرێتەوە.. ئایا دەتوانێت بەو حاڵەتەوە لـە دەرەوەی زێـدو جوگرافیـای خۆی خۆی نمـایش بکـات و بوونــی خــۆی بســەلێنێت؟ بێگومــان نــەخێر. دیــارە لــە گەوهــەردا هەسـتکردن بـەو حاڵـەتی نائامادەبوونەیـە کـە (لـەوێ)وە دەیگێڕێتـەوە بـۆ (ئـێرە) کـە ئەویش بە هیوای گەیشتن بە جۆرێك لە بوون ئەم (لـەوێ)وە بـە ئومێـدی گەیشـتن بـە حاڵەتی هەستکردن بە بوون دەگەڕێتەوە بۆ زێدی خۆی، هەر هیچ نەبێت بۆ ئەوەی لە ڕووی دەرونیەوە لێرە لەسەر بنەمای ئامادەبوونی سنووورداری خۆی لەسـەر جوگرافیـای نیشتمان جۆرە ئارامیەك بە دەست بهێنێت، واتە ئەوەی دەبێتە پاڵنەری گەڕانەوەی بـۆ ئێرە ئەگەرچی ئەو گەڕانەوەیە گەڕانەوەیەکی مەعنەوی بێت واتە گەڕانــەوە بێت بـۆ یادەوەری ڕابردوویــەك کــە (لێرە) لـەنێو کۆڵانـە کوژراوەکـاندا هەسـتی بـە جۆرێـك لـە بوون کردبێت.

بکــەری شــیعرەکە لــە لایــەك لــە ســاتەوەختی هەســتکردن بــە ئامادەنەبوونــەوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەك کـە لـە سـنوورێکی دیـاریکراودا هەسـتی بـە بـوون کـردووە تیایدا، لە لایەکی تریشـەوە گەڕانـەوەی ئـەم کەسـێتە ئـەو جووڵەیـە کـە لـە نێـوان دوو جەمسەری (شارستانی/ سروشت)دا دروست دەبێت. ئەم لە قوڵایی شارستانی ڕۆژئـاواوە

دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان بۆ پەراوێزی ڕۆژهەلات، بۆ نێو کۆمەلگای سەرەتایی، واتە لێرەدا ناسنامەی بکەری شیعرەکە ناسنامەی سروشتی کەسێتی کۆمەلگای پەراوێز یان سەرەتاییە کە ئەو بنەمایانەی نیە لە (ئەوێ)ی شارستانێتیدا جێگای خۆی بکاتەوە. هەر لێرەوە دەشێ پەیوەندی (ئەوێ/ ئێرە) وەکو پەیوەندی نێوان (شار/ لادێ) یان (شار/ سروشت) لێکبدرێتەوە کە چۆن مرۆڤ مەیلی گەڕانەوەی هەیە بۆ لادێ یان بۆ سروشت کە مەبەست لەوەش گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی سادەیی و ساکاری، بۆ ژیانی سەرەتایی، بۆ سەردەمی خاوێنی و بێ خەوشی.

گەڕانەوەی ئەم کەسێتە (لەوێ)وە بۆ (ئێرە)، گەڕانەوەیە لەنێو پەیوەندی ئالۆزی شاراوە لەنێو شارستانێتەوە بۆ نێو ژیانی سادەی ئێرە کە بەراورد بە ئەوێی پەرەسەندو دەشێ وەکو سروشت سەیری ئێرە بکرێت، چونکە ئەو زەمینەی کە بکەری شیعرەکە بۆی دەگەڕێتەوە لە ڕووی پەرەسەندنی کۆمەلایەتیەوە هێشتا دەشێ وەکو کۆمەلگای سەرەتایی سەیربکرێت کە هێشتا لە قۆناغی قسەکردندایە و نووسین نەبۆتە خاسێتی دیار تیایدا کە بە قۆناغی تۆمارکردن ناودەبرێت کە مەبەست لەمەش قۆناغی پێش مێژووە یان ساتەوەختی دەرەوەی مێژووە. کەواتە بکەری شیعرەکە لە پانتایی مێژوویەکی دیارو ناسراوەوە کە (مادە) توخمی سەرەکی و بنەمای کار و جولەو بڕیارەو عەقلْ ڕێکخەری شتەکانە دەگەڕێتەوە بۆ زەمینەیەك کە تیایدا خەیالْ و وەهم و غەیبانیەت کاردەکەن و عەقلْ غائیبە واتە گەڕانەوەی ئەم کەسێتە گەڕانەوەیە لە کۆمەلگای ماتریالی و عەقلانی ڕۆژئاواوە بۆ کۆمەلگای ڕۆحانی و غەیبانی ڕۆژهەلات.

تۆ ناسنامەی هەرێمێکیت خواکانی
لە ژمارە نایەن
ڕوخساری ئاسۆیەکی درز بردوویت
ئاسۆیەکی ڕووت، کاتێ
لە ڕووی لێشاوی گومڕاییدا پاشەکشی دەکات
من مێژووی بروسکە وێڵەکانی شار دەنووسمەوە
کەچی وڵات تابوتێکە

به جەستەی شەکەتم تەنگە
من کتێبێ هەتا بۆ نەوەیەك کە خەون
بە مەنفاوە دەبینێ دەگرمەوە
کەچی مەنفا بەرماڵێکە نوێژەکانم دەنێژێت.

ئەم خۆی وەکو ناسنامەی ئەم هەرێمە پێشکەش دەکات کە پێی وایە ئەم هەرێمە ژمارەیەکی بێپایان خاوەنی هەیە، بەڵام کامانەن ئەو خاوەنانە و ئەو هەرێمە کوێیە؟ دیسان ئەم وەکو ئاسۆیەك خۆی پێشکەش دەکات بەڵام ئاسۆیەکی ناتەواو، ئاسۆیەك کە لە بەردەم شەپۆلی گومڕاییدا یان تاریکیدا هەرەس دێنێ. ئەم پێی وایە مێژوویەك دەنووسێتەوە کە مێژووی بروسکە وێڵەکانی شارە، لەم کاتەدا وڵات بووەتە تابووتێك بە جەستەی ئەم تەنگە.. ئەگەر لەو دەلالەتانە بگەڕێین کە لە پشتی ئەم ئاستەی زمانی دەقەکەوەن ئەوا دەشێ بڵێین مەبەست لەو هەرێمە ئێرەیە واتە زێدو نیشتمانی ئەم، کە هەریەکە لە داگیرکەرانی ئەم وڵاتە بە جۆرێك خۆی بە خاوەنی ئەم وڵاتە دەزانێت.. ئەمیش ناتوانێت ئەو ئومێدە بێت کە پێمان بڵێت لە ئایندەی نزیکدا خامە خۆی ببێتە تاکە خوای سەر ئەم هەرێمە و ئەو هەموو ژمارەی تر بسڕێتەوە یان کۆتایی بە مێژووی ئەو هەموو خوایە بهێنێت، دەشێ مەبەست لەو ژمارە بێپایانەی خواکان سەرجەم ئەو حیزب و دەسەڵات و خێڵ و عەشیرەتانە بێت کە لەسەر زێدی ئەم هەریەکەیان خۆی بە فەرمانڕەوای جوگرافیایەکی سنووردار دەزانێت و لە ئاستێکی نەگوتراویشدا دەڵێت هۆی مانەوەی نیشتمان بەو شێوە بی ناسنامەییەوە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو دەسەڵات و پێکهاتە پەرش و بڵاوە ناوچەییانە کە ئاسۆیی سبەینێش بە هۆی ئەو حاڵەتانەوە پەرت و بڵاوو لێك هەڵوەشاوەیە بە جۆرێك کە بنەمای یەکبوون و یەکگرتنەوەی ئیفلیج کردووە و ناتوانێت لە بەردەم هێرشی دڕندانەی ئەواندا خۆی ڕابگرێت، هەر بۆیە وڵات وەکو تابوتێکی لێدێت کاتێ ئەم دەیەوێت مێژووی خۆبەدەستەوە نەدان و یاخیبوون بنووسێتەوە.. وڵات جێگای بوونی ئەمی تێدا نامێنێتەوە. هەر ئەمەش وای لێدەکات کە مەنفا هەڵبژێرێت، واتە هەڵبژاردنی مەنفا واتە (ئەوێ) بە گوێرەی ئەم ناچارییە، بەڵام لەوێشەوە کە ئەم

خۆی لە ئامێزی مەنفادایە و پێشبینی بۆ نەوەیەك دەكات كە خەون بە مەنفاوە دەبینن ئەم خۆی مەنفا ڕۆحی دەكوژێت كە ئەویش كوشتنی مەعنەوییە واتە كوشتنی هەست كردن بە ئامادەبوون كوشتنی مێژوو، داماڵینی ئەم لە هەموو بنەماكانی بوون.

لە دوا بەشی شیعرەكەدا چەند دووانەیەكی تر دروست دەبن كە بریتین لە دووانەكانی (ڕابوونەوە/ مردن)، (نیشتمان/ مەنفا) (بوون/ نەبوون)، (یەكبوون، پەرتبوون) لەم بەشەی شیعرەكەدا بكەری شیعرەكە وەكو كەسێتێكی ئامادە و خاوەن ناسنامە دەدوێت و دەیەوێت مێژوو دروست بكات، مێژوویەك كە ناسنامەی بەبەر ببڕێت و ئامادەبوونی هەبێت، مێژوویەك كە ئێمە ببینە بكەر و پراكتیكی تێدا بكەین. حاڵەتی لە یادكراوی بێناسنامەی كۆتایی پێ بهێنین، بەڵام لە كاتێكدا بكەری شیعرەكە بە جۆرێك لە هوشیارییەوە لە ئاستی نەبینراوی زمانی دەقەكەدا هەڵگری پرۆژەیەكی لەوجۆرەیە، ئێمە وەكو كۆمەڵ لە ئاستی دەستەجەمیدا بەو ئەندازەیە لە بنەماكانی ئەو پرۆژەیە تێناگەین، واتە لە ئاستی پەیبردنی ئێمە بە پرۆژەیەكی لەو جۆرە سادەیەو نابینرێت، هەرچۆن لە ئاستی یەكەمی زمانی دەقەكەدا ئەو نەگوتراوانەی كە دەلالەتی ئەو پرۆژەیە هەڵدەگرن نابینرێت.

ئەمی شاعیر (لەوێ)وە ناسنامەی مەنفا یان تاراوگە پێشكەش دەكات و هەوڵدەدات مەنفا بناسێنێت كە دەشێ مەنفا تەنیا سنووری جوگرافی و پەرتبوون لە جێگا نەگرێتەوە، بەڵكو مەنفای ڕۆحی بگرێتەوە یان مەنفا بریتی بێت لە حاڵەتی جیاكردنەوە و پەرتكردنی ئەم لە بوون و ناسنامە. ئەم پێی وایە ژیانی نێو نیشتمان مەرگێكی هێمنە مادەم بوون بە خاوەنی ناسنامە، بوون بە بكەری ڕووداو دروستكەر لە ئارادا نییە واتە مردنێكی هێواش بەڕێوە دەچێت كە ئەویش بەرەو ونبوون ئاڕاستە دەگرێت.

ولات مەرگێكی هێمنە..
مەنفا چاڵێكی بێ بنە
كەی ئەمە ولاتی منە؟
كوا ئەمە سەردەمی منە.

له كاتێكدا بەبێ بوونی ناسنامە و بەبێ بوون بە بكەری ڕووداو دروستكەر ژیان لەسەر جوگرافیای نیشتمان وەكو مردنێكی هێمن وایە، ژیانی تاراوگە ونبوونە لە بێدەنگیدا، نقوم بوونە لە قوڵاییدا ئەوەش بكەری شیعرەكە دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی دەنگی بەرزبكاتەوەو بڵێت وڵاتێ كە من تێیدا ئاوارەیم وڵاتی من نییە، ئەوەش بە كات ناژمێردرێت كە من لە ئاوارەییدا بژیم و ڕووداوم بۆ دروست نەكرێت بە مانایەكی تر بكەری شیعرەكە دەیەوێت بڵێت كات ئەو دەمە دەلالەتی كاتی هەیە كە ڕووداوی تیا دروست بكرێت و ئەم وەكو بكەرێك لەسەر ئەو زەمینە و لە كاتی دیاریكراوی خۆیدا توانای دروستكردنی ڕووداوی هەبێت ئەوكاتە سەردەم دەبێتە سەردەمی ئەم چونكە ئەگەر (كاتێك) ئەم توانای دروستكردنی ڕووداوی نەبێت تیایدا ئەوە ماهیەتی كاتی نییە.

تۆ
پارچە دەنگەكانی خۆت كە لە ئەستێرەی هاڕدراو دەچن
كۆدەكەیتەوە
دەتەوێ لە سركەساتی نێوان خەون و بێداریدا
بیانكەیت!
بە لوتكە بۆ باڵای ماندووت
بە ئاسمان بۆ تەوارەكەت
بە ڕواڵەت بۆ سیمای ونبووت.

ئەم پرۆژەی كۆكردنەوەی هەموو بەش و هەموو خاسێتەكانی خۆیی هەیە بەو هیوایەی فەزایەكیان بۆ بوون لێ بەرهەم بهێنێت و بنەماكانی ناساندنی خۆییان لێ فەراهەم بكات كە بێگومان ئەو خۆناساندنەش لە بەدەستهێنانی شوناسدا دەستەبەر دەبێت، بۆیە ئەم پێی وایە ئەو لە مەنفادا دەخنكێت و دەكەوێتە سەردەمێكەوە كە سەردەمی ونبوونێكی ترسناكترە لەو ونبوونەی لێرە ڕووبەڕووی بووەتەوە بۆیە لەوێوە بە یادەوەری دەگەڕێتەوە بۆ ئێرەو دەیەوێت پارچەی دەنگەكانی خۆی كۆبكاتەوە تا بیانكات بە بنەما بۆ سەلماندنی خۆی كە دیارە لێرەوە قەبارەی كەسێتی بكەری

شیعرەکە گەورەتر دەبێت و لە قەوارەی تاکە کەسی خۆیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاستێکی باڵاتر کە قەوارەی نەتەوەیە. هەر لێرەوە دەشێ ئەم شیعرە وەکو پانۆرامایەکی کەسێتی کورد لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا سەیربکرێت کە چۆن کەسێتێکی تێکشکێنراوو مێژوویەکی کوژراوی هەیەو چۆن لە درێژایی مێژووی کوژراویدا قۆناغ بە قۆناغ هەوڵی تێکشکاندن و پەرتکردنی دراوە.. بکەری ئەم شیعرە لەژێر کاریگەری فشاری تاراوگەداو لە ئەنجامی هەستکردن بە نەبوونی ناسنامە (لەوێ)وە دەگەڕێتەوە بۆ ئێرەو لە سنووری یادەوەریدا وێنەکانی شکست و لە دەستدانی ناسنامە بەرجەستە دەکاتەوە بەو هیوایەی لەوێوە بنەماو پایەکی خۆدروستکردنەوەو ڕابوونەوە بدۆزێتەوەو دەست نیشان بکات کە ئەوەش زیاتر لە ئاستی نەگوتراوی دەقەکەدایە.

لە بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی ڕەفیق سابیردا لە ماوەی ڕابردوودا کە لە دەرەوە نووسراون یان کاریگەری تاراوگەیان لەسەرە دووانەی (مەنفا/ نیشتمان) دووانەیەکە هەمیشە ئامادەبوونی هەیە ئەمەش دەلالەتی پەیوەستبوونی ڕۆحی و مەعنەوییە بەو پانتاییە جوگرافیەوە کە یەکەمین زێدی ئەوە واتە نیشتمان. تاراوگە لای ئەو، ئەو سەرزەمینەیە (بەهەشتەیە) کە هەمیشە دەرزی ئاژنی جەستەی دەکات و ڕۆحی گۆڕەوشار دەدات، نیشتمانیش ئەو دۆزەخەیە کە کڵپەی سووتاندنی ڕۆحی سڕبووی ئەم گەرم دەکاتەوە و ڕابوونەوەی تیا دەخولقێنێ، ئەو دۆزەخەی کە تیایدا بە ئاسودەیی ڕۆحیەوە سەرباری شکستەکانی تیایدا هەست بە جۆرێك لە بوون دەکات. بەڵام لە ساتەوەختێکدا کە ئەم کتێبی هەتاو دەگرێتەوە و چاوەڕوانی ئاسۆی گەش دەکات بۆ نیشتمان، نەتەوە بە گشتی خەون بە مەنفاوە دەبینێ. خەون بینین بە مەنفاوە پەیوەست بە جیهانبینی بکەری شیعرەکە یان لە تێڕوانینی ئەوەوە خۆسپاردنە بە ونبوون یان هەنگاوێکە بۆ وازهێنان لە خۆ کە لە ئاستێکی تردا دەبێتە کرداری خۆکوشتنێکی هێمن. لە تێڕوانینی ئێمەوە کە لێرەوە خەون بە مەنفاوە دەبینین، مەنفا جۆرێکە لە ڕزگاربوون، لە ڕوانینی ئەوی بکەری شیعرەکەشەوە کە (لەوێ)وە دەدوێت واتە لای شاعیر خۆی (مەنفا) حەقیقەتی ونبوون و خنکاندنە گەڕانەوەش بۆ ئێرە بۆ کۆکردنەوەی (پارچەی دەنگەکانی خۆی) بە مەبەستی خۆدەربازکردنە لە

خنكاندن لە ئامێزی مەنفادا واتە گەڕانەوە بۆ ئێرە و بۆ ئامادەکردنەوەی ڕەگەزەکانی پەیوەست بە ناسنامە و مێژووی ئەم بە مەبەستی گەیشتنە بە حاڵەتی بوون واتە گەڕانەوەی بکەری شیعرەکە با لە ژێر کاریگەری هەستکردن بە ونبوونیشدا بێت لە مەنفا بەڵام شێوەی جۆرێك لە پرۆژەی بنیادنانەوەی لەخۆگرتووە. هەر لێرەوە شیعری ڕەفیق دەکەوێتە سنووری گوتاری نەتەوەیی ئێمەوە کە لە لایەك بنیادنانی گوتاری مانەوەیە و لەپاڵ ئەوەشدا بنەماکانی گوتاری ڕابوونەوە بەرجەستە دەکات.

لێرەوە زیاتر خاسێتی گوتاری شیعری ڕەفیق سابیر ئاشکرا دەبێت کە گوتارێکی مێژوویی سیاسی نەتەوەیییەو داوای دروستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کورد دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە پانتاییەکی قوڵی مێژووی کوژراو کەسێتی تێکشکاوی نەتەوەدا کاردەکات و تێکڕا حاڵەتی شکست و نائامادەبوونی نەتەوە وەکو توخمە بنەڕەتیەکانی گوتاری شکست دەبنە بنەما بۆ بەرهەم هێنانی گوتاری شیعری ڕەفیق کە لە گوتاری مانەوەدا بەرجەستە بووە هەروەك پێشتریش ئاماژەمان بۆ کردووە گەوهەری ئەم گوتارە بریتییە لە هەوڵدان بۆ پاراستنی نەتەوە لە لەناوچوون و کۆشش کردن بۆ هێشتنەوەی نەتەوە و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەلماندنی کەسێتی نەتەوەیی کورد و بە بکەربوونی لەسەر پانتایی جوگرافیای داگیرکراوی خۆی. هەر لێرەوە جیهانبینی شیعری ڕەفیق چ لەم شیعرەو چ لە ژمارەیەکی دیاری بەرهەمەکانیدا ئاشکرا دەبێت کە جیهانبینییەکی سیاسی مێژوویی نەتەوەیییەو لە ئاستی نەگوتراودا بنەماکانی پرۆژەی بنیادنانەوەو ڕابوونەوە هەڵدەگرێت. واتە شیعر لای ڕەفیق بۆتە توخمێك کە بارگەکراوە بە مەدلولی مێژوویی و فیکری و هەڵگری گوتارێکی مێژوویی کراوەیە، واتە لای ڕەفیق شیعر ئەرکێکی مێژوویی فیکری هەیە کە دیارە ئەوەش جیهانبینی بەشێکی زیندووی شیعری کوردییە بەڵام بە ڕوانین و بە شێوازی جیاواز دەردەبڕێت.

# گەڕان بە دوای بوون دا
# لە (وردەگەلا)ی کەریم دەشتیدا

-١-

وردە گەلا کۆمەڵە شیعرێکی کەریم دەشتی‌یە کە لە سـاڵی ١٩٩٨دا بـە چاپی گـەیاند. لە سەرەتای کتێبەکەدا شاعیر خۆی پێمان دەڵێت ئەم کۆمەڵە شیعرە شیعری درامین.

ئێمە پێشتر چەند جارێ لەسـەر شـیعری کـەریم دەشـتی و ئـەزموونی شـیعری ئـەو دواوین، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە شیعرە، شیعرە نوێیەکانی کەریم دەشتی نین و مێژووی نووسینیان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی یەکەمی هەشتاکان، بەڵام بەشێکن لە ئـەزموونی ئـەم شاعیرە کە بە تێڕوانینی من لەو ئاستەدان کە ئاخاوتنیان لەسەر بکرێت.

بە شێوەیەکی گشتی لە ئەزموونی شیعری کـەریم دەشـتی‌دا گەڕانەوەیـەکی ئاشـکرا هەیە بۆ ڕابردوو واتە بۆ بەکارهێنانی ڕەمزو هێماکانی ڕابردوو، چ لە بواری فۆلکلـۆر و ئەفسانە و فانتازیادا چ لە بواری مێژوودا. لە هەمان کـاتدا مەبەسـتمان ئـەوە نـی‌یـە کـە کەریم دەشتی تەنیا پەیوەستە بـە ئەفسانە و فانتازیـا و فۆلکلـۆر و مێـژووی کوردەوە، بەڵکو لە سنوورێکی فراوانـتردا مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەم ڕەگەزانـەدا کـردووە و دەقـەکانی سەرچاوەی هەمەجۆریان هەیە لە کەلتووری مرۆڤایەتی کە ئەمـەش زۆربـەی کـات یـان لە پێناوی بنیادنانی جیهانبینی‌یەکی گەردوونیدایە یان ئەو جیهانبینی‌یە گەردوونیەی کە لە شیعرەکانیدا بەرهەمی دێنێت وەکو پێویست بـۆ بنیادنـانی دەقـەکانی خـۆی ئـەو سـەرچاوانە دەخاتـە خزمـەتی خۆیـەوە، واتـە لـە پشـتی دەقـەکانی کـەریم دەشـتی‌یەوە سەرچاوەی جۆراوجۆر هەن، ئەوەش بەندە بە ئاستی ڕۆشنبیری و بـە ئاگاییـەوە، دیـارە هەر لێرەشەوە دەگەین بەو ئەنجامەی کە لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشـتی‌دا فیکـرو مەعریفەت شوێنێکی دیاریان هەیە لە بنیادنانی دەقەکانیدا واتە تـەنیا مامەڵـە لەگـەڵ ئیحساسـێکی سـادەدا ناکـات و هـەر ئـەو بنەمایـەش وایکـردووە کـەریم خـاوەنی دەنگـی تایبەتی خۆی بێت و بە ئاسانی نەکەوێتە ژێـر کاریگـەری ئەزموونـەکانی تـری شـیعری کوردی‌یەوە.

-٢-

شیعری درامی یان درامای شیعری له مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگایەکی ئەوتۆی نەگرتووە ئەگەرچی هەندێ بەرهەم بەو ناوانەوە بلاوکراونەتەوە، بەلام گرنگ ئاستی داهێنانە لەو بوارەدا نەك تەنیا (ناو) بردن. شانۆگەری شیعری ئاسکی شێرکۆ بێکەس ڕەنگە جوانترین نموونەی درامای شیعری بێت لە ئەدەبی کوردیدا، دیارە شیعری درامی و درامای شیعری ئەگەر لە ڕوخساریشدا لە یەکتر بچن یان وەکو یەك وابن ئەوا لە گەوهەردا جیاوازییان هەیە. یەکەمیان شیعرە و ڕەگەزو بنەماو خاسیەتەکانی درامای تێدایە، بەلام دووەمیان درامایە و بە زمانی شیعر نووسراوە.

بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوە نییە کە (وردە گەلا) کامیانە، هەروەك شاعیر خۆی ناوی ناون شیعری درامی چونکە دەقەکان لە بنەڕەتدا شیعرن بەلام خاسیەتەکانی درامایان هەیە لەوانەش جۆری گرێچن بە هەموو سیفەتەکانیەوەو کەسەکان و.. تاد. دیارە ئەم دەقانە وەکو بەشێکی تر لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشتی سەیر دەکرێن و لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەبیشەوە گرنگی خۆیان هەیە وەکو جۆرێك لە شیعری درێژ بەلام نەك شیعری ئاسایی بەڵکو شیعری درامی.

کۆمەڵە شیعری (وردە گەلا) کە لە شەش شیعر پێکهاتووە لە ڕووی شێوازی نووسینەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی نووسینی سەرەتای هەشتاکانی کەریم دەشتی. لەڕاستیشدا تەنیا شیعری (دوا گۆرانی) مێژووی نووسینی لەسەر تۆمارنەکراوە کە ئەویش دەکەوێتە هەمان مێژووەوە، بەلام (ئەفسانەی زەرییە سەرکێشەکان) تا ڕادەیەك لە ڕووی شێوازەوە جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ شیعرەکانی تردا هەیە بە تایبەتی لە ڕووی پەیڕەوکردنی کێش و سەرواوە بە شێوەیەکی زیاتر لەچاو شیعرەکانی تردا.

ئەم کۆمەڵە شیعرە لە چەند ڕوویەکەوە لە یەکتر نزیکن و دەتوانین بڵێین هاوشێوەیی هەیە لە نێوانیاندا، بۆ نموونە لە ڕووی شێوازەوە سەرباری ئەوەی کە دەچنە ڕیزی شیعری درامیەوە بە گشتی بنیادی زمانی و شێوازی بیناکردن سادەیە و شاعیر خۆی کردۆتە کۆیلەی دەستی بەکارهێنان و پەیڕەوکردنی کێش و سەروا، کە

ئەوەش هەندێ جار مۆسیقا و هارمۆنیایەکی بەهێزی خوڵقاندووە بەڵام لە پاڵ ئەوەدا هەندێ جار بۆتە مایەی خۆبەستنەوەو لاوازبوونی شیعریەت. ئەم حاڵەتەش سەرباری ئەوەی هەموو شیعرەکانی گرتۆتەوە بەڵام لە (دواگۆرانی)دا خۆبەستنەوە بە کێش و سەرواو کێشی فۆلکلۆرەوە بە ئەندازەیەك باڵادەستە کە زیاتر دەقەکەی لە دەقە شیعرێکی فۆلکلۆری نزیك کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شێواز یان باشتر بڵێین ئەو حاڵەتە تەقلیدییەی شێواز نەبۆتە هۆی کوشتنی ڕۆحی تازەی داهێنان لەم شیعرەدا.

خاڵی دووەم کە سەرجەم شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیە پێکەوە دەبەستێت بریتییە لە خودێك کە لە دوای بوون یان خۆسەلماندن دەگەڕێت یان لە شێوازێکی تردا بکەرێك کە بنەمای کەسایەتیشی تا ئەندازەیەك دیارە بەردەوام لە جوڵەدایە و ڕۆحێکی سەرکەش و یاخییەو دەستەمۆ ناکرێت و دەیەوێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر، ئەو ڕۆحەش ڕۆحێکی سەرکەشە، جۆرێکە لە عیشق، ئەگەرچی ئەو عیشقە وەکو دڵداریش دەربکەوێت یان گوزارشتی لێ کرابێت ئەوا هێشتا لە پشتییەوە هێزێکی پتەوتر ڕاوەستاوە کە ئەویش هێزی عیشقی بەرزەفڕی ڕۆحی ئازادی و خۆ ڕەهاکردنە، واتە دەلالەتی عیشق لە کۆمەڵە شیعری (وردە گەڵا)دا ئەوەیە کە پاڵەوانێکی نموونەیی تینوو سەوداسەری فڕینە و بەرەو ئەو جێگایانەی کە ناشێت تیایدا ڕکێف بکرێت و بخرێتە ژێر سایەی دەسەڵات و فەرمانەوە. ئەگەر سەرنجی ئەو کاتەش بدەین کە ئەم شیعرانەی تێدا بەرهەم هاتووە واتە ساڵانی هەشتا ئەو کاتەیە بە گوێرەی ئێمە گەلێك نموونەی لە جۆری پاڵەوانی ڕکێف نەکراوی وەکو پاڵەوانی یان کەسێتی شیعرە درامیەکانی کەریم هەبوون کە ملکەچییان ڕەتکردۆتەوە و ئامادە نەبوون ئازادی خۆیان لە دەست بدەن هەر لە پێناوی پاراستنی ئازادی خۆیان و ئێمەدا لوتکەیان کردۆتە ئامانج. عیشق لە سەرجەمی شیعرەکانی (وردە گەڵا)دا عیشقی خاك و ئازادییە، هەر بۆیە پاڵەوانی نموونەیی کە هەڵگری ئەو عیشقە ڕەسەنەیە مرۆڤی ئازاو ڕۆحە بەرزە فڕەکانن، ئەوانەی خوێنی خۆیان بەخشی لە پێناوی ئازادیدا کە دەشێ ئازادی بێت بە چەمکی کۆمەڵایەتی و لە ڕوانگەی هەموو کۆمەڵەوە یان ئازادی بێت لە ڕوانگەی تاکە کەسەوە کە پاڵەوانەکانی ئەم دەقانە بە جۆرێك لە جۆرەکان کۆت و

پێوەندەکانی ڕکێف کردن دەپسێنن و دەپەڕنەوە ئەو دیوی دیوارەکانەوە، ئەگەر ئەو دیوارانە دیواری مادی بن یاخود دیواری مەعنەوی و ڕوخاندنی هێزەکانی دیسپلین کردنی خۆی لە ناوەوە بگرێتەوە، بەلأم ڕووی لێکدانەوە زیاتری بەلای ئازادی و سەربەستی سیاسیدا دەچێت لە دەستی دامەزراوەکانی داگیرکەری ئازادیدا.

پاڵەوانی (وردە گەڵا) ئەو سوارانەن کە دەیان جار بەرەو لوتکە هەڵزناون و خزاون و کۆڵیان نەداوە، ئەوەش جۆرێك لەو ململانێیە بەرهەم دێنێت کە خاسێتی درامایی بە شیعرەکان دەبەخشێت، پاڵەوانی ئەم کۆمەڵە شیعرە درامییە ئەوانەن کە هەستیان کردووە کە ناتوانن لە دیوانی پاشادا هەناسەی ئازادی هەڵمژن، هەربۆیە دەبوا دیوان بەجێبهێڵن و بەرەو ئاسۆیەکی نوێ ڕێگا بگرن.. ڕێگای قەدپاڵ و چیاکان، ڕێگای سروشت، ڕێگای شۆڕش. بەو هیوایەی بگەنە ئاکام و مەرگ لە هەست و بوونماندا بسڕنەوە و مژدەی ژیان و بوونمان پێ بدەن، ڕۆحی ڕوو لە نشێوو هەرەسمان بژێننەوە، وە تا پاڵەوانەکانی (وردە گەڵا) ئەو پاڵەوانە ژیان دۆستانەن کە هەموو جوڵەیەکیان لە پێناوی بەخشینی مانادایە بە ژیان و بوون، ئەو مانایەش تەنیا لە ئازادیدا بەدی دێت بۆیە هەموو جوڵەیەکی ئەوان لە پێناوی بەدەستهێنانی ئازادیدایە، واتە لێرەوە دەتوانین بڵێین دووانەیەك لە ئاستی نائاشکرای ئەم دەقانەدا بەرهەم هاتووە کە بنیادی شیعرەکان لەو ڕووەوە لەسەر بنەمای ئەو دووانەیە بنیادنراوە کە ئەویش دووانەی (ژیان دۆستی/ مەرگ)ە کە دەشێ بە ململانێ و کێشەی نێوان (تاناتۆس/ ئیرۆس) ناوی ببەین. ئەم شاعیر بە ناوی ئامانجێکەوە دەدوێت کە جۆرێك لە بکەر دەیانەوێت بە دەستی بهێنن، ئەوەتا دەڵێت:

ئەی ئەو مەرگەی چەنگاڵت<br>
ناوەتە نێو دەرونمان..<br>
هەرچەند بەفر دامپۆشێ<br>
زریان کە سەرم بگرێ<br>
سواران چوونە خۆر بێنن<br>
من لە چنگت دەربێنن.. (دواگۆرانی- ل ٨٠)

سواران ئەو ڕۆحە هەڵچوانەن کە نەك هەر خۆیان لە چنگی مەرگ ڕزگار دەکەن بەڵکو مەرگ لە ناخی ئێمەشدا دەسڕنەوە. جارێکی دی زیندەگانی و ڕابوونەوەمان پێ دەبەخشن. هەر لێرەوە ململانێی نێوان جەمسەرە دژەکان دەردەکەوێت کە ئەویش لە شێوەی دووانەدا خۆی دەنوێنێ. دووانەی (ژیان/ مەرگ)، (ئازادی/ ژێردەستەیی و چەوساندنەوە)، (ڕەهابوون/ سەرکوتکردن) بنەمای پێکهاتنی شیعرەکانی (وردە گەڵا)ن کە ئەو ڕۆحە یاخی‌یەی هەڵگری پەیامی ژیان و ئازادی و ڕەهابوونە لە مێژووی ئێمەدا دەلالەتەکەی لە دەرەوەی دەقەکاندا پێشمەرگەیە.

-٣-

گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چ بۆ پانتایی مێژوو بێت یان بۆ ئەفسانە و کەلەپوور و فانتازیای کوردی حاڵەتێکە نەك هەر لە (وردە گەڵا)دا بەڵکو سەرجەم بەرهەمی شیعری کەریم دەشتی گرتۆتەوە ئەمەش بۆتە بنەمایەکی سەرەکی بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بوون بە شیعرەکانی کەریم دەشتی ببەخشێت، دیارە ئێستا هەندێ ڕاوبۆچوونی لەو جۆرە هەیە کە ئەدەب ئەدەبی نەتەوەکانە و بە پێی بنەمای نەتەوایەتی دابەش دەبێت نەك بە پێی ڕێبازی قوتابخانە ئەدەبییەکان، باسکردنی ئەدەبی چینە جیاوازەکانیش ئێستا بە گومانەوە لێی دەڕوانرێت و سەرجەم ئەدەب و هونەر لەوەدا یەکدەگرنەوە تا چەندێ لە بنەما مرۆییەکانەوە نزیکن یان گوزارشتی لێدەکەن کە ئەدەبی نەتەوایەتی یان چینایەتی هەر ناوێکی تریشی بۆ ژانرە ئەدەبییەکان دابنێیت، ئەوا لەوەدا یەکدەگرنەوە کە پەیوەستن بە مەسەلەکانی ژیان و بوونەوە لەگەڵ کێشەکانی مرۆڤدا.

کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بە گشتی و لە (وردە گەڵا)شدا هەمان شێوەی شیعرەکانی تری لە ڕووی یادەوەرییەوە بە شێوەیەکی هێجگار بەهێز پەیوەستە بە ڕابردووەوە، بەڵام دیارە ئەو پەیوەست بوونە کە ئەم بۆی دەگەڕێتەوە لە تێڕوانینی خۆیی و ئێمەشەوە ڕابردوویەکی گەش و ڕەونەقداربێت، واتە ڕابردوویەك بێت کە ئیحای ئامادەبوونی بداتێ و شانازی و هەست بەخۆکردنی بۆ فەراهەم کردبێت، بەڵکو ئەم لە ئێستادا کە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، بۆ مێژوو، برین و شکستەکانی جەستەی

مێـژووی خـۆی دەبینێـت کـە چـۆن خوێنیـان لێ دەچۆڕێـت، ئـەم لـەم هەڵوێسـتە ڕەخنەییەوە سەرنجی ڕابردوو دەدات و ئەو پاڵەوانانەی کە لە سەرجەم شیعرەکانی ئەم کۆمەڵەیەدا بە دوای خۆردا ئەسپەکانیان تاو دەدەن دەیانـەوێت سـەرتاپا ئـەو مێـژووە بگۆڕن، بەڵام لـە ڕێگای بـەرەو زینـدوو کردنـەوەی مێـژوودا لەبەرئـەوەی ڕابـردوو زۆر نائاشکرایە ئەمانیش ون دەبن، ئەمەش ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرێت کـە ئێمـە تـاکو ئـەو ساتەی ئـەم شـیعرەی تیـادا لـە دایـک بـووە نـەمانتوانیووە مێـژووی خۆمـان زینـدوو بکەینەوە چونکە ئەوەندە شارەزای ڕێگای بەرەو ڕابردوو نەبووین هەتا هەڵکۆڵینی ئەو پانتاییە لە یاد چووە بکەین و بیکەین بە بنەما بـۆ دروسـتکردنی مێـژووی خۆمـان لـە ئێستادا.

شاعیر لە (ئەفسانەی زەوییە سەرکێشەکان)دا دەڵێت:

چوومە نێو ئەو قەڵایانەی

شوێنە برینی مێژووی دێرینیان پێوە بوو

ئەوەندە تێکەڵ بە کپی ئەو ڕێیە بووم

تا بیرم چوو هەست بە بوونی

جەستەم بکەم (ل٧)

دیسان بکەر لە گەڕانەوەیدا بۆ مێـژوو یـان بـۆ ڕابـردوو دووچاری ونبـوون دەبێـت، ئەویش لەبەرئەوەی ڕابردووی ئەم ئەوەندە شاراوەو نادیارە کاتێ ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ئـەو ڕابـردووە ئێسـتای خۆیشـی ون دەکـات، یـان لـە بـارێکی تـردا خامۆشـی و بێدەنگـی ڕابردوو بە جۆرێك کە کاتێك ئەم دەیەوێت بـۆی بگەڕێتـەوەو هـەوڵی ئامادەکردنـەوەی بدات لە ئێستادا خۆیشی ون دەبێت و دەبێتە بەشێکی ئەو مێژووە ونبـووە کـە ئـەوەش ئـەو دەلالەتـە هـەڵدەگرێت کـە نـاکرێت لەسـەر ڕابردوویـەکی ون و نادیـار لـە ئێسـتادا ئامادەبوون بە دەست بێت، یان دەشێ بە لایەکی تردا ونبوونی ئەم لە شۆڕبوونەوەدا بۆ نێو دەهالیزەکانی ڕابردوو ڕاڤە بکەین و لێکبدەینـەوە، ئـەویش لـە ئـەنجامی بـە پـیرۆز سـەیرکردنی ئـەو ڕابـردووە پـڕ شکسـتەدا گەیشـتۆتە ئـەوەی کـە لـەو ئاقـارەدا ئـەمیش بتوێتەوە و ون ببێت و ببێتە بەشێك لە مێژووە نادیارەکە.

(ورده گەلا) سەرباری گەڕانەوە بۆ ڕابردوو، جۆرێکی تریش لە گەڕانەوەی سەرجەم دەقەکانی نێو ئەم دوو بەرگە پێکەوە دەبەستێت، ئەو گەڕانەوەیەش بریتییە لە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت یان ئاشکراتر بڵێین گەڕانەوەیە بۆ سروشتی کوردستان، بۆ قەد چیاو لادێکان، لەگەڵ بەکارهێنانی توخمەکانی سروشت و مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بە مەبەستی زەمینەخۆشکردن بۆ جوڵەی بکەرێك کە لە پێناوی گەڕان بە دوای ئازادیدا چۆتە نێو سروشت، گەڕاوەتەوە بۆ نێو لادێی وڵات. دیارە ئەم گەڕانەوەیەش لەژێر کاریگەری فشاری ژیانی ئاڵۆزی شاردا نییە کە مرۆڤی هەستیار ڕووبەڕووی نامۆبوون دەکاتەوە و وای لێدەکات بۆ خۆ دەربازکردن لەو بارە ئاڵۆزە بگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشتی سادەو خاوێن. گەڕانەوە لە (ورده گەلا)دا بۆ سروشت ڕاکردن نییە لە واقیعی کۆمەڵگای شار بە ئەندازەی ئەوەی کە ڕاکردنە بە دوای دروستکردنەوەی مێژوویەکدا کە ئێمە پێشتر لە دەستمان چووە یان بنیادنانی مێژوویەکە کە دەمانەوێت بە پشتبەستن بە بنەما لاوازەکانی ڕابردوو لە ئێستادا بە شێوەیەکی دیار بنیادی بنێین کە ئەویش مێژووی ئامادەبوون و بەدەست هێنانی ناسنامە و شارستانێتییە. سوارەکانی ئێمە لە گەڕانەوەیاندا بۆ نێو سروشت، بۆ قەد چیاکان هەوڵدەدەن (خۆر)مان بۆ بهێنن.

هەر لێرەوە بە تەواوی ناسنامەی گەڕانەوە و ناسنامەی گەڕاوەکان بۆ نێو سروشتی کوردستان، بۆ چیاکان دەردەکەوێت کە بریتین لە پێشمەرگایەتی و پێشمەرگە کە لە پێناوی ئازادی وڵاتدا، لە پێناوی هێنانی خۆری ڕزگاریدا واتە لە پێناوی دروستکردنی مێژوودا ئەو ڕێگەیەیان لەبەرگرتووە..

چیا چیا.. تاوێر تاوێر و ڕێ بە ڕێ

ڕابردووی ئەویان لە خۆدا دەشاردەوە.. (چاودێری- ل ٤٩)

یان:

ئەوەی لە شاخ ون دەبێ

یان گلێنەی چاومانە

یان ئەوەتە کزەی جەرگە.. (دوا گۆرانی – ل ٧٧)

یان:

گەلێ ڕێگەم بڕیووە،

ئەشکەوتم گەلێ دیووە،

دڕندەی زۆر جەنگەڵان

داڵی پڕ مەیلی خۆیان لە گۆشم گیرکردووە

کچی زۆر گوندو دێیان

خەمیان لە من پیرکردووە،

لەوەتەی هەم هەر بەڕێوەم.. (زەریەکان.. ل ٢٢)

ئێستا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە گەڕانەوە بۆ نێو سروشت لە (وردە گەڵا)دا بە مەبەستی تواندنەوە و خۆحەشاردان و خۆ دفن کردن نییە لە سروشتدا، بەڵکو گەڕانەوە لێرەدا ڕێگایەکە بۆ لە ڕوودا وەستان و تەحەداکردن نەك تواندنەوە و خۆ دفن کردن، ئەگەرچی بەخۆڕسکی پاڵەوانە گەڕاوەکان یان سوارەکان مەیلی تەماهی کردن و تواندنەوەیان لە سروشتدا هەیە چونکە ئەگەر لە کاتی ڕاکردن لە دەستی فشارەکانی شار، سروشت ببێت بە مەنزلگایەك بۆ خۆحەشاردان، ئەوا لە حاڵەتی دووەمدا واتە حاڵەتی سوارەکانی ئێمە کە بە دوای دروستکردنی مێژوودا ڕۆیشتوون، سروشت دەبێتە پاڵپشت و پارێزەر بۆ سوارەکان، واتە ناڕاستەوخۆ دیسان سروشت لە خۆیدا مەنزلگایە بۆ سوارەکانی (وردە گەڵا) لەو ڕوانگەیەوە کە لە مەترسی دەیانپارێزێت و لە چاوی نەیاران حەشاریان دەدات. دیارە ڕێی تێ دەچێت لە پرۆسەی تواندنەوەدا لەگەڵ سروشتی جوانی وڵاتدا مێژوو دروست بکرێت کە سروشت گیانی نیشتمانپەروەرێتی و ئینتیما بۆ خاك لای بنیادەم بەهێز دەکات، هەروەك چۆن هیگڵ پێی وایە مێژوو شارستانێتی هیندی سەرچاوەی سەرەکی لە ڕۆحی سروشتی جوانی هیندستانەوە هەر ئەو جوانیەی سروشتیش بنەمای ئیلتیزامی مرۆڤی هیندییە بە نیشتمانەکەیەوە، دەشێ گەڕانەوەش لە (وردە گەڵا)دا بۆ نێو سروشت هەمان ئاماژەی لە پشتەوە بێت، بە تایبەتی بۆ ئێمەی کورد کە توخمەکانی سروشت و شانازی کردن بە سروشتی جوانی کوردستانەوە بەشێکی زۆری بنەماکانی کەلتوور و ناسنامەی ئێمەی

وەکو کورد پێکهێناوە. بەلای کەریم دەشتییەوە بوون یان تێگەیشتن لە گەوهەری بوون هەر لە سەرەتاوە دەبێتە بنەمای بەدەست هێنانی ناسنامە لە ئێستاوە بۆ ئایندە. کەریم دەڵێت:

ئەگەر توانیت لە سەرەتای بوونت بگەی

ئەمڕۆش نەبێ سبەی دەگەی..

لێرەدا جارێکی تر شاعیر دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتاو پێمان دەڵێت ئەگەر ئاگاداری سەرەتا و هەموو ڕابردووی خۆت نەبیت ناتوانیت بەرنامەی ئێستا و ئایندەت دابنێی، هەر لێرەوە تێدەگەین کە گەڕانەوەی بکەری (وردە گەڵا) بۆ ڕابردوو، بۆ نێو مێژووی لە یادکراومان بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی ئەو ڕابردووەو ئاشکرا کردنێتی هەتابوونی خۆمانی تێدا بناسین و لەسەر ئەو بنەمایەش بەرنامەی ئایندەمان دابڕێژین، خۆ ئەگەر توانیمان لەو سەرەتایە تێبگەین و ناسنامەی خۆمانی تێدا دیاری بکەین، ئەوا ئەو دڵنیامان دەکات لەوەی کە گەیشتن شتێکی حەتمییە، ئەمڕۆ یان سبەی هەر دێتە دی.

لە لایەکی ترەوە ئەگەر سەرەتامان ناسی ئەوا تێدەگەین ئەو سەرچاوەی سوارەکانی خستۆتە سەر هەوای ڕۆیشتن بە دوای هەتاودا لە کوێوە هەڵدەقوڵێت و لەوێڕا پەی بەو مۆتیڤە ڕۆحیەش دەبەین کە دروستکەری جوڵەیە و بنەمای سەرەکیشە بۆ بەردەوامبوون لە پێناوی هێنانی (خۆر)دا یان بە واتایەکی تر لە ڕێگای دروستکردنی مێژوودا، هەتا ئەو بنەما سەرەکیانەش نەناسین ناتوانین ڕێگای جوڵە دیاری بکەین و لەو کاتەشدا سوارەکان بەبێ بەرنامە و بە دوای (خۆر) دەکەون و لەو حاڵەتەشدا بە دەست هێنان و ڕامکردنی (خۆر) کارێکی ئاسان نییە. دەشێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان گەڕانەوە بۆ نێو سروشتی کوردستان کە سوارەکانی پاڵەوانی دەقەکانی (وردە گەڵا) لە کردەیەکی دوور لە بنەما و هۆکاری ڕۆمانسیانەدا ئەنجام دەدەن و گەڕانەوە بۆ سروشت گەڕانەوە نییە بە چەمك و تێگەیشتنی ڕۆمانسیانە، سەرباری ئەوەی بۆ ئەوە سروشت بکرێتە زەمینە بۆ ئەوەی لەوێوە فشار بخرێتە سەر داگیرکەرانی ئازادی و بوونی ئێمە بۆ ئەوەی ناچار بکرێن دان بە بوون و ئازادیماندا بنێن. دیسان لێکدانەوەیەکی مەودا قوڵتریش لە مێژوودا بۆ گەڕانەوەی سوارەکانی ئێمە بۆ بەدەست هێنانی خۆر دەشێ بکرێت.

وەك دەزانین کورد لە سەرەتاوە هەڵگری پەیامی ئایینی زەردەشتی بووە، گەوهەری ئەو ئایینەش ئیشراق و نووری خوایە کە خۆر و ئاگر بەشێکن لەو نوورە تەنانەت ئاگر لە مێژووی کورددا وەکو دروشمێکی لێهاتووە بۆ مژدە بەخشین، سەرباری ئەوەی ڕوناککەرەوەی ڕێگایە بەرەو گەیشتن بە حەقیقەتی خواوەند و بوون، ئاگر لە فەرهەنگی کوردیدا شوێنێکی بایەخداری هەیە و تاکو ئێستا ئاگر دروشمی ناساندنی نەورۆزە، کورد بە جۆرێك پەیوەستبووە بە ئاگر و خۆرەوە کە نەیارەکانی بە ئاگرپەرست و خۆرپەرست ناویان بردووە. گەوهەری ئایینی دێرینی کورد ئەو بنەما ئیشراقیەی هەیە، بەڵام وەك دەزانین لە قۆناغێکی دیاریکراوی مێژوویدا ئەو ئایینە هەرەسی پێهێنراوەو لە پرۆسەی فەتحی ئیسلامی بە دواوە پەیامی ئیسلام جێگای گرتۆتەوە.

دەقی (وردە گەڵا) لە ئاستێکی تردا ئاماژە بۆ ئەو ئیشراقە لە دەست چووەی پەیامی زەردەشتی دەکات و پاڵەوانی ئەم دەقە لە گەڕانەوەدا بۆ ڕابردوو دەیانەوێت ئەو ڕابردووە بەدەست بهێننەوە، بنەماکانی ئەو پەیامە لە ئێستادا ئامادە بکەنەوە چونکە ئەوان پێیان وایە هەتا لەو ڕابردووە نەگەین و نەیکەینە بنەما بۆ پرۆژەی زیندووکردنەوە و خۆ بنیادنانەوەمان ئەوا ناگەین بە ئامانج واتە ئەم دەقانەی (وردە گەڵا) ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکەن کە پاڵنەری سەرەکی پرۆژەی بنیادنانەوەی ئێمە لە ڕابردوودایە کە ئەویش پەیامی لە دەستچووی زەردەشتییە، یان زیندووکردنەوەی بنەما پڕ بایەخ و ئیشراقیەکانی ئەو پەیامەیە واتە (خۆر) کە سوارەکانی ئێمە دەیانەوێت بە دەستی بهێنن بریتییە لە ئیشراقی ڕابردوومان، هەروەك خۆر سەرچاوەی ژیانیشە.

پاڵەوانەکانی (وردە گەڵا) دەچنەوە بۆ نێو سروشت، بۆ قەد چیاو لاپاڵەکان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژیانی زەردەشت لە پێشهاتنی پەیامەکەدا بۆی هەمیشە دەچووە چیاو لەوێ بیری دەکردەوە و ڕادەما، ژیانی گۆشەگیری و خەڵوەتی نێو چیای لەبەرگرتووە، تا ئەنجام پەیامەکەی پێگەیشت و بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردەوە کە ئەویش پەیامی بنیادنان و ئاوەدانکردنەوە بوو. سوارەکانی ئێمە، پاڵەوانەکانی وردە گەڵا دەگەڕێنەوە

بۆ سروشت بەو ئومێدەی لەوێڕا بگەنەوە بە بنەماکانی پەیامی بنیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوە، واتە لێرەوە دەشێ بڵێین سوارەکانی ئێمە دەچنە بەرگی زەردەشتەوە بەو هیوایەی بگەنەوە بەو بنەمایانەی کە ئەو لە نێو سروشت وەکو پەیام پیێ گەیشت و خستیە خزمەتی دروستکردنەوەو ئاوەدان کردنەوە و نیشتەجێ بوونەوە.. کە پیێ وابوو ئازادبوونی مرۆڤ لە نیشتەجێ بوون و ئاوەدان کردنەوەدایە کە ئەویش بیرکردنەوەی باش نەخشەی بۆ دادەڕێژێت، ئەو بیرکردنەوەیەش سەرچاوەکەی ئیشراقی ڕۆحی خواوەندە، ئەو ئیشراقەی کە ئێستا سوارەکانی ئێمە لەژێر ناونیشانی (خۆر)دا دەیانەوێت پیێ بگەن.

لێرەوە ئەو مەودا قوڵە مێژووییە ئاشکرا دەبێت کە کەریم دەشتی لە (وردە گەڵا)دا بۆی دەگەڕێتەوە و لەگەڵ خەباتی نویێدا لە پێناوی ئازادیدا پێکەوەیان دەبەستێتەوە. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە بە ڕوانینی ئەم ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ پایەکانی ڕابردوو، پایەکانی نێو مێژوو کەلتووری نەتەوایەتیمان پرۆژەی بنیادنانەوەو خۆ دروستکردنەوە یان بە وتەیەکی تر پرۆژەی ڕێنسانس بنیاد بنێین.

جیهانبینی (وردە گەڵا) بە شێوەیەکی گشتی بەرجەستەی ئەم حاڵەتانە دەکات، کە ئەویش لە مەودایەکی قوڵتردا گەڕانە بە دوای بووندا، بە دوای خۆسەلماندندا، بە دوای ناسنامەدا کە ئەویش لە بوونی ئازادی و سەربەخۆییدا بەدەست دێت. پایەکانی ئەو بوونەش بەشێکی لە ڕابردوودایە، بەڵام دەبێ بە عەقڵی نوێ و بۆچوونی هاوچەرخانەوە بخرێنە کار بۆ بنیادنانی ئێستایەکی گەش و ڕەگ و ڕیشەدار کە توانای ئەوەی هەبێت بەرەو ئایندەش بڕوات و گەشە بە خۆی بدات.

## پرۆژەی خۆسەلماندن و
## گەیشتن بە ساتەوەختی تێڕامان لە شیعری ( لوتکە )ی کەریم دەشتیدا

کەریم دەشتی یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە هەستی بە قەیرانی شێواز و ئەزموونی پێشتری شیعری کوردی کردووە بە تایبەتی ئەزموونی شیعری (ڕوانگەیی). لەسەر ئەو بنەمایەش هەولیداوە شێوازێکی نوێ، ئەزموونێکی نوێ بەرهەم بهێنێت کە توانای هەلگرتنی پرسیارەکانی ئێستای مرۆڤی کوردی هەبێت. کەریم دەشتی لە سەرەتاوە زیاتر خۆی لە تێکشکاندنی زمان دەئالاند و ئەمەش وای دەکرد کە (مانا) بەو شێوەی پێشتر لە ئاستی دیاردا نەبینرێت دیارە مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نیە کە (مانا) لەنێو پرۆسەی تێکشکاندنی زماندا ون بووبێت و ئەو دەمەش دەق لە ڕووی دروستکردنی پرسیار و جیهانبینییەوە کەوتبێتە دەرەوەی سنووری دەقی زیندوو، بە پێچەوانەوە کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بە پێچەوانەی زۆرێك لە شاعیرانی کوردەوە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چەمکی شیعردا دەکات و دەزانێت شیعر چی‌یە و شیعریەت چی‌یە و لە کام بوارانەشدا دەتوانێت شیعریەت بەرهەم بهێنێت.

کەریم ئەگەر لە سەرەتاوە بە جۆرێك لە نێوان گەمەی زمان و دۆزینەوەی مانادا هەندێ جار لە بەرهەم هێنانی شیعریەتدا لاوازی پێوە دیاربوو بێت بەلام لە قۆناغێکی زووی ئەزموونی شیعری خۆیدا توانیوویەتی هاوسەنگی‌یەك لە نێوان بنەماکانی بەرهەم هێنانی شیعریەت و جیهانبینی شیعرییدا دروست بکات. ئەزموونی کەریم لە نیوەی هەشتاکان بۆ دواوە بووە بە ئەزموونێکی دیار و بەوپێیەش کەریم وەکو دەنگێکی دیاری شیعری کوردی دەرکەوتووە و بووەتە خاوەنی چەندین دەقی زیندووی خاوەن پرسیار (تەمە سپی‌یەکانی ڕۆح و کۆمیدیای باو..) چەندین دەقی تریشی ڕاستی ئەم قسەیە دەسەلمێنن.

ئەگەر لە ئەزموونی شیعری کوردیدا بشێت باسی دەنگی دوای ئەزموونی ڕوانگە یان ئەزموونی شیعری سالانی حەفتاکان بکرێت ئەوە ناوی کەریم دەشتی یەکێکە لەو

دەنگانەی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە و دەشێ بە یەکێك لە دیارترین دەنگـەکانی دوای ئـەزموونی شیعری حـەفتاکان دابـنرێت. کـەریم هـەوڵیداوە شێوازێکی نـوێی شـیعری بەرهەم بهێنێت کە توانای پرسیاری نوێی مرۆڤی کوردی هەبێت، هەروەك لە بنیادنان و بەرهـەم هێنـانی شـیعریەتدا جیـاوازی هەیـە لەگـەڵ ئـەزموونی پێشـتردا دیسـان لـە ڕوانگـەی گەڕانـەوە بـۆ یـادەوەری ڕابـردوو، بـۆ ڕەمــز و هێمـا و ئەفسـانە و فانتازیـای کوردیشدا جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەزموونی پێشتردا، ئەزموونی پێشتر لە ئاستی دیـار و بینـراودا ئەو ڕەگەزانـەی بـەکارهێناوە و ئـەوەش زۆرجـار بۆتـە هـۆی لاوازی شـیعریەت بەڵام کەریم زیاتر لە ئاستی نادیار و لەو دیوو زمانی یەکەمەوە ئـەو هێما و یـادەوەری و ئەفسانە و فانتازیـە دەدۆزێتـەوە، ئـەوەش وایکـردووە کـە زیـاتر لـە لێکدانـەوە و ڕاڤـەکردنێك بـۆ دەقـەکانی بکرێـت. ئێمـە جـارێکی تـر گوتومانـە ئــەو ئاڕاسـتەی ئیشکردنەی کە کەریك دەشتی لە بەرهەم هێنانی شیعریەتدا کاری پێدەکـات پێشـتر بـە جۆرێك لای ئەنوەر قادر جاف دەرکـەوتووە بـەڵام ئـەنوەر لـە دوای ئـەزموونی (زریـان) پاشەکشێی لـەو شێوازە نووسـینە کـردووە، بـەڵام کـەریم ئـەو بنـەمای کـە لای ئـەنوەر دەرکەوتووە گەشە پێداوە و مەوداکانی فراوانکردووە و سیمای نوێی پێبەخشیووە.

یەکێك لە خاسێتە دیارەکـانی شیعری کـەریم کارکردنـە لـەو دیـوو سـنووری دیـاری ئایدیۆلۆژیاوە، بە پێچەوانەی ئەزموونی شیعری ساڵانی حـەفتاکان کـە بریتـیـە بـووە لەبەرهەم هێنانی شیعر لە سیاسەت. کەریم شیعر لە ڕەگەزەکانی تری غەیری سیاسەت بەرهەم دێنێت ئەو ڕەگەزانەی کە توانای مانـەوە و ژیانیـان زیـاترە. کـەریم شـاعیرێکی خـاوەن پەیامـە، بـەڵام پـەیامی شیعری ئـەو بـە چـاوی ئاسـایی وەکـو پــەیامی شــیعری (شێرکۆ) نابینرێت، بەڵکو پەیامی شیعری ئەو لەودیوی زمـان و لـە ئاسـتە نادیارەکـانی دەقەکانیدا دەدۆزرێتەوە، پەیامی شـیعری کـەریم پـەیامێکی مرۆیـی مـەودا فراوانـە لـە نەتەوەوە دەست پێدەکات بۆ سنوورێکی فراوانتر کە سنووری مرۆڤایەتیە.

لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنـەوەی یـەکێك لـە دەقـەکانی کـەریم دەشـتی بکـەین کـە ئەویش دەقی "لوتکە"یە کە کاتەکەی ساتەوەختی جـاویدان و شـوێنی بەرهـەم هێنـانی مەملەکەتی هزرە. دەقی شیعرەکە:

لوتكە
تۆزێ ئاسمان، تۆزێ زەوی
تۆزێ هامونی بەرزەفڕی
تۆزێ لوتكەی كپ و نەوی
هێندێ مەل و هێندێ تروسكەی سەرشێت و
باوەشی با
مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازاركردووە
ئەوە من دوا سواری پێشەنگ كوژە
گزنگ و ئاسۆ تێكەڵی یەكدی ئەكا
شەمشێری ناخی ئەم ناوەی پڕ لە بروسكە كردووە
دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەكا
تۆزێ درەخت، تۆزێ هەناسەم پێدەوێ
تۆزێ سێبەر، تۆزێ خەنجەر
تۆزێ تێڕامان و دامان، تۆزێ ونبوون
خۆهەڵواسین بە داركاژی سەوزی مەژی
تۆزێ زیندەگیم پێدەوێ بۆ خودكوژی
نەختێ مەرگ و نەختێ زیندەگی پشكۆبار
تۆزێ خنكان، تۆزێ مەلەو شەختەزانی
لە سینەما پشكۆڕێژن بۆ دەروازەی جاوێدانی.

بكەری شیعرەكە كە ڕاناوی كەسی یەكەمی تاكە واتە (من) لە ساتەوەختێكدا دێتە ئاخاوتن كە شاعیر ئەو كاتەی لە دەرەوەی دەقەكەدا ناوناوە ساتەوەختی (جاویدان). دیاریكردنی كات لەو شێوەیەدا بۆ خۆی دەلالەتێك هەڵدەگرێت و لە كاتی ئاسایی جیای دەكاتەوە. ئەمەش گرنگی پێدانی كاتە كە پەیوەستە بە سروشت و چۆنێتی پێكهاتنی بكەرەكەوە یان گوزارشتكردنە لە ڕوانینی بكەری شیعرەكە بۆ حاڵەتی جاویدانی لەسەر زەمینەیەك كە هزر واتە فیكر ناسنامەی ئەو شوێنە دیاری دەكات بە مانایەكی تر

بكەری شیعرەکە لە دەرەوەی دەقەکەدا پەیوەندییەك لە نێوان جاویدانی و فیکردا کە دەشێ ئەویش دەلالەتی (پەیام) هەڵبگرێت دەدۆزێتەوەو پێی وایە ئەو دووانە پێکەوە بەندن هەروەك چۆن شوێن و کات پێکەوە بەندن.

کاتی جاویدان، کاتێکە لە دەرەوەی دەقەکەدایە هەر بەو پێیە ئەوکاتە نەبۆتە کاتی جوڵە دروستکردن و ڕووداو لە سنووری دەقەکەدا بەڵکو وەکو کاتێك ماوەتەوە کە پرۆسەی بەرهەم هێنانی شیعرەکەی تیا ئەنجام دراوە.

لە بەردەوام بوونی جوڵەی شیعرەکەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کات لە شیعرەکەدا کاتی تێڕامانە دیارە ئاشکرایە کە کاتی تێڕامان بوار بۆ بەخۆداچوونەوەو گەڕانەوە بۆ یادەوەری ڕابردوو یان خوردبوونەوەو گەڕانەوە بۆ دنیای ناوەوە دەڕەخسێنێت، بە واتا بکەری شیعرەکە لە ساتەوەختی گەڕانەوە بۆ ناوەوەی خۆی دەست دەکات بە دواندن. گەرچی دروستکردنی حاڵەتی تێڕامان بۆ بیرکردنەوە لە دەرەوەیە یان بۆ دروستکردنی جۆرێك لە یۆتۆپیایە کە تیایدا زەمینە بۆ گەیشتنی (من)ی بکەری شیعرەکە بە ئامانجێکی دیاریکراو برەخسێت و لەوێشدا (من) بگات بە ئاستێك کە تیایدا زەمینەی دەرەوە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ئامادە بێت، بەڵام ئەو بکەرەی کە ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێت یان ئامادە دەکات کێیە؟ کەواتە لێرەدا پرسیار لە ناسنامەی ئەو بکەرە دەکرێت کە ئەو زەمینەیە ئامادە دەکات. ئێمە لێرەدا لەوە دواین کە لە سنووری تێڕاماندا دەشێ جۆرێك لە یۆتۆپیا پێکبێت، هەر بەو پێیە دەشێ ئەو خەیاڵەی کە یۆتۆپیایەك بۆ جاویدانی دروست دەکات زەمینەش بە (من)ی بکەری شیعرەکە ئامادە بکات هەتا تیایدا ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر.. هەڵبەت کاتێك بکەری شیعرەکە دەگات بەو ئاستەی کە ڕووداو دروست بکات مانای وایە دۆخێك لە ئارادایە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامە، کەواتە لێرەوە پەیوەندییەك لە نێوان بوون و جاویدانیدا دروست دەبێت و دەشێ بگوترێت بەبێ بوونێکی خاوەن ناسنامە جاویدانی تەنیا لە سنووری زمانی دەقەکەدا دەمێنێتەوە و لەسەر زەمینەی واقیع دروست نابێت.

دەستپێکی دەقەکە کراوەیە بە ڕووی دنیایەکی نەناسراودا، دنیایەك کە هیچ ناسنامەیەکی ئاشکرای نییە، بە واتایەکی تر شوێن لە دەستپێکی دەقەکەدا سەرباری

ئەوەی لە شێوەیەکی گشتیداو لەناوهێنانی چەند ڕەگەزێکی سروشتدا باس دەکرێت بەڵام وەکو شوێنی ڕووداو نەناسراوە، لە کاتێکدا کە شوێن شوناسێکی دیاری نییە، جێگای بکەری شیعرەکە نەزانراو یان نادیارە، هەر ئەو نادیارییەی شوێنیش بکەر لە بۆشایی یان لە دەرەوەی شوێندا دەهێڵێتەوە، دەشێ لەوێشەوە جۆرێك لە هەستکردن بە نامۆبوون دروست بێت یان حاڵەتی تێڕامان بهێنێتە ئاراوە، باری تێڕامان مرۆڤ لەوکاتە جیادەکاتەوە کە حاڵەتی تێڕامانی تێدا ڕوودەدات، هەروەك تێڕامان پەرتبوون لە شوێنیش دروست دەکات کەواتە لەم حاڵەتەدا بکەری شیعرەکە دەبێتە (خود)ێکی پەرتبوو لە کات و لە شوێن. ئەمەش دەلالەتی نامۆبوون هەڵدەگرێت کە لە بارێکی تردا ونبوونی ناسنامە دەگەیەنێت. (خود) بە ناخی شتەکاندا دەچێتە خوارەوە و شۆڕدەبێتەوە. لەوێڕا لە ئەنجامی ئەو خوردبوونەوەیەدا لە ناسینی ناوەوەو بەوپێیەش پێویستییەکانی دەرەوە بۆ تەواوکردن و هاوسەنگ کردنی خۆی تێدەگات.

لێرەوە (من)ی بکەر کە لە خودی خۆی ڕادەمێنێت دەگاتە ئاستی خوێندنەوەی جەستەی خۆیی و لەوێشەوە دۆزینەوەی پێداویستییەکانی ئەو جەستەیە، کە پێم وایە حاڵەتی تێڕامان لە ئەزموونی (ڕوانگە و گوتاری مانەوەدا) نەیتوانیووە بەو ئەندازەیە جێگای خۆی بگرێت. بەڵکو بە پێچەوانەوە حاڵەتی بڕیاری خێراو خودسپاردن بە یەقین لەو ئەزموونەدا باڵادەست بووە. لێرەوە کەریم لە ئەزموونی خۆیدا هەنگاوێك دەنێ بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەزموونی ڕوانگەوە. لەباری یەکەمدا ئەم جوڵەی بەرەو دابڕان لەگەڵ ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا ڕێکدەخات کە دەبێتە یەکنەگرتنەوە لەگەڵ وێنەی باڵادەستدا کە هاوشێوەی وێنەی باوکە و تەنانەت ئەو باوکە ناشتوانێت دان بە بوونی دەنگی جیاواز لە خۆی بنێت.

بکەری شیعرەکە بە ئاراستەی بەدەستهێنانی ناسنامە دەجوڵێت کە ئەویش لە ساتەوەختی تێڕامانەوە دەست پێدەکات و کاتێ لە دوای پێداویستییەکانی جوڵە دروستکردن دەگەڕێت، تێدەگات بۆ فۆرمەلەکردنی خودێکی خاوەن ناسنامەو گەیاندنی ئەو کەسێتە بە ئاستێك کە ڕووداو دروست بکات چی پێویستە. لەوێڕا (هزر) دەبێتە سەرچاوەی بەرهەم هێنان و ئاراستەکردنی جوڵە. بەڵام ئایا (هزر) ئەو هێزە لە کوێوە

وەردەگرێت کە بکەری دەقەکە بکاتە کەسێتێکی خاوەن پراکتیك؟ ئایا مەبەست لە هزر لە سنووری دەقەکەدا مەبەستێکی گشتی‌یە یان تەنیا سنووری بکەری دەقەکە دەگرێتەوە؟

لە ڕابردوودا (هزر) ئامادەبوونێکی دیاری نەبووەو لە هەمان کاتیشدا لەو حاڵەتە لاوازەیدا کە هەبووە (هزر) دووچاری ئازار بووە یان حاڵەتێکی نائاسایی لەو پنتەدا خوڵقاوە کە شاعیر ئەو پنتە یان ئەو ڕووبەرەی کە هزر دەیگرێتەوە بە مەملەکەت ناودەبات، ئەمەش دەلالەتی ئەوە هەڵدەگرێت لە تێڕوانینی شاعیرەوە (هزر) پانتاییەکی فراوان داگیردەکات، ئەوەش لە ڕوانگەی ڕوانین بۆ خوێندنەوەی مێژووی بکەری دەقەکەو ئامادەبوونی لە دەرەوەی دەقەکە ئەوە بەرجەستە دەکات، ئەگەر (هزر) پانتاییەکی فراوانی داگیرکردبێت ئەوا مانای وایە ئامادەبوونی بکەری شیعرەکە لە ئاستێکی بینراو و بەرچاودایە، بە پێچەوانەی ئەم قسەیەشەوە نائامادەبوونی (هزر)، ناکردەیی و بەوپێیەش نائامادەبوونی (من)ی بکەری دەقەکە دەگەیەنێت. هەر لێرەوە بارێکی هاوشان لە نێوان (کات و شوێن)دا پەیوەست بە کەسێتی بکەری شیعرەکە پێکدێت کە زیاتر ئەو دیاری کردنەی شاعیر دەگەیەنێتە حاڵەتێکی شیعری و لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەوە دەیانگوازێتەوە بۆ ناو سنووری دەقەکەو ئەوەش لە هاوشانبوونی (ساتەوەختی جاویدان/ مەملەکەتی هزر)دا بەرجەستە دەبێت.

ئەگەر هزر فاکتەری جوڵە دروستکردنی بێت ئەوا مێژوو بە گشتی دەبێتە ساتەوەختی جاویدانی بەڵام کام حاڵەتی جاویدانی و کام مێژوو؟ واتە لێرەوە بەلای ئەو لێکدانەوەیەدا دەچین کە دەبێ هەموو جوڵەیەکی ڕێکخراو لە پشتی‌یەوە فیکر ئامادە بێت کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا دەبێتە ئاخاوتن کردن لەسەر دروستکردنی ڕووداو بە کاریگەری مۆتیڤی فیکر کە ئەوەش جۆرێك لە پرۆژەو نەخشەڕێژی پێشکەش دەکات کە ئەم حاڵەتە لە عەقڵی ئێمەدا وەکو کورد تاکو ئێستا جێگایەکی ئەوتۆی نەگرتووە چونکە وەك دەزانین کەلتووری کوردی ئەو کەلتوورەیە کە کەمتر عەقڵ و فیکر کاری تێدا کردبێت هەتا بەو پێیەش شێوازی نەخشەو پرۆژەی پێوە دیاربێت.

بەڵام داخۆ چ پەیوەندییەك لە نیوان هزرو تیرامانداا لە سنووری ئەم دەقەدا دەدۆزریتەوە کاتێ دەڵیت:

تۆزێ تیرامان و دامان، تۆزێ ونبوون

تۆزێ ئاسمان، تۆزی زەوی

مەودای نەهەنگی هزریان دارمالی ئازار کردووە

(من)ی بکەری شیعرەکە کاتێ لە باریکی ناجیگیردایە بەرەو حالەتی تیرامان دەچیت و لەویوە داوەکانی خەیاڵ فراوان دەبن و مەودای دۆزینەوەی یان گەیشتن بە ئاستی بیرکردنەوە بە (هزر) ئاشکراتر دەبیت کەواتە لیرەدا ماهیەتی بکەری شیعرەکە پەیوەست بە پەیوەندی نیوان تیرامان و بیرکردنەوە یان هزر ئاشکرا دەبیت. ئەوی بکەری شیعرەکە کەسیتیەکی ناجیگیری هەیە، هۆی ئەو ناجیگیرییەش لەوەوە سەرچاوە دەگریت کە خاوەنی ناسنامەیەکی دیار نییە واتە بە دوای جۆریك لە شوناسدا دەگەریت کە ئەوەش مانای گەران بە دوای دلنیاییدا هەلدەگریت، بەڵام ئەوی بکەری شیعرەکە ناتوانیت بە ئەنجامیکی رەها بگات بۆیە هەمیشە لە بارە شلۆقیەکەی پیشتریدا دەمینیتەوە، ئەگەر بەرەو ئاراستەی دەقەکە بچین ئەوا ئەم پالەوانە ناسەقامگیرە وینەی کەسیتی کوردییە، کەسیتیك کە بە گومانەوە لە خۆی و دەوروپشتیشی دەروانیت و هەروا بە ئاسانی ناگات بە حالەتی دلنیایی چونکە دلنیایی لە بەدەستهینانی ناسنامەدا دەردەکەویت یان دەستەبەر دەبیت.. ئەمیش تاکو ئیستا لە خەونبینیندا خۆی دەگەیەنیتە ئەوساتەی کە دلنیایی دەستەبەر کردبیت واتە لە خەونی سنووری یۆتۆپیادا.

ئەم هەمیشە لە تیرامانداییە، تیرامانیش گەرانیکی بەردەوام دروست دەکات لەو ئاقارەشدا مۆتیڤی سەرەکی ئەو گەرانە (هزرە). واتە هزر رۆلی کاریگەر دەبینیت لە دروستکردنی پرۆسە جولەی بەردەوامدا، جولەیەك کە بکەری شیعرەکە تیایدا سەرجەم ئەو رەگەز و توخمانە بەدەست بهینیت کە دەبنە بنەما بۆ ئەوەی بیکەنە خاوەنی ناسنامە.

بکەری شیعرەکە دوای قۆناغی تیرامان و دوای گەرانیکی بەردەوام بە دوای دلنیابووندا، دلنیابوون لە بوونی خۆی، ناسنامەی خۆی پیشکەش دەکات گرنگ نییە ناسنامەکەی چییە و چۆنە:

ئەوە من دوا سواری پێشەنگ کوژە

گزنگ و ئاسۆ تێکەڵی یەکدی ئەکا

حاڵەتی دان پێدانان سەرەتایەکە جۆرێك لە پڕکێشی و سەرکێشی کردنی پێوەیە بە مەبەستی لادانی پەردە لە ڕووی شتە نادیارەکان یان ئاشکراکردنی شاراوەکان کە ئەوانیش وەکو شکستێك خۆیان نیشان دەدەن ئیتر گرنگ نییە ئەو شکستە لە چ ئاستێکدایە شکستی تاکە کەس یان کۆمەڵ یان شکستی مێژوویەکە کە ئەم پێوەی بەستراوەو شکستی ئەم نەفرەتی ئەو مێژووەیەو لێی نابێتەوە. نەفرەتێك کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەرتبوونی بکەری شیعرەکە لە کات و شوێن، واتە بکەر خۆی لە بنەڕەتدا گرنگی کاتی نەناسیووە و نەیتوانیووە سوودی لێوەربگرێت بە مەبەستی دروستکردنی کردار، هەڵبەت کاتیش کاتێك دەبێتە مێژوو کە ڕووداوی تێدا تۆمار بکرێت.

بکەری شیعرەکە ناڕاستەوخۆ لە پێشکەشکردنی ناسنامەی خۆیدا، خۆی لەنێو قەوارەیەکی گەورەتردا نیشان دەدات، بە واتا دەبێتە توخمێك لەنێو پێکهاتەیەکی گەورەتردا کە ئەویش لە ئاستێکی تردا کۆمەڵ یان نەتەوەیە چونکە ئەم لە ڕیزی چەندین سواردا دوا سواری پێشەنگ کوژەیە، بە واتا بکەر لە سنووری دەقەکەدا ئەگەرچی تەنیا لە شێوەی تاکەکەسدا دەردەکەوێت بەڵام پێکهاتەیەکی دەستەجەمی هەیە، ئەم یەکێکە لەو کۆمەڵە و دوا سواریانە. ئەگەر مەبەست لە سوارانی پێشەنگ کوژە ئەو کاروانە بێت کە چۆن بە هۆی لێتێکچوونی کاتەوە لە شەوێکی زوودا کاتیان لێ تێکدەچێت و دەکەونە ڕێ و لە ئەنجامدا تیادەچن، ئەوا بکەری شیعرەکە دوا سواری ئەو کاروانەیە. دەشێ ئەم لێکدانەوە بگوازینەوە بۆ دەرەوەی دەقەکە و لەوێدا بۆ هاوشێوەی بگەڕێین ئەوا ئەم کاروانی بەرەو خۆدروستکردنەوە و بەدەستهێنانی ناسنامەی ئێمەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بکەری شیعرەکە کە ئێمەین (کات)مان نەناسیووە و بگرە لە کاتیش پەرت بووین بۆیە کاتمان لێ شێواوەو ئەوەش بۆتە هۆی ونبوونمان، دەشێ ئەمە بزوتنەوەی نەتەوەیی ئێمەش بگرێتەوە کە لە کارکردنیدا نەیتوانیووە پەی بەوە ببات ئایا کات گونجاوە بۆ ئەو کارە یان نا.

ئێمە دەزانین مرۆڤ زیاتر لە کاتی شکستدا یان لە ئەنجامی شکستدا بەرەو حاڵەتی تێڕامان دەچێت. ئێستا بکەری شیعرەکە کـە دووچاری شکست دەبێت دەگەڕێتـەوە بـۆ حاڵەتی تێڕامان و لەوێشدا دەگات بە دۆزینەوەی پاڵنەرێکی بەهێز کە ئەویش (هـزره)، واتە سەرچاوەی بیرکردنەوەو بەرنامە و پـرۆژە دانـان، بـەم پێیـە بکـەری شـیعرەکە لـە ئەنجامی شکستدا هەست بەوە دەکات لە کوێدا هەوڵی دۆزینـەوەی هـێزی بنیادنانـەوەی خۆی بدات.. ئەمەش سیمای کەسێتێك دەخاتە ڕوو کـە هەرچـەند ڕووبـەڕووی شکست بۆتـەوە بـەڵام تموحـی خـۆ بنیادنانـەوە و خۆدروسـتکردنەوەی هەیـە، هــەر لێرەشــەوە جۆرێك لە بانگەشە بـۆ خـۆ دروسـتکردنەوە سـەرهەڵدەدات. ئـەو بانگەشـەیەش لەگـەڵ ئاواتخواستنی جاویدانیدا یەکدەگرێتەوە.

دواتر بکەری شیعرەکە داوای زیندەگانی دەکات کە مەبەستی لەوەش بەدەسـتهێنانی ژیانە، ژیانێك کە تیایدا دوو جۆر یان دوو ئاڕاستەی جیاواز لـە جوڵە دروست دەبێت، جوڵەیـەك بـەرەو خۆبنیادنانـەوەی تـەواوەتی، یـان ئـەو جوڵەیـەی دژی ئـەم ئاڕاسـتەیە واتـە پێچەوانـەی خـۆ دروسـتکردنەوە کـە ئـەویش پرۆسـەی خۆکوشـتنە. واتـە مـن لـە حاڵەتی شلۆق و ڕامان لە بـەردەم ئـەم دوو ئاڕاسـتە دژەدا دەکەوێتـە حاڵەتی تێڕامـانی قوڵەوە، لەوێش ڕا دەگات بە جۆرێك لە دۆزینەوە کە ئەویش گەیشتنە بە فیکر.

لـەم حاڵەتــەدا بکـەری شـیعرەکە دەگاتــە بەرزکردنــەوەی داوایـەك کـە ئــەویش داواکردنی مەرگە بەڵام زوو ئاشکرا دەبێت کە ئەم داوایـە داوایـەکی ڕەهـا نـیـە، بـەڵکو کۆمـەڵێ دووانـەی یـەك لـە دوای یـەك پێشکەش دەکـات کـە سـەرجەم بەرهـەمی بـاری تێڕامان و لە هەمان کاتدا گومانن.. کە ئـەم حاڵەتی بەرهـەم هێنـانی دووانانـە بـارێکی هاوسـەنگ لـە نێـوان ئـاوەوەو دەرەوەی بکـەری شـیعرەکەدا پێکدەهێنــن کـە وەکـو دوو حاڵەتی بەرامبەر بە یەك دەوەستن، ئەویش واتـە ئـەو بـارە هاوسـەنگیە لـە ئاسـتێکی قوڵتردا هاوسەنگی یان هارمۆنیای نێوان ژیـان و مـردن نیشان دەدات، کـە گەیشـتن بـەو حاڵەتی هاوسەنگیە جوڵەی دیار لە شیعرەکەدا سنووردار دەکـات و تـەنیا لـە سـنووری خواسـتندا جوڵە دەردەکەوێت ئـەگینا لــە ڕووی پراکتیکـەوە ئامــادەبوونی نـامێنێت. ئەگەرچی بکەری شیعرەکە لایەنگری دروستبوونی جوڵەیە لە سنووری دەقەکەدا بـەبێ

ئەوەی کە سروشت و ناسنامەی ئەو جوڵەیەی بەلاوە گرنگ بێت چونکە پێی وایە جاویدانی لە باری وەستاودا دروست نابێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بکەری شیعرەکەی لە کەسێتێکی ڕووداو دۆستە چونکە پێی وایە ڕووداو دەبێتە بنەمای خۆناساندن.ئەگەر سەرنجی بنیادی دەقەکە بدەین ئەوا دەبینین کۆمەڵێ دووانە بەشداری دەکەن لەو بنیادەدا کە بریتین لە دووانەی (ئاسمان/ زەوی، لوتکە/ نەوی، زیندەگی/ خودکوژی، مەرگ/ زیندەگی، شەختە/ پشکۆ..) سەرجەم ئەم دووانانەی سەرەوە ئەو هێڵە گشتی‌یە پێکدێنن کە بنیادی شیعرەکەی لەسەر بنیادنراوە کە ئەم بارەی بەرامبەر یەك وەستانی جەمسەر دژ بە یەکەکان باری هاوسەنگی و ئەنجامیش جۆرێك لە جێگری لە دەقەکەدا دروست دەکەن.. ئەگەرچی بکەری شیعرەکە سەرجەم ئەم حاڵەتانە دەخوازێت بۆ گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی. هەڵبەت جاویدانیش بەبێ جوڵەو دروستکردنی کردار بەرهەم نایەت، گریمان وەکو ڕووداو یان ئەنجامی ڕووداو سەیری جاویدانی دەکەین بەڵام بەبێ جوڵەی دیار کە شکێنەری حاڵەتی هاوسەنگی بێت بە ئاراستەی پۆزەتیف گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی تەنیا لە سنووری خەوندا دەمێنێتەوە کە دیسان دەشێت ئەو خەونەش لە شیعردا جێگای بۆ بکرێتەوە چونکە وەك دەزانین بۆ خۆی شیعر بەرهەمی خەون و خەیاڵ و نەستە و جۆرێکە لە دروستکردنی یۆتۆپیا، واتە دەرەوەی شوێن کە ئەوەش لەگەڵ پەرتبوونی بکەری شیعرەکە لە شوێن یەکدەگرێتەوە.. بەڵام ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا لە دەرەوەی شوێن شتێك هەیە پێی بگوترێت جاویدانی؟ یان بە شێوەیەکی گشتی تر ئایا لە دەرەوەی شوێن هیچ شتێك پێناسە یان ناسنامەی هەیە؟

بکەری شیعرەکە دەیەوێت لەو بارە هاوسەنگی‌یەوە بگوازێتەوە بۆ بارێکی پڕ لە زیندەگانی تر بە جۆرێك کە زیندەگانی و ژیان بەسەر خودکوژی و کردندا زاڵ بێت هەر لەو زاڵبوونەشدا جاویدانی بەرهەم دێت. ئەم بەو ئاراستەیەی کە ژیانخوازی تێدایە هەنگاو دەنێ و هەر لەو جوڵەیەشدا دەگات بە هزر و بیرکردنەوە چونکە پێی وایە زیندووبوونەوەو ڕابوونەوە بەبێ هزر دروست نابێت. لە دەقەکەدا لەگەڵ هەر جوڵەیەکی بکەردا ئەو جوڵەیە لە ئاستی دیاردا بێت یان نادیار بەرامبەر هەر

جەمسەرێك لە دووانەكاندا كە ژیانخوازی نیشاندەدات جەمسەرەكەی تر ڕەگەزی مەرگخوازی و شكستە، واتە جۆرێك لە بەرگری و بەربەست هەیە كە نایەڵێت ژیانخوازی و زیندووبوونەوە بە جۆرێك بالا دەست بێت كە ڕاستەوخۆ جاویدانی بەرهەم بێت. بێگومان ئەگەر ئەم حاڵەتە لەگەڵ واقیعی دەرەوەی دەقەكە هاوشێوە بكەین ئەوا دەقەكە دەبێتە شاهیدێكی ڕاستگۆی ئەو واقیعەی كە تیایدا بەرهەم هاتووە، هەرچۆن بكەری ئێمە لە واقیعی دەرەوەی دەقەكەدا نەیتوانیووە مەرگخوازی و شكستەكان هەرەس پێبێنێت و بیانسڕێتەوەو ژیانخوازی و بنیادنان و دروستكردنەوە پیادە بكات، بكەری دەقەكە لە ئاستێكی تردا هاوشێوەی بكەری ئێمەیە لە دەرەوەی دەقەكەدا كە هەردووكیان ناتوانن ببنە بكەری ڕووداو دروستكەر.

لە لایەكی تریشەوە مادەم بكەری دەقەكە لە باری تێڕاماندایە و ئەو توخمانەی بنیادی دەقەكە بە جۆرێك لە باری نائاگاییەوە فڕێدەدرێنە سنووری بنیادی دەقەكەوەو بەوپێیەش نائاگایی ڕۆڵی دیار دەبینێت لە بەرجەستەكردنی دەقەكەدا كە ئەوەش ڕوویەكی ڕاستی شتەكان نیشان دەدات هەر بۆیە ناشێت حاڵەتەكانی شكست یان جەمسەرە دژێوەكان بسڕێتەوە.. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات كە لە بەرهەم هێنانی دەقەكاندا دیسپلینی ئایدیۆلۆژی یان تەنانەت ئەخلاقی ناتوانێت ببێتە سانسۆر بەسەر نەست و خەیاڵەوە، ئەمەش سروشتی بەرهەم هێنانی شیعرە.

سەرباری ئەوەی كە ئەم دەقە لەسەر بنەمای كۆمەڵێ دووانە بنیادنراوە، بەڵام دەقێكی وەسفییە نەك دەقێكی كرداری ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە جوڵە لە سنووری دەقەكەدا لاوازە. حاڵەتی لاوازی "كردار" یان جوڵە لە دەقەكەدا پەیوەندی بە كەمی ڕێژەی فرمانەوە هەیە لە دەقەكەدا. ڕێژەی فرمان لەم دەقەدا یەك لە پانزەی توخمەكانی تری زمانە كە بێگومان ئەو ڕێژەیە بە پێی پێكهاتەی توخمەكانی ڕستە لە زمانی كوردیدا هێجگار كەمە. هەڵبەت لە پشتی كەمی ڕێژەی فرمانەوە دەلالەتێكی قوڵتر پەیوەست بەو زەمینە ڕۆشنبیریی و كۆمەڵایەتیەوە دەردەكەوێت كە دەقەكەی تێدا بەرهەم هاتووە ئەویش ئەوەیە كە ئەو دەقە گوزارشتێكی ڕاستەقینە لە ئاستی عەقڵی و فیكری و بوونی ئێمە دەكات كە كۆمەڵگایەكی وەسفین نەك پراكتیكی فرمان

و کـردار کـه قۆنـاغی پێـش دروسـتکردنی ڕووداون پێکهاتەیـەك دەکـەن بـە پێکهاتەیەکی پراکتیکی یان جوڵە دروستکەر، لەم حاڵەتەدا مێـژوو لەسـەر بنـەمای پراکتیك و ڕووداو دروست دەکرێت بەڵام لە کۆمەڵگای وەسفیدا پراکتیك و ڕووداو دروستکردنی لاوازە هەر بـەو پێیـەش مێـژوو لەسـەر بنـەمای ڕووداو دروسـتکردن دروست نابێت بەڵکو مێژوو دەبێتـە وەسـفکردنی شـتەکان لـە دیـووی دەرەوە.. کـە ئەمەیش خاسێتی بکەری شیعرەکەیە کە ئەویش ڕاستەوخۆ نوێنـەری بکـەری ئـەو واقیعە کۆمەڵایەتیەیە کە دەقەکەی تێدا بەرهـەم هـاتووە کـە بکەرێکـە لـە جیـاتی دروستکردنی ڕووداو لە جیاتی کار قسە دەکات و وەسف دەکات واتە وەسفی شتەکان دەکات لە حاڵەتی وەستاندا. لەو حاڵەتەشـدا بکـەری ئێمـە هـەندێ جار دەکەوێتـە باری تێڕامانەوە بەڵام ئەو تێڕامانەش زۆربەی جـار لـە جیـاتی گەیشـتن بـە خـاڵی بیرکردنـەوەو دانـانی پـرۆژەی کـارکردن جۆرێـك لـە خۆلاواندنـەوە دروسـت دەکـات هۆکەشـی ئەوەیـە کـە بکـەری ئێمـە نـاتوانێت یـان پڕکێشـی ئــەوە ناکـات دان بــە نــاکردەیی و شکســتەکانی خۆیــدا بنێــت، هـــەتا لـــەوێوە هـــەنگاوی بـــەرەو خۆدروسـتکردنەوە بنێت لەسـەر بنــەمای دروسـتکردنی ڕووداو، بـەڵکو ئـەم بـە پێچەوانەوە هەمیشە وەسفی شکست و برینەکانی دەکات ئەویش تەنیا بە مەبەستی جوڵاندنی سۆزی ئەویتر و دەرخستن و نمایشکردنی خۆی وەکو پێکهاتەیەکی غـەدر لێکراو. ئا لەم حاڵەتەدایە کە بکەری شیعرەکە بەدوای جـاویدانیدا دەچێـت، بـەڵام لێرەدا ئەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات ئایـا بـەبێ کـردار و بـەبێ بـوون بـە بکـەرێکی ڕووداو دروستکەر دەشێت جاویدانی بەرهەم بێت؟

وەك گوتمان دەقەکە دەقێکی وەسفیە و ڕێژی فرمان تێیدا هێجگار کەمـە ئـەوەش بـاری وەسـتانی دروسـتکردووە هـەر لـەو بـاری وەسـتانەدا بکـەری شـیعرەکە دەکەوێتـە حاڵـەتی ڕامانـەوە.. بـەڵام ئایـا حاڵـەتی ڕامـان دەیگەیـەنێت بـە جۆرێـك لـە هەڵوێسـت وەرگرتـن کـە دەشـێ ئـەو هەڵوێست وەرگرتنـە بـەرەو بەرزکردنـەوەی پرسـیار بیبـات؟ ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ سنووری دەقەکە ئـەوە دەبینـین کـە (٥) دێـڕی یەکـەم سـەرجەم ئەو ڕەگەزانە پێکدێت کە زەمینەیان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی جۆرێك لە ناسـەقامگیری

یان جوڵەی سنووردار لە هزری بکەری دەقەکەدا دروست بکەن، تا ئەو ساتەی کە (مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازار کردووە).

تۆزێ ئاسمان، تۆزێ زەوی

تۆزێ هامونی بەرزەفڕی

تۆزی لوتکەی کپ و نەوی

هێندێ مەل و هێندێ تروسکەی سەرشێت و

باوەشێ با

مەودای نەهەنگی هزریان دارماڵی ئازار کردووە.

ئەم ڕەگەزانە کە سەرجەم ڕەگەزی وەرگیراون لە توخمەکانی سروشتەوە بوونەتە ئەو بکەرەی کە (هزر)یان گەیاندۆتە حاڵەتێك کە حاڵەتی ئازار چەشتنە بە واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان جێگیری هزریان دروستکردووە.. کە ئەوەش جۆرێك لە پرسیاری لەگەڵ خۆیدا هێناوە یان هزریان گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە پرسیار لە خۆی یان باشتر بڵێین پرسیار لە جەستەی خۆی بکات. گەیشتنی هزر بە حاڵەتی ئازار چەشتن قۆناغێکە لێیەوە سەرەتای ئاشکراکردن دەردەکەوێت کە ئەویش جۆرێکە لە (دان پێدانان)، کە دەشێ لێرەوە بکەری شیعرەکە بوون و ماهیەتی خۆی بخاتە بەردەم پرسیارەوە. هەر لە ئەنجامی ئەوەدا بکەری شیعرەکە دەگاتە چرکەساتی خۆنمایش کردن و بە ئاشکرا ناسنامەی خۆی پێشکەش دەکات.

ئەوە من دوا سواری پێشەنگ کوژە

گزنگ و ئاسۆ تێکەڵی یەکدی دەکا

شەمشێری ناخی ئەم ناوەی پڕ لە بروسکە کردووە

دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکا

بکەری شیعرەکە ناسنامەی خۆی دەخاتەڕوو کە دوا کەسە لە بکوژانی پێشەنگ، لێرەدا پرسیار سەبارەت بە ناسنامەی پێشەنگ سەرهەڵدەدات.. پێشەنگ چیە، کێیە؟ دوای ئەوەی کە ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، دەکەوێتە وەسفکردنی ئەو کارانەی کە دەیکات کەواتە دوای ئەوەی (هزر) دەگاتە ئاستی پرسیارکردن لە ماهیەت و بوونی

خۆی و ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات، بەرەو وەسفکردنی کارەکانی خۆی دەچێت کە ئەویش لە ئێستادا لێیان دەدوێت و ڕووداوەکانیش لە ڕابردووە دەست پێدەکەن کە بۆ ئێستا و داهاتووش درێژ دەبنەوە بەڵام قەبارەی ئەو کارەی کە بکەر وەسفی دەکات گەورەیە و جۆرێك لە هەڵچوون لە پشتیەوەیە کە دەشێ ئەویش بۆ هاوسەنگی دروستکردن بێت لە نێوان حاڵەتی شکست و خۆدروستکردنەوەدا، ئەگینا بکەرێکی وەکو ئەو کە لە سەرەتاوە لە وەسفکردندا خۆی نیشان دەدات، ناشێت خاوەنی ئەو کارە سۆپەرمانیانە بێت بۆیە هەڵوێستی بکەر لێرەدا لە ئەنجامی هەستکردن بە شکستەوە دروست بووە واتە ئەو هەڵوێستە زیاتر وەکو جۆرێك لە دروشم و ڕاگەیاندن دەردەکەوێت نەك کردار. چونکە بکەرێ ئەگەر توانای ئەو کردارانەی هەبێت ئەوا بێ بەربەست بۆ خۆی دەگات بە حاڵەتی جاویدانی و ئەوکاتەش بکەرێك نابێت کە لە حاڵەتی ڕاماندا بێت بەڵکو لە حاڵەتی کارکردندا دەبێت. ئەم هەڵوێستە بکەری شیعرەکە لە پشتیەوە هەڵوێستی مێژووی ئێمە وەستاوە کە بۆ هاوسەنگی دروستکردن لە نێوان حاڵەتی شکست و ناکردەییماندا کە وەکو گرێیەکی هەست بە کەمیکردنی لێهاتووە بە قسەی دوور لە کردار واتە بە دروشم باربووی ئەو شکستەمان کردۆتەوە و لە ڕووی دەروونیەوە خۆمان قەناعەت پێهێناوە بۆ ئەوەی خۆمان لە ئازارەکانی هەست بە گرێ کەموکورتی دووربخەینەوە.

لە لایەکی ترەوە دەشێ وەها لیکبدریتەوە کە بکەری شیعرەکە بە کاریگەری پالنەریك دەجولیت کە لە جیاتی پراکتیك کردن رۆحی مەعنەوی و قسەکردنە، ئەمەش زیاتر خەیال و تیرامان و کارکردنی نائاگایی و رۆلی نەست دەردەخات کە لە هەموو ئاستیکدا بەرامبەر بە تیکشکان دەیانەویت ئەلتەرناتیڤیك پیشکەش بکەن با ئەو ئەلتەرناتیڤە یان پراکتیکەکانیشی تەنیا لە سنووری وەهمدا بن.

بکەری شیعرەکە دەماندات دەستی یەقینیك کە هەمیشە لە شیوەی ئەلتەرناتیڤی جیگیردا دەردەکەویت و بە دریژایی میژووی ئیمە لە هەمان ماهیەت و گەوهەردا خۆی نیشانداوە کە ئەویش وینەی سۆپەرمانیك یان قارەمانیکی نەبەزیووە کە لە رووی راستییەوە وانییە چونکە سۆپەرمان و قارەمان لەسەر بنەمای رووداو دروستکردن

پێناسە دەکرێن نەك لەسەر بنەمای قسەو دروشم. ئەگەر سەیری شیعری كوردی و پاڵەوانی چیرۆکی کوردی و تەنانەت پاڵەوانی حیکایەت و ئەفسانە و فانتازیای کوردی بکەین بە گشتی وێنەی هەمان بکەر دەبینینەوە کە لێرە لەم دەقەی کەریم دا (دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکات). بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا تا چەندێ توانیوومانە ئەم قسەیە بکەین بە کردار؟

ئەگەر لە گەوهەری پرۆسەی گۆڕینی ئەم قسەیە بۆ کردار بڕوانین ئەوا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو گۆڕانکارییە بریتی‌یە لە شێوازی دروستکردنی مێژوو لە ڕووی دروستکردنی ڕووداوەوە. بە مانایەکی تر ئەم قسەیە مانا گۆڕینی مێژووی ئێمەیە وەکو نەتەوە لە حاڵەتی شکست و هەرەس و نائامادەبوونەوە بۆ حاڵەتی دروستکردنەوە و فۆرمەلە بوون و ئامادەبوون. بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بکەری شیعرەکە ئەگەرچی لە باری تێڕاماندایە و ئەوەش وای لێدەکات کە لە پلەی یەکەمدا شکستەکانی خۆی نمایش بکات بەڵام هەر زوو سنوورێك بۆ خۆی دادەنێت و وەکو پاڵەوانێك خۆی پێشکەش دەکات کە توانای گۆڕینی باری وەستاوی سنووری دەقەکەی هەیە بۆ بارێکی جوڵاوە، واتە هاوشێوەی دەقەکە لە واقیعی دەرەوەڕا ئەو کەسێتەیە کە دەتوانێت مێژووی شکست بگۆڕێت بە مێژووی دروستکردنەوە و بنیادنانەوە.

باری تێڕامان لەم دەقەدا ئەو بارەیە کە ناسنامەی ئەو پاڵەوانە نموونەییەی کە پاڵەوانی دیاری شیعری کوردی و چیرۆکی کوردی‌یە لە ڕابردوودا دەخاتە بەردەم پرسیارەوە، پرسیار لە بوون و ماهیەتی، پرسیار لە توانای دروستکردنی کردار و لەوێشەوە دروستکردنی ڕووداو؟ ئەگەر لە خۆنمایشکردنی بکەری شیعرەکەدا و ئاخاوتن لە بارەی پراکتیکەکانیەوە هاوشێوەییەك لە نێوان بکەری شیعرەکە و پاڵەوانی (کوردی)دا هەبێت ئەوا لە هەشت دێڕی دوایدا زیاتر ئەو هاوشێوەییە لاواز دەبێت کاتێ لایەنی دانان بە حاڵەتی شکست و ناکردەییدا بەهێز دەبێت.

هەشت دێڕی کۆتایی شیعرەکە کە درێژەی حاڵەتی تێڕامان بە گوێرەی بکەری شیعرەکە نیشان دەدات، لە هەمان کاتدا پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی خودنمایشکردن

یان خۆناساندنی بکەری شیعرەکەوە، وەکو جۆرێك لە داواکردنی خودی بکەر بۆ خۆ بنیادنانەوە دەردەکەون.

تۆزێ درەخت، تۆزێ هەناسەم پێدەوێ
تۆزێ سێبەر، تۆزێ خەنجەر
تۆزێ تێڕامان و دامان، تۆزێ ونبوون
خۆ هەڵواسین بە دارکاژی سەوزی مەژی
تۆزێ زیندەگیم پێدەوێ بۆ خودکوژی
نەختێ مەرگ و نەختێ زیندەگی پشکۆبار
تۆزێ خنکان، تۆزێ مەلەو شەختەزانی
لە سینەما پشکۆڕێژن بۆ دەروازەی جاویدانی.

بکەری شیعرەکە دوای ئەوەی ناسنامەی خۆی ئاشکرا دەکات و پێمان دەڵێت ئەو کەسێتێکی ناکردەیەو بەو شێوەیەی هەیە نابێتە بکەرێکی رووداو دروستکەر، بۆیە کەموکورتیەکانی خۆی لە شێوەی پێداویستیدا دەخاتە ڕوو هەتا زەمینە بۆ جاویدانی ئامادە بکات، دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە بکەری ئەم دەقەیە بە دوای بوون و کامڵ بوون دا دەگەڕێت و لە پشتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە حاڵەتی (جاویدانی)یەوە گەڕان بە دوای نەمریدا ڕاوەستاوە. کە بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ هەندێ بنەما ئامادە بکات و جۆرێك لە زاهیدی و خۆنەویستی، جۆرێك لە دەربەست نەبوون و سەرکێشی، جۆرێك لە شارەزایی و پڕکێشی، جۆرێك وردبوونەوە و بێباکی لە خۆیدا کۆبکاتەوە.. تا بگاتە بەردەم دەروازەی جاویدانی. لێرەوە کۆکردنەوەی ئەو حاڵەت و خاسێتانە کە بکەری شیعرەکە دەیانخوازێت بە مەبەستی پێکهێنانی کەسێتێکی تەواوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت جاویدانی تەنیا بۆ کەسێتی تەواو فەراهەم دەبێت.

بکەری شیعرەکە بۆ ئەوەی بگات بە حاڵەتی جاویدانی یان بۆ زەمەنێك کە بتوانێت تیایدا ڕووداو دروست بکات پێویستی بەو داواکارییانە کە لە هەشت دێڕی کۆتاییدا بەرزی کردوونەتەوە، دیارە ئەو داواکارییانە بە مەبەستی گەیشتنە بە حاڵەتێك کە پراکتیکی تێدا بکات و خۆی تێدا بسەلمێنێت.. ئەمەش لە خۆیدا ئەو دەلالەتە

هەڵدەگرێت کە بکەری  شیعرەکە لە بارێکی هەستکردن بە ناتەواویدا دەژی واتە لە حاڵەتی هەستکردن بە شکست و نائامادەبوونیان خۆی وەریدەگرێت کە دەڵێت: (دێوی زلی چاخ نخونی لەت لەت ئەکا). چونکە ئەگەر بکەر لەو حاڵەتی سۆپەرمانیەدا بێت ئەوا ئەو هەموو پێداویستیی‌یەی نابێت بۆ گەیشتن بە حاڵەتی جاویدانی. دیارە ئاراستەی باڵادەست لە ئەزموونی شیعری کەریم دەشتی‌دا ئەو ئاراستەیە کە تیایدا بکەرێکی هەست بە شکست کردوو ئامادەیەو ئەو  بکەرەش بەسەر برینەکانی شکستدا ناگری بەڵکو ئازاری برینەکانی شکست و جەستەی مێژووی  کوژراوی بەرەو تێرامان و شۆڕبوونەوە بە ناخی خۆدا ئاراستەی دەکەن کە لەوێش دا گەیشتن بە  (هزر) گەیشتن بە ڕەگەزەکانی خۆ بنیادنانەوە دەردەکەوێت لەم حاڵەتەشدا ڕووبەری کاری پاڵەوانیانە تەسك دەبێتەوە و ڕووبەری بیرکردنەوەو خوردبوونەوە فراوان دەبێت. لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەزموونی شیعری کەریم ئەزموونی گەڕانەوەیە بەرەو گەوهەر و ماهیەت، تەنانەت لە خوێندنەوەی مێژووشدا کە مێژووی کەسێتی شیعرەکانیەتی ناشێت ڕووداو تەنیا لە ئاستی بینراودا بکرێت بە بنەمای  لێکدانەوە، بەڵکو گەوهەری ڕووداو لە ئاستە قوڵەکانی دەقەکانیدان و دەبێت لەوێڕاو لە ئەنجامی شۆڕبوونەوە بۆ دەهالیزەکانی دەقەکانی ناسنامەی ڕووداو و ماهیەتی بە مێژووبوونی ڕووداوەکان ئاشکرا بکرێن.

کەریم لەم شیعرەدا وێنەی کەسێتێکمان بۆ دەکێشێت کە سەرباری حاڵەتی ناکردەیی و تێکشکاندن ئامانجی جاویدانی دەیجوڵێنێت و بۆ ئەو مەبەستەش لە ڕەگەزەکانی سروشت و لە ئەنجامی تێرامان دا دەگاتە ئاستێك کە ئەو بنەمایانە دەدۆزێتەوە کە دەشێ زەمینەی جاویدانی بۆ ئامادە بکەن. کەواتە جاویدانی  بەرزترین ئامانجە کە بکەری شیعرەکە دەیەوێت پێی بگات و بە جۆرێکیش لە جاویدانی دەڕوانێت کە پەیوەستی کاتە، بۆیە ئەم دەیەوێت بەکاتی  جاویدان بگات، پێیشی وایە جاویدانی لە زەمینەیەکدا بوونی هەیە کە (هزر) واتە بیرکردنەوە ئامادەبوونی هەبێت کەواتە جاویدانی حاڵەتێکە پەیوەندی بە فیکر و عەقڵەوە هەیە و بەوپێیەش هوشیاری و ئاگایی بەرهەمی دێنن، نەك هێز و سەرکێشی بێ بنەما و بێ نەخشە.

ناونیشانی ئەم شیعرە "لوتکە"یە، دیارە خودی ناونیشانەکەش لەگەڵ جیهانبینی دەقەکەدا یەکدەگرێتەوە، چونکە جاویدانیش کە ئامانجی بکەری دەقەکەیەو سەرجەم ڕەگەزەکانی دەقەکە بە شێوەیەکی هارمۆنیانەو لە ئاستێکی دیاری بەرهەم هێنانی شیعریەتەوە ئەو زەمینەیە ئامادە دەکەن کە چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو بکەرە دەگاتە حاڵەتی جاویدانی کە لەم حاڵەتەدا لوتکە و جاویدانی هەمان ماناو هەمان دەلالەتیان هەیە. ئەگەر بکەری دەقەکە لە ڕووبەرێکی فراوانتردا دابنێین کە ببێتە بکەری ئێمە، ئەوا ئەو بکەرە لە چرکەساتی هەستکردن بە شکستەوە ویستی گەیشتن بە لوتکە دەیجوڵێنێ کە ئەویش ویستی خۆدروستکردنەوە و خۆ بنیادنانەوەیە.

# پیس بوونی ڕۆح و
# هەرەس هێنانی بەهاکانی جوانی
# لە شیعری ( فەرموودەکانی پێش مردن )ی
# جەمال غەمباردا

-١-

(فەرموودەکانی پێش مردن) شیعرێکی جەمال غەمبارە کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا نووسیوویەتی و لە کۆمەڵە شیعری (مەنفاکان..)دا کە لەم دواییەدا بە چاپی گەیاندووە بڵاوکراوەتەوە. جگە لەم شیعرە، ئەم کۆمەڵەیەی جەمال غەمبار بەگشتی جێگای لێدوان و قسە لەسەرکردنە، لە ڕوانگەی جیهانبینی شیعری و شێوازی نووسینیشەوە.

جەمال یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی دوای ئەزموونی ڕوانگەو هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵیداوە لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ڕوانگە دەربچێت و گوتارێکی نوێی شیعری بنیاد بنێت. بەڵام هەتا دوای ڕاپەڕینیش هەر لەژێر کاریگەری گوتاری ڕوانگەدا بووە چ لە ڕووی شێوازی شیعری و چ لە ڕوانگەی جیهانبینی شیعرییەوە. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا جەمال بە ئاشکرا لەژێر دەسەڵاتی گوتاری ڕوانگە دەرچووە، بەڵام تاکو ئێستاش لە بارێکی شلۆقدایە لە نێوان دۆزینەوەی زمانێکی تەواو جیاواز و گوتارێکی تەواو جیاوازدا لەگەڵ مەیلی گەڕانەوە بۆ ئەو گوتارەی ڕابردوو. گەرچی ئاڕاستەی بەرەو بوون بە دەنگێکی سەربەخۆ بە ئاشکرا لە ئەزموونی ئەم دواییەی شیعری جەمالدا هەستی پێدەکرێت ئەمە سەرباری ئەوەی جۆرێك لە هاوشێوەیی یان کاریگەری ئەزموونە دیارەکانی شیعری دوای ڕاپەڕینی پێوە دیارە، بە تایبەتی فەزاو شێوازی ئەزموونی بەختیار عەلی و لە لایەکی تریشەوە سیمای شێوازی شیعری کەریم دەشتی لە ئەزموونی شیعری جەمالیشدا هەیە، دەکرێ سەرباری کارتێکردن و کارلێکردنی ئەزموونەکانی یەك مادەی مێژووی وەها سەیر بکەین کە هەموویان پێکەوە ئەزموونێکی تری شیعری کوردین کە پێی دەوترێت ئەزموونی دوای ڕوانگە. گەرچی هەندێ جار جەمال دەگەڕێتەوە بۆ شێوازێکی ڕاستەوخۆو دواندنی عاتیفەی

سیاسی خوێنەر لە بری ئەوەی ڕۆح و هەستی ئێستاتیکیان بدوێنێ. هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە بڵێین جیهانبینی شیعری جەمال مەودایەکی قوڵی ئینسانی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەو شیعرانەشیدا کە عاتیفەی سیاسی خوێنەر دەدوێنێ، هێشتا مەودایەك بۆ تێڕامان، پانتاییەك بۆ دواندنی ڕۆح و نهێنییە پەی پێ نەبراوەکانی ڕۆح و ناخی مرۆڤ ماوەتەوە.

-٢-

(فەرموودەکانی پێش مردن) یان (ئیعترافە جوانەکان) وەکو ناونیشانی ئەم شیعرەیە کلیلی بەرەو کردنەوەی دەقەکەمان پێشکەش دەکات کە کەسێك دەشێ نوێنەری هەموو مرۆڤایەتیش بێت پێش ئەوەی بمرێت، مێژووی مرۆڤایەتی دەخاتەڕوو، بە هەموو خەوش و دزێوییەکانیەوە، بە هەموو جوانی و بەها دۆڕاوەکانیەوە. لە ناونیشانەکەوە دەردەکەوێت کە قسەکەر دوا ئیعترافی خۆی دەکات و نایەوێت هیچ نهێنییەك دەربارەی گەردوون بە هەموو بەستراوەکانییەوە کە گرنگترینیان مرۆڤە لەژێر پەردەدا بهێنێتەوە. حاڵەتی دان پێدانانیشی لەژێر دوو هۆکاردا دەبێت، یان هۆکارێکی ئایینییە بە مەبەستی پاشگەزبوونەوەو خواستی لێبووردن. یان نیشاندانی بێهوودەیی گەردوون و هەموو بەهاکانیەتی بە ژیانیشەوە. واتە هەر لە ناونیشانەکەوە ئاماژە بۆ جۆرێك لە کۆتایی دەکرێت کە ئەویش کۆتاییهاتنی ژیانە، لە سنووری ناونیشانەکەدا دەشێ تەنها وەها لێکبدرێتەوە کە کۆتاییهاتنی خودی ئیعترافکەرە، بەڵام کە بەنێو دەقەکەدا شۆڕدەبیتەوە تێدەگەیت کە ئەو دان پێدانانە بە ناوی هەموو مرۆڤایەتیەوەیە و بەو پێیەش (کۆتایی) بریتییە لە کۆتایی مێژوو، کۆتایی گەردوون و ژیان. نەك تەنها لەم شیعرەدا بەڵکو لە سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەم ساڵانەی دوایی جەمال دا ئاماژە و دەلالەتی بەرەو کۆتایی هاتن دەدۆزرێتەوە.

لە پشتی ئەم ئاماژەیەشەوە مەدلولێکی قوڵتر هەیە کە ئەویش پیس بوونی ڕۆح و هەرەسهێنانی جوانیەکانە بە هەموو ماناکانیانەوە. ئەوەتا دەڵێت:

لەگەڵ تەروەکانی تردا

لە بەردەم پرتەقاڵە گەنیوەکانی

عاتیفەدا ڕاكشێ..

یاسایەك بۆ شەڕ و نیگەرانی بدۆزەرەوە

شەریعەتێك بۆ خۆكوشتن دابڕێژە.

هەر لەم دەستپێكەوە كە شاعیر كەسێكی دی دەدوێنێ و دەشێ مەبەست هەموو مرۆڤایەتیش بێت. داوای لێدەكات هەمان شێوەی مردووەكانی تر، هەموو ئەو مرۆڤانەی مردوون، ئەمیش ڕابكشێت.

شوێنی ڕاكشانیشی بۆ دیاری كردووە كە بەردەم پرتەقاڵە گەنیووەكانی عاتیفەیە. ئەوەی شاعیر دەیدوێنێ (واتە ئەو، یان مرۆڤ) دەردەكەوێت بێتوانایەو ناشێت ببێتە بكەرێك كە بوونی خۆی بسەلمێنێت و كردار دروست بكات، كردارێك كە لە ئاستی دروستكردنی گۆڕانكاریدا بێت. هەربۆیە پێی دەڵێت بوونی تۆش بێواتایە، باشتر وایە بچیتە ڕیزی تەرمەكانەوە، ئەو بكەرەی ناتوانێت ڕووداو دروست بكات جیاوازی نییە لەگەڵ تەرمەكاندا.

شاعیر شوێنی ڕاكشانەكە لە ڕێگای وەسفكردنەوە نیشان دەدات كە بریتییە لە بەردەم پرتەقاڵە گەنیووەكانی عاتیفە. سۆز وەكو توخمێكی قەشەنگ و جوانی ناخی مرۆڤ ئێستە لە شێوەی پرتەقاڵی بۆگەندا نیشان دەدرێت، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت كە ناخی مرۆڤ بۆگەنی كردبێت، لە بری میهر و بەخشندەیی و سۆزی گەرم و گوڕ ئێستە ناخی مرۆڤ و عاتیفەی بۆتە پرتەقاڵێكی گەنیو، لێرەوە كردەی شیعری لە وەسفكردنی حاڵەتێكی ئینسانی قوڵدا ئەو چركە ساتانە بەرجەستە دەكات كە سەرچاوەی سۆزو ڕۆحی مرۆڤ پیس دەبێت. ئەو كاتەش خەسڵەتە جوانەكانی ڕۆح وەكو سیمای جوانی شیعر هەرەس دەهێنێت و لە ئەنجامی ئەوەشدا مانای شتەكان دەگۆڕێن دەبێ ناوی نوێ و پێناسەی نوێیان بۆ بدۆزینەوە چونكە گەوهەری ڕاستەقینەی خۆیان ونكردووە.

شاعیر داوای دۆزینەوەی یاسایەك بۆ شەڕ و نیگەرانی دەكات، شەریعەتێك دەخوازێت كە خۆكوشتن حەڵاڵ بكات هەر لێرەوە باری پەشێوی دەروونی خودی شاعیر لە لایەك و شێواندنی گەوهەری شتەكانیش لە لایەكی ترەوە دەردەكەوێت، ئەوەش

دیاره هۆكاری سیۆسیۆلۆژی دەوری كاریگەری لەسەر بینینی شاعیر هەیە و ڕووداوەكانی نێو پانتایی ژیانی كۆمەڵایەتی لە جیهانبینی شیعری ئەمدا بەم شێوەیە ڕەنگ دەدەنەوەو، لە باری یەكەمدا هەرەسی ڕۆح و جوانی و سۆز و عیشق و خۆشەویستی ئەو ڕووداوە دزێوانە دروست دەكات، لە باری دووەمدا ئەو ڕووداوانە كە لە سەرووی هەموویانەوە (شەڕە) بە ئاڕاستەیەكی تر دەبێتە هۆی وێرانكردنی ڕۆحی هەمووومان و بێبەهاكردنی هەموو شتە جوانەكان.

شەڕ هیچ یاسایەكی نییە، تەنها ئەوەندە نەبێت كە مۆتیڤی دەسەڵات لە پشتییەوە وەستاوە و ڕۆحی ئینسانی پێدەخوات، نیگەرانی یان هەڵوێست نواندنە بەرامبەر كارەساتی شەڕ، یان سەرەتای دروستبوونی (نا)یەكە لە ڕۆحی ئینساندا كە دەشێ بەرەو تێڕامان و لە ئەنجامیشدا بەرەو بڕیاردانی ببات، بەڵام دیسان ناكرێت چركەكاتی نیگەرانی و تێڕامان بخرێتە چوارچێوەی یاساوە، هەرچۆن چركەساتەكانی شیعر و بەرهەم هێنانی شیعریەت لە دەرەوەی هەموو یاساو دەستوورێكدان.

كاتێ شەڕ دەبێتە (عادەت- خو) نەك یاسا، مەرگ لەبەردەرگا چاوەڕوانی كێشانی ڕۆحی مرۆڤایەتی دەكات. ئەوكاتەیە هیچ مانایەك بۆ خۆكوشتن نامێنێتەوە. ئەگەر خۆكوشتن ڕەفزكردنی تەواوەتی یاساكانی گەردوون بێت و هەوڵدانی مرۆڤ بێت تا بە گەردوون بڵێت یاساكانت بێ بەهان، ئەو ژیانەی داوتە پێم بێنرخە و ڕەتی دەكەمەوە، ئەوە لە لایەك پێویستی بە شەریعەت بۆ دانان نییە چونكە بكەری ڕووداو دروستكەر با ڕووداوەكە كردەی خۆكوشتنیش بێت. بەپێی بەرنامە و یاسایەكی دیاریكراو ناجوڵێت. چركەساتی خۆكوشتن هەمان شێوەی ساتە شیعرییەكانە، دەشێ مۆتیڤی خۆكوشتن بێئومێدی بێت لە ژیان و بەهاكانی بەڵام هێشتا ناتوانرێت شەریعەتێكی بۆ بدۆزرێتەوە، ڕەوابوونێكی پێ بدرێت چونكە لە پرۆسەی خۆكوشتندا ڕۆحێك بۆ هەتا هەتایە دەكوژرێت، دۆزەخێك بۆ ئومێدو گۆڕستانێك بۆ ئاواتەكان و پایزێك بۆ هەڵوەرینی گەڵاكانی ڕۆح ئامادە دەكرێت.

لە لایەكی ترەوە ئەگەر مردن لە ئەنجامی شەڕدا لەبەردەرگای مرۆڤ وەستابێت و چاوەڕوانی گیان كێشانی بكات، ئەوسا خۆكوشتن بێواتایە، چونكە بەهەر ڕێگایەكیان

بیت مرۆڤ دەگاتە هەمان ئەنجام کە لەنیو چوونە. خۆکوشتن لەوساتانەدا مانای خۆی هەیە کە ژیان پاریزراوە و لە بەردەم مەترسیدا نییە. لیرەدا ئەو مەدلولە نائاشکرایە لە پشتی دەقەکەوە راوەستاوە کە شەر هەموو شتیکی تیکداوە و مردن و خۆکوشتن و بۆگەنکردنی عاتیفەی مرۆڤ بۆتە کاریکی ئاسایی، کەواتە دەشێ هەولبدریت ئەم خاسیەتە دزیوانە بخریتە سنووری یاساوە و شەریعەتیان بۆ دابنریت هەتا مرۆڤ ئاسایی وەریان بگریت. هەلویستی شاعیر لە بەرامبەر ئەم بارە دزیوەدا ئاشکرایە کە لە حسیکی شاعیرانەی بەرزەوە دیت و گریان و رۆچوونە بە ناخی خۆیدا کاتێ هەست بە ویرانکردن و ناشیرین بوونی رۆح و بەهاکانی جوانی دەکات.

وا پێدەچێ ئاخیرەت بێ، برانەوەی گەردوون و

نقوم بوونی حەسرەتە وەدی نەهاتووەکان بێ..

شەر کاریگەری خۆی لە لاوەعی شاعیردا چاندووە و مەترسییەکی گەورەی تیا خولقاندووە، بە ئەندازەیەك وا پیشبینی دەکات کە دنیا تەواو دەبیت و هیواو خواستە بەدی نەهاتووەکانی مرۆڤیش دەخرینە چال. لیرەدا بە ئاشکرا گۆرانی بۆ کۆتایی هاتنی میژوو دەلیت بەلام گۆرانیەکی پر لە غەم و کەسەر کە هیشتا مرۆڤایەتی لە سەرەتای ریگادایە و هیواو ئاواتەکانی هیشتا بە هەلواسراوی ماونەتەوە کەچی زەنگی کۆتایی هاتن لیدەدریت. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەلدەگریت کە میژوو کۆتایی دیت و مرۆڤایەتی لەناودەچیت. بەلام لە هەمان کاتدا ئەگەر بەهاکانی جوانی و رۆح هەرەسیان هینابیت و سۆز و خۆشەویستی بۆگەنیان کردبیت. ئەوە با گەردوون وەك خۆیشی مابیت و ئاوەدان بیت بەلام مرۆڤایەتی هەرەسی هیناوە. شەر بۆتە هۆی لە دەستچوونی هەموو ماناو بەهاکانی ژیان، تەنانەت زمانیش واتای خۆی لە دەست دەدات کاتێ داوای دۆزینەوەی یاسایەك بۆ شەر و شەریعەتیك بۆ خۆکوشتن بکەین.

شاعیر لە ئیستەدا وەستاوەو دەگەریتەوە بۆ رابردوو، لە رووی یادەوەرییەوە ئەوسا دەدوینیت. بەلام رابردووش بە گەش و پیرۆز نابینیت و وەکو شاعیریکی رۆمانسی گۆرانی بە چرکە جوانەکانی ئەو میژووەدا نالیت، بەلکو رابردووش لە ئیستەدا نیشان دەداتەوە کە ئەویش جگە لە ویرانەیەك هیچ نەبووە، ئەوەتا دەلیت:

لە بری سێبەرە کوژراوەکەی تۆ، لە جیاتی
منداڵی بزرکراو و گەنجێتی سەر بڕراوم
پێدەچێ، چڵێ گوناهی شکاو و
گۆرانی‌یەکی بەسەرچوو ماچ بکەم.

شاعیر لە ئامادەکردنەوەی ڕابردوو لە ئێستەدا مەبەستی‌یەتی بڵێت، ژیان هەموو کاتێکی بە گوێرەی ئەو وەك یەکە، ڕابردوو بریتی‌یە لە بزربوون و سەربڕینی حەزو ئاواتەکانی لاوێتی. ئێستەش ڕاکشانە لەگەڵ تەرمەکانی تردا بەدیار پرتەقاڵی گەنیووی عاتیفەوە، شەڕیش لە بەردەرگا وەستاوە چاوەڕوان دەکات، مێژوو بەرەو کۆتایی دەچێت. هەر ئەم تێڕوانینەیە کە شاعیر دەخاتە سەر کەڵکەڵەی دۆزینەوەی شەریعەتێك بۆ خۆکوشتن. کاتێ مرۆڤ نەتوانێت بکەرێکی خوڵقێنەر و ڕووداو دروستکەر بێت بوونی هیچ مانایەکی نی‌یەو دەشێ بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە.

جەمال بەرجەستەی حاڵەتی بەسەراب بوونی هەوڵ و تەقەللای مرۆڤ دەکات بۆ گەیشتن بە خۆزگەو حەزەکانی. ماچ کردنی چڵێ گوناهی شکاو و گۆرانیەکی بەسەرچوو دەلالەتی بە سەراب بوونی ئەو کارە هەڵدەگرێت کە دەیەوێت بیکات. لە پشتی هەر دەلالەتێکی بە سەراب بوونەوە بکەرێکی ناکردە ڕاوەستاوە کە توانای دروستکردنی هیچ کارێکی نی‌یە. یان ئەو پانتاییەی کە دەیەوێت تیایدا بجووڵێت و ڕووداو دروست بکات سەرابە. لە سەرابیش هیچ ئەنجامێك دەستگیر نابێت جگە لە بێ ئومێدی. کە هەندێ جار گەیشتن بە خاڵی بێئومێدبوون زەمینە بۆ دروستبوونی حاڵەتی تێڕامان خۆش دەکات کە دەشێ جۆرێك لە پرسیار دروست بکات. بەڵام لەم شیعرەی جەمال دا تێڕامان زیاتر بکەری شیعرەکە دەخاتە حاڵەتی گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو، ئەو ڕابردووەی کە ئەوسا نەیتوانیووە هیچ پرسیارێکی تیادا دروست بکات.

شاعیر هیچ ئومێدێکی ڕامکردنی بەها جوانەکانی نەماوە، ڕۆحیش لەنێو کارەساتە دژوارەکاندا تەڵخ بووە. تاکە تروسکەیەك کە مابێت و گەرمی مانەوەمان بداتێ (چەپکێ وەسوەسەی عەشقێکی پیرۆزەیی و باوەشێ مەرجانی خەمە). هەر لێرەوە

ئەوە ئاشكرا دەبێت كە شاعیر وەها لە سەرجەم مرۆڤایەتی دەڕوانێت كە هەموو حاڵەتی (زوهد)یان هەڵبژاردبێت و هەموو خۆراكێكیان بووبێتە خەم و لە عیشقی گەیشتنا بن بە نوری خودا. كە عیشقی پیرۆزەیی دەلالەتی خۆشەویستی عوزری هەڵدەگرێت لە لایەك و لە لایەكی تریشەوە بریتی‌یە لە خۆشەویستی زاهیدێك بۆ خوای خۆی. هەر لێرەوە جۆرێك لە ڕۆحی سۆفیەت لای جەمال دەردەكەوێت و لە پشتی ئەوەشەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە كە جۆرێك لە هیواخواستنی زاهیدانە بۆ ژیان هەیە، بەڵام ئەم هیوا خواستنە لە دوای كارەساتەكانی شەڕ و ڕوخاندنی بەهاكانی جوانی و پیرۆزی ڕۆح دروستبووە، كاتێ كە ڕێگایەكی تر بۆ دەربازبوون نەماوەتەوە. ئەوەتا دەڵێت:

تۆ بڕوانە، چی ماوە جگە لە چەپكێ وەسوەسەی

عەشقێكی پیرۆزەیی و

باوەشێ مەرجانی خەم نەبێ، هەناسەی

پێبدەین.. چی ماوە.. چی؟

گوێ ڕادێرە.. چی ماوە، ئەسپەكانی عەشیرەت

سمكۆڵانی كوشتنی سنبولی جوانی و

كوڕژنی پێشێل كردنی میهرەبانی تێدا نەكەن؟

شاعیر لە باری یەكەمدا بە شێوەیەكی گشتی و بەربلاو دەربارەی كارەساتەكان دەدوێت، بەڵام دواتر تایبەتمەندی دەكات و دەردەكەوێت دەربارەی ئێرەو خودی ئێمە قسە دەكات ڕاستەوخۆش بەناوهێنانی (عەشیرەت) پەردە لەسەر گەوهەری مەبەستەكەی لادەبات و دەشێ بڵێین بەرزترین لوتكەی جوڵە لە شیعرەكەدا لەم دێڕەدایە (ئەسپەكانی عەشیرەت سنبولی جوانی دەكوژن و میهرەبانی پێشێل دەكەن). دەشێ ئەسپەكان هێمابێت بۆ كوڕانی عەشیرەت، كوڕانی كورد كە چۆن لە بری پیرۆزكردنی ڕۆح و جوانكردنی هەموو ناشیرینی‌یەكی ڕابردوو، تەنانەت ڕۆحی جوانی و سنبولی ئازادی و مۆتیفی مانەوە دەڕوخێنن. ئەوەش لە ئەنجامی درێژەپێدانی شەڕ و پەیڕەوكردنی داواكاری ڕۆحە نەگریسەكاندایە. لە ڕووی كرۆنۆلۆژیشەوە دەتوانین ئەم

لێکدانەوەیە بسەلمێنین چونکە شیعرەکە لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا نووسراوە واتە لە گەرمەی شەڕی نێوان براکاندا، ئەو شەڕەی کە سنبولەکانی جوانی تێدا هەتك کران و ڕۆحی ئینسانی کوردی تیادا تەڵخ کرا. مەترسیەکانی کارەساتی ئەم شەڕەیە کە شاعیری گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە زۆر بە ترسەوە سەیری ئاینده بکات و پێی وابێت دنیا کۆتایی دێت و مێژوو ئاش بەتاڵی لێدەکات، ئەگەر ئەم تێڕوانینە تایبەتمەند بکەین و ببیبەستینەوە بە ئینسانی کوردەوە یان: بە کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە ئەوا حەق دەدەین بە شاعیر کە مافی خۆیەتی لە حسی شیعرییەوە کارەساتی شەڕی ئێمە لەگەڵ خۆماندا بە گوێرەی خۆمان بە ئاخیرەت ناوببات و بە کۆتایی مێژوو ناوزەنی بکات.

-٣-

پێش ئەوەی هیچ پرسیارێك کرابێت شاعیر داوا لە بەرامبەرەکەی دەکات کە پرسیار نەکات، ئەم خۆی ڕووداوەکان دەخاتەڕوو، بەڵام نایەوێت پرسیار لە هۆی ڕوودانیان و لە ناسنامەی بکەرەکانیان بکرێت. ئەوەش یان ئەوەتا مەسەلەکان هێندە ئاشکران شایانی پرسیار لە بارەوە کردن نین، یان شاعیر نایەوێت پەردە لەسەر هۆکاری ڕووداوەکان و ناسنامەی بکەرەکانیشیان لاببات، بۆیە لە وەسفی ڕووداوەکان بەردەوام دەبێت و جار بە دوای جاریشدا داوا دەکات پرسیاری لێنەکرێت، نەوەکو پرسیار ببێتە هۆی ئاشکراکردنی نەزانراوی تریش لە پاڵ ناسنامەی بکەری ڕووداوەکاندا. گرنگ بەلای ئەمەوە ئەوەیە ئێمە ڕابردوومانیان ڕوخاندووە و ئێستەشمان دەڕوخێنن. شاعیر خۆی دوور دەخاتەوە لە دەست نیشانی کردنی ئەو بکەرانەی کە ڕۆحی ئێمە و مێژووی ئێمەیان وێران کردووە، بەڵکو تاوانەکان دەداتە پاڵ هەموو مرۆڤایەتی ئەوەتا دەڵێت:

مەپرسە.. نا.. لێم مەپرسە
پەنجەرە بەردینەکانی سەر ئەم بەندەرە
چۆڵانە بۆ دەشکێنرێن
کێها مامزەکانی ڕابردوو ئەتك دەکا
کێ کچە کۆست کەوتووەکانی ئێستا
بۆ یەکەم شەوی سووری فێرعەون

دەکاتە پەردەوە..!

لە چی دەپرسیت.. ئیدی وازبێنە لە پرسیار

هەموو دنیا، خەتابارە لە هەڵوەرینی ماچەکان..

سەراپا بەشەرییەت مەحکومە بە گوناه.. گوناهی

دۆزینەوەی مانشێتێکی تازە بۆ شەڕ.

شاعیر پێی وایە سەرجەم مرۆڤایەتی دەستی هەیە لە دروستکردنی کارەساتەکاندا، لە کوشتنی سنبولەکانی جوانی و پیس کردنی ڕۆحدا.

ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ ئەو ئەفریدە بووە شەڕەنگێزەیە کە بەردەوام لەژێر کاریگەری غەریزەی ڕوخاندندا دەجولێت و ئەوەش وەهای کردووە کە سەر زەمینێک بۆ بەختەوەری، سروەیەك بۆ حەوانەوە، بایەك بۆ هەناسەدان نەمێنێتەوە و مەودایەك بۆ ئایندەخوازی نەپارێزرێت.

لە ڕوانگەیەکی ترەوە شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت پێویست ناکات لە هۆکارو بکەری شەڕ بپرسین، پێویست ناکات بزانن کێ تەرمەکانی ڕاکێشاوە و کێ پرتەقاڵی عاتیفەی بۆگەن کردووە و کێ سنبولەکانی جوانی کوشتووە و کێ ڕابردوو ئێستامانی ڕوخاندووە. هەموو مرۆڤایەتی تاوانبارە بە بەشداری کردن لە هەموو ئەو کارە دزێوانەدا کە ئەنجامەکەی بریتییە لە کوشتنی ڕۆحی ئێمە و هەرەس پێهێنانی بەها ئینسانی و نەتەوەییەکانمان.

دیسان شاعیر ئەوە ئاشکرا دەکات کە سەرجەم مرۆڤایەتی تاوانبارە لەوەیدا کە دەیەوێت ناونیشانی شەڕ کە دزێو و ناشیرینە بگۆڕێت بە ناونیشانی تر، ناونیشانێك کە هێشتا ئەوەندە دزێو نەبووبێت مرۆڤایەتی خۆی بێزی لێبکاتەوە، ئەمەش بۆ جوانکردنی ناشیرنێتی شەڕ. کە لە پشتی ئەمەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە کە جۆرە شەرعیەتێك بە شەڕ دەکات.

جارێکی تر دەڵێت:

لێم مەپرسە

بۆچی ئەم دەهرە پڕبووە لە پادشای نەزۆك و

زانای جاهیل و، خائینی نیشتمانپەروەر
پڕبووە لە هەتاوی مردوو..

شاعیر وەسفی ئەم سەردەمەی ئێمە دەکات، بەڵام پێشمان دەڵێت پرسیار مەکەن کە هۆی چییە و لەبەرچی وایە. پاشاکانی ئەم سەردەمە نەزۆکن و زاناکانی نەزان و خائینەکانی نیشتمان پەروەرن. هەتاوی ئەم سەردەمە هیچ گەرمیەکی نییە. دەبینین ئەو ئاوەڵناوانەی کە بەکارهێنراون بۆ وەسفی ناوەکان واتای دژ دروست دەکەن. ئەمەش لە لایەك ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە (شەڕ) هەموو شتێکی شێواندووە تەنانەت زمانیش لە باری سروشتی خۆی دەرچووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کاتێ ژیان گەوهەری خۆی لە دەست دەدات، کاتێ ڕۆحی خاوێن تەڵخ دەبێت، کاتێ سنبولەکانی جوانی دەکوژرێن زمانیش یاساکانی ڕێزمان و تەنانەت سیمانتیکیش لە دەست دەدات. بە بۆچوونێکی (بێکێتیانە) کاتێ ژیان هیچ مانایەکی نامێنێت زمانیش هەموو بنەماکانی خۆی بەجێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو بێمانایییەی ژیان بکات.

لە لایەکی ترەوە وەسفکردنی ناوەکان (پادشا، زانا، خائین) بە ئاوەڵناوەکانی (نەزۆك، جاهیل، نیشتمانپەروەر) ئەوە دەگەیەنێت لە شێواندنی ژیان و بێبەهابوونی دیواری نێوان جەمسەرە جیاوازەکانی ڕوخاندووە. واتە جیاوازی لە نێوان جوان و ناشیرین، خائین و نیشتمانپەروەر، شەڕ و ئاشتی، فریشتە و شەیتاندا نەماوە، ئەمەش ئەو کاتەیە کە شاعیر تیایدا لە ڕێگای دەقێکی هونەرییەوە بەرجەستەی جیهانبینی خۆی بەرامبەر بە ژیان دەکات. ژیانێك کە هیچ هارمۆنیەکی تێدا نەماوە.

جارێکی تر دەڵێت:

مەپرسە، نا.. لێم مەپرسە،
کێ ڕووبارەکانی پڕ لە گەوجێتی و
کۆترەکانی فێری فسەکە فسك و
درەختەکانی وا ڕاهێنا
ڕاپۆرت لە یەکتری بدەن!
هەموو دنیا، سەراپا بەشەرییەت

خەریکە مانایەکی تازە بۆ شەڕ و چیرۆکی خەتا دەدۆزێتەوە.

شاعیر دەزانێت بکەری گەوجکـەری ڕووبارەکان و فێرکـەری کۆترەکان و ڕاهێنـەری درەختەکان بۆ خراپەکاری، هەر مرۆڤە، بـەڵام نایـەوێت کـەس لـەو بارەیـەوە پرسـیاری لێبکات. مرۆڤـە کـە دەیـەوێت شـەڕو خـەتا بـە پـیرۆز دابنێـت و مانـای تازەیـان لـە فەرهەنگدا، لە عەقڵی خەڵکدا بۆ دابنێت، مرۆڤە مانشێتی نوێ بۆ شەڕ دەدۆزێتەوە.

ڕووبارەکان دەشێ سەرچاوەی ژیان و هێمای خاوێنی و سیمای نەمری بن، کۆترەکان گەوهـەری ڕۆحـی مـرۆڤ و سمبڵی ئاشـتی بـن، درەختـەکانی بریتـین لـە خـودی ئێمـە، ئێمەی مرۆڤ، چ کۆترەکان و چ ڕووبارەکان و چ درەختـەکان، مرۆڤایـەتی ناسـنامەی لێ سەندونەتەوە و سیفاتی خۆیانیان ونکردووە، هەرچۆن ژیان مانای ڕاستەقینەی خۆیی لە دەستداوە.

شاعیر هەر لە دەسـتپێکی شیعرەکەوە تـاکو نزیکی کۆتـایی وەسـفی هەرەسهێنان و ڕوخـاندنی جوانـی و بـەهاکانی ژیـان دەکـات بـە هـۆی کارەسـاتی شـەڕەوە. داوا لـە بەرامبەرەکەشی دەکات کە پێویست ناکات هیچ پرسیارێکی دەربارەی ناسـنامەی بکـەری ئـەم کارەسـاتانە لێبکات چونکە بکـەری هـەموو ئـەم ڕووداوانـە خـودی مرۆڤایەتیـیـە، مرۆڤایەتیش دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەوە لەوەی کە دەیەوێت مانـای نـوێ بـۆ شـەڕ و تاوان بدۆزێتەوەو بەوەش بیانوو بۆ ڕەوابوونـی بهێنێتـەوە. بـەڵام ئـەم دەقـە سـەرباری وەسفکردنی دەرئەنجامەکانی کارەساتی شەڕ، ڕەخنـەگرتنێکی توونـدوپـڕ لـە ماناشـە لـە ڕۆحی شەڕخوازی مرۆڤ و دەرخستنی غەریزەی نائینسانانەی مرۆڤیشـە بـۆ ڕوخـاندن و هەرەس پێهێنانی ئینسانیەت خۆیی و بەها جوانەکانی.

شاعیر بۆ کەسی دووەم دەدوێت، ئیـتر گرنـگ نـیـە کەسـی دووەم کەسـێکی تایبەتـە وەك گوێگـر یـان هـەموو مرۆڤایەتیـیـە داوای لێدەکات هیـچ پرسـیارێك نـەکات. خـۆی وەسـفی هـەموو ڕووداو و کارەساتەکانی بـۆ دەکات، ئـەنجامیش پـێی دەڵێـت کـە ئـەو بێئاگایە و لـە ڕۆحـی بێگـەردو خـاوێنی خۆیـەوە سـەیری شـتەکان دەکـات و دەیـەوێت هەموو فریشتە بین، کەس ئازاری پەپولەو گەڵای درەختەکان نەدات. ئەوەتا دەڵێت:

هەموو دنیا، سەراپا بەشەرییەت

خەریکە مانایەکی تازە بۆ شەڕو چیرۆکی خەتا دەدۆزێتەوە
کەچی تۆ.. تازە داوا لە پاسارییەکان
دەکەیت، خەتا مەکەن
با خواوەند کوێرتان نەکات!

لێرەدا تایبەت بە کەسێتی ئێمە ئەو دەلالەتە بەرجەستە دەبێت کە ئێمە سادە و ساکارین و تاکو ئێستە نەمانتوانیووە بە عەقڵ و فیکر ئیش بکەین دەشێ هۆکەشی ئەوە بێت ئێمە بەو چاوە ڕوانیبێتمان کە نابێ ئازاری پاسارییەکانیش بدەین نەوەك خودا کوێرمان بکات. ئەمەش دەلالەتێکی قوڵتری هەیە و ئەوەیە کە ئێمە خاوەنی خۆمان نەبووین و بەردەوام هێزێك لەسەر سەرمان ڕاوەستاوە و لە هەر هەنگاوێکماندا ترساوین لە لێپرسینەوەی ئەو. بە واتایەکی دی ئێمە ئەفریدەبوویەکی قەدەری بووین و هیچ بڕیارێکمان لە دەستی خۆمان نەبووە، ئەوەش نەك هەر ئیرادەی لێ سەندوینەتەوە بەڵکو هۆکارێکی سەرەکیش بووە بۆ بێئاگاکردن و گێل کردنمان بە ئەندازەیەك کە توانای پرسیاریشمان نەبووە، هەرچۆن بکەری شیعرەکە دەڵێت (لێم مەپرسە) بە هەمان شێوە ئێمەش نەمان پرسیووە. یان هەر لە بنەڕەتەوە پرسیارمان نەبووە یان پرسیارمان لا دروست نەبووە.

لە لایەکی ترەوە شاعیر پێمان دەڵێت لە کاتێکدا مرۆڤایەتی هەوڵی گۆڕینی تەنانەت مەفهومی شەڕ و خەتایش دەدات، تازە ئێمەی گوێگری هەمیشەیی داوا لە پاسارییەکان دەکەین خەتا نەکەن نەوەك خواوەند کوێریان بکات. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە خود سەلماندن لە پەراوێزەوە بەدی نایەت، بۆ ئەوەی بوونی خۆ بسەلمێنیت دەبێ ئامادەبوونی خۆت لەنێو کێشەو ململانێکاندا نیشان بدەیت. گوێگری شیعرەکە ئەو پاڵەوانە نائامادانەن کە مەوداو ڕەهەندی بینینیان لە خۆیان دوور ناکەوێتەوە، بۆیە لە کاتێکدا مرۆڤایەتی پلانی گۆڕینی ناوی تاوان و شەڕی هەیە، ئەم لەگەڵ خەمی سادەی خۆیدا دەژی ئەو خەمە سادەیەش نایگەیەنێت بە کاروانی مرۆڤایەتی، بەڵکو هەر بە جێماوی دەمێنێتەوە. لەم حاڵەتەشدا شەڕ ڕۆحی دەکوژێت و هەرەس بە هیواکانی دەهێنێت و فڕێی دەداتە پانتایی لە بیرچوونەوە و نەمانەوە..

جەمال غەمبار پانۆرامای شەڕ و کاریگەرییەکانیمان لەم شیعرەدا پێشکەش دەکات، بەڵام لە شێوازێکی هونەریداو بە زمانێکی جیاواز لەو زمانەی شاعیرانی ڕوانگە بەکاریان دەهێنا. (فەرموودەکانی پێش مردن) هەوڵێکی جیدییە بۆ بەرزکردنەوەی پرسیارەکانی ئێمە دەربارەی بێپرسیاری خۆمان و ئامادەبوونی ئەوانی تر، لەگەڵ شۆڕبوونەوەیەکی قوڵ بە ناخی مرۆڤایەتیدا و چۆنێتی پیس بوونی ڕۆحی مرۆڤایەتی و هەرەسهێنانی بەهاکانی جوانی و ژیان.

سلێمانی/ سەرەتای ١٩٩٨

# پارانەوە لە ئاو
# لە نیوان تێپەڕاندن و گەڕانەوەدا

"پارانەوە لە ئاو" کۆمەلە شیعریکی شاعیر جەمال غەمبارە کە سەرەتای ئەم سال لە بەرگیکی قەشەنگدا بنکەی ڕووناکبیری گەلاویژ بە چاپی گەیاندووەو (نۆ) شیعری لە خۆی گرتووە کە بەرهەمی ئەم ساڵانەی دوایی شاعیرن.

جەمال غەمبار یەکیکە لە شاعیرە دیارەکانی نەوەی دوای ڕوانگەو ئەزموونی حەفتاکانی شیعری کوردی. ئەمیش لە سەرەتاوە لەژێر کاریگەری هەمان شیواز و هەمان ڕوانینی شیعری نەوەی حەفتاکاندا شیعری نووسیووە. بەلام لەگەڵ ڕۆیشتنی کاتدا زیاتر لەو ئەزموونە دیارەی شیعری ئیمە دوورکەوتۆتەوە و هەولیداوە ببیتە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆی، لەم بوارەشدا جەمال کەسیتیکی شیزۆفرینی هەیە لە نیوان پەیوەست بوون بەو شیوازە شیعریەو هەولدان بۆ چوونە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو شیوازە، تاکو ئیستاش لە باریکی ناجیگیردایە و لەسەر خالی شلۆقە، ساتێ تیدەپەری و پاشان لە دوا خالەوە کە پێی گەیشتووە دەگەڕیتەوە بۆ ژیر چەتری ئەزموونی شیعری حەفتاکان، ڕەنگە ئەوەش زیاتر پەیوەندی بە دەسەلاتی بەرفراوان و فرە ئاراستەی گوتاری شیعری حەفتاکانەوە هەبیت کە تاکو ئیستاش بە هەمان گور و بە ئەزموونتر بەردەوامە بە تایبەتی لە تاقیکردنەوەی شیرکۆ و ڕەفیق سابیردا..

بەهەرحال ئیمە پیشتر سێ لیکۆلینەوەمان لەسەر شیعری جەمال غەمبار بلاوکردۆتەوە و لەو لیکۆلینەوانەشدا دەربارەی ئەزموون و شوینی ئەو لەسەر جوگرافیای شیعری کوردی لە بیست سالی ڕابردوودا دواوین و پیشمان وایە ئەزموونی جەمال لە دوای ڕاپەرینەوە زیاتر دەولەمەندەو خاسیتەکانی بوون بە دەنگی تیا دەبینریت چ لە ڕووی شیوازی نووسینەوە چ لە ڕووی جیهانبینی شیعریەوە کە بە جۆریك بەرەو جیاکردنەوەی خۆی لە ئەزموونی شیعری شاعیرانی حەفتاکان دەچیت.

"پارانەوە لە ئاو" کە ناونیشانی یەکیك لە شیعرەکانی ئەم کۆمەلە شیعرەی جەمالە، ناونیشانیکی سەرنج ڕاکیشەو کۆمەلێ مانا لە خۆیدا کۆدەکاتەوە و هەر ئەو

ناونیشانە بریتی‌یە لە بەرهەم هێنانی زەمینەیەك بۆ ڕەهاکردنی خەیاڵ و یادەوەری. ئاو کە سەرچاوەی ژیان و زیندەگانی و بوونە. لە هەمان کاتدا هێمای خاوێنی و جوڵە و بەردەوامی و ڕوتی و بێ بۆنیە، بە مانایەکی تر واتە "ئاو" خاسیتە بنەرەتیەکانی سروشتی هەڵگرتووە، ئەو سروشتەی کە دەستی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا تێکی نەداوە و نەیشێواندووەو پیسی نەکردووە، دیسان "ئاو" هێمایە بۆ هێزی پاکژکەرەوە، بۆ شتنەوەی هەموو جەستە گوناهاوییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ڕاوەستان لە بەردەم ڕۆحی باڵای کردگاردا.

"ئاو" بەپێی تیروانینی کۆن بۆ دروستبوونی گەردوون یەکێکە لە چوار ڕەگەزەکەی کە گەردوون پێکدێنن. ئێستا ئێمە لەبەردەمی ئەم ڕەگەزە گرنگ و پڕ بەهایەداین و لێی دەپاڕێینەوە. ئەو واتە ئاو بەپێی ئەو پلەو پایەیەی کە شاعیر داویەتی لە ئاستێکی بەرزدایە و لە ئاستێکی خوارترەوە دەستی پارانەوەی بۆ بەرز دەکرێتەوە، ئەوانەی دەپارێنەوە هەموومانین، هەموو زیندەوەرانن، کەواتە "ئاو" ئێستا لە ئاستی هێزی کردگاردایە ئێمەش دەستی نزای بۆ بەرز دەکەینەوە، داوای لێدەکەین تینوێتیمان بشکێنێ، ڕۆحی وشکەوە بوومان پاراو بکات، سروشت ئاوبدات، زیندەگانی ببەخشێت، ڕۆحی پیس بووی مرۆڤایەتی بشواتەوە، ژیانمان لە چەشنێکی نوێدا پێببەخشێت.. لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت شاعیر هەست بە شێواندنی هارمۆنیای سروشت دەکات و دەزانێت شتەکان وەکو ئەوەی لە گەوهەردا هەبوون نەماون و گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەویش لە شێوازی خاوێن و بێخەوشیانەوە بەرەو دزێوی و ناشیرینی، بەرەو پیس بوون چوون.

ئەوەی لە ئەزموونی ئەم ساڵانەی دوایی شیعری جەمال غەمباردا هەستی پێدەکەین بەرجەستەبوونی هاوکێشەیەکە لە نێوان خودی شاعیر و ئەوانی تردا کە بەردەوام جۆرێك لە ناکۆکی و دژایەتی لە نێوان ئەم و ئەواندا هەیەو بەردەوامیش کەسی دووەم کە ئەمی شاعیر دەیدوێنێ دەخرێتە بەردەم هەڵوێستی گوێگرتن و شایەتی دانەوە بۆ لایەنگیری کردنی ئەمی شاعیر و بە دژایەتی ئەوانی نادیار، کە لە هەر شیعرێکدا جۆرە ناسنامەیەکی تایبەتیان هەیەو بەگشتیش لە سنوورێکدا

كۆدەكرینەوە كە ئەویش سەنگەری بەرامبەر وەستانی ئەمی شاعیرە. شاعیر لە ریگای هەست كردن بە جۆریك لە غەدر لیكردنـەوە خـۆی دەبینـێ و هـەموو ئەوانـە تاوانیـان بەرامبـەر كـراوە لـە كەسـیتی خۆیـدا كۆدەكاتـەوە كـە ئـەوەش زۆرجـار وەكـو خۆلاواندنـەوەی لىدیت، بیگومـان ئـەوەش دەبیتـە خـالیكی لاواز لـە ئـەزموونی شـیعری جەمال دا و ناراستەوخۆ خۆی دەخاتە بەردەم ئەو تیروانینەوە كە ئەوانی تر بە چاوی نەیار سەیری بكەن، كە لەراستیدا دەشێ لە ژیانی خۆیدا وەكو تـاك هەسـت بـەوە بكـات واقیعی باو ناكۆك و ناجۆرە لەگەلی بەلام ئاخاوتن لەگەڵ ئەم حالەتـەدا لـە ریگای دژە هەلویستـەوە بـە جۆریـك لـە جۆرەكان شاعیر دەخاتـە حالـەتی تەنیاییـەوە، هـەر ئــەو حالەتەش لە ئـەزموونی ئـەم دواییانـەی جـەمال غـەمباردا دەبیتـە هـۆی دروسـتكردنی سنووریك لە نیوان خۆی و ئەوانی تردا، بەلام جیاكردنەوەی خودی شـاعیر لـەوانی تـر لەسەر بنەمای خۆسەلماندن نیە بە جۆریك كە خۆی لەسەر بنەمای ئامادە بوون لەوانی تـر جیاكردبیتـەوە، بـەلكو لەسـەر بنـەمای سـەیركردنی ئـەوانی تـرە وەكـو هـیزیك كـە جۆریـك لـە ناهـەقیان لـەم كـردووەو ئـەمیش ئیسـتا لـە حالـەتی هەسـت بـە غـەدر لیكردندایە، واتە ئەم وەكو جۆریـك لـە قوربـانی سـەیری خـۆی دەكـات كـە جەلادەكـەی ئەوانن.

هەر ئەوەندەم لە دەست هات

خۆم بەو پاسدارە ریشن و جەندرمە

بێ سمیلانە بناسینم،

منیان كوشت و

دەم و لووتی براویشمیان

دەرخواردی سەگە بیدار و برسییەكانی

ئەو ناوە دا. ل (١٥)

ئەم قوربانیە، قوربانی دەستی كەسانیك كە ناچارە ناسنامەكەی خۆیـان بـۆ ئاشـكرا بكات.. ئاشكراكردنی ناسنامەی ئەوانیش بە ئاسانی پەردەی لەسەر لا دەبریت، هـەردوو نـاوی (پاسـدار و جەندرمـە). دوو لایـەن لـە داگیركـەرانی ولاتــی ئیمـە دەنوینـن، لـەم

حالەتەدا (مـن) دەبیتـەوە بـە ئیمـە، ئـەم روانینـەی جـەمال راستـەوخۆ و ناراستـەوخۆ هیلی سەرەکی ئیشکردنی شاعیرانی نەوەی پیش خۆیەتی. رەفیق سابیر دەلیت:

لە نیوانی دوو تاویرا

ئیمە رەنجیکی با بردووین

لە سیبەری دوو شمشیردا

ئیمە شەهیدیکی ونبووین.. (وەرزە بەردینە- ل ٢٦)

هـەر لیرەوە مانـەوەی جـەمال لـەژیر دەسـەلاتی ئـەزموونی شیعری نـــەوەی پیـش خۆیدا ئاشکرا دەبیت و هەمان گوتـاری سیاسـی بنیـاد دەنیـت، دیسان لـە رووی بنیـادی دەقەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نیوان ئـەم کۆمەلـە شیعرەی جـەمال و بنیـادی شـیعری شاعیرانی حەفتاکاندا نابینریت. رەنگـە جیـاوازی ئاشـکرای نیـوان ئـەزموونی جـەمال و ئـەزموونی نـەوەی پیش خـۆی لـەوەدا بیت کـە بەشـیوەیەکی گشـتی گوتـاری شـیعری حەفتاکان گوتـاری مانـەوە بیت و خـودی تاکـە کـەس تـەوەری لیـدوان نـەبیت و بـەلکو هەموو (من)یك لە ئەزموونی شیعری حەفتاکاندا بە تایبەتی لای زۆربـەی شاعیرەکانی ئەو نەوەیە بریتی‌یە لە (من)ی کورد کە ماهیەتی دەستەجەمی بوونی هەیە، بەلام لای جەمال (من) زیاتر خودی تاکە کەسە واتە شاعیر خۆی و خۆی دەکاتە تـەوەری لیـدوان و رووداوەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە ئەوەش جۆرە نەرجسیەتیك لە پشتی‌یەوە وەستاوە، بـەلام لـە هـەمان کاتدا پالنـەری بـە تـەوەرکردنی خـودی شـاعیر بریتی‌یـە لـە گەیشـتن بـە ئاسـتی هەسـت بـە غـەدرلیکردن کـە ئـەویش لـە دوو ئاسـت دا خـۆی دەبینیتەوە، غەدریك کە لە (کۆ) واتە هەمووممان کراوە، غەدریك لە تاکە کەس واتە لە خودی ئـەو وەکـو شـاعیر کـراوە، لـە یەکـەمیاندا جـەمال وەکـو ئـەزموونی شـیعری دەگەریتـەوە بـۆ ژیـر چـەتری شاعیرانی حـەفتاکان، لـە دووەمیـاندا، بـەرەو دواندنـی تاکەکـەس و بەرجەستەکردنی ئازار و خەونـەکانی دەچیت کـە ئەمــەش لـە دەرەوەی سنووری ئـەزموونی حەفتاکانــە. کاتـێ دەلیـین ئـەزموونی شـیعری جـەمال غـەمبار ئەزموونیکە تاکو ئیستا ناسنامەیەکی دیاریکراوی نیە لەسەر بنەمای ئـەم لیکدانەوەیـە بەلکو لە نیوان مانەوەو تیپەرکردندا کە حالەتیکی ناجیگیردایە.

ئەوكات پیاویك دەستی گیای بە هەواوە گرتبوو
ئەوكات كچیك، بە دووربین سەیری بەختی خۆی دەكرد،
ئەوكات چۆلەكەیەك بۆ ئەوەی شەرانگیزیی خۆی بنوینیَ
هیچ شەرمی لە باخچە نەدەكردو
هەر بۆ ئەوەی جوگرافیای سیو بشیوینیَ
میزی بە میژووی هەناردا ئەكرد! ل (٦٠)

چۆلەكە كە هیمای ئەوانە لەژیر كاریگەری غەریزەی ئاژەلانەیدا بیَ ئەوەی گویَ لە هیچ بەهاو پیوانەیەك بگریت دەیەویت میژووی ئەمی خاوین پیس بكات و بیشیوینیَ، ئەمی شاعیر دەیەویت پیمان بلیت میژووی خاوینی ئەم لە لایەن ئەویترەوە ناشیرین دەكریت و دەشیوینریت، لیرەدا ئەو بۆچوونەی كە ئاماژەمان بۆ كرد لە ئەزموونی جەمال غەمباردا كە (من)ی شاعیر هەمیشە خۆی وەكو قوربانی دەبینیت و ئەوانی تریش وەكو جەلاد زیاتر ئاشكرا دەبیت، دەشیَ ئەم هیلە گشتییەش لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا هۆكارەكانی زیاتر لە دەرەوەی شیعردا بن و لە ریگای نەست و خەیالەوە بگوازرینەوە بۆ ناو دەقەكان، ئەمەش سەرنجمان بۆ ئەوە رادەكیشیت كە جەمال غەمبار بە جۆریك لە جۆرەكان بیەویت واقیعی دەرەوەی دەق بگوازیتەوە بۆ ناو دەقەكان كە ئەوەش ئاراستە ئیشكردنیكە لەگەلَ شیعر و بەرهەم هینانی شیعریەتدا كۆك نیە، بەلكو دەق بۆ خۆی پیكهاتەیەكە دەشیَ لە ریگای هەلوەشاندنەوەیدا دەلالەتەكانی بدۆزریتەوەو مەرجیش نیە دەلالەتەكانی دەق لە واقیعی دەرەوەی دەقدا ئامادەبوونیان هەبیت یان بدۆزرینەوە.

ئەگەر ئاراستەیەكی ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار لەسەر بنەمای خولانەوە بە دەوری تەواوی زاتی خۆدا بەرهەم هاتبیت و گوزارشت كردن بیت لە ئازارە تایبەتیەكانی خودی شاعیر كە واقیعی كۆمەلایەتی دەرەوەی دەقەكان دەوری كاریگەریان هەیە لەوەدا كە شاعیر بەوجۆرە گوزارشت لە خۆی بكات و وەكو قوربانی لە خۆی بروانیت، ئەوا ئاراستەیەكی تری ئەزموونی جەمال ئەو ئاراستەیە كە هیشتا

پایەکانی لەسەر زەمینەی ئەزموونی شیعری نەوەی حەفتاکانە کە ئاراستەیان پانتاییەکی فراوانتری لە ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەدا داگیرکردووە.

لە ئاراستەی یەکەمدا واتە خولانەوە بە دەوری (خود)دا، شاعیر لە سنووری لاواندنەوەی خود و شکستەکانی و دەرکەوتنی وەکو قوربانی دەدویت و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە (خودی) تاك وەکو پیکهاتەیەکی خاوەن ماهیەت و ناسنامە ببینیت و لە جیاتی لاواندنەوەی ئەو خودە، جۆریك لە مەعریفەی پەیوەست بە دروستبوونی تاکە کەس و بە بکەربوونی ئەو تاکە کەسە و فرەیی تاکەکان بەرهەم بهینیت کە لەو ئاقارەشدا دەروازەی بنیادنان و ئامادەکردنی تاکە کەسی لە ئەزموونی ئەم شاعیرەدا رەگ و ریشەی جۆراوجۆر و ئامادە دەهاتە ئاراوە، لەو میانەشدا ئاراستەیەك لە ئیشکردن بۆ بەرهەم هینانی گوتاری جۆراوجۆر یان گوتاری جیاوازی دەهاتە ئاراوە، هەر لەویشەوە دەشێ دابران لەگەڵ ئەزموونی جیگیر و گوتاری باوی سالآنی حەفتا لە شیعری کوردیدا رووبدات. بەڵام زیاتر لاواندنەوەی خود و جۆریك مامەلە لەگەڵ کردنی کە نزیك دەبیتەوە لە مامەلەی رۆمانسیانە بواری لە بەردەم ئەو دابرانەدا لە ئەزموونی جەمالدا تەسك کردۆتەوەو ئەمەش وایکردووە لەو حالەتە شلۆقەی کە پیشتریش باسمان کردووە بمینیتەوە. ئەم شاعیرە زیاتر لەو بوارەدا توانای بەرهەم هینانی شیعریەتی هەبیت کە دریژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکانی ئیمەیە و ئیستاش هەندێ لە شاعیرە دیارەکانی ئەو نەوە هەر بەردەوامن و لە سنووری گوتاری ئەو ئەزموونەدا کە گوتاری مانەوەیە بە جۆریك کاردەکەن کە دەسەڵاتی ئەوان لە روانگەی ئاستی بەرهەم هینانەوە لە سنووری ئەو ئەزموونەدا بە جۆریك دەولەمەندە کە ئەگەر شاعیرانی نەوەی دوای ئەوان ئەگەر نەتوانن تیپەراندن بکەن و ئەزموونی نوێ بهیننە کایەوە لە شیعری کوردیدا ئەوا ناتوانن لە سایەی هەمان ئەزموونی پیشتردا بە ئاسانی شوینی دیار بگرن بە تایبەتی هەندێ لەو شاعیرانەی نەوەی پیشوو بە جۆریك سەرجەم رەگەزەکانی میژوو، سروشت و کەسیتی کوردیان کردۆتە توخمی بەرهەم هینانی شیعریەت بواریکی ئەوتۆیان نەهیشتۆتەوە کە شاعیرانی دوای خۆیان بتوانن لێیەوە لە ریگای بەرهەم هینانی شیعریەتەوە جیگایەکی ئەوتۆ بگرن، بۆیە ئەو

شاعیرانەی کە ناتوانن لە دەرەوەی شیواز و جیهانبینی ئەزموونی حەفتاکان شیعر بەرهەم بهینن وەکو پاشکۆ و دووبارەکەرەوەی ئەزموونی شاعیرانی نەوەی حەفتاکان دەمیننەوە.

جەمال زیاتر لەو پانتاییەدا شیعر بەرهەم دینێ کە شاعیرانی نەوەی پیش خۆی بەرهەمیان هیناوە کە ئەویش لە سنووری گوتاری روانگەدایە، بۆیە جیگای خۆیەتی لەوە بدوێین ئایا جەمال لە سنووری بەرهەم هینانی شیعریەتدا لەو بوارەدا لە چ ئاستیکدایەو ئایا توانای بەرهەم هینانی شیعریەتی هەیە؟

جەمال چ لە ئەزموونی پیش "پارانەوە لە ئاو" و چ لەم کۆمەلەشدا جۆریك لە شیعریەت بەرهەم دینیت بەلام وەك گوتمان ئاستی بەرهەم هینانی شیعریەتی ئەم شاعیرە لەو سنوورەدا دەولەمەندترە کە وەك دریژکراوەی ئەزموونی شیعری حەفتاکان خۆی نیشان دەدات. هەروەك لە رووی جیهانبینی شیعریەوە کاتێ هەولدەدات لە جیهانبینی باوی شیعری قۆناغی پیش خۆی دەربچیت کەمتر جیهانبینییەکی ئاشکرا بەرهەم دینیت، ئەم حالەتەش تەنیا خاسیتی شیعری جەمال غەمبار نیە بەلکو باریکی هەست پیکراوە لە شیعری کوردیدا کە من هۆکەی دەگیرمەوە بۆ ئەوە کە زۆربەی شاعیرانی ئیمە نازانن چەمکی شیعر چیەو لەبری ئەوەی لەسەر بنەمای تیگەیشتن لە چەمکی شیعر بروانن شیعر و شیعریەت بەرهەم بهینن زیاتر لە روانگەی گواستنەوەی ئەزموونی ئەوانی ترەوە، یان لەژیر کاریگەری ئەوانی تردا شیعر دەنووسن، ئەمە سەرباری نەبوونی روانینیکی ئاشکرا بۆ ژیان و بوون.. سەرباری بیئاگایی لەوەی کە شیعری نوێ وەکو رەگەزیك سەیر دەکریت کە هەلگری دەلالات و مەعریفەی جۆراوجۆرە و زیاتر لەو سنوورە دەگریتەوە کە بە بۆچوونی تەقلیدی بۆ شیعر دیاریکراوە.

"پارانەوە لە ئاو" بەرجەستەی ئازارەکانی مرۆڤیك دەکات کە هەست بە کوشتنی جوانی و شیواندنی هارمۆنیای ژیان و سروشت دەکات ئەویش لە لایەن هەموو ئەو هیزانەوە کە هیمای تیکدان و ویرانکردنن، کە لە شیعری ئیوارانی ئیمپراتۆردا بە خودی ئیمپراتۆر ویناکراوە، لە شیعری "سەفیرەکانی عیشق"دا ئەو هیزە دزیوە بە پیاوە تیمساحییەکان و رۆح دزەکان ویناکراوە.

نەمدیوە عەتر و قاوە پیکەوە

لە بەردەم پیاوە تیمساحییەکانی

کەناردا نۆش کرین!                    ل٢٠

لە شیعری "کەسێ نەبوو تورە ببێ" ئەو هیزە تیکدەرە بە شمشیر بە دەستان ویناکراوە کە جوانی دەکوژێ و بوون ناشیرین دەکات.

لە ئیوارەی باخچەیەکدا، پیت گوتم:

کە شمشیریان بە رووی بەفردا هەلکیشا

ئیتر کەس نەیتوانی

قسەکان بەریتەوە مالێ.                    ل ٤٠

لە شیعری "پارانەوەی ئاو" ئەو هیزە تیکدەرە بە "ئەوان" ویناکراوە کە هەموو جوانیەکان دەشیوینێ.

مەگەر نازانیت ئەوکاتەی گولەکانیان

بە تۆمەتی ئیباحیەت چەپك کردو

دامینی میقسەلەکانی دۆزەخیان پێ سوورکردن.                    ل ٦٠

لە شیعری "نەفرەتی مارگریتا"دا سەرباری ئەوەی کە مارگریتا خۆی وەکو ئەو هیزە تیکدەرە ویناکراوە، دیسان بەشیك لە ئیمە، ئیمەی مرۆڤ ئەو هیزە تیکدەرەین کە هارمۆنیای سروشت دەشیوینین و جوانیەکانی ژیان پیس دەکەین:

بەدیار کام گومانی فاشیلەوە، مارگریتا

لە مەراقی من دەروانیت

کە تۆ شووشە عەترەکەی خوات شکاند..                    ل ٩١

هەروەها دەلیت:

باشتر بوو لەوەی

هاورێی ئەو گورگە دووپێ و

چاو و گوێ زیتانە بیت

کە دەمامکی مانگیان پۆشیبوو

گیرفانیان، دەمیان، دلیان
سەراپایان
پربوون لە سادییەتی خۆیان
لە جیاتی ئەوەی خۆیان لە نووری بادە هەلکیشن
هەر لە خۆرا شەر بە پرتەقال بفرۆشن..          ل ٩٦

لیرەوە دەردەکەویت کە ئەزموونی "پارانەوە لە ئاو" لەسەر بنەمای دووانەیەك بنیادنراوە کە لە هەندێ حالەتدا ئەو دووانەیە لە ئاستی زمانی یەکەمی دەقدا دەبینریت و لە زۆر حالەتیشدا بوونی ئەو دووانەیە لە پشتی زمانی دەقەکانەوە ئامادەبوونی هەیە کە ئەویش دووانەی (ئەو/ من)ە کە لە ئاستیکی تردا دەبیتە دووانەی (ئەوان/ من) یان (ئەوان/ ئیمە) ئەوانی تیکدەر و روخینەر، ئەوانی شیوینەری هەموو جوانیەکان، ئەوانی شیوینەری هارمۆنیای سروشت، کە هەموو شتێ ویران دەکەن، من، یان ئیمە بەشیکین لە سروشت، لە سادەیی و لە بەرامبەر ئەوانی تیکدەردا دەسەوسانین و ئەنجام قوربانیەکی بێ دەسەلاتین.

لیرەوە بە ئاشکرا ناسنامەی هەریەکە لە دوو جەمسەری ئەو دووانەیە ئاشکرا دەبیت ئەوی هیزو دەسەلات و منی دەرەوەی دەسەلات. ئەوی جەلادو منی قوربانی. کە حالەتی بوون بە قوربانی لە ئەزموونی ئەم دواییانەی جەمال غەمباردا حالەتیکی ئاشکرایە، بوون بە قوربانیش خاسیتی ئەفریدەیەکە کە توانای ئامادەبوون و خۆسەلماندنی نەمابیت، یان تەنانەت گەیشتبیتە ئاستیك کە رۆحی بەرگریشی لە دەست دابیت. ئەوەش باریکە تیایدا بنەماکانی بوون هەرەس دەهینێ.

لەم روانگەیەوەیە کە جەمال غەمبار بە ئاراستەیەك لە ئەزموونی شیعری نەوەی پیش خۆی دوور دەکەویتەوە، لە کاتیکدا ئەزموونی شیعری کوردی نەوەی پیش ئەم ئەزموونیکی کەرنەڤالیەو سەرباری فشار و زەبروزەنگی ئەوان ئەم هەموو رەگەزەکانی سروشت و مرۆڤ و میژووی کورد دەکات بە پایەکانی بنیادنانی شیعر لە پیناوی مانەوەدا، بەلام لەم ئاراستەی ئەزموونی جەمال دا رەگەزەکانی سروشت و مرۆڤ و میژووی کورد دەکرین بە بنەما بۆ بەرجەستەکردنی سیمای جوانترین قوربانی کە

تەنیا دەستی پارانەوە بەرزدەکاتەوەو لە ئاو دەپاریتەوە کە دوای مردن خەوشەکان بشواتەوە، تینویتی‌یەکان بشکینێ، یان هەموو شتێ رامالیت بەلکو هەموو ناشیرینی‌یەکان بشاریتەوە. لیرەوە دەردەکەویت کە بکەریك نیە بتوانیت لە ئامادەبووندا حالەتی بە قوربانی بوون هەلوەشینیتەوە و جولەی بەرامبەر دروست بکات، لە ئەزموونی شیعری نەوەی پیش جەمال دا ئەو بکەرە ئەگەر لە سنووری خەیالیشدا بیت ئەوا ئامادەبوونی هەیە و دەتوانیت یۆتۆپیای سەرکەوتن دروست بکات، یۆتۆپیایەك کە چیتر ئیمە تییدا قوربانی نەبین، تەنانەت لە بەرجەستەکردن و خستنەرووی هەموو برین و شکستەکانی ئیمەدا لە ئەزموونی نەوەی پیش جەمال دا مەبەست ئەوەیە حالەتی تیرامان و خوردبوونەوەمان لادروست ببیت بە مەبەستی دروستبوونەوەو بنیادنانەوە، بەلام لای جەمال غەمبار ئیمە وەکو قوربانیەك دەخرینە روو کە چاوەروانی کۆتایی هاتنی خۆمان دەکەین.

ئەوە ئاراستەیەکی دیاری ئەو جیهانبینی‌یە کە لە پشتی شیعرەکانی "پارانەوە لە ئاو"ەوە وەستاوە، لە هەر ئاستیکیشدا بە پیچەوانەی ئەم ئاراستە کاری کردبیت ئەوا گەراوەتەوە بۆ کارکردن لە سایەی گوتاری باوی شیعری شاعیرانی حەفتاکانداو هەندێ لە رەگەزەکانی گوتاری مانەوەی بنیادنانەوە. بەلام لە هەمان کاتدا جیاوازییەکی ئاشکرا لە نیوان زمانی شیعری شاعیرانی حەفتاکان و جەمال دا هەیە، لە کاتیکدا زمانی شیعری شیرکۆ و شاعیرانی تری حەفتاکان فەرهەنگیکی دەولەمەندی زمانی کوردی‌یەو بێ هیچ زۆر لە خۆکردنیك ئەوان بە زمانیکی پاراوی کوردی لە رووی زاراوە و بنیادی زمانەوە شیعریەت بەرهەم دینن، دەقەکانی جەمال پرن لە زاراوەی عەرەبی ناپیویست کە بوونەتە هۆی لاوازی شیعریەت. لەم بەکارهینانەشدا جەمال گەراوەتەوە بۆ قۆناغی پیش ئەزموونی گۆران. بیگومان زمان رەگەزی یەکەمی دەقە ناکریت بە گەرانەوە بۆ زاراوەکانی شیعری کلاسیك و تازەگەری بەرهەم بیت ئەگەر تیروانینی تازەگەریانە بوونی نەبیت. لە لایەکی ترەوە هەروەك پیشتر سەبارەت بە شیعری "کەسی نەبوو تووره ببی" گوتبووم ئەو دەقە هەندێ بەشی زیادەی تیدایە هیچ بەشدارییەك ناکەن لە بەرهەم هینانی جیهانبینی گشتی دەقەکەدا، هەمان خاسیت

شیعرەکانی تری "پارانەوە لە ئاو" دەگریتەوە و چەندین دیر و بەش هینراونەتە نیو بنیادی دەقەکانەوە کە بوونەتە هۆی لاوازکردنی شیعریەتی دەقەکان و هیچ بەشدارییەکیان نیە لە بەرهەم هینانی پرسیارەکانی دەقەکاندا.

بیگومان سەرباری ئەم تیبینییانە، من بەو جۆرە لە ئەزموونی شیعری جەمال غەمبار دەروانم. کە یەکیکە لەو چەند شاعیرە کەمەی نەوەی هەشتاکانی شیعری ئیمە کە توانیوویەتی لەسەر رووبەری شیعری ئەم بیست سالە جیگای تایبەتی خۆی هەبیت و تاکو ئیستاش هەولەکانی بە هەولی جیدی دادەنرین و چاوەروانی ئەوەی لیدەکریت کە لەو حالەتی شلۆقیەی نیوان تیپەراندن و گەرانەوە بۆ ژیر سایەی دەسەلاتی گوتاری شیعری حەفتاکان بە ئاراستەی تیپەراندن بروات و ببیتە دەنگیکی دیاری خاوەن سیمای تایبەتی خۆی.

سلیمانی

بەهاری ٢٠٠١

## فۆرمەلە نەبوونی گوتاری فیمینیزم
## لای کەژاڵ ئەحمەد

شارلۆت برۆنتێی رۆماننووسی ئینگلیز لە سالی ١٨٥٩دا بە لویس دەلیت: هیوادارم وەکو ئافرەت بیرت لینەکردبمەوە. تۆتا مۆلیریش دەلیت: ئافرەت بریتی‌یە لە مندالدان. ئیمە لە لیکۆلینەوەیەکی پیشترماندا لەسەر شیعری کەژال ئەحمەد گوتوومانە کەژال نەیتوانیووە لە بنیادنانی گوتاری مێیەتیدا سەرکەوتن بەدەست بهینیت چونکە لە لایەك نەیتوانیووە لە سنووری شیعرەکانیدا بێترس گوزارشت لە ئازارەکانی ئافرەت بکات و بەوپییەش گوزارشتی ویستەکانی ئافرەت بکات. لە لایەکی ترەوە زۆرجار سەنگەری ئافرەتی بەجیهیشتووە و وەکو پیاو مامەلەی شیعری کردووە ئەمەش بۆ خۆی یەکیکە لە گرفتەکانی ریگای داهینان چونکە کاتێ ژنە شاعیریك لە بری خەریك بوون بە کیشەی ژنانەوە لە بواری ئەدەب و تەنانەت کەنالەکانی تری رۆشنبیریشدا خۆی بخاتە شوینی شاعیرە پیاوەکانەوە و خۆی بە مەسەلەی سیاسیەوە خەریك بکات مانای وایە هەولدەدات بۆ ئەوەی جیگایەك لەنیو پیاواندا بۆ خۆی بکاتەوە و لەگەڵ ئەوانی کۆدا ئەمیش کۆببیتەوەو حالەتی تاکیتی و تەنیایەتی خۆی بەجیبهیلیت. لە کاتیکدا داهینانی کاریکی تاکە کەسی‌یە و پەیرەوکردنی ئەو حالەتە کۆییە یان هەولدان بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەوانی تردا پیچەوانەی چەمکی داهینان و زیاتر رۆحی داهینان دەکوژیت.

دیارە ئەوە شتیکی بەلگەنەویستە هەرکە ناوی ژنە شاعیرێ یان ژنە نووسەرێ دەبیستین راستەوخۆ خەیالمان بۆ ئەوە دەچیت کە داخۆ ئەو ژنە شاعیرە یان نووسەرە چ جیگایەکی لە بزوتنەوەی ژناندا هەیە و ئەوەی بەرهەمی دینیت تا چەندێ لە برەوپیدانی بزوتنەوەی فیمینیزمدا بەشداری دەکات. هەر بەرهەمیکی ئەدەبی و هونەریش با داهینەرەکەیشی ژن بیت بەلام ئەگەر لە سنووری بنیادنانی گوتاری فیمینیزمدا نەبیت ئەوا ناکریت ئەو بەرهەمە بە بەرهەمی ژن دابنریت.

هەلبەت لە کۆمەلگا دواکەوتووەکانی وەکو ئیمەدا زۆر هۆکار بەشداری دەکەن لەوەدا کە تەنانەت ژنانی قەلەم بە دەست خۆیشیان بە جیدی کاری داهینانیان لە

خزمەتی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی خۆیان و ئایندەی پڕ لە ئاسودەیی بۆ خۆیاندا نەبێت.

بەشێکی زۆری ئەو ژنانەی لە کوردستاندا دەنووسن بە دەگمەن توانیوویانە لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم تێبگەن ئەویش واتە ئەو تێنەگەیشتنە لە دوو ئاراستەدا دەردەکەوێت. ئاراستەی یەکەمیان ئەوانەن کە دەچنە سەنگەری پیاوەوە لە نووسیندا و خۆیان لە مەسەلەکانی ژنان دووردەخەنەوە کە دیارە لەو حالەتەشدا و لە ئاستێکی نەگوتراودا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەمانە یان ناوێرن خۆیان بە مەسەلە چارەنووس سازەکانی خۆیانەوە خەریك بکەن یان لە بنەڕەتدا مەسەلەی ژنان و کێشەکانی ژنان ئەوەندە بایەخی نییە لە لایان و بە شایانی ئەوەی نازانن خۆیانی پێوە خەریك بکەن، بێگومان ئەم جۆرە ژنانە یان ئەو نووسەر و شاعیرە ژنانەی کە دەکەونە ئەم سنوورەوە نەیانتوانیووە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا جێگایەکی ئەوتۆ بگرن.

ئاراستەی دووەمیان ئەوانەن کە زۆر بە رووکەش لە گوتاری ژنان یان گوتاری فیمینیزم تێگەیشتوون و وای بۆ دەچن کە گەوهەری کێشەی ژنان مەسەلەی سێکس و ئازادی سێکسە. ڕاستە مەسەلەی سێکس جێگایەکی دیاری هەیە لە پرۆژەی فیمینیزمدا بەڵام ئەو مەسەلەیە بەستراوە بە کۆمەڵی لایەن و بنەمای ترەوە کە پرۆژەی فیمینیزم لە یەکیان جیاناکاتەوە. هەڵبەت ئێمە مەبەستمان لەوە نییە کە مەسەلەی سێکس بەشێکی گرنگ نییە لە کێشەی ژنان، بەڵام مەبەستمان لە چۆنیتی ڕوانین و تێگەیشتن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدا. ئایا سێکس چەکێکە بە دەستی ژنەوە کە بەرامبەر بە ڕەگەزی نێر واتە پیاو بەکاری بهێنێت؟ یان سێکس وێستێکی جەسەدییەو هەردوو ڕەگەزەکە پێکەوە دەبەستێت و بنەمای دروستکردنی دامەزراوی خێزانە؟ یان سێکس غەریزەیەکی ئاژەلی مرۆڤەو لە سێکسدا مرۆڤ لە پلەی بەرزی مرۆڤیەوە دادەبەزێتە خوارەوە بۆ پیادەکردنی غەریزەیەکی ئاژەلی؟ یان سێکس مەسەلەیەکی مەودا قوڵی ئینسانییە بەڵام زۆرێك لە شاعیران و نووسەرانی ژن لە بەرهەمەکانیاندا بە بۆچوونی خۆیان گوزارشتی لێدەکەن بەڵام کەمتر دەتوانن ڕەهەندیکی ئینسانانەی پێببەخشن و زیاتر گوزارشت لە گڕی سێکسی و

سەرکوتاندنەوە و چەپاندنی سیکسی ژنان دەکەن. هەر لیرەشەوە هەلویستیان بەرامبەر بە رەگەزی بەرامبەر واتە پیاو تەنیا وەکو ئامرازیك بۆ جیبەجیکردنی کاری سیکسی دیاری دەکەن.

کەژاڵ ئەحمەد وەکو شاعیریکی ژن بە تیروانینی من لە سەرجەم ژنە شاعیر و چیرۆکنووسەکانی تری کوردستان زیاتر لە دەربرین و بەرجەستەکردنی ئازارەکانی ژن و حەز و ویستە رۆحی و مادییەکانی ژن نزیك بۆتەوە ئەگەرچی ئەوەش ئەوە ناگەیەنیت کە گوتاریکی پتەوی فیمینیزمی بەرهەم هیناوە. ئەزموونی شیعری کەژال نزیکەی دە ساڵ بۆ سەرەوەیە کە لەم ماوەیەدا کەم تا زۆر جۆریك لە ئامادەبوونی هەبووە و لە ماوەی رابردوودا بەشیك لە بەرهەمەکانی لە کتیبیکدا بە ناوی (بەندەری بەرمۆدا) بە چاپ گەیاندووە.

کەژاڵ بەشیوەیەکی گشتی هەوالی دروستکردنی هیلیکی دیاریکراوی داوە بەو مەبەستەی جێ پییەك بۆ خۆی داگیر بکات، لەراستیشدا بەپیی گەشە و پەرەسەندنی ئەدەبی ژنانە ئەم جیگای خۆی هەیە ئەگەرچی بە شیوەیەکی سەرکەوتوانە نەیتوانیبیت بەرجەستەی گوتاری میێەتی یان گوتاری ژن بکات. لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بنەمای پیکهینانی ئەو گوتارە ئامادەبوونی هەیە، واتە ئەم بە ئیحساس هەست بە ئازارەکانی ژن دەکات و دەشیەویت گوزارشت و لەو ئازار و ژانانە بکات بەلام ئەوەی کە ریگا نادات ئەوە لە نەستیدا ئامادەبوونی هەیە بگوازریتەوە بۆ نیو دەقەکانی بریتییە لە سانسۆرە کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئەخلاقیەکان. ئەو کەلتوورەی کە هەر گوزارشت کردنیکی راستگۆیانە بەجۆریك لە دان پیدانان لە قەلەم دەدات و بۆ هەر دان پیدانانیکیش جۆریك لە سزا هەیە، ئیتر گرنگ نییە ئەو سزایە پراکتیك بکریت یان نا.

ئەوەتا کەژال ئەحمەد بۆ ئەوەی گوزارشت لە خۆی بکات دیت کیشەی خۆیی و نەتەوە پیکەوە دەبەستیت و پێی وایە هەردووکیان هەمان کیشەیان هەیە کە ئەویش کیشەی تەنیاییە، واتە ئەم وەکو شاعیر هاتووە لە ئەنجامی جۆریك لە هاوشیوە کردندا باسی گرفتەکانی خۆی وەکو ژن دەکات کە ئەمەش لە لایەك ئاراستەی گوتاری

شیعریی ئەمی دابەشكردووە لە نیوان خۆی وەكو ژن و نەتەوە وەكو پیكهاتەیەكی تەنیا و بێناسنامە، كە لە پشتی دەقەكانیـەوە زیـاتر ئـەو جیهانبینیـیـە هەیـە كـە ئـەمی ژن هـەمان شیوەی نەتەوەكـەی، هـەمان شـیوەی گـەل خـاوەنی ناسـنامەی خـۆی نـیـیـەو بەوپییەش هەردووكیان لە بەردەم هەرەشەدان.

گەل تەنیایە

وەك تەنیایی بابە ئادەم

بەر لە هاتنی بە فەری دایە حەوا

گەل تەنیایەو.. منیش تەنیام

لیرەدا هاوشیوەكردن لە نیوان گەل و بابە ئادەمدایـە واتـە گـەل و ئـەوی پیـاو هـەردووكیان تەنیان، دایە حـەوا واتـە ئـەوی ئـافرەت دەبیتـە رزگاركـەری ئـەو پیـاوە. لیـرەدا ئەگـەرچی دایـە حەوا هیمای رزگاركردنی بابە ئادەمە لە تـەنیایی بـەلام لـە پشتی ئـەم گوتـراوەوە نـەگوترواویك هەیـە ئـەویش ئەوەیـە كـە ئـەمی ژنـیـش چـاوەروانی رزگاركـەریك دەكـات ئەگـەر لـە ئاسـتی یەكەمی هاوشیوە كردنەكەدا گەل و ئادەم هاوشیوە كرابن لە تـەنیایدا و لـە ئاسـتی دووەمیشـدا ئەم و گەل هاوشیوە كرابن ئەوا ناراستەوخۆ ئەم و بابە ئادەمیش هاوشیوەن لە تـەنیاییدا، ئـەو دایە حەوای بۆ دەبیتە رزگاركەر، ئەی كێ ئـەم رزگار دەكات؟ یـان رزگاركەرەكـەی ئـەم كێیـە؟ لەراسـتیدا لـە روانینـی ئیمـەوە لەسـەر بنـەمای هاوشـیوە بـوون یـان هاورەگـەزی ئـەم و حـەوادا دەبوا لیكچوواندنی لە نیوان خۆی و حەوادا بكردایە كە دەشیا ئەمیش وەكو حـەوا رزگاركـەری ئەوی پیاو بوایە، یان بە پیچەوانەوە ئەوەی كە تەنیا بوو لە ئـادەم و حـەوا، حـەوا بووایـە نـەك ئادەم، ئەوكاتە ئادەم دەبووە رزگاركەر، بیگومـان لـە رووی راسـتی‌یەوە رزگاركـەری ئـەمی ژن لـە تەنیایی تەنیا پیاوە، هەر لەویشەوە دەشیا شۆربووایەتەوە بۆ نیو ئـازار و ویستەكانی ژن و لـەم حالەتەشدا رزگار دەشێ تەنیا ئەوی رەگەزی بەرامبەر بیت. هەر لـەم هاوشـیوەكردنەدا بنـەمای ئەو هەلویستەی كەژال ئەحمەد لە بەرامبەر بنیادنانی گوتاری فیمینیستی دەردەكـەویت كـە لە جیاتی ئەوەی لە پیگەو سەنگەری ژن دا جیگیر بیت دەچیتە پیگـە و سـەنگەری پیـاوەوە، بیگومـان ناشـیت تەسـەوری ئـەوە بكـەین لـە سـەنگەری پیـاوەوە گوزارشـت لـە ئـازار و ویستەكانی ژن بكریت.

کەژاڵ ئەحمەد هەر لەم شیعرەیدا کە ناوی "لە مریەم بە رەحم تر"ە، دەربارەی مریەمی عەزرا دەدویت و بیانووش بۆ بیگەردی مریەم دەهێنێتەوە لە کاتێکدا کە تاوانبار دەکرا بەوەی کە عیسای بە ناشەرعی بووە، لە پشتی ئەم بیانوو هێنانەوەیەدا نەگوتراویکی تر هەیەو ئەویش ئەوەیە کە سك پڕبوون یان منداڵ بوون بۆ ژنێکی شوو نەکردوش ناتوانێت پاکیزەیی ژن هەرەس پێبهێنێت کە دیارە منداڵ بوون و سك پڕبوون بەبێ جووتبوون بەدی نایەت، هەڵبەت جووتبوونیش بۆ کچێکی شوونەکردو لە دەرەوەی ڕێ پێدانی ئایینە، بە واتا ئەو منداڵ بوونە بەرهەمی سێکسی ناشەرعیە.. لێرەدا شاعیر داکۆکی لەوە دەکات کە پاکیزەیی هیچ پەیوەندییەکی نییە بە مەسەلەی سێکسەوە، دیارە ئەمەش هەمان ئەو بۆچوونەیە کە لە تیۆری مارکسیدا جێگای گرتووەو پێی وایە شەرەفمەندی ئافرەت پەیوەندی بە پەردەی کچێنییەوە نییە.. لە ئاستێکی نەگوتراودا ئەم شیعرە ئەوە بەرهەم دێنێت کە بە ئازادی مومارەسەکردنی سێکس یان لە دەستدانی پەردەی کچێنی نابنە بەڵگە بۆ دۆڕاندنی گەوهەری پاکیزەیی ئافرەت. بە مانایەکی تر ئەم وەکو شاعیرێك دەیەوێت مەسەلەی سێکس و ئەخلاق لە یەکتر جیابکاتەوە، ئەمەش لەخۆیدا بانگەشە کردنە بۆ ئازادی سێکسی.

کەژال لە شیعری "خاڵی گومان"دا دەڵێت:

ئاواتی من گەورەترە
لەوەی بە تەنیا ئافرەت بم
یان شاعیر بم یان شای ژنان
ئەگەر ناوبانگیشم بفری
لەم پەر تا ئەوپەری جیهان.

ئەمی شاعیر بە ئاشکرا هەست بە جێگای ئافرەت دەکات و پێی وایە جێگای ئافرەت لە ئاستێکی نزمدایە، دیارە نکوڵی ئەوە ناکرێت کە ئەم بۆچوونە لە واقیعی کۆمەڵایەتی زۆربەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا جێگای گرتووە و سەرجەم داب و نەریتی کۆمەڵگا دواکەوتو و کۆنەپارێزەکان و سەرجەم بنەما ئایینییەکانیش هەمان بۆچوونیان هەیە و ئافرەت بە ڕەگەزی دووەم دادەنێن و لە ڕوانگەی ئایینیشەوە خودا

ئافرەتی لەبەر پیاو دروستکردووە، هەرچۆن پیشتر لە لیکدانەوەی ئەو شیعرەی کەژال دا باسمان کرد کە خودا حەوای کردە رزگارکەری ئادەم.

ئەم وەکو شاعیریك با شیعرەکانیشی جۆریك لە ئامادەبوونی کۆمەلایەتیشیان بۆ دەستەبەر کردبیت بەلام هەست دەکات و دەشبینیت کە جیگای ئافرەت لە کۆمەلگادا لە چاو پیاودا لە ئاستیکی نزمتردایە و ئەمیش خۆی لەو ئاستەدا دەبینیت هەر هیچ نەبیت لە تیروانینی ئەوی پیاوەوە، ئەوی یاسا و دەستوور و شەریعەت و داب و نەریتەوە. بەلام ئەم ئاواتەکانی خۆی لە سەرووی خۆیی و ئەو بەهایانەوە دەبینیت کە کۆمەل پیی داوە یان دەشی پیی بدات. بەلای ئەوەوە شاعیریتی و بوون بە شای ژنانیش یان گەورەترین ناوبانگیش.. هەموویان لە چاو ئاواتەکانی ئەمدا بچووکن چونکە ئەو هەموو ئەم شتانە بی بەها سەیر دەکات کاتی مەحکومی پەیرەوکردنی یاساکانی شووکردن و پاراستنی شەرەفی میردەکەیەتی لە سنووری کۆمەلگا و کەلتووریکدا کە بە تیروانینی ئەم ئازادییەکانی ئەمی ژن تیایدا هەرەس دەهینی کاتی دەترسیت لەوەی کە ئەمیش وەکو هەموو کچانی تر کە پیی وایە وادەی شووکردنی هاتووە نەتوانیت مل بۆ یاساکانی شووکردن نەدات و بە ناچاری بە گومانیکی گەورەوە لە بەرامبەر توانای خۆیدا راوەستاوە و لە ئەگەری هەرەس هیناندایە لەژیر کاریگەری حەزو ئارەزووەکانیدا، بەلام بە گومانیشەوە بیر لە داهاتووی خۆی دەکاتەوە کە نەگات بەو ئاواتە گەورەیەی کە بانگەشەی بۆ دەکات کە ئەویش ئاواتی روخاندنی بەربەست و دیوارەکانی نیوان ئەمی ژن و ئەوی پیاوە. بەلام بیگومان ئەو بەربەستە ناروخیت هەتا ئەو بۆچوونە هەرەس پینەهینریت کە ئەمی ژن چیتر شەرەفی پیاوەکەی نەبیت، بە مانایەکی تر و لە ئاستیکی نادیاردا دەیەویت بلیت ئەو پەیوەندییەی کە ژن و میردایەتی دروستی دەکات پەیوەندییەکی هاوسەنگ نییە لە نیوان دوو جەمسەری یەکساندا لەبەرئەوە ئەمی ئافرەت لەو پەیوەندییەدا بە جۆریکی تر خۆی دەکاتەوە بە کۆیلە، کۆیلەی پاراستنی شەرەفی میردەکەی.

من شەرەفی پیاوەکەمم

بەلام ئەو شەرەفم نییە.

واته لەم شیعرەدا کەژال ئەحمەد بانگەشە بۆ گەیشـتن بـە حالـەتی یەکسـانی نیـوان پیـاو و ژن دەکـات و لـە پـال هـەولدان بـۆ بەرهـەم هینـانی ئـەو جیهانبینی‌یـە، بنیـادی کۆمەلگا و یاساو دەستوور و شەریعەتی باویش دەداتە بەر رەخنەی توونـد کـە بیگومـان لە پلەی یەکەمدا کۆمـەلگا و داب و نـەریت و بـەها ئەخلاقیـەکان و ئـایین خولقینـەری ئەو بارودۆخەن کە تیایدا ژن شـەرەفی پیاوەکەی بیت، بـەلام پیاوەکـەی شـەرەفی ئـەو نەبیت.

لەم شـیعرەدا کـەژال لـە رووی بەرهـەم هینـانی شـیعریەتەوە سـەرکەوتنی بەدەسـت نـەهیناوە و زیـاتر گوتـاریکی کۆمەلایـەتی سیاسـی دەنووسـیتەوە بـە زمـان و شـیوازیکی تـەقلیدی شـیعری کـە تەنانـەت پـەیرەوکردنی سـەروا وەکـو رەگـەزیکی بنیـادی زمـان مەودای بەرهەم هینانی شیعریەتی تەسك كردۆتەوە.

له (دوا پرجوی رۆح)دا کـەژال ئەحمـەد باسـی کبریـای خـۆی دەکـات کـە چـۆن تـاکو ئیستا ئەم رۆحیکی یاخی‌یەو بۆ کەس دەستەمۆ نابیت، ئەوەتا دەلیت:

رۆحی من

ئەسپیکی رەسەنە

مەگیرەم ئازیزان

بۆ هیچ حیزبیك

بۆ هیچ پیاویك

بۆ هیچ کەسیك

دابین نەبووەو دابین نابیت

ئەگەر له دوای ئەو دەلالەتە بگەریین کە لە پشتی ئەم شیعرەوە راوەستاوە ئـەوا بـە ئاشکرا ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە جۆریك لە خۆلادان لەو یاسـاو بنـەما بایۆلۆژیانـەی تیدا بەرچاو دەکـەویت کـە سروشـت بـە هـەردوو رەگەزەکـەی بەخشـیووە یـان هـەردوو رەگەزەکەی لی‌پیکهاتووە. دیسان جۆریك لە ناکۆکی بەدی دەکریت لە روانگەی پیویسـتی هـەردوو رەگـەزی نـیرو مـیٚ پیکـەوە، نـەك بـۆ مـرۆڤ بـەلکو سـەرجەم زینـدەوەران لـە سروشتدا وەها خولقاون کە پیویستبوونیان بە یەك یەکەم شانەی کۆمەلایـەتی بوونـی

ئەو جۆرە زیندەوەرەی پیکهیناوە. کۆمەلناسان لەسەر ئەوە کۆکن کە کۆمەلایەتی بوونی مرۆڤ پیداویستییە مادی و رۆحیەکانی ژیان دروستی کردووە کە پەیوەندی سیکسی و خستنەوەی نەوە واتە دریژەدان بە ژیان لە پلەی یەکەمدا دیت.. ئایا لە رووداوەستانی ئەو یاسا سروشتییە بۆ خۆی وەستان نییە لە بەرامبەر دامەزراویکدا کە ژیانی پیوە بەندە و گۆرینی نەك کاریکی ئاسان نییە بەلکو خۆ خستنە سنووری وەهمیکە کە هیچ پاساویکی نییە. گوزارشت کردن لە ویست و ئارەزووەکانی ئافرەت، بەرگریکردن لە خودی ئافرەت لەو ریگایەوە نابیت کە بە ناوی کبریائەوە ئەوی پیاو رەت بکەیتەوە. گوتاری فیمینیزم لەسەر بنەمای هەلچنینی دیواریکی پتەو نییە لە نیوان ئافرەت و پیاودا بەلکو بە پیچەوانەوە گەوهەری ئەو گوتارە لە پیناوی رووخاندنی دیوارەکانی نیوان هەردوو رەگەزدایە تا ئەو ئاستەی کە هیچ بەربەستیك نەمینیت بۆ جیاوازی کردن و جیاکاری لە نیوانیاندا ئەویش لە پلەی یەکەمدا رووخاندنی ئەو دەسەلاتەیە کە رەگەزی نیر بە دەستییەوەیە کە ئەو دەسەلاتەش داب و نەریتی کۆمەلایەتی و ئایین و بەها ئەخلاقیەکان بۆ پیاویان دروستکردووە ئەمە سەرباری دەسەلاتی ئابووری کە لە کۆمەلگای وەکو ئیمەدا بە دەستی پیاوەوەیە. بیگومان ئەو دەسەلاتی جیاوازی کردن و جیاکارییە کە ئازادییەکانی ئافرەت داگیردەکات و ژن دەکات بە شەرەفی پیاوەکەی بەلام پیاو ناکات بە شەرەفی ژنەکەی.

وشەی کبریاء وەکو دالیك مەدلولی دەسەلاتی هەیە، ئەگەرچی ئەو دەسەلاتە دەسەلاتیکی مەعنەویش بیت، کەواتە ئەمی ژنیش بە هەمان شیوەی ئەوی پیاو دەیەویت و دەخوازیت دەسەلاتیك بە دەست بگریت هەتا پیادەکردنی ئەو دەسەلاتە بوونی خۆی بسەلمینیت کە بیگومان کاتێ چەمکی دەسەلات و مومارەسە کردنی دەسەلات دیتە ئاراوە چەمکی ئازادی جیگای نابیتەوە، هەربۆیە ناکریت لە پیناوی ئازادی ژناندا بخوازین ژنان ببن بە خاوەنی دامەزراوی دەسەلات بەلکو دەبێ لەو روانگەیەوە سەیربکریت کە دەسەلاتی پیاو لە بەرامبەر ئەوی ئافرەتدا هەلبوەشینریتەوە کە ئەوەش لە پلەی یەکسانبوونی هەردوو رەگەزەکەدا دەگاتە ئەنجام، دیارە ئەوەش کاتیك دەبیت کە چەمکی رەگەزی یەکەم و رەگەزی دووەم

هەلبوەشیتەوە، بە مانایەکی تر یەکسانی ئەو دوو رەگەزە تەنیا کاتیك دەبیت کە هیچ هۆیەکی دەسەلاتکردن بە دەستی پیاوەوە نەمینیت کە ئەوەش تاکو ئیستا وەکو خەون یان خەیالی نیو یۆتۆپیایەك سەیر دەکریت، تەنانەت بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە کە تەنانەت پیاو لە هەموو خاسیەتەکانی دەسەلات رووت بکریتەوە، هیشتا ئەندامانی جووتبوونی پیاو یان نیر بە گشتی هیمای دەسەلات کردن و ومومارەسەکردنی دەسەلاتە بەسەر ژن یان میٚدا بە گشتی.

بنیادنانی گوتاری فیمینیزم یان میٚیەتی بەوە بنیاد نانریت کە ژنان خۆیان لە سەنگەری دژی پیاودا ببیننەوەو وای بۆ بچن پەیوەندی لەگەڵ پیاودا جۆریکە لە ململانیٚ و هەولیش بۆ ئەوەیە کە ئەنجام ژن لەو ململانیٚیەدا سەرکەوتن بەدەست بهینیت.

نە تاکو ئیستا و نە لە ئایندەشدا ناشیت لەو روانگەیەوە ژن ئازادی خۆی بە دەست بینیت کە روانگەی خۆخستنە سەنگەری دژی پیاوە، راستە پیاو مافەکانی ژنی داگیرکردووە بەلام ژن بە پیداگرتن لەسەر بەدەست هینانی مافەکانی دەگاتە ئازادی کە ئەویش لە پلەی یەکەمدا لە هەول و کۆششدا دەبیت بۆ زیاتر بە دۆست کردنی پیاو نەك بە دوژمنکردنی چونکە ئەو خۆی دوژمن نییە بەلکو ئەو رەگەزەیە بیٚ پەیوەندی و بوونی ئەو ژیان بە گویرەی ئەمی ئافرەت بوونی نییە، دەشیٚ ئەو کبریائەی کە کەژاڵ ئەحمەد لەوەدا دەیبینیت کە ئەوی ئافرەت بۆ هیچ پیاویك دابین نەبیت جۆریك لە خۆدوورخستنەوە بیت لە ویست و ئارەزووەکانی ژن یان دەشیٚ لیکدانەوەیەکی تری بۆ بکریت کە ئەویش دەچیتە سنووری تایبەتمەندبوونەوە تایبەتمەندبوون بەو مانایەی کە لە دەرەوەی حالەتی گشتییە و لیرەشدا دەشیٚ بەجۆریك لە تیروانینی دوژمنکارانە Aggressive لیکبدریتەوە.

ژنی سەرکەوتوو ئەوە نییە کە ئامادە نەبیت ملکەچی ئارەزووە رۆحی جەستەییەکانی بیت، بەلکو ئەم هەلویست وەرگرتنە بۆ خۆی بە کۆیلەکردنی خودی ئەو ژنەیە کە ئامادە نییە بۆ هیچ پیاویك دابین بیت، دەشی ئافرەتیك لە پیناوی ئامانجی بالادا (تەسامی) بە ئارەزووە دنیاییەکانی بکات و هیوای گەیشتنی بە پلەیەکی

بەرزتر هەبیت و لەم حالەتەدا پشت لە ئارەزووی دنیایی بکات بیگومان ئەم بۆچوونە بۆ پیاویش هەمان شیوەیە، بەڵام ناکریت لەو روانگەیەوە بروانین کە ئافرەت بۆ گەیشتن بە ویست و ئارەزووەکانی سەنگەری دژی پیاو هەلبژیریت، بیگومان بۆچوونی لەم جۆرە لە بنەرەتدا دژی حەقیقەت و گەوهەری حەز و ویست و ئارەزووە ئینسانییەکانی خۆیشیەتی، بە واتایەکی تر شاعیر دەیەویت خۆی لە گوزارشت کردنی راستگۆیانەی ویستە بایەلۆژی و رۆحیەکانی دوور بخاتەوە کە لەراستیدا هەر خۆ دوورخستنەوەیەك لە گەوهەری راستی شتەکان با شتیکیش نەبیت ناوی راستی رەها بیت دەبیتە هۆی کوشتنی رۆحی داهینان، بە واتایەکی تر لەم شیعرەدا کەژاڵ راستییە رۆحی و غەریزییەکان دەشاریتەوە لە پیناوی ئامانجیکی تردا کە وای بۆ دەچیت نیشاندانی جۆریك لە کبریای خۆیەتی، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو کبریایە لەم قسانەدا بە سەرکوتکردنی حەزو ویستە غەریزەییەکانی خۆی دروست دەکات کە لەراستیدا بە پیچەوانەوەیە و (کبریاء) لە دانان بە راستی و ملدان بۆ راستیدا دروست دەبیت نەك لە شاردنەوەی ئەوەی کە ناتوانریت نکولی لی بکریت و وەکو راستی رەها خۆی دەسەپینیت. لیرەدا خەسلەتەکانی گوتاری فیمینیزم هەرەس دەهینیت و لە پشتی دەقەکەوە نەگوتراویك لای ئیمە خۆی ئاشکرا دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئەگەرچی کەژال ئەحمەد دەلیت:

هەموو کاتێ من لەسەر خالی گومانم
من شەرەفی پیاوەکەمم
بەڵام ئەو شەرەفم نییە.

بەڵام لەراستیدا ئەم پیّی وایە ملدان و دەستەمۆ بوون بە گوتەی خۆی بۆ هەر پیاویك تا ئیستا و بۆ ئەمە و دوا مانای شکاندنی کبریائی ئەوە کە ئەو کبریائەش دەلالەتی ئەو (شەرەفە) هەلدەگریت کە ئەم خۆی پیّی وایە هەتا ئیستا پاریزگاری لیکردووە چونکە هیچ کەس، هیچ پیاویك ئەمی دابین نەکردووە و هیچ دەستیك بەرتالیك لە بالی ئەفسانەیی نەکەوتووە. لیرەدا ئەوە ئاشکرا دەبیت ئەگەرچی ئەم خۆی دژی ئەو یاسا و داب و نەریت و شەریعەتەیە کە نەبوونی ئازادی سیکسی و

پەردەی پاکیزەیی بە پیوانەی شەرەف دادەنین کەچی لیرەدا هەر خۆی پێی وایە رۆحی سەرکەش یان کبریاء و شەرەفمەندی پەیوەستن بەوەی کە ئەم بۆ هیچ پیاویك دابین نەبووبیت و دەستی هیچ پیاویك بەر تالیك لە قژی نەکەوتبیت.

بەندەری بەرمۆدا سەرباری کۆمەلێ حالەتی دژ بە یەك و بنیادی لاوازی بە شیعر نەبوو یان خۆلادان لە گەوهەری کیشەی ژنان لە سایەی مەسەلەی سیاسی و میللەت دا لە بری پرۆسیس و دروستکردنی رووداو.

سەرجەمی دەقەکان دەقی وەسفین کە دەقی وەسفیش لە رووکەشی دەرەوە لە شتەکان دەدویت و گەوهەرو ماهیەتی ئەو شتانەی بۆ ئاشکرا ناکریت، کە بە پیچەوانەوە لە پرۆسیس و رووداودا گەوهەر و ماهیەتی شتەکان ئاشکرا دەبیت، لیرەدا دەتوانین بلیین کەژال ئەحمەد لە بری ئەوەی گوتاریکی پراکتیکیانە یان بنیادنەرانەی فیمینیزم بنیاد بنیت گوتاریکی وەسفی لەو بوارەدا بنیاد دەنیت.

بەواتا کەژال ئەحمەد هەمان هەلویستی شارلۆت برۆنتێ دووبارە دەکاتەوە: هیوادارە وەکو ئافرەت بیری لینەکەنەوە" بەلآم ئایا ئەم بیرکردنەوەیە تا چەندێ نزیك دەبیتەوە لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم؟ ئیمە لیرەدا ناگەریینەوە بۆ وەلآمدانەوەی ئەم پرسیارە چونکە لە لیکدانەوەکانی سەرەوەدا لە گەوهەری گوتاری فیمینیزم بە چەند ئاماژەیەك دواین و دەشێ پەیوەندی ئەو پرسیارە و ئەو ئاماژانە رووناکی بخەنە سەر وەلآمی پرسیارەکە. بەلآم ئەوەی کە دەشێ لە روانینەکانی کەژال ئەحمەددا لەم شیعرەدا دەست نیشانی بکەین ئەوەیە کە دەترسیت لەوەی حەقیقەتی خۆی وەکو ئافرەتیکی نیو پانتایی کۆمەلگایەکی دواکەوتوو لە ئەدەبەکەیدا بەرجەستە بکات یان دەشێ ئەوەی بەرجەستەی دەکات تیروانینی ئەو بیت کە بیگومان لە هەردوو حالەتەکەدا ئاراستەی ئیشکردنەکەی لەگەلٚ گوزاشت کردن لە ئیش و ژانەکانی ئافرەت و لەگەلٚ خواستەکانی ئافرەتدا و بە مەبەستی بنیادنانی گوتاری فیمینیزم ناکۆکە. دەشێ بە گویرەی خالی یەکەم واتە نەویرانی دەربرینی ئەوەی کە دەشێ پەیوەست بە مەسەلەی ئافرەت دەری ببریت لەبەرئەوە بیت کە دەزانیت کۆمەلگا و داب و نەریت و بەها ئەخلاقی و ئایینییەکان لێی قبول ناکەن، واتە ئەم هیوادارە کۆمەلگا وەك

ئافرەتیك حسابی بۆ بكات كە باسی گرفتە گشتی‌یەكانی ئافرەت دەكات.. واتە ئەمیش هەمان شیوەی شارلۆت برۆنتی زویر و نیگەرانە بەوەی كە وەكو ئافرەت بیری لیبكریتەوە چونكە ئافرەت لە ئاستیكی نزمتر لە پیاودا دەبینیت.. لیرەوە بە ئاراستەیەكی پیچەوانە دەگەریینەوە و دەپرسین تا چەندێ گوتاری شیعری كەژال ئەحمەد گوتاریكی ژنانەیە؟

# ئەدەبی کوردی و
# گوتاری نەتەوەیی

ئایا پەیوەندی ئەدەب و مەسەلەی ناسیۆنالیزم یان مەسەلەی نەتەوایەتی چی‌یەو چۆنە؟ ئایا ئەدەبی کوردی و سروشتی پەیوەندی بوونی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە چۆنە و لە کوێوە دەست پێدەکات و مەودای قوڵی ئەو پەیوەندییە لە چ ئاستێکدایە؟ لە پشتی ئەم پرسیارانەشەوە پرسیارێکی تایبەتتر هەیە ئەویش ئەوەیە ئایا سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی پەیوەندی هەیە بە سەرهەڵدانی هەستی نەتەوایەتی کوردییەوە؟ یان ئایا ئەدەبێك هەیە بە ناوی ئەدەبی نەتەوایەتی کوردییەوە؟

بێگومان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئاخاوتن لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردی و سەرهەڵدانی ئەم ئەدەبە و لێکدانەوەی بەپێی قۆناغی دیاری مێژووی میللەتەکەمان، بێگومان بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پێناسەی ئاشکرای ئەو زاراوانەمان هەبێت کە لێرەدا بەکاریان دێنین هەتا بتوانین لەبەر رۆشنایی هەندێ روانینی دیاریکراودا هەم لە دوای ئەو وەڵامانە بگەڕێین کە پرسیارەکانی سەرەوە داوای دەکەن، هەم لەو وەهمە خۆمان رزگار بکەین کە بەرهەمی عاتیفەی نەتەوایەتی ئێمەیە و لە رووی زانستی‌یەوە زیانی گەورەی لە کارکردنی عەقڵی ئێمە داوە و بە ناوی دڵسۆزییەوە بوارەکانی بەردەم رەخنەو هەڵسەنگاندنی تەسك کردۆتەوە.

ئەدەب بە هەموو رەگەزەکانیەوە بەرهەمی خەیاڵ و هەست و فیکر و عەقڵە، کە هەریەکە لەو رەگەزانەش بە ئاستێك هەست و فیکر و خەیاڵ و عەقڵ بەشداری لە بەرهەم هێنانیدا دەکەن.. ئەو رەگەزەی کە زیاتر فیکر و عەقڵ بەشداری لە بەرهەم هێنانیدا دەکات ئەوە زیاتر بواری نزیك بوونەوە و تێکەڵاو بوون و پەیوەندی بوونی بە کایە مەعریفی‌یەکانی ترەوە هەیە، کە دەشێت ئێمە لێرەدا مەسەلەی نەتەوایەتی لە سنووری مەعریفە یان چەمکێکی فیکری، ئایدیۆلۆژی کۆمەڵایەتی قۆناغێکی دیاریکراودا ببینین و لە روانگەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە سەرنجی بدەین. هەر

لەسەر بنەمای ئەم لیکدانەوەیەش پەیوەندی ئەدەب بەو چەمکەوە دەست نیشان بکەین.

ناشیت ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی واقیعی میژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی کوردیدا باس بکریت، چونکە ئەو ئەدەبەشی کە دوور و نزیك هیچ پەیوەندییەکی ئاشکرای بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردەوە نییە، ئەوا لە ئاستیکی تردا بەرهەمی قۆناغیکی میژوویی ژیانی ئەم کۆمەلگایەیەو ناسنامەی زیندویتی کاتێ بەدەست دینیت کە ببیتە شاهیدی ئەو قۆناغەی کە تیایدا بەرهەم هاتووە. هەر لەم روانگەیەشەوە دەشێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە مەرج نییە پیوانەمان بۆ ئەدەبی زیندوو ئەوە بیت کە پەیوەندی راستەوخۆی بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە هەبیت، بەلکو زیندویتی ئەمەش لەو پرسیارە مەعریفی و ئەنتۆلۆژیانەوە بەرهەم دیت کە لە دوای نەزانراو و نادیاریی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرن.. کەواتە دەبێ لیرەدا ئاماژە بۆ ئەو ئەدەبە بکەین کە پەیوەندی راستەوخۆی بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە هەیە.

مەبەست لە مەسەلەی نەتەوایەتی لەم باسەدا کیشە و بوون و ناسنامە و ئامادەبوونی نەتەوەیە لە رووی میژوویی و سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوورییەوە. ئەدەبیش وەك گوتمان بریتییە لە بەرهەم و هەست و خەیال و نەست و فیکر و عەقل، کەواتە چ جۆرە پەیوەندییەك لە نیوان ئەو دوو بوارەدا هەیە؟ دیارە کاری ئیمە لیرەدا وەلامدانەوەی ئەم پرسیارە نییە. بەلکو لیرەوە دەگەرییِنەوە بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر پەیوەندی ئەو دوو بوارە. دیارە جیگای خۆیەتی ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە تاکە رەگەزی بالادەست لە پانتایی نەك تەنیا ئەدەبی کوردیدا بەلکو لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا لە سەرهەلدانی نووسین بە کوردییەوە تاکو ئیستاش هەر شیعرە. شیعریش بەرهەمی سۆزو خەیال و نەستە، بەواتا کەمتر عەقل و فیکر لە بەرهەم هینانی ئەم رەگەزەدا بەشداری دەکەن، بەم پییەش رۆشنبیریی کوردی رۆشنبیرییەکی شیعرییە، واتە رۆشنبیرییەك کە لە جیاتی فیکر و عەقل، خەیال و سۆز و هەلچوون کاری تیدا دەکات..

ئەگەر بگەرِیینەوە بۆ باسکردنی کۆنترین نووسینی کوردی ئەوا ئەوەی بەردەست دەکەویت شیعرە. تا ئەو ساڵانەی دواییش ئەوەی کە بە کۆنترین شیعری نووسراو بە زمانی کوردی دادەنرا ئەو شیعرانە بوون کە بابا تایەری هەمەدانی نووسیوونی، بەڵام ئەوە دکتۆر سەدیقی بۆرەکەیی ئاشکرای کردووەو دەریدەخات کە لە پیش بابا تایەریشدا چەند شاعیریك هەبوون کە بە زاری گۆرانی شیعریان نووسیووە. هەندێ کەسیش وای بۆ دەچن کە کۆنترین شیعری نووسراوی کوردی بریتییە لە "گاتاکان" کە بەشیکە لە ئاڤیستای پەیامی ئایینی زەردەشتی. بەهەرحال هەرکام لەم میژووانە بۆ سەرهەلدانی شیعری کوردی بە راست بزانریت، لای ئیمە و پەیوەست بەم باسە هەمان لیکدانەوەی هەیە. بەلای منەوە قسەکردن لەسەر بابا تایەری هەمەدانیش لەوانی تر گونجاوترە چونکە بەرهەمی قۆناغیکە هەم تیایدا زۆربەی نەتەوەکان گەراونەتەوە بۆ نووسین بە زمانی نەتەوەیی خۆیان، هەم دەتوانین بەرهەمەکانی لە رووی شیعریەتەوە وەکو دەقی شیعری سەیر بکەین.

بابا تایەر سەرباری ئەوەی کە بە زمانی فارسی بەرهەمی زۆری هەیە هەندێ لە شیعرەکانی بە زاری لوری نووسیووە، ئەمەش لە بەردەم پرسیاریکدا رامان دەگریت دەبێ چی وای لە بابا تایەر کردبیت سەرباری پەیوەستبوونی بە ئایینی ئیسلامەوە و سەرباری تواندنەوەی لەنیو گوتاری گشتگری تەوحیدی ئیسلامیدا و سەرباری کارکردنی لە سایەی دوو گوتاری ئایینی عەرەبی- فارسیدا لە رووی بنەماکانی پەیامی ئایینەکەو زمانی ئایینەکەو زمانی ئیدارەی دەولەتی ئیرانیەوە.. ئایا گەرانەوەی بۆ نووسین بە لوری چی دەگەیەنیت؟ بیگومان ئەو گەرانەوەیە، گەرانەوەیە بۆ نووسین بە زمانی دایك کە لە ئاستیکی تردا دەشێ بە زمانی نەتەوە ناوی بهینین.. بەڵام ئایا ئەو گەرانەوەیە هەر لەسەر ئاستی زمانە یان لە رووی گوتاری ئەدەبیشەوە رەگ و ریشەی خۆیی هەیە، بیگومان بابا تایەر لە شیعرەکانیدا زۆریك لە رەمز و هیما و دەلالەتە زەردەشتی و میدییەکان بەرجەستە دەکات کە ئەمەش لە رووی نەستەوە ئەو لیکدانەوەیەی بۆ دەکریت کە بابا تایەر گەراوەتەوە بۆ نیو زمانی کوردی هەم بۆ نیو

رابـردووی تیکشـکاوی کـورد، رابـردووی سیاسـی تیکشـکاو لـه لایـەن ئەخمینیيەکانـەوەو رابردووی تیکشکاوی ئاینیش له لایەن ئایینی ئیسلامەوە.

بابـا تایـەر سـەرباری پەیوەسـتبوون بـە ئیسلامەوە لـە رووی نەسـتەوە بـەو جـۆرە پەیوەسـت دەبیتــەوە بــە رابــردووی خۆیــەوە کــە رابــردووی کــوردە، ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنیت که کەسیتی کوردی سەرباری چوونە سەر ئایینی تیکشکینەری ئایینەکەی خۆی و پەیرەوکردنی ئایینی نویٚ کە ئیسلامە هیشتا لە رووی نەسـتەوە پەیوەسـتە بـە رابردووی خۆیەوە و دەشیٚ پەیوەستبوونی بە ئایینی نـویٚی ئیسلامەوە پابـەندبوونیك بیت که هیز سەپاندبیتی بۆیە لە سنووری یادەوەری خەیال و نەستەوە دەگەریتەوە بۆ رابـردووی خـۆی و دەچیتـە دەرەوەی سـنووری دیسـپلین کـراوی پـەیامی ئـایینی نـویٚ و گوتاری ئەو ئایینەوە.

ئەو گەرانەوەی بابا تایەر لە ساتەوەختیکی میژوویـدا روودەدات کـە هیشـتا لەسـەر هیـچ جیگایـەکی ئـەم گـۆی زەمینــە مەسـەلەی نەتەوایـەتی و ناسـیۆنالیزم سـەری هەلنـەداوە، بۆیـە ئـەو گەرانـەوەی بابـا تایـەر نـاکریت لـە دەرەوەی سـنووری تاکەکـەس بـەولاوە هیـچ لیکدانەوەیـەکی تـری بـۆ بکریـت. چونکـە ئـەوە ئاشـکرایە کـە مەسـەلەی نەتەوایـەتی و ناسـیۆنالیزم بەرهـەمی قۆنـاغی دەرکـەوتنی بـۆرژواو سـەرهەلدانی تەکنۆلۆژیان یان بە گوتەیەکی تـر بەرهـەمی مۆدیرنیتەیـە. گەرانـەوەی بابـا تایـەر بـۆ نیو زمان و هیما و دەلالەتـەکانی رابـردووی کـورد بەرهـەمی هەسـتی تاکـە کەسـە. لـەو گەرانەوەشـدا بابـا تایـەر وەکـو کەسـیتیکی جـووت ئاراسـتە دەردەکـەویت، لـە لایـەك دەیەویت دابران لەگەڵ کەلتوورو میژووی تیکشکینەری کوردیدا بکات و بگەریتەوە نیو پانتایی میژو و یادەوەری رابردووی کوردی، بەڵام ناتوانیت دریژە بەو ئاراسـتەیە بـدات و هەرچەنـدە لـە بـاریکی شلۆقدا تـا ئەندازەیـەك دەمینیتـەوە بـەڵام دواجار ئاراسـتەی بەرەو دابران لە کەلتووری تیکشکینەری کەلتووری کوردی هەرەس دەهینیٚ و بابا تایەر لە ئاکامدا لەنیو سنووری کەلتووری ئەوی تـردا دەمینیتـەوە واتـە ئـەوی داگیری کـەری کوردستان، ئەم ئاراستە ئیشکردنەی بابا تایەر نەك هـەر لـە سـنووری شـیعر و ئـەدەبدا بەلکو لە سیاسەتیشدا دوای بابا تایەر بۆتە هیلیکی زینـدوو و بـە گشـتی ئاراسـتەکانی

بەرەو دابران رووبەرووی شکست و هەرەس هینان هاتوون و بەرگری و رۆحی دابران تەنیا لە دەلالەت و هیما و رەمزەکانی زماندا لە ئاستی نادیاری دەقەکاندا دریژەیان بە بوونی خۆیان داوە.

بەهەرحال سەرباری هەرەس هینانی ئاراستەی بەرەو دابران لە کەلتووری ئیمەدا، کە مەبەستمان لە دابرانیش جیابوونەوەیە لە کەلتووری تیکشکینەر و داگیرکەری کەلتووری کوردی و گەرانەوەی کورد لە رووی کەلتوورەکەیەوە بۆ نیو جەستەی نەتەوەیی خۆی، کە لەو ئاستەشدا دەتوانریت باس لە شوینی ئەدەب لە پرۆژەی نەتەوەییدا بکریت.

لە دوای بابا تایەر ژمارەیەك لە شاعیرانی کورد بە زاری گۆرانی شیعریان نووسیووە، کە سەرباری دەرنەکەوتنی هەستی نەتەوایەتی دەتوانین بەرهەمی ئەو شاعیرانە وەکو بنەمایەك لە پرۆژەی زیندووکردنەوەی زمانی کوردی سەیر بکەین و، لە هەمان کاتیشدا بەرهەمی ئەو شاعیرانە بە کیشی فۆلکلۆری کوردی نووسراوە کە ئەوەش سەرچاوەکەی کیشی گاتاکانی ئایینی زەردەشتییە، کەواتە لە بەرهەمی شاعیرانی زاری گۆرانیدا جۆرە گەرانەوەیەك بۆ نیو جەستەی کورد هەیە کە ئەوەش لە ئاستی نەگوتراودا وەکو رەگەزیکی پرۆژەی نەتەوەیی سەیر دەکریت چونکە نووسین بە زمانی نەتەوە و بە کیش و پیوانەی فۆلکلۆری نەتەوایەتی بۆ گەلیکی کەلتوور داگیرکراوی وەکو کورد هەنگاویکە بۆ رابوونەوە.

لە ساتەوەختی بەردەوامبوونی شاعیرانی زاری گۆرانی بە کیشی پەنجە واتە بە کیشی فۆلکلۆری کوردی هەم لە شیعری زاری بادینی و هەم لە دوای ئەوانیش لە لایەن شاعیرانی میرنشینی بابانەوە جۆرە وازهینانیك لە نووسین بە کیشی فۆلکلۆری کوردی سەرهەلدەدات و پەنابردن بۆ نووسین بە کیشەکانی شیعری عەرەبی واتە کیشەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی و کیشی شیعری فارسی دەردەکەویت، لە ئەزموونی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری بە زاری بادینی و شاعیرانی بابان لە نالی و سالم و کوردی وازهینان لە بەکارهینانی کیشەکانی فۆلکلۆری کوردی دەبیتە حالەتی دیار لە نووسینی شیعرداو پیشبرکێ کردن لەسەر شارەزایی لە بەکارهینانی کیش و

هونـەرەكانی شیعری عـەرەبیدا دەبیتـە خـالی دیـار لــە ئـەزموونی شـیعری شـاعیرانی باباندا. كە ئەوەش بۆ خۆی دەستبەردار بوونی یـەكیك لـە بنـەما دیارەكـانی كـەلتووری كوردیـە و لـە جیـاتی ئــەو بـەكارهینانی كـەلتووری عەرەبیـە. راسـتە نـالی باسـی لیهاتوویی خۆی دەكات بـە زمـانی پـاراوی كوردی بـەلام ئـەو دیـت ئـەو زمانـە پـاراوەی كوردی بـە كۆت و پیوەنـدی كیشـەكانی شـیعری عـەرەبی دیـل دەكـات و لــە جیـاتی رەگەزیكی كوردیانە كە رەگ و ریشەی لە میژووی دوور و دریژی ئیمەدا چەسپاوە هـەر لە سەرهەلدانی ئایینی زەردەشتیيەوە تاكو ساتەوەختی ئەو، بە رەگەزیكی عەرەبی كـە لە ریگای كۆلۆنیالیكردنی كەلتووری ئیمەوە لە لایەن كەلتووری عەرەبی و ئیسلامیەوە خۆی سـەپاندووە، جیگـا دەگریتـەوە، واتــە ئـەزموونی شـاعیرانی بابـان و بادینـانیش هەردووك یەكیك لە رەگەزەكانی كـەلتووری عـەرەبی لـە كـەلتووری كوردیـدا دەنیـژن و بەوەش هەولدەدەن رەگەزیكی رەسەنی نیو زمان و فۆلكلۆری كـوردی ریشـەكیش بكـەن كە ئەویش كیشەكانی فۆلكلۆری كوردیيە بۆ شیعر نووسین.

راستە تاكو ئیستا ئەحمـەدی خـانی لـە ریگـای ئـەو چـەند رسـتەوە كـە گوتویـەتی سەبارەت بە كورد وەكو شاعیریكی نەتەوەیی سـەیر دەكریـت، گومـان لـەوە نـاكریت كـە ئەحمـەدی خـانی شاعیریكی دیاری قۆنـاغیكی میژوویـی گـەلی كوردە. بـەلام جـاری لـە ئاستی زمانــەوە بروانـین، ئایـا لـە رووی زمانـەوە شـوینی ئەحمـەدی خـانی لـە پـرۆژەی نەتەوایـەتی كوردیـدا لـە كویدایـە؟ ئایـا لـە ئاسـتی پەیوەسـتبوون بـە رەمـز و هیمـا و ئەفسانە و فانتازیـا و دەلالەتـە كوردیـیـەكان و بنـەما ئەفسـانەییەكانی ئـایینی كۆنـی كـورد، شـوینی خـانی و پرۆژەكـەی لـە چ ئاسـتیكدایە، ئایــا خــانی بــە چ كیشــیك نووسیوویەتی؟

بیگومـان ئـەوە ئاشكرایە كـە خـانی شـاعیریكی تـا سـەر ئیسـقان پەیوەسـتبووە لـە كەلتووری ئیسلامەوە و نەیویستووە لە دەرەوەی ئەو كەلتوورەو لـە سـنووریكی جیـاواز لەودا كاربكات، بەشی زۆری ئەو مەسەلە فیكرییانەی كە لە شیعرەكانیدا خستوونیتیە روو ، ئــەو مەســەلانەن كــە پــەیوەندییان بــە مەســەلە فیكرییــەكانی نــاو فیكــری ئیسلامیەوە هەیە و ئەگەر لە پەراویزیشدا چەند رستەیەك باسی كورد و كرمانج بكات

ئەوە نابیتە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی، بەلکو بە پیچەوانەوە کارکردنی خانی بەو جۆرە هەولدانیکە بۆ جیگاکردنەوەی کورد لە سنووری گوتاری ئیسلامیدا کە ئەوەش پرۆژەیەکە پیم وایە ئامانجی تواندنەوەی کورد و کەلتووری کوردی و ناسنامەی کورد بوون لەناو کەلتوور و ناسنامە و میژو و کەسیتی ئیسلامیدا لە پشتیەوە راوەستاوە. ئەگەرچی هەندیٚ لەوانەی لەسەر ئەم شاعیرەیان نووسیووە بە رابەری فیکری نەتەوەیی و تەنانەت بە بیریاری فیکری نەتەوەیی کوردی و فەیلەسوف ناویان بردووە، هەرچەندە لەبەر درشتی کارەکانیان و سەردەرنەکردنیان لە مەسەلەی نەتەوایەتی و فیکر و فەلسەفەو تەنانەت بیٚئاگابوون لە پیناسەی ئەو زاراوە و چەمکانە ئەو شاعیرەیان خستۆتە ژیر هەلگرتنی باریکەوە کە هەرگیز شیعری ئەو جیگای ئەو لیکدانەوانەی تیدانابیتەوە، ئەمەش قسەی ئەو نووسەرە ئینگلیزییەیان دەخاتەوە یاد کە پیٚی وایە تویژەری نەزان دەوری تیکدەرانە دەگیریت و راستکردنەوەی کارە هەلە و ئەحکامە بیٚ بنەماکانی ئەرك کیشانی زۆری دەویت بە تایبەتی بۆ میللەتیکی وەکو ئیمە کە بەشی زۆری ئەکادیمی و قەلەم بە دەستەکانی وەکو تووتی قسەی بیٚبنەمای مامۆستاکانیان دەلینەوە. بەهەرحال شوینی ئەحمەدی خانی لە پەیوەستبوون بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە تەنیا لایەنیکی هەیە کە ئەویش کارکردنیەتی بە زمانی کوردی، بیگومان ئەوەش لە پیش ئەودا لە میژووی ئەدەبی کوردیدا سەری هەلداوە و کاری پیکراوە، هەرچەندە ئەم قسانەی ئیمە بە هیچ جۆریك لە شوینی بەرزی خانی وەکو شاعیر کەمناکاتەوە، بەلام شیواندنی شوینی ئەو شاعیرە لە لایەن هەندیٚ کەسەوە دەچیتە سنووری جەهالەتی ئەدەبیەوە.

شوینی نالی لە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردیدا ئەویش وەکو گوتمان تەنیا لەو روانگەیەوەیە کە بە کوردیەکی پاراو نووسیوویەتی، تەنانەت دیارترین شیعرەکانیشی کە تاکو ئیستا وەکو نموونە بۆ سەلماندنی شوینی ئەم شاعیرە لە سنووری گوتاری نەتەوایەتیدا دەهینریتەوە جگە لە پەیوەستبوون بە شوینەوە وەکو زیدو جیگای لە دایك بوون و ژیان ناتوانن ببنە سەلمینەری بوونی بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی، ئەو شیعرانەی نالی کە وەکو شیعری نەتەوەیی و نیشتمانی دەهینرینەوە لە سنووری

هەستیکی سادەی پەیوەستبوون بە شوین و کەس و کارەوە تیپەرناکات، هەمان شیوەی ئەو هەستەی پەیوەستبوونی مەولانا خالید کە لە دەلهییەوە بۆ سەرچنار و کانی و دیمەنەکانی دەنووسیت، هەمان شیوەی نامەکەی نالی بۆ سالم و لاواندنەوەی روخاندنی میرنشین و دیمەنەکانی سلیمانی شوینی ژیانی.. یان رووخاندنی میرنشینی بابان وەکو دەسەلاتی ئیداری و سیاسی شوینی ژیانی ئەم، کە ئەم لەو دەسەلاتە نزیك بووەو وەکو شاعیری ئەو دەسەلاتە دەرکەوتووە، تەنانەت من پیم وایە نالی شیعرەکەی بۆ مەستورەی ئەردەلانی لەسەر بنەمای ناکۆکی بابانەکان و ئەردەلانیەکان نووسیووە و بە مەبەستی رازی کردنی دەسەلاتی بابان بووە.. بیگومان نالی کە ئەوەندە نزیك بووبیت لەو دەسەلاتە، هەلبەت رووخاندنی ئەو دەسەلاتە بەشی ئەوە کاری لیدەکات کە نامەیەکی لەوجۆرە لە غەریبییەوە بۆ سالم بنووسیت.. بەلام ئەوەی لە رووی پرۆژەی نەتەوایەتییەوە گرنگە ئایا نالی چەندێ بەشداری لە بنیادنانی بنەماکانی گوتاری نەتەوەیی کورددا کردووە؟ هەلبەت پەیوەست نەبوونی نالی بە شیوەیەکی ئاشکرا بە گوتاری نەتەوەیی کوردەوە هیچ لە پلەو پایەی داهینانی نالی کەم ناکاتەوە.. چونکە لە رووی زانستی لیکدانەوەی زەمینە و بنەماکانی سەرهەلدانی هەستی نەتەوەیی و دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمەوە نە لە قۆناغی ئەحمەدی خانی و نە لە قۆناغی نالیدا هەست و هۆشیاری نەتەوەیی یان بە زاراوەیەکی تر ناسیۆنالیزم نەك لە کوردستانی دواکەوتووی خیلایەتی قۆناغی شوانکاری و گەرمیان و کویستان و ژیانی کشتوکالیدا سەری هەلنەداوە بەلکو لە ولاتانی دەوروبەری کوردستانیشدا ناسیۆنالیزم دەرنەکەوتووە، ئیتر بە چ پیوانەیەك و بە چ لیکدانەوەیەك دەشێ شاعیرانی وەکو خانی و نالی کە جیاوازی میژووش لە نیوانیاندا هەیە بە رابەری فیکری نەتەوەیی کوردی دابنرین؟ ناسیۆنالیزم بەرهەمی مۆدیرنیتەیە واتە بەرهەمی شۆرشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا.. ئایا نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤدەو نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە کام قۆناغی ژیانی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا ئامادەبوونی هەبووە؟ دەشێ هەندێ جار تاکەکەس پیش قۆناغی میژوویی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی بکەویت بەلام ئەوەش لەبەر ئەوەی زەمینەی مادی نییە ناتوانیت بنەمای گوتاریکی ئاشکرا نەخشە بکیشیت،

بەلكو لە سنووری ئاماژەی لاواز تێپەر ناكات كە ئەوەی خانی و نالی لەو حالەتە زیاتر نی‌یە، حالەتی هەستێكی سادەی دیسپلین نەكراو. بەلام لە رووی كاركردنیانەوە لەنێو زمانی كوردیدا و پەیوەست بوون بە هەندێ دیمەنی سروشت و شوێنی كوردستانەوە و كاركردنیش لەسەر ئەفسانەی كوردی یان هەندێ رەمزو هێمای كوردی بە سادەیی دەتوانین وەكو حالەتێك دایان بنێین كە لە یەك كاتدا ویستوویانە گوتاری كوردی لە سنووری گوتاری ئیسلامدا جێگا بكەنەوە كە ئەوەش لە رووی پرۆژەی نەتەوەیی كوردەوە نە لە رابردوودا هەلی بۆ رەخساوە نە لە ئێستا و نە لە ئاییندەشدا ئەو هەلە دەرەخسێ چونكە گوتاری كوردی هەتا دابرانی تەواوەتی لە گوتارە تێكشكێنەرەكانی خۆی نەكات ناشێت بگاتە ئاستی پێكهاتن، ئەم قسەیە مانای ئەوە نی‌یە كە كورد ئیسلامی قبولە یان نا، بەلكو بە پێچەوانەوە ئیسلام وەكو پەیامێكی ئاسمانی و پەیامێكی رۆحی ئەوە ئازادە لە جێگا كردنەوەو سەلماندنی خۆی، بەلام كاتێ دەبێتە گوتارێكی شمولی و دەیەوێت هەموو ئەوانی غەیری عەرەب لەنێو خۆیداو لە نێو كەلتووری عەرەبیدا بەناوی گوتاری یەكبوونەوە بتوێنێتەوە، ئەوا ئەوسا دەبێتە پرۆژەی سڕینەوەی ناسنامە جیاوازەكان، واتە لەو حالەتەشدا جێگایەك بۆ پرۆژەی كوردبوون نامێنێتەوە، هەر لێرەوەیە كە ناشێت ئەو ئەدیبانەی كە پێیان وابووە كورد و ئیسلام پێكەوە كۆبكەنەوە بەهەلگری گوتاری نەتەوەیی كوردی دابنرێن. كە بێگومان هەتا ئەزموونی حاجی قادری كۆیی شاعیرانی كورد تەنانەت ئەوانەشی كە وەكو ئەحمەدی خانی و نالی وا دەركەوتوون كە پەیوەست بن بە مەسەلەی نەتەوایەتی كوردەوە بەو ئاراستەیە كاریان كردووە كە گوتاری كوردی و گوتاری شمولی ئیسلام پێكەوە كۆبكەنەوە كە ئەوەش كارێكی بێبەرهەم بووە لە مێژووی كەلتووری و تەنانەت سیاسی و كۆمەلایەتی كوردیشدا و هەمیشە زەمینەی بۆ گوتاری خۆبەدەستەوەدان و موغازەلە و شكست لەلای كورد ئامادەكردووە.. كە ئەوەش جۆرێك لە بێ ئومێدبوونی لای كورد دروست كردووە.. هەتا ئەزموونی حاجی قادر كە لەویوە بێئومێدبوون دەگۆرێت بە گەشبینی و بنەماكانی گوتاری نەتەوەیی بەهێزتر دەبێت.

ئەزموونی شیعری حاجی قادر ئەزموونیکی پەیوەستترە بە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردییەوە لەو روانگەیەوە هەم حاجی قادر خۆی هەستی نەتەوایەتی و هوشیاری نەتەوایەتی هەبووە، هەم قۆناغە میژووییەکەی ژیانی حاجی ئەو قۆناغە بووە کە سەرەتای هەست و هوشیاری نەتەوەیی لەلای نەتەوەکانی دەوروبەری کوردستان روو لە دەرکەوتن بووە. حاجی لە ئەنجامی مانەوەی لە تورکیاو تیکەلاوبوونی ژیانی ئەو ولاتە لە سەردەمی روو لە دارمانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەرهەلدانی ناسیۆنالیزمی تورکیدا و هەم تیکەلاوبوونی بنەمالەی بەدرخانییەکان کە زیاتر تیکەلاوی ژیانی ئەوروپا بوون و ئاگاداری مەسەلەی سەرهەلدانی داوا نەتەوەیی و دیموکراتیەکان بوون.. ئەمیش کاری لیکراوە و ئەوەش لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە و ناوەرۆکیکی بە چەمکی کۆنی رەخنەیی نەتەوەیی بەخشیووە بە شیعرەکانی و گوتاری نەتەوەیی گوتاری دیاری ئەزموونی شیعری حاجی قادرە، ئەگەرچی هەندێ جار شیعری ئەم شاعیرە نزیك بووەتەوە لە قسەی ئاسایی و ئامۆژگاری و رینمایی کردن و شیعریەت تیایدا لە ئاستیکی لاوازدایە، بەلام هەولیداوە خۆی بە کیشەی کوردەوە خەریك بکات و ئەوەشی زۆرجار بە زمانیکی سادە دەربریووەو، حاجی لە هەلویستیکی رەخنەگرانەوە دەست پیدەکات کە ئەوەش دەرئەنجامی پەیبردنیەتی بە باری شکست و لەسەر ئەو بنەمایەش لە دوای رەگەزەکانی بنیادنانەوەی ئەو کەسیتە تیکشکاوەی کورد دەگەریت و رینمایی کورد دەکات ئامراز و چەکەکانی سەردەم پەیدابکەن و یەکیتی و یەکبوون لەنیو خۆیاندا دروست بکەن.. هەتا بگەنە ئاستی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەولەتی کوردی.

لیرەوە دەردەکەویت کە پرۆژەی حاجی جیاکردنەوەی گوتاری نەتەوەیی کوردە لە گوتاری شمولی ئیسلامی و لە گوتاری عەرەب و تورك و فارس، واتە پرۆژەی حاجی قادر پرۆژەی گەرانەوەیە بۆ نیو جەستەی کوردیو هینانە دواندنی رەگەزەکانی ئەو جەستەیەیە بەمەبەستی بنیادنانی پرۆژەی خۆ دروستکردنەوەو خۆسەلماندن.

لە ئەزموونی شیعری حاجیداو لە پشتی دەقەکانیەوە یەقینیك ئامادەیە کە یەقینی گەیشتنە بە ئایندەی گەش، هەندێ جار ئەو یەقینە دەگاتە ئاستی دیار و

گوتراوو زۆربەی کاتیش لە ئاستی نەگوتراو و نادیاردا دەمینیتەوە، ئەو یەقینـەش لەو روانینـەوە سـەرچاوە دەگریـت کـە بروابـوون بـە گەیشتنی کـورد بــە ئامانجـەکانی لـە پشتی‌یەوە راوەسـتاوە. ئـەم حالەتـەش لـە قۆناغـەکانی دواتـری شـیعری کوردیـدا بـە ئاشکراتر دەردەکەویت، بە تایبەتی لە ئەزموونی پیرەمیرد و بیکەس و دلدارو دلزار و بەختیار زیـوەر و.. کامـەران و دیـلان.. دا کـە گوتـاری ئـەم شـاعیرانە لەسـەر بنـەمای یـەقینیکی ئامـادە بەرهـەم هـاتووە کـە ئـەویش یـەقینی رەتکردنـەوەی کـەلتووری تیکشـکینەری کـەلتووری کـوردی و لـە هـەمان کـاتدا یـەقینی بروابـوون بـە خۆدروستکردنەوەو خۆبنیادنانەوەیە لە سرودی "ئەی رەقیب هـەر مـاوە قـەومی کـورد زمـان" یـان "ئـەم رۆژی سـالی تازەیـە نـەورۆزە هاتـەوە".. تـاد بنـەماکانی گوتـاری رەتکردنـەوەی پرۆسـەکانی تیکشـکاندن بـە ئاشـکرا دەردەکـەویت و لـە پشـتی ئـەو رەتکردنەوەشەوە ئومیدی بنیادنانەوە راوەستاوە.

لە بەرامبەر یـەقینی ئاشکرای بروابـوون بـە گەیشـتن بـە میـژووی بنیادنانـەوە لـە حاجی‌یەوە بۆ ئەزموونی شیرکۆ، هاوکات لەگەڵ ئەزموونی حاجی‌دا ئـەزموونی پـر لـە گومان و پر لە تیرامان و پر لە پرسیاری کراوەی مەحوی هەیە، کە ئـەو واتـە مـەحوی لە سنووریکدا کاردەکات تـەنیا ئـەوەندە پـەیوەندی بـە کوردەوە هەیـە کـە بـە زمـانی کوردی دەنووسیت و هیچ بنەمایەکی نەتەوەیی تەنانەت وەکو رەمزو هیما و دەلالاتیش لـە شیعرەکانیدا نـابینریت، حالـەتی گومانگـەرایی مـەحوی لـە دوای خۆیـەوە دریـژەی هەیە لە ئەزموونی شیعری گۆراندا، گۆران لە ئەزموونی خۆیدا لە هەمان خالی گومانی مەحوی‌یەوە دەست پیدەکات و بە دوای یەقین دا دەگـەریت، ئـەزموونی شـیعری گۆران ئــەزموونی دەرەوەی یــەقین و دەرەوەی گوتاریکــە کــە پــەیوەندی بــە سیاســەت و کوردایەتیەوە هەبیت، کاتێ دەگات بـەو یەقینـە، ئیـتر پانتاییـەك بۆ بەرهـەم هینـانی شـیعریەت نامینیتـەوەو شاعیریتی گۆران کۆتـایی پیدیـت، واتـە گـۆران کاتێ دەیـەویت بەشداری بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کوردی بکات لە ریگای بەرهەمـهینانی شـیعرەوە، ئەوا شیعریەت لەلای ئەو هەرەس دەهینیت، کەواتە لیرەشەوە دەتوانین بلیـین زۆرجـار پەیوەسـتبوون بـە مەســەلەی نەتەوایەتیـەوە توانـای داهینـانی لای شـاعیرانی کـورد

کوشتووە چونکە خۆیان لە پانتاییەکی ناشیعریدا خەریك کردووەو نەیانتوانیووە لەو بوارەشدا شیعریەت بەرهەم بهێنن.. دیارە گۆران هەموو شیعرە سیاسیەکانی چ شیعرە نەتەوەییەکانی و چ شیعرە چینایەتیەکانی کە بەکاریگەری ئایدیۆلۆژیای چەپ نووسیوونی بەهای شیعرییان نییە و لە گەورەیی و دەولەمەندی ئەزموونی ئەم شاعیرەی ئێمەیان کەم کردۆتەوە، بە پێچەوانەی ئەو را ئیفلیجەوە کە پێی وایە گەورەیی گۆران لەبەر ئەوەیە کە شیوعی بووە.

پەیوەستبوون بە مەسەلەی نەتەوایەتیەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ دواوە، زیاتر بە دەرئەنجامی سەرهەلدانی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کورد دادەنرێت، بۆیە زۆربەی شاعیرانی کورد لە سەدەی بیستدا بە راست و چەپیانەوە کەم تا زۆر لە سنووری گوتاری نەتەوەییدا کاریان کردووە، بەلاّم هەندێکیان تەنیا لە شێوەی دروشمدا ئەوەیان ئەنجامداوە. بەلای منەوە کارکردنی شاعیرێکی وەکو گۆران لە سنووری گوتاری نەتەوەیی کوردیدا لەو شیعرە سیاسیە نەتەوەییانەدا نادۆزرێتەوە کە لە رووی شیعریەتەوە لاوازن، بەلکو شوێنی گۆران لە بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی کوردیدا لە رووی ئەو گەرانەوەیە کە دوای ماوەیەکی مێژوویی دوورو درێژی بەکارهێنانی کێشەکانی شیعری عەرەبی و پشت کردن لە کێشەکانی فۆلکلۆری کوردی و بەکارهێنانی زمانێکی کوردی ناپوخت گۆران دەگەرێتەوە بۆ بەکارهێنانی کێشەکانی فۆلکلۆری کوردی و بەکارهێنانی زمانی کوردی پاراو. هەلبەت هەمان خال بۆ پەیوەستبوونی (مەولەوی)یش بە گوتاری کوردییەوە جێگای لێدوانە چونکە مەولەویش هەرچەندە لە دوای شاعیرانی بابان دێت بەلاّم زیاتر دەگەرێتەوە بۆ نێو کێشە کوردییەکان و بۆ نێو ئیشراقی زەردەشتی و رۆژهەلاّتی کە ئیلهام بەخشی ئەو ئیشراقەش جوانی و رەسەنایەتی و مانەوەی پاشماوە کەلتوورییەکانی کوردە لە هەوراماندا کە کاریگەری کەلتووری ئیسلامی و عەرەبی و فارسی و تورکی نەیانتوانیووە رەسەنایەتی کوردی تێدا بسرنەوە.

دیارترین ئەزموونی شیعری کە لە دوای حاجی قادری کۆیی پەیوەستبوونی ئەنتۆلۆژیانەی خۆی بە گوتاری نەتەوەیی کوردییەوە خستبێتە فۆرمێکەوە کە مرۆڤ

و سروشت و میژووی کورد ڕەگەزەکانی بنیادنانی بن و گوتاری کوردی پیکبهینن ئەزموونی شیعری شیرکۆیە ، کە لەپال ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرەشدا ئەنوەر قادرو ڕەفیق سابیریش بە هەمان ئاراستە ئیشیان کردووە ئەگەرچی ئامادەبوونی زیاتری شیرکۆ ئەوانی شاردۆتەوە.

گوتاری نەتەوەیی کوردی کە گوتاریکی خاوەن سیما و بنەمایەکی پشتبەستوو بە ڕەگەزە نەتەوەییەکانی کورد بیت و لە مەودایەکی قولدا کاربکات و لە خویندنەوەی ڕابردووی شکستەوە هەولی بنیادنانەوەی کەسیتی کوردی بدات و بۆ ئەو مەبەستەش لەسەر بنەمای هەمان یەقینی حاجی قادری کۆیی بۆ بە دەست هینانی ئایندە، هەموو ڕەگەزە کوردییەکان لە سروشت و مرۆڤ و ئەفسانەو فانتازیاو میژووی کورد بخاتە دواندن و بیانکاتە ڕەگەزی بەرهەم هینانی گوتاری نەتەوەیی کوردی کە پیشتر ئیمە بە گوتاری مانەوە ناومان بردووە، ئەو گوتارەیە کە شیرکۆ لە ئەزموونی شیعری خۆیدا بەرهەمی هیناوەو.. ئەزموونی هەندێ لە شاعیرانی تری نەوەی شیرکۆش لە هەمان بواردا کاریان کردووە بە تایبەتی ڕەفیق و ئەنوەر.. جیاوازی کارکردنی ئەم سێ شاعیرە بە لەبەرچاوگرتنی ئاستی جیاوازی ئامادەبوون و ئاستی بەرهەم هینانیانەوە گوتاریك بەرهەم دەهینن کە گەرانەوەیەکی تەواوەتیە بۆ نیو جەستەی نەتەوەیی کورد و دابرانی تەواوەتی دەکەن لەگەڵ کەلتووری داگیرکەران و پرۆژەی بنیادنانەوەی کەسیتی کوردی لە دەرەوەی دەسەلاتی کەلتووری داگیرکەراندا دادەنین، کە ئەم گوتارە زۆر پیشی گوتاری سیاسی و نەتەوەیی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی کەوتووە لە کاتیکدا گوتاری شیعری شیرکۆ و هاوریکانی هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ کەلتووری داگیرکەرانی کوردستان لە ڕابردووەوە بۆ ئیستا ڕەتدەکەنەوە.. هیشتا بزوتنەوەی سیاسی کوردی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە توانای ئەوەی هەبیت گوتاری نەتەوەیی بەرهەم هاتوو لە ئەزموونی شیعری شیرکۆو هاوریکانیدا بکاتە ڕۆحی ستراتیژ و بەرنامەی کارکردنی.. کە لیرەشەوە دەشێ پرسیاری جدی سەبارەت بە ناسنامە و ماهیەتی ناسیۆنالیزمی کوردی سەرهەلبدات و بەم شیوەیە خۆی بخاتەروو ئایا ناسیۆنالیزمی کوردی تا چەندێ هەلگری پرۆژەی نەتەوایەتی کوردیـیە؟ ئەو پرۆژەی

كە دەیـەویت بـە دابـران لـە کـەلتووری ئیسلامی کـە کـەلتووری یەکـەمی تیکشکینەری کەلتووری کوردی‌یە بنیادی خۆی بنیت، ئەو پرۆژەی کە دەیـەویت خـۆی لـە دەسـەلاتی کـەلتووره داگیرکـەرەکانی عـــەرەب و تـــورك و فـــارس رزگاربکـــات و بینـــای کەســـیتیکی سەربەخۆو خاوەن ناسنامە بۆ خۆی بکات.. واتـە ئـەو پـرۆژەی کـە لـە گوتـاری شـیعری شیرکۆ و هاوریکانیدا هیلە ئاشکراکانی کیشراوە.

سلیمانی

سەرەتای مانگی کانونی یەکەمی ٢٠٠١

## به دوای شیعردا
## له نیوان وەهمی تازەگەری و واقیعیەتی تەقلیددا

تۆدۆرۆف لای وایە ئەدەب بریتییە لە سیستەمێك لە ئاماژە و بە هۆی بنیادی زمانەوە بنیاد دەنرێت و لە پلەی دووەمدا ئەدەب سیستەمێكی دەلالییە[1]. ئێمە لەم روانگەیەوە لە ئەدەب دەروانین و پێشمان وایە هەر دەقێكی ئەدەبی نەگاتە ئاستی پێكهێنانی ئەو سیستەمە دەلالییە نابێتە دەقێكی زیندوو، ئەم پێودانگە گشتییە بۆ ئەدەب بەسەر شیعریشدا پراكتیك دەكرێت. لە درێژەی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت دەربارەی قەیرانی داهێنان بدوێین لە شیعری كوردیداو لە روانگەی خستنە رووی كۆمەڵی چەمكەوە لەسەر ئەو قەیرانە ئاخاوتن بكەین. هەروەها قسە لەسەر شیعر بكەین وەكو رەگەزێك كە پانتاییەكی فراوانی لە رۆشنبیریی كوردیدا داگیركردووە و بە جۆرێك كە دەشێ رۆشنبیریی كوردی بە رۆشنبیری شیعری ناوببەین.

مەبەستی ئەم لێكۆڵینەوەیەش نە لێدانی هیچ كەسێكە، نە هەوڵدانیشە بۆ گەورەكردنی هیچ كەسێكی تر، بەڵكو ئەوەی لێرەدا دەیخەمە روو بەشێكە لە روانین و لێكدانەوەی من بۆ شیعری كوردی. بەهەرحاڵ دەشێ لێرەدا پێویستمان بە هێنانەوەی بەڵگە لە دەقی شیعری ئەو شاعیرانە هەبێت كە ئاخاوتن دەكرین، بەڵام ئەم باسە لە خۆیدا وەكو دەرئەنجامی ئەو كارە پراكتیكیانە وایە كە لەسەر بەرهەمی شاعیران لە رابردوودا ئەنجامما ن داون. بۆیە لێرەدا ناگەرێمەوە بۆ هێنانەوەی بەڵگەی شیعری بە قەد ئەوەی كە تێروانینی خۆم و تێگەیشتنی خۆم لەسەر ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرانە دیاری دەكەم.

مەبەستی ئەم لێكۆڵینەوەیە بەلاوە نانی شیعر نییە بەڵكو ئاخاوتنە لەسەر قەیرانێك كە جەستەی شیعری كوردی گرتۆتەوە. ئەمە سەرباری بڕوابوون بەوەی كە هەندێ هەوڵی باش هەیە لە شیعری نوێی كوردیداو دەبێ ئەوەش بزانین كە كەسانێك هەن دەقێ یان لە دەقی زیاتری جوانیان پێشكەش كردووە، بەڵام بە دەق و دووان شاعیر یان چیرۆكنووس نابێتە دەنگ، لە كاتێكدا جیهانبینی هاوبەشیش لە نێوان ئەو

دەقانەدا هەیەو زۆربەشیان لە بابەتیك دەدوین کە پیشتر زۆری لە بارەوە گوتراوە. قسەکردن لەبارەی چەمکی شیعرەوە قسەی زۆر هەلدەگریت. بۆیە لە دوای ئەم پیشەکیە دەچینە سەر باسەکەمان:

هەر لە سەردەمی ئەرستۆوە کە کتیبەکەی بە ناوی (هونەری شیعر) ناوناوە چەندین پیناسەی نزیك لە یەکتر بۆ شیعر کراوە، بەلام رەنگە لە شوینی خۆیدا بیت کە بلیین تاکو ئیستا پیناسەیەکی وردو گشتگر کە بتوانیت ئەو رەگەزە ئەدەبیە پیناسە بکات و ببیت بە پیوانەیەکی جیگیر بەرچاو ناکەویت کەواتە هەموو پیناسەکان دەبێ لە روانگەیەکی ریژەییەوە پیناسەی شیعر بکەن، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نویترین پیناسەی شیعر کە بووە بە جیگای لیدوان و لە رۆشنبیری رۆژئاوادا جیگای گرتووە، بریتی‌یە لەو پیناسەی کە جەیمس پیکەرینگ و جیفری هۆپەر بۆ شیعریان کردووەو سالی ١٩٨١ بلاوکردۆتەوە و تیایدا دەلیین: شیعریش وەکو هەموو هونەرەکانی تری ئەدەب هەولدەدات وەلامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر بە دنیای دەوروبەری بگەیەنیت. شیعر بریتی‌یە لەوەی کە شاعیر هەستی پیدەکات و شعوری پیێ دەشکێ و وەکو پیویستیش مەرج نییە دەربرینی حەقیقەتە زانراوەکان بیت، شیعریش وەکو زانست پشت بە تیبینی کردنی ورد دەبەستیت بەلام بە پیچەوانەوەی زانستەوە شیعر بەراوردی ئەو دیاردە جۆراوجۆرانە دەکات کە زانست وەکو دیاردەی پیکەوە بەستراو و پەیوەست بە یەکتر سەیریان دەکات[٢]. لەم پیناسەیەوە دەردەکەویت کە شیعر هۆکاریکە بۆ گەیاندنی هەستی وروژاوی شاعیر بە دنیای دەرەوەی خۆی، بە واتا شیعر لە نیوان خودی شاعیر و دەرەوەیدا پردیك دروست دەکات بۆ گواستنەوەی هەست و سۆزی وروژاو، لیرەوە شیعر دەبیتە پراکتیکی دەروونی یان غەریزی کە ئەوەش دەتوانریت بە زاراوەی خالی کردنەوە ناودیر بکریت، ئامانجی پرۆسەی خالی‌بوونەوەش لە گەوهەردا پاکژبوونەوەیە.

پاکژبوونەوەش لە حالەتی بوونی ناوەندیك بەرامبەر بە خودی شاعیر دروست دەبیت کە دەتوانین بە وەرگر (متلقی) ناوی ببەین و لە رەخنەی کلاسیکیشدا پیێ دەوتریت کۆمەل یان جەماوەری خوینەر.

بەڵام سەرباری ئەوەی کە شیعر وەڵامدانەوەی هەڵچوونی شاعیرە لە هەمان کاتدا وەڵامدانەوەی فەلسەفیانەی شاعیریشە بۆ دنیای دەرەوەی خۆی. کەواتە لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەویت کە دوو رەگەز لە بنیادنانی شیعردا بەشدارن کە بریتین لە وەڵامدانەوەی هەڵچوون و فەلسەفیانەی شاعیر. دیارە سەرچاوەی هەڵچوون سۆز و عاتیفەیە، هەروەك سەرچاوەی وەڵامدانەوەی فەلسەفیانەش عەقل و فیکرە. کەواتە لێرەوە ئاشکرا دەبێت کە شیعر پەیوەستی دوو حاڵەتی ئامادەیە لە کەسیەتی بەرهەمهێنەرەکەیدا ئەوانیش (عاتیفە و عەقل)ن. جاریکی تر دەگەینەوە ئەو بۆچوونەی بڵێین کەواتە شیعر بێ بوونی ئەو دوو رەگەزە بەرهەم نایەت. دیارە ئەوەش ئاشکرایە کە پەروەردە کردنی هەست دەوریکی گرنگ دەبینیت بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت کە ئەوەش دەشی بە شارەزایی و سەردەرچوون و پەی بردن بە نهێنیەکانی شیعریەت لیك بدریتەوە. شارەزایی و سەردەرچوونێك کە بەردەوام بەرهەمهێنی شیعر لەبەردەم ئەزموونندا دەبینیتەوە بە مەبەستی بەشداری کردن لە پرۆژەی تازەگەریدا نەك وەهمی تازەگەری بە چەمکی ئەدۆنیسیانە. ئەم بەردەوام بوونەش لە ریگای ئەزمووندا هەموو تیروانینێکی جیگیر رەت دەکاتەوە، هەموو مانا جیگیرەکان نەفی دەکات چونکە تیروانینی جیگیر بەڵگەی بروابوونە بە حەقیقەتی جیگیر، دیارە لە پرۆژەی تازەگەریدا هیچ حەقیقەتیکی جیگیر نیە، بەڵکو تازەگەری بریتیە لە پرۆسەی رەتکردنەوەی هەموو ماناکانی پیشتر بە مەبەستی دۆزینەوەی مانای نوێ، لە هەر ساتەوەختیکی میژوویدا هەوڵدانە بۆ جێهیشتنی ئەو زەمەنەی تییدایە بە مەبەستی گەیشتن بە زەمەنیکی تر، تازەگەری لە زەمەنی ئیستای وەستاودا پیناسەی نیە. ئەوە میژووە دەتوانیت لە زەمەنی ئیستادا بیخوینیتەوە، تازەگەری پابەندی کات نیە بەڵکو هەمیشە جوڵەی بەرەو ئایندەیە. ئا لیرەوە ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات لە شیعری نوێی کوردیدا چەند خاوەن ئەزموونی وەها بەردەوام هەیە؟ کامانەن ئەوانەی کە هەموو ماناکانی پیشتر رەت دەکەنەوە و لە دوای مانای نوێ دەگەرین؟ کامانەن ئەوانەی ئەزموونەکانی پیشتر رەت دەکەنەوە و بۆ خۆیان لە دوای ئەزموونی نوێ دەگەرین؟ تەنانەت لە شاعیرە دیارەکانیش کامانەیان لەسەر مەجدی

رابردوویان ناژین، ئایا هەریەکە لەو داهینەرانەی کە لە قۆناغیکی ژیانیاندا داهینانیان کردووە و ئیستا لە ژیاندا ماون هەر لەسەر مەجدی ئەو رابردووە شانیان دانەداوە؟ بۆ نموونە با سەرنجی ئیستای ئەحمەد هەردی و لەتیف هەلمەت و ئەنوەر قادر و تەنانەت محەمەد عومەر عوسمانیش بدەین، ئایا ئامادەبوونی ئەم شاعیرانە لەسەر ئەزموونی ئیستایانە یان لەسەر ئەو بەرهەمانەی کە لە رابردوودا ناویکی بۆ دروست کردوون؟ بەلی نەتوانینی رۆیشتن لەگەڵ کاتدا واتە کشانەوە لە جولەی بەرەو پیشەوە چووی پرۆژەیەك کە ئەویش پرۆژەی تازەگەرییە. بە پیچەوانەی ئەم شاعیرانەی کە توانای بەردەوامبوونیان نەبوو، شاعیرانی تری وەکو شیرکۆ و رەفیق سابیر لە پرۆسەی داهیناندا بەردەوامن، گەرچی ئەمانیش هەر لە سەرەتای ئەزموونی شیعرییانەوە لە هەلویستی تازەگەریدا نەبوون و لەگەڵ واقیعی باویش ناتەبا نەبوون و لە کردەی رەتکردنەوەی ماناکانی ئیستادا نەبوون و نەشیانتوانیووە بەردەوام لە دوای مانای نویٚ بگەرین، شیوازی نویٚ بنیادبنین. بە واتا لە رووی جیهانبینییەوە شیرکۆ و رەفیق لە حالەتیکی جیگیردان، لە سنووریکی داخراودا ئیش دەکەن کە ئەویش سنووری گوتاری مانەوەیە لە ئەدەبی کوردیدا[٣]. کەواتە لە رووی پرۆسەی تازەگەرییەوە ناتوانین ئامادەبوونی ئیستای ئەم دوو شاعیرەش بە تازەگەری دانیین. رەنگە یەکیك بە وەلام بیت و بلیت ئەی ئەم ئەزموونانەی دوایی شیرکۆ؟ بەلام دەبیٚ ئەوەمان لا ئاشکرا بیت کە شیرکۆ لەم بەرهەمانەی دوایشدا هەر هەمان گوتار بنیاد دەنیتەوە، ئەگەر هەندیٚ خەسلەتی گوتاری شکستیش بەرچاو بکەویت ئەوە کاریگەری ئەزموونی گوناهو کەرنەڤالە لەسەر شیرکۆ رەنگی داوەتەوە، چونکە شیرکۆش زیاتر لە سەلیقە و ئیحساس شیعر دەنووسیت و باك گراوندیکی فیکری باشی نییە. دایڤد لۆج دەلیت: شیعر دەربرینی جۆریك لە تەوقع کردنە، واتە پیشبینی کە توانای کیش کردن و کۆنترۆلکردنی خوینەری هەیە[٤]. کەواتە شیعر ئیحایەکی ئەوتۆ بەرەو ئایندە نیشان دەدات کە خوینەر پیشتر درکی بەو ئیحایە نەکردووە. هەر لەبەرئەوە بە دوایدا کیش دەبیت کە دەشیت ئەو ئاماژە چاوەروان کراوە لەگەڵ خۆیدا جۆریك لە چیژ یان مەعریفەت پیشکەش بکات[٥]. کە راستەوخۆ دەلالەتی دابران دروستکردن لە پیش

خۆیشی نیشان دەدات. لەوەیدا کە خوینەر لەو حالەتەی کە ئیستا تیایدایە پەرت دەکات و بەرەو حالەتیکی تاکو ئیستا پەی پێ نەبراوی دەبات. باشە کامانەن ئەو دەنگە شیعرییانەی کە لە میژووی شیعری کوردیدا توانی (دابران) دروستکردنیان لەگەڵ ئەزموونی پیش خۆیاندا هەبووە؟

جۆن ئاشبیری دەلیت: بە تیروانینی من ئەو شیعرەی کە شتیك دەلیت پیش ئەو خوینەر ئەو شتە دەزانیت (چیژ بیت یان مەعریفەت) ئەوە لەراستیدا ئەو جۆرە شیعرە هیچ نادات بە خوینەر و لە رووی حسی و مەعریفیشەوە داهینان نییە و لەراستیشدا هیچ بەهایەکی نییە[٦]. جارێ نامانەویت لە رووی شیعریەت و بنیادی زمانەوە بدویین، بەلام لیرەدا بۆمان دەردەکەویت کە شیعر بەر لە هەموو شتێ دەبێ جیهانبینییەکی نوێی هەلگرتبیت، ئەگەرچی لەو راستییە ئاگادارین کە بە بۆچوونی بارت: شیعر بریتیە لە شیوە. شیوەکارانی روسیش بەر لە بارت و چۆمسکی هەمان بۆچوونیان خستۆتە روو[٧]. هەر لەم بارەیەوە بلومفیلدی زانای زمان دەلیت: هەموو تیکستیکی ئەدەبی بریتییە لە سیستەمیکی ریکخراو لە زمان[٨]. بە پێی گوتەکەی جۆن ئاشبیری دەبێ هەر دەقیکی شیعری یان جۆریك لە چیژ یان جۆریك لە مەعریفەت بەرهەم بهینیت. باشە کامانەن ئەو ئەزموونە شیعرییانە لە میژووی شیعری کوردیدا توانای ئەوەیان هەبووە؟ کامانەن ئەو ئەزموونە شیعرییانەی کە توانیوویانە شتیکی نوێ بە خوینەر بلیین، یان پەنجە لەسەر بابەتیکی گرنگی ئینسانی دابنین؟

سادەترین پیناسە بۆ تازەگەری لە هەر قۆناغیکی میژوویدا بیگریت بریتییە لە کارکردن لە بواری نامەئلوفدا، بەلام شیعری نوێی کوردی جگە لە ئەزموونە دیارەکان هەر لە سنووری مەئلوفدا گیری خواردووە و دەرناچیت، باشترین حالەتی ئیشکردنی چەند شاعیریکی وەکو (شیرکۆ و ئەنوەر قادر و لەتیف و رەفیق)ە لەنیو میژوودایە، لەنیو پانتاییەکدایە کە توانای بەرهەم هینانی شیعریەتیان تیایدا هەیە. هەر لەبەر ئەمەش ئەم شاعیرانە بە پیچەوانەی هاوچەرخەکانیانەوە زیاتر دیارن و ریزیشیان لیگیراوە چونکە لە شیعردا ئەرکی میژوویی جێبەجێ دەکەن کە ئەویش بنیادنانی

گوتاری مانەوەی کوردیيە کە ئەويش گوتاريکی دەستەجەمیيە و تاکو ئيستاش دريژکراوەی ئەزموونی نالیيە بەلام بە فۆرميکی جياواز، بە بينايەکی زمانی جياوازەوە. ديارە ئەم گوتارە ميژوو دەدوينێ و لەسەر بنەمای روانينە ميژووی کورد بنياد دەنريت کە ئەويش حالەتيکی مەئلوفە چونکە ئەوەی گوتاری مانەوە لە ئەزموونی شيرکۆ و هاوەلەکانيدا لە هەولی بنيادنان و فۆرمەلە کردنيدان. سەرەتا کەی ئەحمەدی خانی بە لاوازی و پاشان نالی بنيادی ناوە. ئەم ئەزموونەش لە ميژووی بزوتنەوەی کورددا شيخ عوبەيدوڵای نەهری بەر لە سەدەيەك بانگەوازی بۆ کردووە و شۆرشيشی بۆ بەرپاکردووە. ئەوەی بۆ ئەم شاعيرانەی کورد کە بە خاوەنی دەنگيش دادەنرين دەمينيتەوە ئەوەيە توانای بەرهەم هينانی شيعريان لەو بوارەدا هەبووە کە بۆ خۆی بواريکی تەنکاوە هەروەك ئاشکرايە لە دواندنی ميژوودا شيعر ناتوانيت شتيکی نويمان بداتێ بەلکو رابردوومان بۆ دەگەريتەوە کە لەوەشدا شتيکی نويمان فيرناکات، لەم روانگەيەشەوە دەتوانين بلين: ميژوو تەنها گيرانەوەی رابردوو و مەگەر تەنها دەربارەی ئەزموونەکانی رابردوو ئاگادارمان بکات ئەگينا شتيکی نويمان فيرناکات، باشە گريمان ئەو چەند شاعيرە ميژوويان خستەوە بەرچاوی ئيمە بەو هيوايەی برينەکانمان بکولينەوە و لە ئەنجامی ئەوەدا هەولی خۆ دروست کردنەوە بدەين کە ئەوەش زياتر ئەرکی خودی ميژوو خۆی و کۆمەلناسی و سياسەتەو لە وەزيفەی شيعر دووردەکەويتەوە، گريمان ئەوەش راستە کە ميژووی کورد بە حوکمی هۆکاری سياسی وەهای بەسەر هاتووە و دەبێ خەمی هەموو مرۆڤيکی کورد دروستکردنەوەی ئەو کەسيەتەو بنيادنانی قەوارە بيت بۆ کورد، باشە کامانەن ئەو دەنگانەی جگە لەو چەند ناوە کە توانيوويانە لەو بوارەدا شيعريەت بەرهەم بهينن؟

ئەزموونی شيعری نالی و مەحوی و گۆران ئەزموونی تازەگەری بەردەوامن، گەرچی لە رووی ميژووييەوە بکەونە پيش ساتەوەختی قسەکردنی ئيمەوە، ئەويش لەو روانگەيەوە کە گەيشتوونەتە ئاستيکی بالا لە جيهانبينی کە دەشێ بە جيهانبينی (گەردوونی) ناودير بکرين. جيهانبينیيەك کە لە دەوری کيشەکانی بوون و گەوهەری ئيستاتيکا و حەقيقەتە ئينسانيە قولەکان دەگەريت، واتە لە سنووری داخراوی

جیهانبینی تەسکی نیو پانتاییەکی جوگرافی داخراو تیپەربوون، سەرباری دۆزینەوەی بەردەوامی ئەزموون لە بەرهەمی شیعری ئەم شاعیرانەدا بە مەبەستی رامکردنی مانای نویَ. جگە لە بنیادنانی گوتاری (مانەوە) کە نالی رابەرەکەیەتی وەك شاعیر کە تاکو ئیستاش شاعیرانی خاوەن دەنگی کورد هەر ئەو گوتارەی نالی تەواو دەکەن، جگە لە چەند حالەتیکی کەم نەبیت. لە دوای ئەزموونی گۆرانەوە شاعیرانی وەکو هەردی و محەمەد عومەر عوسمان خاوەنی ئەو جیهانبینییە گەردوونیەن، لە ئەزموونی نویَدا بەختیار عەلی لە ئەزموونی بەردەوامی تازەگەریدا لە هەردوو لایەنی بنیادی شیعری و جیهانبینی شیعریدا خاوەنی گوتاریکی لەوجۆرەیە کە ئیستا وەکو (شا) گوتاری لیهاتووە لە پانتایی شیعری کوردیدا و نەوەی ئیستا بە زۆری لە سایەی بەختیاردا ئیش دەکەن (لە بەشیکی تری ئەم نووسینەدا بە نموونەوە ئەوە ئاشکرا دەکەین).

زۆریك لەوانەی کە ناتوانن لە شیعر و گەورەی شیعر تیَ بگەن، هەر ئەوەیان بەلاوە گرنگە شتیك بنووسن، بەلاّم شیعر ژانریکی ئەدەبی لەوە بالآترە کە زۆربەی ئەوانەی ئیستا دەنووسن بتوانن لە سنوورەکانی نزیك ببنەوە، ئەگەر هەندیَ حالەتی جوانیش بینرا، ئەوە زۆر زوو گومان بۆ سەرچاوە و فەزایەکی تر دەچیت کە ئەو حالەتە جوانەی لی بەرهەم هاتووە، دیارە لیرەدا ئەم قسەیە بەرەو رووی ئەو کەسانە نییە کە توانای داهینانیان هەیە و ئەوانیش ژمارەیەکی کەمن. ئەگەر بگەرییینەوە و پیناسەکەی جیفری و جەیمس بۆ شیعر بهینینەوە پیشچاوی خۆمان ئەوا بە ئاشکرا ئەو پیناسەیە لە هەندیَ حالەتی نویَی شیعری کوردیدا بە تەواوی دەبینرین واتە وەلآمدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر. کە ئەوەش زیاتر لە بەرهەمی شیعری محەمەد عومەر عوسمان و بەختیار عەلی و کەریم دەشتی و ئەحمەدی مەلا و هاشم سەراجیش وەکو حالەتیکی نزیك لە کەریم بەرچاو دەکەویت. لای محەمەد عومەر (مەئلوفی) شیواز تا رادەیەك بواری ئەزموونگەری تەسك کردۆتەوە، گەرچی جیهانبینی شیعری ئەم شاعیرە جیهانبینییەکی گەردوونییە و زمانی ئەو دیووی دەقەکانیش شتیك نییە بیَ شۆربوونەوە و خۆ خەریك کردنی جیدیانە بە ئاسانی بدۆزریتەوە، دیارە تەسککردنەوەی بواری ئەزموونگەری لای محەمەد عومەر لەژیر کاریگەری

پەیرەوکردنی شێوازی تەقلیدیدا بەو مانایە نییە کە ئاستی داهێنان و بەرهەم هێنانی شیعریەتی بەرز نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە جیهانبینی باڵا لە ئەزموونی شیعری محەمەد عومەردا دەسەڵاتی بەسەر (مەنلوفیەتی) شێوازدا کردووە. لە کاتێکدا سوپایەك بە شێوازێکی نوێتر لە شێوازی محەمەد عومەر دەنووسن بەڵام زۆربەیان ناتوانن بە ئاستەمیش لەو جیهانە قەشەنگەی ئەو نزیك ببنەوە و پەنجە لەسەر ئەو کێشە مەودا قوڵانە دابنێن کە جیهانبینی شیعری محەمەد عومەر دەیاندوێنێ. وەڵامدانەوەی محەمەد عومەر وەڵامدانەوەی هەڵچوون و فەلسەفیانەی خۆیەتی بەرامبەر بە مەسەلەکانی بوون و جوانی، بە کێشە قوڵەکانی ئینسان.

بەختیار عەلی لە ئەزموونی شیعری خۆیدا کە لە ناوەراستی هەشتاکانەوە دەست پێدەکات و لە نێوان (ئەو و فاروق رەفیق)یشدا کێشەی ئەوە هەیە کە کامیان یەکەم دەستپێکەری ئەو شێوازە شیعرییەن. ئێستا بەختیار وەکو خاوەنی ئەزموونەکە ناودەبرێت بە تایبەتی لە کاتێکدا توانای بەرهەمهێنانی بەردەوام و ئەزموونی بەردەوامی هەیە. دیارە رەگ و ریشەی ئەو شێوازە شیعرییە پێش بەختیار لە شیعری کوردیدا هەبووە، ئەزموونی شیعری ئەنوەر قادر لە زریاندا لە رووی شێواز و بینای زمانەوە سەرەتایەکە بۆ ئەو ئەزموونە، شێوازی شیعری کەریم هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە گەلێك لە سیفاتە دیارەکانی ئەم ئەزموونەی ئێستای بەختیاری تێدایە، بەڵام دیارە باشترین ئاستی ئەو ئەزموونە شیعرییە لای بەختیار دەردەکەویت و ئاستی داهێنان و توانای بەرهەم هێنانی شیعرییەتیش چ لای کەریم و چ لای بەختیار زۆر جیاوازە لەو نەوەیەی دوای ئەوان یان هەندێ لەوانەی پێشتریش کە بە تایبەتی ئێستا لەژێر دەسەڵاتی شێوازی شیعری بەختیار دەرناچن و حەزدەکەم سەرنجی خوێنەر تەنانەت بۆلای ئەزموونەکانی دوایی شێرکۆش رابکێشم هەر لە (ئافات و پەریزادە و گوڵەکەی دوژمنی و مارو..) بەئاشکرا کاریگەری شێوازی شیعری گوناهو کەرنەڤالی پیوە دیارە و بگرە فەزای شیعریش نزیك بۆتەوە لە فەزای شیعری بەختیار، بەڵام دڵنیام زۆرێك لەوانەی ساویلکانە لە شیعر و بەرهەمی ئیبداعی تێدەگەن ئەم گوتەیەیان زۆر بەلاوە قورسەو دڵنیام هەندێ لە ناشاعیرەکان لەسەر ئەمەش بە قسە

دین. بەختیار عەلی هەردوو بەشی پیناسەکەی لە بـواری ئـەزموونی شیعریدا بەسـەردا دەسەپیت چونکە شیعر لای ئەو بە ئاشکرا وەڵامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەیە کە لـە پشتییەوە جیهانبینییـەکی مـەودا قـوڵ هەیـە، بـەختیار لـە شـیعردا مەعریفـەت بەرهەم دەهینیت، هەمیشە لە ئەزموونی بەردەوامدایە، مانا باوەکان رەت دەکاتەوەو لە دوای مانـای نـویٚ دەگـەریت. گـەرچی بەرهەمـهینانی شـیعر لای بـەختیار بەرهـەمی (خەیالی) کوردی و کۆمەلگەی کوردەواری نییـە بـەڵام بـە ئەندازەیـەك پەنجە لەسـەر کیشە ئینسانیەکان دادەنیت کە بەسەر هەموو سنوورە دەسـتکردەکانی نیـوان جوگرافیـا جیاوازەکاندا بـازدەدات و جیگـای هـەموو ئینسـانیەتی لـە سـنووری دەقیکـی شـیعریدا نەکردۆتەوە. پیشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە شیعری کوردی لە دوای بەها جیگیرەکان دەگەریت، ئەو بەهایانەی کە بـەردەوام پرۆسـەی تازەگـەری رەفزیـان دەکـات و لـە دوای بـەهاو مانـای نویـتر دەگـەریت. بـەها جیگیرەکـان بـەهاکانی رابـردوو، وەك ئاشکراشـە تازەگەری لەسەر بنـەمای ئـەزموونی بـەردەوامی بـەرەو داهـاتوو پیناسـەی هەیـە. تاکـە شتیٚ ئیمە بە رابردووەوە ببەستیتەوە لە روانگەی تازەگەرییەوە ئەوەیە وەکو کـەلتوور لە رابردوو دەروانین و ئامادەبوونی ئەو رابردووە لە رووی مەعنەوییـەوە و لـە هـەمان کاتدا لە رووی کەلتووریەوە زەمینە بۆ بنیادنانی پرۆسەی تازەگەری خۆش دەکات. بۆ نموونـە عـەرەب لـە خویندنـەوەی بەرهـەمی فیکری ئیـبن خـەلدون و فـارابی و ئیـبن روشد و غەزالی و تەنانەت قورئان و فەرموودەکانی پیغەمبەرو (نهج البلاغه)ی ئیمامی عەلییەوە زەمینەی کەلتووری و مەعنەوییان بۆ بنیادنانی فیکری عەرەبی هاوچـەرخ و تازەگـەری عـەرەبی ئامـادەکردووە. بـەڵام بـۆ کـورد رابردوویـەکی وەهـا گـەش و رەونـەقداریش نییـە هـەتا زەمینـەی تازەگـەری لەسـەر بنیـاد بـنریت، بـەلکو زەمینـەی تازەگـەری کوردی لـە بـری ئـەوەی لـە ساتەوەختی هەسـتکردن بـە قـەیرانی داهینـاندا سەری هەلدابیت، بەلکو لە ئەنجامی هەست کردن بە شکستی کەسیەتی ئینسانی کورددا لە دایك بووە، بە واتا تازەگەری کوردی تازەگەرییەکی سروشتی نییە و لەگـەڵ گۆرانـی دەزگا کۆمەلایەتی و کەلتووری و ئەخلاقییەکاندا دروست بووبیت، بـەلکو سـەرخانیکی خواسـتراوە یـان لـە باشـترین حالـەتدا کاردانەوەیـە بەرامبـەر بـە حالـەتی شکسـت و

نائامـادەبوون. هـەر بۆیـە بەشـی هـەرە زۆری ئەزموونـە دیارەکـانی شـیعری کـوردی لــە نالیـیەوە تاکو دەگاتە بەختیار لە سنووری گوتاری مانەوەدان. جگە لە چەند حالـەتیکی وەکو مەحوی، گۆران لە هەندێ حالەتدا، هەردی و محەمەد عومەر عوسمان. کـە ئـەوان لە پانتاییەکی فراوانتردا کاریان کردووە.

دیارە جگە لەو چەند حالەتەی داهینان شیعری کوردی لە دوای نالیـیەوە بە ئاشـکرا بەرجەستەکردنی خەون بینینە بەو رابردووەوە لیرەدا مەبەستمان لـەو ورینانـە نـیـیـە کـە جگـە لـە سـۆزیکی هەرزەکارانـە هیچی تـر ناگەیـەنن، شـاعیری کـورد خـەون بـە رابردوویەکەوە دەبینیت کە تەنانەت ئەو رابـردووەش زیرین نـیـیـە، ئەمـەش خەوشـی رۆشنبیری‌یەکە کە توانای نەك تیپەراندنی نـیـیە بەلکو ناتوانیت حالەتە ئیبداعیـەکانی خۆیشی دووبارە بکاتەوە، رۆشـنـبیری‌یەکی تـاك رەهـەندی وەکـو رۆشـنبیریی کـوردی کـە نەك ناتوانیت رەخنە ئاراستەی بنیادی خۆی بکات و هـەولی شـیکردنەوەو لیکدانـەوەی بدات بەلکو وەهمی (پیرۆزبوون) و بە مـەزن لـەخۆروانین هـەموو دەروازەیـەکی لەسـەر ئـەو بنیـادەو قسە لەسـەر کردنیشی داخستووە و هـەر دەسـت لیـدان و لیدوانیکی بـە کاریکی حەرام و قەدەغە سەیر دەکریت. لە ئەنجامی ئەم جۆرە بۆچوونەوەیە کە هەر قەلـەمیکی سـەردەرچوو ئەگـەر درکـی بـەوە کـرد دەبـێ بنیـادی کـەلتوور و رۆشـنبیری کوردی بە گشتی بخریتە بەردەم رەخنەوە و هەولی شیکردنەوەی ئەو بنیـادە بـدات کـە دەکەویتە بەردەم دەیان لیپرسینەوەوە، هەر لە ئەنجامی ئـەم تـەرزە تیروانینەدایـە کـە ئـەو رۆشـنبیرە جیدییانـەی لــە کۆتـایی هەشـتاکانەوە بنیـادی کـەلتوور و رۆشـنبیری کوردییان رووبەرووی رەخنە کردۆتەوە بە دزیو و ناشـیرین لـە نیوەندەکـەدا لـە قەلـەم دەدریـن کـەچی ئەوانـەی تەنانـەت خیانـەتی رۆشنبیریشیان کـردووە ئیسـتا بــەریزن و دەتوانن لە ئۆرگانی یەکەمی حیزبەکانیشدا کاربکەن، چونکە ئەوانە مەترسیان لەسـەر ئـەو کـەلتووری قەیراناوییـەی ئیسـتای کـوردی نـیـیـە. دیـارە ئـەوەش ئاشـکرایە زۆربـەی نووسەرانی کورد لەسەر بنەمای بە پـیرۆز سـەرنجدانی ئـەو بنیـادە قەیراناوییـە ناویـان هەیە. هەر قسەکردنیك لەسەر ئـەو بنیـادە ناراسـتەوخۆ قسـەکردنە لەسـەر ناسـنامەی رۆشنبیری و رۆشنبیری کورد کە لە ئەنجامی کۆتاییشدا بـە سـوودی بەشـی هـەرە زۆری

ناکەویتـەوە بـە تایبـەتی لـە هـەردوو بـواری شـیعرو چـیرۆکدا. هەربۆیـە کاتـێ باسـی قەیرانی شیعر یان چیرۆك یان رەخنەی ئەدەبی بکریت هەریەکە لەو نووسـەرانەی کـە توانای بەرهەمهینانی دەقی زیندوویـان نـیـە هەسـت دەکات هیرشـیك ئاراسـتەی ئـەو بنیادە کراوە کە ئەو زەمانیکە بە کەمالی ئیسراحەت شانی لەسەر داداوە.

ئیستا با بگەرِیینەوە بۆ پرسیاری پیشووتر، لە دوای (گۆرانەوە) لە میژووی شیعری کوردیدا چەند دەنگ هەن لە ئـەزموونی بـەردەوامدا بووبـن یـان بـەردەوام بـن؟ بـەلام پیـش وەلامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە باشـتر وایـە لەنگـەری لای ئەزموونـە دیارەکانی تــر بگریـن تـاکو لـە ئـەنجامی لیکدانـەوەدا لـە دۆزینـــەوەی شـیوازیکی لیکچـوون لــە رووی ئـەزموونی تازەگەرییـەوە نزیـك ببینـەوە و هـەر لەویشـەوە لەسـەر تازەگـەری شـیعری کوردی قسان بکەین.

ئەگەر میژووی ئەدەبی کوردی تاکو ئیستا یەکەمین شاعیری داهینـەری کـوردی بـە نالی دانابیت، داخۆ لەسەر چ بنەمایەك ئەو حەقەی بە نـالی داوە و بـە هاوچەرخـەکانی ئەوی نەداوە؟ من پیم وایە زانینی هونـەرەکانی شیعری کلاسیکی عـەرەبی و تەنانـەت فرە زمـانزانی نـالیش هۆکاری سـەرەکی نـین بـۆ گـەیاندنی نـالی بـەو ئاسـتەی داهینـان، بەلکو نالی لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە داهینەرە ئەویش لە ئەنجامی ئـەم هۆیانـەی خـوارەوەدا گەیشـتۆتە ئـەنجام. یەکـەم نـالی لـە شـیعردا سـنووری تـیروانینی تـاك رەهەندانـەی شـکاندووە و بەرهـەمی شـیعری نـالی دەکریـت لـە چـەند روانگەیـەکی جیاوازەوە بخویندریتەوە. نالی بنیادنەری گوتـاری مانـەوەی کوردیـیە. لای نـالی گوتـاری مانەوە بۆتە رۆحی جیهانبینی بەشیك لە شیعری کوردی ئەو قۆناغە. پیش نـالی تەنـها لەسـەر شـیوازی فۆلکلـۆری شـیعر دەنووسـرا، بـەلام نـالی شـیوازی شـیعری فۆلکلـۆری هەلوەشاندنەوە و یاساو ریساکانی شیعری کلاسیکی عـەرەبی بـۆ یەکـەمجار لـە میـژووی کورددا بۆ نووسینی شیعری کوردی بەکارهینا. لە لایەکی ترەوە جیهانبینی شیعری نالی جیهانبینییەکی گەردوونییە کە سنووری تایبەتمـەندی جوگرافیـای کـورد دەبـەزینێ و دەبیتـە بەشـیك لـە دەربرینـی حەقیقەتـە ئینسـانیە بالاکـان کـە ئـەوەش خەسـلەتی گەردوونی هەیەو پەیرەوی هیچ سنوور و نوخبیك ناکات. لە لایەکی ترەوە نالی گەرچی

لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەکو کۆمەڵگەی کوردەواریدا پەروەردە بووە و ژیانی گوزەراندووە و مەلای دینی بووە کەچی توانای داهێنانی هەموو سنووریکی بەزاندووە و وەکو رۆحیکی داهێنەر لە حالەتی ئیغتیرابی وجوددا بووەو ئەوەش هیلی دیاری جیهانبینی شیعری نالی‌یە، هەر ئەو پالنەرەش بەرەو ئاوارەیی و پەرتبوون لە جوگرافیاو زیدی خۆی پالی ناوەو ریگای نەداوە لە هیچ کوێیەك بحەویتەوە. نالی مەلای دینی، مانا باوەکان رەت دەکاتەوە و لە دوای مانای نوێ دەگەریت، پێ لە عادات و تەقالیدە باو و جیگیرەکانی کۆمەلگە دەنیت و ئەوەش لە شیعردا بەرجەستە دەکات، نالی لە قەسیدەیەکی وەکو مەستوورەدا باس لە حالەتی خەساندنی خۆی دەکات، ناکردەیی خۆی نیشان دەدات، ئەو جیهانبینی‌یەش لەگەڵ گوتاری نەتەوەییدا لە یەك دەداتەوە و لە ناکردەیی (هینەکەی)دا وینەی کەسیتی کورد بەرجەستە دەکات کە لە رووی پراکتیکەوە بۆ خود سەلماندن شیوەی پیاویکی خەسیوی هەبووە بۆ ئەو کاتەو تەنانەت بۆ ئیستاش. نالی لەو شیعرانەی بە دژی ژیانی سۆفی گووتوونی حالەتیکی زۆر باوی ژیانی کۆمەڵایەتی نەفی دەکات کە ئەویش حالەتی خود ونکردنە لە سنووری تەقس و کەشەکانی تەسەوف دا. سەرباری ئەمانە نالی لە ئەزموونی بەردەوامدا بووە هەر بۆیە دەقی نالی زیاتر لە کلیلیکی کردنەوەی هەیە. بێگومان دەبێ بزانین لە سەردەمی نالی‌دا چەندین کەس خەریکی شیعر نووسین بوو، بەڵام ئەوەی وەکو ناو مایەوە ژمارەیەکی کەم بوون. گەورەیی نالی ئەوەیە کە توانیوویەتی لە رووی داهێنانی باڵایەوە گوزارشت لە قۆناغیکی ژیان، لە چاخ و سەردەمیك بکات.

هەلبەتە لە رووی ئەزموونی شیعرییەوە شاعیرانی وەکو سالم و کوردی و دواتریش مەحوی و حاجی قادر لە سنووری ئەزموونی نالی دەرناچن، تەنها رەنگە لە رووی جیهانبینی‌یەوە شاعیریکی وەکو مەحوی جیاوازی لەگەل ئەوانی تردا هەبووبیت بە تایبەتی کە جیهانبینی شیعری مەحوی زیاتر پەیوەندی بە مەسەلەی بوون و کیشەکانی بوونەوە هەیە و جۆریك لە بیرۆکەی پچرپچری فەلسەفیش لە جیهانبینی شیعری مەحوی‌دا دەبینریت، بەڵام دیارە ئەو بیرۆکە پچرپچرە فەلسەفیانە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی بە فیکری فەلسەفی ناوبرین. لە قۆناغەکانی دواتردا

جیهانبینی شیعری ئەحمەد هەردی و محەمەد عومەر عوسمان درێژکراوەی گوتاری (مەحوی)ن. دیارە بە جیاوازی شێوازی شیعری و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی شیعریەتەوە.

ئەزموونی شیعری گۆران لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا زۆری لەسەر گوتراوە، بێگومان هۆی زۆر پێداگرتن لەسەر گۆران رەنگە لە قۆناغێکدا پەیوەندی بە هەندێ ئیعتباراتی سیاسیەوە هەبووبێت، بەڵام راستی مەسەلەکە ئەوەیە گۆران لە رووی ئەزموونی شیعرییەوە شۆرشێك لە زمان و لە بینای شیعردا بەرپا دەکات، هەموو سنوور و کۆت و پێوەندە قورس و نالەبارەکانی شیعری کلاسیکی کە رەگ و ریشەی عەرەبیە تێکدەشکێنێ و جۆرێکی دی لە زمان لە ئەزموونی خۆیدا بەرهەم دێنێت، گەورەیی ئەزموونی گۆران ئەو شۆرشەیە (گەرچی شێخ نوری و رەشید نەجیب سەرەتاکەیان دانا) لە زمان و بنیادی شیعردا بە ئەنجامی گەیاند. بە واتا تازەگەری گۆران تازەگەرییە لە بینای زمانی شیعردا، ئەگینا لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە هەرگیز ناتوانین ئەو راستیە حەشار بدەین کە جیهانبینی شیعری گۆران لەسەر هەمان هێلی جیهانبینی شاعیرانی پێش خۆی دەروات و بە گشتی رەگەزەکانی گوتاری شیعری گۆران لە.. گوتاری شیعری نالی و مەحوی و مەولەویدا دەدۆزرینەوە. جیاوازی گۆران ئەوەیە لەگەڵ ئەزموونی نالی، سەرباری گۆرانکارییەکی بنەرەتی لە شێوازی شیعردا.. سیفەتەکانی قۆناغێکی دیاریکراو لە شیعردا کە ئەویش لە روانگەی مێژووی ئەدەب و رەخنەی کلاسیکەوە بە قۆناغی رۆمانسیزم دادەنرێت بەرجەستە دەکات. (ئەم بابەتە لێکۆلینەوەیەکی سەربەخۆیە بۆیە لێرەدا لە سەری ناڕۆم) دابران لە شێوازی شیعری کلاسیك ناکرێت بە ئەزموونێکی گەورە دانەنرێت، هاوچەرخەکانی گۆران هەندێ سیمای ئەو ئەزموونەیان پێوە دیاربووە بەڵام گۆران توانیوویەتی بە تەواوی پراکتیزەی ئەو شۆرشە بکات کە شۆرشی شێوازی شیعرە. کاتێ باس لە ئەزموونی ئەحمەد هەردی دەکەین و وەکو دەنگ لە مێژووی شیعری کوردیدا لێی دەدوێین، دیارە ئەوەمان لا ئاشکرایە کە هەردیش وەکو سەرجەمی شاعیرانی هاوچەرخ و دوای گۆران لە سنووری شێوازی شیعری گۆران دەرنەچووە، بەڵام لە دوو روانگەوە هەردی گۆی

سەرکەوتن بەسەر شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا واتە شاعیرانی دوای گۆران دەباتەوە. یەکەم هەردی توانیوویەتی شیعرییەت بەرهەم بهێنیت، شیعریەتیش لای هەردی تەنها بەرهەمی هەست و سۆزیکی وروژاو یان هەلچونیکی عاتیفی نییە بۆ دەرەوەی خۆی، بەلکو شیعریەت لە ئەنجامی کارلیك و پیکەوە کارکردنی هەست و هەلچوون و حسیکی فەلسەفیانەوە بەرهەم هاتووە. جیهانبینی شیعری هەردی لەسەر ئەم بنەمایە دروست بووە و تا رادەیەکیش رەگ و ریشەی جیهانبینی هەردی لای مەحوییە. هەردی کە هەلویستیکی بێهودەیی بەرامبەر دنیا نیشان دەدات، دەلالەتی فیکری و مەعریفی لەو بوارەدا بەرهەم دەهێنیت و لە بنیادیکی ئیستاتیکیدا ئەو کارە ئەنجام دەدات. جیهانبینی شیعری هەردی ناچیتەوە سەر جیهانبینی شیعری گۆران بەلکو سەرباری پەیوەندییەك لەگەڵ جیهانبینی مەحویدا دەشێ بلیین هەردی لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە کەسیەتی تایبەتی خۆیی هەیە. دووەم: هاوچەرخەکانی هەردی هەمان شیوەی هەردی لە شیوازی شیعریدا پەیرەوی شیوازی گۆران دەکەن بەلام بە دەگمەن دەتوانن شیعریەت بەرهەم بهێنن و پرسیاریان هەبیت. لە رووی جیهانبینیشەوە خاوەنی جیهانبینی شیعری خۆیان نین بەلکو یان لە سایەی جیهانبینی گۆراندان، یان هەولدەدەن گوتاری مانەوە کە بنیادنەرەکەی نالییە بەرجەستە بکەن، بەلام ئەم هەولەیان لە سنووری گوتاریکی سیاسی تیپەرناکات، مەگەر بە دەگمەن توانیبیتیان لەو بوارەدا شیعریەت بەرهەم بهێنن. گوتاری سیاسیشی جگە لە مەعریفەیەکی سیاسی تیپەرناکات، مەگەر بە دەگمەن توانیبیتیان لەو بوارەدا شیعریەت بەرهەم بهێنن. گوتاری سیاسیش جگە لە مەعریفەیەکی سیاسی ناتوانیت شتیکی تر هەلبگریت، سیاسەتیش لە کەلتووری کوردیدا تاکو ئیستا لاواز و بێ بنەمای فیکری و فەلسەفی بووە، هەر بۆیە ئەزموونی کامەران و دیلان و ئازادو دلزارو.. ئیشکردنە لە رووکەشدا. رووکەش بەو مانایەی دواندنی حالەتە زۆر مەئلووفەکانە، ئەوەی کە خەلکی سادەش پەی پێ دەبات. من لیرەدا دەپرسم کامەیە پرسیارو کامەیە جیهانبینی دیلان و کامەران و دلدار و دلزار و بەختیار زیوەر و کاکەی فەلاح و ع. ح. ب و جەمال شارباژیری..؟ کامەیە ئەو شیعریەتەی کە ئەمانە بەرهەمیان هیناون؟ کامەیە

ئەزموونی بەردەوامیان؟ کاتێ کە ئەمان لە رووی شیوازی شیعرییەوە پەیرەوکەرانی شیوازی شیعری گۆران و لە رووی جیهانبینیشەوە لە سنووری گوتاریکی لاوازی سیاسیدا ئیش دەکەن؟ بەڵام ناوو حورمەتی ئەمانە تەنها لە هەڵویستی نیشتمانپەروەرانەیانەوە دروست بووە نەك لەسەر ئاستی داهینان، شیعریش هەر بە مەبەستی ئەو ئەرکە نیشتمانیە بووە نەك بە مەبەستی خودی داهینان و بەرهەمهینانی شیعر.

بۆ ئەوەی بتوانین لەسەر ئەزموونی نوێی شیعری کوردی بدوین پیویستمان بەوەیە جاریکی دی بە کورتیش بیت لە ئەزموونی روانگە بدوین. کەواتە با لەم پرسیارەوە دەست پێ بکەین: روانگە چی بوو؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە پیویستی بە لیکۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە. بەڵام لیرەدا دەلیین روانگە وەکو ئەزموونیکی بە ئەنجام نەگەیشتوو لە ئەنجامی هەستکردنی دەستەیەك لە نووسەرانی کۆتایی شەستەکان و سالی حەفتادا بە قەیرانیکی خنکینەر لە بواری ئەدەبی کوردیدا سەری هەلدا. روانگە ئەگەر نەیشیتوانیبیت گوتاریکی نوێی خاوەن ناسنامە بەرهەم بهینیت ئەوە زەنگیکی وریاکردنەوەی بۆ نیوەندی رۆشنبیریی کوردی لیداو گوتی: ئەزموون پیویستە، دەبێ هەولی تازەکردنەوە بدریت. شیوازی (گۆران) ناتوانیت لە ئاستی پیداویستییەکانی قۆناغی ئیستاماندا بیت. ئەگەر خەسلەتی شیعری روانگەیی خەسلەتیکی پابەند بە هەرەس بووبیت ئەویش لەوەیدا یان لە ئەنجامی شکست و هەرەسیکی سیاسی یان کۆمەلایەتی کۆمەلگەوە لە دایك بووبیت، یان هەرەسی فیکری هەندێ لە رابەرەکانی ئەو ئەزموونە لەژیر هەندێ کارتیکەری سادەدا هینابیتییە بەرهەم، بە واتایەکی تر دەتوانین بلیین ئەگەر ئەزموونی روانگە بەرهەمی حسیکی تراژیدی بووبیت لە شیعری کوردیدا و دوور لە مەودای تیروانینی فەلسەفیانە بووبیت و هەر تراژیدیایەکی نیو پانتایی میژوو و سیۆسیۆلۆژی نەتەوە بووبیتە مۆتیفی بەرهەم هینانی[٩]. داخۆ ئەم ئەزموونە توانی ببیتە خاوەنی گوتاری تایبەت بە خۆی؟ ئەگەرچی روانگە لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە نەیتوانیبیت بەرەو داهینانی نوێ رینماییمان بکات و بگرە رابەری ئەو شیوازە شیعرییەی کە ئیمە ئیستا بە ئەزموونی

روانگە ناوی دەبەین لە دەرەوەی گروپی بەیانی روانگە بووبیت و هەروەك شێركۆ بێكەس خۆیشی ناتوانێت ئەوە بشارێتەوە و دان بەو راستییەدا دەنێت كە لەتیف لەو بوارەدا دەست پێكەر[١٠] بوو. بەڵام ئەم ئەزموونە توانی شێوازی شیعری گۆران تێكبشكێنێت و ئەو شێوازە نوێیەی شیعرنووسین بهێنێتە كایەوە كە بە شێوەیەكی گشتی لە شیعری كوردیدا هەتا شێوازی شیعری بەختیار عەلی بەردەوام بوو، ئێستاش جگە لەوانەی كە كەوتوونەتە ژێر كاریگەری شێوازی شیعر نووسینی بەختیارەوە ئەوانی تر هەمان شێواز دەنووسنەوە (جارێكی دی لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ دەرچوونی ئەنوەر قادر تا سنووریك و دواتریش كەریم دەشتی و هاشم سەراج لە چوارچێوەی شێوازی روانگەیی شیعر بكەین).

لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە ئەزموونی ساڵانی حەفتا لە شیعری كوردیدا جارێكی دی گەرایەوە بۆ سنووری هەمان گوتار كە نالی بنیادنەری بوو واتە گوتاری مانەوە. بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی كە توانای بەرهەمهێنانی شیعریەتیان هەبووە بە گشتی لەو سنوورەدا ئیشیان كردووە و بە دەگمەن توانیوویانە جیهانبینی جیاوازیان هەبێت، هەر بۆیە لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ یەك دەنگی و یەك شێوازی شیعری ساڵانی حەفتا بكەین، بۆ نموونە ئەگەر بێت و بەرهەمی شیعری ئەو دە ساڵەی شاعیرە دیارەكان تێكەڵ بكەیت و هیچ ناویكیان لەسەر نەنووسیت ئەوا بۆ نەوەیەكی دوای ئێمە رەنگە سەرجەم وەكو شیعری یەك شاعیر لێی بروانن مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە كە شاعیرانی ئەو قۆناغە لە یەك بابەت دەدوێن، لە یەك پانتایدا كاردەكەن، یەك شێوازی شیعرییان هەیە، جیاوازییەكی ئەوتۆ نییە لە جیهانبینییاندا، تاكە جیاوازییەك لە ئاستی ئامادەبوونیشیاندا ئەوەیە كێ بەرهەمدارتر بووە و كێش خۆشبەخت بووە لەوەی (هالە)ی سیاسی لە دەور دروست ببێت واتە شاعیرێكی وەكو شێركۆ ئەوەندەی حیزب ناساندویەتی ئەوەندە داهێنان لە گەورەكردنی ناویدا دەوری نەبووە.

تەنانەت لە رووی كەرەستەكانی بەرهەمهێنانی دەقیشەوە هەر بە هەمان كۆمەڵە كەرەسەی ئامادەوە كاریان كردووە. ئەوە سەرباری ئەوەی كە شیعری كوردی لە ئەزموونی روانگەوە دیاردەیەكی دیكتاتۆر ئامێز دەسەڵاتی بەسەردا كردووە و ئەویش

جوینەوەی هەمان رستەی شیعرییە. ئەویش دیارە لەو بۆچوونەوە نییە کە رستەی شیعر لە هەر بەکارهینانیکدا بە بۆچوونی ئەدۆنیسی جاریکی تر شاعیر بنووسیتەوە. هەروەك لەسەر بنەمای تیۆری (چۆمسکی)یش نییە. کە لای وایە دەتوانریت لە هەمان رستەی ریزمانی چەندین رستەی تر دروست بکریت و سەرباری ئەوەی کە هەمان توخمەکانی زمان کە لە رستەی یەکەمدا بەکارهاتوون، بەکاردەهینریتەوە، بەلام هەریەکە لەو رستە نوێیانە لە رووی سیمانتیکەوە تەواو جیاوازن لە رستەی یەکەم و هیچ کام لەو رستانەش لەو روانگەیەوە لە یەکتر ناچن[11]. بەلام بە پیچەوانەوە رستەکانی شیعری نوێی کوردی چ لە رووی کەرەسەکانی بنیادنانی رستەوە، چ لە رووی ئەو مانایەی کە هەلیدەگرن تا رادەیەکی لەبەرچاو لە یەکتر دەچن. ئەمەش دیسان هەموو مافیکی یەکەم بەرهەمهینی رستە شیعرییەکە ون دەکات و هەریەکە لە لایەکەوە بۆ خۆیی دەیلیتەوە. ئەم دیاردەیە سەرباری ئەوەی لە سالانی حەفتادا بە ئاشکرا دیاربووە و زۆریك لە شیعرنووسەکان رستەکانی (لەتیف)یان دەگووتەوە و نەیاندەتوانی لەژیر کۆنترۆلی ئەو دەستە شاعیرە دیارەی ئەو قۆناغە قوتاربن، ئەو حالەتە تاکو ئەمرۆش جیکەوتی ماوە. بۆ نموونە قوبادی جەلی زادە کە ئیستا یەکیکە لە هەولە باشەکانی نیو پانتایی شیعری کوردی لە ئەزموونی سەرەتایدا بە ئاشکرا کاریگەری (لەتیف)ی پیوە دیاربوو. کاریگەری شیرکۆ لەسەر زۆریك لە شاعیرانی قۆناغی دوای خۆی دیارە. بۆ نموونە سەیری (دەروازەی سێیەمی میژوو و بەرهەمەکانی تری عەبدولقادر سەعید) بکە بزانە تا چەندێ گوتنەوەی هەمان بنیاد و هەمان کەرەسەی شیعری شیاو بەلام نەیتوانیووە تەنانەت شیعریەتیشی لی بەرهەم بهینیتەوە. گوتنەوەی رستە شیعرییەکانی گوناه و کەرنەڤال (سەرباری گواستنەوەی فەزای دەقەکان و بنیادی گشتی شیعرەکان و جوینەوەی هەمان جیهانبینی گشتی) بە ئاشکرا لە بەرهەمی شیعری دوای راپەریندا دەبینرین بە تایبەتی لای ئەو نەوەیەی کە لەو میژووە بۆ دواوە دەستیان داوەتە شیعر، گەلیك رستە و تەنانەت فەزاو جیهانبینی شیعری بەختیار لە بەرهەمی دوای بلاوبوونەوەی گوناهو کەرنەڤالی زۆربەی شاعیرانی ئیمەدا دەبینریت.

کەواتە حەق نىیە قسەکردن لە دیاردەیەکی لەو جۆرە ببیتە هۆی زویربوونی ئەو کەسانەی کە خۆیشیان دەزانن ناتوانن لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی ئەزموونی گوناهو کەرنەڤال دەربچن. ئەو ئەزموونە بە گویرەی نەوەی دوای راپەرینەوە خەسلەتی (شا) ئەزموونیکی هەیە کە لە مەودایەکی قول و لە رووبەریکی فراواندا کاردەکات و تەنها دوو جۆر لە شاعیر لە کاریگەری ئەو ئەزموونە دەرباز دەبن یان دەبێ شاعیر توانای بەرهەم هینانی شیعریەتی لە خاوەنی گوناهو کەرنەڤال بەرزتر بیت کە ئەوەش لەسەر بنەمای کەلتوور و خەزینیکی رۆشنبیریی و جیهانبینییەکی باڵا بەرهەم دەهینریت کە بە داخەوە ئەوانەی لە نیوەندەکەدا دیارن لەو بارەیەوە ناتوانن بە دەسەڵاتی مەعریفی خۆیانەوە نەفی ئەو مانایانە بکەن کە جیهانبینی گوناهو کەرنەڤال پیک دینیت. لایەنی دووەم ئەو کەسانە ناکەونە ژێر کاریگەری ئەزموونیکی لەو جۆرەوە کە بۆ خۆیان قایلن بەو شتەی کە چەندین سالە خویان پیوەگرتووەو دەینووسن، بەڵام دیارە ئەمەیان لە رووی داهینانەوە هیچ ئامادەبوونیکی نییە. ئەوانەی جۆری یەکەم کە لەژێر کاریگەری شیوازو جیهانبینی گوناهو کەرنەڤالدا دەشێ ببنە خاوەنی دەنگی خۆیان، بە مەرجێ لە دوای دۆزینەوەی تایبەتی خۆیان بگەرین. بەڵام ئەگەر هەر لە سنووری ئەزموونی بەختیاردا مانەوە چ لە رووی شیواز و چ لە رووی کەرەسەکانی شیعریەت بەرهەم هینان و چ لە رووی جیهانبینی شیعرییەوە، ئەوە مانای وایە ناتوانن لە حالەتی پەراویزییانەوە بگوازترینەوە بۆ حالەتی بوون بە دەنگ. لە بارەی دووبارە کردنەوەی ئەزموونەوە چۆمسکی بە راشکاوی دەڵیت: کەس بۆی نییە رستەیەکی من دووبارە بکاتەوە بە ناوی خۆیەوە. رستەی پاسکیلەکە لە منداڵەکە دەدات) رستەی منە کەس ناتوانیت بۆ مەرامیکی خۆی بە ناوی خۆیەوە بەکاری بهینیت. خۆ ئەگەر یەکیکی تر هاتوو گوتی (ئۆتۆمۆبیلەکە لە پیاوەکە دەدات) دیسان هەر رستەکەی منی نووسیووەتەوە[١٣]. گرنگی بوون بە خاوەنی ئەزموونی خۆ لەوەدا دەردەکەویت کە خۆت چی بەرهەم دەهینیت. خۆ رەنگە یەکیك لە خەوشەکانی ئەزموونی شیعری (بەختیار عەلی)یش سەرباری رووە جوانەکانی داهینان و تازەگەری، بوونی گەلیك سەرچاوەی ئاشکرای دەرەوەی خودی بەختیار بیت کە بە ئاشکرا سیبەری ئەو سەرچاوانە لە

بنیادی زمان و شیوازی شیعری و جیهانبینی بەختیاردا هەست پێ دەکرین و هەر ئەوەش وەهای کردووە کە بەرهەمی شیعری بەختیار سەرباری ئەو گرنگییە ئیبداعیەی کە ناتوانریت لە ئاستیدا بێدەنگ بوون نیشان بدریت، ئەوەیە بەرهەمی خەیال و ئەندیشەی کوردی نییە. راستە هۆیەکی دوورکەوتنەوەی شیعری بەختیار لە خەیالی کوردی، لەژێر کاریگەری ئاستی رۆشنبیری و بینای فیکری و مەعریفی بەختیاردا دروست بووە کە لە پێش ئاستی هەموو مانا جیگیر و هەموو ئاستە مەئلوفەکانی نێو پانتایی رۆشنبیری کوردییەوەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پەرت بوونی ئەزموونی بەختیار لە خەیالی کوردی و کەمترین مامەلەکردنیش لەگەڵ کەرەستەکانی بەرهەمهینانی شیعر لە واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و میژوویی و جوگرافی و کەلتووری ئیمەدا لە ساتەوەختی ئیستادا زیانی مەعنەوی لەو ئەزموونە داوەو تا رادەیەك هۆی کەمکردنەوەی کاریگەری ئەو ئەزموونەی لە ئیستا دروستکردووە لە پانتایی رۆشنبیریی کوردیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆریك لە قەلەم بە دەستی کورد ناتوانن لەژێر کاریگەری دەسەڵاتی دەقەکانی گوناهو کەرنەڤال و جەلاد دەربچن. ئەو کەوتنە ژێر کاریگەرییەی ئەزموونی بەختیار لە لایەن هەندێ لە شاعیرانی ئیستای کوردەوە بابەتی نووسینیکی ترمانە. بەڵام بە راشکاوی دەبێ بلیین ئەزموونی گوناهو کەرنەڤال ئامادەبوونی هەیە لە پانتایی رۆشنبیری کوردی لەم قۆناغەدا و بە باشترین نموونەی داهینان دادەنریت.

پیشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە زۆربەی دەقی شیعری کوردی دەقی داخراون لەو روانگەیەوە کە تەنها بە ئاراستەیەك دەروواننە دنیاو، یەك مانا بۆ ژیان دیاری دەکەن و یەك میژوو بنیاد دەنین. لەم بارەیەوە ئەمبیرتۆئیکۆ دەلیت: ئاشکرایە کە بەرهەمی هونەری نابیت بەرهەمیکی داخراو بیت. هەر بەرهەمیك (دەقیك) لە خۆیدا چەندین خویندنەوەی شیاو هەلدەگریت[١٣] مەبەست لەم قسەیەی ئیکۆ ئەوەیە کە هەر دەقیك دەتوانیت کۆمەلی ئەزموونی ئینسانی لە خۆیدا کۆبکاتەوە و لەهەر گۆشە نیگایەکەوە لێی بروانریت جۆریك لە خویندنەوە هەلدەگریت. چەندین کلیل بۆ کردنەوەی ئەو دەقە هەیە هەتا بچیتە نیوییەوە و بۆ نیو دەهالیزەکانی شۆڕ ببیتەوە و لە دوای

ئاشكراكردنی نهێنی‌یەكانی بگەڕێیت. بە واتایەكی دی دەتوانین بڵێین دەقی كراوە گەلێك دەلالەتی هەمەچەشن هەڵدەگرێت. دەقی لەم جۆرە لە ئەزموونی ساڵانی حەفتادا بە دەگمەن بەرچاو دەكەوێت، بەڵكو دەتوانین بڵێین دەقی شیعری ئەو قۆناغە تەنانەت لای ئەو شاعیرانەش كە توانیوویانە شیعریەت بەرهەم بهێنن زیاتر دەقی داخراوە، گەرچی ئەم قسەیە جۆرێك لە دژایەتی كردن لە خۆیدا كۆدەكاتەوە. بەڵام مەبەستمان لە (ناوبردنی) دەقە زیندووەكانی ساڵانی حەفتای شیعری كوردی بە دەقی داخراو ئەوەیە كە لەو دەقانەدا زمان توانای هەڵگرتنی مەدلولاتی جۆراوجۆری نی‌یە، بەڵكو هەموو دالێك مەدلولێكی مێژوویی هەیە كە ئەویش یان حالەتێكی شكست، هەرەس، دابران، یان بزاڤ و ڕابوونەوە دەنوێنێ. لە هەندێ ئەزموونی لاوازیشدا ئاماژەیەك بۆ وێنەی باوك، دەسەڵات یان سیستەمی لاوازی باوكسالاری كوردی دەكات. یان هەندێ دەلالاتی سێكسی هەڵدەگرێت كە ئەویش بابەتێكی پەردە لەسەر لادراوە و هەر لە سەردەمی ئەزموونی نالی‌یەوە گوتاری سێكس پانتایی‌یەكی دیاریكراوی لە جیهانبینی شیعری كوردیدا داگیركردووە.

ئەگەر سەرنجێك لە (سەرچاوە)ی شیعری كوردی ساڵانی حەفتا بدەین ئەوا زوو لەو ڕاستی‌یە تێدەگەین كە شیعری كوردی لەو ئەزموونەدا لەبەرئەوەی بریتی بووە لە پرۆژەیەك بۆ بەرهەمهێنانی گوتاری مانەوە كەواتە سەرچاوەیەكی زانراو و مەئلوفی هەبووە كە ئەویش لە پانتایی سۆسیۆلۆژی بە گشتی و مێژوودا بە تایبەتی دەدۆزرێتەوە. ئەو سەرچاوەیەش زۆر بە ئاسانی خۆی دەدات بە دەستەوە، سادەیی شیعری ئەو قۆناغە لە مێژووی شیعری كوردیدا لەژێر كاریگەری ئەم هۆكارەدایە. دیارە بە پێچەوانەی ئەزموونی نالی و مەحوی و گۆران و.. شیعری ئەم قۆناغە نەیتوانیووە جیهانبینی‌یەكی (كەونی) هەڵبگرێت هەتا مەسەلەی دۆزینەوەی سەرچاوەو بەو پێیەش دیاریكردنی پرسیارەكانی دەق ببێتە گرفتێك و بە باریكی تردا دەق بە ئاقارێكی تردا ببات و لە تاك مانایی و تاك ڕەهەندی دەربازی بكات. شیعری كوردی لە باشترین حالەتیدا لەو ئەزموونەدا مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە، دەبێ چی لە مێژووەوە فێرببین؟ مێژوویەك كە شكستەكانی لە نەستی هەمووماندا دەیان حالەتی ترسی

تۆماركردووە. شـيعری كوردیش وەكو ئـەزموونيكی ئينسانی كـە پـەيوەندی بـە ژيـانی هەستی و نەستی ئينسانی كوردەوە هەيە، نەيتوانيووە ئەو بنيـادە پـيرۆزەی ميـژوو بـە چـاويكی رەخنەگرانـە تيـك بشكينێ و گوتـاريكی ميژوويـی نـوێی لەميانــەی بەرهــەم هينانی شيعريەتەوە لێ فۆرمەلە بكات، بەلكو بە پيچەوانــەوە يـان ميـژووی وەكو خـۆی پيشـكەش كردۆتــەوە يــان لــە ئــەنجامی بــە پــيرۆز ســەيركردنيدا رووە دزيوەكـــان و حالەتـەكانی شكستيشی نـەبينيووە. جيـــاوازی شــيركۆ، ئــەنوەر قــادر، رەفيــق لەگــەڵ سەرجەم شاعيرانی تری ئـەو قۆناغـەدا ئەوەيـە كـە تـا رادەيـەك ميـژووی شكست و پـر كارەساتيان پيرۆز نەكردووە و هەر هيچ نەبێ وەكو ئەوەی بووە پيشكەشيان كردۆتەوە.

شخلوفسكی كـە لـە رابــەرانی فۆرماليسـتی روسـيە دەليـت: ئــەركی سـەرەكی يـان (وەزيفـەی بنـەرەتی) شـيعر بەرەنگاربوونـەوەی كـردەی راهاتنـە كـە كاروبـاری رۆتينــی رۆژانەی ئيدراك ئەو راهاتنە دروست دەكات.

ئامانجی شيعر ئەوەيە كە كردەی راهاتن هەلوەشينيتەوەو ئەوەی مەئلوفە بيكات بە نامەئلوف[١٤]. داخۆ كامانەن ئەو ئەزموونە شيعرييانەی لە ئـەدەبی كوردی دوای گۆران دا ئەم پيناسەيان بەسەردا دەچەسپيت و بەرامبەر بە پرۆسەی راهاتن رادەوەستن، يان بە پيچەوانەی حالەتی راهاتنەوە لە ئەزموونی بەردەوامدان و هەموو جارێ ئيدراك لە كەشـفكردنی حالـەتيكی نـوێ دەكـەن؟ دەشـێ ئـەزموونی روانگـە لـە رووی هـەولدان بـۆ گۆرينـی شـيوازی شـيعری گۆران لـە رووی بنيـادی زمانـەوە بـە هـەنگاويكی لـەم جـۆرە دابنريت، بەلام داخۆ روانگە توانـی ببيتـە ئـەزموونی بـەردەوام. كامانـەن ئـەو حالەتـە رۆتينيانەی رۆژانەی ئيدراك كە شيعر لە دژيان وەستاوە؟ كاتێ شيعر خۆی لە دواندنــی ئەو حالەتە مەئلوفەدا بيت و نەك هەولی ئەوەی نەدابيت بيكات بـە نامـەئلوف، بـەلكو بنيادی رۆشنبيری كوردی لەبەر تـاك رەهـەندی و هـەولدانی بـۆ راگرتـن و هيشتنەوەی ئەو حالەتی تاك رەهەندييە كە ئەويش حالەتی مەئلوف بوون بووە ويستوويەتی ريگا لەهەر سەرهەلدانيكی نامەئلوف بگريت.

كاتێ باسی شيعريەت دەكەين دەبێ لەوە تێبگەين كە باسی دەق دەكـەين، مەبەست لە دەقيش ئەوەيە كە پيكهاتەيەكی زمانی ئامادەبوونی هەبيت و سـيفەتەكانی دەقيشی

هەبێت. ئەمە لە کاتێکدا دەزانین کە دەقیش دابەش دەبێت بۆ دەقی مردوو و دەقی زیندوو. دەقی مردوو لە دەرەوەی بەرنامەی ئەم باسەدایە، دەبێ ئاماژە بۆ ئەوەش بکەین کە پانتایی رۆشنبیری کوردی ریژەیەکی زیاتر دەقی مردووی تیا کەلەکە بووە.

دەقی شیعری بەر لە هەموو شتێك لە روانگەی بنیادی زمانەوە لێی دەروانرێت. هەروەك زمانی شیعر زمانێکی تایبەتییە و هەستێکی تایبەتی و شعورێکی تایبەتیشە، واتە خۆی ئەوە نیشان دەدات کە ئامرازێکی بالأترە لەو پەیامەی کە هەلیگرتووە چونکە بەر لە هەر گەیشتنێك بە جیهانبینی دەق زمانی دەق سەرنج رادەکێشێت و رێگا بۆ چوونە نێو دەقەکە دەکاتەوە. دیسۆسۆر دەلێت: (زمانیش سەربەخۆ نییە، بەلکو کات یارمەتی هێزە کۆمەلأیەتیە کاراکان دەدات کە کاری خۆی لە زمان بکات، ئەوەش دەمانگێریتەوە بۆ پرنسیپی بەردەوامیتی و ئازادی زمان پوچ دەکاتەوە. بەردەوامیش وەکو پێویست لە گۆرانکاریدا خۆی دەبینێتەوە واتە لە پلەی جۆراوجۆری گۆرانکاریدا لە نێوان مەدلول و دال دا)[١٥]. کەواتە ئەگەر زمان توخمێکی سەربەخۆ نەبێت، ئەوە هەرگیز ناشێت وەها بیر لە دەق بکرێتەوە کە دوور لە هەلگرتنی جیهانبینی بوونی هەبێت. بە مەرجێك ئەو پێکهاتە زمانیە گەیشتبێتە ئاستی بە دەق بوون. پەیوەندی نێوان دال و مەدلول بە چەمکی دیسۆسۆری پەیوەندییەکی لەخۆوەییەو بە پێی هیچ بەرنامە و نەخشەیەکی دەرەکی رێك ناخرێت. لە روانگەی زانستی زمانەوە ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئاستە جیاوازەکانی ماناو یەکەی زماندا پێك دێت. هەر دالێك کە لە زماندا بەرامبەر بە مەدلولێك جێگیر کرا، ناتوانرێت بە ئاسانی تێکشکاندنی ئەو پەیوەندییە ئەنجام بدرێت. دروست بوونی ئەم پەیوەندییە مەرجی سەرەکی و دروستبوونی هەر دەقێکی ئەدەبییە. بە گوێرەی دەقێکی شیعری شیعریەت بەرهەم هێنانیش هەمان دەور دەبینێت، دوور لە بەرهەم هێنانی شیعریەت شیعر دروست نابێت. لێرەدا لە بەردەم پرسیارێکدا رادەمێنین داخۆ شیعری کوردی بە گشتی ئەم یاسا زمانیەی بەسەردا دەچەسپێت؟ داخۆ کامانەن ئەو جیهانبینییە هەمە ئاراستانەی کە بەشێکی زۆری ئەوەی پێی دەوترێت شیعری نوێی کوردی هەلیدەگرن؟

یاكۆپسن لای وایە: ئەركی شاعیرو بۆیاخچی لە یەك دەچن لە چۆنیتی مامەلەكردنیان لەگەڵ كەرەسەی بەرهەم هێنانی كارەكەیاندا، شاعیر مامەلە لەگەڵ زماندا دەكات هەمان شێوە كە بۆیاخچی مامەلە لەگەڵ رەنگدا دەكات، وەزیفەی شیعریش بریتییە لە ئاگادارکردنەوە بۆ ئەو ئاماژانەی كە لەگەڵ ئاماژە بۆ كراودا ناگونجێن. لێرەدا مەبەست ئەوەیە كە شاعیر چۆن مامەلە لەگەڵ بینای زماندا دەكات. نالی مامەلەی لەگەڵ عەروزی عەرەبی بە زمانی كوردی كردووە، گۆران شێوازی شیعری نالی واتە عەروزی عەرەبی تێكدەشكێنێ و بینایەكی نوێی بە زمانێكی سادەوە لە شیعری كوردیدا داهێناوە، بە دەربڕینێكی دی ئەزموونی گۆران لە شیعری كوردیدا هێنانی شێوازێكی نوێی زمانە. ئەزموونی روانگە بنیادی شیعری لە شێوازی گۆرانەوە گۆڕی. لەهەر بارێكدا بێت زمان بەپێی بۆچوونەكەی یاكۆپسن دەبێ رۆڵی دروستكردنی دەق لە ئاستێكی ئیستاتیكیدا ببینێت. كە لە رەخنەی تەقلیدیدا پەیوەندی و پێكەوە گونجاندنی توخمەكانی زمان لە شێوازێكی هارمۆنیانەی ئەوتۆدا كە توانای بەرجەستەكردنی ئیستاتیكای دەقی هەبێت بە دروستكردنی وێنە ناودەبرا.

یەكێك لە گرفتەكانی شیعری نوێی كوردی ئەوەیە كە ئاماژە بە پەیوەندییەكی ناوكۆیی نابەستریتەوە بە ئاماژە بۆ كراوەوە، واتە ئەو پەیوەندییە لە خۆوەییەی كە دیسۆسۆر لە نێوان دال و مەدلول دا دەست نیشانی دەكات لە زۆربەی شیعری كوردیدا دروست نابێت چونكە لە سنووری پێكهاتەیەكی بێواتای زمانی بە پێودانگی كلاسیكی و (دالی) بێ (مەدلول) بە زمانی هاوچەرخ تێپەر ناكات. لێرەشەوە دەگەڕێینەوە بۆ یەكەم پێناسە كە بۆ شیعر هێنامانەوە (شیعر وەڵامدانەوەی باری هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیرە..). دیارە لەو پێناسەیەدا دەبێ پێ لەسەر بەرهەم هێنانی شیعریەت دابگیریت كە بەرجەستەكردنی ئیستاتیكای دەق دەبێتە رەگەزێكی بەرهەم هێنانی شیعریەت، بەڵام بەشێكی زۆری ئەوەی كە بە ناوی شیعری نوێی كوردییەوە بەرهەم دەهێنریت وەڵامدانەوەی باری هەلچوونێكی ناكاملە لە رووی ئیحساسەوە كە ئەوەش بەلگەی لاوازی حسی ئیستاتیكی شاعیری كوردە بەرامبەر بە هۆكارەكانی هەلچوونی، ئیتر گرنگ نییە ئەو هۆكارانە دەرەكی بن یان ناوەكی یان بە زمانی كلاسیك زاتی بن یان

مەوزوعی. لەباری یەکەمدا لاوازی ئاستی حسی ئیستاتیکی هۆکارە بۆ بەربەستکردنی دروستبوونی پەیوەندی لە خۆوەیی نیوان دال و مەدلول. لیرەدا مەدلول وەك ئاستی بەرامبەر بە زمانی یەکەم واتە زمانی دەق دەبیتە جیهانبینی، بەلام کاتیك شاعیر تیروانینیکی نوێی بۆ دنیا نەبیت کەواتە ئەو پەیوەندییە چۆن دروست دەبیت؟ لەراستیدا لە ئەنجامی دروست نەبوونی ئەو پەیوەندییەدایە کە دەقی کوردی وەکو کۆمەلی (دال) دەمینیتەوە، لەو حالەتەشدا دەقی زیندوو دروست نابیت.

ئەو پەیوەندییە لەخۆوەییەی کە لە نیوان بنیادی زمانی دەقدا دروست دەبیت وەلامدانەوەی هەلچوون و فەلسەفیانەی شاعیر پیکەوە دروستی دەکەن. وەلامدانەوەی فەلسەفیانەی شاعیر ئەوەیە کە فیکر بەشداری دەکات لە ریکخستنی پەیوەندی نیوان دال و مەدلولی شیعردا و لەم حالەتەشدا جیهانبینی فیکری دەق ئاشکرا دەبیت. لە ئەزموونی نوێی شیعری کوردیدا واتە لە دوای روانگە ئەزموونی (گوناهو کەرنەڤال) دەربری ئەو حالەتەیە. دیارە ئیستا پیوانەی شیعر بە حسیکی سادەو بێگەوهەری رۆمانسیانە ناکریت.

ئەو پیودانگە ترادشنالەی کە هەندێ لەملاو ئەولا بەناوی نووسین لەسەر شیعر پێی لەسەر دادەگرن و پێیان وایە گرنگی و نەمری شیعری کلاسیك لە هونەرەکانی نەحو سەرەف فینۆلۆژی و فیلۆلۆژی و پاشان هونەرەکانی شیعری کلاسیك و عەروزدایە کاتیان بەسەرچووە. هەموو ئەم توخمانەی سەرەوە ئاستیك لە زمان پیکدەهینن کە زمانی نووسینە، بەلام ئاستی دووەمی زمان گرنگە کە نووسینیك دەکات بە داهینان ئەویش ئاستی دەلالی زمانە و هەرچی پیکهینەری سەرفی و دەنگسازییە ئامرازن، پیکهینەری نەحوی پانتایی دروستکردنی کردارە، سەرجەم ئەم دوو پیکهینەرە سەرەکییە لە پیناوی بەرهەم هینانی زمانی دووەمدا کاردەکەن کە ئەویش پیکهینەری دەلالییە واتە زمانی ئەو دیوی دەق کە دەشێ لە پرۆسەی نووسیندا بە ئامانج دابنریت. لە شیعری کۆنی کوردیدا جگە لە حالەتەکانی داهینان وەکو لای شاعیرانی گەورەی وەکو (نالی و مەحوی و..) پیکهینەری سەرفی و دەنگسازی و نەحویش هەبوون بەلام کە ئەم پیکهینەرانە نەیانتوانیبیت بگەنە ئاستی دروستکردنی

زمانی دووەم ئەوە داهینان دروست نەبووە. دەتوانین دەیان نموونەی لەم جۆرە بهێنینەوە کە سەرباری شارەزابوونیان لە ئاستی یەکەمی زماندا نەیانتوانیووە ببنە داهینەر چونکە زمانی دووەمیان بۆ دروست نەکراوە لە نووسیندا واتە نەگەیشتوونەتە ئاستی داهینان کە ئەوەش وەکو ئامانجی دەق بەرهەم هینانی ئاستی دەلالی‌یە.

ئیستا بۆ شیعری نوێ باسکردنی پیکهینەرەکانی سەرف و نەحو و فینۆلۆژی و فیلۆلۆژی هیچ گرنگییەکیان نی‌یە، بەلام دوو ئاستی زمان هەن کە ئەوە مەرجی سەرەکین بۆ دروستکردنی دەقی زیندوو کە یەکەمیان زمانی دەقەو بەرهەم هینانی هیندە گران نی‌یە، بەلام دووەمیان زمانی ئەو دیوی دەقە واتە ئاستی دەلالی دەق کە بنەمای سەرەکی‌یە بۆ بەرهەم هینانی دەقی زیندوو. شیعری نوێی کوردی جگە لە چەند حالەتیکی لەبەرچاوگرتنی بەدەست شیوازی بنیادنانی زمانی دەقەوە نی‌یە. مەبەست لەو حالەتە لەبەرچاوانەش کە هەر لە ئاستی یەکەمی بنیادنانی دەقدا تووشی گرفت هاتووەو ئەوەش وەهای لیکردووە کە لە بنەرەتەوە یەکەم ئاستی دەقی بۆ بنیاد نەنریت، کە زمانی دەقیش سیفاتەکانی زمان هەلنەگریت ناتوانیت ئاستی دووەم واتە زمانی دەلالی دروست بکات ئەم حالەتەش لە پانتایی شیعری نوێی کوردیدا (ئەنوەر مەسیفی) محەمەد باوەکر، فەرید زامدار لە نووسینی ئەم چەند سالەیدا، سەباح رەنجدەر لە زۆربەی نووسینەکانیدا، عەباس عەبدولا یوسف لە هەندێ حالەتداو کەسانی تریش هەن..) نوینەرەکانین، ئەمانە لەبەر نەتوانینی بنیادنانی یەکەم ئاستی دەق خۆیان لەنیو میکانیزمی کارکردن و شیواندنی باری سینیتاکسی زماندا ونکردووە. ونبوونیك کە مەگەر لە خەیالی خۆیاندا مەدلولات بۆ نووسینەکانیان بدۆزنەوە. دەشێ ئەم حالەتەش بە ونبوون لەنیو زماندا ناودیر بکریت. کاری ئەمانە گەلیك لە دوای کاری ئەو کەسانەی ترەوەیە کە دەتوانن ئاستی یەکەمی زمان بنیادبنین کە پێی دەوتریت زمانی دەق، بەلام ئاستی دەلالی دەقیان بۆ بنیاد نانریت. بەلام لە هەردوو بارەکەدا دەقی زیندوو بەرهەم نەهاتووە.

ئەو دەقە شیعرییەی کە توانای دروستکردنی ئاستی دەلالی نی‌یە زیاتر وەکو دەقی خویندنەوە خۆی نیشان دەدات. لەم بارەیەوە هۆکس دەلیت: دەقی خویندنەوە

(دەقیکی تەقلیدیـیـە) جیگـیرەو خـۆی خـۆی دەخوینیتـەوە بـە ئاراسـتەیەك كـە تیروانینیکی بیٚگیانە بۆ واقیع و هەیکەلیکی جیگیرە لەو بەهایانەی کـە کات هیلی بـۆ کیشاون. ئـەو دەقـەش وا لی دەروانریت کـە نموونەیـەکی دواکـەوتووە و دنیـای ئیمـە بەجیٚی هیشتووە[١٦].

لیرەوە دەردەکەویت دەقی داهینەرانە ئەو دەقەیە نەفی بـەها جیگیرەکان دەکات و بە هیچ شیوەیەك بەهاکانی ئیستای لە دایك بوونی قبول ناکات بـەلکو بـە پیچەوانـەوە لـە پرۆسـەی نـەفی کردنـی بـەهاکانی ئیسـتای لـە دایکبوونیـدا دیدیکـی ئـایندەخوازی پەیرەو دەکات، ئەو دیدە ئایندەییـەش بەسـەر هـەر تـیروانینیکی بیٚگیـاندا بـۆ واقیعـی جیگیری (ئیستا) دەپەریتەوەو ئەوەی بە واقیعی باوی (ئیستا)وەی ببەستیتەوە ئەوەیـە لە رەتکردنەوەی داهینانیش لەودیوی هەموو پیوانەو بەها مەئلوفەکانەوەیە.

بەشی هەرە زۆری دەقەکانی ئەدەبی نـویٚی کوردی لـەو جۆرەیانـە کـە خـۆی خـۆی دەخوینیتەوە، واتە لە یەکەم خویندنەوەدا بە تەواوی خۆی پیشکەش دەکات، ئـەویش لەبەرئەوەی دەقیکی تاك جیهانبینییە، ئـەو جیهانبینیـیەش مەئلوفـەو خوینـەر لـە لا شعوریدا ئاگادارییەتی، واتـە هـەمان گوتـار چـەند بـارە دەکاتـەوە کـە دەمیکە لاشعوری خوینەری کوردی داگیرکردووە. دەقی لەم جۆرەش پیویستی بە خویندنەوەی تر نییەو یـەکیك لــە هۆکارەکـانی لاوازی رەخنــەی کوردیـش سـەرباری نــەبوونی مەنهـەجیکی رەخنەیی جیدی کەمی دەقی زیندووە لە پانتایی رۆشنبیری کوردیدا لە لایـەکی تـرەوە ئەگەر سەرنجی شیعری ئیستای کـوردی بدەیـن کامانـەن ئـەو دەقانـەی کـە دنیـای ئیمـە ئیسـتە بـەجیٚی نەهیشـتوون؟ کامانـەن ئەزموونـەکانی بـەرەو ئـایندەو گوزارشـتکەر لـە سەردەمیك کە ئیمە لە خویندنەوەی ئەو دەقانەدا پیٚی بگەین؟ ئەمە سەرباری ئـەوەی بەشی هەرەزۆری ئەوەی ئەمرۆ بە نیوی شیعری نـویٚی کوردیـیەوە بلاودەکریتـەوە لـە رووی شیعریەتەوە لاواز و خەسلەتی دەقی شیعری نییە. لجاکۆنیسکی دەلیت: شیعر بە تەواوی ریکخستنی زمانییەو بگرە باشترین ریکخستنیشە کە دەشیٚ تیایدا جۆریـك لـە هاوسـەنگی لـە نیـوان شـیعریەت و بـەهای سـەربەخۆدا دروسـت ببیـت[١٧]. شـیعریەتیش وەکو پیشتر ئاماژەمان بۆ کرد مەبەست لە ریکخستنی سیاقی زمانـە کـە لـە فۆرمیکـی

ئیستاتیکی باڵادا نووسراویك دەكات بە شیعرو لە رەگەزە ئەدەبیەكانی تری جیادەكاتەوە. زانای زمانناس مۆكارۆفسكی دەلیت: وەزیفەی زمانی شیعری لە بەرەو پیشەوە بردنی كرداری گوتندا دەردەكەویت، كە ئەوەش بە مەبەستی پەیوەندی كردن (گەیاندن) بەكارنایەت، بەلكو كردەی گوتن خۆی ئامانجەو لە ئاستی یەكەمدا دادەنریت[١٨] ئەمەش ئەوە دەگەیەنیت دەبی زمان لە بەرهەم هینانی شیعردا ئامراز نەبیت بەلكو خۆی ببیتە ئامانج، كاتیكیش زمان دەبیتە ئامانج كە بە چەمكی بارت وشە ببیتە فیكر.

دیارە كاتیكیش زمان دەبیتە ئامانج كە شیعریەت ئامادەبوونی هەبیت و بەرهەم هاتبیت چونكە ناكریت تۆ وای ببینیت كە شیعریەت بەرهەم نەهاتبیت، بەلام وەزیفەی زمانی شیعری دیاری بكەین، كەواتە لیرەدا دەبێ بزانین بەرهەم هینانی شیعریەت خالی سەرەكی‌یە كە بە زمانی تەقلیدی پیّی دەگوتریت (بەهونەركردن). گرفتی شیعری نویّی كوردی ئەوەیە كە بەشی هەرە زۆری بە زمانی تەقلید نەبووە بە هونەر. یاكۆپسن دەلیت: زمانی شیعری یان شیواز دەرگایەك نییە كە خوینەر لێیەوە بروانیتە بابەتی (موضوع) شیعر یان رۆمان، بەلكو زمان یان شیواز وا خۆی نیشان دەدات كە خۆی بابەتەكەیە[١٩]. ئەمەش تەنها لە حالەتیكدا دەبیت كە ئاستی دەلالی دەق پیك بیت و لە پەیوەندی لە خۆوەیی نیوان (دال و) زمانی ئەودیوی دەق (مەدلول) حالەتیك لە پەیوەندی بە مەودایەكی قولەوە دروست ببیت كە دەقی شیعری لە خالی یەكەمدا لە ریگای ئیستاتیكای دەقەوە كە سیفاتی بەرزكراوەی ئاستی دەلالی و ئاستی نەحو و سەرف و دەنگسازی‌یە پیكەوە خوینەر بخاتە ژیر كۆنترۆلی خۆیەوەو لەم حالەتەشدا دەسەلاتی دەق ئاشكرا دەبیت، دەقی زیندوو خاوەن جیهانبینی دەقیكی دەسەلات بەرهەمهین و دیكتاتۆرە، ئەویش لە دوو روانگەوە. یەكەم خوینەر دەخاتە ژیر دەسەلاتی خۆیەوە، دووەم لە ریگای سیفەتی دیكتاتۆرانەیەوە لە پانتایی رۆشنبیریدا تۆرەكانی دەسەلاتی خۆی هەلدەدات و كەنالەكانی فیكر و مەعریفەت دەگریتەوە و دەبیتە دەقی بالادەست. لەسەر بنەمای ئەم لیكدانەوەیە كە ئیمە پیمان وایە دەقەكانی (گوناه و كەرنەڤال و جەلادی) بەختیار عەلی كۆنترۆلی پانتایی شیعری

كوردی دوای راپەرینی كردووەو ئەوانەشی كە لە دوای بڵاوبوونەوەی (گوناهو و كەرنەڤال)، كە دەنووسن ناتوانن لە تۆرەكانی دەسەڵاتی ئەو ئەزموونە دەربچن، چونكە ئاستی دەلالی گوناه و كەرنەڤال لەوە مەودا دارترو قولترە كە زۆربەی شاعیرانی ئیستای كورد بەو بەرهەمە رۆشنبیرییەی كە هەیانە پێی بگەن، خۆ ناشكریت بلیین تەنها لە رووی حسی شیعرییەوە دەگەنە ئەو ئاستە، ئەگەر بەو ئاستەی (گوناه و كەرنەڤال)یش گەیشتن ئەوە دیسان هەر لە سنووری دەسەلاتی ئەو ئەزموونەدا دەجولین، ئەوەش كاریكە لە دەرەوەی ئەزموونی تازەگەریدایە. چونكە تازەگەری پرۆسەی بەردەوام و ئەزموونی بەردەوامە بۆ نەفیكردنی ماناكانی ئیستاو بەهاكانی ئیستاو دۆزینەوەی ماناو بەهای نوێ بۆ بوون و ژیان و حەقیقە ئینسانیەكان.

بارت دوو جۆر لە دەق دەست نیشان دەكات دەقی مەعریفی و دەقی چیژبەخش[٢٠]. خراپ نیيە ئەگەر دوای ئەم بۆچوونەی بارت بكەوین لە شیعری كوردیدا. سەرەتاش حەزدەكەم هەر لیرەوە ئەوە ئاشكرا بكەم ئەگەر هەر دەقیك توانی ناسنامەی دەقی مەعریفە بەخش یان چیژبەخش وەربگریت، من بە دەقیكی زیندووی ناو دەبەم گەرچی لە راستیدا بروام وایە هەموو دەقیكی مەعریفی چیژبەخشیشە. لیرەدا راستەوخۆ مامەلە لەگەڵ دوو جیهانبینی دەكەین كە لە گەوهەردا لەیەك جیاوازن. جیهانبینییەكی فیكری و فەلسەفی، جیهانبینییەكی سایكۆلۆژی ئیستاتیكی، دەشی حسیكی ئیستاتیكیش توانای بەرهەم هینانی چیژی هەبیت، بەلام بۆ سەردەمیكی وەكو ئیستا ئەو حسە رۆمانسیە پانتاییەكانی كاركردنی بە ئاسانی بۆ فەراهەم نابیت و چیژوەرگرتنیش لە ئاستیكی ترەوە لِی دەروانریت و تازە بە پیودانگی سەدەی نۆزدە ناپیوریت كە سەردەمی گەرانەوە بوو بۆ نیو سروشت.

بارت دەلیت: چیژ ئەو شتەیە لە دەقدا كە دەكەویتە سەرووی هەموو وەزیفەو هەموو كردەیەكی وەزیفیيەوە[٢١]. بەلام چیژ تەنها بریتی نییە لە حسیكی سادەی هەست بە خۆشی كردن بەلكو چیژ دەرئەنجامیكە بە گویرەی بارت لە شیكردنەوەی دەقیكی داهینەرانەدا هەستی پێ دەكات. لیرەدا ئەگەر بگەریینەوە بۆ شیكردنەوەی (ساراسینی) بەلزاك لە لایەن بارتەوە ئەوا دەردەكەویت كە شان بە شانی گەران لە دوای

ئاشكراكردنی ئاستی چیژ وەرگرتــن و گـەران لـە دوای خـودی چیـژ بـارت لـە دەقەکـەدا وەزیفەی کۆمەڵایەتی و وەزیفەی بنیادیشی ئاشکرا کردووە بـەڵام ئـەم دوو کردەیـان تـا رادەیـەك شـاراوەن و پـەردەیان لەسـەر لانـەبراوە، چونکـە کاتـێ بـەنیو ئـەو دەقـەدا شـۆربۆتەوە بـۆ ئاشـکراکردن و دۆزینـەوەی نادیـاریك لـە ریگـەی کـرداری شـیکردنەوەی ئاستەکانی زمان و بنیادی دەلالیەوە، ئەوە لە پیناوی بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجیك کـە دۆزینـەوەو کەشـف کردنـی نادیارەکەیـە پـەردەی لەسـەر هـەندێ نـهینی تـر نـاوە کـە ئەمەش لای بـارت لـە غەفلەتـەوە دروسـت نـابیت چونکـە هـەر خـۆی رای وایـە هـەموو درکاندنیك پـەردە لەسـەر شـتیکی نـەدرکاو دەنیـت. واتــە کاتـێ بـارت لـە دوای چیـژ دەگـەریت پـەردە لەسـەر نادیارەکانی تـر دەنیت، یـان مەعریفـە دەشاریتەوە. کـە ئـەو شـۆربوونەوەیەش بـە دوای چیـژدا لەراسـتیدا لـە گەیشـتن بـە زمـانی ئــەودیوی دەقـدا بەدەسـت دیـت، کەواتـە لـە هـەموو حالـەتیکدا دەقـی مـردوو یــان دەقـی داخــراو ئـەو ئامادەبوونـەی نـیـە هـەتا ئـەو بۆچوونـەی بـارتی بەسـەردا پراکتیـك بکریـت. شـیعری نــوێی کــوردی ئەگــەر بــەپیّی ئــەم پیودانگــە بکیشـین داخــۆ کامانــەن دەقــە چیــژ بەخشەکان؟ ئەو دەقانە کامانەن کە مەعریفەیەك لـە پشتیانەوەیە؟ لیرەدا مەبەسـتم چەند حالەتیکی دەگمەن نـیـە، بەلکو قسە لەسەر ئەو فەوزای بەناو شـیعرەیە. لیرەوە ئاستی قەیرانی شیعری کوردی دەردەکەویت چونکە ئەگەر سەرجەمی شیعری نوێی کوردی بخەینە بەردەم خویندنەوەیـەکی لـەوجۆرەی بـارت باسـی لیـوە دەکات، ئـەوا بـە دەگمەن دەقی زیندوو دەمینیتەوە، دەقیك کە چیژبەخش یان مەعریفە بەخش بیت..

بەلێ ئەمەی لیرەدا باسی لیوە دەکەین بابـەتی قـەیرانی شـیعری کوردیـیە، مـادەم تیکرا لەسەر ئەوە دەدوین کە قەیران هەیە، دەبێ لەسەر دەسـت نیشـانکردنی ئاسـت و شیوازی ئەو قەیرانەش قسەبکەین.

## سەرچاوەكان:

1-Tzvetan Todurov. The Poetic of prose. University press 1987. P.9.
2-James Pickering and Jeffery Hoeper. Concise Campoinion to Literature. New York. 1981. P. 108.
٣-عەتا قەرەداخی- سیناریۆی تیکشکاندنی کەسیەتی نەتەوەیی کورد- گۆڤاری روناکبیری- ژمارە (٣-٤) سوید.
4-Modern Literary Theory- Ed. by: Philip Rice. London. P. 86.
5-Roland Barthes. The Pleasure of the Text. P. 84.
6-Modern English Literary Criticisim. Printed by: Holy Well. Oxford. 1984. P. 43.
7-Modern Literary Theory. P. 16.
8-Structural Grammar. Printed in Hong Kong. 1982. P. 146.
٩-عەتا قەرەداخی- هەرەسی دەستەمۆیی و بە شارستانی بوون –گۆڤاری رامان- ژمارە (٤) ل ٤.
١٠-رووبەروو بوونەوە لە بناری چیادا- گفتوگۆیەکی دوورو دریژی شیرکۆ بیکەس.
11-G,N.Leech.. ALinguistic Guide to English Poetry- London- 1969- p.54.
12-Journd of Linguistics- Cambridge University Press. V. 30- No. 3. September. 1994.
13-Umberto Eco Opening Text. London. P. 25.
14-Structuralism and Semology- P. 35.
١٥-دسوسور- علم اللغة العام- ترجمة. د. يوئيل يوسف عزيز. ص ٩٧.
16-Ternce Hawkes. Structuralism and Semology. Longman. 1983- P. 104.
17-Ibd. P. 26.
18-Ibd. P. 69.
19-Ibd. P. 79.
20-Roland Barthes,. The Pleasure of The Text. P. 34.
21-Ibd. P. 34.

## ئایا ئەحمەدی خانی فەیلەسوف و بیریار بووە؟
## پێداچوونەوەی بۆچوونەکانی دکتۆر عیزەدین

لە نێوەندی ڕۆشنبیری ئێمەدا لەبەر لاوازی عەقڵی ڕەخنەیی و نەبوونی ڕەخنەگری خاوەن ئامرازی ڕەخنەیی و ڕۆشنبیری ڕەخنەیی بەرفراوان و لە هەمان کاتدا نەوێران بۆ قسەکردن لەسەر زۆر ڕاو بۆچوون لە ڕابردوودا چەندین بەرهەم و نووسینی ئێمە کە شایانی قسە لەسەر کردن بوون بەبێ‌ئەوەی شتێکی ئەوتۆیان لەسەر گوترابێت تێپەڕبوون، یان ئەگەر قسەشیان لەسەر کرابێت لە دوو بۆچوونی سادە زیاتر نەبووە، ئەویش یان پەسەند کردن و پیاهەڵدانێکی تەواو بووە یان ڕەتکردنەوەیەکی بێ بنەما. هەردوو هەڵوێستەکەش لە دەرەوەی بنەماکانی ڕەخنە بوون، بەڵکو یان لەسەر بنەمای هاو ئایدیۆلۆژیایی نووسەر و ڕەخنەگر بووە کە ئەمەیان پەسەندکردنی لێکەوتۆتەوە، یان لەسەر بنەمای جیاوازی ئایدیۆلۆژی نووسەر و ڕەخنەگرەکە بووە کە ئەمەشیان ڕەتکردنەوەی لێکەوتۆتەوە.

هەندێ پایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیش وایان کردووە کە هەندێ نووسەر لە سەرووی ڕەخنەوە دابنرێن و کەس بۆی نەبێت لێیان بدوێت ئەمەش جۆرێك لە (تەوتەمیەتی) لە ڕۆشنبیری کوردیدا دروستکردووە، کە بێگومان ئەوەش یەکێکە لە ڕووە لاوازەکانی ڕۆشنبیری کوردی و هاوشێوەی عەقڵی خێڵایەتیە کە چۆن لە پێکهاتەی خێڵدا سەرخێڵ یان ئاغاو بەگ و شێخ پیرۆزن و کەس بۆی نیە ڕەخنەیان لێبگرێت، بە هەمان شێوە هەندێ لە نووسەرانی کوردیش لە ڕابردوودا ئەو پلەوپایەیان وەرگرتووە و قسەکردن لەبارەی بەرهەمەکانیانەوە بە قەدەغە و مەرام دانراوە. دیارە ئەم حاڵەتەش بە قازانجی ڕۆشنبیری کوردی نیە چونکە لە لایەك کوشتنی عەقڵی ڕەخنەییە، لە لایەکی تر سەپاندنی چەندین ڕاوبۆچوونە کە دەشێ بنەمای زانستیان لاوازبێت و لەگەڵ ئەوەشدا وەکو تێکستی پیرۆز وەربگیرێن.

لێرەدا من دەگەڕێمەوە بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر دوو بۆچوون لە کتێبی (ئەحمەدی خانی.. شاعیر و بیریار و فەیلەسوف و متەسەوف) لە نووسینی بەڕێز دکتۆر عیزەدین

مستەفا کە لە ساڵی ١٩٧٩دا لە چاپخانەی الحوادث لە بەغدا چاپکراوە. دیارە هیچ کام لە ئێمە نکوڵی شوێنی دکتۆر عیزەدین ناکات لە ڕۆشنبیری کوردیدا، بەڵام ئەمەش بەو مانایە نیە کە سەرجەم بۆچوونەکانی سەد دەرسەد دروستن و شایانی هیچ پێداچوونەوەیەك نین، بە تایبەتی ئەو بۆچوونانەی لەم کتێبەو لە کتێبی "ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی"دا خستونیەتیە ڕوو. ئامانجی من لێرەدا دروستکردنی جۆرێك لە ئاخاوتنە بە مەبەستی دروستکردنی ئەو پرسیارەی ئایا دەشێ کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەدا خاوەنی فیکر و فەلسەفە بووبێت؟ ئایا نەك لەو مێژووەدا بەڵکو تاکو ئێستاش ئێمە بیریارو فەیلەسوفمان هەیە؟ ئەگەر هەمانە کوانێ فیکر و فەلسەفەکەمان؟ کوانێ بەرهەمی فیکر و فەلسەفەی ئەو بیریار و فەیلەسوفانە؟ ئایا کاتێ نووسەرێکی ئێمە کۆمەڵێ شتی پێشتر گوتراو لە شیعر یان چیرۆك یان وتارەکانیدا دووبارە بکاتەوە دەبێت بە بیریار یان فەیلەسوف؟

ئەو دوو بۆچوونەی دەمەوێت لێرەدا لێی بدوێم ئەوەیە: ئایا ئەحمەدی خانی بیریار بووە؟ ئایا ئەحمەدی خانی فەیلەسوف بووە؟ لە پەراوێزی گەڕان لە دوای وەڵامی ئەم دوو پرسیارەدا هەوڵدەدەم قسە لەسەر شوێنی ئەحمەد خانی لە مەسەلەی نەتەوایەتیشدا بکەم، بەڵام لە وتارێکی تردا.

بیریار بە کەسێك دەوترێت کە فیکری بەرهەم هێنابێت، یان بەشدارییەکی ئاشکرای هەبێت لە بەرهەم هێنانی فیکردا. گرنگ نیە ئەو فیکرە چیە و تا چەندێ لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. هەریەکە لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆ وەکو دوو بیریار و دوو فەیلەسوف شوێنی دیاریان هەیە لە بەرهەم هێنانی فیکر و فەلسەفەی یۆنانیدا کە ئەو فیکرەیە بە پایەیەکی بەهێزی فیکری ڕۆژئاوا دادەنرێت نەك تەنیا لە مێژووی کۆندا بەڵکو بۆ ئێستاش. هەریەکە لە بیریاران و فەیلەسوفانی دنیا ڕوانینی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ گەردوون و بوون و ژیان و پەیوەندی نێوان مرۆڤ و سروشت و پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ لە غەریزە و حەز و ئارەزوو، ویستە مادی و مەعنەوییەکان.. هەروەك ڕوانین بۆ کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ و پێکهاتەی خێزان و بەرهەم هێنانی دەسەڵات و سەرجەم دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان و پێداویستی ئازادی و

ديموكراتى و ديواليزمەكان لە گەردووونداو هێزە جوڵێنەرەكانى ژيانى تاك و كۆمەڵ و.. جێگای دياريان گرتووە لە پانتايى فيكر و فەلسەفەدا. هەر فەيلەسوف و بيريارێكيش لە ڕوانگەی تايبەت بە خۆيەوە سەرنجى ئەو لايەنانەی داوەو بەشدارى كردووە لە بەرهەم هێنانى فيكردا سەبارەت بە بوار يان دياردەيەكى تايبەتى و ڕستەی فيكرى خۆيى ناساندووە كە بە ناوى ئەوەوە جێگير بووە.

گرفتى توێژەرى كورد تا ئاستێكى ديار ئەوەيە كە پێش ئەوەی پێناسەی هەبێت بۆ دياردەيەك يان تەنانەت زاراوەيەك قسەی لە بارەوە دەكات ئەوەش بەرەو كارى سەرپێيى و هەڵەی دەبات. دكتۆر عيزەدين لە ئەحمەدی خانیدا تووشى هەمان حاڵەت بووە. بەبێ ئەوەی پێناسەی زاراوەكانى كردبێت خانى كردووە بە بيريار و فەيلەسوف. ئەمەش ئەو پرسيارەمان لادروست دەكات دەبێ دكتۆر چ پێناسەيەكى بۆ بيريار يان فەيلەسوف هەبێت؟ بێگومان دەشێ دارشتنى جياواز هەبێت لە ناساندنى ئەو دوو زاراوەيەدا. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستىيە بزانين كە بەبێ بوونى هەندێ بنەمای تايبەت ناكرێت كەسێ بە بيريار يان فەيلەسوف دابنرێت.

لە فەرهەنگى زاراوەكانى فەلسەفەو فەرهەنگى (Longman)دا وشەی فەيلەسوف بەم جۆرە پێناسەكراوە: فەيلەسوف ئەو كەسەيە كە توێژينەوەی بيروباوەڕێك دەكات و پەرەی پێدەدات كە ئەو بيروڕايە دەربارەی سروشت و مانای بوون و حەقيقەتە بۆ نموونە باش و خراپ و.. تاد. هەروەها فەيلەسوف كەسێكە بە قوڵى بير لە دنيا و ژيان و شتەكانى تر دەكاتەوە[١] لە هەمان شوێندا هاتووە: بيريار كەسێكە كە بە ناوبانگە بۆ كارى گرنگى لەسەر بابەتى زانست يان فەلسەفە[٢] فەلسەفەش بريتىيە لە توێژينەوەی سروشت و مانای بوون و حەقيقەت و يەكێكە لە سيستەمەكانى فيكر[٣].

ئەفلاتۆنيش دەڵێت: فەلسەفە بريتى لە زانينى حەقيقەت بە شێوەيەكى ڕەها[٤]. فەلسەفە مەعريفەيەكى وردى تايبەتە لە بارەی شتێكى دياريكراوەوە[٥]. دەتوانين چەندين وتەی تر بهێنينەوە كە بە جۆرێك لە جۆرەكان پێناسەی فيكر و فەلسەفە دەكەن. بە گوێرەی مرۆڤ بۆچوونى لەو جۆرە هەيە كە مرۆڤ بە خۆڕسكى ئەفريدەيەكى بيركەرەوەيە. بەڵام سنوورى ئەو بيركردنەوەيە دياريكراوەو تەنيا تاكە

کەسە دەگمەنەکان لەو سنوورە ئاساییەی بیرکردنەوە دەرچوون و توانیویانە بەشدارییان هەبێت لە بەرهەم هێنانی فیکر و فەلسەفەدا.

لە مێژووی ئەدەبی جیهانیدا لەسەر بنەمای جیهانبینی فیکری و فەلسەفی لە دەقە ئەدەبیەکانیاندا هیچ کەس نەبووە بە بیریار و فەیلەسوف بۆ نموونە هیچ کەس بە شکسپیر نالێت بیریار یان فەیلەسوف لە کاتێکدا دەیان ڕوانینی فەلسەفی کردۆتە جیهانبینی دەقەکانی بۆ نموونە لە دەقی هاملێت دا ڕستەی ١١ ببیت یان نەبیت ئەوەیە پرسیارەکە(٦). ئەم ڕستەیە ڕوانینێکی قوڵی فەلسەفی لە پشتییەوە وەستاوە، بەڵام نەبۆتە ڕستەیەکی فەلسەفی بۆ شکسپیر، یان لە پای ئەم ڕستەیە شکسپیر بە فەیلەسوف یان بیریار ناونابرێت، هەر لێرەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە دەشێ هەندێ ڕستەی ئەوتۆ لە مەم و زینی ئەحمەد خانیدا بدۆزینەوە کە جۆرێك لە فیکر یان تێڕامانی فیکری یان فەلسەفی هەڵبگرن بەڵام ئەو جۆرە ڕستانە هەرچۆن شکسپیر و دانتی و موتەنەبی.. یان نەکردووە بە بیریارو فەیلەسوف. بە هەمان شێوە ئەحمەدی خانیش ناکەن بە بیریار و فەیلەسوف.

بیریاران و فەیلەسوفان ڕستەی دیاریکراوی خۆیان هەیە کە ئەو ڕستانەش لە شێوەیەکی سیستاماتیکانەدا و لە ئەنجامی گەڕان بە دوای حەقیقەتی ڕەهاو ماناکانی بوون دا بەرجەستە کراون. کاتێ دەربڕینی "من بیردەکەمەوە کەواتە هەم" دەبیسین. تێدەگەین چ مانایەکی قوڵ سەبارەت بە کەینوونەی منی بیرکەرەوە پێویستە هەتا بیگەیەنێتە ئاستی بوون. فەلسەفەی نیتشە لەسەر چەمکی هێز و سوپەرمان بنیادنراوە کە ئەوەش چەمکێکی هێندە مەودا فراوان و قوڵە دەیان گفتوگۆی جدی لە فیکری هاوچەرخدا دروستکردووە و هەندێ پێیان وایە ئەم چەمکە فەلسەفیە بەرهەم هێنانی فاشیزمی ئەڵمانی و سیستەمی پیاوی باڵا یان سەرکردەی تەنیایە. گەوهەری فیکری مارکس بریتییە لە ڕۆڵی ئابووری و ململانێی چینایەتی وەکو بزوێنەری مێژوو. ئەبیقۆر وەکو یەکەم بیریاری وجودیەت ڕستە سەرەکیەکەی ئەوەیە کە دەڵێت: باشتر وابوو هەر نەبووینایە. ئیبن ڕوشدی بیریاری عەرەب دەڵێت: گەردوون نەمرە و خواوەند پەیوەندی بە ڕێکخستنی یاساکانی گەردوونەوە هەیە، دەتوانین بۆ هەر بیریار

و فەیلەسوفێکی ئەم دنیایە بە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك فیکری ئەو یان بەشداری ئەو لە بەرهەمهێنانی فیکردا باس بکەین. بەڵام ئایا ئەو ڕستە فیکرییەی کە ئەحمەدی خانی بەرهەمی هێناوە چیەو کامەیە؟

مەبەستمان لەم پرسیارە کەمکردنەوەی ئاستی دیاری خانی نیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو دەمانەوێت بڵێین کارێکی دروست نیە بەبێ بنەمای زانستی و بەبێ بەڵگە و لێکدانەوەی وردو سەلمێنەر شاعیران و نووسەران و کەسانی دیاری نەتەوەکەمان باربکەین لە کۆمەڵە شتێکی ئەوتۆ کە ئەو کەسانە خۆیان پەیوەندییان بەو شتانەوە نەبووە و نیە. دکتۆر عیزەدین خانی دەکات بە فەیلەسوف و بیریار. یەکێکی تر دەیکات بە ڕابەری فیکری نەتەوەیی کوردی، یەکێ دێت مەولانا خالید دەکات بە ڕابەری بزوتنەوەی کوردایەتی، یەکێکی تر دێت مەولەوی دەکات بە داهێنەری ڕۆمانسیەت و دەیخاتە پێش قۆناغی ڕۆمانسیەتی ئەدەبی ئینگلیزییەوە.. ئەم بە زۆر داتاشین و دروستکردنانە نەك هیچ خزمەتێکی کەلتووری کوردی ناکات بەڵکو لە بارێکی تردا زیانێکی گەورەشی لێدەدات، چونکە چەندین نەوە ئەو ڕاوبۆچوونە بێ بنەمایانە کوێرانە وەردەگرن و دەیڵێنەوە کە لە ڕاستیدا بوونیان نیە.

ئەگەر خانی فەیلەسوف و بیریار بووایە، دەبوا ئێستا دەقە فەلسەفی و فیکرییەکانی ئەومان لەبەردەستدا بووایە و بەناوی فیکر و فەلسەفەی خانیەوە یان کوردییەوە ناو برایە، هەرچۆن دەگوترێت فەلسەفەی هیگڵ یان فەلسەفەی ئەڵمانی، یان فیکری فەڕەنسی یان فیکر و فەلسەفەی فۆکۆ، دورەیدا، هابرماس، گادامێر و.. تاد.

دکتۆر عیزەدین جەخت لەسەر فەیلەسوفی و بیریاری ئەحمەدی خانی دەکات و بە ڕستەیەکیش لەوە نادوێت کە فیکری ئەحمەدی خانی یان فەلسەفەکەی چیە؟ لە توێژینەوەی زانستیدا ناکرێت بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر ناو یان خاسێت بدرێتە پاڵ کەسێك یان دیاردەیەك. دکتۆر دەڵێت: خانی فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش دەکات کە دەشێ بە تەسەوری فەلسەفی لای خانی ناوبرێت[٧]. با بپرسین ئەو فەلسەفە تەواوە چیە؟ ئەنجا ناکۆکیەك هەیە لە نێوان تەسەوری فەلسەفی و فەلسەفەی تەواودا. تەسەوری فەلسەفی بە واتا هێشتا لە سنووری تەسەوردا ماوەتەوە و نەگەیشتۆتە

حاڵەتی ئەبستراکت یان تەواو یان ڕەها، کەواتە ئەگەر خانی فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش بکات ئیتر تەسەوری فەلسەفی هیچ مانایەکی نیە، ئەگەر خانی تەسەوری فەلسەفی هەبێت مەرج نیە بتوانێت فەلسەفەیەکی تەواو پێشکەش بکات و بە فەیلەسوف ناوببرێت.

ئەگەر دکتۆر لەسەر بنەمای ئەو ململانێیەی کە لە گرێچنی مەم و زیندا هەیە پێی وابێت ئەوە ململانێی نێوان دژەکانەو بزوێنەر و دروستکەری جوڵەیەو ئەوەش بە گەوهەری فیکر و فەلسەفەی خانی بزانێت، ئەوا ئەو بۆچوونە زۆر کۆنترە لەوەی کە لە داهێنانی خانی بێت. ئەفلاتۆن پێی وایە پەیوەندی و ناکۆکی نێوان دژەکان هۆکاری جوڵەن لە گەردوون دا، ئەرستۆ کاردانەوە بە دژی کار دادەنێت و پەیوەندی و ناکۆکی نێوانیشیان ئەو جوڵەیە بەرهەم دێنێت کە بنەمای بنیادنانی گرێچنی نێوانیشیان ئەو جوڵەیە بەرهەم دێنێت کە بنەمای بنیادنانی گرێچنی ئەرستۆیی‌یە کە هەمان ڕوانین لای ئەرستۆ گواستراوەتەوە نێو جوڵەی کۆمەڵایەتی و دەرکەوتن و پەرەسەندنی شارستانێتەکان و گەیشتنیان بە لوتکە و لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی ئەو شارستانێتانەدا، قۆناغی بەرەو پیربوون و داڕمان دەست پێدەکات و لە ئاکامدا ئەو شارستانێتەی لە قۆناغێکدا لە بەرزترین لوتکەی پەرەسەندندایە، لە قۆناغێکی تردا دیار نامێنێت، ئەرستۆ ئەمە لەگەڵ سووڕی ژیانی زیندەوەران دا هاوشێوە دەکات و سەرجەم هۆیەکانی پەرەسەندن و گەیشتن بە لوتکە و پاشان بەرەو پیری چوون و لەناوچوونیشی دەگێڕێتەوە بۆ ناکۆکی و پەیوەندی ناوکۆیی توخمە پێکهێنەرەکانی ئەو پێکهاتانە خۆیان.

شانۆگەرییە تراژیدییەکانی شکسپیر لەسەر بنەمای جۆرێک لە گرێچن بنیادنراون کە دژایەتی و ناکۆکی نێوان کەسێتەکان دەیانبات بەڕێوەو جوڵەیان پێدەدات. بە چەندین نموونەی تر دەتوانین باسی ململانێ و دژایەتی و پەیوەندی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی هەر پێکهاتەیەك بکەین لەم گەردوونەدا کە ئەو دژایەتی و پەیوەندییە دروستکەری جوڵەن و لە پێش ئەحمەدی خانیش دا باسکراون. هارمۆنیای گەردوون لە بنەڕەتدا لەسەر ناکۆکی و پەیوەندی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دروستبووە.

دکتۆر دەڵێت: خانی وەکو بیریارێك گرنگترین شتێ کە دەیبینێ بوونی دژەکان و یەکێتی ئەم دژانەیە[٨]. ئێمە لەوە دواین کە ئەم بۆچوونە لە داهێنانی خانی نیە، دکتۆر ڕاستەوخۆ ویستوویەتی ئەوەی لە مارکسیزم و لینینیزمەوە وەریگرتووە بەسەر ئەحمەدی خانیدا بسەپێنێت و ئەمە زیاتر دووبارەکردنەوەی ئەو قسەیەی لینینە کە دەڵێت: گەشەکردن بریتییە لە ململانێی دژەکان. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دکتۆر پێوەرێکی ئامادەی هێناوە و دەیەوێت دەقێکی کوردی پێ بپێوێت کە مەرج نیە ئەو بنەمایانەی لە پێوەرە ئامادەکەدا هەن لەناو دەقەکەدا بوونیان هەبێت، ئەم کارەش بە پێچەوانەی بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبیەوەیە، چونکە کاری ڕەخنەگر ئیشکردنە لەناو دەقدا، نەك هێنانی پێوانە ئامادەکانی دەرەوەی دەق بۆ ئەوەی دەقەکە بە وان بپێورێت. بێگومان ئەم بۆچوونەی دکتۆر عیزەدین و زۆرێك لە ئەکادیمیەکانی کورد کە خەریکی ئەدەبن دەبێ پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ئەو ڕاستییە جێگیر بکرێت کە خوێندنەوەی دەق لەناو خودی دەقەکەوە دەست پێدەکات، نەك دەقێکی نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە بە پێوەرێکی ئایدیۆلۆژی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەو نیوەی یەکەمی سەدەی بیست بخوێندرێتەوە. ئەو پێوەرەی دکتۆر بۆ خوێندنەوەی مەم و زینی خانی بەکاری هێناوە لە پشتیەوە ستراتیژی ڕازیکردنی هەڵگرانی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم- لینینیزم وەستاوە، کە بە داخەوە ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەرچۆن لە ئەنجامی بە هەڵە وەرگرتنی و کارپێکردنی زیانی گەورەی لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی داوە، چەندین ڕای بێ بنەمای بە زۆر بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا سەپاندووە و زۆربەی کات ڕۆڵی پۆلیسی ڕۆشنبیریی بینووە بۆ ڕێگاگرتن لە بیرکردنەوەی ئازادی لای ئەدیب و ڕۆشنبیری کورد و هەرکەس بەپێی ئەو پێوەرە نەینووسیبێت و بەو ئاڕاستەیە بیری نەکردبێتەوە بە کۆنەپەرست و دژی پێشکەوتن دراوەتە قەڵەم. لە ئاکامی ئەوەشدا بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی ئەدەبی کوردی بوون بە گوتاری ئایدیۆلۆژی و بەرهەمهێنی پاڵەوانی نەبەز بوو، بانگەشە کردن بۆ شۆڕشی پرۆلیتاریاو.. تاد بە واتایەکی تر.

دوورکەوتنەوە لە کێشە ڕاستەقینەکانی مرۆڤی کورد چ وەکو تاك و چ وەکو کۆمەڵ، چ کێشە تایبەتیەکان بووبێت چ کێشە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان.. بەرپرسی

یەکەمیش لەم شێواندنەی نەخشەی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی ئەو کەسانەن کە بانگەشەی سەپاندنی میتۆدی لینینیزم- ستالینیزمیان بەسەر ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا کردووە و پێیان وابووە هەموو ڕێگاکان دەچنەوە بۆ مۆسکۆ. بەهەرحاڵ ئەگەر ئێستاش خۆیان هەوڵی ڕاستکردنەوەی ئەو کارانەیان بدەن ئەوە کارێکی پەسەند دەکەن.

لە ئەنجامی سەپاندنی هەندێ لەو چەمکانەی لە مارکسیزمدا هاتوون بە تایبەتی دیالکتیك، دکتۆر عیزەدین پێی وایە خانی فەیلەسوفی دیالکتیکە، کە دکتۆر ئەو چەمکانەی وەکو پێوانەیەکی ئامادە هێناوەو هەوڵیداوە لەلای خانی ئەگەر ئاماژەیەکی لەو جۆرە هەبێت ئەوا بیکات بە داهێنەری ئەو چەمکە. بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە دیالکتیك وەکو زاراوەیەکی پێناسەکراو لە سەردەمی هیراقلیتس دا ئاخاوتنی لەسەر کراوە و وەکو چەمکێکی فەلسەفی بەکاربراوە و لە سەردەمی هیگڵ دا چەمکەکانی دیالکتیکی سروشت و دیالکتیکی مێژوو ئاخاوتن کراون و مارکس و ئەنجلسیش بە شێوەیەکی بەرفراوان لەو چەمکانە دوواون و ماتریالیزمی دیالکتیك لە سەردەمی ئەواندا وەکو چەمکێکی فەلسەفی جێگای گرت.

دیالکتیك لەلای هیراقلیتس گوزارشت لە بوونی شتەکان و لە هەمان کاتدا نەبوونیان دەکات، چونکە هەموو شتێ بە بەردەوامی دەجوڵێ و دەگۆڕێ، واتە لە حاڵەتی پەرەسەندن و لەناوچوونی هەمیشەیدایە[٩]. ئەفلاتۆن ڕای وایە کە دیالکتیك جوڵەی فیکرە لە چەمکە سادەکانەوە بۆ چەمکە ئاڵۆزەکان[١٠]. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دیالکتیك هەندێ مانای جۆراوجۆری وەرگرت وەکو لۆژیك و هونەری جیاکاری نێوان ڕاست و درۆ.. [١١]. فەلسەفەی دیکارت و سپینۆزاو دیدرۆ پایەی خۆیان لە ڕەگەزەکانی چەمکی دیالکتیك بەهێزکردووە. کانت لە تیۆرەکەی خۆیداو لۆمانوسوف لەبارەی دۆزینەوەی یاسای پاراستنی وزەو جوڵەوە پایەکانی دیالکتیکیان بەهێزکرد. هیگڵ تەسەوری گەردوونی کرد بەوەی لە جوڵەیەکی بەردەوامدایەو لە حاڵەتی گۆڕان و پەرەسەندندایەو[١٢] سەرچاوەی ئەو گۆڕان و پەرەسەندنەش ناکۆکی ناوخۆییە بەڵام مارکس و ئەنجلس دیالکتیکیان کرد بە زانستی یاسا گشتییەکانی پەرەسەندنی سروشت

و کۆمـەڵگاو فیکـر. ئـەمان دیالکتیکیـان لەسـەر بنـەمای دۆزینـەوەی خانـەی زینـدوو و یاسای پاراستن و گۆڕانی وزە و تیۆری پەرەسەندنی داریون بنیادنا.

جگە لە هیگڵ و مارکس و ئەنجلس ئەوانەی تـر کـە باسـی دیالکتیکیـان کـردووە لـە پێش ئەحمـەدی خانیدا ژیاون. کەواتـە ئەگـەر ئەحمـەدی خـانی لـە مـەم و زینـدا بەرجەستەی حاڵەتی لەو جۆرەی کردبێت کە لێکدانەوەی دیالکتیکانەی بۆ بکرێت ئەوا بـەوە ئەحمـەدی خـانی نـابێت بـە فەیلەسوفی دیـالکتیك، بێگومـان ئـەوەی مـارکس و ئـەنجلس سـەبارەت بـە دیـالکتیك کردوویانـە گۆڕانکـاری گەوهەرییـە لەبەرئـەوە دەشـێ مـارکس و ئـەنجلس وەکو دوو بیریـاری ئـەو بـوارە دابـنرێن چونکـە دیالکتیکیـان لـە شێوەیەکی تر و لـە فۆرمێکی فەلسەفی تـردا و بـە بنـەمای جیـاوازەوە لـەچاو پێشـتردا دارِشـتەوە، بـەڵام بـە گوێـرەی خـانی ئەگـەر لـەناو شیعرەکانیشـیدا لـە ئـەنجامی شیکردنەوەی دەقەکاندا دەلالەتێکی لـەو جۆرە بدۆزرێتـەوە، ئـەوا گومـانی تێدانیـە کـە خانی هیچ ڕوانین یان جیهانبینی‌یەکی لەوجۆرەی نەبووە کە دیـالکتیك چی‌یـەو مانـای چی‌یە، بەڵکو هەر قسەکردنێکی لەوجۆرە سەبارەت بە خانی بارکردنیەتی بە چەمکێك بەبێ ئەوەی ئەو ئاگای لەو چەمکە بووبێت.

دیارە خانی مەمی ئـالانی هێنـاوەو بـە شـیعر دایڕشـتۆتەوە، وەکو ئاشـکرایە مـەمی ئالان بەسەرهاتێکی فۆلکلۆری یان ئەفسانەیەکە کە پێشتر لـەناو کـورددا و ڕەنگـە لـەناو میللەتانی دراوسێی کوردیشدا دەماودەم گێڕدرابێتەوەو کەسـێت و ململانـێ و نـاکۆکی و پـەیوەندی و یـەکێتی و جوڵـەی بـەردەوام لـەنێو بەسـەرهاتەکەدا هـەبووەو بەوپێیـەش ئەحمەدی خانی گۆڕانکاری ئەوەندە گەورەی لە گەوهـەری ئەفسانەکەدا نـەکردووە، بـە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین لە دەقە فۆلکلۆرییەکەدا هـەمان ئـەو ململانـێ و نـاکۆکی و پەیوەندی و یەکێتی‌یەی نێوان کەسێتەکان هـەبووە، ئـەوەی خـانی گۆڕانکـاری بەسـەردا هێنـابێت شـتی بچوکـە، نـەك هێڵـی سـەرەکی ئەفسانەکە. دیـارە ئەفسـانەو فۆلکلۆریـش بەرهـەمی ژیـانی کۆمەڵایـەتی قۆنـاغی دوورو درێـژو هـەندێ جـار نـەزانراوی میللـەتن، هەر بەوپێیەش دەشێ بە جۆرێك شاهیدی ئەو سـەردەمە بـن کـە تیایدا دەرکـەوتوون. گرێچنی سەرجەم ئەفسانەو چیرۆك و بەسەرهاتە فۆلکلۆرییەکان بریتین لە ململانـێ و

خۆشەویستی و دڵسۆزی و ناپاکی، واتە دابەشبوون لـە نێوان هـێزی ئـیرۆس و تانـاتۆس دا. بـە مانایـەکی تـر وێنەیـەکی ئاشـکرای ژیـانن. ژیـانیش بـە سروشـتی بنەمایـەکی دیالکتیکیانەی هەیەو دووانە بەرامبەرەکان پێکیان هێناوە.

ئەوەی خانی کردوویەتی لە مەم زین دا زیاتر نیە لـەو بنـەما دیالکتیکانـەی کـە لـە خودی گەردووندا ئامادەبوونیان هەیە. دکتۆر دەڵێت: ڕوانینـەکانی خـانی بـۆ گـەردوون وەك فەیلەسوف و بیریار دەست پێدەکات[١٣]. وشەی وەکو دەمانخاتە بەردەم جۆرێـك لـە گومانەوە لەوەی کە دکتۆر لە لایەك خانی دەکات بـە فەیلەسـوف و بیریـار، جارێکی تـر لای وایە ڕوانینەکانی خانی وەکو ڕوانینی فەیلەسوف و بیریار وایـە بـۆ گـەردوون ئێمـە پێشتر لەوە دواین کە فەیلەسوف و بیریار کێن و بەوپێیەش خانی نابێتە هیـچ کامیـان، بۆیـە لـێرەوە ئـەو ناونیشانەی دکتـۆر بـۆ خـانی هـەڵبژاردووە لـە دەرەوەی کەسـێتی خانییەو خانی شاعیرێکی دیاری قۆنـاغێکی مێـژووی گـەلی کوردەو دەشـێ توێژینـەوەی جۆراوجۆر لەسـەر بەرهەمـەکانی بکرێـت و جیهانبینی شـیعری و ئاسـتی هونـەری و شوێنی لە جوگرافیای شـیعری کوردیـدا دەسـت نیشـان بکرێـت بـەڵام ناشـێت هـەروا بـە ئاسانی بکرێت بە فەیلەسوف و بیریار.

دکتـۆر عـیزەدین باسـی دووانـەی هـۆو ئـەنجام دەکات لای خـانی و پـێی وایـە ئـەم دووانەیە یەکێکە لەو بنەمایانەی کە خـانی دەکاتـە بیریـارو فەیلەسـوف ئـەوەتا دەڵێـت: خانی بڕوای وایە بۆ هەر ئەنجامێ هۆیەك هەیە[١٤]. دووانـەی هـۆو ئـەنجام لـە مێـژووی فیکر و فەلسەفەدا شتێکی نوێ نیـە. دیموقریـت دەڵێـت: هـەموو شـتێك بـە شـێوەیەکی سیسـتاماتیکی دەردەکەوێ و لـە ئـەنجامی کـاری هۆیـەکی دیـاریکراودا لـەناودەچێت. ئەرسـتۆ دروسـتبوونی شارسـتانێت دەگێڕێتـەوە بـۆ چـەند هۆیـەك و. داڕمانیشـی دەبەستێتەوە بە کاریگەریی و جوڵەی چەند هۆکارێکی ناوخۆییەوە. لە ئەدەبیشدا بـە تایبەتی لە تراژیدیـاداو دواتریـش لـە چیرۆکدا کـە گرێچـن هەیـە، جوڵەی ڕووداوەکان لەسـەر بنـەمای پـەیوەندی هـۆو ئـەنجام ڕێکدەخرێـن و هەمیشـە هـۆ دەکەوێتـە پێـش ئەنجامـەوە. لـە شـانۆگەری ئۆتێلـۆدا هۆکـاری غـیرەو دڵڕەقـی ئیـاگۆ دەبێتـە هـۆی دڵ پیسکردنی ئۆتێلۆ لە دێزدەموناو لە ئـەنجامدا ڕووداوە تراژیدییـەکان دەسـت پێدەکات.

له شانۆگەری هاملێت دا ناپاکی دایـك و مـام دەبـن بـه هـۆی کوشـتنی بـاوکی هـاملێت و هاملێتیش له ئەنجامی ئەوەدا دووچاری ئەو باره دەروونی و ئـازاره ڕۆحیـه دەبێت کـه بگاتـه ئاسـتی تێڕامـانی قـوڵ و بەرزکردنـەوەی پرسـیاری "ببیـت یـان نـەبیت ئەمـه پرسـیارەکەیه" شکسـپیر داهێنـەری ئـەم ڕسـته گرنگەیـه کـەچی هیـچ ڕەخنـەگر و توێژەرێکی ئینگلیز بـه شکسـپیر نـاڵێت فەیلەسـوف یـان بیریـار. کەواتـه ئـەوه ئاشـکرا دووانەی هۆو ئەنجام نابن به بنەما بۆ سەلماندنی بیریاری و فەیلەسوفی خانی.

دکتـۆر عـیزەدین دەڵێت: خـانی وای دەبینـێ ڕووکـەش پەیوەسـته بـه گەوهــەرەوە، ئەگـەر گەوهـەر نـەبێت ڕووکـەش پـوچ دەبێتـەوە[١٥]. ئـەم بۆچوونــەش گـەلێك کۆنــه، ئـەفلاتۆن پـێی وابـوو لـه کۆمـاره خەیاڵیەکـەی ئـەودا دەبـێ هـەموو شـتێ گەوهـەری ڕاستەقینەی خۆیی هـەبێت و گونجانـدن لـه نێـوان گەوهـەر و ڕووکەشـدا هـەبێت، ئـەو هەموو دروستکردنێکی بەلاسایی کردنەوه دەدایـه قەڵـەم، لـه لاسـایی کردنـەوەدا دەشـێ ڕووکـەش وەکـو خـۆی بگوازرێتـەوه بـەڵام گەوهـەر هـەرگیز وەکـو بوونـی ڕاسـتەقینەی خۆی ناگوازرێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە ئەفلاتۆن لاسایی کردنەوەی پێ کارێکی نادروست و بێ بەها بوو. دیسان جگه له شیعری تـەعلیمی، ئـەفلاتۆن جۆرەکـانی تـری شـیعری پـێ خـراپ بـوو چونکـه دەیگـوت ئـاودێری سـۆز و هـەڵچوون دەکـەن[١٦] سـۆزو هـەڵچوونیش بەشـێك نـین لـه گەوهـەری مـرۆڤ بـەلای ئەفلاتۆنـەوە، بـەڵکو بەشـێکن لـه ڕووکـەش، کەواتـه ئـەفلاتۆن نـەك هـەر دووانـەی گەوهـەر و ڕووکـەش یـان ماهیـەت و ڕوخسـاری ناسیووه بەڵکو لایەنگری گەوهەر یان ماهیەتیشی کـردووە.. ئیـتر دۆزینـەوەی دەلالـەتی گەوهەر و ڕووکەش لای خانی گرنگیەکی ئەوتۆی نیه که خانی بکات به فەیلەسوف و بیریار، ئەمه جگه لەوەی کەسانی تریش له پێش خانیدا لـەو باسـه دوواون. ئایدیـالیزم لێکدانـەوەی لـەو جـۆرەی بـۆ کـەون هەیـە، نـەزانراو کـه هـێزی نادیـاری خواوەنـده گەوهەرە.. هەموو جوڵەو ڕووداوێکی گەردوون که بەرهەمی ئەو گەوهەرەن، ڕووکەشن.

یـەکێك لـه چەمکەکانی دیـالکتیك بریتـیە لــه گەوهـەر و ڕووکـەش، کـه دواتـر دووانــەی نــاوەڕۆك و شـێوەی لێکەوتۆتــەوەو پاشــان لــه میتــۆدی مارکســیزمدا بــۆ لێکدانـەوەی دیاردەکــان کــاری پێکــراوەو لـەژێر نــاوی چۆنێتــی و چـەندێتیدا وەکـو

چەمکێکی فەلسەفی بەکارهاتووە. ئەو میتۆدە تەقلیدییەی ڕەخنەی ئەدەبی کە تاکو ئێستا دەیەوێت هاوسەنگی نێوان شێوە و ناوەڕۆك بکات بە بنەمای سەرکەوتنی دەقە ئەدەبی و هونەرییەکان لەو چەمکەوە سەرچاوەی گرتووە.

دکتۆر عیزەدین لەو کتێبەیدا هەوڵیداوە سەرجەم زانیاری خۆی لە بوارە جۆراو جۆرەکاندا لە ڕێگای بە ئامرازکردنی خانییەوە بخاتە ڕوو، هەرچۆن خانی مەم و زینی کردووە بە ئامراز بۆ دەربڕینی دەردی دڵی خۆی، بێگومان بۆ دەقێکی شیعری ئەوەی خانی کارێکی پەسەندو گونجاوە.. بەڵام ئەوە دکتۆر عیزەدین کە هەموو ڕوانینەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر دەقێکی وەکو مەم و زین دا لە هیچ میتۆدێکی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا جێگای نابێتەوە، تەنانەت میتۆدی ڕەخنەی مارکسیزمیش.. بۆیە جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە ئەم جۆرە کارکردنە لەسەر دەقەکانی ئەدەبی کوردی ناتوانێت مافی دەقەکان و نووسەرەکانیشیان بدات، هەروەکو دەبێتە هۆی شێواندنی ڕووی ڕاستەقینەی ئەدەب و ڕۆشنبیری ئێمە، چونکە ئێمە پێویستمان بەوەیە شتەکان وەکو ئەوەی هەن باس بکەین نەك وەکو ئەوەی دەمانەوێت یان پێویست دەکات.

کەس ناتوانێ نکوڵی ئەوە بکات کە ئەحمەدی خانی شاعیرێکی دیاری نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەی ئێمەیە، بەڵام ئەوەش شێواندنی نەخشەی جوگرافیای ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردییە تۆ بێیت ئەم شاعیرە بکەیت بە فەیلەسوف و بیریار و ڕابەری فیکری نەتەوەیی، کە لەڕاستیدا دەبێ بزانین ئێمەی کورد تاکو ئێستاش نەك بیریار و فەیلەسوف و ڕابەری فیکریمان نیە، بەڵکو تەنانەت خوێنەری باشی ئەو بوارانەشمان نیە.

هیوادارم دکتۆر عیزەدین لەم تێبینیانەی من زویر نەبێت، من پێم وایە دەبێ ئەو خۆی پێش ئێمە پێداچوونەوەی هەردوو کتێبی (خانی و ڕیالیزم لە ئەدەبی کوردی)دا بکاتەوەو بەو بۆچوونانەی خۆیدا بچێتەوە.

1-LONGMAN Dictionary of Contemporary English 1995- P. 1057

٢-هەمان سەرچاوە ل ١٥٠٢.

٣-هەمان سەرچاوە ل ١٥٠٧.

٤-صدام الزيادى- المدخل الى الفلسفه- ص٥.

٥-نفس المصدر ص ٦.

6-William Shakespear. The Complete works London- 1968. P. 995.

٧-الدكتور عزالدين مصطفى رسول- احمدى خانى. شاعرا و مفكرا، فيلسوفاً و متصوفاً. بغداد- ١٩٧٩، ص ٢٥١.

٨-نفس المصدر- ص ٣٣٢.

٩-الدكتور عبدالرزاق مسلم- مذاهب و مفاهيم في الفلسفة الاجتماع- ص ٤٩.

١٠-هەمان سەرچاوە ل ٤٩.

١١-هەمان سەرچاوە ل ٤٩.

١٢-هيغل – مختارات- الجزء الاول - ترجمة الياس مرقص- دار الطليعة- ١٩٧٨، ص ٧.

١٣-الدكتور عزالدين مصطفى رسول- احمدى خانى- ص ٢٥٧.

١٤-هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٩.

١٥-هەمان سەرچاوە، ل ٣٤٦.

16-David Datchis- Approach to Literary Criticism- P.17.

## چۆن لە ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی دەدوێین

-١-

"ڕەهەندەکانی هۆنراوەی نوێ لە باشووری کوردستاندا" ناونیشانی وتارێکی مامۆستا ڕەوف عوسمانە کە لە ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری گەلاوێژدا بلاوکراوەتەوە. کاتێ ئەو ناونیشانە دەخوێنینەوە چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەنە دەکەین بەڵام کاتێ کە وتارەکە دەخوێنینەوە جگە لە دارشتنێکی سادەو بە زمانێکی نارەخنەییانەو جوینەوەی هەندێ ڕاوبۆچوونی بێبنەماو نازانستیانەو نەسەلێنراو و وەرگیراو لە کەسانی ترەوە بەبێ ئەوەش ئاماژە بۆ هیچ سەرچاوەیەك کرابێت هیچی ترمان بەرچاو ناکەوێت. ڕەنگە کارێکی ئاسایی بێت بۆ کەسێك ئەگەر خۆی بە لێکۆڵینەوەی شیعری نوێی کوردییەوە خەریك کردبێت، دەرئەنجامی خۆخەریك کردن و توێژینەوەو ڕەخنەکانی لەسەر شیعری نوێی کوردی لەو جۆرە وتارانەدا دەرببڕێت بەڵام بۆ کەسێکی وەکو مامۆستا ڕەوف کە تاکو ئێستا جگە لە هەندێ قسەی سەرپێی و ڕای ئەم و ئەو هیچی تری لەسەر شیعری نوێی کوردی نەکردووە کە جێگای باس بێت یان بچێتە سنووری ڕەخنەی دەقەوە، ڕەنگە ئەو توانایەی نەبێت کە دەربارەی ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی بدوێت. سەرئەنجام ئەم وتارەی خودی مامۆستا ڕەوف دەبێتە باشترین بەڵگەی سەلمێنەری ئەم قسەیەمان.

ڕەنگە دواکار کە مامۆستا ڕەوف لەسەر شیعری کوردی نووسیبێتی ئەو کتێبەی بێت کە بە ناوی "سێ چڵ وەنەوشە بۆ کەزییەکانی شیعر" بە چاپی گەیاندووە. لێرەدا لەبەرئەوەی باسەکەمان پەیوەندی بەو کتێبەوە نیە نامەوێت لە بارەی گەوهەری ئەو کتێبەو لاوازی نووسینەکەی مامۆستاو نەبوونی هیچ ئامرازێکی ڕەخنەیی لای ئەو بدوێم، ئەوە هەڵدەگرم بۆ کاتێکی تر، بەڵام هەر کە سەرنجی ئەو ناونیشانە دەدەین ڕاستەوخۆ تێدەگەین کە نووسەرەکەی بێئاگایە لە کاری ڕەخنەو لە زمانی ڕەخنەو لە زمانی شیعر و تەنانەت ئەدەبی نوێش چونکە ئەو ناونیشانە هیچ دەلالەتێکی ڕەخنەیی نیەو لە گۆرانی ئەو هەرزەکارە تازە عاشق بووانە دەچێت کە نامەی دڵداری

بۆ دڵدارەکانیان دەنووسن، دیارە هیچ گومانێك لەوەدا نیە ڕەخنە زمانی تایبەتی خۆیی هەیەو ئامرازی تایبەتی خۆیشی هەیە. بە تایبەتی قسەکردن لەسەر شیعر بەبێ لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکان هیچ واتایەکی نیە.

-٢-

کاتێ وشەی "ڕەهەندەکان" دەبینین وای بۆ دەچین ئاخاوتن لەسەر ئاڕاستەکانی شیعری نوێی کوردی بکرێت و خاسێتە دیارەکانی هەر ئاڕاستەیەك دەست نیشان بکرێت. بەڵام بە داخەوە جگە لە هەندێ خاڵ کە بە دوای یەکدا ڕیزکراون و هیچیان نە پەیوەندییان بە شیعری نوێی کوردیەوە هەیە، نە نزیك بوونەتەوە لە ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی، بەڵکو مامۆستا باسەکەی بە جۆرێك تێکەڵ و پێکەڵ کردووە تەنانەت خوێنەری ئاساییش نازانێت ئایا باسی شیعری نوێ دەکات یان باسی کلاسیك؟ خۆ ناکرێت وای بۆ بچین ئەم باسە بەراوردێك بێت لە نێوان شیعری نوێ و شیعری کلاسیکی کوردیدا.

مامۆستا لە وتارەکەیداو بە تایبەتیش لە ناونیشانەکەیدا نووسیوویەتی "باشووری کوردستان". دیارە ئەوە ئاشکرایە کە لە باکووری کوردستان لەبەرئەوەی تاکو ئەم دواییەش مەگەر بە دەگمەن ئەگینا زۆرینەی خەڵك نازانن بەزمانی کوردی بنووسن. هەر لەبەرئەوەش شیعری نوێی کوردی لە باکووردا ئەگەر هەشبێت ئەوا ناشێت ئەوەندە پەرەسەندوتر بێت. لەو بەشەی کوردستانی لکێنراو بە عێراقەوە کە بە کرمانجی خوارو دەدوێن. ئەگەر مامۆستا ئاگاداری نەخشەی شیعری نوێی کوردی بوایە ئەوا بەلای کەمەوە دەبوو لە شیعری کوردی لەم بەشەی کوردستاندا بدوایەو بیزانیایە چەندین شاعیری وەکو عەبدوڕەحمان موزیری و خەلیل دهۆکی و موئەیەد تەیب و موحسین قۆچان و هزرڤان و.. بە کرمانجی سەروو دەنووسن و لە شاعیرە دیارەکانی ئەو قۆناغەن کە لە زاری کرمانجی سەروودا بە شاعیرانی دوای جگەرخوێن ناودەبرێن و ئەو قۆناغەش هاوشێوەی قۆناغی دوای گۆرانە.

هەڵبەت خەوشی نووسینەکەی مامۆستا هەر لە ڕووی بایۆگرافیەوە لەوەشدا نیە کە ئاگای لە زاری کرمانجی نیە، بەڵکو بە چاوێکی هێندە تەسك و کورت بین دەڕوانێت مەودای بینینی لە شارۆچکەی کۆیە تێپەڕ ناکات و تەنانەت ناپەڕێتەوە بۆ شارێکی وەکو هەولێریش، بەڵام دەگاتە شارۆچکەی کفری کەواتە جێگای خۆیەتی وای لێك بدەینەوە کە مامۆستا ڕەوف عوسمان تەنیا ئەو بەشەی کوردستان بە باشووری دەزانێت کە لە ژێر سایەی دەسەڵاتی یەکێتی نیشتمانیدایە، کە ئەم ڕوانینەش ئەگەر بۆ سیاسەتیش لەبەر زۆر هۆکاری ناوخۆیی و دەرەوە بیانووی خۆیی هەبێت ئەوا بۆ مەسەلە ڕۆشنبیری و ئەدەبیەکان کارێکی نادروستەو هەڵقولاوی عەقڵێکی تەسك و ڕوانینێکی کورت مەودایەو ڕەنگە بە هەڵەشدا نەچووبین ئەگەر بڵێین ئەم سنووردانانە لە لایەن نووسەرەوە بۆ ڕازی کردنی سیاسیەکانە کە دڵنیام سیاسەتی کوردی ئەگەرچی ناچاری دابەشبوون و شەڕی ناوخۆ بووە بەڵام حەز ناکات ئەو دابەشبوونە بگاتە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری. ئەم تێڕوانینەی نووسەر مایەی ڕەخنە لێگرتنەو بەڵگەی لاوازی هەست و هوشیاری نەتەوەییشە ئەگینا ئەگەر نووسەرێك هوشیاری نەتەوەیی هەبێت بڕوا ناکەم جورئەتی ئەوە بکات یەکێتی ڕۆشنبیری نەتەوەکەی بڕوخێنێت و بە عەقڵی ناوچەگەری و هەرێمگەری خێڵ بیربکاتەوە. ڕۆشنبیرە جدی و ڕەسەنەکانی کورد باجی زۆریان داوە بۆ ئەوەی یەکێتی نەتەوەیی کورد بەپێی باری ناهەمواری سیاسی کوردستان دابەش نەکرێت، کەچی لە بارودۆخێکی تا ڕادەیەك هێمنی وەکو ئێستادا مامۆستا ڕەوف عوسمان ئەو دابەشکردنە بە نووسین دەچەسپێنێ و بانگەشەی بۆ دەکات.

من پێم وایە ناکرێت باسی شیعری نوێی کوردی بکەیت لە دوای گۆران و بە تاکە ڕستەیەك باسی شیعرو ئەزموونی شیعری کوردی لە شارێکی وەکو هەولێردا نەکەیت. دواتر کە دێمە سەر ئاخاوتن لەسەر ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی دەگەڕێمەوە بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر ئەم خاڵە. لە لایەکی ترەوە جێگای ڕەخنەگرتنە کە مامۆستا ڕەوف سنوورێکی پۆڵاین لە نێوان ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشووری کوردستاندا دروست بکات، لە کاتێکدا کە هەموومان دەیزانین لە دوای قۆناغی شیعری گۆران لەو بەشەی

کوردستاندا شیعری کوردی بە ئاشکراو بە زمانی دایك نووسراوەو بلاوکراوەتەوە. لێرەدا تەنیا ناوی شاعیرێکی وەکو ئێلخانی زادە بە نموونە دەهێنمەوە.

کاك ڕەوف دەڵێت: بۆ پێکانی مەبەست و دواجار نرخاندنیشی، کۆمەڵێك پرۆگرام و ڕێبازی جیاواز هەن کە هەریەکەیان ڕەنگدانەوەی دەورانی تایبەت و قوتابخانەی فیکریو فەلسەفی و هونەری جیاوازن، هەندێکیان لەسەر جوگرافیای کات یان بابەت بە بالا دەبڕڕێن، هەندێکی تر لەسەر نەخشەی جێگا، خۆ هەندێکی تر وەك کەس و ڕێبازی تیۆری تایبەت. ئەم پەرەگرافەی کاك ڕەوف لێرەدا نەك هەر مانایەکی ئەوتۆ بەرجەستە ناکات کە بکرێت بە بنەما بۆ ئاخاوتن لەسەرکردن بەڵکو زۆربەی وشەکانیش پەیوەندی نیە لە نێوانیاندا و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندییان نیە بە ڕەگەزێکی ئەدەبیەوە کە پێی دەوترێت شیعر. جاری وشەی پرۆگرام بە واتای دانانی نەخشەو هێڵکاری بۆ جێبەجێ کردنی بەرنامەیەك کە دەشێ ئەو بەرنامەیە دەرئەنجامی کۆنکرێتی هەبێت، لە کاتێکدا هەر لە سەردەمی ئەفلاتۆنەوە ئەوە جێگیر کراوە کە شیعر پەیڕەوی هیچ بەرنامەو پرۆگرامێکی تایبەت ناکات. پلەیتۆ بڕوای وابوو کە شیعر شتێکی خراپە چونکە شاعیر کەسێکی بێتوانایەو دەبێ میوسی خواوەندی سرۆش، سرۆشی پێ ببەخشێت ئەوسا شیعر لە دایك دەبێت. بە واتایەکی تر.. شاعیر هیچ داهێنانێکی نیە هەتا سرۆشی پێنەبەخشرێت و لەوکاتەشدا لەباری بێئاگایدایە[1]. هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە شیعر پەیڕەوی هیچ پرۆگرامێك ناکات. بێگومان ئەو جۆرە شیعرەش کە بە شیعری تەعلیمی ناو دەبرا بەپێی پێوانەی ڕەخنەیی ئێستا ناکرێت وەکو ڕەگەزی شیعر سەیربکرێت چونکە شیعر بەپێی زۆربەی ئەو پێناسە جۆراوجۆرانەی کە بۆی کراوە ئەو ڕەگەزە ئەدەبیەیە کە لە خەیاڵ و نەست و زمان پێکدێت، کە بێگومان لە شیعری تەعلیمیدا کە بە پێی پرۆگرامی دیاریکراو دەنووسرێت خەیاڵ و نەست بەشداری ناکەن. ئەنجا جێگای خۆیەتی لێرەدا بپرسین ئایا دەبێ شیعری تەعلیمی بەلای کاك ڕەوف عوسمانەوە بریتی بێت لە شیعری نوێ؟

ڕەنگە وایشی لێك بدەینەوە کە کاك ڕەوف مەبەستی لە پرۆگرام دانان بۆ شیعر، ئەو بنەمایانە بێت کە ڕێبازە ئەدەبیەکانی پێ لە یەکتر جیادەکرێتەوە بەڵام دیارە

لەوە بێئاگایە کە شیعری نوێ پەیرەوی هیچ کام لەو ریبازانە ناکات و هەر لە بنەرەتیشەوە شیعری نوێ ئەو رەگەزە ئەدەبیەیە کە کەمتر بۆ پیناسەیەکی جیگیر دەست دەدات.

نووسەر باسی (کات و شوین) دەکات وەکو دوو بنەما بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر شیعری نوێ لە باشووری کوردستاندا. پیدەچیت یان بێ بیرکردنەوەو هەر لە خۆوە ئەم دوو رەگەزە هاتبنە ناو نووسینەکەی کاك رەوفەوە یاخود بێئاگا بووبیت لەوەی کە باسی شیعر دەکات و شیعری نویش، دیارە ئەوە دەزانین لە گریچنی ئەرستۆیدا بە شیوەیەکی دیارو وەکو دوو رەگەزی گریچن باسی کات و شوین کراوە، هەلبەت گریچنیش ئەو سەردەمە گریچنی (تراژیدیا) بووە واتە رەگەزیکی درامی نەك شیعر. خۆ ئەگەر لە شیعری مەلحەمیشدا کات و شوین گرنگی تایبەتیان هەبیت ئەوا لە شیعری نویدا نە کات و نە شوین بە رەگەزی یان بنەمای شیعری دانانرین، دەشێ لە شیکردنەوەی دەقی شیعریدا زانینی کات وەکو میژووی دروستکردنی رووداو یان شوین وەکو دیاریکردنی شوینی رووداو یارمەتی دۆزینەوەی دەلالەت و پرسیارەکانی دەق بدەن بەلام کات و شوین بنەمای شیعری نوێ نین.

نووسەر دەلیت: دیارە هەر یەکیك لەم پرۆگرامە تویژینەوانە کۆمەلیك خەسلەتی نیگەتیفی و پۆزەتیفی خۆی هەیە، بەلام بە رای من هەولدان بۆ دەست نیشانکردنی بواریکی گولبژیری (انتقائیە) دەشیت بەرکەوتەی پۆزەتیفی گونجاومان بداتی). قسەی ئیمە لەسەر "گولبژیرە" بۆ ئاخاوتن لەسەرکردن. نووسەر ناوی باسەکەی ناوە (رەهەندەکانی هۆنراوەی نوێی کوردی) کە ئەم ناونیشانە ناونیشانیکی گشتی و بە هیچ جۆریك لەگەڵ گولبژیردا ناگونجیت. چونکە کاتێ باسی رەهەندەکانی شیعری کوردی دەکەین دەشێ رەهەندی جۆراوجۆر و لیکتر جیاوازمان هەبیت کە تاکە شاعیرێ یان چەند شاعیریك هەلگری ئەو ئاراستە شیعریە بن چ لە رووی ئەزموون و بنیادی شیعریەوە، چ لە رووی جیهانبینیەوە، کەواتە بە چ هەقیك دەتوانریت گولبژیر بکریت، پیم وایە گولبژیر بۆ کاریکی ناتەواوی وەکو ئەوەی کاك رەوف لەژیر ناونیشانیکی وا گەورەدا جگە لە بێ بەرنامەیی لە نووسینداو بێئاگایی لەوەی کە وشەی (رەهەند) چی دەگەیەنیت هیچ لیکدانەوەیەکی تری بۆ ناکریت.

کاك ڕەوف دەڵێت: ئەوەی کە ئێستا نووکی قەڵەمەکەمی تێ وەردەدەم قۆناغی دوای گۆرانە- ئەگەر بشێت ئەو زاراوە ڕەخنەییە بەکار ببرێت؟). سەرەتا دەمەوێت کەمێ لەسەر ئەو دەربڕینە ڕابووەستین (نووکی قەڵەمەکەمی تێ وەردەدەم). ئایا ئەمە زمانی ڕەخنەو لێکۆڵینەوەیە، یان ئەو زاراوانەیە کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی سادەی کورددا لەنێو کێڵگەو بازاڕدا بەکاردەهێنرێت، ڕاستە زمانی سادەی خەڵك بۆ نووسینەوەی فۆلکلۆر جوانە، بەڵام لێکۆڵینەوەو ڕەخنە، زانست، سیاسەت، یاسا، ئابووری هەریەکە زمانی خۆیان و زاراوەی خۆیان هەیە. ئەوەش ئاشکرایە کە زمان یەکەم پایەی تۆمارکردنە، ناکرێت ڕەخنەی ئەدەبی بە زمانی جوتیاری و زمانی ناو کێڵگە بنووسرێتەوە.

نووسەر دەیەوێت لە قۆناغێك بدوێت کە بەلای ئەوەوە ئەگەر بشێت ئەوا پێی دەڵێت قۆناغی دوای گۆران. جارێ زاراوەی قۆناغی دوای گۆران لە داهێنانی کاك ڕەوف نیە، هەتا ئەگەری شیان یان نەشیانی بۆ دابنێت، ئەم زاراوەیە لەسەر زاری نەوەی حەفتاکانی نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیدا هاتۆتە ناوەوەو زیاتریش نەوەی هەشتاکان و قەڵەمە دیارەکانی ئێستای بواری ڕەخنەو توێژینەوەی ئەدەبی کوردی لە نەوەی نوێ کە بەشی هەرە زۆریان قسەیان لەسەر ئەزموونی شیعری شێرکۆ کردووە وەکو قۆناغی دوای گۆران ناویان بردووە[٢].

لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئێمە بمانەوێت دابڕانێك لە نێوان گۆران و دوای گۆران دا دیاری بکەین دەبێ بە لایەنی کەمەوە خاسێتە دیارەکانی هەریەکە لەو دوو قۆناغە دەست نیشان بکەین و ئەگەر پێمان وابێت ئەو دوو قۆناغە جیاوازن دەبێ بزانین ئەو جیاوازیانە چین، بەڵام نووسەر نەك هەر نەیتوانیووە لەو جیاوازییانە بدوێت کە دەشێ ئەو دوو قۆناغە لێکتر جیابکەنەوە، بەڵکو هەندێ پێوانەی زۆر سادەی لە جۆری بەکارهێنانی کێشەکانی شیعری کردووە بە بەڵگە کە ئەو خاڵانەی ئەو باسی کردوون هیچ زیاتر نین لەو خاڵانەی کە لە پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی کوردی خوێندنگا ئامادەیەکاندا هەن کە بێگومان ئەو خاڵانەش جگە لە شتی گشتی هیچی تر نین، شتی گشتی لەو جۆرانەی بۆ جیاوازی نێوان شیعری دوو قۆناغی هەر نەتەوەیەك دەشێ باس

بكرێت. كە بە تایبەتی هەمان ئەو خاڵانە لە ئەدەبی عەرەبی قۆناغی ئامادەییدا هەیە كە لە جیاوازی نێوان شیعری نوێی عەرەبی و شیعری كلاسیكی عەرەبیدا هەیە، لە بەشێكدا لەسەر بەدر شاكر سەیاب.

لێرەدا پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بكەم كە هێڵی درێژكراوەی شیعری كوردی لە بابە تاهیرەوە تاكو ئێستا چەند دابڕانێكی تێدایە لە بابا تاهیرەوە بۆ نالی، لە نالییەوە بۆ گۆران، لە گۆرانەوە بۆ شێركۆ بێكەس. بێگومان لەگەڵ هەریەكە لەم ئەزموونانەشدا چەندین ناوی تر بەشدارن. بەڵام ئەمە هێڵە سەرەكیەكەی شیعری كوردییە. لێرەدا باسەكەی كاك ڕەوف پەیوەندی بە دوای گۆرانەوە هەیە. هەر بۆیە بۆ ئەوەی بتوانین سیما دیارەكانی ئەزموونی دوای گۆران دیاری بكەین دەبێ بزانین خاسێتەكانی ئەزموونی گۆران چییە.

ئەوە ئاشكرایە كە گۆران لە ڕووی بنیادی شیعریەوە پشتی لە شێوازی شیعری نالی و شاعیرانی بابان كردووەو گەڕاوەتەوە بۆ نووسین بە كێشی پەنجەو كێشەكانی فۆلكلۆری كوردی كە ئەو كێشانەش زیاتر هاوشێوەی كێشی (گاتا)كانن كە ئەوانیش سرودە ئایینییەكانی ئایینی زەردەشتین. دیارە لە ڕووی جیهانبینی و پرسیارەكانییەوە گۆران لە هەندێ لایەنی كەمدا نەبێت جیاوازی ئەوتۆی لەگەڵ جیهانبینی شیعری پێش خۆیدا نیە، خاڵی جیاواز لە نێوان گۆران و شاعیرانی بابان دا ئەوەیە كە ئەوان وەكو شاعیرانی قۆناغی كلاسیكی شیعری كوردی لە مەودایەكدا كاریان كردووە كە عەقڵ بە جۆرێك جێگای دیاری هەیە لە بەرهەم هێنانی شیعردا، نالی لەگەڵ گەشەی میرنشینی بابان دا ئەگەر بە خەیاڵیش بێت گەشە دەكات و گۆرانی ئاسودەیی بۆ پاسەوانەكانی ئەحمەد پاشا دەڵێت، لە ڕووخانی میرنشینیشدا شین دەگێڕێت، مەحوی لەگەڵ كزبوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا تراژیدیای بێبەهایی ژیان و دنیامان بۆ دەنووسێتەوە. بەڵام گۆران سەرباری پشت كردن لە شێوازی شیعری ئەوان ڕۆمانسیەكی مات و مەلولە كە بە دوای وێنە ونبووەكاندا دەگەڕێت[٣]. ئەو گەڕانەش دڵخۆشی ناكات بەڵكو مایەی خەفەتە بۆی. بەڵام جێگای خۆیەتی بپرسین جیاوازییەكانی گۆران و دوای گۆران چین؟ ئایا ئەوەندە جیاوازی هەیە لە نێوان گۆران و دوای گۆران دا هەتا

بتوانین بە دوو قۆناغی جیاواز لە یەکتر دایان بنێین؟ دیارە بە ئاشکرا بنیادی شیعری یان فۆرمی شیعری قۆناغی گۆران جیاوازە لە قۆناغی دوای گۆران کە ئێمە بە قۆناغی ئەزموونی ڕوانگە چەندین جار ناومان بردووە.

لە ڕووی جیهانبینی یان ئەو پرسیارانەوە کە هەریەکە لەم دوو قۆناغەی پێدەناسرێتەوە دەشێ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە دەست نیشان بکەین. گۆران وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی دەناسرێت کە گوزارشت لە خودی خۆیی و هەست و ویستە تایبەتیەکانی خۆی دەکات و هەردەم بە دوای وێنە دیارەکانی ژیانی خۆیدا دەگەڕێت، کە ئەوانیش وێنەی باوك و برای کوژراوە، وێنەی ئافرەت و خۆشەویست، کە ئەویشی دەستگیر نابێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئامێزی سروشت کاتێ لە گەیشتن بە سروشتیشدا ناگات بە وێنەیەکی ڕەها لە چێژو لە جوانی و لە ئێستاتیکا پەنا دەباتە بەر یەقینی سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا کە ئەوەش دەبێتە دوا خاڵ لە جوڵەی ئەزموونی شیعری گۆران دا. ئافرەت لای گۆران ڕەگەزێکە بۆ خۆشەویستی، پانتاییەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووە سێکسیەکان، سروشت ڕووبەرێکە بۆ وەرگرتنی چێژی جوانی و پانتاییەکە بۆ خۆ حەشاردان و خۆ دفن کردن، هەم منداڵدانی دایکەو هەم گۆڕیشە، ئەزموونی گۆران ئەزموونی گریانە هەم بە مەبەستی پاکژبوونەوە، هەم بە مەبەستی خۆ لاواندنەوەو گۆشەگیری لە هەمان کاتدا بانگەشەی جۆرێك لە فەردیەت و نەرجسیەت.

بەلام ئەزموونی دوای گۆران کە بە ئەزموونی ڕوانگە دەناسرێتەوەو سەرجەم خاسێتە دیارەکانی ئەو ئەزموونە لای شێرکۆ بەرجەستە دەبێت دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا کۆی بکەینەوە کە بەتەواوەتی جیاوازن لە ئەزموونی گۆران. ئێمە زیاتر بۆ قۆناغی ڕوانگەو تا ساڵانی هەشتا شێرکۆ دەکەینە نموونەی قسەکانمان چونکە لەو قۆناغەدا هیچ شاعیرێك نەبووە لە شیعری کوردیدا ئەوەندەی شێرکۆ خاسێتەکانی جیاوازی لەچاو قۆناغی گۆراندا هەلگرتبێت ئەزموونی شیعری ڕوانگە لە سەرجەمی ئەو خاسێتانەی کە بۆ ئەزموونی گۆرانمان دەست نیشان کرد جیاوازی هەیە. ئەزموونی ڕوانگەو تەنانەت بەشێکی زۆری شیعری دوای گۆران لە بری خۆلاواندنەوەو گوزارشت کردن لە خودی شاعیر خۆیی و بە چەق کردنی خودی شاعیر و مەسەلە زاتیەکان لە

بارێکی کەرنەڤاڵیدایـەو لـە پێکهاتـەی کۆیـی یـان دەسـتەجەمی ئێمـەی کـورد گوزارشـت دەکات، هەڵبەت ئەوەش پـەیوەندی بـە بـاری سیاسـی و مێژوویـی ئـەو قۆناغـەی ژیـانی کوردەوە هەیە. لە کاتێکدا ئەزموونی گۆران ئـەزموونی خولاندنەوەیـە بـە دەوری زاتـدا بـەو ئامانجـەی لـە ڕێگـا گـەڕان بـە دوای جـۆرە یـەقینێکدا سـەرجەم خـەوش و ناتەواوییـەکانی ئـەو زاتـە بشارێتەوە، ئـەزموونی دوای گـۆران بـە گشـتی و ئـەزموونی شێرکۆ و چەند شاعیرێکی تر ڕووتکردنەوەی ئەو زاتـە تێکشکاوەو ئامادەکردنیـەتی بـۆ ئەوەی بگاتە حاڵەتی خۆبینین و خۆناسین.

هێندە لە گوێ ئاگردانی وڕێنەکردنی باپیراندا دانیشتم و
ئەژنۆم دایە بەر چەناگەم و گوێم لە شڵپ و هوڕی درۆیان گرت
ئێستا وەك سێبەرێکی کڕی خەواڵووی مێش لێ نیشتووم لێهاتووە.

(پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی)

زانیم هێشتا فێرە ئاخاوتن نەبووم
شیعرم ئازار داوە، تەنکاوم خوێندۆتەوە
ڕوانینم هەر ئەوەندەی چۆلەکەیەکی تەڕ فڕیووە.

(پەریزادەو گوڵەکەی دوژمنی)

ئەم چەند دێڕەی شێرکۆ نموونـەن لـە سـەدان نموونـەی تـری هاوشـێوەیان کـە ئـەو ئامادە کردنەی خودی ئێمە لە بەردەم ئاوێنەی خۆناسیندا یـان بـە لایـەنی کەمـەوە لـە بەردەم ئاوێنەدا بۆ سەیری خۆکردنـی خۆمـاندا دەخاتـە ڕوو. لـە کـاتێکدا سروشـت لای گۆران جێگایەکە بۆ خـۆ حەشـاردان و مەنزڵگایەکـە بـۆ حەوانـەوە، بـەڵام سروشـت لای شاعیرانی دوای گۆران بـە هـەموو ڕەگەزەکانیـەوە جوگرافیـای کوردسـتان و بەشـێکە لـە زەمینەی کوردی و پایەیەکی گوتاری نەتەوەیی کوردیـە. دەتوانین بۆ ئەم مەبەسـتەش ئاماژە بۆ چەندین نموونەی شیعری بکەین هەر لـە شـاعیرانی ڕاسـتەوخۆ هـاتووی دوای گۆران وەکو هەردی و بەختیار زێوەر و دڵدار و دڵزار و دیلان و کامەران و عەلی فـەتاح دزەیی تا دەگات بە شاعیرانی حەفتاکان لە شـێرکۆ و ڕەفیـق سـابیر و ئـەنوەر قـادرو لـە نـەوەی هەشـتاکانیش هاشـم سـەراج و جـەمال غـەمبار و جـەلال بـەرزنجی و کـەریم

دەشتیو.. تاد. کە مامەڵەکردنیان لەگەڵ سروشت و ڕەگەزەکانیدا بۆ ئەوە بووە بیکەن بە ڕەگەزێکی شیعری و پایەی گوتاری نەتەوەیی، ئەگەرچی ئەو گوتارە لە ئاستی بینراودا بووبێت یان لە ئاستی نەبینراو.

ئەم خاکە پێم ئەڵێ: بە حەقیقەت لە گەوهەرم

ئەو ئاوە پێم ئەڵێ: بە تەبیعەت کە کەوسەرم. (بەختیار زێوەر)

ئەی شەوە زەنگ، ئەی تاریکی، ئەی ڕەشایی شەو

دەی باڵی ڕەش بکەرەوە، بۆ چاوی بێخەو (دیلان)

لە کاتێکدا ئافرەت لای گۆران زیاتر ڕەگەزێکی ئێستاتیکی و پانتاییەکە بۆ چێژەکانی پیاو، بۆ جێبەجێ کردنی ئارەزووە سێکسییەکان، لای شاعیرانی دوای گۆران و بە تایبەتیش لای شێرکۆ و زۆرێکی تریان، ئافرەت ڕەگەزێکی زیندووە لە پێکهاتەی کوردو پایەیەکی گوتاری نەتەوەییە. لە لایەك بریتییە لە سروشتی کوردستان. لە لایەکی تر خۆی خەباتگێڕە یان دایك و خوشك و هاوسەری پێشمەرگەیە.

ئەزموونی گۆران، ئەزموونی گریان و خۆلاواندنەوەیە، ئەزموونی دوای گۆران ئەزموونی کەرنەڤالییەو گەوهەرێکی دەستەجەمی هەیە. تەنانەت گریانیش تیایدا گریانی تاکەکەس نیە لە ئەنجامی گۆشەگیریدا، بەڵکو گریانی ئێمەیە بۆ دەرئەنجامی کارەساتەکان، گریانی ئێمەیە لە ئەنجامی بینین و ناسینی گەوهەری تێکشکاو و نائامادەماندا، واتە گۆران شاعیرێکی دڵتەنگ و غەمگینە لە ئەنجامی کارکەرە زاتیەکاندا، شاعیرانی دوای گۆران دڵتەنگ و غەمگینن لە ئەنجامی کێشەی ئێمەدا وەکو نەتەوە.

جیهانبینی گشتی شیعری گۆران زیاتر لەسەر پایەی کێشە ئینسانیە مەودا قوڵەکان وەستاوە، جیهانبینی دوای گۆران زیاتر لەناو مێژووی ئێمەوە بەرجەستە دەبێت و لە ڕوانگەی خۆمانەوە هەموو شتەکان دەبینێ، بەڵام ئەزموونی گۆران جۆرێك لە جیهانبینی بەرهەم دەهێنێت کە لەسەر بنەمای گشت و لە ڕوانگەی جیهانپەروەرییەوە دەڕوانێتە ئێمە.

بێگومان ئەمانەو دەشێ چەند بنەمایەکی تریش هەبن بۆ ئەوەی جیاوازی لە نێوان گۆران و دوای گۆران دا دابنرێت، بەڵام کاك ڕەوف عوسمان لەبەرئەوەی ناتوانێت جگە

له ڕووكەشی دیاردەكان هیچی تر ببینێت ناتوانێت لـە گەوهـەری قۆناغـە جیاوازەكـانی شیعری كوردی تێبگات و لە كاتی نووسینیشدا لەو بارەیەوە هەر ئەو قسە سـەرپێیيانە دووبارە دەكاتەوە كە باسی ڕووكەش دەكەن و بـە شێوەیەكی گشتیش خوێنـەری كورد دەیانزانێت، چونكە ئـەو خاسێتانەی كـە نووسـەر لـەو باسـەدا لـە بـارەی ڕەهـەندەكانی شیعری نـوێی كوردیـەوە دیاریكردوون لـە سـەرجەمی ئـەو خاڵانـە زیـاتر نـین كـە لـە پرۆگرامـی خوێندنـی ئـەدەبی كوردیـدا هـەن، كـە بێگومـان كەسـێك ئەگـەر عـەقڵی ڕەخنـەیی هـەبێت دەزانێت ناتەواوییـەكانی نـاو پرۆگرامـی خوێندنـی ئـەدەبی كـوردی چـەند زۆرن. لـەلای گـەلانی تـر توێـژەرو ڕەخنـەگرەكانی دەكەونـە سـەرووی ئـــەو پرۆگرامانەوە و ئەوان مافی تاووتوێ كردن و گۆڕینی ئەو پرۆگرامانەیان هەیـە كـەچی كـاك ڕەوف وەكـو ئـەوەی هـەمووومان بێئاگـا بـین لـە پرۆگرامـی خوێندنـی ئـەدەب لـە قۆناغـەكانی ئامـادەییدا هـەمان بەرنامـەمان بـە نـاوی ڕەهـەندەكانی شـیعری نـوێی كوردیەوە پێ دەفرۆشێتەوە. بێگومـان ئـەو پرۆگرامـەی خوێندنـی ئـەدەبی كوردی لـە ئامادەییـەكاندا لەسـەر شـێوەی هاوشـێوەكردن لەگـەڵ پرۆگرامـی ئـەدەبی خوێندنگـا ئامادەییەكانی عێراق دانراوە، دەشێ كاك ڕەوف ئـەوەی عەرەبیەكـەی وەرگرتبێ و لـە جیاتی ناوی عەرەب و شیعری عەرەبی ناوی كورد و شیعری كوردی دانابێت.

كـاك ڕەوف دەڵێت: دەشێ هـەندێ خـاڵی نـاوكۆیی دەرخـەین و بـە ئاسـتەم لەگـەڵ قۆناغەكانی تردا بەراوردیان كـەین، واتـە كلاسـیك و ڕۆمـانتیك دەبێت ئاگاشمـان لـەوە بێت كە نەكەوینـە تەپكـەو داوی غافلگیری و كوتومـت ئـەو بـارو دۆخانـەی كـە ڕێبـازە شـیعرییەكانی ئـەوروپاو وڵاتـانی تـر چاویـان تیاكردۆتـەوە پراكتـیزە بكـەین لەسـەر نەخشەی جوگرافیای شیعری نوێی كوردی.

ئـەو خاڵە ناوكۆییانـەی كـە ئـەو پـێی وایـە دەریـان بخات چـین؟ لـە كـاتێكدا لـە وتارەكەیدا هیچ خاڵێكی لەو جۆرەی دەست نیشان نەكردووە، ئەمە جگە لەوەی ئـەوەی كە ئەو ناوی ناوە بەراوردكردن لـە نێوان شـیعری نـوێی كـوردی و شـیعری كلاسـیك و ڕۆمانسی كوردیدا هیچیان لە خاڵە سەرەكیەكانی جیاوازی نێوان ئەو سێ قۆناغـە نـین و ئـەو پێودانگـە گشتیەشـی كـە قۆناغـەكانی شـیعری لەسـەر ئاسـتی جیـهان پـێ

جیادەکرێتەوە هیچ خاسیەتێکی تایبەتمەند بە شیعری کوردی دەرناخات. بەڵکو شیعری کلاسیکی هەموو نەتەوەکان کۆمەڵێك بنەمای لێکچوویان هەیە کە جیاوازی لە شیعری رۆمانسی و هەردووکیشیان پێکەوە جیاوازن لە شیعری نویٰ.

بۆ نموونە شیعری کلاسیکی ئەوروپی چ ئینگلیزی و چ فەرەنسی و ئیتالی و ئەلمانی و ئەوانی تریش بە شێوەیەکی گشتی لە رووی بنیادی زمان و کێشەوە بە شێوازی ئایامبیك و میترە جۆراوجۆرەکان نووسراون لەگەڵ هەردوو جۆر لە سۆنێتی ئیتالی کە بە سۆنێتی پترئارك[٤] بەناوبانگە، هەروەها سۆنێتی ئینگلیزی کە بە سۆنێتی شکسپیر ناودەبرێت[٥] شیعری کلاسیکی عەرەبی و کوردی و فارسی یان بەپیٰ کێشەکانی خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی نووسراوە یان کێشی مەسنەوی یان کێشی فۆلکلۆر پەیرەوی (سەروا)ش کراوە چ لە شیعری کلاسیکی ئەوروپیداو چ لە شیعری کلاسیکی عەرەبی و کوردی و فارسیدا.

شیعری رۆمانسی ئەوروپی بە شێوازێکی نوێتر نوسراوە کە پیٰ دەوترێت (Free Verse) و بەرامبەر بە (شیعری حرَ)ی عەرەبی و قەسیدەی ئازادە کە لە ئەدەبی کوردیدا لە سەردەمی شێخ نوری و رەشید نەجیب و گۆرانەوە دەردەکەوێت و دەبێتە شێوازێکی بالادەست. هەمان دیاردە لە رۆمانتیکی ئینگلیزیدا دەست پێدەکات.

شیعری نویٰ ئەوروپی و عەرەبیش لە رووی بنیادی زمانەوە پیٰیان ناوەتە قۆناغی بەکارهێنانی زمانی پەخشان لەگەڵ پەیرەوکردنی هەندیٰ پیوانەی ناوکۆیی لە جۆری مۆسیقا و یاریکردن بە زمان. کە هەمان دیاردە لە شیعری کوردی دوای گۆران دا بە ئاشکرا هەستی پیدەکریت، کەواتە لیرەوە بۆمان دەردەکەویت کە قۆناغە چوون یەکەکانی شیعری نەتەوە جیاوازەکان لە شیوەی گشتیدا نزیکن لە یەکتر، بەلکو ئەوەی جیایان دەکاتەوە لە یەکتری ئاستەکانی داهینان و گەوهەری ئەو پرسیارانەیە کە ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بەرزی دەکاتەوە. بیگومان لەم روانگەیەوە دەشیٰ جیاوازی هەبیت لە نیوان نەك ئەدەبی نەتەوەکان بەلکو تەنیا جیاوازیش لە نیوان دەنگەکانی ئەدەبی هەر نەتەوەیەك خۆیدا فرە رەهەندی و هەمەلایەنەی بۆچوون و پرسیارو جیهانبینی دیاری دەکات و بگرە بەرهەمیشی دینیت.

بەراوردکردنی شیعری نوێی کوردی بەو پێوانانەی کە کاك ڕەوف عوسمان بەکاری هێناون لەگەڵ شیعری کلاسیك و ڕۆمانتیکی کوردیدا ناشێت بکرێتە زەمینە بۆ قسەکردن لەسەر شیعری نوێی کوردی چونکە کارێکی لەم جۆرە پێویستی بە ناسینی وردی هەریەکە لەو قۆناغانە هەیە، ئایا کاك ڕەوف دەزانێت گوتارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی چین؟ ئایا فرە ڕەهەندی پرسیارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بۆ لێك دەدرێتەوە؟ بێگومان نەخێر، چونکە بەڵگەی زیندوومان لە بەردەستدایە هەر لە نووسینی کاك ڕەوف خۆی. بۆ نموونە کاك ڕەوف لە فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری وەزارەتی ڕۆشنبیریدا لە ناوەڕاستی مانگی مایسی (١٩٩٣)دا باسێکی لەسەر مەولەوی پێشکەش کرد و دواتریش لە گۆڤاری ڕامان دا بڵاوی کردەوە. لەو باسەدا ژمارەی دێڕەکانی مەولەوی کە نووسیوویەتیەوە بە ئەندازەی نووسینی خۆیەتی لەسەر دێڕەکان، کە نووسینەکانی خۆیشی لەسەر دێڕەکانی مەولەوی جگە لە داڕشتنی عاتیفی هیچی تر ناگەیەنێت (من لە ڕۆژی کۆڕەکەیدا لەسەر مایکرۆفۆنەوە ئەم قسەیەم کرد). دوای ئەوە لە فیستیڤاڵی ساڵی (١٩٩٩)ی بنکەی گەلاوێژدا بابەتێکی پێشکەش کردبوو لەسەر شیعری نالی و مەحوی کە هەمووی هەوڵەکەی ئەوە بووە بیسەلمێنێت (مەحوی) دزی لە نالی کردووە، کە لە خۆیدا ئەوە دەروازەیەکی هێجگار لاوازە بۆ توێژینەوەی ئەدەبی و ئەو دەروازەیەش پێشتر مامۆستا مەسعود محەمەد لەسەری نووسیووەو کاك ڕەوف تەنیا بۆچوونەکانی ئەوی دووبارە کردبووەوە. لە هەموویشی سەیرتر ئەوەیە کە لەو باسەدا کە پەیوەندی بە مەولەوییەوە نیە کاك ڕەوف هاتووە لەهەر شوێنێکدا ئارەزووی کردبێ شیعرێکی مەولەوی تێ ئاخنیووە. هەر لە فیستیڤاڵی مەولەویدا کاك ڕەوف دیسان هەمان باسەکەی پێشتری لەسەر مەولەوی بە زیادکردنی هەندێ دێڕ و لابردنی هەندێکی تر هێنایەوە مەیدان. بە حساب کاك ڕەوف لەمێژە بە شیعری مەولەوییەوە خەریکە بەڵام تاکو ئێستا نەیتوانیووە بە هیچ شێوەیەك نە لە جیهانبینی مەولەوی تێبگات نە سەرچاوەکانی شیعری مەولەوی دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستە دەتوانم ئاماژە بۆ ئەو وتارە بکەم کە لە دوای فیستیڤاڵی مەولەوی لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێدا بڵاوم کردەوە بە ناونیشانی "ئەوەی دەبوو دەربارەی مەولەوی بگوترایە نەگوترا[٦]".

هەروەك گوتمان و ئەگەر پێویستیشی کرد لە داهاتوودا بە نموونەی زیندوو دەیسەلمێنین کە کاك ڕەوف بە هیچ شێوەیەك نەیتوانیووە لە ڕەهەندەکانی شیعری کلاسیکی کوردی بگات و کاتێ باسی گۆرانیش دەکات ناتوانێت یەك خاسێتی تایبەتی لە بەرهەمی گۆران دەست نیشان بکات کە پێشتر نەگوترابێت، لە کاتێکدا ئەو بەراوردەی ئێمە پێشتر لەم باسەدا هێناومانەتەوەو پێشتریش لەو کتێبەی لەسەر گۆران بە ناوی (گەڕان بە دوای یەقیندا) چاپمان کردووە بەشێك لەم تایبەتمەندیانەو چەندین لایەنی تری گوتار و جیهانبینی بە گۆرانمان دەست نیشانکردووە.

لە دوای ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت کە کاك ڕەوف عوسمان بەبێ پێشینەیەکی ڕۆشنبیری و بەبێ ئەوەی کە توانیبێتی کارێکی ئەوتۆی ڕەخنەیی لە شیعری نوێی کوردیدا ئەنجام بدات دێت باسی ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی دەکات، کە پێم وایە ئەو نە توانیوویەتی سەرجەم شیعری نوێی کوردی بخوێنێتەوە، نە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی جدی دەربارەی هیچ دەقێکی دیاری شیعری نوێی کوردی ئەنجام بدات، ئەوانەشی نووسیوونی جگە لە شتی هێجگار گشتی هیچ تر نین، ئەویش بە جۆرە زمانێك کە ڕاستەوخۆ لە زمانەکەیەوە تێدەگەین کە (ئینشا) دەنووسێت چونکە ڕەخنە زمان و زاراوەی تایبەتی خۆیی هەیە. ناکرێت بە زمانی فۆلکلۆر ڕەخنەی ئەدەبی یان وتاری سیاسی و فەلسەفی بنووسرێت.

کاك ڕەوف عوسمان لە بەشێکی ئەو وتەیەی لە سەرەوە هێنامانەوە دەڵێت: دەبی ئاگاشمان لەوە بێت کە نەکەوێتە تەپکەو داوی غافلگیری و کوتومت ئەو بارودۆخانەی کە ڕێبازە شیعرییەکانی ئەوروپاو وڵاتانی تر چاویان تیا کردۆتەوە پراکتیزە بکەین). سەرەتا دەمەوێت سەرنج بدەینە هەردوو وشەی (تەپکەو داو)، پێم وایە کاك ڕەوف کرداری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە بە ڕاوە (سوێسکەو کەو) تێدەگات ئەگینا ئەو وشانەی بەکار نەدەهێنا. کاك ڕەوف باسی ئەو بارودۆخانە دەکات کە شیعری ئەوروپاو وڵاتانی تر چاویان تیاکردۆتەوەو پێی وایە نابێت ئەو بارودۆخانە پراکتیزە بکەین.

دیارە ئێمە دەزانین زاراوەی بارودۆخ لە بری زەمینە بەکارهاتووە لە وتەکەی کاك ڕەوف دا بێگومان بارودۆخیش ئەوەیە کە زەمینە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەك،

ڕووداوێك دەرەخسێنێ یان خۆش دەكات ئایا ئێمە بە چ مەنتیقێك دەتوانین بارودۆخێ لێرە لەسەر واقیعی كوردستان پیادە بكەین كە شیعری ئەوروپا چاوی تیا هەڵهێناوە. تاكو ئێستا مرۆڤ بە شێوەیەكی گشتی دەكەوێتە ژێر كاریگەری بارو دۆخەوەو نەگەیشتۆتە ئەوەی كە بارودۆخ پراكتیزە بكات. بێگومان ئێمە هەموومان تینووی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستانین، بەڵام ئایا توانیوومانە بارودۆخی نێودەوڵەتی بەوجۆرە پراكتیزە بكەین كە بانگەوازی سەربەخۆیی كوردستان بكەین، بارودۆخی كەش و هەوای كوردستان سێ ساڵە وشكانیە، ئایا دەتوانین بەسەر ئەو بارودۆخە وشكانیەدا بارودۆخێك پراكتیزە بكەین كە بارودۆخی باران و بەفر بارین بێت؟ ئەم قسەیەی كاك ڕەوف واتە پراكتیزەكردنی بارودۆخەكانی لەدایكبوونی شیعری ئەوروپا لە شیعری كوردیدا مانایەكی نیە، بەڵكو ڕاستتر وایە بگوترێت دەشێ تایبەتمەندی ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی و مێژوویی و شارستانێتیەیە لەبەرچاو بگیرێت كە هەر نەتەوەیەك یان هەر كۆمەڵگایەكی تێدا دەژی.. ئەگەرچی ناكرێت پێ لەسەر ئەوە دابگرین كە شیعر ڕەنگدانەوەی سەد دەرسەدی واقیعە. چونكە ئێمە دەزانین شیعر بەرهەمی خەیاڵ و نەستەو خەیاڵ و نەست زمان بە شیعریەت بارگاوی دەكەن و دەلالەت دەبەخشنە زمان.

لە لایەكی ترەوە ئەوە بۆچوونێكی زۆر دروست نیە كە ئێمە وای بۆ بچین شیعری كوردی پەرت بكەین لە شیعری نەتەوەكانی تر. ڕاستە ئەدەبی هەر نەتەوەیەك تایبەتمەندی خۆیی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناكرێت وای بۆ بچین بەبێ پەیوەندی و تێكەڵاوبوون و بەبێ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی شیعری دەرەوەی خۆمان، ئەزموونێكی دەوڵەمەندی شیعریمان هەبێت. بەڵگەی زیندووشمان هەیە لە مێژووی ئەدەبی كوردیدا. ئەو شاعیر و چیرۆكنووسانەی كە نەیانتوانیووە سوود لە سەرچاوەكانی ڕۆشنبیری و ئەزموونی ئەدەبی دەرەوەی خۆمان وەربگرن، نەیانتوانیووە شتێكی ئەوتۆ پێشكەش بكەن، بە تایبەتی لە بواری نوێگەریدا دەبێ ئەوە بزانین كە نوێگەری كوردی سەرچاوەكانی لە دەرەوەی پانتایی ڕۆشنبیری خۆمانەوە هاتووە و ئەوەی گرنگە ئێمە چۆن دەتوانین سوود لەو سەرچاوانە

وەربگرین، چۆن دەتوانین پایەکانی فەرهەنگ و ڕۆشنبیری خۆمان بکەینە زەمینەو بنەمای نوێگەری.

لە بواری شیعردا من پێم وایە شیعری نوێی کوردی لە ڕووی کرۆنۆلۆجیەوە دەکەوێتە دوای سەرهەڵدان و دەرکەوتنی شیعری نوێی نەتەوە دراوسێکانمانەوە کەواتە دانی پێدا بنێین یان نا شیعری نوێی کوردی کاریگەری ئەزموونی شیعری نوێی ئەو نەتەوانەو تەنانەت ڕۆژئاواشی لەسەرە. ئەو ڕۆشنبیرییەی کە ناتوانێت کەڵك لە ڕۆشنبیری و ئەزموونی ئەدەبی و هونەری گەلانی پێشکەوتوو وەربگرێت، ئەوا بە دواکەوتوویی و گۆشەگیری دەمێنێتەوە، گرفتی ڕۆشنبیری کورد ئەوەیە ناتوانێت نە سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت، نە خۆیشی لە گەوهەرو ماهیەتی نوێگەری تێدەگات. هۆکەشی ئاشکرایەو ئەوەیە کە ڕۆشنبیری کورد ڕوانینێکی ئاشکرای بۆ ڕۆشنبیری بە گشتی و بۆ ڕەگەزەکانی بە تایبەتی نیە، خاوەنی جیهانبینی نیە، ئەمە جگە لەوەی کە مەگەر بە دەگمەن ئەگینا شاعیرانی نوێی کورد نازانن چەمکی شیعر چیە؟ تاکو ئێستا لەوە تێنەگەیشتوون کە ناشێت شیعری نوێ لە مەعریفە جیابکرێتەوە. بەڵکو بە پێچەوانەوە سەرباری کارکردنی خەیاڵ و نەست وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی بۆ بەرهەم هێنانی شیعر و بۆ بارگاوی کردنی زمان و بۆ بەرهەم هێنانی شیعریەت، بەڵام گومان لەوەدا نەماوە کە شیعری نوێ بارگاوی کراوە بە مەعریفەی جۆراوجۆر. لە شیعری نوێدا قۆناغی کارکردنی هەست و خەیاڵی سادەو ڕووکەش بەسەرچووە، سەردەمی وێنەی بێ دەلالەت نەماوە، گۆرانیە سادەکانی ڕۆمانسیەت و لاواندنەوەی زات بە شیعر دانانرێت، ئەوانەی کە بەوجۆرە دەنووسن لە ئێستادا دەیسەلمێنن کە هیچ ئاگادارییەکیان لە چەمکی شیعر نیە. ئەوانەشی کە بە ناوی ئەزموونی نوێوە دەیان شتی بێ سەروبەریان بە زمانێکی ناشیعری کۆکردۆتەوەو ناویان لێناوە ئەزموونی نوێ و نەیشیانتوانیووە شیعریەت بەرهەم بهێنن.. دیسان پێمان دەڵێن کە نازانن چەمکی شیعر چیە.

هەڵبەت مەبەست لەم قسانەش ئەوە نیە کە کورد دوای گۆران هیچ ئەزموونێکی نوێی نیە، نەخێر بە پێچەوانەوە ئێمە پێمان وایە ئەزموونی ڕوانگەو شاعیرانی

حەفتاكان جێگای لەسەر وەستانە، خۆ ئەگەر پرۆژەیەكی تەواویش نەبێت ئەوا پرۆژەیەكە خاوەنی سیماو تایبەتمەندی خۆیەتی و تاكو ئێستاش دیارترین ناوی ئەو ئەزموونە كە شێركۆیە هێشتا بەردەوامە.

كاك ڕەوف دەڵێت: لای من هەندێك دارو باری فۆرم و تەكنیكی شیعری قۆناغی گۆران تا ئێستاش درێژەی هەیەو خاڵی كۆتایی ئەو قوتابخانەیە نەگەشتۆتە بن بەست و ئێكسپایەر بوون، لەوانەیە هەندێك دەنگ ویستبێتیان لێی قوتار بن و جێی بێڵن، كە ئەمە وەك خولیاو ئاواتی داهێنەر تا بڵێی پیرۆزە بەڵام تا ئێستا بۆ كەس نەلواوە).

بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت كە هیچ دەنگێكی شیعری لە فۆرمی شیعری گۆران دوور نەكەوتۆتەوەو شاعیرانی دوای گۆران هەر هەمان فۆرمی گۆران بەكاردێنن دەبێ بە بەڵگە ئەوە بسەلمێنرێت، لە كاتێكدا كاك ڕەوف عوسمان ئەو قسەیە دەكات هیچ بەڵگەیەكی سەلمێنەر پێشكەش ناكات. ئێمە دەزانین كە گۆران لە سەرەتاوە بە شێوازی كۆن شیعری نووسیووە و پاشانیش هاتۆتە سەر بەكارهێنانی كێشی فۆلكلۆر یان كێشی پەنجەو پەیڕەوكردنی سەروا یەكێكە لە خاسێتە دیارەكانی شیعری گۆران. ئەگەر سەرنجی ئەزموونی شیعری شاعیرانی حەفتاكان و هەشتاكان و نەوەدەكان بدەین، ئەوەی كە دەشێ بە شیعر دابنرێت مەگەر بە دەگمەن و بە ڕێكەوت ئەگینا نە ئەو كێشانە وەكو پێداویستی شێوازی شیعری كاریان پێكراوە، نە گرنگیش بەسەروا دراوە. شێركۆ لە ئەزموونی سەرەتاییدا هەمان شێوازی گۆرانی بەكارهێناوە، بەڵام لە ساتەوەختی بە دەنگ بوونیەوە كە لە دوای شكستی بزوتنەوەی كوردەوە لە ساڵی (١٩٧٥) دەست پێدەكات، ئەو شێوازەی بەجێهێشتووەو نە ئەو كێشە شیعریانەی گۆران و نە سەرواو نە بنیادی شیعریشی، لە هیچ كام لەمانەدا لەسەر شێوازی شیعری گۆران ناڕوات. با سەرنجی شیعرە دیارەكانی شێركۆ بدەین و ئەو تاقیكردنەوە شیعریانەی كە كردوویەتی وەكو شیعری درێژ و پۆستەرە شیعر و داستانە شیعر و شانۆنامەی شیعری و قەسیدە درێژەكانی و دواجاریش ڕۆمانە شیعر. كە شێركۆ لە سەرجەم ئەزموونی خۆیدا ناوەڕۆكێكی خۆیی واتە كوردی كە سەرجەم گوزارشت كردنە لە مێژوو، عەقڵ و كەلتوور و كەسێتیو شارستانێتی كوردی دەخاتە دووتوێی فۆرمێكەوە كە هەمان

فۆرمی شیعری نـوێی جیهانیـە کەواتـە هـەر لـێرەوە پایـەی بـەهێزی نوێگـەری شـێرکۆ دەچەسپێت و دەبێتە بەرجەستەکەری گوتاری نەتەوەیی ئێمە لە فۆرمێکـی نـوێدا، کـە گەوهـەری ئـەم گوتـارەش تواندنـەوەی تاکـە کەسـە لـەنێو کۆمـەڵدا، لـەم ئاقارەشـدا بـە تەواوی جیاوازی نێوان گوتاری شێرکۆ کـە هاوکـات گوتـاری شـیعری شـاعیرە دیارەکـانی تری سالآنی حەفتاش هەمان ئاراستەو جوڵەیان هەیە بە تایبەتی ئەنوەر قادر و ڕەفیـق سابیر دەردەکەوێت لەگەڵ گوتاری شیعری گۆران دا.

گۆران لـە نـاوەوە بـە شـێوەی شـێرکۆ پەیوەسـتی کـەلتوورو مێـژوو، شارسـتانێتی و عەقڵی دەستەجەمی کوردی نیە، بـەو ئـەندازەی لـە نـاوەوە گۆران پەیوەسـتی ویسـت و ئارەزووەکـانی خۆیـەتی واتـە پەیوەسـتە بـە حاڵەتـە زاتیەکانـەوەو شـیعر لای گـۆران گوزارشت کردنە لە خودی تاکەکـەس، بـەڵام لای شـێرکۆ ئەگـەر تەنانـەت لـە چیرۆك و داستان و شیعر و سرووده شیعرەکانیشدا تاکەکەس بدوێ یان هـەموو جوڵـەو کردارێـك لـە دەوری تاکـە کـەس بێـت و بـەوەوە پەیوەسـت بێـت ئـەوا ئـەو تاکـە کەسـە دیسـان نموونەی کۆیە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد (من) لە ئـەزموونی شـێرکۆ و ئـەنوەر قادر و ڕەفیق سابیردا بریتی‌یە لە منی کورد واتە پێکهاتەی کۆ کە ئەمەش بە تەواوەتی جیاوازە لە (من)یـان تاکەکـەس لـە ئـەزموونی گـۆران دا، ئـەزموونی شـیعری حـەفتاکان ئەزموونی دەستەجەمی و کەرنەڤاڵیە ئەگەرچی ئاخاوتن لەسەر تاکەکەسیش بێـت، بـە پێچەوانەی ئەزموونی گۆرانەوە کە ئەزموونی تاکە و تەنانـەت ئەگـەر ئاخـاوتن لەسـەر (کۆ)یش بێت لە ئاکامدا لەسەر تاکەکەس چەق دەبەستێت. ئەزموونی سـاڵی حـەفتاکان وەکو پێشتریش چەند جارێ باسمان لێوە کـردووە ئـەزموونی مانەوەیـە یـان بنیادنـەری گوتاری مانەوەیە، بنەمای کەرنـەڤاڵی ئـەم ئەزموونـە کـارکردنی سـەرجەم ڕەگـەزەکانی مێژوو، سروشت و کۆمەڵە بۆ ڕەخساندنی زەمینەی یەکگرتنـەوە ئـەویش بـەوە دەبێـت کـە هـەر ڕەگـەزە بەشـداری چالاك لـە پرۆسـەی ئامـادەکردنی ئـەو زەمینەیـەدا دەکـات ئەویش بە دەست بەرداربوونی خۆی و کارکردن لـە پێنـاوی پێکهێنانی بنەمایـەکدا بـۆ کارکردنی ئەوانی تر، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە جۆرێـك لـە تێکـەڵاوبوون و پێکداچوونـی سـەرجەم ڕەگـەزەکانی سـەر جوگرافیـای ئێمـە کـە جوگرافیـای کوردسـتانە پێکدێـت لـە

پێناوی بنیادنانی پرۆژەیەكدا كە پرۆژەی مانەوەو خۆپاراستن و زیندووبوونەوەیە كە ئەویش لە گەوهەردا دژە پرۆژەیەكە بۆ پرۆژەی سڕینەوەو لەنێوبردنی كورد لە لایەن داگیركەرانەوە. بە مانایەكی تر ڕەهەندی سەرەكی شیعری حەفتاكانی ئێمە كە دەنگە دیارەكانی بریتین لە شێركۆ و ئەنوەر قادر و ڕەفیق سابیر لەو پانتاییەدا كاردەكەن.

یەكێك لە ڕەهەندەكانی تری شیعری حەفتاكان توانەوەو فەنابوونی زاتی شاعیرە لە سروشتی كوردستاندا، لە مێژووی كوردستاندا، لەنێو پێكهاتەی نەتەوەیی ئێمەدا لەو ئاقارەشدا شیعر چ لە ئاستی بینراودا چ لە ئاستی نەبینراودا بۆتە چەكی بەرگری، بەرگریش بە مانای دروشمی سیاسی نا، بەڵكو بەرگری لە ئاستی قوڵی شیعریدا، بەرگری لەو دەلالەتانەی كە شیعر بەرهەمی هێناون، تواندنەوەو ونبوونی (مـن)ی شاعیر لەنێو پێكهاتەی نەتەوەداو زیندووبوونەوەی لە زیندووبوونەوەی نەتەوەدا سیمای دیاری ئەم ئەزموونەیە.

بەڵام ئێستە وەك ئەبینن من زیندووم و
كەچی زۆر دەمێكە ڕۆحم
چۆتە ناو لەشی كوردستانەوە. (شێركۆ)
ئەم كزە بایە پەنجەكانت وەك گەڵای
پایز هەڵدەوەرێنێ
قاچەكانت وەك بەفر دەتوێنێتەوە
ئەوا پشكۆی ئێسقانەكانت بوون بە خۆڵەمێش
تۆ سەری ئەم گۆڕەشت هەڵدایەوە
بۆ (ئەو) ڕەنگە ئێستا لێرە باری كردبێ و
لە كەناری مێژوو پیاسە بكات..
یان نیشتمانێكی كە بۆ ئاوارەكان
بنیات بنێ. (ڕەفیق سابیر)

لێرەدا بە ئاشكرا تواندنەوەی زاتی شاعیر لە جەستەی نیشتمان و نەتەوەدا دەردەكەوێت و ئەو تواندنەوەیەش بە مەبەستی فەنابوونی هەتا هەتایی نیە،

ئـەوەندەی گۆڕینـی شـێوازی ئیشکردنە لـە پرۆسـەیەکی بـەربڵاوتری کۆمەڵایـەتیدا کـە ئامانجی سەرەکیش لە کردەیـەکی شـیعریدا بنیادنـانی پـرۆژەی مانەوەیـە لـە بەرامبـەر مەترسیەکانی لەناوچوون دا.

کەواتـە دەتوانـین بلێـین ڕەهەنـدی سـەرەکی شـیعری حـەفتاکان بەرهـەم هێنـانی گوتـاری مانەوەیـە ئـەویش بـە بـەکارهێنانی سـەرجەم ڕەگـەزەکانی سروشـت و مێـژوو لەگەڵ کۆمەلی کوردی بە هەموو سیماکانیەوە وەکو ڕەگەزەکانی بەرهەم هێنانی شـیعر، بـە مانایـەکی تـر دەتوانـین بلێـین سـەرچاوەکانی ئـەزموونی شـیعری سـاڵانی حـەفتاکان تێکرا بریتـین لـە مێـژوو و سروشـت و بـاری ژیـانی کۆمەڵایـەتی کـورد. گرنگـی ئـەو ئەزموونـەش ئەوەیـە کـە ئـەم ڕەگەزانـە کـە تێکـرا سـیمایەکی سیاسـیان وەرگرتـووە شـیعریەت بەرهـەم هێـنراوە، ئاسـتی ئیسـتاتیکا لای هـەندێ لـە شـاعیرە دیارەکـانی ئـەم ئەزموونە بە شێوەیەك مەودا قول و کاریگەرە کە مـەودای داهێنانیـان ئەگـەرچی ئـەو بنامایانـە بـۆ بەرهـەم هێنـانی شیعریەت لاوازن بـەڵام ئـەوان تێکرایـی پانتـایی ئـەو مێژووەیـان داگیرکردووەو وەکو بەرهەمـهێنی شا گوتـاریکی دیـار لـە ڕۆشـنبیری ئـەو قۆناغەی ئێمەدا (بگرە تاکو ئێستاش) دەرکەوتوون.

بۆ قۆناغی حەفتاکانی شیعری کوردی چەند جارێ ئـەوەمان گوێ لی بـووە کـە سێ ئاراستە یان سێ ڕەهەند بۆ شیعری حەفتاکانی ئیمە باس دەکریـت. ئاراسـتەی کفـری و کەرکوك، ئاراستەی سلیمانی، ئاراستەی هەولیر. من پیم وایە لە ڕووی گوتـاری شـیعری و لـە ڕووی بەرهـەم هێنـانی شـیعریەت و لـە ڕووی دەرکـەوتنی دەنگـی جیـاوازەوە ئـەم دابەشـکردنە دروسـت نیـە، بـەڵکو سـەرجەم شـیعری ئـەو قۆناغـە کۆمـەلی خاسـیتی هاوبەشـیان هەیـە کـە بیگومـان دەبـێ ئـەوەش بزانـین بـەو ئـەندازەی دەنگـی شـێرکۆ و ئەنوەر قادر و ڕەفیق سابیر خاوەنی بنەماو سیما دیارەکانی ئـەزموونیکی جیـاواز بـوون لە چاو ئەزموونی گۆران و هەندێ لە شاعیرانی تری وەکو دیلان و کامەران و.. زۆریکـی ئەوانەی لە ساڵانی حەفتاکاندا نووسیوویانە نەبوون بە دەنگ.

لەوانەی کفری لەتیف هەلمەت وەك دەنگیکی دیار دەردەکـەویت ڕاسـتە لـە زۆربـەی بەرهەمی حەفتاکانیدا جۆریك لە سیمای گوتاری مانەوەی پیوە دیارە، بەڵام ئـەزموونی

لەتیف لەچاو ئەزموونی شیرکۆو ئەنوەر قادر و رەفیق سابیردا نەیتوانیووە سێ لایەنی سروشت و میژوو کۆمەلی کوردی بکاتە رەگەزی بنیادنانی گوتاری شیعری خۆیی. دەتوانین بلێین رەگەزەکانی سروشتی کوردستان و مرۆڤی کورد دووان لە رەگەزەکانی بەرهەم هێنانی شیعری لەتیفن، بەلام میژووی کورد مەگەر بە دەگمەن ئەگینا نەبووە بە پایەی گوتاری شیعری لەتیف، بەلکو بە پیچەوانەوە ئەم هەرچۆن سەرچاوەی سەرەکی شیعری کلاسیکی کوردی یەکیك لە پایەکانی میژووی فیکری دینی و گوتاری ئیسلام بووە، ئەمیش بەو زمانە سادەیەی کە شیعریەتی پێ بەرهەم هیناوە لە ئاستی قولتردا کە بە ئاستی نادیار ناوی دەبەین بنەماکانی گوتاری دینی ئامادەبوونی هەیەو جۆریك لە یەقین دەبینریت، یەقینی جووت بوونەوەو ئاشتبوونەوە لەگەڵ گوتاری دینیدا یان گەیشتنەوە بە میژوویەکی گشتی تر کە ئەویش میژووی ئیسلامە، یان باشتر بلێین سیمای گشتی بوون و مرۆڤپەروەری لای ئەم بالادەست ترە.

وەکو ئاماژەمان بۆ کرد ئەزموونی شیرکۆو ئەنوەر قادر و رەفیق سابیر ئەزموونیکی تراژیدیەو گوزارشت لە تراژیدیای ویرانکردنی کورد دەکات، بەلام ئەزموونی لەتیف هەلمەت ئەزموونیکی ئاهەنگ ئامیزە، ئەگەرچی رووداوە ساتیەکانی ئیمە زۆر بە زوویی کار لە لەتیف دەکات و راستەوخۆ کاردانەوەی بە شیعر گوزارشتی لیدەکریت، بەلام ئەو گوزارشت کردنە ناگاتە ئەو ئاستەی کە شۆربوونەوە بۆ ناو میژوو یان بۆ رەمزە زیندووەکانی رابردووی ئیمە بە خۆیەوە ببینیت، بەلکو ئەزموونیکی رووکەش و پەیوەستە بە رووداوەکانی ژیانی رۆژانەوە، بە مانایەکی تر ئەزموونی شیعری لەتیف لە سالانی حەفتادا ئەزموونیکە نەیتوانیووە خاسیتی شیعری نوێ لەو روانگەوە کە شیعر هەلگری جۆریك لە مەعریفەی مەودا قول بیت بە دەست بهینیت. دیارە مەبەستمان لەم قسەیە کەمکردنەوەی شوینی ئەم شاعیرە نیە لەسەر نەخشەی جوگرافیای شیعری کوردی بەو ئەندازەی کە مەبەستمانە ئەوە دەست نیشان بکەین کە شیعری لەتیف هەم زمانیکی سادەو هەمە بنیادیکی سادەو هەم پرسیارەکانی ژیانی رۆژانەی خەلکی هەلگرتووە هەر ئەوەش وایکردووە کە شیعری لەتیف شیعری جەماوەری بیت و زۆرینەی خوینەواران بە ئاسانی لێی تێبگەن، بە مانایەکی تر

ئەزموونی شیعری لەتیف ئەزموونیکە کەمتر زمانی ئەو دیووی دەق ئامادەبوونی هەیە تییدا بەلکو بە گشتی بارگاوی بوونی زمانی یەکەمی دەق بەو مانایانەی مەبەستیەتی بیلیت جیهانبینی شیعری ئەم شاعیرەمان پیشکەش دەکات:

سیبەریك لە ئاوازەی ئەندیشەی دلما
خەو بە هیواوە ئەبینیٚ
وەکو ئاو پیئەکەنیٚ
بۆ خۆشەویستی‌یەکی بی کۆتایی
کە لە دلی شاخەکانا نووسراوە
من هەمیشە بۆ گەشتیك ئەگەریم
بمگیریتەوە بۆ لای تۆ.

(لەتیف هەلمەت- خواو شارە بچکۆلەکەمان)

هەموو تۆزقالیکی لەشی خۆت
کرد بە پیٚ و هەر نەگەیشتی بە هەواری
ست فاتمەکەی جاری جاران..
هەموو تۆزقالیکی هەستی خۆت
کرد بە چاوو جاریکی تر کەوی نیگات
تیری نەخوارد لە بۆنی بارانی کوردستان.

(گەردەلوولی سپی)

ئەگەر سەرنجی ئەم دوو کۆپلەو بەشی هەرە زۆری شیعرەکانی لەتیف بدەین ئەوا هەست دەکەین زۆربەی زۆریان لە رووداو یان دیاردەو شتە ئاساییەکانی ژیانی رۆژانە دەدوین و قول نابنەوە بۆ مەسەلە مەودا قولەکانی فیکر و فەلسەفەو نابن بە هەلگری دەلالاتی قولی مەعریفی. ئەم ئەزموونەی لەتیف جیکەوتیکی دیاری لەسەر نەوەی دوای خۆی هەبووە کە جۆرە دەقیك بەرهەم بهینن کە هیچ رەهەندیکی فیکری و مەعریفی ئەوتۆی نەبیت، راستە لەتیف بەو سادەییە لە دوای شکستی حەفتاو پینج کە ئیمە تینووی تاکە وشەیەکی بەرگری بووین توانیوویەتی رۆحی رابوونەوە و هاندانی

کورد بوروژینێ بۆ شۆرش، بەڵام ئەوانەی هەلگری شیوازی شیعری ئەم بوون نەگەیشتوونەتە ئەم ئاستەی لەتیف، بە واتا ئاراستەی ئەزموونی لەتیف لە سادەیی و لە روانگەی سەرچاوەکانی شیعرەوە دوای خۆیشی بەردەوام بووە، بەڵام هەلگرانی ریبازی لەتیف نەیانتوانیووە جۆرە گوتاریکی شیعری وەك ئەوەی لەتیف یان جیاواز لەوەی لەتیف بەرهەم بهینن، تاکو ئیستاش دەبینین کەسانیك بەو جۆرەی لەتیف دەنووسن بەڵام مەگەر بەدەگمەن ئەگینا ناتوانن شیعریەت بەرهەم بهینن، بە واتایەکی تر ئەزموونی شیعری لەتیف نەك لەسەر دەستی خۆی بەلکو لەسەر دەستی ئەوانەشی کە هەلگری ریبازی ئەون گەیشتۆتە کۆتایی، بە پیچەوانەی ئەزموونی شیرکۆوە کە لە سالی حەفتاوە تاکو ئیستاش ئەگەرچی زیاتر لە سنووری گوتاری مانەوەدا ئیش دەکات بەڵام نەك هەر توانای بەردەوامبوونی هەیە بەلکو جگە لەو شیوازە شیعریەی بەختیار عەلی، هیچ شیوازیکی تر نەیتوانیووە ئەگەری گۆرانکاری یان خۆ لێجیاکردنەوە لەگەڵ ئەزموونی شیرکۆدا دابنیت، یان بە مانایەکی تر دەسەڵاتی گوتاری شیعری شیرکۆ کۆنترۆلی ناوەندەکەی کردووەو ئەگەری دەرکەوتنی دەنگی جیاواز زۆر کەم بووە.

دیارە بە پێی ئەو دابەشکردنەی لەتیف خۆیی و هەندێ کەسی تریش بۆ شیعری حەفتاکانی دەکەن و خۆیان ناودەنین گروپی کفری و کەرکوك، ئەنوەر شاکەلی دەبیتە یەکیك لە پایەکانی ئەو ئاراستەیە، ئەگەرچی ئەزموونی یەکەمی ئەنوەر لەو قۆناغەدا (پرۆژەی کودەتایەکی نهینییە) بەڵام پیم وایە لە رووی شیواز و ئاستی بەرهەم هینانی شیعریەتەوە هەمان شیوەی سەرەتاکانی لەتیف هەلمەتەو ئەگەر لەتیف لە ژمارەی زۆری بەرهەمدا توانیبیتی وەکو دەنگیکی شیعری سالانی حەفتا دەربکەویت، ئەوا ئەنوەر نە لە رووی داهینان و نە لە رووی چەندیتی بەرهەم هینانەوە نەیتوانیووە وەکو دەنگیکی دیاری شیعری (خۆی) بناسینیت، تەنانەت ئەو چەند بەرهەمەشی لە سالانی نەوەدەکاندا چاپکران دەیسەلمینن کە هیچ پیشکەوتنیکی بەخۆیەوە نەبینیووە، بەلکو لەنیوان هەستیکی سادەی رۆمانسیانەو زمانیکی دروشم ئاسادا ونبووە کە بیگومان نە ئەو هەستە رۆمانسیە سادەیەو نە ئەو زمانە دروشمە ئاساییەش ناتوانن ببن بە بنەمای بەرهەم هینانی شیعری نوێ و بەرهەم هینانی

شيعريەت لەم سەردەمەدا. بە پيناسەيەكى تر ئەگەر شيعر هەلگرى جۆريك لە مەعريفە نەبيت لە سەردەمى ئيستادا ناتوانريت بە شيعرى نوى يان دەقى زيندوو ناوببريت. چونكە ئيستا قۆناغى هەستى رۆمانسيانەو ريزكردنى وشەو دروستكردنى وينەى سادە و نەگەيشتوو بە ئاستى هەلگرتنى پرسيارە مەودا قولەكانى مەسەلەى بوون و كيشە ئينسانيەكان كۆتايى هاتووەو ناتوانيت ببيت بە شيعر.

رەنگە ئەو پرسيارە سەرهەلبدات و بليت ئايا گوتارى شيركۆ و ئەنوەر قادر و رەفيق سابير كە لە سنوورى ميژوو، سروشت و كۆمەلگاى كورديەوە بەرهەم دەهينرين چ پەيوەندييەكى مەودا قوليان بە كيشە ئينسانيەكان و پرسيارە مەودا قولەكانى مرۆڤەوە هەيە؟ بيگومان كاركردن لەسەر بەشيكى كۆمەلگاى مرۆڤايەتى كە نەتەوەكەى خۆيانە كە ميژوو سروشتى خۆيانە دەروازەيەكى گرنگە بۆ شۆربوونەوە بۆ كيشەكانى مرۆڤايەتى چونكە نەتەوەكەى ئەوان وەكو بەشيك لە كۆمەلگاى مرۆڤايەتى لەبەردەم مەترسى لەنيوبردن و سرينەوەدايە، گوتارى ئەمان كە گوتارى مانەوەى دژە پرۆژەيەكە بۆ ئەو لەنيوبردن و سرينەوەيە. ديسان جيهانى بوونيش لە سنوورى خۆوە دەست پيدەكات و ئەدەبى بێ ناسنامە نابيتە خاوەنى سيماى ديار لەسەر نەخشەى جوگرافياى ئەدەبى جيهانى.

وەك گوتمان مەوداى روانينى كاك رەوف عوسمان لەكاتى ئاخاوتن لەسەر شيعرى نوێى باشوورى كوردستاندا لە باشوورەوە گەيشتۆتە سنوورى كفرى بەلام بە ئاراستەى هەولير نەيتوانيوە لە كۆيە تيپەر بكات. ديسان لەو سنورەشدا تەنيا ناوى قوبادى جەلى زادە دەهينيت، كە بيگومان ئەگەر قسە لەسەر رەهەندەكانى شيعرى دواى گۆران بيت دەبێ هەر لەو سنوورەدا ناوى دلدار و دلزار بهينريت چونكە هەريەكە لەم ناوانەش جۆرە بەشدارييەكيان هەيە لە گوتارى شيعرى نيوان گۆران و شيركۆدا كە بنەمايەكى رياليزميانەيان كردۆتە رۆحى گوتارى شيعرى خۆيان كە دەشێ ئەم ناوانەش لە ريزى بەختيار زيوەر و هەردى و كاكەى فەلاح و كامەران و عەلى فەتاح دزەيى و ديلان و محەمەد شيخ حسين بەرزنجىدا دابنرين، ئەگەرچى دەسەلاتى گوتارى شيعرى گۆران دەورى كاريگەرى هەبووە لەوەدا كە ئەم ناوانە زياتر وەك دريژكراوەى

دەنگی گۆران دەربکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆریك لە جیاوازی لە نیوان ئەم دەنگانەو ئەزموونی گۆران دا هەیە، کە دەتوانین لیرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین لە کاتیکدا سروشت لای گۆران جیگای خۆحەشاردان و حەوانەوە و گۆشەگیرییە لای ئەم شاعیرانە سروشت دەبیتە رەگەزیکی زیندوو کە پیکهاتەی نەتەوەیی کورد و دەبیتە رەگەزیکی بنیادنانی گوتاری شیعری ئەمان کە ئەو گوتارەش لە نیوان گوتاری نەتەوەیی و گوتاری کۆزمۆپۆلتی یان جیهانپەروەریدا دابەش بووە. واتە دەتوانین بلیین ئەم ناوانەی نیوان گۆران و شیعری حەفتاکان لە خاسیتی هەردوو قۆناغەکەیان هەلگرتووە. هەر ئەوەش وای لیکردوون کە سیمای ئەزموونیکی گەورە یان زۆر دیاریان نەبیت لە میژووی شیعری کوردیدا.

لە دوای ئەم ناوانەش کاك رەوف ناتوانیت لە سنووری هەولیردا هیچ دەنگیکی تری شیعری ببینیت، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە لە میژووی شیعری نوێی کوردی دوای گۆران دا ناتوانریت ناویکی وەکو عەبدوڵا پەشیو پشت گوێ بخریت چونکە لەساڵانی حەفتادا بە جۆریك بەشداری بنیادنانی گوتاری مانەوەی کردووە لە رۆشنبیری کوردیدا کە پیم وایە ئەزموونی ئەم شاعیرە لە سەرەتای حەفتاکاندا ئەگەرچی زمانیکی زیاتر نزیك لە دروشمی هەیە بەڵام جۆریك لە شیعریەتی بەرهەم هیناوە، هەر دیسان مادەم باسی رەهەندەکانی شیعری نوێ دەکەین ناشیت لەو سنوورەدا باسی سەعدوڵا پەرۆش و نەوزاد رەفعەت نەکەین کە بە جۆریك بەشداری لەو ئەزموونەدا دەکات کە دواتر دەبیتە ئەلقەیەك لە نیوان ئەزموونی شیعری ساڵانی حەفتاو ئەزموونی شیعری دواتردا.

دوای ئاخاوتن لەسەر ئەم ئاراستانە کە بەلای منەوە لە روانگەی گوتار و ئەزموونی شیعریەوە کاریکی دروست نیە. بەلام ئەمە جۆرە قسەکردنیکە لە لایەن هەندێ کەسەوە کە لە ئاستی ئەزموونی شیعری روانگەو شیرکۆ و هاوەلەکانیدا تا ئاستیکی زۆر نادیار بوون یان بەشدارییەکی ئەوتۆیان نەبووە، دابەشکردنی شیعر بەسەر ناوچە جوگرافیەکاندا دەکاتە ئەوەری قسە لەسەرکردن ئەوەش بە مەبەستی خۆ دوورخستنەوەیە لە رۆحی شیعریەت و ئەزموونی شیعری چونکە ئاست و پلەی هەر

ئەزموونیك بە بەرهەم هینـانی شـیعریەت و پرسـیارەكانی شیعرو جیهانبینی شیعری دەپیوریت. ئەوانـەی ئـەو دابەشـكردنە جوگرافیـە بـۆ شـیعری كـوردی دوای گـۆران لـەم بەشەی كوردستاندا دەكەن، پیم وایە لە بنەرەتـەوە بیئاگـان لـە چـەمكی شـیعر ئـەگینا ئەو جۆرە دابەشكردنەیان نەدەكرد. ئیستا ئەگـەر لیـان بپرسـین خاسـیتەكانی گروپـی كفری و كەركوك و هەولیر چین و چ جیاوازییەكیان هەیە لەگەڵ خاسیتەكانی شـیعری نویی كوردی بە گشتی؟ یان جیاوازی ئەم دوو گروپـە چیـە لەگـەڵ ئـەزموونی شـیعری شـیركۆ و رەفیـق سـابیر و ئـەنوەر قـادردا دلنیـام هیـچ وەڵامیكـی گونجـاو لـە روانگـەی ئاخـاوتن لەسـەر چـەمكی شـیعر و شـیعریەت و پرسـیارەكانی شـیعر و جیـهانبینی شیعریەوە ناتوانیت سنووری جیاكەرەوە لـە نیـوان ئـەو ناوچـە جوگرافیـە جیاوازانـەدا دابنیت، بەڵام خالی سەرەكی بەلای ئیمەوە جیاكردنەوەی دەنگ و ئەزموونی شیعرییە لە پـەراویزەكانی شیعر، هـەر لـە میـژووی ساڵانی حـەفتادا چـەندین كـەس شـیعریان نووسیووە بەڵام چەندیان وەكو شیركۆ و ئەنوەر قادر و رەفیق سابیر و لەتیف هەلمـەت و عـەبدوڵا پەشـیو و سـەلاح شـوان و عـەبدورەحمان موزیـری و سـوارەی ئیلخـانی زادە بوون بە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیان. دیارە لـە كـاتیكدا كۆمـەلێ دەنـگ دروسـتبوون چـەندینی تـر لـە پـەراویزدا ماونەتـەوە. لـە نیـوان ئـەم دەنگانــەدا چـەندین خاسـیتی هاوبــەش هەیــە هــەر لــە زمـانی شـیعری و بنیـادی شـیعری و پرسـیاری شـیعری و جیهانبینی شیعریەوە كە سەرجەم ئـەو خاسـیتانە بـوون بـە بنەمایـەك كـە لـە بـری ناوهینانی ئەم دەنگانە، ناوی ئـەزموونی شیعری حـەفتاكانیان لی بنیـین، بۆیـە كـاریكی نادروستە لە لایەك كاك رەوف عوسمـان وای بـۆ دەچیـت لـە دوای گـۆران دەنگیكـی یـان ئەزموونیكی ئەوتۆ دروست نەبووە، هەروەها لە لایەكی ترەوە كاریكی باش نیە و بگـرە مـاف خواردنـی كەسـانیكە كـە بەشـداری دیـارو جدیـان هـەبووە لـە ئـەزموونی شـیعری حەفتاو هەشتاكاندا كەچی تۆ بییت تەنیا ناوی شیركۆ و لەتیف و قوباد بهینیت وەكو سەرجەم ئەزموونی دوای گۆران، دیسان لەو هەلبژاردنەشـدا هیـچ بنەمایـەكی جیـاوازی نەكراوەتە پیوانە بۆ دانـانی ئـەو سـێ نـاوە، ئـەوەندەی كـە جۆریـك لـە سیاسـەتی رازی كردن لە پشتی ئەو ناوهینانەوەیە ئەوەندە لیكدانەوەی زانستیانە نیە. هەمووومان ئەوە

دەزانین کە ململانێیەکی توووند لە نێوان لەتیف و شێرکۆدا هەیە لەسەر ئەوەی کێ ناوی یەکەمە، کاک ڕەوف دەیەویت بە جۆرێك سازش بکات و بلێت هەردووکیان لەیەك ئاستدان کە ئەمە هیچ بنەمایەکی زانستی پشتگیری ناکات ئەویش لەبەر کۆمەڵە جیاوازییەك لە نێوان ئەو دوو دەنگەیەدا، کە لە گرنگترینیان پەلکێشانی ئەزموونی شیعری شێرکۆیە بۆ سەرجەم پانتایی مێژوو، سروشت و سیاسەت و ئیستاتیکا و ئەفسانەو فانتازیای کوردی بە مەبەستی بنیادنانی گوتاری مانەوە لە شیعرداو بۆ ئەو مەبەستەش بە ئاراستەی جۆراوجۆر بەناو سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی کوردی و مێژووی کورد و سیاسەتی کورد و سەرجەم ڕەمزە مێژوویی و کەلتوورییەکانی کورددا شۆربۆتەوە بە مەبەستی کردنیان بە پایەی شیعری، ئیستاتیکای شێرکۆ ئیستاتیکای ڕەسەنی کوردیە. شێرکۆ چەندین شێوازی شیعری لە ئەزموونی خۆیدا تاقی کردۆتەوە هەر لە شیعری قافیە دارەوە بۆ شیعری پەخشانی و پۆستەرە شیعر و داستانە شیعر و شانۆگەری شیعری و ڕۆمانە شیعر، هەموو ئەمانەشی بە مەبەستی گوزارشت کردن لە حالەتی خۆڕاگرتنی ئیمە لە بەردەم پرۆسەی ترسناکی لەناوبردندا بووە کە ئەم کارە لە بنەڕەتدا لە دەرەوەی وەزیفەی شیعرە، بەڵام شێرکۆ ئەو وەزیفە سیاسیە، مێژووییە کۆمەڵایەتیە دەخاتە ئەستۆی شیعر و داهێنانیشی تێدا کردووە، لە کاتێکدا ئەزموونی شیعری لەتیف ئەگەرچی لە ڕووکەشدا دەیەوێت هەمان وەزیفەی هەبێت، بەڵام نە ئامرازە شیعرییەکەی و نە سەرچاوەکانی شیعری و نە حاڵەتی ئەزموونگەری و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆری لە ئاستی شێرکۆدا نیە، ئەوە قسەیەکە دەبێ توێژەر و ڕەخنەگری کوردی بێ ترس بیلێن و بەلای منەوە جیاوازییەکی گەورەتریش هەیە لە نێوان ئەزموونی ئەم دوو شاعیرەدا کە ئەویش ئەوەیە یەکەمیان خاوەنی پەیامێکی ئاشکرای پەیوەست بە ڕۆحی کوردایەتی و جیاکردنەوەی ناسنامەی کوردایەتی بوونە لە نەتەوەکانی تر، بەڵام دووەمیان واتە لەتیف تێروانینێکی کۆزمۆپۆلیتی هەیە کە ئەویش لە تێروانینی فیکری دینی ئیسلامدا خۆی دەبینێتەوە ڕاستە شیعر ملکەچی خەیاڵ و نەست و زمانە، بەڵام دیسان ستەمە کەسێك خاوەنی پەیامێکی دیاریکراو بێت و شیعرەکانی دژی پەیامەکەی بن. پەیوەست بوونی مەودا

قولتری شیرکۆ بە گوتاری نەتەوەیی کوردەوەو ئەزموونی دەولەمەندی و تاقیکردنەوەی جۆراوجۆری شیعری کردویەتیە ناویکی ئامادەتر لە چاو لەتیف دا، ئەم قسەکردنەش لەسەر ئەزموونی لەتیف مانای ئەوە نیە کە لەتیف شاعیریکی خراپە، نەخیر، بەلام پەیوەست بە میژووی ئیمەو باری سیاسی و کۆمەلایەتیمان و ئاستی گوزارشت کردن لێ یان لە روانگەی بوونی شیعر بە رەگەزیك بۆ هەلگرتنی مەعریفەیەکی دیاریکراو ناکریت شیعری لەتیف لە ئاستی شیعری شیرکۆ یان ئەنوەر قادر و رەفیق سابیردا دابنریت، بەلام لە روانگەی ئاخاوتن لەگەڵ هەستە سادەکان و رووداوەکانی ژیانی رۆژانەوە، یان لە شیوەی شیعری دروشم ئامیز و هەست جولینەردا لەتیف جیگایەکی دیاری هەیەو دەشێ وەهاشی لیك بدەینەوە تیروانینی لەتیف بۆ چەمکی شیعر جیاواز بیت لە تیروانینی شاعیرانی دیاری تری سالانی حەفتاکان بۆ هەمان چەمك. بۆیە نارەوایە بەو جۆرەی کاك رەوف تەنیا بۆ ئەوەی هیچ کام لەو دوو ناوە لێ زویر نەبن لە ریزی یەکدا دایان بنیت، کە من پیم وایە سەرباری سیاسەتی رازی کردنی هەموو لایەك لە لایەن کاك رەوف عوسمانەوە، تینەگەیشتن لە چەمکی شیعر و نەناسیی شیعری نوێ و پەی نەبردن بە جیاوازی نیوان ئەو دەنگانە وای لیکردبیت کە ناوەکانیان بە دوای یەکتردا ریز بکات.

کاك رەوف دەلیت: ئەگەر گۆرانی بلیمەت و داهینەر دریژە پیدەریکی سەرکەوتووی قوتابخانی رۆمانتیکی مەر بیسارانی و مەولەوی و خانای قوبادی بیت.. دیارە بەو هەول و وزە داهینەرانەیەی توانیویتی لە رووی فۆرمەوە تایبەتمەندیتی خۆی لە دنیای هۆنراوەدا بنەخشینیت.. جگە لە هەموو ئەمانەش ناوەرۆکی نویی نەتەوەخوازی و نیونەتەوەیی بارگە کردە سەر ئەو فۆرمە خۆمالیە.

تاکو ئیستا ئەوانەی ئاخاوتنیان لەسەر رۆمانسیەتی کوردی کردووە نەیانتوانووە جیاوازی لە نیوان هەستی سادەی رۆمانسیانە و بەرجەستەبوونی رۆمانسیەت وەك ریبازیکی ئەدەبی بکەن. یەکەمیان واتە حسی رۆمانسی خاسیتیکی خۆرسکیە و لە بوونی مرۆڤەوە ئەو هەستە بوونی هەیە. بەلام دووەمیان وەکو دەرئەنجامی قۆناغیکی ژیانی کۆمەلایەتی دەرکەوتووە. دەرکەوتنی ریبازی رۆمانسیەت لە ئەوروپا دەرئەنجامی

شۆرشی پیشەسازی بوو. بۆ خۆ دەربازکردن لە ژیانی ئـالۆزی شـارو فشاری پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکانی ئـەو جـۆرە ژیانـەو پەیوەندییـە کۆمەڵایەتیـەکانی ئـەو قۆناغـە ئارەزووی گەرانەوە بۆ ئامیزی سروشـتی ئـارام و هیمـن و گەرانـەوەی مـرۆڤ بـۆ نـاخی خۆیی و بۆ پەیوەستبوونەوە و پەیوەندیکردنەوە بـە زاتـی خۆیـەوە زیـاتر لـە دەرەوەی خۆیـی و کۆمـەڵگا دەرکـەوت و تـیروانین و جۆریـك لـە بانگەشـەکردن و لایـەنگری بـۆ رۆمانسیەت لـە دایـك بـووە و سـیمای هەڵویست و پاشـان ریبـازیکی دیـاری وەرگرتـووە. رۆمانسـیەت وەك هـەر ریبـازیکی تـری ئـەدەبی لـە رۆژئـاوادا بـە بەرنامـەو پـرۆژەو (تنظـیر)ی خۆیـەوە لـە دایکبـووەو لـە پلـەی یەکەمیشـدا رۆمانسـیەت جۆریکـە لـە بانگەشەکردنی گۆشەگیری و تەنیایی و گوزارشت کردنی ئازارەکانی تاکە کەس خۆی لـە ریگای ئەدەب و هونەرەوە. مرۆڤی رۆمانسی مرۆڤیکی گۆشەگیر و دابـراوە لـە کۆمـەڵ و لەگەڵ هەست کردنیدا بە جیاوازی بەڵام لە هەڵویستیکی نیگـەتیف داو هەمیشە خـۆی وەکو جیگای سۆز و بەزەیی نیشان دەدات و لـە ئاسـتی هیـچ گۆرانیکدا نیـە و پشت لـە بکەریتی و رووداو دروست کردن دەکات.

ئەگـەر لـەم روانگەیـەوە سـەرنج بدەیـن ئـەوە ناشـیت وای ببینـین کـە بیسـارانی و مەولـەوی و خانـای قوبـادیش هیچیـان لەسـەر بنـەمای دەرکـەوتنی زەمینـەی لـە دایـك بوونی رۆمانسـیەتی کـوردی بـە رۆمانسـی دابـنرین بـە تایبـەتی نـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی کوردی لە ئاستی ئەوەدا بووە کە ژیانی ئالۆزی شارو پیشەسازی مرۆڤی هەستیاری کورد ناچاری گەرانەوە بۆ سروشت بکات، نە ئـەو زەمینـە جوگرافیـەی ئـەم شـاعیرانەی تیـدا ژیاون لەو جۆرەیە کە مرۆڤ لەو تیروانینانەی قۆناغی کلاسیکەوە کە چەمکی عەقل و مـەنتیقی ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـە بنـەما دیارەکـانین بگوازیتـەوە قۆنـاغی رۆمانسـیەت، بوونـی هـەندیّ لـە رەگـەزەکانی رۆمانسـیەت لـە شـیعری ئـەم شـاعیرانەدا جگـە لـە پەیوەستبوونی حسی ئەم شاعیرانە بەو زەمینە جوگرافیەی کە تیایدا ژیاون هیچـی تـر نیە، بە واتایەکی تر ئەم شاعیرانە لە جوانترین ناوچەی کوردستاندا ژیاون کە ئـەویش ناوچەی هەورامان و دەوروبەریتی تەنیا وینەی سروشتی ناوچەکەی خۆیان کیشاوەو لە بنـەرەتدا هیـچ روانینیکیـان بـۆ گەوهـەری رۆمانسـیەت نیـە. تەنانـــەت لـەو قۆناغــەدا

ڕۆمانسیەتی فارسی و عەرەبیش وەکو ڕێبازێك ئاشکرا نەبووە هەتا بلێین کاریگەری ئەوانیان لەسەر بووە، ئەو بۆچوونەش کە مامۆستاکانی ئەدەبی کوردی دەیکەن بە بنەما بۆ گەورەیی مەولەوی و بێسارانی و خانای قوبادی گوایە ئەمان لە بنیادنانی ڕۆمانسیەتدا پێش شاعیرانی ڕۆژئاوا کەوتوون هیچ بنەمایەکی زانستی نیەو لە ڕاستیدا دەیسەلمێنیت کە ئەو توێژەرانە ئەدەب و دەرکەوتنی ڕێبازە ئەدەبیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی جیادەکەنەوە و وەکو جۆرێك لە ئیلهام سەیری دەکەن کە لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەکی زانستی پشتگیری ئەو بۆچوونە ناکات و لە پێش ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا لەسەر نەخشەی جوگرافیای ئەدەب لە دنیادا ڕێبازێك بەناوی ڕۆمانسیەتەوە بە هەموو خاسیت و بنەماکانیەوە تەنانەت لە ڕۆژئاواش لە دایك نەبووە، لە کاتێکدا ڕۆمانسیەت قۆناغی ئازادی بۆرژواو ئامانجە شۆڕشگێرییەکانەو هەروەها سەردەمی تاکیتی ڕادیکاڵانەیە واتە ڕێبازی ڕۆمانسی بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی و بێ ئومێد بوونی جەماوەرە لەو پەیمانانەی کە چینی بۆرژوای پیشەسازی بە جەماوەری دابوو بۆ دابین کردنی یەکسانی و ئازادی و برایەتی لە فەرەنساو وڵاتانی تری ئەوروپاش، ئایا هیچ مەنتیقیکی عەقلی پشتگیری ئەوە دەکات لە کوردەوارییەکی دواکەوتووی خێڵایەتی پەرش و بڵاوی ژیانی گەرمیان و کوێستان و لە ناوچەیەکی زۆر پەرەوازەی وەك هەورامان داو لەلایەن کەسانیکەوە کە هەموو ژیانیان لەنێو گوندو لە ژیانی دوورەپەرێزی ناو سروشتدا بەسەربردبێت ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئەدەبی کوردیدا دەست پێ بکات؟ ئەگەر شاعیرانی بابان شتێکی وەهایان بدرایەتە پاڵ دەشیا جۆرە بەڵگەیەکی بۆ بهێنرێتەوە بەڵام بۆ مەولەوی و بێسارانی ئەوە جگە لە وێنەگرتنی واقیعی دەوروبەری خۆیان بە شێوەیەکی فۆتۆگرافیانە هیچ لێکدانەوەیەکی تر ناکرێت کە بەڵگەی زانستی لە پشتییەوە بێت. هەر لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو دەروازەی کە کاك ڕەوف عوسمان بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر شوێنی گۆران لە شیعری ڕۆمانسیدا کردوویەتی ڕەوف عوسمان بۆ ئاخاوتن کردن لەسەر شوێنی گۆران لە شیعری ڕۆمانسیدا کردوویەتی دەروازەیەکی نادروستەو ڕاستر وایە کە ڕەشید نەجیب و شێخ نوری شێخ ساڵح لە ڕێگای ئەدەبی تورکیەوە کاریگەری ڕێبازی ڕۆمانسییان

پێگەیشتووەو گۆرانیش لە ریگای ئەدەبی ئینگلیزییەوە، دەشتوانین بە بەلگەی زیندوو لە ریگای بەراوردکردنەوە کاریگەری شیعری شاعیرانی رۆمانسی ئینگلیز لەسەر گۆران دیاری بکەین(٨).

کاریگەری و کارلیکردنی کەلتووره جیاوازەکان کاریکی ئاساییەو دروستترین هەلویستیش ئەوەیە ئیمە لەو کاریگەریانە نەترسین و نەیشیشارینەوە. رۆمانسیەتی کوردی بە کاریگەری دەرەوە سەریهەلداوە و لەگەل خۆیشیدا شیوازی شیعری ئازادی هیناوە، چونکە رۆمانسیەتی ئینگلیزی کە گۆران کەوتۆتە ژیر کاریگەرییەوە بە شیعری ئازاد (Free Verse) نووسراوە، مەگەر لە هەندێ حالەتدا شیوەی بنیادی سۆنیت و ستانزا (Stanza)ی تیدا بەکارهاتبیت کە ئەم جۆرە بنیادە لە شیعری ئینگلیزیدا پەیرەوی پیوانەی برگەیشی کردووە واتە پیوانە میتریەکان کە لە نیوان دە برگەیی و پاشان هەشتی و شەشی و چواریشدا بەرجەستەکراوە، ئەوەی گۆران وەکو گۆران بەسەر کیشی دە برگەیدا کردوویەتی سەرچاوەکەی لە ئەدەبی ئینگلیزیەوە وەرگرتووە، ئەم قسەیە لە پایەی گۆران کەم ناکاتەوە بە قەد ئەوەی کە گۆران دەخاتە شوینی راستەقینەی خۆیەوە.

لە روانگەی پاكژكردنەوەی زمانی کوردیەوە راستە گۆران زمانیکی لەچاو پیش خۆیدا پاراوی بەکارهیناوە، بەلام دیسان ئەوەش هاوشیوەی هەلویستی شاعیرانی رۆمانسی ئینگلیزە کە زیاتر گەرانەوە بۆ نیو فەرهەنگی زمانی ئینگلیزی و کەمتر خۆیان بە بەکارهینانی وشەو زاراوە گریکی و فەرەنسیەکانەوە خەریك دەکرد، کەواتە لیرەوە ئەو بۆچوونە ئاشکرادەبیت کە شیوازی شیعری هەر ریبازیك لە نەتەوەو زمانیکەوە بۆ نەتەوە و زمانیکی تر جیاوازی ئەوتۆ لە نیوانیاندا نیە تەنیا لە ئاستی داهیناندا نەبیت، هەر لیرەوە ئەوەی بە گۆرانکاری گەورە دادەنریت لە شیوازی شیعری گۆران دا پەیوەستییەکی تەواوی ئەو ریبازە شیعریەیە کە ئەو بەکاری هیناوە، لە پیش بەدر شاکر سەیاب و نازك مەلائیکەو بەیاتیدا شیعری عەرەبی باو بە کیشەکانی فەراهیدی بوو، بەلام ئەم شاعیرانە بە شیوازیکی جیاواز لەو کیشانە نووسیان.. کە لەوکاتەدا بە شیعری ئازاد ناسرا(٩). بیگومان ئەو شیوازە شیعریەش کە ئەم شاعیرانەی

عەرەب لەو قۆناغەدا بەكاريان هينا زياتر لە ئەدەبى ئينگليزيەوە وەريان گرتبوو. تەنانەت ئەو شاعيرانەى كە وەكو سامى مەهدى دەليت لە گۆڤارى شيعرى لوبنانى كۆبووبوونەوە بوون بە دوو بەش ئەوانەى لايەنگرى شيعرى ئازادبوون مەيلدارى رۆشنبيرى ئەنگلۆساكسۆنى بوون، هەروەها ئەوەى لايەنگرى پەخشانە شيعر بوون مەيلدارى رۆشنبيرى فەرەنسى بوون(١٠). كەواتە لەم قسانەوە زياتر گەوهەرى شيواز و ريبازە شيعرييەكانمان بۆ دەردەكەويت و ئەوەشمان بۆ ئاشكرا دەبيت كە هەرچۆن مۆدێرنيتە سەرچاوەكەى رۆژئاوايە، زۆربەى ريبازە فيكرى و ئەدەبيەكانيش لەويوە سەريان هەلداوەو گەلانى تر لەژير كاريگەرى رۆژئاوادا بنەماو پرنسيپ و خاسيتەكانى ئەو ريبازانەيان ناسيووە، نەك وەكو كاك رەوف دەليت ريبازى رۆمانسى لە كوردستاندا لە ناوچەيەكى پەراويزى وەكو هەورامان و لە سەدەى نۆزدەدا سەرى هەلدابيت.

كاك رەوف عوسمان دەليت: گۆران جگە لە هەموو ئەمانەش ناوەرۆكى نويى نەتەوەخوازى و نيو نەتەوەيى بارگەكردە سەر ئەو فۆرمە خۆماليە).

كاك رەوف دەيەويت پيمان بليت گۆران لە يەك كاتدا شاعيريكى نەتەوەيى و نيونەتەوەيش بووە. پيش وەختە دەمەويت بليم هيچ مەرج نيە گەورەيى و ئاستى داهينانى شاعيريك بەوە بپيوريت كە بنيادنەرى گوتارى نەتەوەيى يان جيهانپەروەرىيە، بەلكو گرنگتر لەوە ئەوەيە ئەو پرسيارانەى ئەو شاعيرە بەرزى دەكاتەوە چين، ئايا ئەو شاعيرە تا چ ئەندازەيەك گوزارشت لە حەقيقەتى سەردەمەكەى خۆى دەكات و دەبيتە شاهيدى سەردەمەكەى خۆى و تا چەندێ رەفزى شتە مەئلوفەكانى ئەو سەردەمە دەكات و بنيادى دابران لەگەڵ بارى باودا دادەنيت و دەبيتە دەنگيكى جياواز لە دەنگە باوەكانى سەردەمەكەى، ئەوەندەى گرنگە بۆ شيعر كە گەرانيكى بەردەوام بيت بە دواى نادياردا، ئەوەندە گرنگ نيە خۆى بە شتە ديار و ئاشكراكانەوە خەريك بكات، ناوەرۆكى نەتەوەيى و نيونەتەوەيى لە سنوورى ناديار دا نين، بەڵام گرنگ ئەوەيە چۆن دەكرينە ناوەرۆكى شيعر، بە گويرەى ئەحمەدى خانى باسكردنى هەر مەسەلەيەكى نەتەوايەتى لەو ميژووەدا كاريكى گرنگ و پر بايەخە لە كاتيكدا لە روانگەى پەرەسەندنى كۆمەڵايەتيەوە بۆ ئەو قۆناغە ميژووييەى ئەو هيشتا

هەستی نەتەوایەتی وەکو بەرهەم و دەرئەنجامی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەری هەڵنەداوە، بەڵام بۆ سەردەمی گۆران ئەو ناوەرۆکە بۆتە شتێکی دیار و زانراو، لەگەڵ ئەوەشدا گۆران لە شیعرە سیاسیەکانیدا چ ئەوانەی وەکو کاک رەوف دەڵێت ناوەرۆکیان نەتەوەییە چ ئەوانەی ناوەرۆکیان نیونەتەوەییە نەگەیشتۆتە ئاستی بەرهەم هێنانی شیعریەت و بە پێچەوانەی کردەی شیعرییەوە کاری کردووە و ئاراستەی ئیشکردن لە دەرەوەی دەقەکانی بەرەو ناوەوەیە کە ئەوەش هەم لەگەڵ شیعریەتدا ناگونجێ، هەم دەقی مردوو بەرهەم دێنێت چونکە لە باشترین حاڵەتی ئەم پرۆسەیەدا واقیع دەگوازرێتەوە بۆ ناو دەق کە ئەوەش لەگەڵ سروشتی شیعردا ناگونجێت، چونکە شیعری نوێ بە تایبەتی بەندە لەسەر ئەوەی کە چەندێ لە دەرەوەی واقیعیەتە تا ئەو رادەیەی کە ئەدۆنیس دەڵێت: شیعری نوێ جۆرێکە لە سیحر[١٠].

کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین گۆران لە شیعرە سیاسیەکانیدا واقیعی وەکو خۆی گواستۆتەوە بۆ نێو دەقەکانی و نەیتوانیووە لەو واقیعە شیعر بەرهەم بهێنێت ئەوەی گۆران ویستویەتی لە سیاسەت وەری بگرێت بۆ شیعر زۆر جیاوازە لەوەی کە شێرکۆ چ لە مێژوو چ لە سیاسەت وەری گرتووە، گۆران لەو پرۆسەیەدا بە ئاشکرا دەرەوەی وەکو خۆی گواستۆتەوە بۆ ناوەوەی دەقەکانی کە لەو پرۆسەیەشدا نە خەیاڵ و نە نەست بەشدارییان نەکردووە و زمان بە هیچ دەلالەتێکی نوێ بارگاوی نەکراوە، واتە زمان نەبۆتە زمانی شیعر، بەڵام لای شێرکۆ ئەم پرۆسەیە تایبەتمەندی خۆیی هەیە، لای شێرکۆ هەموو رەگەزە پەیوەستەکان بە کوردەوە بەشێك نین لە دەرەوە، بەڵکو سەرجەم مێژوو، سروشت و مرۆڤی کورد هەموویان بە خودی شاعیر خۆیشیەوە بە گوێرەی بەرهەم هێنانی شیعریەت دەبنە ناوەوەو مەودایەك بۆ دیاریکردنی ئاراستەی جوڵە نامێنێتەوە لە نێوان ئەو رەگەزانەو ناوەوەی دەقدا بەڵکو شێرکۆ لە پرۆسەیەکی شیعریداو لە هاوکێشەیەکدا لە نێوان دەرەوەو ناوەوەی دەقدا ئەو سنوورانە دەشکێنێ و تەنانەت وەسفی پێشمەرگەیەك لە شیعری شێرکۆدا جیاوازە لە خاسیەتە واقیعیەکانی پێشمەرگە، بەرجەستەکردنی کەسێتی پاڵەوانێك، رەمزێك، شەهیدێك لە وەسفی شێرکۆدا زۆر جیاوازە لەوەی ئێمە لە واقیعدا دەیبینین، بە مانایەکی تر شێرکۆ لە

کردەی شیعریدا دنیایەکی جیاواز لە واقیعی بینراو و هەست پیکراو دەخولقینێ، دنیایەك کە خەیال و نەست نەخشەی دەکیشن، ئەو دنیایەش جگە لە یۆتۆپیا ناویکی تری لێ نانریت، هەر لیرەوەیە کارکردنی شیرکۆ لەسەر میژووی کورد رەهەندیکی هیجگار فراوانی دەبیت و زۆر جیاواز دەبیت لەوەی کە گۆران لە شیعرە سیاسیەکانیدا بەرهەمی هیناوە.. پیم وایە ئەو دوو ناوەرۆکەی کە کاك رەوف دیاری کردوون بۆ گۆران واتە ناوەرۆکی نەتەوەیی و نیونەتەوەیی لە ئەزموونی شیعری گۆران دا هیچ بەهایەکیان نیە و بگرە سەرجەم ئەو دەقانەی گۆران کە لەو سنوورەدان نەبوون بە شیعر و دەقی مردوون. بە پیچەوانەی ئەو شیعرانەیەوە کە پەیوەستن بە جوانی سروشت و نهینییەکانی ناخی مرۆڤ و مەسەلەی بوون و مردنەوە کە پرسیاری قولیان هەلگرتووە و سەرجەم گەرانن بە دوای نادیاردا. هەر لیرەوە دەردەکەویت کە کاك رەوف روانینیکی ئاشکرای بۆ شیعر و چەمکی شیعر و شیعریەت نیە، ئەگینا لە ئەزموونی گۆران دا باسی ناوەرۆکی نەتەوەیی و نیونەتەوەیی نەدەکرد. بەلکو ئەزموونی دەولەمەندی گۆران و پرسیاری مەودا قولی گۆران لە زەنگی پەستی و هەلبەستی دەروون و پرسیار و گیان و بۆ هیوای کورم و تاوێ نەگەراو دوو گەشتەکەی و سەرجەم ئەو شیعرانەیدا دەردەکەویت کە دوورن لە سیاسەت.

کاك رەوف دەلیت: هەولی بەرجەستە بونیات نانی زەربەی بروسکە ئاسا دەدریت کە دەکەویتە کۆتایی پەرەگرافە شیعرییەکانەوە، دیارە ئەم زەربە شیعریانە پیویستی بە کارامەیی و وردبینی و ویناکردنی باری دەروونی خوینەرە، کەم شاعیری دوای گۆران توانیوویەتی لەم توخمەدا سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بینێ، رەخنەی نویی شیعر جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکات و جیگای شیاوی خۆی دەداتێ.

ئەوەی کە کاکی نووسەر باسی دەکات سەبارەت بە بونیاتنانی زەربەی بروسکە ئاسا لە کۆتایی پەرەگرافی شیعریەوە. سەرەتا دەبێ بزانین کە شیعر بە پەرەگراف ناونابریت، لە شیعری نوێدا دەشێ زاراوەی (کۆپلە) بەکاربهینریت، جگە لەوە لە شیعری نوێدا هەر رەگەزیکی زمانی لە بنیادنانی دەق دا گرنگی خۆیی هەیە و دەبی زمانی دەق بارگاوی بکریت بە ماناو دەلالاتی جۆراوجۆر و هەر دالیك هەلگری مەدلول

نەبێت هیچ بەشدارییەکی نابێت لە بەرهەم هێنانی شیعریەتدا. ئەوەی کاک ڕەوف باسی دەکات کە زەربەی بروسکە ئاسایە مانای ڕووتکردنەوەی هەموو بەشەکانی تری بنیادی دەقە لە ماناو، پەرتکردنی نووسینە لە خاسیتە بنەڕەتییەکانی ، ئەگەر هەموو ماناکانی شیعر تەنیا لە دوا زەربەدا کۆبکرێتەوە کەواتە هیچ بیانوویەك بۆ بوونی بەشەکانی تری دەق نامێنیتەوە. دەشێ ئەم قسەیەی کاك ڕەوف بۆ شیعری کلاسیك مانایەکی هەبێت، بەڵام بۆ شیعری نوێ جگە لە بەڵگەی بێئاگایی لە چەمکی شیعری نوێ و لە چەمکی ڕەخنەی ئەدەبی هیچ لیکدانەوەیەکی تری بۆ ناکرێت.

شیعری نوێ لە پلەی یەکەمدا یەکێتییەکی بابەتی هەیەو سەرجەم ڕەگەزەکانی بنیادنانی دەق کە مەبەستمان زمانە ئەرکی بنیادنان و بەرهەم هێنانی شیعریەت لەو سنوورەدا دەبینن و هەر دالێکی زمان لە سنووری دەقەکەدا توانای هەڵگرتنی مەدلولی جۆراوجۆری هەیەو تیکراش هەر دەقیکی شیعری نوێی زیندوو هەڵگری پرسیاری جۆراوجۆرە، هەر لەبەرئەوەش دەقی زیندوو بە دەقیکی کراوەی فرە ڕەهەند ناودەبریت، بەڵام ئەو زەربە بروسکە ئاسایە بەڵگەی یەك ئاراستەیی و تاك ڕەهەندی هەر دەقیکی شیعریە، ئەم تیروانینەی کاك ڕەوف لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تەنیا رووکەشی دەق دەبینێ و تەنیا لەسەر بنەمای ئەو تاکە دیرانە کە بە زەربەی بروسکە ئاسا ناویان دەبات بریار لەسەر ئاستی داهینانی دەقیك دەدات، ئەوەش لاوازترین شێوازی مامەلەکردنە لەگەڵ دەقی نوێدا. هەر ئەم تیروانینەش وای لە کاك ڕەوف کردووە کە بەبێ ئەنجامدانی هیچ شیکردنەوەیەکی دەق بریار لەسەر ئەوە بدات کە لە باشووری کوردستاندا تەنیا سێ شاعیر لە دوای گۆران شایانی ناوهینانن کە ئەوانیش شێرکۆو لەتیف و قوبادی جەلی زادەیە.

کاك ڕەوف دەیەویت شاعیری نوێ کارامە و وردبین بیت لە ویناکردنی باری دەروونی خوینەر. هەر ئەم دیرەیە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات کە نووسەر ئەو ناونیشانەی داناوە نازانیت چۆن لێی بدوێت چونکە هەرگیز شاعیری نوێ چاوەڕوانی ئەوە ناکات وەڵامدانەوەی خوینەر چییە، ئەوەی کە خوینەر دەکرێت بە پیوانە بۆ زیندویتی شیعر پیوەریکی نادروستە، چونکە شیعری نوێ لە هیچ قۆناغیك و لەلای

هیچ میللەتیك نەیتوانیووە لە ئاستی یەكەمدا جیگای رەزامەندی و پەسەندكردن بیت، چونكە تەنیا بەو شیعرە دەگوتریت نویٚ كە لە هەولی تیكشكاندنی بنەماو تەقالیدە جیگیرەكانی پیش خۆیدا بیت، كە بیگومان بەپیٚی عەقلیەتی باوو بالاْدەست لە هیچ كۆمەلگایەكدا تیكشكاندنی ئیستا لە پیناوی بنیادنانی نویٚدا كاریكی ئاسان نیەو پەسەندیش ناكریت، هەر لەبەرئەوەشە سەرجەم ئەزموونەكانی نویگەری رووبەرووی بەربەرەكانیٚ و لیدان بوونەتەوەو دەشبنەوە. ئیتر دەبیٚ شاعیری نویٚ چۆن هەولبدات باری دەروونی خوینەر بخوینیتەوەو بەو ئاراستەیە كاربكات كە كاریگەری لەسەر خوینەر دیاری بكات، بیگومان ئەوەی ئەو باسی دەكات لە دەرەوەی وەزیفەی شیعرە.

شیعری نویٚ ئەو شیعرەیە كە سەرباری ئەوەی بەرهەمی خەیال و نەستەو بە زمانیكی بارگەكراو بە مانای جۆراوجۆر بەرهەم دیت، دەبیٚ لە دەرەوەی زانراوو ئاشكراو شتە مەئلووفەكان پرسیاری نویٚ و جیهانبینی نویٚ بەرهەم بهینیت كە لە بنەرەتەوە خوینەر نەك هەر بە ئاسانی ناكەویتە ژیر كاریگەری ئەم جۆرە شیعرەوە بە تایبەتی كە شیعری نویٚ شیعریكی نامەئلوفە، بەلكو خوینەری ئاسایی كە لەگەلٚ جۆرە چیژ و روانینیكی جیگیردا راهاتووە، هەموو نویٚیەك كە جیاوازبیت لەگەلٚ ئاستی چیژ و روانین و مەعریفەی ئەمدا رەت دەكاتەوە. هەروەك لە بنەرەتەوە شیعری نویٚ بۆ كاركردن لە هەست و باری دەروونی بەرهەم نایەت بەلكو بۆ گوزارشت كردن لەو سەردەمەیە كە تیایدا بەرهەم دیت، بە مانایەكی دی دەبیٚ شیعری نویٚ شایەت بیت بەسەر ئەو میژووەوە كە تیایدا بەرهەم دیت، بۆ ئەو مەبەستەش دەبیٚ شیعری نویٚ هەلگری مەعریفەی نویٚ یان جۆریك لە مەعریفە بیت بۆ دروستكردنی جیهانیك لە سنووری خەیال و یۆتاپیادا بۆ ئەوەی جیهانیك بخولقینیٚ كە تەنیا لە سنووری خەیالی شیعریدا وینە بكیشریت. خەیالیك كە مانای جیاواز بۆ بوون و ژیان دەدۆزیتەوە، بە جۆریك جیاواز بیت لەوەی لە واقیعدا هەیە.

رەخنەی نویٚی شیعر بە ریبازە جۆراوجۆرەكانیەوە، هەر لە رەخنەی فۆرمالیست و بونیادگەری و وەلاْمی خوینەر و تەنانەت رەخنەی تەقلیدیش هیچیان جەخت لەسەر تاكە دیری كۆتایی كۆپلەی شیعری ناكەن، چونكە سەرجەم ئەو ریبازانەی رەخنە كەوا

سەیری زمان دەکەن رەگەزی سەرەکی بنیادنانی دەقە، دەق وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیر دەکەن و وای نابینن فورسی دەق بکەویتە سەر تاکە دیریك، هەروەك دەشزانین لە دوای ئاشکراکردنی پرسیارەکانی دەق و جیهانبینی دەق دەگەرین لە ئەنجامی شیکردنەوەو شۆربوونەوە بۆ ئاستە قولەکانی دەق و بۆ دۆزینەوەی زمانی ئەو دیووی دەق، شیعری نویّ زۆر لەوە ئالۆزتر و پر نهینی ترە کە بە پیّی پەیرەوکردنی خویندنەوەی هەست و دەروونی خوینەر بنووسریت، بەلکو شیعری نویّ ویناکردنی دنیایە لە تیروانینی شاعیرەوە بە ئامرازی تایبەتی خۆی و هەر ئەو دەقانەش زیندوو و نەمرن کە هەم لە رووی شیوازەوە لە دەقەکانی تر ناچن، هەم ئەو پرسیارانەی هەلیدەگرن پرسیارن دەربارەی نەزانراو، بیگومان لەم حالەتەشدا شیعر بە ئاسانی ناگاتە خوینەری ئاسایی، بەلکو شیعری نویّ لە هەموو سەردەمیکدا خوینەری سنووورداری هەیە.

کاك رەوف دەلیت: با ئەوەش لە یاد نەکەم کە ئیستا گۆرانکاری چۆنیتی زۆر دیار و پۆلین کراو نەهاتۆتە گۆری، واتە ئەو تەقینەوەیەی کە پۆشکین و مایکۆفسکی لە زمانی روسیدا کردیان لای نەوەی دوای گۆران نەهاتۆتەدی).

دەبیّ مەبەستی نووسەر لە گۆرانکاری زۆر دیارو پۆلین کراو چی بیت، کە بیگومان هیچ پەیوەندییەك لە نیوان گۆرانکاری و پۆلین کردندا لە بواری ئەدەبدا دروست ناکریت، ئەنجا ئایا لەسەر بنەمای چ تویژینەوەو لیکۆلینەوەیەك ئەو پیّی وایە گۆرانکاری نەکراوە، حەزدەکەم سەرنجی نووسەر و خوینەرانیش بۆ ئەو جیاوازیانە رابکیشم کە ئیمە لە بەشەکانی پیشەوەی ئەم باسەدا لە نیوان گۆران و ئەزموونی حەفتاکاندا کردوومانە کە دلنیام نووسەر لەبەر کارنەکردنی لەسەر شیعری نویّی کوردی و نەتوانینی کارکردنیش لەسەری بەپیّی ئەو ئامرازەو رەخنەییەی ئەو ناتوانیت پەی بەو جیاوازییانە ببات، ئەمە جگە لەوەی ئەو تیروانینەی کە هەمیشە رابردووی لە ئیستا پیّ باشترە تیروانینیکی خۆپاریزانەو کۆنەپاریزانەیەو پیاهەلدانی رابردووە لەسەر حسابی ئیستا بەبیّ ئەوەی ناسنامەی هیچ کام لەو دوو زەمەنە لە روانگەی ئاستی شیعری کوردییەوە بزانیت. چونکە هەمووومان دەیزانین کاتیّ کاك رەوف بەبیّ هیچ سەلماندنیك گۆران دەکاتە پیوەری پیوانە بۆ شیعری ئیستای خۆی

تاکە لیکۆلینەوەیـەکی لەسـەر ئـەزموونی شـیعری گـۆران نـەکردووە، لەسـەر ئـەزموونی دوای گۆرانیش وەك دەیزانین کاتی خۆی شتیکی لەسەر شیعری (بۆ کپ ببێ)ی ئـەنوەر قادر نووسی کە ئەویش زۆر دوورە لە بنەماکانی رەخنەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەق، هەروەك کاتی خۆی ئەنوەر قادر بە توونـدی وەلامی ئەو نووسینەی کاك رەوفی دایـەوە، جگە لەوە کاك رەوف هیچ لیکۆلینەوەیەکی لەسەر بەرهەمی شـاعیرە دیارەکـانی نـەوەی دوای گۆران و نەوەی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانیش نەکردووە، تـەنیا ئـەو دوو نووسینەی نەبیت لەسەر شیعری حەسیب قەرەداخی و قوبادی جەلی زادە، کە ئاشکرایە هیچ کام لەو دوو بەریزە تەنانەت خۆیشیان خۆیان بە یەکەم دەنگی نەوەکەی خۆیـان نەزانیووە و لە لایەکی تریشـەوە کـاك رەوف لـەو دوو نووسـینەدا نـەیتوانیووە دەقیکـی رەخنەیی لەسەر دەقـە شـیعریەکان بەرهـەم بـهینیت و تەنانـەت لـە ئاسـتیکی ئـەوەندە رووکەشی دەقەکاندا قسەدەکات و راڤەی وشە دەکات و هەلەی ریزمانی چاك دەکاتـەوەو فەرمانی لەباری فلانە وشەو نالـەباری و نـەگونجاندنی فلانـە وشـەی تـر دەردەکـات کـە ئەوەی کەمێ لە کاری رەخنە بە ئاگابیت بۆی دەردەکەویت کە نووسەر زۆر بیئاگایە لە ریبازو پرۆگرامە رەخنەییە جۆراوجۆرەکان.

با لیرەدا ئەو پرسیارە بەرزبکەینەوە و لە کاك رەوف بپرسین: ئایا جیاوازی نیە لە نیوان ئەزموونی گـۆران و ئـەزموونی شـیرکۆدا.؟ ئایـا جیـاوازی نیـە لـە نیـوان شـیوازی شـیعری گۆران و شـاعیرانی هەشـتاکاندا بـۆ نموونــە شـاعیرە دیارەکـانی وەکـو جـەلال بەرزنجی و کەریم دەشتی و هاشم سەراج و دلشاد عـەبدولا و جـەمال غـەمبار..دا؟ ئایـا جیاوازی نیە لە نیوان ئەزموونی گۆران و ئەو شیوازە شیعریەی کـە بـەختیار عـەلی لـە ناوەراستی هەشتاکانەوە دەستی پیکردووەو تاکو ئیستاش بەردەوامەو تەنانەت هـەر لـە سنووری ئەزموونی ئەودا گۆرانکاری لەبەرچاو دەبینریت؟

دەشێ کاك رەوف یان لە بنەرەتدا تـیروانینی تایبـەتی بـۆ گۆرانکـاری هـەبیت؟ یـان نەتوانیت پەی بە جیاوازی ببات، ئەگینا بەوجۆرە ئاخاوتنی لەسەر میژووی سـی سـالی شـیعری کـوردی نـەدەکرد. دیسـان بـە پیچەوانـەی بۆچوونەکـەی کـاك رەوفــەوە جـۆرە پۆلینیك بە ئاشکرا لە شیعری کوردی دوای گۆراندا دیارەو پیشـتر ئامـاژەشـی بـۆ کـراوە.

ئـەویش بـە نـاوی شـاعیرانی دوای گـۆران کـە مەبەسـت لـەوانیش هـەردی و کامـــەران و دیـلان و عـەلی فـەتاح دزەیـی و جگـەرخوین و هیمـن و هـەژارو.. دەگریتـــەوە، قۆنـاغی روانگـە یـان ئـەزموونی سـاڵانی حـەفتا کـە شـیرکۆ و ئـەنوەر قـادرو لـەتیف هەلمـەت و رەفیق سابیر و جەلالی میرزا کەریم و سەلاح شوان و عەبدورەحمان موزیری و عـەبدولا پەشـیوو.. دەگریتـەوە. قۆنـاغی هەشـتاکان و قۆنـاغی نـەوەدەکانیش دەنگـی تایبـەتی خۆیان هەیە. مـن پیشـتر لـە لیکۆلینەوەیـەکدا بـەناوی بـە دوای شـیعردا بـە دریـژی لـە خاسیتەکانی هەریەکە لەو قۆناغانە دواوم[11]. بۆیە لیرەدا ناچمەوە سەر ئەو باسە.

کـاك رەوف باسـی ئـەو تەقینەوەیـە دەکـات کـە پۆشـکین و مایکۆفسـکی لـە زمـانی روسیدا کردوویانە نەوەی دوای گۆران نەیانتوانووە لـە زمـانی کوردیـدا بیکـەن. جیگـای خۆیـەتی بپرسـین ئـەو تەقینەوەیـە چیـیە کـە هەریەکـە لـەو دوو شـاعیرە لـە زمـانی روسیدا کردوویانە کە هەریەکـەیان شـاعیری سـەردەمیکی میـژووی جیـاوازن؟ بیگومـان ئەم قسەیە جگە لە رستەیەکی ئینشائی هیـچ مانایـەکی تـری نیـە، بـۆ سـەلماندنی ئـەم قسەیەش دەشێ ئەم پرسیارانە بەرزبکەینەوە: مەبەسـت لـە تەقینـەوەی زمـان چیـیە؟ ئەگـــەر ئـــەو دوو شـــاعیرە تەقینـــەوەیان لـــە زمـــانی روســـیدا کـــردووە؟ کامەیـــە تەقینەوەکانیان؟ بە کام نموونەی دیار و بە بەراوردکردن لەگـەڵ زمـانی شـیعری پـیش خۆیاندا دەتوانریت ئەوە بسەلمینریت؟

دیسان کاك رەوف دەلیت نـەوەی دوای گـۆران نـەیانتوانیووە ئـەو تەقینـەوە زمانیـە بکەن، بەپێی ئەم قسەیە گـۆران ئـەو تەقینـەوەی لـە زمـانی کوردیـدا کـردووە، کەواتـە بۆچی نالیت شاعیرانی دوای گۆران نەیانتوانیووە ئەو تەقینـەوەی کـە گـۆران لـە زمـانی کوردیـدا کردوویـەتی ئـەمانیش جـاریکی تـر تەقینـەوەی لـەوجۆرە لـە زمـان دا بکـــەن. دیسـان جۆریـك لەسـەرپییی و پەلەپـەل بـە دەربرینـی ئـەو بۆچوونـەوە دیـارە چونکـە جیاوازی ئاشکرا لە نیوان زمانی شیعری گـۆران و ئـەزموونی روانگـەدا هەیـە، هـەروەك زمانی شیعری هەندێ لە شاعیرانی هەشتاکان بە تایبەتی کەریم دەشتی و هاشم سەراج جیاوازە لە زمانی شیعری ئەزموونی روانگە، زمانی شیعری بـەختیار عـەلی جیـاوازە لـە ئەزموونی روانگەو شیعری هەشتاکانیش، ئەمە جگە لەوەی لە رووی گوتـاری شـیعری و

بەرهەم هێنانی شیعریەت و سەرچاوەکانی شیعرەوە جیاوازی هەیە.. بۆیە جێگای سەرسوڕمانە لە کاتێکدا کە نووسەر نەتوانێت جیاوازی لە نێوان دەنگ و ئەزموونەکانی دوای گۆران دا بکات چۆن دەتوانێت دەربارەی ڕەهەندەکانی شیعری نوێی کوردی بدوێت؟ بوونی چەند ڕەهەندێك بەرهەمی ئەو جیاوازییانەن، بێگومان ئەگەر جیاوازی لە سەرجەم ئەزموونی شیعری دوای گۆراندا نەبێت، ئەوا مانای وایە شیعری کوردی یەك ڕەهەندی هەیە، ئیتر چۆن نووسەر (ڕەهەندەکان) بە کۆ بەکاردێنێت!

کاك ڕەوف دەڵێت: کەم لە شاعیرە نوێکانی دوای گۆران کەلەپورە بە برشت و دەوڵەمەندەکەی کلاسیکی کوردیان ئەزم کردووەو مرواریە درەوشاوەکانی ڕۆحی نالی و سالم و کوردی و مەولەوی و خانی و جزیریان کردۆتە ملی هۆنراوەکانیان)

من پێم وایە ئەم بۆچوونەی کاك ڕەوف بێ بنەما و بیرلێکردنەوە خراوەتە ڕوو، چونکە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی ئەوەوە ئەوەندەی شاعیرانی نوێ دەگەڕێنەوە بۆ یادەوەری کۆنی کورد، بۆ نێو مێژوو، بۆ ناو ئەفسانەو فەنتازیای کوردی، نە شاعیرانی کلاسیك و نە گۆرانیش ئەوەندە نەگەڕاونەتەوە بۆ ناو یادەوەری ڕابردووی کوردی و مێژو و ئەفسانەو فەنتازیای کوردی بە مەبەستی بنیادنانی گوتاری نەتەوەیی ئەگەر ئەو گەڕانەوەیە لە ئاستەکانی هوشیاریدا بووبێت یان پاڵنەری نەست دەوری لەوەدا بینیبێت.

شێرکۆ لە شیعرە دیارەکانیدا بە تەواوی گەڕاوەتەوە بۆ ئەو پانتاییە واتە بۆ مێژوو، یادەوەری و ئەفسانەو فانتازیای کوردی بۆ نموونە قەسیدەکانی مامەیارە، بەیتی ئاگر، بەردە قارەمان و شانۆگەری ئاسك، دیسان قەسیدەکانی کۆچ، سێ سروودی کێوی، قیبلەنوماو دەربەندی پەپولەو.. ئەمە جگە لە دەیان شیعری تری شێرکۆ.. ئەگەر کارکردن نەبن لەناو مێژو و کەلتووری کوردیدا ئیتر دەبێ گەڕانەوە چی بێت؟ ئەنوەر قادر داستانی ئەڤینی سیوەخانی نووسیووە کە سەرچاوەکەی داستانی محەمەدو سیوێیە، لەتیف هەلمەت لە قەسیدەی (نالی دەگەڕێتەوە)دا گەڕاوەتەوە بۆ مێژووی کوردو ئەفسانەی گەڕانەوە بنیاد دەنێت، ئەحمەدی مەلا لە قەسیدەی (خۆڵستان دا)

بەرجەستەی شکستی میرنشینی بابان دەکات و وینەیەکی بەرجەستەی ئـەو تراژیدیایـە پیشکەش دەکات بـە مەبەسـتی وەبیرهینانـەوەی مەترسـیەکانی شکسـت. جـاریکی دی ئەنوەر قادر لە شیعری (بـۆ مـەولانادا) بەرجەسـتەی نـاکۆکی مـیرانی بابـان و پەرۆشـی مەولانا خالید بۆ زیدی خۆی لە سایەی ئەو ناکۆکیەدا نیشان دەدات، کـەریم دەشـتی لـە قەسیدەی (راهیبەکانی وەهمدا) دەگەریتەوە بۆ ناو پەیامی ئایینی زەردەشتی و لـەویرا لە رەگەزەکان و پایەکانی یەکبوون و یـەکیتی کورد دەگـەریت و دەیـەویت لـە سنووری گوتـاری ئـایینیدا رەگەزەکانی گوتـاری نەتـەوەیی کـورد بدۆزیتـەوە. رەفیـق سـابیر لـە قەسیدەی وەرزە بەردینەداو لە چرکەساتی شکستی راپەرین و بزوتنـەوەی کوردایـەتیدا دەگەریتەوە بۆ میژووی فەتح و پرۆسەی فەتح و ئـەنفال پیکـەوە دەبەسـتیت.. لەگـەڵ چەندین نموونەی تر کە سەرجەم ئیحایان لـە کەلـەپور و میـژو و ئەفسانەو فانتازیـای کوردیەوە وەرگرتووە.

شیعری نـوێی کوردی لەبەرئـەوەی بـە شـیوەیەکی لەبـەرچاو لـە سنووری بەرهـەم هینـانی گوتـاری مانـەوەدا بـووە، پیویسـتی بـەوە هەیـە کـە بـۆ بنیادنـانی ئـەو گوتـارە بگەریتـەوە بـۆ ئیشـکردن لـە سـنووری سروشـت و میـژو و یـادەوەری کوردیـدا. بـە پیچەوانەی شیعری کلاسیکی کوردیـەوە کـە زیـاتر لـە سـنووری گوتـاری ئـایینیدا کـاری کـردووەو شـاعیرانی کلاسـیکی کوردیـش بـە شـیوەیەکی لەبـەرچاو پەیوەسـت بـوون بـە فیکری دینی ئیسلامەوە، لە سنووری ئەو فیکرەشـدا تاکـە گوتـاریکی باڵادەسـت گوتـاری کۆزمۆپۆلتی ئیسلام بووەو هیچ تایبەتمەندیەکی نەتەوەیی بوونـی نـەبووە، خـۆ ئەگـەر لە دەرەوەی گوتاری دینی رەگەزی گوتاری تر ئامادەبوونی هەبووبیت ئەوا لـە ئاسـتیکی نادیار و کپ کراودا بووە، مەگەر گوتاری سیکس تـا ئەندازەیـەك دەرکـەوتبیت. ئـەویش لـە سـنووری دەلالات دا. کەواتـە بـە ئاشـکرا دەردەکـەویت ئـەوەندەی شـیعری نـوێ پەیوەستە بە کەلەپور و میژوو و ئەفسانەی کوردییـەوە، شیعری کلاسـیك و رۆمانسـی کوردی ئەوەندە پەیوەست نەبووە بەو بوارانەوە.

کـاك رەوف دەلیت: نـەك هـەر ئەمـەش بـە تـەنیا بـەلکو سـامانی بـە پیـت و فـەری موکریانیش وەك پیویست تاووتوێ نەکراوە، واتە بەرهەمە نـەوازەکانی هیمـن و هـەژار

و بەیتی موکریان و توحفەی موزەفەریەو فەرهەنگەکەی زەبیحی.. هتد کەچی لە بارتەقای ئەمەدا شاعیرە نویکان هەولیان داوە هۆنراوەی نوێی کوردی موتوربەکەن بە سامانی بە برشتی شاعیرە گەورەکانی وەك نیرۆداو نازم حیکمەت و ئاراگۆن و شاعیرە فەلەستینیەکان و سوهراب و فروخ و شاملۆو ماغوت.. هتد واتە دەست بەرداربوون لە رەگی ژیان بەخشی خۆمان..)

وەك پیشتر ئاماژەمان بۆ کرد و دەشتوانین دەیان نموونەی زیندوو بهینینەوە کە چۆن شیعری نوێی کوردی میژوو، یادەوەری و ئەفسانەو فانتازیای کوردی کردۆتە پایەی خۆی بە پیچەوانەی شیعری کلاسیکی کوردییەوە کە کەمتر سوودی لەو رەگەزانە وەرگرتووە کەچی نووسەر پێی وایە شاعیرانی نوێ سوودیان لە کەلەپوری موکریان وەرنەگرتووە، ئەم تیروانینە تەسکە بۆ جیاکردنەوەی بەشیکی دیاریکراوی کوردستان لە بەشەکانی تری مانای تینەگەیشتنە لەو راستیەی کە کەلتوور و کەلەپوری نەتەوەیەك ناشیت بە پیی ناوچەکان دابەش بکریت، خۆ ئەگەر نووسەر پێی وابیت ئەو ناوچەیە خاوەنی کەلەپوریکی دەولەمەندە، دیسان ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە نووسەر بێئاگایە لە سەرچاوەی دەولەمەندی کەلەپوری کوردی لەهەر ناوچەو هەریمیکی ئەم کوردستانە کە تۆ دەست نیشانی بکەیت، یان دەشیت نووسەر لە پیناوی مەبەستیکی تایبەتی خۆیدا تەنیا ئاماژە بۆ ئەو ناوچەیە بکات.

دیسان ئەوە تیروانینیکی ناتەواوە کە تۆ بتەویت ئاستی داهینانی شیعری قۆناغیك بەوە بپیویت کە تا چەندێ کەلکی لە کەلەپوری ناوچەیەکی دیاری میللەت وەرگرتبیت، هەروەك کاك رەوف تووشی هەلەیەکی لەبەرچاو بووە لە نیوان ناونیشانەکەی و ئەو ناوچەیەی کە بۆ بەیتی کەلەپور دیاری کردووە، چونکە ئەو باسی باشووری کوردستان دەکات و لەو ئاقارەشدا باشوور لای ئەو لە کفریەوە دەست پیدەکات و لەمبەری پردی دیگەلەوە کۆتایی دیت. تەنانەت ناگاتە سنووری پشدەر و لە میژووی شیعری سالآنی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکانیش دا ناوی شاعیریکی دیاری وەکو رەفیق سابیر لەو دەڤەرەدا ناهینیت کە هەر هیچ نەبیت مادەم باسی کەلەپوری موکری دەکات دەبوو بیزانیایە لە باشووری کوردستاندا رەفیق سابیر لە

روانگەی روانین بۆ زەمینەی جوگرافیيەوە (ئەگەرچی مـن ئـەوە بـە راست نـازانم) لـە شـاعیرانی تـری باشـوور زیـاتر نزیکـی لەگـەڵ موکریـان دا هەیـە. هـەر لیرەشـــەوە دەردەکەویت کە لە پشتی ئەو دیرانەوە سەبارەت بە کەلەپوری موکریان ئامـانجیکی تـر ئامادەبوونی هەیە کە پەیوەندی بـە شـیعری نـوێی کوردییـەوە نیـە، ئـەگینا بـەوجۆرە نەخشەیەکی وا ناتەواو و نا زانستیانەی بۆ شیعری نوێی کوردی نەدەکیشا.

لـە هــەمووی سـەیرتر ئەوەیـە کـە دەبـێ شـاعیر لـە چ روانگەیەکـەوە تـاووتویی بەرهەمـەکانی هـەژار و هیمـن و فەرهەنگەکـەی زەبیحـی بکـات، تـۆ بلـێی لـە کـاتی نووسـینی شـیعری نـوێدا شاعیر پیویسـتی بـەوە بیـت بگەریتـەوە بـۆ فەرهەنگەکـەی زەبیحی؟ خۆ ئەگەر شاعیر پیویستیشی بەوە بیت کە بگەریتەوە بۆ فەرهەنگ کە ئـەوە کـاریکی نەشـیاوە، بـۆ دەبـێ هـەر بگەریتـەوە بـۆ فەرهەنگەکەی زەبیحـی؟ ئـەی بۆچـی نەگەریتـەوە بـۆ فەرهەنگـەکانی تـری زمـانی کـوردی؟! ئەگـەر لـە روانگـەی پرۆسـەی بەرهەم هینانی شیعریەتەوە بروانینە ئەم بۆچوونەی کاك رەوف ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەویت کە وەکو کار وەرگیران دەروانیتە بەرهەم هینانی شیعریەت، چ شاعیر و چ چیرۆکنووس بەهەر زمانیك بنووسن تەنیا ئەو ئاستەی زمان بـەکاردەهینن کـە خۆیـان دەیزانن، نووسەریکی ناوداری وەکو جۆزیف کۆنراد کە بە رەگەز پۆلۆندیە کـاتی یەکـەم رۆمانی بە زمانی ئینگلیزی نووسی هەمووی چەند هەزار وشەیەکی ئینگلـیزی دەزانـی، بەڵام ئەو رۆمانە بە یەکیك لە رۆمانە دیارەکانی ئـەدەبی ئینگلـیزی دادەنریـت، کـەچی نووسـەرەکەی ئیمـە دوای ئــەو هــەموو تـیزە نوێیانــەی لـە بـارەی بەرهــەم هینــانی شیعریەتەوە بەرهەم هینراون و دوای ئاخاوتنی جدی لەسەر پـەیوەندی نیـوان زمـان و فیکـر، زمـان و مانـا، دال و مـەدلول. کـەچی تـازە داوا لـە شـاعیر دەکـات سـوود لـە فەرهەنگەکـەی زەبیحـی وەربگـرن. لە رەخنـەی نـوێدا فەرهــەنگ نـاتوانیت یارمـەتی رەخنەگریش بدات بۆ دەست نیشـانکردنی مانـای وشـەکان، چونکـە لـە رەخنـەی نـوێدا دەبـێ هـەولی دۆزینـەوەی زمـانی ئـەودیوی دەق بدریـت، دەبـێ هـەولی ئاشـکراکردنی نەگوتراوەکان بدریت.. کەچی کـاك رەوف دەیـەویت شـیعری نـوێ بـە پشت بەسـتن بـە فەرهەنگەکەی زەبیحی بنووسریت.

نووسەر دەڵیت: شاعیرە نویکان هەولیان داوە شیعری نوێی کوردی موتوربە بکەن بە سامانی بە برشتی شاعیرانی (بیگانە) واتە دەست بەرداربوون لە رەگی ژیان بەخشی خۆمان). بیگومان بەشی یەکەمی ئەو قسەیە ئاخاوتنی زۆر هەڵدەگریت، ئایا ئەو شاعیرانە کین کە ئەو هەولەیان داوە؟ ئایا ئاستی ئەو موتوربەکردنە چییەو کامەیە؟ ئایا وشەی موتوربەکردن چ مانایەکی هەیە لە شیعردا؟ ئایا بەکارهینانی ئەو وشەیە بەلگەی مانەوە نیە لە سنووری بەکارهینانی زمانی کشتوکالیدا لە کاتیکدا ئەو وشەیە مانایەك بۆ کردەی کەلك وەرگرتن لە ئەزموونی شیعری گەلانی تر هەلناگریت. جگە لەوە ئەو شاعیرانەی کە نووسەر ناوی هیناون دەشێ لە روانگەی ئەدەبی بەراوردکارییەوە پەیوەندی شیعری نوێی کوردی بەوانەوە دەست نیشان بکریت، بەلاّم بەو قسە سەرپێییەی کاك رەوف ناکریت بروای پێ بکریت بەلکو لە ئەنجامی لیکۆلینەوەدا رای وا دەردەبرریت.

نووسەر پێی وایە شاعیرانی نوێی کورد دەست بەرداری رەگی ژیان بەخشی خۆمان بوون. ئەگەر مەبەست لە رەگی ژیان بەخش میژوو، ئەفسانەو فانتازیاو سیاسەت و رۆحی نەتەوایەتی کوردی و سروشتی کوردستان و رەمز و هیماو پالەوانی کوردی بیت ئەوا ئەو قسەیەی نووسەر بە هیچ شیوەیەك ناسەلمینریت، چونکە بە شیوەیەکی گشتی گوتاریکی بالاّدەست لە شیعری نوێی کوردیدا بەرهەم هاتووە کە ئەویش گوتاری مانەوەی کوردە. شیعری نوێی کوردی بەسوود وەرگرتن لە سەرچاوە نەتەوەیی و نیشتمانی و میژووییەکانی کورد ئەو گوتارەی بەرهەم هیناوە ئایا دەشێ گوتاری مانەوەی کورد کە گوتاریکی نەتەوەییە بریتی بیت لە دەست بەرداربوونی رەگی ژیان بەخشی ئیمە؟! یان ئەو قسەیەی نووسەر ئەوە دەسەلمینیت کە ئەو زۆر بێئاگایە لە شیعری نوێی کوردی و نە رەگەزەکانی بەرهەم هینانی دەناسیت نە دەزانیت چەمکی گوتار چی دەگەیەنیت و نە ئاگاداری ئەو تویژینەوە جدیانەیە کە نەوەی نوێ لە دە سالی رابردوودا سەبارەت بە شیعری نوێی کوردی و گوتارەکانی ئەدەبی کوردی و بنیادی شیعری کوردی کردوویانە.

بیگومان باسەکەی کاك رەوف لە نۆزدە خال پێکهاتووە من تا ئیرە ئاخاوتنی حەوت خالی یەکەمم کردووەو ئەگەر قسە لەسەر باقی خالەکانی تریش بکەم ئەوا دەبێ کتێبێکی گەورە لەسەر بەشی هەرە زۆری ئەو دەربرینە نازانستی و بێ بنەمایانە بنووسم کە من بەش بە حالی خۆم کاتێ ئەو وتارەم خوێندنەوە خەم دایگرتم بۆ باری رۆشنبیری کوردی لە کاتێکدا کەسانێك زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە بەناو خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبین لای ئێمە کەچی جگە لەو بۆچوونە لاواز و ناتەواو و نازانستیانەی کە لە پرۆگرامی خوێندنی ئەدەبی عەرەبی قۆناغی ئامادەییەکاندا هاتووە و گواستراویشەتەوە بۆ نێو پرۆگرامی خوێندنی کوردی ناتوانن شتێکی زیاتر بلێن.

حەزدەکەم ئاماژە بۆ دەربرینێکی سواوی بێمانا لەم نووسینەی کاك رەوف و چەند نووسینێکی تریشیدا بکەم کە دەلێت (چەپکی گوڵ و چەپکێ نێرگز- مەرگتان نەبینم هەرگیز). پێم وایە تەنیا سەرنجدان لەم دێرە بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەکەی لە چەمکی رۆشنبیری بە گشتی لە چ ئاستێکدایە.

## سەرچاوەکان:

1-Vernan. A short History of Literary Criticism. P. 2.

٢-تیرۆژەکان- چەند لیکۆلینەوەیەك لەسەر شیعری شیرکۆ بیکەس- سلیمانی ١٩٩٩.

٣-عەتا قەرەداخی- گۆران و گەران بە دوای یەڤیندا- سلیمانی ١٩٩٩.

4-Lynn Altenberned and Leslie L. Lewis. A Hand book for Studying Poetry. London-1963- P. 49.

5-Ibid- P. 50.

٦-پاشکۆی ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ حوزەیرانی ٢٠٠٠

7-The Norten Anthology of English Literature. The Major Authors. Part II, Sixth Edition. P. Bo4.

٨-بۆ ئەو مەبەستە کتیبی دەستنووسی گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی لە نووسینی مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی کە پیشتر لەو بارەیەوە لیکۆلینەوەیەکی بلاوکردۆتەوە. هەروەها دکتۆر عەبدوڵا دەباغ لیکۆلینەوەیەکی بەراوردکاری لە نیوان گەشتی هەورامانی گۆران و ویرانە دێی ئۆلیڤەر گۆلد سمث دا بلاوکردۆتەوە.

٩٠-سامی مهدی- أفق الحداثه و حداثه النمط- دار الشؤون الثقافه- ١٩٨٨- ص٨٢.

١٠-هەمان سەرچاوە- ل ٣١.

١١-ادونیس – زمن الشعر- ص ١٧.

١٢-عەتا قەرەداخی- وەهمی تازەگەری و- گۆڤاری ئیستا ژمارە (٧).

## ناوەرۆك:


| | |
|---|---|
| -پیشەكی | ٣-٦ |
| ١-بە ئایین كردنی سروشت لە شیعری (دیمەنیكی بەهار)ی گۆران دا. | ٧-٢٢ |
| ٢-رەگەزەكانی بەرهەم هینانی شیعر و یۆتۆپیای رزگاربوون لای حەسیب قەرەداخی. | ٢٣-٤٨ |
| ٣-لە ئەزموونی مانەوەوە بۆ ئەزموونی شكست لە قەسیدەی (پەریزادەو گوڵەكەی دوژمنی) شیركۆ بیكەس دا. | ٤٩-٨٨ |
| ٤-رەهەندی گۆران لە شیعری (ماك)ی شیركۆ بیكەس دا. | ٨٩-١٠٠ |
| ٥-پرۆژەی خویندنەوەی ئەوانی تر لە نیوان بنیادنان و شكستدا لە قەسیدەی (رەنگدان)ی شیركۆ بیكەس دا. | ١٠١-١٤٢ |
| ٦-ونبوونی پرۆژەی گۆرانكاری لە شیعری(چیمان گۆری) لەتیف هەلمەت دا. | ١٤٣-١٥٢ |
| ٧-(لەویَ لە خۆرگیرانی كۆڵانەكە)ی رەفیق سابیردا.. | ١٥٣-١٧٢ |
| ٨-گەران بە دوای بوون دا لە(وردە گەلاَ)ی كەریم دەشتیدا. | ١٧٣-١٨٤ |
| ٩-پرۆژەی خۆسەلماندن و گەیشتنی ساتەوەختی تیرامان لە شیعری لوتكەی كەریم دەشتیدا. | ١٨٥-٢٠٢ |
| ١٠-پیس بوونی رۆح لە شیعری (فەرموودەكانی پیش مردن)ی جەمال غەمباردا. | ٢٠٣-٢١٦ |
| ١١-پارانەوە لە ئاو لە نیوان تیپەراندن و گەرانەوەدا لای جەمال غەمبار. | ٢١٧-٢٢٨ |
| ١٢-فۆرلەمە نەبوونی گوتاری فیمینیزم لای كەژاڵ ئەحمەد. | ٢٢٩-٢٤٠ |
| ١٣-ئەدەبی كوردی و گوتاری نەتەوەیی. | ٢٤١-٢٥٤ |
| ١٤-بە دوای شیعردا لە نیوانوەهمی تازەگەری و واقیعیەتی تەقلیدا | ٢٥٥-٢٨٤ |
| ١٥-ئایا ئەحمەدی خانی فەیلەسوف و بیریار بووە. | ٢٨٥-٢٩٨ |
| ١٦-چۆن لە رەهەندەكانی شیعری نویی كوردی دەدویین؟ | ٢٩٩-٣٤٤ |

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر:**

١-گوتاری نەتەوەیی کوردی-هیلسنکی- ١٩٩٥.

٢-ستراتیژو کەسیتی نەتەوەیی کورد- سلیمانی- ١٩٩٨.

٣-چەمکی دەولەت و بزوینەری میژوو لە کۆمەلگای کوردیدا- سلیمانی- ١٩٩٩.

٤-گۆران و گەران بە دوای یەڤیندا- سلیمانی- ١٩٩٩.

٥-پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلیمانی- وەرگیران لە ئینگلیزییەوە- ٢٠٠٠.

٦-کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد- سلیمانی- ٢٠٠١.

٧-پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەلگای کوردی- سلیمانی- ٢٠٠١.

٨-ریبازەکانی رەخنەی ئەدەبی- وەرگیران لە ئینگلیزییەوە- سلیمانی- ٢٠٠١.

٩-گەران بە دوای ناسنامەدا- سلیمانی- ٢٠٠١.